تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ۵۶ | ساڵی بیستودووەم | هاوینی ۲۷۲۰

تەوەری ئەم ژمارەیە:

# ژینگەی کوردستان

۳۴
## اکوناسیونالیسمِ شریف باجوَر




۱۵۰
ڕەگەزپەرەستیی ژینگەیی

۱۰
دێموکڕاسی و بیری سەوز

۵۸
پرسی ژینگە و مافی گەلانی بێدەوڵەت

۳۱۶
لێکەوتەکانی ئابووریی سەوز

نا، بۆ کوردێک کفرە ئێستا کوردستان وتن،
چەرچییەکانی ئیستعمارم لێ ئەبنە دوژمن!

گۆران


**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٥٦ • ساڵی بیست و دووەم • هاوینی ٢٧٢٠

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

دەستەی نووسەران:
ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەڵان،
مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی، مانشت زاگرۆس
ئالان حەسەنیان، ئاگری ئیسماعیلنژاد، بابان ئەلیاسی

بەڕێوەبەری نووسین:
شەهاب خالیدی

بەڕێوەبەری وەرگێران:
سەربەست هەوراز، ژینۆ ڕۆژبەیان

پەیوەندییە کوردستانییەکان:
هادی عەزیزی

ڕاوێژکاری میوانی ئەم ژمارە:
مەنسوور سوهرابی

زمانەوان:
کامیل نەجاڕی

دیزاین:
ڕێبوار

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە

https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk

## پێرست


٦ **سەروتار** • ئالان حەسەنیان

### سەکۆ

١٠ **دیموکراسی و بیری سەوز** • مەنسوور سۆهرابی
١٦ **دەوڵەت ـ نەتەوە و پێکهێنانی زۆرینە و کەمینەکان** • بەرزوو ئەلیاسی

### تیۆری

٣٤ **مبارزەای سبز درراه کوردستان، اکوناسیونالیزم شریف باجوَر و یارانش** • کمال سلیمانی
٥٨ **پرسی ژینگە و مافی گەلانی بێدەوڵەت لە یاسای نێونەتەوەییدا** • ئاسۆ حەسەن زادە
٦٨ **نووسین بە بڵێسەی ئاگر: بۆچی تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی بەکەڵکمان دێ؟** • سارۆ ئەردەڵان
٨٤ **فەرهەنگی سیاسی لە ئەندێشەی قاسملوودا** • کاروان موکریانی
٩٨ **چ جۆرە ئاشتییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە بەرژەوەندیی کورددایە؟** • ئیدریس ئەحمەدی
١١٤ **ناکارامەیی لە هەڵسووڕانی وڵاتدا؛...** • بیریار ژاوەرۆیی
١٢٠ **ژیۆپۆلێتیکی ئاو وەک ئامرازی سیاسی** • بابان ئەلیاسی
١٣٢ **فەلسەفەی «خاک ـ ڕزگاری»ی کوردستان بەشی کۆتایی** • شوعەیب دانشپەژوو
١٤٠ **شوناسخوازیی نەتەوەیی لە فەزای سایبێرنێتیک** • ڕێباز قادری
١٥٠ **ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە کوردستاندا** • جوامێر زاگرۆس
١٦٢ **ڕاماڵینی خاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان** • داود ڕەسووڵی
١٧٠ **لەنێو بردنی ژینگەی نەتەوەی ژێردەست بەشێک لە ستراتیژیی داگیرکەرە** • ڕامان شەریفی
١٧٨ **مؤلفەهای اساسی تغییر در حکمرانی منابع آب و خاک** • قادر نقشبندی
١٩٨ **ژئوتوریسم پتانسیلی جدید در مسیر توسعە پایدار محیطی کردستان** • هێمن بایزیدپور
٢٠٨ **لێکۆڵینەوەی ڕێژیمەکانی سووتانی دارستانەکانی کوردستان...** • ژیلوان بانان

### شیکاری

٢١٨ **ئیسلامی سیاسی لە نێوان گومان و واقیعدا** • سامرەند قادری
٢٤٤ **زمانی کوردی و ئینسکلۆپیدیای ژینگەناسی** • ڕێناس کوردی
٢٥٠ **زمان و ژینگە - فۆکۆ و گۆران** • شەهرام ڕەسووڵ
٢٥٤ **چەند نموونەیەک لە سیاسەتەکانی پاراستنی ژینگە لە وڵاتی سوئێد** • تاهیر عەلیار
٢٥٨ **پێشەکیی تاوان ناسیی ژینگەیی** • هەژار شەریفزادە
٢٦٢ **ژینگە و توندوتیژی** • کاوە حەسەن پوور

### ڕوانگە

٢٦٨ **کەلەبەری نێوان دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی (بەشی دووەم)** • سەلاح مەجیدپوور
٢٧٤ **ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (٤)** • سمایل شەریفی

### وتووێژ

٢٨٠ **ژینگە هەم پرس هەم قەیران** • مێزگرد: ئاگری ئیسماعیلنژاد
٣٠٨ **گفتگو با عیسی بازیار (آوات)**

### وەرگێران

٣١٦ **لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی لەمەڕ لێکەوتەکانی ئابووریی سەوز**
٣٥٨ **فهم شهروند انتقادی و سایر اشکال عدم رضایت عمومی: یک چهارچوب جایگزین**
٣٧٨ **ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هۆکار و هەلومەرجەکانی بەتەناهیبوونی**
٤٠٤ **شوناسی نەتەوەیی، خووێناکردن و وێناکردنی ئەوانیتر ...**
٤٢٤ **ڕەخنە، جیاوازیی بیروڕا، بواری خوێندن**
٤٤٦ **ظهور ملتها**

# سەروتار

ئالان حەسەنیان

## ژینگە و چالاکیی ژینگەیی لەرۆژهەلاتدا

بەگشــتی و لە ئاســتی جیهانیدا، ســەرهەڵدانی بزووتنــەوەی ژینگەیی دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای دەیەی حەفتای زایینی و فەوکۆسەکان، سنووردار بــوون بــە بابەتگەلێکی وەکــوو پێوەندیی نێوان بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و شێوەی بەرهەمهێنان، دژایەتیکردنی پەرەپێدانی وزەی ئەتۆمی، دیپۆکردنی زبلــی ئەتۆمی و دروســت کردنــی لەرادەبەدەری بەنداو. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە دەسپێکی سەرهەڵدانی بوارە جیاجیاکانی چالاکیی ژینگەیی بە شــێوەی ڕێکخراوەیــی و، لێکۆڵینەوە لەم بــوارەدا، دەتوانرێ وەکوو مەیل و ڕەهەندێکی رۆژئاوایی و لە گۆشەنیگای پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنییەوە سەیربکرێت.

ژینگــەی مرۆیی و سروشــتی کوردســتان، وەکوو بەشــەکانی دیکەی گۆی زەوی، ڕووبەڕووی مەترســیی جیاجیــا بووەتەوە. ســەرەرای ئەوەی کە ئەم مەترســیانە ڕیشــەی مێژووییان هەیە و ســەرهەڵدانیان تایبەت نییە بەم دوا دەیەگەلەوە، بــەلام لەڕاســتیدا، ئاوڕدانەوەیەک لە دەســپێک، هۆکارو ڕادەی کێشــە ژینگەییــەکان، دەرخەری ئەو ڕاســتییەن کە ژینگەی کوردســتان لە دوای دەیەی هەشــتاوە تا وەکــوو ئێســتا، ڕۆژ بە ڕۆژ و زیاتــر ڕووبەڕووی کێشــەی مەترســیدار و لە دواییدا لەناوچوون دەبێتەوە. ســەرەرای ئەوەی کە ڕادەیەکی کەمی مەترسییە ژینگەییەکان هۆکاری سروشــتییان هەیە، شان بە شــانی تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردســتان، ژینگەی کوردســتانیش قوربانییەکــی دیکــەی سیاســەتی داگیرکەرانی کوردســتانە. لە لایەکــەوە بەتــالان بردنی کانگا سروشــتییەکان و لە لایەکی دیکەوە سیاســەتی بەئەنقەســت وێرانکردنی سروشــتی کوردســتان، بوونەتە هۆکاری ســەرهەڵدانی جۆرەها کارەساتی سروشتی و مرۆیی. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ میلیتاریزە کردنی کوردستان و بە ئەنقەســت ئاگربەردان لە چیا و دارستانەکانی ئەم ناوچەیە، زیاتر ژینگەی کوردستانی بەرەو ویراکردن و لەناوچوون بردووە.

وەکوو کاردانــەوە بە بەرز بوونــەوەی ڕێژەی مەترســییەژینگەییەکان و هەوڵێک بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ لەناوچوونی ژینگەی سروشــتیی کوردســتان، ســەرەرای بوونــی تەنگوچەڵەمە و بەربەســتە جۆراوجــۆرەکان، کوردســتان لە دوو دەیــەی ڕابــردوودا ســەرهەڵدانێکی بەرچــاوی بزووتنەوەیەکــی ژینگەییی بە خۆیەوە دیوە، کە لە ئاکامی سەرهەڵدانی ئەو بزاڤەدا، ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوی ژینگەیی دامەزراون و چالاکی دەنوێنن.

هــەروەک لــە ناوەرۆکــی بابەتەکانــی ئەم ژمارەیــەی تیشــکدا دەردەکەوێــت، هێندێــک لــە تایبەتمەندییەکانــی چالاکیــی ژینگەیی لە کوردســتاندا کە خــۆی لە ڕەهەنــدە رۆژئاوایی و گلۆباڵــەکان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم بزاڤە لە کوردســتان، بەپێی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتیی کوردســتان، بووە بە پلاتفۆرمێکی دیکە بۆ خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان و خۆی لــە چوارچێوەیەکــی خەباتــی دژە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییــدا گونجانــدوە. ئــەم تایبەتمەندییە وای کردووە کە بزاڤی ژینگەیی لەکوردستاندا، لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو بەتەناهی/ئەمنیەتی کراوە.

ســەرەرای ســاوا بوونی ئەم بزاڤە، چالاکانی ژینگەیی و ڕێکخراوە ژینگەییەکان، لە ڕێکخستنی گشــتیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاســەتە ئابووری، کەلتــووری و زانیارییەکانی کۆماری ئیســلامی لە کوردستاندا، پۆتەنسیەڵ و توانایەکی تایبەتیان لە خــۆ نواندووە، و دژەگوتارێکیــان بەرانبەر بە گوتار و سیاســەتە ئابووری و نەتەوایەتییەکانی کۆماری ئیســلامی لە کوردستان و بەرانبەر بە گەلی کورد، داهێناوە. ئەم ژمارە تایبەتییەی گۆڤاری تیشــک، تەرخان کراوە بە تیشک خستنەسەر تەوەرگەلێک وەک: دەرئەنجامە خراپەکانی سیاســەتی ئابووری و نیزامیــی کۆماری ئیســلامی لە ســەر ژینگەی سروشــتی و مرۆیی لە کوردســتاندا؛ هۆکارەکانی بەتەناهی بوونی چالاکیی ژینگەیی لە کوردستاندا؛ بەکولتوورکردنــی ژینگەپارێــزی و لێکدانــەوە و خوێندنەوەی زانستییانە و تیۆریک لەم بوارانەدا.

# ”سەکۆ“

# دێموکڕاسی و بیری سەوز

د.مەنسوور سۆهرابی

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ.ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

دوکتور مەنســـوور ســـۆهرابی لە دایک بووی ١٩٧٤ی زایینی لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانە. لـــە ســـالی ٢٠٠٩ دوکتـــۆرای ئەگرۆئێکۆلۆژیی لە تاران وەرگرتووە. لە ســـالی ١٩٩٩ تا ٢٠١٣ لە ئێران مامۆستای زانکۆ بووە، لە ســـالی ٢٠١٠ لە ئێران بووەتە پروفیسوری یاریدەدەر. لە سالی ٢٠١٥ وە لە وڵاتی ئاڵمان دەژی و کاری لێکۆڵینـــەوە دەکا. دوکتـــور ســـۆهرابی لە ســـەر ژینگە، ئاو و کشـــتوکاڵی ژینگەیی، کاری کردووە دەیان وتاری نووسیوە.

تەنیـــا یەک هەســـارەمان هەیـــە بۆ ژیان بەســـەربردن، ئەو هەســـارەیەش لە دۆخێکی نائاســـاییی ژینگەییدایە. هەســـارەی زەوی لە پانتاییەکـــی بەریندا، بە ڕۆڵی نەرێنیی مرۆڤ بەرەوە تێکچوون دەچێ. لە ڕاستیدا پێشرەویی ڕەوتی تێکچوونی ژینگەی ئێستا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژیان لە سەر زەوی، لە داهاتوودا بۆ دانیشـــتووانەکەی زۆر ئەستەم بێ. ڕادەی زیاد بوونی ئـــەو وێرانکارییانە و پیس بوونی ژینگە، دەرخەری ئەوەیە کە لە مامەڵەی نێوان ژینگە و پرسی پێشکەوتندا، دەوڵەتەکان نەیانتوانیوە کار بۆپاراســـتنی ژینگـــە بکەن. بـــە داخەوە لـــە زۆربەی وڵاتـــان، دەوڵەتـــەکان لە جیاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی پارێزەری لە ژینگە وەک پرســـێکی نیشـــتمانی، زیاتر ڕۆڵی تێکدەریان هەبووە.

ڕادەی بایەخ پێدانی وڵاتان بە مەســـەلەی ژینگـــە، هەم لـــە نێو دەوڵەت و هـــەم لە نێو خەڵکدا، نیشـــاندەری ئاســـتی دێموکراسی و پێشـــکەوتنی ڕامیـــاری و کۆمەڵایەتیـــی ئەو وڵاتانەیـــە. کۆمەڵـــگای دێموکراتیـــک، زیاتر و باشـــتر کلتووری پارێزگاری لـــە ژینگەیان تێـــدا جێ دەکەوێ و باشـــتر دەتوانن باس لە کێشـــەکانی ژینگەی خۆیان بکـــەن و بیکەنە ڕۆژەڤ و زیاتر مەجالـــی ئەوەیان هەیە کە لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانـــدا خۆیان ڕێک بخەن کە ئەو کارە ئاکامەکەی دەبێتە گوشاری زیاتر و خـــەت دان بـــە ڕێکخراوە سیاســـییەکان و وەرگرتنی داخوازییەکانیان.

## ئایدیا دێموکراتیکەکان

دێموکراســـییش وەک زۆربەی سیستەمەکان خوێندنەوەی تایبەت و ئاڵۆزی لێ دەکرێ، هەر بۆیە خوێندنەوەی هەر کەس بۆ دێموکراسی، جۆری بیرکردنەوەی ئەو کەسە ئاشکرا دەکات. ســـەرەتای ســـاز بوونی دێموکراسی لە یۆنانی کۆن بە شـــێوەی بەشـــداریی ڕاســـتەوخۆی خەڵکی لە پرســـە گشـــتییەکاندا بوو؛ بەڵام لە ئێستادا بە بەرینتر بوونەوەی شارستانییەتەکان، بەشداریی ناڕاستەوخۆی خەڵکی هاتووەتە بەر باس و بەو شێوەیە دێموکراسیی ڕاستەوخۆی یۆنانی، شـــوێنی خۆی داوە بە دێموکراســـیی نوێنەرایەتـــی. لەو شـــێوە دێموکراســـییانەدا خەڵـــک بـــە هەڵبژاردنـــی نوێنـــەرەکان، بۆ بەجێگەیاندنی بڕیارە گشتییەکان و بەکردەوە کردنیان، دەســـەڵاتی خۆیان بە سەر خۆیاندا ڕێـــک دەخەن. دیاریکردنی ئەوەی کە خەڵکی ئاســـایی چ شێوازێک لە دەست پێ ڕاگەیشتن بە دامەزراوە بڕیاردەرەکانیان هەبێ یان ڕادەی ئـــەو دەســـت پێ ڕاگەیشـــتنانە چەنـــدە بێ، کارێکی ئاســـان نییە. هەر لە ســـەر ئەو بنەما تیۆرییە، زۆربەی بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەســـت پێ ڕاگەیشـــتنی زیاتر و باشتر بە پرۆســـەی ڕامیاری و یاسادانانی نێودەوڵەتی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییـــەکان(NGO)ەوە، هەم دەبێتە هـــۆی دێموکراتیزە کردنی ئەوان و جێگیر کردنی بنەماکانی دێموکراســـییەکی بـــەردەوام و هەمیـــش وڵامێـــک بـــێ بۆ پڕ کردنـــەوەی کەلێن و کەمیی دێموکراســـی لە ئاســـتی نێونەتەوەییدا. دێموکراسی دەتوانێ لە ڕێگای بەهێز کردنی دەسەڵاتی خەڵکی ئاسایی، ببێتە هۆی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ڕێگـــری بکات لە قۆرغ کردنی دەســـەڵات لە لایەن لایەنێکی دیاریکراوەوە. دێموکراســـی لە بەســـتێنی سیاســـی و کۆمەڵایەتیدا، شێوازی جیـــاوازی هەیـــە. بەشـــێک لە سیســـتەمە

دیموکراتیکەکان بە نیازی دابینکردنی ئیرادە و بەرژەوەندیی گشتین(دیموکراسیی رۆسۆیی)، بەشێک بە نیازی دابین کردنی ماف و ئازادییە تاکییەکانن(دیموکراسیی لیبراڵ) و بەشێکیش روانگەی ئەمری واقیع و مەنتیقگەراییيان بۆ دیموکراسی هەیە (دیموکراسیی نوخبە سیاسییەکان و ئیلیتەکان).

بنەماکانی حکومەتێکی دیموکراتیک لە مەکتەبە جیاوازەکاندا بە شێوەی خوارەوەیە:

**١** هەڵبژاردن بە رێکی و لە کاتی دیاریکراودا

**٢** نەبوونی مەنسووباتی(دانان بە بێ هەڵبژاردن) سیاسی و هەڵنەبژێردراو لە ئاست بەرپرسانی باڵا

**٣** ئازادیی حیزبەکان و گرووپە سیاسییەکان

**٤** ئازادیی رادەربرین و چاپکراوەکان و تۆرە میدیاییەکان

**٥** هەبوونی شانسی بەشداریی سیاسیی بەرابەر بۆ هەمووان.

لە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و ژینگە، راستەوخۆترین رێکار، کەڵک وەرگرتن لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسییە.

پاینە (١٩٩٥) چوار هۆکار بۆ گاریگەریی باشتری پرسی ژینگە لە دەوڵەتە دیموکراتیکەکان باس دەکات کە بریتین لە :

**١** **بەرپرسیاریتی:** دەوڵەتانی دیموکراتیک زیاتر هەست بە بەرپرسیاریتی دەکەن، هەر بۆیە لە هەمبەر پارێزگاری کردن لە ژینگەی وڵاتەکەیان وڵامدەریی زیاتریان هەیە.

**٢** **زانیاری:** دیموکراسی رێگەخۆشکەرە بۆ ئاسانترکردنەوەی دەستراگەیشتن بە داتا و زانیارییەکان. بڵاوکراوەی ئازاد و باقی شێوازەکانی راگەیاندنی ئازاد، ئاستی زانیاری و هۆشیاریی خەڵکی لە هەمبەر ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان دەباتە سەرێ.

**٣** **کۆمەڵگای مەدەنی:** چالاکانی ژینگەیی، لە ئەگەری هەبوونی ئازادیی رادەربرین و بەشداریی گشتی، خەڵکی ئاسایی بۆ فشار هێنان بۆ دەوڵەتەکان لە سەر پرسی ژینگە سازمان دەدەن.

**٤** **هاوکاریی نێونەتەوەیی:** وڵاتانی دیموکراتیک هاوکاریی زیاتر لە نێوانیاندا هەیە، هەر بەو هۆیەش زیاتر پابەندن بە رێکەوتننامە نێونەتەوەییەکان لە سەر پرسی پارێزگاری کردن لە ژینگە.

## دیموکراسیی ژینگەیی

دیموکراسیی ژینگەیی بە واتای وڵامدەریی روونی دەوڵەتەکان و بریاردەریی خەڵک لە سەر کواڵیتیی ژیان و ژینگەی دەورووبەری خۆیانە. ئەو شێوازە لە دیموکراسی، ئاماژە بە بۆچوونێک دەکات کە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە کە بۆ کارگێری و پرسی گرێدراو بە مەسەلەی ژینگە، دەبێ لە لایەن تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ژێر کاریگەریی بریارێکی ژینگەییدان، پرس و را و ئاڵوگۆری زانیاری بکرێ، و تەنیا حکومەت و خاوەن کارگەکان بریاردەر نەبن. لە راستیدا لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیی ژینگەیی ئەوەیە کە بەشداریی گشتی لە بریاردان لە پەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبەریی سەرچاوە سروشتییەکان و وڵامی شیاو بەداخوازییەکان و بەرژەوەندیی گشتی لە هەمبەر دەسەڵات و ژینگەدا لەبەرچاو بگیرێ و ئەولوییەتی یەکەم بێ.

رەوتی سەردەمیانەی پارێزگاری لە ژینگە کە لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠ دەستی پێ کردوە، بە پێداگری لە سەر مافی سیاسی و شارۆمەندی، دەوڵەت ناچار بە وردبوونەوەی زیاتر بۆ بەجێگەیاندنی داخوازییە ژینگەییەکانی خەڵکی دەکات. بە پێچەوانەی رژێمە سەرەرۆ و دیکتاتۆرەکان، ئەگەری کەمترە کە حکومەتە خەڵکییەکان(دیموکراتیکەکان)، لە مافی پارێزگاری کردن لە ژینگە، کەڵکی نەرێنی بۆ مەرامی سیاسی وەربگرن یان رەخنەکان لە پرسی ژینگە لەبەرچاو نەگرن و پشتگوێیان بخەن، کە ئاکامی دەبێتە هۆی ئەوەی کە زانیارییەکان بە شێوەی روون دەخەنە بەر

دەســـتی بەردەنگەکانیـــان و ئازادانە یارمەتیی زیاتری پرسە سیاسییەکان دەکەن.

پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان پارێزگاری کردن لە ژینگە و مافی شارۆمەندی و سیاسیدا هەیــە. وەک بنەمایەکـــی گشـــتی، ئازادییە سیاســـی و مەدەنییەکان، ئامرازێکی بەهێزی پارێـــزگاری کردن لە ژینگەن و ئەو دوو بابەتە لانی کەم لە تواناییاندایە کە ئەو ڕێژیمانەی کە ئەو ئازادییانەیان نییە، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هەیانە، بەراورد و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ.

لـــی و ڕۆنی (۲۰۰۶) لە توێژینەوەیەک بە ناونیشانی: دێموکراسی و وێران کردنی ژینگە، باســـی پەیوەندیی ڕاســـتەوخۆی دێموکراسی و ژینگـــە دەکـــەن و لەو وتـــارەدا لێکۆڵەران، بـــە وردی باس لە پەیوەندیی نێوان شـــێوازی ڕێژیمی سیاسی و کاریگەرییە ڕوخێنەرەکانی مرۆڤ لە ســـەر ژینگە دەکەن. ئەوان بە کەڵک وەرگرتن لە شـــێوازی لێکۆڵینەوەی کۆنکرێتی و ئانالیزی کاتی، لە کاریگەریی دێموکراســـی لە ســـەر پێنج بواری ڕوخێنەری ژینگەیی بە هۆکاری مرۆڤییان کۆڵیوەتەوە، کە بریتین لە:

۱ بـــڵاو کردنـــەوەی گازی دی ئۆکســـیدی کەربۆن

۲ بـــڵاو کردنـــەوەی گازی دی ئۆکســـیدی نیترۆژێن

۳ لە نێوبردنی دارستانەکان

۴ شێواندنی لێرەوارەکان

۵ پیس کردنی بایۆلۆژیکیی ئاوەکان

لە کۆتاییی ئـــەو توێژینەوەیـــەدا داتاکان ئەو ڕاســـتییەیان دەرخســـت کە دێموکراســـی، تەواوی ئەو هەوڵە تێکدەرانانە بە شـــێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتـــەوە و هاوکات کاریگەریی دێموکراســـی لە ســـەر بنەماکانی پارێزگاری لە ژینگـــە، پەیوەندیـــی بە جـــۆری ڕوانینی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی ساڵم و ئایەندەدارەوە هەیە.

هەروەهـــا بەرژەوەندییە گشـــتییەکان لە سیســـتەمە دێموکراتیکەکانـــدا زیاتـــر لەبەر چـــاوە و پارێزگاری لە ژینگە بە شـــێوەیەکی بەرچاو بەرژەوەندیی گشـــتی بەرەو هەڵکشان و پێشـــکەوتن دەبات. لە ڕاســـتیدا شۆڕشـــی ســـەردەمیانەی ژینگەیی، کاتێک دەستی پێ کردووە کە زانیارییە زانســـتی و گشـــتییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ گاریگەرییە نەرێنییەکانی پێشـــوەچوونی ئابـــووری لـــە ســـەر ژینگەی هەسارەی زەوی، بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.

بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی ســـێ بنەمای سەرەکیی دێموکراسیی ژینگەیی کە هەڵگری ســـێ شـــێوازی مافە، لە پەیوەنـــدی لەگەڵ تەکمیل کردنی یەکتریدان بریتین لە :

۱ مافی بەشداریی تەواو لە بڕیارداندا

۲ مافـــی دەستڕاگەیشـــتنی ئازادانـــە بـــە زانیارییـــەکان لـــە پەیوەندی لەگەڵ پرســـە ژینگەییەکاندا

۳ مافـــی دەرکـــردن و بەڕێوەبردنـــی یاســـا ژینگەییەکان و قەرەبووی زیانەکان.

لە درێژەدا هەر کام لەو مافانە باسیان لە سەر دەکرێ.

## بەشداریی گشتی لە بڕیارەکاندا

بەشداریی گشـــتی، بە واتای پرۆسەیەک دێ کە لـــە ڕەوتـــی بەرەوپێشـــچووندا ڕوانین و تێبینییەکانی خەڵکی، جێگیر و دیاری دەکرێن و لە بڕیاردانی دامەزراوە گشـــتییەکاندا جێگیر دەکرێن. ئەو بەشـــدارییە پرۆسەیەکە کە تێیدا ئەوانی بەرژەوەندییان هەیە لەسەر ئەرک، بڕیار و ســـەرچاوەکان، هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنیشی دەدەن.

واتایەکی دیکە لە بەشـــداریی گشتی ئەوە دەگەیەنـــێ کە کەســـایەتییەکان و گرووپ و ڕێکخراوەکان، هەلـــی ئەوەیان بۆ دابین بکرێ کە ڕا و بۆچوونی خۆیان لەســـەر ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندیدارن بە پرسی ژینگەی خۆیانەوە، دەرببـــڕن؛ وەکوو نووســـینەوە و بە کردەوەیی کردنی بڕیار و یاساکانی ژینگە. بەشداربوونێکی

راستەقینە کە حەقی دەســـت پێ ڕاگەیشتن زامن بکــرێ وەکوو مافی دەستڕاگەیشــتنی گشتی بە زانیارییەکان وەکوو بەشداریی گشتی لە بڕیارەکان و بەرابەری لە سەر عەرزی واقعدا هەبێ.

ئەو سێ بنەما سەرەکییە کلیلی گشتگیر و ئاشکرای وڵامدانەوە بەداخوازییە گشتییەکانی خەڵــک لە ســەر پرســەکانی پەیوەندیدار بە ژینگــەوەن. ڕێک ئــەو واتایەی کــە ئێمە لە سەر دێموکراســیی ژینگەیی مەبەستمانە، ئەو پێناسانەن کە ئاماژەمان پێ کردن.

بەشداریی گشتی لە بڕیاردان، دەبێتە هۆی چوونەسەری توانای دەوڵەت لەسەر وڵامدەری بە گلەیی وداخوازییەکانی خەڵکی بە مەبەستی بونیاد نانــی لیکتێگەیشــتنێکی دوولایەنە بۆ باشــتر بەڕێوەچوونی بڕیار و پەســەند کراو و پرسە ژینگەییەکان.

## مافــی دەستڕاگەیشــتنی ئازادانــە بەو زانیارییانەی کە پەیوەندیدارن بە پرســە ژینگەییەکانەوە

دەستڕاگەیشــتن بــە زانیــاری، بەشــێکی لێکدانەبراو لە واتای دێموکراسیی ژینگەییە و پێویستیی سەرەکی لە بەشدار بوونی گشتیی واتادار، لە پەیوەندی لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە ژینگەییەکانە (ئەو زانیاریانە بریتین لە  ئەو مــادە کیمیایی و هەوڵە ڕوخێنەرانەی نێــو سروشــت و ژینگــەی کۆمەڵــگاکان) و لەلایەکی دیکەش زامن کردنی ئەو ڕێکارانەی کە بە کەڵک وەرگرتن لەوان بەرپرسانی گشتی زانیارییە کان بۆ ڕای گشتی بخەنە بەردەست.

دەســت پێراگەیشتنی خەڵکی بە زانیاریی بەرۆژ، ڕاســت و گشــتگیر، دەبێتە هۆی ئەو قازانجە گشــتییانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

بەردەست خستنی بەردەوامی زانیارییەکان، خەڵک وا لێ دەکات کە تێگەیشتوویی خۆیان لە ســەر پرسی ژینگە و ئەو شــتانەی کە بۆ ژینگە هەڕەشە بە حیســاب دێن، زیاد بکەن. بەرپرســانی ئیداری و حکوومــی وا لێدەکات کە لــە بەرانبەر ئەو بڕیارانــەی دەریانکردووە وڵامدەریــی زیاتریان هەبێ. بــە ناچار کردنی دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتەکان بە بەردەست خســتنی زانیاریــە ژینگەییــەکان، کــۆی تێچووی ئەو خەرجییانــەی کە بۆ چاوەدێری کردنــی ســەرپێچیکارییەکانی ســەر ژینگە داندراون، بە شێوەیەکی بەرچاو، کەم دەبێتەوە. دەستڕاگەیشــتن بــە زانیارییــەکان دەبێتە هۆی زیــاد بوونی هێزی ئــەو گرووپانەی کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە وداخوازییەکان و ڕوانینەکان و هەڵسووکەوتی خەڵکی لە سەر پرسە ژینگەییەکان باشتر دەبێ.

## مافی خواســت بۆ جێبەجێ کردنی یاسا ژینگەییەکان و قەرەبوو کردنەوە

دەستڕاگەیشــتنی باشتر بە ڕێکارە حکوومی و دادوەرییەکان، ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ گەیشتن بە دێموکراسیی ژینگەیی.

لــە کۆنوانســیۆنەکان و جاڕنامــە نێونەتەوەییەکانــی وەکــوو ئەســڵی دەیەم لە بەیاننامەی ڕیۆ ١٩٩٢ (لە پەراوێزی بەڕێوەچوونی کۆنوانســیۆنی ڕیۆ، بەیانییەیەک کە ناســراوە بە بەیانییەی ڕیۆ کە ســەنەدێکی نامولزەم بوو کە بریتی بوو لە ٢٥ ئەسڵ، لە لایەن بەشداربووانەوە واژۆی لە سەر کرا. ئەسڵی دەیەمی ئەم بەیانییەیە، بریتی بوو لە دەستڕاگەیشــتن بە زانیارییەکان و ئامارەکان، بەشداریی گشتی و دەستڕاگەیشتن بە مەحکەمە ئیداری وەدادوەرییەکان و ڕەشنووسی ٢١ خاڵیــی پەیوەندیداری دیکــەش کەوتە بەر باس). پارێزگاری و بەرەنگاربوونەوەی خەســارە ژینگەییــەکان، گرێــدراوی حەقی بەرەســمی ناسینی مافی خەڵک لە بەکردەوەیی کردنی یاسا نێوخۆییە ژینگەییەکانە.

لــە گرینگتریــن هۆکارەکانی بەشــداری نەکردنی خەڵک لە هەمبەر هەڵوێســت گرتن لە بەرانبەر تاوانــەکان، بێ باوەڕیی خەڵک بە

دامەزراوە دادوەرییەکانی بەشـــی تاوان و سزا لە ئاشـــکرا کردن و بەدواداچـــوون ودادگایی کردنـــی تاوانبارانە، لەو کاتانـــەی کە ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکان دەدرێنە دەستی پۆلیس.

دەرکردنـــی یاســـای پشـــتیوانی لـــە بەشداربووانی پرســـە ژینگەییەکان و نەبوونی جیـــاوازی لـــە چەندوچۆنـــی تاوانـــەکان و گۆڕانکاری لە سیستەمی باڵای دادوەری وەکوو پێویستیگەلێک بۆ گەیشـــتن بە دادپەروەریی ڕاستەقینە، یارمەتیدەری گەیشتن بە باشترین شێوەی بەشداریی خەڵک لە پرسەکانی ژیان و ژینگەی ڕۆژانەی خۆیان دەبێ.

خەڵکی دەبێ توانای ئەوەیان هەبێ کە لە بەرانبەر هەر جۆرە تاوانێک لەو یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و ئامارە پەیوەندیدارەکان، ســـکاڵا تۆمار بکەن و بتوانن لە بەرانبەر پێشێلکارییەکان، بەشداریی بڕیارە گشـــتییەکان بکەن و تانـــە لەو بڕیارانە بدەن کە دژی پارێزگاری کردن لە ژینگەیە.

لە کۆتاییـــدا پێگەی پتەوی دێموکراســـی لـــە کۆمەڵگایەکدا، دەرخەری بەســـتێنی باڵای کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەهێزی ئەو کۆمەڵگایەیە. لـــەو ڕوانگەیەوە کە تەنیا یـــەک دەنگ بۆخۆی ڕایەکەی بەهادارە، خەڵکی ئاســـاییش خاوەنی هێزی سیاسین، کە ئەو بابەتە دەتوانێ هۆکاری ســـەرەکیی کەم کردنەوەی دەســـەڵاتی چینی دەســـەڵاتدار و نوخبـــە سیاســـییەکان بێ. لە ڕاستیدا ئەو پرسە لە توانایدایە سەرنجی زیاتری سیاسەتوانان و دەوڵەتەکان لەسەر بەرژەوەندیی گشـــتیی هەموو گرووپەکانـــی کۆمەڵگا بۆ لای خۆی ڕابکێشـــێ. لـــەو دۆخـــە تایبەتەدایە کە سیاســـەتەکان و یاســـا ژینگەییەکان، هەموو کۆمەڵانی خەڵکی دەگرنەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئاســـتی کەمـــی گەندەڵـــی، کۆمپانیـــاکان و نوخبـــەکان ناچار بە قەبووڵ و جێبەجێ کردنی یاسا ژینگەییەکان دەکەن کە ئاکامەکەی باشتر کردنـــی بارودۆخی ژینگەییی لـــێ دەکەوێتەوە. هەر لە ســـەر ئـــەو بنەمایەیە کە لـــە ڕوانگەی تیۆرییەوە پێشخســـتنی ئاســـتی دێموکراســـی دەتوانێ کاریگەریی زیاتری هەبێ لە سەر باشتر کردنی پرسی ژینگە. نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەو گرووپانەی کە خاوەنی جەماوەر و پێگەی زیاتر و گەورەتـــرن و ڕۆڵی گرینگیان لە دەوڵەتەکاندا هەیە، ئەگەر لە پلانیاندا نەخشەڕێگای ژینگەیی نەبێ یان پـــەروەردە و ئەخلاقـــی ژینگەییان نەبێ، لـــەو حاڵەتەدا دێموکراســـی کاریگەریی نەرێنی و لاوازتری دەبێ بە نیسبەت پرسەکانی پەیوەندیدار بە پارێـــزگاری کردنی ژینگەی ئەو وڵاتە.

## سەرچاوەکان


بشيريه، حسين. ( ۱۳۸۰ ). درسهايي از دموكراسى براى همه.

كوهـــن، كارل. ( ۱۳۷۱ ). دموكراســـى. ترجمه عباس مخبر. تهران: نشرنى.

Arvin، B. M..& Byron، L. (2009). Does Democracy Affect Environmental Quality in Developing Countries?. Applied Economics، 41، 45-67.

Callejas، D. G. (2010). Democracy and Environmental Quality in Latin America: A Panel System of Equations Approach، 1995-2008. Borradores Departamento de Economía، 36، 1-29.

Farzin، Y.H، & C.A. Bond. (2006). Democracy and Environmental Quality. Journal of Development Economics 81(1): 213-235.

Laffertu، WN.، C.JMeadow. (1996). Democracy and the Environment: Problems and Prospects. Edward Elgar، Cheltenham، UK.

Li، Q & R، Reuveny. (2006). Democracy and Environmental Degradation. International Studies Quarterly 50: 935-956.

Payne، R. A. (1995). Freedom and Environment. Journal of Democracy 6(3): 41-55.

You، W. H.، Zhu، H. M.، Yu، K and Peng، C. (2015). Democracy، Financial Openness، and Global Carbon Dioxide Emissions: Heterogeneity Across Existing Emission Levels. World Development. 66، 189–207.

Winslow، M. (2005). Is Democracy Good for the Environment?. Journal of Environmental Planning and Management، Vol. 48، No. 5، 771 – 783

# دەوڵەت–نەتەوە و پێکهێنانی زۆرینە و کەمینەکان


**بەرزوو ئەلیاسی**

**و: پێشەوا خالیدی**


”

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر
یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر
ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری
تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ.ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی
بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی
لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

“

بەرزوو ئەلیاسی پرۆفیسۆری هاوکاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخەری پرۆگرامی ماستەری کاری کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی لینیێس (Linnaeus University) لە سوید. ئەو ساڵی ١٩٧٨ لە گوندێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوو و ١٣ ساڵ لە ژیانی وەک پەنابەر لە کەمپی پەنابەرانی ڕومادیی عێراق ژیا. بەرزوو ئەلیاسی لە زانکۆکانی لۆند و ئاکسفۆرد وانەبێژ و لێکۆڵەر بووە. ئەو بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بوارەکانی کەمینەکان، فرەکەلتووری، و توێژینەوەکانی هاووڵاتیبوون، لێکۆڵینەوەی بڵاو کردووەتەوە. دکتور بەرزوو ئەلیاسی ئێستا سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە لە سەر بێ دەوڵەتیی کورد و فەلەستینییەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو لە لایەن زانکۆی لۆندەوە وەک یەکێک لە دوو ئاکادیمیسیەنی گەنج لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٥ ناوی بردرا. پێشنیاری کورسیی پڕ پرەستیژیی توێژینەوەی کەنەدا لە زانکۆی یۆرک بە دکتور بەرزوو ئەلیاسی کراوە.

دەوڵەت-نەتەوە ڕۆڵی خاڵی گەڕانەوەی سەرەکی دەگێڕێ بۆ ڕێگاگەلێک کە خەڵک شوناسی خۆیان و جیهانی پێ دەرک دەکەن (بۆ وێنە Gellner 1983، Hob-sbawm 1990؛ Anderson 1991). زیاتر لە ١٩٠ دەوڵەت-نەتەوە لە سەرانسەری جیهاندا هەن. گشتیان داوای خاوەندارێتی و دەسەڵاتداری لە سەر جوغرافیایەک و خەڵکێکی دیاریکراو دەکەن، هێندێک پێکهاتەی ئەو دەوڵەت-نەتەوانە، وەکوو شارۆمەند دیاریکراو و ڕێزلێگیراون و ئەوانی تر سەرەڕای ئەوەی کە دانیشتوی هەمان دەوڵەت-نەتەوەن، وەکوو شارۆمەندی پلەنزمتر یا گرووپگەلێکی جیاواز سەیر دەکرێن و هەڵسوکەوتیان دەگەڵ دەکرێ. (چاو بکە لە Pandey 2006، Yeğen 2009). سەرەڕای ڕیتۆریکی شاراکەتی ااوپلە کە ناسیۆنالیزم بەڵێنی دەدا (An-derson 1991)، نایەکسانیی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕێی ڕیزبەندی شارۆمەندییە پلەجیاوازەکان لە سەر ئاستی نەتەوەیی و جیهانیدا بە ڕەسمی دانپێدانراوە. لەو باسەدا، میللەتانی بێ دەوڵەت لە نێو وڵاتانی گلۆبال ساوس (وڵاتانی باشووری) لە نزمترین ئاستی پلەبەندیی (سلسلە مراتبی) نێونەتەوەییی شارۆمەندەکان و شوناسەکاندان. بۆ وێنە، ئەوە لە ڕووی ئەخلاقی سیاسیەوە هەڵخەڵەتاندنە کە بێ مافی و لاوازبوونی لەرادەبەدەری خەڵکی ڕۆهێنگیا، هەر لە ئاستی کاتالانەکان لە ئیسپانیا دابندرێ. بە بێ ڕەچاوکردنی دیمۆکراتیک یا دیکتاتۆرییەت بوونی ستراکچێری سیاسیی وڵاتێک کە ئەو دوو نەتەوەیە تێیدا دەژین، هەردوو نەتەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان لێ زەوت کراوە و بەرەورووی سەرکوت و ستەم لە ئاستی جیاوازدا بوونەتەوە. لە کەیسی ڕۆهینگا، حکوومەتی میانمار بەگشتی خەڵکی ڕۆهینگا وەکوو بیانیانی موسوڵمان چاو لێ دەکا و هەر بەو هۆیەوە تەواوی مافە سەرتاییەکانیان لێ زەوت کراوە. (Kingston 2015). سەبارەت بە کاتالانەکان، حکوومەتی سپانیا پشتگریی ئیدەی شوناسی یەکگرتووی سپانی دەکا لە گشت ناوچەکان و کاتالانەکان لە باشترین حاڵەتدا وەکوو کەمینەیەک سەیردەکرێن و نەوەک میللەتێکی جیاوازی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس.

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان کە دەوڵەتان داواکاریی کەمینەکان بۆ ناسران وەکوو میللەتێکی جیاواز و دیار ڕەت دەکەنەوە، لە سەر بنەمای ئەو بیرۆکەیەیە کە بانگەشەی میللەت بوون و بەرەسمی ناسران وەک یەک میللەت، ڕەوایەتییەکی زیاتر دەبەخشێ بە داخوازیی

بەدەوڵەتبوون و دووربوونەوەی سیاسی لە دەوڵەتی مەوجوود. دەوڵەتانێکی زۆر لە چواردەورەی جیهان بەگومان لە پێدانی ستاتوسی ڕەسمیی دەستوریی کەمینە بە گرووپگەلێک کە لە ڕوی ژمارەوە کەمتر و لە ڕووی ئێتنۆکەلتوورییەوە جیاوازن؛ چونکە ئەو دەوڵەتانە دەترسن کە وەها ستاتوسێک بناغەدارێژەری خواست بۆ دووربوونەوە و جودابوونەوەخوازی و لێکهەڵوەشانەوە (تەجزیە) بێ. یەک ڕێگا بۆ دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی هێزی ئەو میللەتانە کە یا بەدوای مسۆگەرکردنی مافی تەواوی شارۆمەندیی یەکسانن یا ئارەزوو و خواستی وەدەستهێنانی فۆرمێک لە خۆبەڕێوەبەری وەکوو ئۆتۆنۆمی، فێدێرالیزم یا سەبەرخۆیی دەکەن، ئەوەیە کە لە بنەما ڕا نکۆڵی لە بوونی ئەو میللەتە بکا و بە زۆرەملی بیانهێنێتە ژێرچەتری یەکسانی خۆی لە ڕێگای قەدەغە کردنی هەبوونی (وجودی) کەلتووری و سەمبۆلیکی ئەو نەتەوەیە یا پێدانی پێگەیەکی (پۆزیشنێکی) دەستووریی بچووک و بەکەمینەکراو کە لەو پێگەیە ڕا نەتوانێ داخوازیی سەروەری لە سەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بکەن و لەبەرانبەردا دەورەدرابێ بە ستراکچێری کەلتووری و سیاسیی نەتەوەی زاڵی خاوەن سەروەری. سەرەکیترین بەکارهێنانی دەستەواژەی بێ دەوڵەت یان نەتەوەی بێدەوڵەت بەو مانایەیە کە ئەوان خاوەنی دەوڵەتێک نین بتوانێ نوێنەرایەتیی شوناس و زمان و ئایینی ئەوان بکا و بتوانێ پارێزگارییەکی کاریگەر لە مافەکان و ئاسایشی ئەوان بکا. ئەو دەستەواژانە هەروەها نیشاندەری نۆرماتیڤیتی سیاسیی ئەو دەوڵەتەن لە جیهاندا (نیشاندەری ئاستی گونجاوبوونی ئەو دەوڵەتەن لەگەڵ نۆرمە سیاسییەکان لە جیهاندا) وەکوو قاڵبێکی ستاندارد بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ (چاو بکە لە Chouinard 2016).

پێوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئەوەی کە چۆن نەتەوە-دەوڵەت زۆرینە و کەمینەکان شکڵ دەدا و چۆن لە پلەبەندیی (سلسلە مراتب) ئێتنۆ-ئایینی یا ئێتنۆ-میللیی ئەو نەتەوەیەدا، ستاتوس و بەهاگەلێک دەبەخشێتە ئەوان. ئەندامی گرووپی ئاست نزمتر لە ڕووی ژمارە یان ئەندامی گرووپی ژێردەسەڵات بوون، زۆربەی جار پێناسەی ستانداردی کەمینەیەک پێک دێنێ (Castellino & Cavanaugh 2013). بە هۆی خراپ بەکارهێنانی هێز لە لایان زۆرینەکانەوە، کەمینەکان زۆربەی کات لە ڕووی کەلتوورییەوە بە بێگانە دادەندرێن و بەرەورووی نوقسانی یاسایی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە (White 2012). ئەگەرچی زۆربەی کات گرووپی زۆرینە لە ڕووی ژمارە، حکوومەت کۆنترۆڵ دەکات و شوناس و کەلتوور و ئایینی خۆی وەکوو شوناسی ڕەسمیی حکوومەت زاڵ دەکات، بەڵام کەیسگەلێکیش هەن کە گرووپی کەمینە وەکوو گرووپی زاڵ خۆی سەپاندوە: عەرەبی سوننی لە عێراق بەر لە ٢٠٠٣، عەلەوییەکان لە سووریە، عەرەبی سوننی لە بەحرەین، و دانیشتوانی سپی پێست لە ئافریقای باشور. بە پێچەوانەی شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عەلەوی لە سووریە و عەرەبی سوننی لە بەحرەین، لە ڕووی ژمارەوە کەمینەن. هاوکات ئۆرگانە سیاسی و ئەمنیەتییە ناوەندی و سەرەکییەکان کۆنترۆڵ دەکەن. هەروەها ئەوان سیاسەتەکان دادەڕێژن و گرووپی خۆیان، خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت دەکەن و بەربەست بۆ گرووپە زۆرینەکان (لە ڕووی ژمارەوە) دادەنێن لە گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. یەکێک لە ستراتێژییە دیسکۆرسیڤە سەرەکییەکانی ئەو دو گرووپە کەمینە دەسەڵاتدارە، لەوە

بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە گرووپی زۆرینە لە ئەگەری گەیشتن بە دەسەڵات، دەبنــە هەڕەشــەی لەناوبردنــی بوونــی حکوومەت و کەمینەکان. زۆرینەی بێبەش کراوەکانی بەحرەین و ســووریە، هەروەها تۆمەتبار دەکرێن بە تیرەگەریی پشتبەستوو بە وڵاتانی دەرەکی. هەر لەسەر ئەو بابەتە، باس لەوە دەکات کە زۆرینە یا کەمینەبوون نابــێ وەکــوو بوونێکی سروشــتی یان بە شــێوەیەکی ســەرەکی، وەکوو ڕادەیەکی ئەژماری (دەســتەواژەیەکی ئاماری) سەیر بکرێ. بۆ وێنە، هاوکات کە ئۆرووپاییەکان لــە ڕووی ژمــارەوە کەمینــە بــوون لە جیهاندا، وایان دانابوو کــە مێژوویەکەیان زۆربەی ئێلێمانەکانی ئــەو نۆرمانەی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤی ئــارەزوو و داخوازی دەکات، لەخۆدەگرێت؛ لە بەرانبەردا، ئەوانی ترهێشــتا وەکــوو «بچکۆلەتر»گەلێکن کە «گەورە»کانی جیهان دەبێ بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆ بگرن. ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە چۆن پەیوەندیی هێز، فاکتەری سەرەکیی ناوەندییــە لــە بنیاتنانی زۆرینــەکان لە ڕێگای نزم پلەکردن و بە پەراوێزخســتنی پێکهاتەگەلێکــی تایبەت وەکــوو کەمینە لــە مێژووی نەتەوە نازنــاوەدارەکان.Alcoff و Mohanty (٢٠٠٦) پێداگــری دەکــەن لــە گرینگتربوونی باری هێــز لە بەراوەرد لەگــەڵ بابەتی ژمــارە، بەهــۆی ئەوەیە هێز بەیەکســانی دابەش نەبــووە لە نێوان گرووپگەلــی زاڵ و بەکەمینەکــراودا. بەو پێیە ئەوان لە ئاوەز و ڕوانینی مەفهوومی و سیاسی و دامەزراوەییەوە بۆ واتای کەمینە دەڕوانــن. لە بــاری مەفهوومــی، کەمینە هەڵگــری پێگەیەکی ناهەژموونیک و نازاڵە کە «دەبێ پێناسە و شەرح بکرێ تا ئەوەیکە دانــی پێدابنرێــت (فەرز بکــرێ)، یا ئەو شوناســەی کە بۆخۆی بە سروشتی بوونی نییە بەڵکوو دەبێ بوونی هەڵســەنگێندرێ و تاقــی بکرێتــەوە و بســەلمێندرێ. لە ڕووی سیاســیەوە، کەمینــە دەرخــەری کێشمەکێشــێکە؛ پێگەیــەک کــە لە ژێر ڕکابــەری و ململانێدایە یان بە کردەوەیی شــەری پێ فرۆشراوە، کە بێبەشە لە پێگە و ســتاتوس، هێــز، یان ڕێزی یەکســانە. لــە ڕووی دامەزراوەییــەوە، خوێندنــەوە لە ســەر کەمینە بە پێی بەپێویســتبوونی ئەوشــتانەی کە لە جەریانی ســەرەکی و ناوەندیی دیســیپلینەکاندا (ڕشــتەکاندا) نەبووە، پێکهاتــووە» (Alcoff & Mohanty 2006). بەڵام من پێم وایە باســی ژمارە، لــە کانتێکســتی پەیوەندییەکانی زۆرینە و کەمینــەدا گرینگــە. یەکێک لە ترســە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ڕێژەی زۆری مندالبوونــی فەلەســتینییەکانە کە دەتوانێ لــە داهاتوویەکی نزیکدا ژمارەیان لــە جوولەکەکانی ئیســرائیل زیاتر بکات. هەروەها ترسی هاوشێوە بینراوە لە تورکیە سەبارەت بە ژمارەی کوردان و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە سپی پێستەکان کە ئاستی زۆرتربوونی ژمارەیان لەدەست دەدەن.

ســەبارەت بە ئیمپراتۆریی عوســمانی، ئەو کەســانە میللەتێک یــا کۆمەڵگایەک بوون کە بۆ پێکهێنان و پێشاندانی هێمای جۆراوجۆر و دانپێدانــەری- کۆمەڵایەتیی گشــتگیر بەکاردەهێندران. مەسیحییەکان و جوولەکــەکان وەکــوو کۆمەڵگاگەلێکی ناموســڵمان، ئەوانیش هەر وەکوو میللەت دەناســران. ئیمپراتۆریی عوسمانی زۆرجار وەکوو دانەری ڕەسەنی چاوپۆشی (تۆلێرانس/ لێبردوویی) و هەمەجۆری لە ژێر سێبەری جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییەکان ناسراوە و ڕێزلێگیراوە(Mazower 2004) . هاوکات، ئــەوە بــەو مانایە نییە کــە جوولەکەکان، مەســیحییەکان یا موســڵمانە شیعەکان، بەرابەریــی تەواویان لە ئاســتی هەیئەتی

دەسەڵاتداری جەماعەتی سوننەکان هەبوویێت (Castellino & Cavanaug 2013) . تاس (٢٠١٤) باسی ئەوە دەکات کە میللەت-سیستەمی عوسمانی، پشتگیریی بەفەرمی ناسینی جوگرافی و غەیری-جوگرافی و هەروەها ئۆتۆنۆمیی گرووپە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دەکرد و بەو شێوەیە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دەوڵەت-نەتەوەکانی هاوچەرخ کە لەگەڵ کێشە و بەرەنگارییە سیاسییەکانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان ڕووبەڕوو بوونەوە. بە پێچەوانەی سیاسەتە توندوتیژەکانی ناسیۆنالیزمی تورکیی مۆدێرن لە ئاستی کوردەکان، میللەت-سیستەمی عوسمانی لە سەدەی شازدە بەملاوە جەوێکی سیاسی و کەلتوریی بۆ کوردەکان ڕیکخست تا بتوانن سەربەخۆ بن و خۆیان ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان بکەن. ئیمپراتۆریی عوسمانی بۆ پاراستنی سنورەکانی خۆی کەڵکی لە کوردەکان وەردەگرت و کوردەکانیش ئەرکی ماڵیات دان و ناردنی سەربازیان بۆ سوڵتان لەسەرشان بوو.( Arkon 2014 و Nimni 2015)

لە هەمان حاڵدا، کاتێک ناسیۆنالیزمی تورکی شێوازی هەمەڕەنگی و جۆراوجۆریی میللەت-سیستەمی لەبەین برد و بە ناسنامەی سەرەکیی تورکیا پلەبەندی کرا و تورکی بوونی لە سەرەتای پۆلێنکردنەکە دانا، شتەکان بە شێوازێکی زۆر بەرچاو گۆڕانیان بەسەرداهات (Tas 2014) . ئەگەرچی کیملیکا و فۆستل (٢٠١٤) پێداگری لەسەر ڕۆڵی بەرچاو و بنیاتنەری میللەت-سیستەم لە دانپێدان بەسەر لێبوردەیی و پێکەوەژیان دەکەن، هاوکات دەشڵێن کە موسڵمانانی سوننە بە خاوەنی دەوڵەتی عوسمانی ناسراون. گونجاندنی موسڵمانانی غەیری سوننە بەپێی پەیرەوی کردن لە دەوڵەت بوو، چون لێرەدا ئەوە موسڵمانانی سوننە بوون کە پشتیوانی و لێبوردەیی خۆیان لە ئاست کۆمەڵە غەیری موسڵمانەکان پەرەپێدەدا، کە ئەوە خۆی نیشاندەری پەیوەندییە نابەرابەرەکانی دەسەڵات لە نێوان کەسانێک کە لێبوردەیی دەکەن و کەسانێک کە تەحەمووول دەکرێندایە. بە هەمان شێوە، میللەت-سیستەمیش دان بە گونجاندندا دەنێ، بەڵام ساز بوونی وەزعی کۆمەڵی دووەم بۆ کۆمەڵەکانی کە لە ئاستی سەرەکیدا نین، جەخت دەکاتەوە. کاتێک ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٢ بە فەرمی کۆتایی پێ هات، و دەسەڵاتە ئیستیعمارییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان گرتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، چەمکی زۆرینە و کەمینە لە ڕوانگە ی نەتەوەییدا لە ئاشکرا کردنی چوونە ناو و سەر بە دەوڵەت-میللەتە تازە ساز کراوەکان لە ناوچەکەدا زۆرتر ڕەنگی گرت.

کەمینەکان پێویستە لە بواری پەیوەندییەکان سەرنجیان بدرێتێ، لەبەر ئەوەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوەیەکدا ساز دەکرێن کە یەکگرتوویی سیاسی، کەلتووری و ئابوری و ئیداریی دەوڵەتێک لە کۆنترۆڵ دەگرن (چاو لە Nimni 2015 بکەن). لە کاتێکدا کە ئەوە کەمینەکانن کە لە دیسکۆرسە سیاسی و ئاکادیمییەکاندا دەبن بە هۆی دروست بوونی کێشە و زۆرینە بە کۆمەڵی بێ کێشە دەناسرێت (White 2012)، بۆ هەر پرۆژەی سیاسیی ئازادیبەخشی و سەرتاسەری، دروست کردنی ناسەقامگیری لە پۆلێن کردن و نەزم دانی سیاسیی گرووپەکانی کە خۆیان بە زۆرینە دەناسێنن، کارێکی حەیاتی و سەرەکییە. هەر وەکوو ناسیۆنالیزمەکانی کۆمەڵە دەسەڵاتدار و کۆمەڵە بێدەسەڵاتەکان، زۆر کات شێوازەکانی زۆرداریی ناسیۆنالیزم

بەسەر کەمینە نەتەوەییەکان کە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەرەنگار بوونەوەی دەوڵەت-میللەتەکان شەڕ دەکەن، دەبیندرێت. ناسیۆنالیزمی کۆمەڵە دەسەلاتدارەکان زۆر کات ئینکار دەکرێت و بە هۆی ئەوەی کە توانیویەتی لە ئاستی سیاسیدا خۆی بە ئاسایی و نەبیندراو دەرخات، لە بواری دروست کردنی مەسەلە و پێراگەیشتنی یاسایی خۆیان دەرباز دەکەن.

(Billig 1995، p179) وایت (٢٠١٢) لە کتێبی خۆیدا، بە نێوی «دەرکەوتنی کەمینەکان لە ڕۆژهەلاتی ناویندا» باس لەوە دەکات کە بە مەبەستی ناسین و فامی دەرکەوتنی پۆلێنکردنی زۆرینەکان و کەمینەکان و چەمکی سیاسی - کۆمەلایەتی، کە لەواندا بۆ شێوازی تێفکرینی خەڵک لەبارەی خۆیان یا کەسانی تر لە چاوی زۆرینە و کەمینەدا واتایان بۆ پێکهاتووە، دەبێ بگەڕێینەوە سەر ساز بوونی دەوڵەت-میللەت. دەوڵەت-میللەت چوارچێوەیەک بۆ نەتەوەیی بوونی وڵات و داوای دەسەلاتی دەوڵەت لە سەرانسەری هەرێمی «نەتەوەیی» بەدی دێنێت. لەو کاتەی ڕا کە دەوڵەت-میللەت بە نێو بەردەستەیەکی ئاراستەکراو بناسرێت، ئەو وڵاتە دەست دەکا بە پەرە پێدان بە دەسەلاتی خۆی لە گشت ناوچەکەی کە مەبەستیەتی و هەوڵ دەدا تا کۆمەڵە جیاوازەکان لە ژێر یەک دەزگای هاوبەش وەکوو سیستەمی فێرکاری، میدیا و ئەرتەش کۆ بکاتەوە. لە دەروونی ئەو پێکهاتانەدا، کۆمەلانێکی تایبەت دەبنە کەمینە، لە کاتێکدا کۆمەڵێکی تر بە نێو ئەندامی کۆمەڵی کەلتووری دەسەلاتدار دەناسرێن (White 2012). لە کاتێکدا سیستەمی دەوڵەت-میللەتی نێونەتەوەیی، دەتوانێ وڵاتێک و سنووره نیشتیمانییەکانی ئەو وڵاتە بە فەرمی بناسێ، دەوڵەت بۆخۆی ئەو خاڵە نادات بەو سیستەمە کە لە ناو وڵاتەکەیدا لە لایەن خەڵکێک کە تابعی ئەو یاسایەن، بە فەرمی بناسرێن. زۆرێک لە دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەلاتی ناویندا، لەو ڕاستییە ڕەنج دەکێشن کە متمانەی سیاسیی دوایینەی کۆمەڵە جیاوازەکان بەستراو بە دەوڵەتەوە نییە. ئەوە بە ڕەزا بوون نییە، بەڵکوو زۆر جار بە زۆری، یاسا لەناکاوەکان و هەبوونی بەردەوامی تووڕەیی دەبێتە مایەی بەکارهێنان بۆ بەهێز کردنی حکوومەت و دەسەلاتەکەی. کێشەی کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی ناویندا باس لەو مەسەلەیە دەکات کە دەوڵەت نەیتوانیوە متمانەی خەڵکی کورد بە دەست بێنێ و کوردەکان لە بینینی خەیاڵێک سەبارەت بە وڵاتێکی سەربەخۆ کە بۆخۆیان دەتوانن کارەکانی خۆیان ئیدارە بکەن، مەنع دەکات. ئەگەرچی دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەلاتی ناویندا دەیانهەوێ خۆیان لە بواری ڕاگرتنی حکوومەت کردنی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکی ئەوان بەهێز نیشان بدەن، بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە دوابەدوای سست بوون و کەوتنە ناو قەیرانی سیاسی و ناسەقامگیری، ئەوان هەست بە ئەرک دەکەن کە دەبێ دەگەڵ هەمەجۆرێتی سازگار بن و هەروەها لە بواری حاکمیەت، کەمتر بە توندی هەڵسوکەوت دەکەن. وایت (٢٠١٢) دەڵێ کە دەوڵەتەکان زۆربەیان دەڵێن: « شەرعییەتی خۆیان بە گوێرەی هێندێک شرۆڤە لە ئەسڵی نوێنەرایەتی دەردەبرن کە بە شێوەی ئیدیعای هاوپشک بوونی شوناسی کەلتووری لەگەڵ کۆمەڵەی بە ژمارە زۆرینە، دەربردراوە.(White 2012, p 2) لەو کاتە ڕا کە زۆرینە ساز دەبێ و دەسەلات دەگرێتە دەستی، چەندێک کەمینە ساز دەبن و دەکەونە قەراغی دەوڵەت، جێگەیەک کە زۆرینە خۆی بە

سەرۆکی دەوڵەت دەزانێت و کەمینەکان بە پەیڕەوی خۆی دەناسێنێت. بۆچوونێکی یەکسانی سیاسیی گرینگ لە نێوان کەسانی بێ نەتەوە و کەمینەکان هەیە، چونکە ئەوانە هەردووکیان ئاسەواری پێکهاتی وڵاتەکان و میللەتەکان و سیستەمە شارۆمەندییە پۆڵێن کراوەکانن. ئەوە شێوازی دەوڵەت-میللەتەکانە کە وەزعە ئاراستە کراوەکان ساز دەکات کە لە واندا خەڵک دەست بە لەبەرچاو گرتنی خۆی بە نێوی زۆرینە و کەمینە دەکات؛ هاوکات، ئەو پۆڵێنە زیهنیانە دەمێننەوە (White 2012، p 209). بەو بۆنەیە کە دەوڵەت پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی دەیهەوێ پەیڕەوی لە یاسای ئەو بکەن، دروست دەکا، زەرووریيە کە دەوڵەت ئەو پەیوەندییە بناسێنێت لەبەر ئەوەی کە ئەو ناسینە، دابینکەری ئەوەیە کە مەبەستی دەوڵەت کام کۆمەڵ یا کۆمەڵەکانە (White 2012). لەو جۆرە وەزعە دایە کە دەوڵەت ناسنامەی کەلتووری دابین دەکات و لە نێو خەڵکدا دەیگونجێنێ کە قازانجەکان، ئەزموونەکان و چاودێتنەکانی کۆمەڵی دەسەڵاتدار بەرچاو دەکاتەوە. ئەوە لازمەی ئەوەیە کە کۆمەڵی دەسەڵاتدار ناسنامە و گرانییەکانی خۆی لەوبەری سنوورەکانی دەوڵەت جیهانی دەکات، لە حاڵێکدا گرووپی بەکەمینە و بچووککراو و بێ دەسەڵات، لە بواری جوغرافییەوە ئیزۆلە دەکرێن و دەخرێنە ناو جوغرافیای تایبەت.

شارۆمەندی، ئامرازی سەرەکیی دەوڵەتەکانە بۆ بەستنەوەی حەشیمەتێک بە سیاسەتەکانی خۆیانەوە. لە حاڵێکدا کە شارۆمەندی گەلێک جار مژدەی هاتنە نێوی نیگایەکی نوێ لە سنورەکانی وڵاتێک دەدات، بەڵام زۆر جار لە لایەن ناسنامەی کەلتووریی کۆمەڵی دەسەڵاتدارەوە دابین دەکرێت و پیس دەبێ. ئەو شارۆمەندییە پلەبەندییە، ئالیکاری دابەش بوونێک لە نێوان زۆرینە و بەکەمینەکراوەکان لە بواری دەسەڵات، مافەکان و سەروەریی کەلتووری و سیاسی دەکات. کەمینەکان بە ئاستەم سەبارەت بە چۆنیەتیی وێراستکردنی شارۆمەندیی دەوڵەت بە مەبەستی سازکردنی گلۆبالیزمی گشتانە کە لەویدا مافەکان و قازانجەکانی پێکهاتە جیاوازەکان گارانتی و بە دامەزراوەیی دەکرێت، بەشدار دەبن یا پرسیاریان لێ دەکردرێت. لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵە دەسەڵاتدارەکان دەسەڵاتی لێپرسینەوە و ئامرازەکانی بەکارهێنانی زۆر و توندوتیژی کۆنترۆڵ دەدەکەن، بە «پێدانی» مافەکان بە کەمینەکان، دەوڵەت و زۆرینە وەکوو سابجێکتی ژێریی سیاسی دەبینرێن. هەڵبەت ئەوە زۆر دوور لە ڕاستییە، لەبەر ئەوەی کە کەمینەکان چاوەڕێ ئەوە نەبوون کە مافەکانیان بە دڵفراوانی پێ ببەخشرێت، بەڵکوو ئەوان توانیویانە بە خەباتکردنی بەردەوامی سیاسی و چەکداری، دەوڵەتان ناچار بکەن تا وڵامی سکاڵا و گلەییە سیاسی، کەلتووری و ئابورییەکانیان بدەنەوە و ڕاستیی ڕەگەزی سیاسیی ئەوان بە فەرمی بناسن. ئەو شتەی لە باسەکانی وایت (٢٠٠٧) ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە ئەوەیە کە بە لێکۆڵینەوەی شێوەی سازبوونی کەمینەکان دەتوانین سەبارەت بە دروستبوونی دەسەڵات و ناسنامەی زۆرینە هەندێک شت فێر بین. هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد، یەکێک لە ستراتێژییەکانی دەوڵەت وەکوو نوێنەری ناسنامەی زۆرینە، لەبەرچاوگرتنی داوا و ویستەکانی کەمینە بۆ هاوبەشیی یەکسان، بەرچاوکردن و بەفەرمی ناسینی بەرابەری کەلتووری و سیاسی، وەکوو دابەشکەر و پێشاندانی وەکوو ئامرازی جودابوونەوە یان پیلانی دەرەکی بۆ شکاندنی دەوڵەتە. وایت

(٢٠٠٧) نیشان دەدا کە چۆن کەمینەکان بۆ سازکردنی ناسیۆنالیزمی زۆرینە دەبنە ئەوانی تری پێویست:

لە راستیدا، ولامە نەتەوەپەرستییەکان بە جوداییخوازی، داوێنی جوداییخوازان ناگرێتەوە. ئەوان لە راستیدا مەبەستیان ئەوەیە کە بە فەرزکردنی هەبوونی زۆرینە و مافی سەپاندی دەسەلاتی خۆیان، هەستی نەتەوەپەرستیی نشتیمانی لە نیوان رەوتە سەرەکییەکاندا بلاو بکەنەوە. دەرکەوتنی ئەو زانیارییەی «زۆرینە»، پێدەچێ بە ئاسانی زانیاریی «کەمینە»، لە کۆمەلگاکانی دەرەوەی ویگا سەرەکییەکە هەلبزێنێتەوە، کە کە لە دۆزێکی چەمبەرین، کاریگەریی تایبەتی خۆی لەسەر رەوشی زۆرینە دادەنێت (White 2007, p76-77).

گەرچی وایت سەبارەت بەو ستراتیژیyی ە دەولەتیoy بۆ ساز کردنی نەتەوەپەرستی راست دەکا، بەلام من دلنیا نیم کە ولامی دەولەتەکان بۆ کەمینەکان, داوێنگری کەمینەکان نەبێتەوە، چون ئەوان کەسانێکن کە کاتێک دەولەت ئەوان دەگرێتە بەر ئامانجی خۆی، گەلێک جار بەهاکەی بە ژیان و مالی خۆیان دەدەن، ئەوان لە دەرەوەی یاسا دادەندرێن و لە لایەن دەولەتەوە بە نیو دوژمنی نیوخۆیی دەناسرێن و سووکایەتییان پێ دەکرێت. هەر لەبەر ئەوەوە، کەمینەکان بۆ دەولەت-میللەت کێشەساز نین، هەرچەند کاتێک مێژووی دەولەت-میللەت باس دەکرێت، دەخرێتە بەرچاو و ساز دەکرێت، بە رای زۆرینە، کێشەساز دەبێ. ولام دانەوە بە نیگای زۆرینە، نیگایەکی کەمینە نییە کە بتوانێ بۆخۆی کێشەسازی بکات. لە بەرانبەردا، کێشەی گرینگتر ئەوەیە کە کەمینەکان، ئایدیا و پۆزیشینی سیاسی یا پۆزیشینێک کە هەموو کات ئەوانی بە کەمینە ناسیوە و کۆمەلی دەسەلاتداری بە زۆرینە، قەبول نەکەن. مێژووی کەمینەکان و زۆرینەکان لە بواری مێژوویی و سیاسی تێکەلاو و پێکهێنەری یەکترە(White 2007).

## زۆرینەی تالانکەر و ململانێ بۆ (سەرلەنوێ)پێناسەکردنی مالی سیاسی

توێژەری هیندی، پاندەی (٢٠٠٦) سەرەرای باس لەسەر چۆنیەتیی پێکهێنانی پۆلێنکردنی زورینە و کەمینەکان و هەروەها ئەو هەلومەرجانەی کە دەبنە هۆی پێکهێنانیان، دەلێ کە توندوتیژیی ئاسایی «لە پێکهێنان و بەردەوامیی نەزم دانی سیاسیی هاوچەرخ و، لە دروستکردن و نوێ کردنی زۆرینە و کەمینەکان» نووسراوە. توندوتیژیی ئاسایی تەنیا جەبری بەرچاو نییە کە دەولەتەکان لە دژی کەمینەکان بۆ ئەرزاقی دەسەلاتی خۆیان و خۆزایی بوونی ناسنامەی زۆرینە بەکاری دێنن، بەلکوو خۆ نیشاندانەکانی رۆژانەی ئێمە لە ئاستی غەریبەکان، شێوەی پێکهێنان، فکرین و پەیوەندی لەگەل دراوسێکانە و هەروەها ئەو شتانەی لەسەر ئەوان دەیانخوێنینەوە و ئەو کاتەی کە بۆ زۆرینە بەرچاو نین، دەیانبینین. ئەوە بە هەمان مەزنایی سەبارەت بە چۆنیەتیی قسە کردنمان لەبارەی ئەواندایە و هەروەها بێدەنگییەکانی کە تووشیان دەبین، کاتێک کە ئەوان دەبنە ئامانجی وشەکان و هێزە فیزیکییەکان(Ibid، p8).

لە ژێر رێزبەندیی سیاسی و مەرجەکانی ئایدیا و توندوتیژیی نەتەوەپەرستانەیە کە کەمینەکان پێکدێن و وەکو «بڕەند» دەبینرێن، لە حالێکدا کە کۆمەلی زۆرینە «بێ بڕەند» و ئاسایی دەکرێن. ئۆرینتێیشێنی ناسیونالیزم، گەلێک جار بەرەو خولقاندنی

پۆلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خولقاندنی پەیوەندییەکانی خاڵ و زوڵم، سەروەری و هاوکۆماری لە دەروون ودەرەوەی هەرێمەکانی دەوڵەت-میللەت دەچێت Ibid، p13لا چەمکێکی هاوشێوە، ئێپادورای (۲۰۰۶) ڕەوایەتێکی هوشیارکەر سەبارەت بە ئایدیای مەترسیداری دەوڵەت-میللەت و بنیاتنانی کەمینەکانی ئەو لە ژێر سێبەری گلۆبالیزم، ڕێکدەخات. ئەگەر لە درێژاییی مێژوو شەڕەکان بۆ بنیاتنانی وڵاتەکان بەکار دەهێندران، دەوڵەت-میللەت بۆ خولقانی کۆمەڵگای نەتەوەیی و پێوەگرێدانی زۆرەملێ لە نێوان کۆمەڵی حاکم و دەوڵەت، توندوتیژیی بەکار هێناوە. ئێپادۆرای ئەو خاڵە لەبەر چاو دەگرێ کە زۆرینە بۆ هەبوونی خۆیان زۆرتر پێویستیان بە کەمینە هەیە، لەبەر ئەوەی کە بە دابین کردنی سنورەکان و خولقاندنی ڕەگەزەکانی تر کە دەگەڵ قازانجە گشتییەکان ڕێک نەبن، لە دۆزی «ئێمە پێکدێنین» بە ناوەندپارێزی دەگۆڕدرێن. لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەت-میللەتە کە چەمەکەکانی زۆرینە و کەمینە واتا دەگرنەوە، هەر لەبەر ئەوەش زۆرینە دەتوانێ لە هەبوونێکی ناتەواو و قەڵشتێکی کە ماوەتەوە (کەمینە بە نیوی بەند) بۆ گەیشتن بە گشتی نەتەوەییی ساف ئێش بکێشێت. ئەو هەستی مەراق و ناتەواوییەتییە، زۆرینە دەکێشێنێتە لای توندوتیژی دژ بە کەمینەکان (ibid) کە داوای هاوسەنگی، نوێنەرایەتی، سەربەخۆیی و مافەکانیان بە نیوی کۆمەڵی جیاوازی کەلتووری و ڕەگەزی دەکەن. کەمینەکان بە خۆبەخۆ دەبنە ڕەقیبی سیاسی و بەندێک لە ئاست چاولێکردن و ئامانجە کڕ و پەڕەکانی نەتەوەسازی کە کۆمەڵی زۆرینەکان دەخوازن. ئێپادۆرای (۲۰۰۶) لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەستی نەبوونی ئاسایش لە لایەن کۆمەڵی حاکم دەتوانێ مەیدان بۆ چالاکییەکانی ژێنوساید لە ئاست کەمینەکان ڕێک بخات. لە جیهانێکی پێشکەوتوودا کە بە جیاوازی و سنۆر و ناسنامە تاریکەکان دیاری کراوە، زۆرینە زیاتر سەرقاڵ دەبێ تا هەستی نەبوونی متمانە و ناتەواویی خۆی کە لە دەرخستنی کەمینە ئیختار دەکرێ، کۆنترۆڵ بکات. کەمینەکانیش خەریکن دەبنە پرسە گرینگەکانی بێزاری لە دەوڵەتەکان و ئەو زۆرینەگەلەی کە نیگەرانییەکانی خۆیان «لەمەڕ کەمینەکانی پەراوێزی خۆیان (جا ڕاستەقینە بێ یا وێناکراو) لە جیهانی چەند دەوڵەتیدا، لە ڕەوتە ئابوورییە بێ ڕێساکان و ئەو حاکمییەتانەی کەوتوونەتە بەر مەترسی»، دەگوازنەوە. (ibid P43).

زۆرینە خوازیاری گۆڕینەوەی جێگەی خۆی لەگەڵ کەمینە نییە لەبەر ئەوەی کە ئەوان خۆیان بە ئەندامێک لە کۆمەڵی حاکم دەزانن لە حاڵێکدا کەمینەکان زۆرتر جێگەیەکی تر و حاشیەییان هەیە. ئەو هەستی نەبوونی ئەناهییە، زۆربەی جارەکان دەبێتە هۆی پێکهێنانی زۆرینەی درندە (Appadurai2006) کە کەمینەکان وەکوو مەترسییەک بۆ ئاسایش، خۆشبژێوی و دەسەڵاتی ئەوان لە نێوخۆی وڵات دەزانن. ئاشکرایە کە ئەو دیسکۆرسە سیاسییانەیە کە زۆرینەکان، بە مەبەستی دەورپێچ کردن لە لێواری هەڵوەشاندنەودا بەسیج دەکات. بە بەسیجی سیاسی، زۆرینە تەشویق دەکرێن کە بە شێوەیەکی ژیرانە سیاسەتێک بەکاربێنن کە سەروەری و لەپێشتر بوونی ئەوان لەخۆ بگرێت. ئیجازە بدەن تا دوو نموونە لە شێوەی نیشاندان و هەستی ئەو ڕقە لە ئاست کەمینەکان لە عێراق و ئەمریکا باس بکەم. سەرەڕای خۆشبینیی سیاسی کە کوردەکانی عێراق دەتوانن مافە بنەڕەتییەکان و سەربەخۆیی خۆیان لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بە دەست بهێنن،

نوینەرانی نەتەوەپەرەستی عەرەبی-عێراقی، هەرێمی کوردستان وەکوو مەترسییەک بۆ نەتەوەی عەرەب دەزانن. سەیر بکەن کە چۆن سەمیر عوبەید، لێکۆڵەری عێراقی-عەرەب ڕای خۆی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت:

ئایا تاکوو ئێستا نیوی هەرێمیکتان بیستووە کە وڵاتی سەرەکی قوت بدا، ناسنامەکەی لە ژێر پێ دانێت و بیکات بە دەقەر؟ وڵام نایە، ئێمە نەمانبیستوە و نەمانخوێندۆتەوە کە هەرێمێک و وڵاتێکی بچووک دەتوانێ ئەوەندە حوکم بکا کە مێژووی تاقانەی وڵات و نەتەوەیەک لە بەین ببات، تەنیا لە عێراق. عێراقی عەرەبی، کە بەشەرییەت لە وێ پێشینەی حەوت هەزار ساڵەی هەیە، بۆتە ناوچەی هەرێمی کوردستان، لە حاڵێکدا نەتەوەی عەرەب تەنیا بۆتە نۆکەری نەتەوەی کورد (Bengion2010, p4)

ڕاپۆرتی سەرێ نیشان دەدا کە کوردەکان لیاقەتی پۆزیسیۆنی هاوسەنگیان لە کۆماری عێراقدا نییە کە دەبێ پێش هەموو شتێک کۆمارێکی عەرەبی بێ، لەبەر ئەوەی کە «هەموو کات» وابووە، بەڵام بە ناسنامەی بەرزبووەوەی کوردی و دەسەڵاتی سیاسی دە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوە ڕاگیرا. دوای ڕیفراندۆمی کوردەکان بۆ سەربەخۆبوون لە سێپتامبری ٢٠١٧ کە زیاتر لە سەدا نەوەدی دەنگەکانیان بە دەست هێنابوو، ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراق سەبارەت بە بەڕێوبردن بێگومانتر بوو و دەوڵەتی عێراق لە بەغدا هەر دێت و بەشی بودجەی کوردەکانی عێراق کەمتر دەکاتەوە و بۆ چەکداری لە دژی کوردەکان بە کاری دێنێت. هەڵبەت ئەوە بۆ تەسدیقی گەندەڵیی بەربڵاو لە بەشی نەوت لە هەرێمی کوردستان نییە کە بە دەستی دو حیزبە بەڕێوبەرەکانی کورد، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، مۆنۆپۆلیزە کراوە. گەندەڵیی ئابووری و سیاسی لە ناوچە غەیرە کوردییەکانی عێراق کە عەرەبە شیعە یا سوننەکان بەڕێوەی دەبەن، کەمتر نییە بەڵکوو زۆرترە. عێراق وەکوو وڵاتێک، یەکێک لە گەندەڵترین دەوڵەتەکانی جیهانە. لە ساڵی ٢٠١٢، نووری مالکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، گلەییی لە زۆر بوونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکرد و بە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنیی کوردی گوت کە هەرێمی کوردستان جۆرێک هەڵسوکەوت دەکا وەکوو ئەوەی کە عێراق بەشێک لە کوردستانە (Eliassi 2013). لەڕاستیدا، پێناچێ زۆر گرینگ بێ کە چ کەسێک سەرۆکوەزیرانی عێراق بێ، لەبەر ئەوەی کە ئایدیای مافی کوردی بۆ سەربەخۆیی و خۆئیدارە کردن لە لایەن عەرەبەکانی شیعەی حاکم لە عێراق پارێزراو نییە، تەنانەت ئەگەر لە یاسای بنەرەتیی ئێستای عێراقیش تەسدیق کرابێ. نموونەی سەرێ زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ سەربەخۆییی وڵاتە کوردییەکان بوو کە لە ناوچەی خۆیاندا زۆرینە بە وانە بەڵام بە هەژماری لە چاو عەرەبەکان لە هەمووی عێراق کەمترن.

ئێستا ئیجازە بدەن کە بۆ لای نموونەیەکی تر بچین کە نیشان دەدا چۆن زۆرینەی سپی پێست لە لوئیزیانا، بە هۆی هەبوونی گرووپەگەلی ناسپی پێست کە پشکی خۆیان لە خۆشگوزەرانی و خولیای ئەمیرکایی بوون، داوا دەکەن، خۆیان بە کەمینەیەکی دەورپێچ کراو دەزانن (Hochschild 2016). بە وتەی هاچشیلد، ئەندامانی کۆمەڵی سپی پێست، ئەو کۆمەڵە غەیری سپی پێستانە «پێشتر لە خەت» دەزانن و گەیشتن بە خەونی ئەمریکایی بۆ زۆرینەی سپی پێستەکان وەدوا

دەخەن. دروســـتیی داوای چەندکەلتووری بوونی سیاسی لە نەتەوەیەکگرتوەکان، کە میدیـــا لیبرالەکان بە خەتـــاکاری دەزانن، مەرجێکی ساز کردووە کە زۆرینەی سپی پێستەکان ناتوانن هەستی «راستەقینە»ی خۆیـــان بەرانبـــەر بـــە ئـــازارەکان، رەش پێســـتەکان، ئافرەتـــەکان، کۆچبەرەکان، و هاورەگەزخـــوازەکان دەربـــڕن. جێگەی ســـەرنجە کە ئەوە کومەڵە بێبەشەکان لە بواری مێژوویـــی و هاوچەرخن کە دەچنە ژێـــر رق و نەفـــرەت و وەکـــوو «دزینـــی» جێگەی خۆیان لە سەفدان کە ببێتە هۆی خولقاندنـــی مـــاف و بەرژەوەندییەکانیان. ئەندامانی ئەو کۆمەڵە سپی پێستە بە هۆی رامانە موخافزەکارانەکانی خۆیان سەبارەت بـــە زەواج، ســـیلاح، رۆڵە جنســـییەکان، رەگەز و ئالای کۆنفیدراســـیۆن، لە بواری کەلتـــووری، خۆیـــان بـــە رورەش کراوی دەستی میدیا لیبرالەکان دەزانن. هاچشیلد جیهان بینی و ســـەرپێهاتەکانی ئەوان ئاوا دەکێشێنێتە روو:

بێگانەکان لەریزدا دێنە پێشتر لە ئێوە و ئێوە تووشـــی مەراق، رق داگرتن و ترس دەکەن. ســـەرۆک کۆمارێک لەگەڵ لایەنی دابـــڕان یەکگرتوو دەبێـــت و دەبیتە هۆی ئەوەی کە ئێوە هەســـت بـــە بەدگومانی و خیانەت بکەن. کەســـێک لە ریزی پێشتر لە ئێوە وەکوو کرێکارێکی نەزان و جاهیل ســـووکایەتی بـــە ئێـــوە دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەســـت بە بچووک بوون بکەن و زۆر قەڵس بـــن. لە بواری ئابوری، کەلتووری، چاندی، دێموگرافی، جوغرافی، و سیاســـی ئێوە لە وڵاتی خۆتـــان لەناکاو وەکوو بێگانەیەکتان لێدێت (Hochschild 2016, p 222)

زۆرینەی ســـپی پێســـت بێدەنگ و بە هەســـتی دەورپێچ بـــوون، چووک بوون، و بەرووڕەش کـــراوی، دەکەونە پەراوێزەوە و چاوی ئومێدیان لە دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆمـــاری ئەمریکایـــە کە دەتوانـــێ دوبارە ئەمریکا گەورە پێشان بدات. بە هەڵبژاردنی ترامپ، زۆرینەی سپی پێستەکان دەتوانن بەرێوبەریی بارودۆخی وڵاتی خۆیان بکەن و لەمەو بەدوا هەســـت بـــە غەریبایەتی لە وڵاتی خۆیـــان نەکەن، بانگەشـــەیەک کە کە پلورالیزمی نەتەوەیی-کەلتووری پێکی هێنـــاوە (ibid; see also Hage 1998). ئەو کێشـــەیە لەسەر شـــێوەی دەربرینی ترس و نیگەرانیـــی زۆرینـــە وەک بەرێوەبەرانی بارودۆخـــی وڵات دەر حەق بـــە عێراق یا ئەمریکا، شتێکی ئاوارتە نییە. بە پێچەوانەوە، ئەوە ئۆلگوویەکی سیاسییە کە لە گفتوگۆی هێزەکانی دژ بە کۆچبەری لە ئەورووپاشـــدا کاریگەریی هەیە و هۆشاری بە ئەورووپییە ســـپی پێســـتەکان دەدا کـــە کۆچبـــەرە موسوڵمانەکان بەم زووانە لە بواری چەندی و کەلتوورییەوە ئەورووپا دەورپێچ دەکەن و ئەورووپاییـــەکان لە وڵاتی خۆیان دەبن بە کەمینە (see Eliassi 2013).

پێداگـــری لەســـەر ئـــەوەی کـــە دەوڵەتەکان رێنجێکی بەربڵاو لە سیاسەتە جۆرواجۆرەکانیـــان بـــۆ پێشـــوازیکردن، گونجاندن یا پەراوێزخســـتنی کەمینەکان بەکار دێنـــن، گرینگایەتییەکـــی یەکجار زۆری هەیە. قورسایی چەندیی کەمینەکان لەگەڵ ناسنامەی رەگەزی و ئایینیی ئەوان کاریگەری لەسەر وڵام دانەوەی دەوڵەتەکان بـــە گلەییەکانی ئەوان هەیە. بـــۆ نموونە، مەســـیحییەکان لەرۆژهەڵاتـــی ناویند لە بواری چەندی، لە موسوڵمانەکان کەمترن و زۆر جار لە نێوان وەعدەی دەسەڵاتدارەکان بۆ پشتگیری لە دەوڵەت و مەترسییەکانی مارژینالیزە کردن لە لایەن کۆمەڵی زۆرینە کە دەوڵەتەکە وەکوو وڵاتێکی موســـوڵمان دەناســـێنن، دەمێننەوە. بەراستی، زۆرێک لە دەوڵەتەکان لەرۆژهەڵاتی ناویندا وەکوو

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئاستی لۆکاڵی و ناوچەیی، پەیمانی ژمارە ۱۶۹ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار، ئەو مافە بە گەلانی خۆجێیی دەدا کە بۆخۆیان بڕیار لەسەر ئەولەوییەتەکانیان لەبارەی پرۆسەی گەشەکردنیان بدەن و چەندی بکرێ بۆخۆیان گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان، کۆنترۆڵ بکەن.[۴۱] بە هەمان شێوە ڕاگەیاندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر گەلانی بوومی، ئاماژە بە مافی ئەوان بۆ پێناسەکردن و دارشتنی ئەولەوییەت و ستراتژییەکانی گەشەکردن و پشکیان لە قازانجی وەبەرهێنانی سەرچاوەکانیاندا دەکا.[۴۲] هەمووی ئەمانەش کەم و زۆر وەک خۆی لە پرۆژە و پەیمانگەلی هاوشێوە لەسەر ئاستی قاڕەییشدا دووبارە کراونەتەوە.[۴۳]

کەمایەسییەک کە لەم پێوەندییەدا وەبەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە پیتی دەقەکان زۆرتر دەوڵەتان لەو بارەوە هان دەدا و کەمتر پرسپێکردن و لەبەرچاوگرتنی

> ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گەلانی بێ دەوڵەت، هەروەک یاسای نێونەتەوەیی دەیکا، پێویستە لێرەدا مافی کەمایەتییەکان لە مافی گەلانی خۆجێیی (بوومی)[۳۲] و بەشداری لەسەر ئاستی ناوەند یا سەراسەری، لە بەشداری لەسەر ئاستی هەرێمی جیا بکەینەوە

بۆچوونی پێکهاتەکان لەسەر دەوڵەتان دەکەنە ئیجباری، مەگەر لە هێندێک حاڵەتی دیاریکراودا.[۴۴] دیارە ئەگەر چاوێک بە ئەدەبیاتی حقووقیی ئەو نیهادە نێونەتەوەییانەدا بخشێنین کە چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی ئەم دەقانەدا دەکەن کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە مافی گەلانی بێ دەوڵەتەوە هەیە، وەک کۆمیتەی نەهێشتنی هەڵاواردنی نیژادی، کۆمیتەی پەیمانی چوارچێوەیی ئەنجومەنی ئورووپا، کۆمیسیۆنی نێوان-ئەمریکایی مافی مرۆڤ، کۆمیسیۆنی ئەفریقایی مافی مرۆڤ و گەلان، و لە هەمووان زیاتر کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە وردەکارییەوە لە ڕادەی ڕاوێژ وەرگرتن و پرسکردن بە گەلانی بێ دەوڵەت لەبارەی کاریگەریی پرۆژەکانی گەشەکردن لەسەر ژینگەی ئەو گەلانە و بەشداری و تەنانەت سەربەستییان لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی دەڤەری خۆیان دەکۆڵنەوە و ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویست دەدەنە دەوڵەتان. بە پلەیەکی باڵاتریش لەو وڵاتانەدا کە پێکهاتەکانی کەمینە و بوومی بەرەسمی ناسراون و بەکردەوە پارێزراون، زۆر لە کەیسەکانی دادگا باڵاکان بۆ سکاڵای ئەو پێکهاتانە لەپێوەندی لەگەڵ کاریگەریی پرۆژەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لەسەر ژینگەی سروشتیی ئەوان تەرخان کراوە و لە هێندێک حاڵەتدا گۆڕان و وەستانی پرۆژەکان یا لانیکەم قەرەبووکردنەوەی پێکهاتە زیانلێکەوتووەکانی لێ کەوتووەتەوە.[۴۵]

## ئەنجام

لەگەڵ ئەوە کە پێشکەوتنی یاسای

نێونەتەوەیی لە هەردوو بواری پارێزگاری لە ژینگە و پاراستنی گەلانی بێ دەوڵەتدا بە خاوی وەدی هاتووە و هێشتا لەگەڵ زۆر بەربەستی سیاسی و قانوونی بەرەوروویە، بەڵام هەردووکی ئەم بوارانە چ بە جیا و چ لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا، هەڵگری ڕەوتێکی بەرفراوان و هەمەلاگیرن، پۆتانسیەلێکی بەهێز و کارای فرەڕەهەندیان تێدایە و پێشبینیی ئاڵوگۆڕی زیاتریشیان لێ دەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەوە کە پرسی ژینگە یەکێک لە گرینگترین بوارەکانی خۆدەرخستنی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان بەتایبەتی ئێن‌جی‌ئۆکان و بزوتنەوە ئاشتیخوازەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدایە، پێک گرێدانەوەی بواری ژینگە و مافی گەلانی بێ دەوڵەت، بەستێنێکی لەباری قانوونی بۆ خۆناساندنی گەلانی بێ دەوڵەت لە ڕێگای چەمکە جیهانگیر و جیهانپەسەندەکان و بە ڕێکاری مومکین و ئەمرۆیی دەداتە دەست.

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی هەردوو بواری ژینگە و مافی گەلانی بێ دەوڵەت لە جەوهەردا بەرژەوەندیی دەوڵەتان دەخەنە گرەوی خۆیان و کەوا بوو سیاسین، هەروەها لەبەر ئەوە کە مامەڵە و ئیدارەیەکی باشتری ئەو پرسانە بەبێ بەرزکردنەوەی ئاست و کەیفییەتی بەشداریی پێکهاتەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و حکومەتیدا مومکین نییە، لە کۆتاییدا سازوکارە حقووقییە نێونەتەوەییەکان، هەر ناچارن سەرنج بدەنە لایەنی بڕیاردەری و بەڕێوەبەریی ئەو پرسانە. شتێک کە -بیانەوێ و نەیانەوێ- سەرنجدان و پێداچوونەوە بەو چوارچێوانەی لێ دەکەوێتەوە کە گەلانی بێ دەوڵەت لێیان نارازین و بۆ گۆڕینیان تێدەکۆشن. لەسەر ئەو بنەمایە، جێی خۆیەتی پارا-دیپلۆماسیی کوردی ڕۆژهەڵات بەهێزکردنی خۆی لەم بەستێنەی چالاکیی نێونەتەوەییدا وەک پشتیوان و درێژکراوەی ئەو هەوڵە ستراتێژییانە بەکار ببا کە پێویستە لە ئاستی نێوخۆییدا بۆ پارێزگاری لە خاک و ژینگە و دیمۆگرافی و قەوارەی سیاسیی ئایندەی کورد بەرنامەڕێژیی ورد و بەکردەوەی بۆ بکا.

## پاشکۆ

کرۆنۆلۆژیی پاراستنی ژینگە لە یاسای نێونەتەوەییدا (گرینگترین بڕگەکان)

- ١٩٤٦: پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ ڕێکخستنی ڕاوی نەهەنگ و هاوشێوەکانی.
- ١٩٤٨: دامەزرانی یەکێتیی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی سروشت.
- ١٩٥١: پەیمانی نێونەتەوەییی پاراستنی جۆرە گیاییەکان.
- ١٩٥٩: پەیمانی ئانتارتیک (جەمسەری باشوور).
- ١٩٦١: دامەزرانی یەکێتیی پارێزگاری لە دەسکەوتە گیاییەکان.
- ١٩٧١: وەرێکەوتنی بەرنامەی مرۆڤ و بواری ژیان (بیۆسفێر) لەلایەن یوونێسکۆوە.
- ١٩٧٢: کۆنفرانسی جیهانیی ستۆکهۆڵم لەسەر ژینگە؛ پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە؛ پەیمانی پاریس لەسەر سامانی جیهانی (یوونێسکۆ)؛ پەیمانی لەندەن بۆ پێشگیری لە پیسبوونی دەریاکان بەهۆی زبڵوزاڵەوە.
- ١٩٧٣: پەیمانی واشنگتۆن لەسەر بازرگانیی نێونەتەوەییی جۆرەکانی گیانلەبەر و گیای کێوی کە لەژێر مەترسیی لەنێوچووندان.
- ١٩٧٦: پەیمانی بارسێلۆن بەدژی پیسکردنی دەریای مەدیتەرانە.
- ١٩٧٩: دیرێکتیڤی یەکێتیی ئورووپا لەبارەی باڵندەکانەوە؛ دیاریکردنی ناوچەکانی پارێزگاریی تایبەتی لە باڵندە دەگمەن و مەترسی لەسەرەکان؛ پەیمانی بۆن لەسەر جۆرەکانی گیانلەبەری کۆچەری؛ پەیمانی بێرن (ئەنجومەنی ئورووپا) لەسەر پاراستنی ژیانی کێوی و بواری سروشتیی ئورووپا.

• ۱۹۸۲: پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر قانوونی دەریا؛ مەنشووری جیهانیی سروشت.
• ۱۹۸۳: پەیمانی کارتاژێن لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی بواری دەریا لە ناوچەی کارائیب.
• ۱۹۸۵: پەیمانی ڤیەن لەسەر پاراستنی چینی ئۆزۆن؛ پەیمانی نایرۆبی لەسەر پاراستن، بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ژینگەی دەریایی و لێوار دەریاییی ناوچەی ئەفریقای ڕۆژهەڵات.
• ۱۹۸۶: مۆراتوار (هەڵپەساردن) لەسەر ڕاوی نەهەنگ.
• ۱۹۸۷: پرۆتۆکۆلی مۆنتریال بۆ لەنێوبردنی ئەو ماددانەی چینی ئۆزۆن زیاد دەکەن.
• ۱۹۸۸: دامەزرانی گرووپی شارەزایانی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا.
• ۱۹۸۹: پەیمانی بال لەسەر کۆنترۆڵی گواستنەوەی بان-سنووری و لەنێوبردنی پاشەڕۆی مەترسیدار.
• ۱۹۹۲: کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ژینگە و گەشەسەندن (کۆبوونەوەی لوتکەی زەوی) لە ڕیۆ دو ژانیرۆ؛ پەیمانی چوارچێوەیی لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا؛ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر فرەچەشنیی بیۆلۆژی.
• ۱۹۹۴: پەیمان بەدژی ڕووتانەوەی سەوزاییەکان و بەسەحرایی بوون.
• ۱۹۹۵: کۆمەڵێک کۆنڤانسیۆن بەدژی ناردنی پاشەڕۆ بۆ وڵاتانی هەژار.
• ۱۹۹۶: پەیمان بۆ بەرپرسیارێتیی ئەوانەی دەریا پیس دەکەن.
• ۱۹۹۷: پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ بۆ کەمکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان.
• ۱۹۹۸: پەیمانی پاراستنی زەریای ئەتڵەسی باکووری ڕۆژهەڵات؛ پەیمانی ئارهووس لەسەر زانیاری پێدان و بەشداریی جەماوەر لە پرۆسەی بڕیاردان و دەستڕاگەیشتن بە عەداڵەت لە بواری ژینگەدا؛ پەیمانی ڕۆتردارم لەسەر مەوادی کیمیایی.
• ۲۰۰۰: پرۆتۆکۆلی کارتاژێن لەسەر پێشگیری لە مەترسییەکانی بیۆتەکنۆلۆژی.
• ۲۰۰۱: پەیمانی ستۆکهۆڵم لەسەر هێندێک ماددەی پیسکەر.
• ۲۰۱۲: ئاجێندای پۆست ۲۰۱۵ بۆ گەشەسەندنی پایەدار.
• ۲۰۱۶: پەیمانی پاریس لەسەر هەوا.

## پەراوێزەکان

۱. بۆ ئاشنابوونێکی سەرپێیی بە پێناسەیە و جیاوازیی ئەم گرووپانە بڕوانە:
CASTELLINO, Joshua & GILBERT, Jeremie, «Self-Determination, Indigenous Peoples and Minorities», Macquarie Law Journal, 2003 (Vol. 3), pages 155-178.
2. DUPUY, Pierre-Marie & VINUALES, Jorge E. , International Environmental Law - A Modern Introduction, Cambridge, CUP, 2015; KISS, Alexandre & SHELTON, Dinah, Guide to International Environmental Law, MartinusNijhoff Publishers, 2007.
۳. سەبارەت بە دابەشکاریی مافەکانی مرۆڤ بەسەر چەند نەوەدا و کریتیکی ئەو باسە، بڕوانە:
DOMARADZKI, Spasimiret al. , “Karel Vasak’s Generations of Rights and the Contemporary Human Rights Discourse”, Human Rights Review , Volume 20, pages. 423–443.
4. Soft Law.
5. Interdisciplinary field.
۶. بۆ ژینگە دەتوانین ئاماژە بە قانوونی ژینگە، قانوونی سەرچاوە سروشتییەکان، قانوونی دەریا و... هتد بکەین.
۷. بڕوانە مێزگردی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشک سەبارەت بە کورد و پرسی ژینگە.
۸. بەدووی یەکدا ماددەکانی ۶ و ۱۲.
۹. «مرۆڤ مافی بنەڕەتیی هەیە بۆ [...] هەلومەرجی گونجاوی ژیان لە ژینگەیەکی لەباردا کە بیێتە هۆی ژیان بە کەرامەت و خۆشی» (ڕاگەیاندراوی کۆتاییی کۆنفرانسی ژینگەی ئینسانی، ستۆکهۆڵم ۱۹۷۲، پرەنسیپی یەکەم). کۆنفرانسی جیهانیی ژینگە لە

ریۆ (١٩٩٢) بە هەمان شـــێوە پێداگری لەسەر «مافی ژیانێکی سالم و بەرهەمهێنەر بە هارمۆنی لەگەڵ سروشت» دەکا.

١٠. مەنشـــووری ئەفریقاییـــی مافی مرۆڤ و گـــەلان (مادەی ٢٤)؛ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی پەیمانی ئورووپایی مافی مرۆڤ (ماددەی ١١)؛ پەیمانی مافەکانی مندالّ (مـــاددەی ٢٤)؛ ڕاگەیاندراوی ئەمریکایی (هی ڕێکخـــراوی دەوڵەتانی ئەمریکایی) لەســـەر مافەکانی گەلانی خۆجێیی (ماددەی ١٩).

١١. بـــۆ نموونـــە دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ لە کەیســـی «لۆپێز ئۆســـترا»دا بەهۆی کاریگەریـــی نێگەتیڤی کارگەیەکی پاشـــەڕۆک دەوڵەتی ئیسپانیای بە پێشـــێلکردنی مافی ژیانی تایبەت و خێزانی مەحکوم کرد.

Affaire Lopez Ostra c. Espagne, (Requête n° 16798/90, Arrêt du 9 décembre 1994.

١٢. بۆ نموونـــە پەیمانی ژمارە (١٦٩) ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار، ماددەکان ١-٤ و ٤-٧.

١٣. بڕیارنامەی (١٧)١٨٠٣ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٤ی دێســـامبری ١٩٦٢؛ بڕیارنامەی ٤١/١٢٨ ی ٤ی دێســـامبری ١٩٨٦.

١٤. بۆ نموونە لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئاڵمان و سویس ئەم ئەسڵە وەک بنەمایەکی قانوونی پشتی پێ دەبەسترێ.

١٥. ٨ی ئووتی ١٩٤٥، ماددەی ٦ (ب).

١٦. ماددەکانی (١)٣٥ و ٥٥.

١٧. ماددەی ١٤.

١٨. هەمان، ماددەی ١٥.

١٩.-Environmental Modification Convention ENMOD ١٨ی مای ١٩٧٧ ئیمزا کراوە و ســـاڵێک دواتر چووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەمڕۆ نزیک بە هەشـــتا دەوڵەتی دنیا لەو پەیمانەدا ئەندامن کە لەنێویاندا هیچکام لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا نابینرێ.

20. FAUTEUX, Paul, « La protection de l'environnement en période de conflit armé : vers un renforcement du droit », Revue Québequoise de Droit International, 1991-1992, Vol. 7, N°2, pp. 160-168 ; BOTHE, Michael et alt. , La protection de l'environnement en temps de conflits armé, Rapport établi pour la Commission des Communautés Européennes Doc. SJ/110/85(1985)17.

٢١. لەنێوان ئینگلستان و ئالبانی، دادگای لاهە، ١٩٤٩-١٩٤٧.

٢٢. بڕیارنامەی مادرید (١٩١١) لەســـەر ڕێکخستنی نێونەتەوەیی بۆ بەکاربردنی ڕێچکە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٢٣. بڕیارنامـــەی ســـالزبورگ (١٩٦١) لەســـەر بەکاربردنـــی ئـــاوە نێودەوڵەتییە غەیرە دەریاییەکان.

٢٤. ناسراو بە یاساکانی هێلسینکی (١٩٦٦).

٢٥. شـــووڕای ئابـــووری و کۆمەڵایەتیی نەتـــەوە یەکگرتووەکان کە یەکێک لە شـــەش بنیاتە ســـەرەکییەکانی ئـــەو ڕێکخراوەیە، بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەکانی پێوەندیدار بە هەرکام لە قارڕەکانی جیهان کۆمیسیۆنێکی لەو جۆرەی هەیە.

٢٦. پرەنسیپەکانی ٥ و ٧.

27. Reports of International Arbitration Awards, Vol. XXII, pp. 281-317.

٢٨. پرۆژەکە بە هاوبەشـــی لەنێوان چیکۆســـلۆڤاکی و مەجارستان ساڵی ١٩٧٧ دەستی پێ کردبوو. بەهۆی نارەزایەتیی ژینگە پارێزان، پاش ڕووخانی حکومەتی کۆمۆنیســـتی، مەجارستان لەلای خۆیەوە پرۆژەکەی ڕاگرتبوو بەڵام دەوڵەتی سلۆڤاکی نەک هەر درێژەی دابوو بەڵکوو رووبارەکەشی بۆ بەلاڕێدا بردبوو. دادگای لاهە لە دوو بڕیار لە ساڵەکانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨دا هەردوو دەوڵەتی بە گەڕانەوە بۆ پەیمانی نێوانیان و هاوکاری بۆ دۆزینەوە چارەسەرێکی هاوبەش مولزەم کرد.

٢٩. بڕیتییە لەو یاسایانەی یەکێتیی ئورووپا کە چوارچێوەی گشتیی سیاســـەتەکان و ئەو ئەنجامانەی دەوڵەتانی ئەندام دەبێ پێی بگەن دیاری دەکا، بەڵام دیاریکردنی ڕێکار و ئامرازەکانی جێبەجێکردن بۆ دەوڵەتان خۆیان بەجێ دێڵێ.

٣٠. ٧ ی ژوئەنی ١٩٩٠.

٣١. پرەنسیپی دەهەم.

٣٢. لەبەر ئەوەی بابەتی گەلانی بوومی ڕەهەندێکی سیاسیی لاوازتری هەیە، لەســـەریەک دەتوانین بڵێین ســـتاندارە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی ئەوان لە نۆرمە پێشـــنیارییەکانی پێوەندیدار بە مافی کەمایەتییەکان پێشکەوتووترن.

٣٣. بڕیارنامەی ٤٧/١٣٥ ی کۆڕی گشتی، ١٨ی دێسامبری ١٩٩٢.

34. E/CN. 4/Sub. 2/AC. 5/2000/WP. 1

٣٥. بەدووی یەکدا ماددەکانی (١)٥ و (٥)٤.

٣٦. ١٩٩٤، شووڕای ئورووپا.

٣٧. یادداشـــتی ڕوونکردنـــەوەی کۆمیتەی پەیمانـــی چوارچێوەیی، پاراگراف ٨٠ سەبارەت بە ماددەی ١٥ی پەیمانەکە.

٣٨. ماددەی ١٦.

٣٩. ماددەی (١)٧.

٤٠. فەسڵی ٢٦، E/CN.٤/٢٠٠٢/٩٧, par. ١٣

٤١. ماددەکانی (١)٧؛ (٤)٧ و (١)١٥.

٤٢. ماددەی ٢٣.

٤٣ بـــۆ نموونە پـــرۆژەی ڕاگەیانـــدراوی نێوان-ئەمریکایی لەســـەر مافەکانی گەلانی خۆجێیی، ماددەی ١٢.

٤٤. بۆ نموونە سەبارەت بە سەرچاوەکانی ژێر زەوی، ماددەی(٢)١٥ی پەیمانی ژمارە ١٦٩ ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار.

٤٥. بۆ نموونە ئوستراليا، کانادا و ئەمریکا.

# نووسین بە بڵێسەی ئاگر:
# بۆچی تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی بەکەڵکمان دێ؟

**سارۆ ئەردەڵان**

”

سازکردنی تیۆری سەبارەت بە کوردستان تەنیا بە مەبەستی چێژوەرگرتن، ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاکادێمیک یا حەزێکی فەلسەفی نییە، بەڵکوو تیۆری لە هەمان کاتدا کە هەوڵ دەدا شرۆڤەی ئەو شتانەی کە هەیە بکا، هەروەها زۆر گرنگترە پێمانی بڵێ کە شتەکان دەبێ چۆن بن. لەم ڕوانگەیەوە تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی نە تەنیا هەوڵ دەدا مێکانیزمەکانی سوڵتە نیشان بدا، بەڵکوو ڕێگای ڕزگاری لەو پەیوەندییە ستەمکارانەیەش نیشان دەدا کە مرۆڤی کورد و کوردستان لە ڕێگەیانەوە دەچەوسێنەوە.

“

*چەکی هەرە بەهێزی ستەمکار مێشکی ستەملێکراوە.*
*ستیڤ بیکۆ* [1]

*فەیلەسوفەکان، بە شێوازی جۆراوجۆر، تەنیا بیریان لە ڕاڤەی جیهان کردووەتەوە؛ هەرچەند، بابەتی گرنگ گۆڕینی جیهانە.*
*کارڵ مارکس* [2]

## دەستپێک: بۆ پێویستمان بە تیۆرییە؟

کاتێک باس لە تیۆرییەکی «دژە»کۆلۆنیالیستی دەکەین، لە سەرەتادا وا دێتە بەرچاو کە لەبەر پێشگری «دژ»، باس لە تیۆرییەک دەکرێ کە سەرەڕای ئەوەیکە تەنیا بەکەڵکی کۆمەڵە خەڵکێکی بندەست دێ، ڕەنگە لەبەر ئەوەی دژ بە ئایدیۆلۆژیی کۆلۆنیال ساز بووە، توانای ئەوەی تێدا نییە بۆخۆی سازێنەر بێ. هەر بۆیە، ئەم پرسیارە لێرەدا خۆی نیشان دەدا کە بۆ تێگەیشتن لە کوردستان و کۆمەڵگای کوردی باشتر نییە لە هەندێک تیۆریی گشتگیرتر (وەک سوسیالیزم، پێکهاتەباوەری یا لیبراڵیزم) کەڵک وەرگرین؟ یا بە واتایەکی تر، ئایا تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی دەتوانێ شرۆڤەیەکی وردتر سەبارەت بە دۆخی هەنووکەییی کوردستان و ئاسۆیەک بۆ داوڕۆژ بەدەستەوە بدا؟ هەوڵی من لەم وتارەدا ئەوەیە کە نیشانی بدەم لە بەستێنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان، تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی دەیەوێ بۆ دوو لایەنی لێک تەندراو بگەڕێتەوە: خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ خەباتی نەتەوەییی کورد بە دەستەوە بدا و لە هەمان کاتدا لە ڕووی فەلسەفییەوەرەهەندە جیاکانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز لە کوردستان شی بکاتەوە.

سەرەتا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەگەڵ گەشەی زیاتری بواری لێکۆڵینەوەی کوردی، کێبەرکێیەک لە ئاکادێمیادا هاتووەتە ئاراوە کە لە ڕێگەیەوەهەوڵ بۆ سازکردنی چەند تیۆرییەک بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی کوردستان لە دوو سەدەی ڕابردوودا دەدرێ. هەندێکجار ئەم تیۆری سازکردنە لە لایەن بیرمەندانی سەر بە ئایدیۆلۆژیی دژەکوردایەتییەوە بووە تا بتوانن ئاراستەیەکی لارێ بۆ شرۆڤەی ناسیۆنالیزمی کورد دەستنیشان بکەن. تەنانەت فارس و تورکەکان واوەتر چوون و لە هەموو هەوڵێک، لە نکۆڵیکردنەوە بگرە تا بۆشکردنی گوتاری کوردایەتی، کەڵکیان وەرگرتووە کە خوێنەواران نەتوانن لە ڕوانگەی کوردستانییەوە سەیری ڕابردوو و ئیستای کۆمەڵگای کوردستان بکەن و کەواتە بیرکردنەوە لە داوڕۆژیش بەرەورووی ئاستەنگی پێکهاتەیی دەبێتەوە. لەم مانایەدا، کۆلۆنیالیزمێکی ئاکادێمیک بە سەر ڕەوتی بەرهەمهێنانی زانست لە کوردستاندا زاڵە. بەرهەمهێنانی زانست سەبارەت بە کوردستان لە دەست هەندێک وڵات و ناوەندایە کە لە دەرەوەی کوردستانن. لەم ڕوانگەیەوە، کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک باس لەوە دەکا کە چۆن دەوڵەتەکان ئەو ناوەندانە داگیر دەکەن کە تیایدا زانست بەرهەم دێ، دەگوازرێتەوە و ڕێک دەخرێ. لەم شێوازەدا و بە کەڵک وەرگرتن و کاریگەریدانان لەسەر دابەشکردنی هێزی کار بە شێوەیەکی نایەکسان، ئاکادێمیای ناوچەی بەکۆلۆنیکراو ناچار دەکەن کە ئەو پەیوەندییانەی سوڵتە پەسەند بکا کە لە ڕێگەی بە ستانداردکردن، بەئەنستیتۆیی کردن و بەکۆمەڵایەتی کردنی بوارێکی زانستیی تایبەتەوە دەسەپێندرێن.[3]

لەم شێوازەدا، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردستان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردەوە و سەرەتا لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا و رووسیا شکڵی گرتووە و کۆی ئەو زانیارییانەی بەرهەم هاتووە لە ئیستادا وەک زانستێک لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ

لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی، پێناسەی بۆ دەکرێ. ڕۆژهەڵاتناسەکان لە چوارچێوەی گرنگیدان بە بوارەکانی زمانناسی، ئایین، مێژوو و نەژادەوە سەیری کوردیان کردووە. دواتر بە دامەزرانی چوار دەوڵەت-نەتەوەی کۆلۆنیالیستی کوردستان، هەر کام لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی ئیسلام، لێکۆڵینەوەی ئێران و لێکۆڵینەوەی تورکی، بەشێک لە زانیارییان لەسەر کوردستان و کورد پێکهێناوە. بە گوێرەی ئەوە، لێرەدا لەگەڵ کۆلۆنیالێزمێکی ئاکادێمیکی زێدە[۴] بەرەوروو دەبینەوە. لەم مانایەدا، چونکە بەهۆی دۆخی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە کوردستان بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان گیرۆدەی تێگەیشتنی کۆلۆنیالی دوژمن بووە، کەواتە «زێدەبوونی» کۆلۆنیالیزمی ئاکادێمیک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە لایەکەوە دامودەزگای ئایدیۆلۆژیکی ئەو چوار دەوڵەت-نەتەوەیە، زانیاریی ساختە لەسەر کوردستان بەرهەم دێنێ و لە لایەکیشەوە نەتەوەی کورد گیرۆدەی ئەو پێناسە کلاسیکانەیە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەبارەیەوە و لە ماوەی زیاتر لە دوو سەدەدا بەدەستیانەوە داوە. ئاکادێمیای هەر کام لەو چوار دەوڵەت نەتەوە نوێیە، بەپێی مێکانیزمەکانی لەخۆگرتن و قەدەغەکردن دیاری دەکەن کە چ بابەتێک سەبارەت بە کوردستان زانستییە.

بۆ نیشاندانی بەکەڵکبوونی تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی، سەرەتا باس لەوە دەکەم کە لە ناو تیۆرییە جیا و ئاڵۆزەکاندا بۆچی ئەو تیۆرییانەی کە کوردستان وەک کۆلۆنی/کۆلۆنییەکی نێوخۆیی نیشان دەدەن، توانایەکی زیاتریان بۆ شرۆڤەی دۆخی هەنووکەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە؟ ئەزموونی ژیاوەی هەر تاکێکی کورد ڕەنگە پێوەرێکی شیاو بێ بۆ ئەوەی بیر لە دۆخی بندەستیی نەتەوەی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بکەینەوە. کاتێک منداڵێکی کورد، هەموو بەیانییان دەبێ لە قوتابخانەیەک لە جەرگەی باژێڕی ماردین بە دەنگی بەرز و بە زمانی تورکی هاوار بکا «چەند بەختەوەرە ئەو کەسەی تورکە»؛ ئەو سەردەمانەی لە جەرگەی بازاڕی بەغدا حەممال بوون بە مانای کوردبوون دێ؛ ئەو ساتەوەختەی کوردبوون لە مرۆڤبوون دەسڕدرێتەوە و وەک ئاژەڵێکی درەندە لە ئێران ئەرکی سەربڕینی بۆ دەبڕێتەوە؛ و یا لە سەریکانی (تەعریبکراو بە راس العین) وەرزێرێکی بێ ناسنامەی کورد، ناتوانێ سکاڵا لەسەر ئەو عەرەبە تۆمار بکا کە بەفیڵ زەوییەکەی لێ داگیر کردووە، دەبێ زانایەکی کۆمەڵناسی یا فەلسەفەی سیاسی چ ڕێگایەک بۆ شرۆڤەی مێژووی ئێستای کوردستان و خوێندنەوەی ڕابردوو بگرێتە بەر؟

دەکرێ بگوترێ سازکردنی تیۆری یا بەکارهێنانی تیۆرییەکی ڕۆژئاوایی لەسەر کوردستان، تەنیا نابێ بۆ حەزێکی ئاکادێمیک بگەڕێتەوە و بایەخی تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی، نابێ تەنیا لە ڕێگەی بەستێنی فەلسەفی و زاراوەکانییەوە هەڵبسەنگێندرێت. زۆر گرنگە باس لەوە بکەین کە تیۆری، چۆن دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێ کە لە ئاڵۆزیی کۆمەڵگای کوردستان تێبگەین و چارەسەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان پێ پێشنیار بکا. ڕێک لەم ئاستەدایە کە هێزی تیۆرییەکان و بیرۆکەکان دەردەکەون، چونکە دەتوانن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا گۆڕانکاری ساز بکەن.[۵] هەر بۆیە من پێموایە بەکارهێنانی چوارچێوەیەکی تیۆری لەناو گوتارێکی دژەکۆلۆنیالیستیدا سەرەڕای ئەوەی دەتوانێ ئاڵۆزییەکی پرسی کورد/کوردستان وردتر شی بکاتەوە، هەروەها دەتوانێ پشتگیری لە کردارێکی سیاسی بکا کە ئامانجی ڕزگاریی هەیە. واتە بیرمەندانی دژەکۆلۆنیالیست لە ڕێگەی دابین کردنی چوارچێوەیەکی

شۆڕشگێڕانه بۆ خەبات، هەوڵ دەدەن له ڕێگەی تیۆرییەوە شرۆڤەکانیان بەرەو ڕێکخستنی جەماوەری ستەملێکراو و به مەبەستی گۆڕینی دۆخی کۆلۆنیال ئاراسته بکەن. مارکس پێویستبوونی چەکی تیۆریی بۆ شۆڕش له ڕادیکاڵ کردنەوەی هەستی مرۆڤەکاندا دەبینێ:

چەکی ڕەخنه بەدڵنیاییەوە ناتوانێ جێی ڕەخنەگرتن به چەک بگرێتەوە. هێزی ماددی دەبێ له ڕێگەی هێزی ماددییەوە هەڵتەکێت. بەڵام تیۆرییش کاتێک دەتوانێ ببێ به هێزی ماددی که جەماوەری خەڵک وەخۆ بگرێ. تیۆری ئەو کاتەی کۆمەڵانی خەڵک وەخۆ دەگرێ که نیشاندەری هەست و سۆزی مرۆیی بێ و، ئەو کاتەی دەرخەری هەست و سۆزیی مرۆییه که ڕادیکاڵ ببێتەوە.[۶]

بەڵام ڕەنگه جێی پرسیار بێ بۆ ئەمڕۆکه بەشێکی بەرچاو له تیۆری و شیکارییەکانی ئاکادێمیسییەنەکان وا دێته بەر چاو که بۆ شرۆڤەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان گونجاو نین و له هەمان کاتیشدا ناتوانن وەک نەخشەڕێگایەک بۆ گۆڕانکاریی سیستەماتیک سەیر بکرێن؟ یەکێک لەو وڵامانەی که بەم پرسیاره گرنگه دەتوانین بیدەینەوە ئەوەیه که کەلێنێکی قووڵ له نێوان ئەم جۆره تیۆریيانه و واقعی سیاسیی ئێستاکەی کوردستاندا ساز بووە. ئەم کەلێنه بۆ سەرەتایەک دەگەڕێتەوە که بەشێک له نەریتی ڕۆشنبیری له کوردستان خۆی هاودەنگ لەگەڵ ئەو ڕەوتانەدا دەبینییەوە که بوونی خۆیان، له دژایەتیکردن لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا پێناسه دەکرد. ئەم حیزب و ڕەوتانه که خۆیان له ژێر چەتری بیرۆکەی مارکسیزمدا پێناسه دەکرد، ڕزگاریی مرۆڤی کوردیان له دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەری چینایەتی له کوردستان (هەروەها له ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا) دەبینییەوە. دوورکەوتنەی ئەوان له واقعی کۆمەڵایەتیی کوردستان، ڕێک دژ به بنەماکانی مارکسیزم و لەڕاستیدا بەرەو ئایدیالیزمێکی خەیاڵی هەنگاوی دەنا. بەشێکی گرنگ لەو ئەندامه ڕۆژهەڵاتییانەی که له چوارچێوەی گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەدا چالاک بوون، ئاگاداری ئەم پارادۆکسه بوون و بەرەبەره وازیان لێ هێنا و بەرەو سازکردنی لقه نیشتمانییەکانی کۆمەڵه له ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاویان نا.

له لایەکی دیکەوە، هەندێک له بیرمەندەکان که دەیانویست مەودایەکی دیاریکراو له نێوان تیۆرییەکانیان لەگەڵ مارکسیزم (به شێوازی فۆکۆ) ساز بکەن، چارەی کێشەکەیان له پەنا بردن بۆ ئەو تیۆرییانه دەستنیشان دەکرد که له ژێر چەتری پۆستمۆدێرنیزمدا پێناسەیان بۆ دەکرێ و بەم کۆدەنگییه دەگەیشتن که ناکرێ بنەمایەکی هاوبەش بۆ ناسنامەی کوردی بدۆزینەوە و نەخوازراو لەم ڕێگەیەوە بزووتنەوەی کوردایەتی له ماناکانی خۆی بۆش بکەن، بێ ئەوەی پێمان بڵێن که دەبێ چی بکەین؟ سەرەڕای ئەوەی ناسنامەیەکی پارچەپارچەکراویان بۆ کوردستان/کورد پێناسه کردووە،[۷] تەنیا چارەسەری ئەم پەرتەوازییەی پرسی کورد له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان، له توانەوە لەناو ناسنامەی دێموکراتیک/لیبراڵی ئێرانی و تورکیەییدا دۆزیوەتەوە.[۸] سەرنجڕاکێش ئەوەیه که هەوڵ بۆ دوورکەوتنه له مارکسیزم (هەرچەند هاوکات لەگەڵ ڕەخنەی جیددی و شیاو له مێژوونووسیی ئێرانی/مارکسیستی)[۹] له لایەن گرنگترین ڕووخساری ئەم جۆره ئاکادیمیسییەنانه، واته عەباس وەلییەوە پێشکەش کرا، بەڵام دیسانەوە ئەوی بەرەو مانگی هەنگوینێکی نەخوازراو لەگەڵ ئانارشیزمێک برد که

خوازیاری سڕینەوەی دەوڵەت ـ نەتەوە لە جیهاندایە و سازکردنی دەوڵەت نەتەوە لەسەر خاکی کوردستان وەک دیۆزمەی چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد سەیر دەکا؛ ئانارشیزمێک کە ناتوانێ/نایەوێ ناوەندەکانی دەوڵەت لە ئانکارا، تاران، بەغدا و دەمیشق برووخێنێت،هەرچەند مەخابن هەوڵ دەدا جێ بە ناوەندەکانی بڕیار لە کوردستان لێژ بکا.

لێرەدایە کە دەکرێ بگوترێ جیاوازیدانان لە نێوان ئەو شتەی کە هەیە و ئەو شتەی کە دەبێ ببێ ئەرکی تیۆریسیەنە. تیۆریسیەن لە ڕێگەی سەیرکردنی ئەو شتەی هەیە، ڕەخنە لە نەزمی کۆمەڵایەتی دەگرێ و لە سنوور و لەمپەرەکان بۆ دارشتنی تیۆرییەکی مومکین ئاگادار دەبێتەوە. بەڵام بێ دارشتنی تیۆرییەک بۆ تێپەڕاندنی دۆخی هەنووکەیی کە هاوکات لە بەستێنی گەشبینییەکیی سیاسیدا داڕێژرابێ، چالاکی لە بواری تیۆریک بۆ نەتەوەیەکی بندەست تەنیا بە ئەنجامی ڕەشبینیی سیاسی-کۆمەڵایەتی و خۆبەدەستەوەدان دەگات. ڕەچاوکردنی تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی بۆ شیکاریی پرسی کورد لە ژووری ئاکادێمیسیینەکانەوە و بە مەبەستی حەزێکی فەلسەفی سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەوە بۆ پشتیوانی لە خەباتی چەکداری، دەرخستنی مێکانیزمەکانی سوڵتەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی و، نیشاندانی ڕێگەچارە بۆ ڕزگاری لە دۆخی بندەستی، سازکردنی هێژمونی بۆ گوتاری کوردایەتی و سڕینەوەی مەشروعیەت لەو ئایدیۆلۆژییانە پێکهاتووە کە مەبەستی سەرەکیان دژایەتیکردنی کوردایەتییە.

## کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیییە: وەڵامی ڕەخنەکان

کاتێک باس لە بەکۆلۆنیبوونی کوردستان دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا و هاوکات لەگەڵ سازبوونی دەوڵەت نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، هەر کام لە پارچەکانی کوردستان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆییان لێ دەردێت.[١٠] هەرچەند پێش لەم دەوڵەت نەتەوانەش، گەلی کورد بۆ ماوەی چەندین سەدە (وەک لە شاکاری مەم و زینی خانیدا دەبیندرێ) هەستی خۆشەویستیی نیشتمانیان هەبوو و لە کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان (وەک میرنشینەکان) بوون، بەڵام تاکوو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم ئەم خۆبەڕێوەبەرییانە (Self-governance) مەترسیی لەناوچوونیان لەسەر نەبوو و گەلی کورد هەستی بەوە نەکردبوو کە دەبێ پارێزگاری لە سەروەریی (Sovereignty) خۆی بکا. سەرەتا کاتێک ئیمپراتۆریی عووسمانی و پاشایەتیی قاجار، لە بەرانبەر هێزەکانی ڕۆژئاوادا بەرەوڕووی شکستی بەردەوام دەبوون، ڕێگەچارەیان لە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند، سازکردنی دامودەزگای ئیداریی مۆدێرن، تەیارکردنی سوپا و بەگشتی کۆنترۆڵی زیاتر بە سەر هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دەبینی و هەر بۆیە میرنشینەکانی کوردستانیان لەناو برد. هەر دوو شۆڕشی شێخ عەبیدوڵڵا نەهری و سمکۆ لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوە و قەبووڵ نەکردنی دەسەڵاتی بێگانە بە سەر کوردستاندا سەرهەڵدەدەن.

بەڵام سازبوونی هەر کام لەو چوار دەوڵەت نەتەوەیە کە لە پاشخانی فکریی ئەندازیارانی خۆیاندا، چوار نەتەوەی ساختەی تورکی، ئێرانی، عێراقی و سوری دەبیندرا، بوونی کوردیان وەک مەترسییەکی ئێجگار گەورە بۆ سازکردنی دەوڵەت نەتەوەیەک لەسەر بنەمای یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا سەیر دەکرد. نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە هیچکام لەم نەتەوە نوێیانە پێش لە سازبوونی دەوڵەت نەتەوەکانیان بوونیان نەبووە. بەڵام

هەندێک لە توێژەران بێ ئاوڕدانەوە لە فەکتە مێژوویییەکان دەیانهەوێ تیۆرییەکەیان لەمەڕ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای ئێرانی و کوردستانی بە شێوازێک دیزاین بکەن کە تەنیا یەکەمیان بوونی هەیە و دووەمیان لە پەراوێز و لە دەرەنجامی دژەکردار لە بەرامبەر یەکەمدا شکڵی گرتووە. عەباس وەلی یەکێک لەو بیرمەندە دەگمەنانەی کوردە کە شێلگیرانە لە ماوەی پتر لە سی ساڵدا، چەندین کتێب و توێژینەوەی جێی بایەخی لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد و دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاپ گەیاندووە. هەروەها ئەو توانیویەتی بە بەکارهێنانی بەهێزی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی خوێندنەوەیەکی تایبەت لەمەڕ گرنگترین مژارەکانی پرسی کورد لە قۆناغی هاوچەرخ بە دەستەوە بدا. بەدڵنیاییەوە، بەرهەمە تیۆرییەکانی عەباس وەلی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەم دەخوێندرێنەوە و هەم کاریگەرییان لەسەر مێژوونووسی لە کوردستان دەبێ، هەڵبەت پێم وایە بەرهەمەکانی ئەو هەڵگری تایبەتمەندییەکی تەواو زانستین، بە باشم زانیوە کە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەم، چونکە ئەگەر ڕەخنەگرانە لەگەڵ بۆچوونەکانی هەڵسوکەوت نەکەین و بێ ئەملاوئەولا قەبووڵیان بکەین، توێژینەوەکانی ئەومان لە ئاستی زانستیبوون دابەزاندووە.

عەباس وەلی، لە یەکێک لە دوایین چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ ڕادیۆ دیالۆگ کە کاک محەمەد خاکی بەڕێوەی بردووە،[۱۱] لایەنگرانی تیۆریی بەکۆلۆنیبوونی کوردستان بە کەسانێکی مێتافیزیکیی ئەحمەق ناو دەبات. لە ئاوڵناوەکە دەگەڕێم کە لە ئەنجامی هەڵچوونێکی کاتیدا وتراوە، بەڵام بۆ ئەو دەیەوێ بێ شیکردنەوە، تیۆریی کۆلۆنیالیزم بە تیۆریکی مێتافیزیکی ناو ببا و مەبەستی لەم ناوزەدکردنە چییە؟

کاتێک لە فەلسەفەی سیاسیدا بە تیۆرییەک دەگووترێ مێتافیزیکی، مەبەست ئەوەیە کە ئەم تیۆرییە لە سەرەوەی سروشت و ڕاستیی ڕووداوەکان دەیهەوێ تیۆرییەکی پێشساختە، بە سەر ڕەوتی مێژوویی یا ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکاندا بسەپێنێت. هەروەها تیۆرییەکی مێتافیزیکی لە مانا ڤیتگێنشتانییەکەیدا، خاوەنی هەندێک گوزارەی بێمانایە و بەم شێوەیە تەنانەت ناکرێ ڕەخنەشی لێ بگیرێت، چونکە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن سەبارەت بەو تیۆرییانە بەکار دێ کە توانیویانە بە شێوەیەک لە شێوەکان فەکتەکان ڕاڤە بکەن و لە چوارچێوەی زانستدا ڕستەی مانادار بەرهەم بهێنن. بەم گوێرەیە، وەلی زیرەکانە هەم بایەخی زانستیی تیۆریی بەکۆلۆنیبوونی کوردستان دەباتە ژێر پرسیارەوە و لایەنگرانی بە نەخوێندەواری تۆمەتبار دەکا و هەم خۆی لە تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی ئەو مژارە دەپەڕێنێتەوە. هەڵبەت من لە درێژەی بابەتەکەدا دێمەوە سەر ئەم باسە کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تیۆرییەکی دژەکۆلۆنیالیستی بۆ شرۆڤەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کامانەن، بەڵام لێرەدایە پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر هەندێک لایەنی بۆچوونەکانی عەباس وەلی بکەین و بەکورتی لە چەند خاڵدا هەندێک لە ڕەخنەکانم بەتایبەت لە ڕێگەی یەکێک لە دوایین کتێبەکانیەوە (کوردەکان و دەوڵەت لە ئێران: سازبوونی ناسنامەی کوردی) دەستنیشان دەکەم:

۱ سەرەڕای ئەوەیکە دەیان توێژینەوەی بەنرخ لە لایەن کەسانێک وەک قاسملوو، ڕۆبێرت ئۆلسن، کەماڵ سلێمانی و ژەنێت کلاین سەبارەت بە بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و ڕەهەندە ناسیۆنالیستییەکانی شۆڕشەکەیەوە کراوە و هەروەها لەم دواییانەدا لە ڕێگەی توێژینەوە بە نرخەکانی کەماڵ سلێمانییەوە بۆمان دەردەکەوێ کە شۆڕشی

سەمکۆ هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەرنامەیەکی دیاریکراوی ناسیۆنالیستی هەبووە، لە هەمان کاتیشدا لە لایەن گرووپێکی ڕۆشنبیرەوە پشتیوانیی لێ کراوە و ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد لە ئاکامیدا دەرچووە،[١٢] وەلێ لەبەر سەلماندنی تیۆریی پێشوەختی خۆی کە بریتییە لە پاشکۆبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئاست ناسیۆنالیزمی ئێرانی یا تورکییەوە، ناچار دەبێ زۆر بەسادەیی ئەم بیرۆکانە بە تاوانی جەوهەرگەرایی وەلا بنێ، بێ‌ئەوەی ئاوڕ لە وردەکارییە مێژووییەکان بداتەوە. ئەم چاوپۆشییە دەگاتە ئاستێک کە ناوەڕۆکی فکریی ئەم شۆڕشانە دەبێتە بەرهەمێکی عەشیرەیی و ناوچەیی و بەئەنقەست بیرۆکەی کوردستانیبوون کە زیاتر لە نیو سەدە بەر لە سازبوونی ئەو چوار دەوڵەت نەتەوەیەی کە کوردستانیان دابەش کردووە، لە نێو شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و سمکۆدا ساز بووە، وەلادەندرێ.[١٣] ئەم شێوازە لە توندوتیژیی مەعریفی کە وەلێ لەبەر ئەوەی لە نەوەدەکاندا باسی لە ناسنامەی پچڕپچڕبووی کورد کردووە و کوردایەتیی وەک دژەکردەوەی ناسیۆنالیزمەکانی ناوچە وەسف کردووە، ئەو ناچار دەکا چاو لە بەشێکی گرنگ لە فەکتە مێژووییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کورد پێش لە سازبوونی ئەم دەوڵەت نەتەوانە دابخات. ئەم هەڵسووکەوتەم وەک کردەوە سەرنجڕاکێشەکانی پرۆکروستیس لە ئۆستوورەکانی یۆناندا دێتە بەرچاو کە تیایدا پرۆکروستیس، ئاسنگەر و چەتەیەکی فێڵبازە کە قەرەوێڵەیەکی خەوی لە ئاسن دروست کردووە.. کاتێک، بە بیانووی میوانداری، قوربانییەکانی خۆی بۆ ماڵەوە دەبردەوە، لەسەر قەرەوێڵەکە ڕایدەکێشان و دەبوو قەبارەی جەستەیان لەگەڵ قەرەوێڵەکە ڕێک بکات. بەو شێوەیە کە ئەگەر درێژتر لە قەرەوێڵەکە بووبان، لەبەر ئەوەی پەل و پۆیان ڕێک بکاتەوە، بەشێک لە دەست و قاچی دەبڕینەوە؛ ئەگەریش کورت بوونایە تا دەیتوانی دەست و پێیانی ڕادەکێشا! بەم شێوەیە، وەلێ وەک کەسێکی ئایدیالیست فەکتە مێژووییەکان دەکاتە قوربانیی ئەو تیۆرییەی خۆی کە بۆ شرۆڤەی هەر ئەو فەکتانە سازی کردبوون. چونکە بۆ نموونە تەنانەت خۆی ئاماژە بەوە دەکا کە سمکۆ ئایدیایەکی ناسیۆنالیستیی هەبووە و پشتیوانیی لە سازکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ کردووە و تەنانەت نووسەرانی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد، باسیان لە کوردستانی سەربەخۆ کردووە، بەڵام لە ئاکامدا بێ هێنانەوەی بەڵگە و شرۆڤەی جێی پەسەند، بڕیار دەدا کە ئایدیای کوردستانی یەکگرتوو و سەربەخۆ، ئامانجی ستراتێژیکی بزووتنەوەکەی سمکۆ نەبووە![١٤]

**٢** بە هەمان شێوەی سەرەوە، وەلێ کاتێک باس لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای بیستەم دەکا، سەرچاوە بە پاشایەتیی قاجار (و هەتا پاشایەتیی سەفەوی لە سەدەی شازدەیەمیش دەگەڕێتەوە) وەک دەوڵەتی ئێران دەدا و باس لە کۆمەڵگای ئێرانی (Iranian Society) دەکا و هەوڵ دەدا کە وردەکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەستنیشان بکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنانەت لە سەدەی بیستەمدا هەر کاتێک دەیەوێ باس لە کۆمەڵگای کوردستان لە ڕۆژهەڵات (ئێران) بکا وەک جڤاتی کوردی (Kurdish Community) پێناسەی دەکا.[١٥] لێرەدا لەسەر دوو خاڵی گرنگ هەڵوێستە دەکەم تا بزانین چۆن دەتوانین زیاتر لەم جیاوازیدانانە مەعریفییە تێبگەین:

(ئا) ئەگەر سەیری ئەو بە ناو کۆمەڵگای ئێرانییە بکەین، فەکتە مێژووییەکانی پێمانی دەڵێن کە لە سەدەی نۆزدەیەم و تەنانەت تا نیوەی سەدەی بیستەم (کاتێک

پەروەردەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی سەقامگیر دەبێ)، دامودەزگا ئیدارییەکان ڕێک دەخرێن و هەوڵ بۆ سیستەمێکی ئابووریی ناوەندگەرا سەرکەوتوو دەبێ، ناتوانین باس لە کۆمەڵگای ئێرانی بکەین. واتە لە سەرەتادا نە ئێرانێک هەبووە و نە دواتر یەکگرتوویییەکی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری، بۆ نموونە، لە نێوان شارۆچکەی بەردسیری کرمان لەگەڵ بیلەسواری ئەردەبیل هەبووە کە بتوانین لە ژێر چەمکی کۆمەڵگای ئێرانیدا کۆیان بکەینەوە. ئابراهامیان بە وردی باس لەوە دەکا کە لە سەدەی نۆزدیەم لەبەر نەبوونی ڕووبار و گۆمێک کە بکرێ بەلەمی تێدا بسووڕێ، باران بارینی زۆر کەم، سەحرای پان و بەرینی ناوەڕاستی ئێران پەیوەندیی گوند و شارەکانی زۆر ئاستەم کردبوو و هەر بۆیە زۆربەی گوند و شارەکان لە ڕووی ئابوورییەوە لێک جیا بوون و لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە دەکرێ بگوترێ وەک ئەوە وا بووە کە لە چەندین وڵاتی جیادا بژین[۱۶] و لە بنەڕەتدا تەنانەت تێنەگەیشتنی زمانی هەر جۆرە پەیوەندییەکی لە نێوان زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتیی قاجار و پەهەلەویی یەکەمدا ئاستەم کردبوو. هەر بۆیە کاتێک خەلیل مەلێکی لە سەروبەندی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی تودە (۱۹۴۴/۱۳۲۳) بە نوێنەرایەتیی حیزب و بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی دۆخی پارێزگای ئازەربایجان بۆ تەورێز سەفەر دەکا، بە سەرسوڕمانەوە باس لەوە دەکا کە زۆرینەی چالاکانی حیزب ناتوانن بە فارسی قسە بکەن و تەنانەت مەلێکی قەبوڵی ناکا کە بە تورکی وتار بۆ بەشداربووەکان پێشکەش بکا.[۱۷]

(ب) لە مێژووی کۆمەڵناسیدا سازکردنی دووانەی کۆمەڵگا/جڤات (گێزڵشافت/گێماینشافت) ماناداره؛ کاتێک ئەم دووانە پێکەوە بەکار دەبرێن مەبەست ئەوەیە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە جڤاتدا لەسەر بنەمای هەست، نەریت و خزمایەتی و هاوڕێیەتییە و لە هەر شوێنێکدا شارنشینی گەشە دەکا کۆمەڵگا ساز دەبێ و بە وتەی ڤێبەر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای ڕیکەوتنێکی عەقڵانی یا قەبوڵکردنێکی دوولایەنەیە و دەکرێ وەک باشترین نموونە لە گرێبەستێکی تیجاری لە کۆمەڵگادا خۆی نیشان بدا. ئەگەر لەم بەستێنەدا سەیری دووفاقییەکەی وەلی بکەین کە بەردەوام لە بەرهەمەکانیدا بەکاریان دەهێنێ، ئەو دەستەواژانەی سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە جڤاتی کوردی لە ئێرانی سەرەتای سەدەی بیستەم بەکاریان دەهێنێ، نیشانە لە عەشیرەییبوون و ناعەقڵانییەت دەدا. تەنانەت ئەگەر ئەم شیکارییە قەبوڵ بکەین، ناتوانین چەمکی کۆمەڵگا بۆ لایەنی بەرامبەر بەکار بهێنین. ئەم سازکردنی ناهاوسەنگییە هەمان ئەو باسەیە کە لە پەیوەندیی نابەرابەری نەتەوەی سەردەست و بندەست بە باشترین شێوە ڕەنگ دەداتەوە و دوو کۆمەڵگای هاوشێوە بە شێوەیەک شرۆڤە دەکرێن کە لە یەزد پەیوەندیی عەقڵانی لە نێوان مرۆڤەکاندا ساز بووە و لە کرماشان هێشتا خەڵکی کورد سەرقاڵی پەیوەندیی عەشیرەیی و پێش مۆدێرنن.[۱۸]

۳ لە هیچ کام لە توێژینەوەکانی عەباس وەلیدا بە هیچ شێوەیەک باس لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام ناکرێ. پاساوی وەلی ئەوەیە کە لەو شوێنانە ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە و هەر بۆیە بە ئاسانی ئەوان لە مێژوونووسیی خۆی وەدەر دەنێ. کاتێک دەتوانین ئەم پاساوە قەبووڵ بکەین کە یەکەی توێژینەوەکەی تەنیا بەو ناوچانە سنووردار بکا کە بە وتەی خۆی مەکۆی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون. بەڵام ڕێک

لێرەدایە پارادۆکسەکە ساز دەبێ و گشتاندنی گریمانەکانی وەلی بەسەر جڤاتی کوردیدا خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی دەکا. بۆ نموونە ئەو باس لەوە دەکا کە «جڤاتی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، زۆر بە روونی لە قۆناغی پێش لە سەرمایەداری و کشتوکاڵیدا بوو... ژیانی شارنشینیی کورد، لە زۆربەی شوێنەکان، لە ژێر باڵادەستیی پەیوەندییە سەرەتاییەکان، وەفاداری بە چینی عەشیرەیی خاوەنداری زەوی و بایەخە تایبەتەکانی ئەم چینەدا بوو.»[١٩] ئایا بەم پێوەرە دەبێ شاری کرماشان و حزووری ئیلیتی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی مەشرووتە چۆن هەڵبسەنگێنین؟ کرماشان بەشێکە لە کۆمەڵگا/جڤاتی کوردی یان نا؟ لە درێژەدا وەلی ئاماژە بەوە دەدا چونکە کورد خاوەنی کولتووری شارنشینی نەبووە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ بیرۆکەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی کە گرووپی ڕۆشنبیرانی فارس و ئازەری لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بانگەشەیان بۆ دەکرد بگونجێنێت. هەرچەند دواتر وەلی بە دروستی ئاماژە بەوە دەکا کە سیاستەکانی ڕەزاشا لەمەڕ سەرکوتی عەشیرە کوردەکان جیاواز لە عەشیرەکانی دیکەی ئێران بووە. بەڵام جێی پرسیارە ئەم جیاوازییە بۆ چی دەگەڕێتەوە ئەگەر ویستێکی خۆبەڕێوەبەری و قەبووڵ نەکردنی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی نەبێ؟ ئەگەر کورد بە تەواوی سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێرانی پەسەند کردبا، ئایا ئێتر شتێک بە ناوی ناسنامەی کوردی دەمایەوە کە ئێستا باسی لێ بکەین؟

ئەم سەرنجانە بۆ ئەوە لێرەدا باس کران بۆ ئەوەی بزانین چۆن بەرپرسبوون لە ئاست تیۆرییەک کە گوایە لەوپەڕی زانستیبووندایە تەنیا ئەو ئەنجامەی هەیە کە بڵێ کوردایەتی پاشکۆی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە، کورد کۆمەڵگای نییە و ئیلیتی کورد لە عەشیرەگەری ڕزگاریان نەبووە. سەیرتر ئەوەیە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی کە لە لایەن عەشیرەکانەوە لە ئێران ڕێبەرایەتی دەکرا و لەوپەڕی دواکەوتوویی خۆیدا مافی دەنگدان لە ژنان و نەخوێنەواران سەندرابوویەوە، بەڵام وەلی هەر پێداگری لەوە دەکا کە لە سیاسەتێکی دێموکراتیکدا نوێنەرایەتیی خەڵکیان دەکرد و ڕۆشنبیرانی نەریتی و مۆدێرن لە پشتی وێستابوون و لە هەمان کاتدا کورد تەنیا خاوەنی سیاسەتی عەشیرەیی بووە. دواتریش لە سەردەمی ژێکاف، کوردستانی ئێران بە تەواوی لە پارچەکانی دیکە دادەبڕێ، پەیوەندیی مێژوویی ڕۆشنبیران و ئیلیتی سیاسی لەبەر چاو ناگرێ، خۆیبوون و هیوا نابینێ و تەنانەت بە یەک وشەش باس لە هەقیقەتێکی مێژوویی هەرە گرنگ وەک ڕێککەوتنی سێ سنوور ناکا. دیارە جوانکاریی فەلسەفیی وەلی بۆ بنەمای تیۆری، لە فۆکۆ بگرە تا دێریدا و بەکارهێنانی لەرادەبەدەری چەمکگەلێک وەک حاکمیەتی سیاسی، سیاسەتی دێموکراتیک و یا ئینتێلێجێنسیا و هتد، لە نیگای یەکەمدا دەبێتە جێی سەرسوڕمانی خوێنەر، بەڵام هەرچی زیاتر لێی ورد دەبێتەوە، خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە جگە لە بەکەم نیشاندانی بزووتنەوەی کوردایەتی، هیچی تری دەست نەکەوتووە. هەڵبەت چاوەڕوانکراوە کە نووسینەکانی بەشێکی گرنگ لە ڕۆشنبیرانی کورد کە لە ژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و تورکیدان، خاوەنی ئەم خاڵە هاوبەشە بن کە فکر و کردەوەی کوردی بە شتێکی ناوچەیی، عەشیرەیی، پێشمۆدێرن و ناشارستانی بزانن. فانۆن لە بڕگەیەکی شاکار لە کتێبی «نەگبەتەکانی سەر زەوی» بە جوانی دۆخی ڕۆشنبیری بەکۆلۆنیکراو دەستنیشان دەکا:

*بورژوازیی کۆلۆنیالیست ئەم ڕاستییەی بە شێوازێکی قووڵ لە مێشکی ڕۆشنبیری بەکۆلۆنیکراودا چاندووە کە بە هەموو ئەو هەڵانەی ڕەنگە مرۆڤەکان بیکەن، هەندێک تایبەتمەندیی جەوهەری و بنەڕەتی هەمیشەیی دەمێننەوە: هەڵبەت تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی ڕۆژئاوا. ڕۆشنبیری خۆماڵی، شیاوبوون و بەهێزیی ئەم بیرۆکانەی پەسەند کردووە و بە هەزر و هەناویدا ڕۆچووە و هەمیشە وەک پارێزەرێکی وشیار ئامادەی بەرگریکردن لە بنچ و بناوانی یۆنانی-لاتینییە. ئیستا و لە کاتی خەبات بۆ سەربەستی و لەو کات و ساتەدا کە ڕۆشنبیری خۆماڵی دووبارە پەیوەندی بە خەڵکی خۆیەوە دەگرێ، ئەم پارێزە دەستکردە دەبێتە تۆزی بانان.*[٢٠]

بەڵام ئایا تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی وڵامێکی بۆ ئەم پرسانە پێیە و لە چوارچێوەیەکی زانستیدا چۆن سەیری کوردستان و مرۆڤی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا دەکا؟ لە درێژەدا بەکورتی باس لە گرنگترین خاڵەکانی ئەم تیۆرییە دەکەم.

## چەند ڕەهەندیبوونی گوتاری کوردایەتی

ئەگەر بمانەوێ گوتاری کوردایەتی لە ڕستەیەکدا کورت بکەینەوە دەتوانین بڵێین کە گوتارێکی دژەکۆلۆنیالیستییە و دەیەوێ پەیوەندییەکانی ستەمکاری لە کوردستان بسڕێتەوە. قاسملوو لە نامیلکەی کورتەباسدا، ئاماژە بە سێ ڕەهەندی ستەمی نەتەوایەتی، چینایەتی و سیاسی دەکا.[٢١] لە ئاکامی پەرپێدان بە باسەکەی قاسملوو، دەتوانین باس لە ستەمی جێندەری و ژینگەیی لە ئیستای بارودۆخی کوردستانیش بکەین. لێرەدایە من باسم لە گوتاری کوردایەتی کردووە کە بتوانین لە ژێر چەتری ئەو گوتارەدا، کەڵک لە چەندین تیۆریی لێکگرێدراو وەربگرین کە هەڵگری بەستێنێکی مەعریفیی هاوبەشن. واتە، ئەگەرچی لایەنی دژەکۆلۆنیالیستیی گوتاری کوردایەتی، خوازیاری سڕینەوەی هەر جۆرە پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیستی لە کوردستانە، بەڵام هاوکات لەگەڵ نیشاندانی پەیوەندییەکانی سوڵتەی کۆلۆنیالیستی و پێشنیارکردنی میکانیزمەکانی خەبات بۆ ئازادیی خاک و نەتەوە، دەبێ بۆ چارەسەرکردنی جۆرەکانی ستەم لە کوردستان، خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بێت. دیارە لە قۆناغی یەکەم بەریەک کەوتنێک لە نێوان نەتەوەی بندەست و سەردەست ڕوو دەدا و ئەم دژایەتییە شتێک نییە بە ڕیفۆرم یا سازکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش لە سەرەوەی ناسنامەی ئێتنیکی چارەسەر ببێ. هەر وەک فانۆن ئاماژەی پێ دەکا:

«هەر وەک دەزانین سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم پرۆسەیەکی مێژووییە... لە پرۆسەی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا، دوو هێز بەر یەک دەکەون، ئەم بەریەک کەوتنە، بەگوێرەی سروشتی هەر دووکیانە... لە ڕاستیدا ئەم دژایەتییە لە بنەڕەتدا بۆ دۆخی کۆلۆنی دەگەڕێتەوە.»[٢٢]

چونکە لە بنەڕەتدا جەوهەری سازبوونی دەوڵەت نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان، لەسەر بنەمای بەکۆلۆنیکردنی کوردستانە. پرۆسەی سازبوونی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی یا تورکی، هاوکات بووە لەگەڵ بەکۆلۆنیکردنی کوردستان، سڕینەوەی ناسنامەی کوردی، چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد، گواستنەوەی هێزی کاری کوردستان بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات و هەروەها بەتاڵانبردنی سەرچاوە ماددییەکانی کوردستان. ڕەهەندی دژەکۆلۆنیالیستیی گوتاری کوردایەتی لە کوردستان، لە هەناوی ئەم ڕاستییە کۆمەڵایەتییەوە سەری

هەڵداوە کە پێکهاتـــەکان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات، کارتێکەرییەکی فرەچەشنانەیان هەیــە. تاکــەکان، گرووپــەکان و چقاتــە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێکهاتەکانی دەسەڵات و ســولتەدا جێگایەکــی جیــاواز بۆ خۆیان دەستنیشــان دەکــەن و لەبــەر هەندێک تایبەتمەندیــی مێژوویــی و جوگرافیایــی، جیاوازییــان پێکەوە هەیــە و هەر بۆیە ئەم جۆراوجۆرییــە لــە هەندێــک کاتیگۆریی کۆمەڵایەتــی وەک نەتەوە/ڕەگــەز، چیــن، جێندەر و هتد دا خۆی دەبینێتەوە. ئامانجی گوتاری کوردایەتی بریتییە لە ســازکردنی مەودایەکی هاوبەش بــۆ بەرگری و خەبات کە تیایــدا گرووپــە بەکەمینەکــراوەکان، پەراوێزخــراوەکان و ســتەملێکراوەکان، بتوانــن «دەنگێکــی هاوبەش»یــان هەبێت و لــە دەرەنجامدا بەرەورووی سیســتەمی هێژمونیی دەســەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی ببنــەوە. دەکرێ لە پێنج کاتیگۆریــدا ئــەم لایەنانەی نــاو گوتاری کوردایەتــی و ئامانجەکانیان دەستنیشــان بکەین کە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا گوتاری کوردایەتی ویستوویەتی یا دەیهەوێ بــەرەورووی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی بوەستێتەوە:

**١** ســتەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزپەرەستی، بەرخۆدان بە مەبەستی شکڵگرتنی نەتەوەی کوردســتانی؛ **٢** ســتەمی چینایەتــی و چارەســەریی سوســیالیزمی دیموکراتیک؛ **٣** ستەمی سیاســی، ڕزگاریی مرۆڤی کورد لە ژیان لە دۆخی بندەســتی، ســازکردنی کوردســتانێکی دیموکراتیک **٤** ســتەمی جێنــدەری و چارەســەریی فێمینیــزم لە کوردســتان بــۆ نەهێشــتنی نابەرابەریــی جێندەری و **٥** ستەمی ژینگەیی، سڕینەوەی تاڵانکردنی سەرچاوەکانی کوردستان.

هەر وەک لــە چارتی یەکدا دەبیندرێ، کۆلۆنیالیزم ڕێک لە شوێنانەدا کە جیاوازی هەیە خــۆی بە دوو شــێوازی مــاددی و نامادیی نیشــان دەدا. نەتەوەی سەردەست لە ڕیگای مێکانیزمەکانــی کۆلۆنیالیزمەوە، هەوڵ بۆ یەکدەست کردن و سڕینەوەی هەر جۆرە جیاوازییەک دەدا هەتا نەتەوەیەکی تر بکاتە بندەســتی خــۆی و خاکەکەی داگیر بکا. دیارە شێوازەکانی کۆلۆنیالیزم لە دنیادا، هەموویان وەک یەک نین بەڵام بەروونی هەر کاتێک دەست بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان دەبا ســتەمێک ڕوو دەدا. من پێشــتر باسم لە مێکانیزمــە ماددییەکانی چەوســاندەوە کردووە و پێشــم وایە بەرژەوەندیی ماددیی ئێرانییــەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان لە ڕووی دوولایەنی ســەرچاوەی مرۆیی وەک دابینکردنی هێــزی کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوەند و تاڵانکردنی سەرچاوەکانی نەوت، گاز و ئاو، هاندەرێکی گرنگ بوون کە ڕۆژهەڵات بکەنــە کۆلۆنیی خۆیان. ئەم لایەنە ئابوورییە لە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواییدا بەرجەستەترە، بە شێوەیەک کە فانۆن دەڵێ:

*ئیســتا دەزانین کە کۆلۆنیالیزم لە یەکەم فازی خەباتــی نەتەوەییدا هەوڵ دەدا بە ئاراستەکردنی چەند دۆکترینێکی ئابووری، داواکارییــە نەتەوەییەکان دابمرکێنێتەوە. دوابەدوای ئەوەیکە یەکەم خواســتەکان ســنووردار کران، کۆلۆنیالیزم لە ڕواڵەتدا ئاوریــان لــێ دەداتــەوە و، بەوپــەڕی بێفیزییەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە ئەو ناوچەیە بە دەســت گەشەنەکردنێکی تونــدەوە دەناڵێنێ و کەوا بوو پێویســتی بــە ئاوڕێکــی ئابــووری و کۆمەڵایەتیی هەمەلایەنە هەیە. هەروەها، لە ڕاســتیدا، زۆر جار دەبینــدرێ هەندێک کردەوەی نائاساییی تایبەت (وەکوو کردنەوەی چەند ناوەندێک بۆ پەیداکردنی کار بۆ بێکاران) بۆ مــاوەی چەندین ســاڵ چربوونەوەی وشیاریی نەتەوەییی دوا خستووە.*[٢٣]

بەڵام ناکرێ لــە کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا تەنیا ئەم لایەنە لەبەرچاو بگرین. هەرچەند یەکەی تازەلەدایکبووی نەتەوەی ئێرانی، بانگەوازی ئەوە دەکا کــە هەڵگری چەندین قەومیەتە، بەڵام بە شــێوازی پراکتیک ویســتوویەتی نەتەوەکانی تر لە ناو ناســنامەی فارســیدا بتوێنێتــەوە و هەر بەم مەبەســتە، زمان و کولتووری جێی پەســەندی خۆیانی بە سەر نەتەوەکانی تردا سەپاندووە. لە توێژینەوەکانی دیکەمدا نیشانم داوە کە چۆن کۆلۆنیالیزمی ئێرانــی لە لایەنی مەعریفییەوە ناســنامەی کوردی وەخۆ گرتووە و ئاکادێمیای کوردی لە ناوەرۆک بۆش کردووەتەوە؛ هەروەها کەماڵ سلێمانی و ئەحمەد محەمەدپور لە چەندین وتاردا هەوڵیان داوە هەم نیشانی بدەن بۆچی نەتــەوە غەیرەفارســەکان لــە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمــی ئێرانیدا ناتوانن قســە بکەن و لــە مافە ســەرەتاییەکانی خۆیان بێبەش دەبــن،[٢٤] و هەم بەوردی باس لەوە دەکەن چۆن کۆڵبەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان، بەرهەمی سیستەمی کۆلۆنیالیستییە.[٢٥] من لێرەدا ئەم باسانە دووپارت ناکەمەوە و زیاتر دەپەرژێمە سەر باسی ناماددیی کۆلۆنیالیزم کــە چۆن هەســت و تێگەیشــتنی مرۆڤی کــوردی بــەرەورووی قەیران کــردووە. بە هێنانــەوەی چەند نموونەیەک هەوڵ دەدەم دەلاقەیەکــی نوێ بەســەر مێکانیزمەکانی دەستکاریکردنی هەست و تێگەشتنی مرۆڤی کــورد لە ڕۆژهــەڵات بکەمەوە و نیشــانی بدەم کە چــۆن کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بووەتە هۆی نامۆبوونی مرۆڤی کورد لە سیســتەمی کۆلۆنیالیستیدا.

«چــی ئاغایێ کــوردێ باســەفائییێ!» ڕســتەیەک لە زاری هەواڵنێرێکی شــۆخی فارسەوە بۆ وەسف کردنی بووکەڵەیەکی دوو میتری لە پیاوێکی کورد دیتەوە دەرەوە؛ لە جەژنێکی ئێرانییــەکان، بە ناوی تیرگان، و لە شــاری تۆرنتۆ لە کەنەدا. بووکەڵەی پیاوە




**واتا بەرچاوەکانی ستەم**[٢٦]

کوردەکە، قەرارە میوانی ئێرانییەکان بە سەما دڵخۆش کا کە تیڤیی ئێران ئینتەرنەشناڵ ڕاستەوخۆ بڵاوی دەکاتەوە. شێوازی سازکردنی بووکەڵەکە ڕێک ئەو سەرنموونەیە کە ئایدیۆلۆژیی ئێرانی بۆ پیاوی کوردی وێنا کردووە: سمێڵێکی بابڕ هەتا بناگوێ، برۆی پڕی تێکچرژاو بە رووخسارێکی گرژ و مۆنەوە، سەرپێچ و جلوبەرگێکی کوردی. دەرهێنەران دیارە زۆر بەمەش ڕازی نەبوون و ناوێکی نامۆیان دۆزیوەتەوە کە زۆر بە کەمی لە کوردستان بەکار دێ (تەنانەت لە ناوچە شیعەکانی باشووری ڕۆژهەڵات هەر باوی نەماوە): ئاتەقی! ناوێک کە لە کۆبیرەوەریی ئێرانییەکان بۆ کەسێک بەکار دێ کە موعتاد بێ.[۲۷] شێوازی نیشاندانەوەی مرۆڤی کورد، وەک کەسێکی نالۆژیکی، ناشارستانی، نەخوێندەوار، بەشێک لەو پرۆسەیەیە کە کۆلۆنیالیزم بۆ مرۆڤسڕینەوە[۲۸] پەیڕەوی دەکا. کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بە بەردەوامی لە پەروەردە و میدیادا هەوڵی داوە کلێشەیەکی چەقبەستوو (stereotype) لە کورد پیشان بدا و بەم شێوەیە نە تەنیا دەیەوێ ئێرانییەکان بەم شێوەیە کورد بناسن، بەڵکوو لایەنی زۆر گرنگتری ئەوەیە کە تێگەیشتنی کورد لە خۆی بشێوێنن، وردی کەن و بە سووک و چرووکی نیشان بدەن، هەتا بەم شێوەیە مرۆڤی کورد بە پەسەندی خۆی، درێژە بە دۆخی بندەستبوون بدا.

سینەما و میدیای ئێرانی پڕە لەو نموونانەی کە چۆن مرۆڤی کورد وەک مرۆڤێکی بندەست تێیدا پیشان دەدرێتەوە. لە یەکێک لە دوایین نموونەکاندا و لە فیلمی «حکایت عاشقی» (لە دەرهێنان و نووسینی ئەحمەد ڕەمەزانزادە)[۲۹] پیاوی شۆڕشگێڕی کورد، کەسێکە هیچ لە ژیان و ئەوین نازانێ و لە بەرانبەردا پیاوی فارس لە لووتکەی مرۆڤایەتی و ئەوینداریەتیدایە. بەکورتی چیرۆکی فیلمەکە بۆ ژینۆسایدی هەڵەبجە دەگەڕێتەوە کە بنەماڵەیەک، لە باشوورەوە و لە ئەنجامی کیمیابارانەدا ئاودیوی سنوور دەبن. لە نێو ئەو ئێرانییانەدا کە ڕزگاریان دەکەن، گەنجێکی وێنەگری تێدایە و هەر لە جەرگەی ئەو بەزم و هەڵایەدا عاشقی کچی ئەم بنەماڵەیە دەبێ. دواتر دەزانێ کە ئەم کچە خۆشەویستێکی هەیە کە پێشمەرگەیە (سازکردنی سێگۆشەیەکی ئەوینداری). بەڵام پاش ماوەیەک هەواڵ دێ کە پێشمەرگە کوردەکە کوژراوە و ڕێگە بۆ زەماوەندی ئەم دووانە دەکرێتەوە و بە ماڵەوە دەچن بۆ تاران. دیسانەوە پاش ماوەیەک هەواڵ دێ کە کوڕە پێشمەرگەکە نەکوژراوە و پیاوی فارس لەوپەڕی مرۆڤایەتیدا دەست لە خۆشەویستەکەی (نەک خۆشەویستییەکەی) هەڵدەگرێ. کچە کوردەکە دەگەڕێتەوە بۆ باشوور. پاش چەندین ساڵ لە پێشانگای وێنەی کوڕە فارسەکە (کە هەر وا زگورت ماوەتەوە)، پێشمەرگە کوردەکە وەک باشوورییەکی کاربەدەستی پلەخوار لەوێ ئامادە دەبێ. وێنەگرە فارسەکە دەزانێ کە ئەو دووانە پێکەوە زەماوەندیان نەکردووە و ئیستا کچەکە لە هەڵەبجە دەژی. ئەویش بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە هەڵەبجە و لە ساڵیادی کیمابارانەدا کە قەرارە ئەم کچە بابەتێک پێشکەش بکا، لەبەر کاریگەریی خراپی کیمابارانەکە لەسەرخۆ دەچێت. سێکانسی کۆتاییی فیلم: کچە کوردەکە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە لە ژێر ئۆکسیژێندایە. کوڕە فارسەکە دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە. گوڵێکی سوور و ئەنگوستیلەی دەزگیرانییەکەی لە ژوور سەری کچەکەوە دادەنێ. کچە کوردەکە چاو دەکاتەوە و دەیبینێ. بە دەمیەوە پێدەکەنێ.

لەم فیلمەدا دەکرێ بگوترێ هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بە یەکەوە خۆیان نیشان دەدەن. ئێرانییەکان کە خۆیان یەکێک لە تاوانبارەکانی کیمیابارانی

هەڵبجەن، لێرەدا وەک ڕزگاریکەر خۆیان نیشان دەدەن. دەوری کوڕە فارسەکە بە بەهرام ڕادان کە ئەکتەرێکی جوانچاکی باڵابەرزە دراوە. ڕزگاریکەر لە نەتەوەی سەردەست عاشقی قوربانییەکی جەنگ لە نەتەوەی بندەست دەبێ. لە فیلمەکەدا وا نیشان دەدرێ هەموویان فارسی دەزانن، ئاخر کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی، زمانی فارسی بە زمانی هەموو کوردان دەزانێ، هەرچەند لە پارچەکانی دیکەش بن. ژنی کورد لێرەدا ژنێکی بێ دەسەڵاتە کە هەرچەند کیمیایی بووە و بنەماڵەکەی لە دۆخێکی باشدا نین، بەڵام بەئاسانی پشت لە عەشقی یەکەمی خۆی دەکا و هیچ هەوڵێک بۆ پەیداکردنی خۆشەویستەکەی نادا و چاوەڕوانی نابێ. دواتریش بێ هیچ لۆژیکێک وەک کەسێکی هەوەسباز لە عەشقی دووەمی خۆی ڕوو وەردەگێڕێ. بەڵام ئەمە کۆتاییی چیرۆکەکە نییە. پێویستە کلێشەی چەقبەستووی پیاوی ناشارستانی و بێ نەزاکەتی کورد کە هیچ لە عەشق و عاشقی نازانێ و هەمیشە بە شوێن شەڕەوەیە دووپات بکرێتەوە. کوڕە فارسەکە بە سەر کوڕە کوردەکەدا (پیاوێکی گرژ و مۆن بە جلوبەرگێکی ڕەسمی بەڵام هەرزانبایی و بێ هارمونییەکی جوانیناسانە) دەقیژێنێ چۆن ئەو کچەت نەخواستەوە و ئەمە کەی ڕسمی عاشقییە؟! کۆتاییی چیرۆک فیشەکی کۆتاییی کۆلۆنیالیزمە. کچی کورد لەسەر قەرەوێڵە ڕاکشاوە (خوازەیەکە بۆ نزیکایەتی لەگەڵ پیاوی فارس) و چاوەڕوانە جەستەی داگیر بکا. پیاوی فارسی جوانچاکی ژێری خاوەن کولتووری مرۆڤدۆست، سەرکەوتووی بێ ئەملاوئەولای حەکایەتی عاشقییە.

ئەم دوو نموونەیە لە پیشاندانی پیاوی کورد، لە سەدان و بگرە هەزاران گرتەی فیلم، میدیا، کتێب و ڕۆژنامەی ئێرانیدا پیشان دراونەتەوە. مەبەستی کۆلۆنیالیزم دیار و بەڕوونی لە ڕێگەی پیشاندانەوەی بەردەوامی دواکەوتوویی کورد لە بەرانبەر فارس، وێنایەکی ناواقعی لە مرۆڤی کورد (زیاتر ئامانج پیاوی کوردە) ساز دەکرێ. من لە ئەزموونی خۆم لە زانکۆ زۆر جار بینیومە کە چۆن لە لای بەشێک لە خوێندکارە کچە کوردەکان، کوڕی فارس خاوەنی کلاسێکی بەرزتر، بە فەرهەنگتر و جوانتر لە کوڕێکی کوردە. واتە شێوازی پیشاندانی پیاوی کورد وەک کەسێکی گرژ و مۆن کە نازانێ لەگەڵ ژنان پەیوەندییەک لەسەر بنەمای خۆشەویستی ساز کا، بووەتە پێکهاتەیەکی نەگۆڕ کە لە لای مرۆڤی کورد بۆخۆشی دیسان بەرهەم دێتەوە. هەر چۆن لە نوکتەیەکی کوردیدا دەگێڕنەوە کە هایدە دەچێتە خەونی کاک ناسر ڕەزازی. کاک ناسر خەبەر و باسی ئەو دنیای لێ دەپرسێ. هایدە دەڵێ ئێمە حاڵمان زۆر باشە و بۆ دۆزەخ ڕەوانە کراوین، حەسەن زیرەکیشمان لەگەڵدایە. هەتا بەیانی گۆرانی دەڵێین و بەزم و سەما و خۆشیمانە. بەڵام بۆنی گۆرەوییەکانی حەسەن زیرەک هەموومانی کاس کردووە! لێرەدا دەبینین کە چۆن کولتووری نەتەوەی سەردەست لە نێوان مرۆڤی بندەستدا (بێئەوەی هەستی پێ بکەن) بەرهەم دێتەوە؛ سەمبولی موسیقای کوردی دەکرێتە گاڵتەجار و وەک کەسێکی ناشارستانی کە بچووکترین بابەتی ئەدەب و نەزاکەت نازانێ نیشان دەدرێ. لەو لاشەوە، سەمبولی سروودی شۆڕشگێڕانەی کوردی، بێ هەڵوێست خەون بە گۆرانبێژێکی کوردی فارسیوێژەوە دەبینێ. گۆرانبێژێک کە لە ڕووی جوانیناسیی کوردانەی سەدەی بیستەمدا ورووژێنەرە بەڵام تەواو لە دەستپێراگەیشتنی پیاوی کورد دوور کەوتووەتەوە و لەگەڵ فارسەکان حەشر و نەشری هەیە.

مرۆڤی کورد، بە پیاو و ژنەوە، لە مرۆڤی

نەتەوەی سەردەست جیاوازە. بە هیچ شێوەیەک نابێ پێشکەوتوو نیشان بدرێ و ئەگەر پێشکەوتنێکیشی هەیە، دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤی فارس بۆی ساز بوو بێ. مرۆڤی کورد سەرەرای ئەوەی دەخرێتە ئاستی مرۆڤێکی پێشمۆدێرنی ساویلکە کە لە ئەشکەوتدا دەژی، باشترە بە تەواویەتی لە مرۆڤبوون بسڕدرێتەوە و وەک ئاژەڵێکی درندە (پیاو) و ئاژەڵێکی دەستەمۆ(ژن) کە تەنیا بۆ منداڵ پێکەوەنان ساز بووە سەیر بکرێ. کۆلۆنیالیزمی ئێرانی کە لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ، چی بۆ مرۆڤی کورد هێشتووەتەوە؟ جگە لە ژمارەیەک کە ڕێگای کوردایەتی دەگرنە بەر، یا وەک کۆڵبەر وێنا دەکرێن یا ئەوانیتر دەبێ لە ناوشیاری خۆیاندا و لە فانتێزییەکی سێکسیدا بە شوێن سەرکەوتندا بن. ڕەنگە زۆربەمان گوێمان لە چیرۆکی ئەو گەنجانە بێ کە باس لەوە دەکەن چۆن لە خانە سازمانییەکان (شوێنی نیشتەجێبوونی عەجەمەکان کە مەبەستی کارکردن لە دامودەزگا سەربازی و سیخوڕییەکانی ڕێژیمی ئێرانی هاتوونەتە کوردستان) لەگەڵ ژنێکی فارس/عەجەمدا خەوتوون یا باس لە دڵداریی خۆیان دەکەن کە چۆن ئەم ژنە عەجەمە بە پیاوەکەی خۆی ڕازی نییە و گیرۆدەی کوڕە کوردێک بووە. چیرۆکەکان لەو کاتانەدا ڕوو دەدەن کە هاوسەری ئەم ژنانە، بەتایبەت لە شەودا، لە ماڵەوە نین و بۆ ئەنجامی ئەرکی خۆیان وەک بەشێک لە سیستەمی کۆلۆنیالیزم لە دەرەوەی ماڵەوەن. سوژەی کورد دەبێتە قارەمانی چیرۆکێک کە بە شێوەی فانتزی جەستەی ژنی عەجەم لە بری خاکی بەکۆلۆنیکراو بەدەست دەهێنێت. وەک لاکان ئێژێ[۳۰] فانتێزی هەمیشە بەدیهاتن و دامرکاندنی ئارەزووی ناوشیارە. فانتێزی تەنیا سەرشێتییەکی شەخسی نییە بەڵکوو لە مەودای گشتیدا ڕوو دەدا. ژمارەیەکی سنووردار بابەت و گێرانەوەیە کە بەردەوام دووپات دەبنەوە. نەک هەر لە شارە کوردەکان، لە شارە عەجەمەکانیش خوێندکار، کرێکار و سەربازی کورد، ڕێک هەر ئەم فانتێزییە سێکسییە دووپات دەکەنەوە. فانتێزی یا واقعیەتی ئارەزووەکانی ناوشیار لە سەرەوەی ئەندێشەکان و دونیای شەخسیی ئێمەوەن، بەڵام بە هەمان ئەندازەی واقعیەتی ماددی واقعین. مرۆڤی کورد کە نیشتمانی بەکۆلۆنی کراوە، لە مێکانیزمێکی دەروونیدا ئۆبژەی مەیلی دەگوازێتەوە. چێژێک کە لە فانتێزی دەیبینین لەبەر ئەوە نییە کە ئۆبژەی ژنی فارس بە دەست دەهێنین، بەڵکوو ئەنجامی دەرکەوتنی مەیلە. فانتێزی کاتێک چێژبەخشە کە هەرگیز بەڕاست نەبێ، وەدی نەیەت و هەروەها ناشبێ لەگەڵ واقعیەت تێکەڵ بێ.

تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی هاوکات لەگەڵ شۆڕش بۆ دەرکردنی لایەن/ نەتەوەی کۆلۆنیالیستی فارس، تورک، عەرەب لە سەر خاکی کوردستانە، دەیەوێ کەرامەتی ئینسانی بۆ مرۆڤی کوردی بندەست بگەڕێنێتەوە.

## سەرچاوەکان


1. Biko, Steve. I Write What I Like (Cambridge: ProQuest LLC, 2005) 92.

2. Marx, Karl. “Theses on Feuerbach,” In Karl Marx: Selected Writings. Edited by David McLellan (Oxford: Oxford University Press, 2000) 173.

3. Alatas, Syed Farid. «Academic Dependency and the Global Division of Labour in the Social Sciences. « CurrentSociology 51 (2003): 599-613.

٤. ئەردەلان، سارۆ. «کوردستان و مێتۆدی دژەکۆلۆنیالیستی: چۆن لە زانستی نەتەوەی سەردەست ڕزگارمان ببێ؟» گۆڤاری تیشک ٥٤ (٢٠٢٢):

5. Dei, J. Sefa George. “Rethinking the Role of

Indigenous Knowledge in the Academy. ” International Journal ofInclusive Education 4 (2): 111-132.
6. Marx, Karl. “A Contribution to the Critique of Hegel’s Philosophy of Right: Introduction,” In Marx: Early Political Writings. Edited by Joseph J. O’Malley (Cambridge: Cambridge University Press, 1994) 64.
7. Vali, Abbas. “The Kurds and Their “Others”: Fragmented Identity and Fragmented Politics,” Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East XVIII (2): 83-94.
8. Vali, Abbas. “Preface to the Turkish Edition,” In Essays on the Origins of Kurdish Nationalism (Istanbul: Avesta Publishers, 2005).
9. Vali, Abbas. “Introduction: Nationalism and the Question of Origins. ” In Essays on the Origins of Kurdish Nationalism (Costa Mesa, California: Mazda Publishers, Inc. , 2003)
۱۰. ئەردەڵان، سارۆ. «کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە. » گۆڤاری تیشک ۵۱ (۲۰۱۹).
11. https://www. youtube. com/watch? v=vwgHMMz M0SE
۱۲. بە هۆی ئەوەی لێرەدا مەبەستم نییە توێژینەوەیەکی سکولاستیک بە دەستەوە بدەم و دەیان توێژینەوە وەک سەرچاوە ئاماژە پێ بدەم، تەنیا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەم کە بە وردی لایەنی ناسیۆنالیستیی هەر دوو شۆڕشی شێخ عەبیدوڵڵا نەهری و سمکۆ دەستنیشان دەکەن:
Soleimani, Kamal. Islam and Competing Nationalisms in the Middle East, 1876-1926 (New York: Palgrave Macmillan, 2016).
Soleimani, Kamal. “The Kurdish image in statist historiography: the case of Simko. ” Middle Eastern Studies 53 (2017): 949-965.
13. Spivak, Gayatri. “Can the Subaltern Speak?” In Marxism and the interoperation of culture. Edited by Cary Nelson and Lawrence Grossberg (Urbana: University of Illinois Press, 1998)
14. Vali. Abbas. Kurds and the State in Iran: The making of Kurdish Identity (New York: I. B. Tauris & Co Ltd, 2011), 13-14.
15. Vali. Abbas. Kurds and the State in Iran, xiii, 6, 11, 21, 47 and passim.
۱۶. آبراهمیان، یرواند. ایران بین دو انقلاب. ترجمه‌ی احمد گل‌محمدی و محمدابراهیم فتاحی (تهران: نشر نی، ۱۳۸۹) ۱۴-۲۰.
۱۷. آبراهمیان، یرواند. ایران بین دو انقلاب، ۴۸۴.
۱۸. جێی ئاماژەیە بە شێوازێکی سەرنجراکێش وەرگێڕی بەشی یەکەم لە کتێبی کوردەکان و دەوڵەت لە ئێران: سازکردنی ناسنامەی کوردی، چەمکی جڤاتی بە هەڵە بە کۆمەڵگا تەرجەمە کردووەتەوە. لە فارسیدا بۆ جیاوازیدانان لە نێوان Society/Community کەڵک لە جامعه/اجتماع وەردەگرن. وەرگێڕ بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی بنووسێ «اجتماع و مرزهای آن» نووسیویەتی «جامعه و مرزهای آن». بڕوانە:
ولی، عباس. «شکل‌گیری هویت ملی کوردی در ایران». ترجمه‌ی سحر باقری و جمیل رحمانی. پروبلماتیکا (۱۳۹۹) دسترسی از طریق: http://problematicaa. com/kurdish-identity/
19. Vali. Abbas. Kurds and the State in Iran, 6.
20. Fanon, Frantz. The Wretched of the Earth. Translated by Constance Farrington (New York: Grove Press, 1963), 46-7.
۲۱. قاسملوو، عەبدولڕەحمان. کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم و لەگەڵ شیکردنەوەی کورتەباس (ستۆکهۆڵم: کتێبی ئەرزان، ۲۰۰۳).
22. Fanon, Frantz. The Wretched of the Earth,36.
23. Fanon, Frantz. The Wretched of the Earth, 207-8.
24. Soleimani, Kamal and Ahmad Mohammadpour. “Can non-Persian speak? The sovereign’s narration of “Iranian identity”” Ethnicities 19 (2019): 925-47.
25. Soleimani, Kamal and Ahmad Mohammadpour. “Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat. ”British Journal of Sociology (2020) https://doi. org/10. 1111/1468-4446. 12745
26. Kempf, Arlo. “Contemporary Anticolonialism: A Transhistorical Perspective. ” In Breaching the Colonial Contract: Anti-Colonialism in the US and Canada. Edited by Arlo Kempf (New York: Springer, 2009) 16.
27. See the Festival reports on Iran International TV by this link directly: https://cutt. ly/AfTuVXQ
28. Memmi, Albert. The Colonizer and the Colonized. Translated by Howard Greenfeld (London: Earthcan Publication, 2003)130-5.
29. https://www.youtube.com/watch?v=LtlK3Tolbqw
30. Homer, Sean. Jacques Lacan (New York: Routledge, 2005) 85-7.

# فەرهەنگی سیاسی لە ئەندێشەی قاسملوودا

**کاروان موکریانی**

”
د. قاسملوو، وەک بژاردەیەکی زۆر کاریگەر و بەرچاو لە نێو نەتەوەی کورددا، چ بە هۆی بیر و هزری پێشکەوتنخوازانە و چ بە هۆی پێگەی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی و حیزبەکەی، سەرنجڕاکێشە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فەرهەنگە سیاسییەی کە هێناویەتە نێو کورد، گەلێک پێویستە. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە دەرک کردنی ئەم پێویستییە، بە دوای وەڵام دانەوە بەم پرسیارەدا دەگەڕێ کە: دوکتور قاسملووهەڵگری چ جۆر فەرهەنگی سیاسییەک بوو و ئەم فەرهەنگە سیاسییە چ کاریگەرییەکی لەسەر فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە تایبەتی داناوە؟
“

## پوختەی بابەت

گرینگیی پرسی فەرهەنگی سیاسیی بژاردەکان لە کۆمەڵگا، بە هۆی ئەو کاریگەرییانەی لە سەر ڕەوتی دێموکراسی و گەشەی سیاسی هەیانە، زۆر پڕ بایەخ دێتە بەر چاو. هەر بەم مەبەستە، لێکۆڵینەوەی بەردەست دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی فەرهەنگی سیاسی لە ئەندیشەی یەکێک لە بژاردە بەرچاوەکانی گەلی کورد کە ئەویش د. قاسملوویە. بۆ ئەم کارەش، بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆرییە باوەکانی فەرهەنگی سیاسی و مێتۆدی گراندد تیۆری هەوڵی داوە کۆی وتار، نووسراوە و لێدوانەکانی د. قاسملوو کە لە دوو بەرگی تاقگەی هەقیقەتدا چاپ کراون، شی بکاتەوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەریدەخا کە د. قاسملوو خاوەنی فەرهەنگێکی سیاسیی تایبەت بە خۆیەتی کە دەکرێ ناوی بنێین: «فەرهەنگی سیاسیی ڕادیکاڵ دێموکراتیک».

## کلیل وشەکان

فەرهەنگی سیاسی، دێموکراسی، ڕوانگە بۆ تاک، ڕوانگە بۆ ڕەگەزیتی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەشداریی سیاسی، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی، حدکا

## پێشەکی و گرینگیی بابەت

مێژووی مرۆڤایەتی دەریدەخا کە بەشێکی گرینگ لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییان بە بیرورا و کرداری سیاسیی خەڵکەوە هەیە و چارەنووسی سیاسیی کۆمەڵگاکان، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەم بیر و باوەڕە دایە کە پێی دەوترێ «فەرهەنگی سیاسی» . فەرهەنگی سیاسی واتا: کۆمەڵێک بیرورا، بۆچوون و هەست کە ڕەوتێکی سیاسی واتادار و ڕێکوپێک دەکا و گریمانەگەلی بنەڕەتی و یاساگەلی زاڵ بەسەر ڕەفتاری سیستەمی سیاسیدا، دیاری دەکا (لوسین پای، ١٩٦٨:٢١٨). فەرهەنگی سیاسی، جۆری ڕوانینی خەڵک بۆ سیاسەت، پێکهاتەی سیاسی و چۆنیەتیی بەشداریکردن لە سیاسەتدا دیاری دەکا. کەوایە بۆ تێگەیشتن لە بیرورا و هەڵسوکەوتی سیاسیی هەر کۆمەڵگایەک، پێویستە بیروباوەڕ، بەها و نۆرم، ڕەفتار و زانیاریی سیاسیی ئەو کۆمەڵگایە شەنوکەو بکرێ هەتا جۆری فەرهەنگی سیاسیی ئەوان بناسرێ.

لە ڕوانگەی بژاردەگەرایانەوە[١] فەرهەنگی سیاسیی هەر کۆمەڵگایەک لە دوو بەش پێک دێ: فەرهەنگی سیاسیی گرووپی «بژاردە» و فەرهەنگی سیاسیی «خەڵکی ئاسایی». لووسین پای[٢]، پێی وایە هەر چەند بژاردەکان ژمارەیان لە خەڵکی ئاسایی کەمترە بەڵام، بە هۆی دەست ڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەکانی دەسەڵات و هێزی ڕێکخستن، بەهێزترن و کاریگەریی زیاتر لەسەر فەرهەنگی سیاسیی خەڵک دادەنێن.

لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا، فەرهەنگی سیاسیی ئەم دوو تاقمە بەدی دەکرێ و لە گەڵ یەک لە پەیوەندیدان. ئەم پەیوەندییە گەلێک جار لەگەڵ یەک سازگار بووە و تەواوکەری یەک بوون؛ جار و باریش ناتەبا و ناسازگاربوون. ئەوەش کاتێک بووە کە فەرهەنگی سیاسیی توێژی «بژاردە» پێشکەوتوو و فەرهەنگی سیاسیی» خەڵکی ئاسایی» نەریتی و کۆن بووە. لە هەر دوو حاڵەتدا چ فەرهەنگی سیاسیی ئەم دوو توێژە لەگەڵ یەک سازگار بووبێ، چ ناتەبا، دەرکەوتەی هەبووە. لەحاڵەتی سازگاریدا فەرهەنگی سیاسیی کۆن و خێڵەکی دووبارە بەرهەم هێنراوەتەوە و لە حاڵەتی ناتەباییدا گۆڕانکاری بەسەر فەرهەنگی سیاسیی کۆن و نەریتیدا هاتووە.

بەشێک لەو بژاردانە کە لە نێو کورددا، کاریگەریی زۆریان لە سەر فەرهەنگی سیاسی داناوە و بوونەتە هۆکاری دووبارە بەرهەم هێنانەوە یان گۆڕانی فەرهەنگی سیاسی، «بژاردەگەلی سیاسی»ن. یەکێک لەم بژاردە کاریگەرانە کە لەگەڵ فەرهەنگی سیاسیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەیدا زۆر ناتەبا بوو و بیر و

ئەندیشـــە و کرداری، فەرهەنگی سیاسیی زاڵ بە ســـەر کۆمەڵگادای، تووشی شڵەژان کرد، د. قاســـملوویە. د. قاسملوو، وەک بژاردەیەکی زۆر کاریگەر و بەرچاو لە نێـــو نەتەوەی کورددا، چ بە هۆی بیر و هزری پێشـــکەوتنخوازانە و چ بە هۆی پێگەی بەهێزی سیاســـی و کۆمەڵایەتی خۆی و حیزبەکەی، سەرنجڕاکێشە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فەرهەنگە سیاسییەی کە هێناویەتە نێـــو کورد، گەلێک پێویســـتە. هـــەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە دەرک کردنی ئەم پێویســـتییە، بە دوای وەڵام دانەوە بەم پرســـیارەدا دەگەڕێ کە: دوکتور قاسملووهەڵگری چ جۆر فەرهەنگی سیاســـییەک بوو و ئەم فەرهەنگە سیاسییە چ کاریگەرییەکی لەســـەر فەرهەنگی سیاســـیی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە تایبەتی داناوە؟

## فەرهەنگی سیاسی چییە؟

دەســـتەواژەی «فەرهەنگی سیاســـی» بارتەقای «Political culture»لە زمانـــی ئینگلیزیدایە و پاش شـــەڕی دووهەمی جیهانـــی بو یەکەمین جار گابریێل ئاڵمۆند[۳] لە زانســـتی سیاســـەتدا باســـی لێ کردووە. باســـی فەرهەنگی سیاسی لە ســـەدەی بیســـتەمدا، لە پەیوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی یان دیکتاتۆری هاتە بەرباس و پرسیارە سەرەکییەکەی ئەوە بوو کە چ جۆر فەرهەنگێک، ڕێخۆشکەری دێموکراسی یـــان دیکتاتۆرییە؟(بشـــیریه، ۱۳۸۸:۱۵۹). بـــە گشتی دەسپێکی لێکۆڵینەوە لەسەر فەرهەنگی سیاســـی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی سیی زایینی. پاشـــان بۆ ماوەیەک لەگۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی زانســـتی سیاســـی ون بوو، بەڵام لـــە دەیەی هەشتای زایینیدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕێگایان خـــۆش کرد بۆ دووبارە ژیانـــەوەی کۆڵینەوە لە فەرهەنگی سیاسی(بشیریه، ۱۳۸۸: ۱۵۳-۱۳۱).

گابرییێـــل ئالمۆند و ســـیدنی ویربا[۴]، پاش شـــەڕی دووهەمی جیهانی بە وردی فەرهەنگی سیاســـیی وڵاتانی ئورووپاییـــان موتاڵاکرد. بە ڕای ئـــەوان، فەرهەنگـــی سیاســـی، کۆمەڵێک بیروباوەڕی سیاســـی، بەهای سیاسی، هەستی سیاســـی و زانیاریی سیاسییە سەبارەت بەژیانی سیاســـی(ئالمۆند و وربا، ۱۹۶۳). ئـــەوان بە پێی جـــۆری بۆچـــوون و لایەنگری لە سیاســـەت و بەشداریی شارۆمەندان لە سیستەمی سیاسیدا، فەرهەنگی سیاســـییان بەســـەر ســـێ جۆری فەرهەنگی سیاســـیی ســـنووردار[۵]؛ فەرهەنگی سیاســـیی پەیـــڕەو[۶] و فەرهەنگی سیاســـیی بەشداریکەرانە[۷] دابەش کرد.

بـــە ڕای ئیـــلازار[۸]، فەرهەنگی سیاســـی بیچمێکـــی تایبەتـــە لـــە لایەنگریی سیاســـی بە ئاراســـتەی کردەی سیاســـی، کـــە لە هەر سیســـتەمێکی سیاســـیدا جێگیـــر بووە(ئیلازار، ۱۹۶۶:۷۸). ئیلاَزار پێی وایە فەرهەنگی سیاسی، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە کە ڕوونکەرەوەی چۆنیەتیـــی کـــردەی دەوڵـــەت و بەرپرســـانی ناوچەییی وڵاتە. بـــەڕای ئیلازار، ڕوانگەی تاک بۆ سیســـتەمی سیاســـی، چۆنیەتیـــی کردەی دەوڵەت و بەرپرســـانی حکوومـــی و بەهاگەلی ئایینی ونەتەوەیی، گشتییان ڕۆڵیان لە سازدانی فەرهەنگی سیاســـیدا هەیە. ئیلاَزار، فەرهەنگی سیاسی بەســـەر ســـێ جۆردا دابەش دەکا کە بریتین لـــە: ئەخلاق خواز[۹]، تـــاک خواز[۱۰] و نەریت خواز[۱۱] (زوئلیک، ۲۰۰۰).

بـــەڕای تیســـلێر[۱۲]، فەرهەنگی سیاســـی بریتییە لـــە :لایەنەکانی ناســـیاری و ڕەفتاریی خەڵکی ئاســـایی. لایەنی ناســـیاریی فەرهەنگی سیاســـی دوو بگۆڕی «باوەڕمەندی بە بەرابەریی ڕەگەزی»[۱۳] و «پێکەوە هەڵکردنی سیاسی»[۱۴] لە خـــۆ دەگـــرێ. هەروەها لایەنـــی ڕەفتاریی فەرهەنگی سیاســـی، چوار بگـــۆڕی «متمانەی سیاسی»[۱۵]، بەشـــداریی مەدەنی»[۱۶]، هۆگریی سیاســـی»[۱۷] و «زانیاریـــی سیاســـی»[۱۸] لەخۆ دەگـــرێ. تیســـلێر، بگـــۆڕە ناســـیارییەکان بە «پلۆرالیزمی سیاسی»[۱۹] و بگۆڕە ڕەفتارییەکان بە «دەرگیریی عەمەلی لە سیاســـەت»[۲۰] ناوزەد دەکا(تسلر، ۲۰۱۱:۲۷۰).

به گشتی بۆ پێناسەکردنی «فەرهەنگی سیاسی» پێویستە دوو توخمی سەرەکیی پێکهێنەری ئەم چەمکە واتا «فەرهەنگ» و «سیاسەت» لێک جیاکەینەوە. تایلر[٢١]، فەرهەنگ بە کۆمەڵێک زانیاری، بیروباوەڕ، عادەت، ئاکار، یاسا وداب و نەریت پێناسەدەکا (Encyclopedia of the Social Science,1986, 527). دەیڤیدستۆن[٢٢]، سیاسەت بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتدارانە و زۆرەملیانەی بەهاکان بەسەر کۆمەڵگادا پێناسە دەکا. فەرهەنگی سیاسی، ئەگەرچی لەهەر دوو توخمی فەرهەنگ و سیاسەت، پێک دێ بەڵام لە هەردووکیان جیاوازە؛ فەرهەنگی سیاسی لەم ڕوویەوە لە فەرهەنگ بە گشتی جیادەبێتەوە کە پتر پێداگری لەسەر هەست، بیروباوەڕ، زانیاری و ڕەفتارگەلێک دەکا کە خەڵک لە هەمبەر دەسەڵات و دەوڵەت هەیانە؛ لەم ڕوویەشەوە لە سیاسەت جیادەبێتەوە کە ناپەرژێتە سەر دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکان؛ بەڵکوو بەستێنی زەینی و کردەیی بۆ ڕوانگە و ڕەفتاری تاکەکان سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتدرانەی بەهاکان پێک دێنێ و ڕوانگە و بیروباوەڕی هاوبەش لە ژیانی سیاسیی وڵات یان کۆمەڵگایەک دیاری دەکا. بەم چەشنە فەرهەنگی سیاسی، خاڵی وێککەوتن و پێک گەیشتنی فەرهەنگ و سیاسەتە و لە نێوانیاندا پەیوەندی ساز دەکا. کەوایە دەکرێ بێژین فەرهنگی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری، بیروباوەڕ، بەها، نۆرم، داب و نەریتی شارۆمەندان کە هەڵوێستی ئەوان لە هەمبەر دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکان پیشان دەدا. بەگشتی، بە کەڵک وەرگرتن لە پێناسەگەلی جۆراوجۆر، دەتوانین بەم چەشنەی خوارەوە فەرهەنگی سیاسی پێناسە بکەین:

«فەرهەنگی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری، بیروباوەڕ، بەها، نۆرم وڕەفتاری سیاسیی شارۆمەندان کە لە بەستێنی مێژوو و ژیانی ئەواندا شکڵ دەگرێ و کار و کردەوەی سیاسیی ئەوان لە هەمبەر دەسەڵات و ڕووداوە سیاسییەکان ئاراستەدار دەکا».

## چوارچێوەی تیئۆریک

هەرچەند لە مێتۆدی کەیفیدا، وەکوو مێتۆدی پۆزیتیڤیستی، چوارچێوەی تیئۆریک بۆ لێکۆڵینەوە لەبەر چاو ناگیرێ بەڵام، ئەم مێتۆدە بێبەری لە چەمک و تیۆری نییە و لێکۆڵەر بەمێشکی خاڵی ناچێتە نێو گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە؛ بەڵکوو ئەدەبیاتی توێژینەوە، ڕێنوێنیی دەکا بچێتە نێو کاری لێکۆڵینەوە. هەر بۆیە لێکۆڵینەوەی بەردەست، تیۆری و تیپۆلۆژییەکانی ئاڵموند و ویربا، ئیلازار و مارک تیسلیر وەکوو بنەمای لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێری و بە تێکەڵ کردنی ئەوان، چوارچێوەیەکی تێکەڵاو بۆ بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوە دەستنیشان دەکا و هەوڵ دەدا بە پێی نیشاندەرەکانی ئەوان، ڕوانگەی د. قاسملوو بۆ فەرهەنگی سیاسی پێشان بدا و دەریخا کە بیروبۆچوون، ئاکار وڕەفتاری سیاسیی دوکتور قاسملوو، دەکەوێتە خانەی چ جۆر فەرهەنگی سیاسییەک؟

## مێتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، لە مێتۆدی گراندد تیۆری[٢٣] کەڵک وەردەگرێ. ئامانجی مێتۆدی گراندد تیۆری، دەربازبوون لە گێڕانەوە و پێناسەکردن و هەوڵدانە بۆدۆزینەوە و سازکردنی یەک تیۆری(کرسول:٨٥، ١٣٩٦). لەم توێژینەوەیەشدا بە کۆکردنەوەی دەیتاکان لە ڕێگای شێوازی کتێبخانەییەوە و شیکاریی کۆی نووسراوەو و تارەکانی د. قاسملوو کە لە توێی دوو بەرگی تاقگەی هەقیقەتدا کۆ کراونەتەوە، هەوڵ دەدرێ جۆری فەرهەنگی سیاسی لە هزر و ئەندێشەی دوکتور قاسملوودا بناسرێ و بخرێتە ڕوو.

پێکهاتەی سەرەکیی شیکاریی دەیتاکان لە گراندد تیۆریدا، لەسەر بنەمای سێ جۆر کۆددانان[٢٤] دامەزراوە: **١** کۆددانانی کراوە[٢٥] **٢** کۆددانانی تەوەری[٢٦] **٣** کۆددانانی هەڵبژێری[٢٧].

له قۆناغی کۆددانانی کراوەدا، چەمک، واتا، مەبەست و کاتاگۆرییەکان دەستنیشان دەکرێن و خسڵەت و تایبەتمەندییە سەرەکییەکان دەدۆزرێنەوە. لە قۆناغی دووهەمدا واتا کۆددانانی تەوەری، کاتاگۆرییەوکان بە پێی تایبەتمەندییەکانیان پێکەوە دەبەسترێنەوە و لە قۆناغی سێهەمیشدا واتا کۆددانانی هەڵبژێری، کاتاگۆرییەکان دەپاڵێورێن وبە ڕێکخستنیان تیۆرییەک ساز دەکرێ.

بە هۆی ئەوەی لە توێژینەوەی کەیفیدا گرینگ جێی باوەڕییە[۲۸] نەک بەردەوامی[۲۹]، لێرەدا، گرینگی بە جێ باوەڕی دراوە، واتا دڵنیا بوون لەوەی ئەو بابەتەی توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە، بە دروستی شی کراوەتەوە. لەم توێژنەوەیەدا هەوڵ دراوە لە ڕێگای تەکنیکی چەندرەهەندی کردنەوە[۳۰]، متمانەکردن بە دۆزراوەکان پەتوتر بکرێ و ئاکامی لێکۆڵینەوە، ببێتە جێی باوەڕی توێژەر و خوێنەر. تەکنیکی چەندرەهەندی کردن واتا کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک مێتۆد، تیۆری، ڕوانگە، توێژەر و سەرچاوەی زانیاریی جۆراوجۆر(محمدپور، ۶۹:۱۳۸۹). بۆئەوەی توێژەر، دڵنیابێ بابەتی بەردەست خۆیەتی کە لێی دەکۆڵێتەوە، ڕوانگەی چەند ڕەهەندیی هەڵبژاردووە و هەوڵی داوە کە لە تیۆریگەلی جۆراوجۆر و سەرچاوەگەلی جێبڕوا کەڵک وەرگری. هەروەها، توێژەر بۆ بەهێز کردنی جێ باوەڕی، بەردەوام بە ڕوانگە و دۆزراوەکانی خۆیدا چۆتەوە و هەوڵی داوە متمانە بە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و دۆزراوەکانی بەرز کاتەوە.

## ڕەوتی چەمکسازی
### ۱-کۆددانانی کراوە:

پێویستە بڵێین، چوونکە یەکەی لێکۆڵینەوە لێرەدا، «ڕستە»یە. واتا ئەو ڕستانەیە کە خاوەنی چەمک و واتای فەرهەنگی سیاسیین، سەرەتا لە قۆناغی یەکەمدا، کۆی وتار و بابەتەکان لە بەرگی یەک و دووی تاقگەی هەقیقەتدا خوێندرانەوە و ئەم ڕستانەی کە واتای فەرهەنگی سیاسییان هەبوو، جیا کراونەوە. لەم قۆناغەدا بە هەستیارییەکی تەواو، واتا و مەبەستی ڕستەکان دۆزرانەتەوە و دواتر بە بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر لە سەر بنەمای وێکچوون و جیاوازی، پۆلێن کراون و هەر بەوپێیەش نێویکیان بۆ دیاری کراوە. وردە وردە پاش لەپەنایەکدانانیان لابردنی هێندێکیان، دەستەکان لە ۸ ئاقاردا پۆلێن کران. لە ئاکامدا ۲۶۰ چەمک دۆزرانەوە کە هەڵگری واتای فەرهەنگی سیاسی بوون، هەروەها ۶۷ وردە دەستە و ۳۱ دەستەی سەرەکی وەدەست هاتن کە کورتەی ئەم کارە لە دوو خشتەی ژمارە (۱) و (۲)دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (۱): ژمارەی چەمکەکان، دەستە ورد و سەرەکییەکان لە هەشت ئاقاردا**

| | ئاقار | ژمارەی چەمکەکان | ژمارەی وردە دەستەکان | ژمارەی دەستە سەرەکییەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕوانگە بۆ جۆری سیستەمی سیاسی | 46 | 12 | 5 |
| 2 | ڕێز گرتن لە بیرورای جیاواز | 36 | 10 | 4 |
| 3 | ڕوانگە بۆ تاک | 40 | 8 | 4 |
| 4 | چالاکیی سیاسی | 38 | 8 | 4 |
| 5 | ڕوانگە بۆ جنسییەت | 20 | 7 | 3 |
| 6 | گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی | 31 | 9 | 4 |
| 7 | ڕوانگە بۆ دادپەروەری | 27 | 6 | 4 |
| 8 | زانیاریی سیاسی | 22 | 7 | 3 |
| | کۆ | 260 | 67 | 31 |

**خشتەی ژمارە (٢): دەستە سەرەکییەکانی وەدەست هاتوو لە ئەندێشەی د. قاسملوودا**

| ئاقار | ورده دەستەکان | دەستە سەرەکییەکان |
|---|---|---|
| ڕوانگە بۆ جۆری سیستەمی سیاسی | ١-ئابووریی دەوڵەتی<br>٢-هەڵبژاردنی ئازاد<br>٣-فرە حیزبی<br>٤-سێکۆلاریسم<br>٥- دەسەڵاتداریی دەستەجەمعی | دێموکراسیی کۆمەڵایەتی |
| ڕێز گرتن لە بیروڕای جیاواز | ١-تۆلێرانسی ئایینی، سیاسی و نەژادی<br>٢-ئازادیی چاپەمەنی<br>٣-ڕێزدانان بۆ دژبەران<br>٤-بڕوا بە ئاشتی و دیالۆگ | تۆلێرانسی کۆمەڵایەتی - سیاسی |
| ڕوانگە بۆ تاک | ١- ئازادیی ڕادەربڕین<br>٢- ڕێز دانان بۆ هەڵبژاردنی جۆری ژیان<br>٣- ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی تاک<br>٤-پێداگری لە سەر داهێنەر بوون | ئازادیی تاکەکەسی |
| چالاکیی سیاسی | ١-خەباتی چەکداری، سیاسی و کۆمەلایەتی<br>٢-پێشێل نەکردنی مافی مرۆڤ<br>٣-باوەڕ بە کاری ڕێکخراوەیی<br>٤-چالاکیی تەبلیغی | چالاکیی شۆڕشگێرانە و مرۆڤ تەوەرانە |
| ڕوانگە بۆ جنسییەت | ١-لایەنگری لە بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا<br>٢- دانانی مافی جیابوونەوە (تەلاق) بۆ ژنان<br>٣- دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ | بەرابەریی ژن و پیاو |
| گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەلایەتی | ١- لایەنگری لە گۆڕینی پێهکاتەی کۆمەڵگا<br>٢- کردەی پێشکەوتنخوازانە<br>٣-هەوڵ دان بۆ ڕووخاندنی سیستەمی سیاسیی زاڵ<br>٤- دژایەتی لەگەڵ داب و نەریتی کۆن | گۆڕانکاریی بنچینەیی |
| ڕوانگە بۆ دادپەروەری | ١-دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە چەوسانەوەیەک<br>٢-لایەنگری لە بەرابەریی چینایەتی<br>٣-دانانی کار وەک پێوەری ئیمتیاز<br>٤-لایەنگری لە کاری هەرەوەزی و بە کۆمەڵ | دادپەروەریی کۆمەڵایەتی |
| زانیاریی سیاسی | ١-پێداگری لەسەر بردنەسەری زانیاریی سیاسیی تاکەکان<br>٢-گرینگیدان بە خوێندن و خوێنەوە<br>٣-گرنگیدان بە زانکۆ و قوتابخانە | وشیاریی سیاسی |

## ٢-کۆددانانی تەوەری:

ڕەوتـــی پێکەوە بەســـتنەوە و لێـــک گرێدانی دەستەکان بە وردە دەســـتەکان، پێی دەوترێ کۆددانانـــی تەوەری؛چونکە لە دەوروبەری یەک دەســـتە، کاری کۆددانان دەکرێ و دەستەکان لـــە ڕووی تایبەتمەنـــدی و ڕەهەندەکانیانـــەوە پێکـــەوە دەلکێندرێن(اســـتراوس و کوربیـــن، ١٤٥:١٣٩٤). لەم قۆناغـــەدا هەوڵمان داوە، ئەم چەمک و دەســـتانەی لە قۆناغی یەکەمدا کاری کۆددانانیان بۆ کرابوو، دیسان بەکەڵک وەرگرتن لە مۆدێلی پاڕادایمی، سەر لە نوێ لە پەیوەندی لە تەک یـــەکا بخوێنینەوە و لەســـەر بنەمای دوو ئەسڵی «پرسیار» و «بەراوردکردن»، دیسان دەستەبەندییان بکەینەوە. بەم چەشنە مۆدێلی پاڕادایمـــی وەدەســـت هات کەبەم شـــێوەیەی خوارەوەیە:

## هەلومەرجی خوڵقێنەری دەستەی ناوەندی لە مۆدێلی پاڕادایمیدا:

لەم پەیوەندییەدا دەکـــرێ بڵێین بەهۆی ئەوەی کـــە د. قاســـملوو خوێندنی باڵای هەبـــووە و لە زانکۆکانی ئورووپا دەرســـی خوێندووە، بە تەواوی

**مۆدێلی پاڕادایمیی فەرهەنگی سیاسیی د. قاسملوو**



کەوتووەتە ژێر کاریگەریی « پەروەردەی مۆدێرن»؛ پەروەردەی مۆدێرنیش بە گشـتی باس و بابەتی پێشکەوتوو و دیمۆکراتیکی تێدایە و پشووودرێژی و تۆلێرانـس لە مرۆڤدا بەهێز دەکا. سیسـتەمی پـەروەردەی مۆدێـرن و پێشـکەوتوو، دەتوانێ ئاوەزمەندی و بەرەوپێشـچوون لە تاکدا بەهێزکا. لە ئاکامدا ئەم سیسـتەمە متمانە، یاسـامەندی، داهاتووبینی، چارەسـەریی ئاشـتییانە و هەستی کێبرکێی سـالم لە تاکەکاندا دروست دەکا و بەم چەشـنە ڕێگا بۆ دەرکەوتنی فەرهەنگی سیاسیی دیموکراتیک خۆش دەکا(سریع القلم، ۱۳۸۹:۸). بەم شـێوەیە دەردەکەوێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی هەبوونی فەرهەنگی سیاسـیی دیمۆکراتیک لە د. قاسملوودا، ئەم خوێندنە مۆدێرنە بوو کە ئاماژەمان پـێ کرد. جگە لەمە، ژیان و خوێندن لە وڵاتانی سۆسیالیسـتی وسـەرمایەداری، ئەو دەرەتانەی بۆ د. قاسـملوو خوڵقاند کە کـەم و کوڕییەکانی هەردووکیان ببینێ. لە کورتە باسدا دەڵێ: «ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بنەڕەتـی سۆسـیالیزمە»(تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەک: ۲۰). لە درێژەدا دەڵێ: بەڵام لە دیموکراسیی سیاسـیدا سـەرمایەداری باشـترە»(هەمان، ۳۷). بەم شـێوەیە، بە وردبوونـەوە و تێرامان لەم دوو سیسـتەمە، بە هۆی کەسایەتییەکی ڕەخنەگرانە کە بووی، لایەنـە ئەرێنییەکانی هەردووکیانی بۆ گرینگ دەبێ. هەروەها د. قاسـملوو بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشەکانی پێشووی گەلی کورد، تێگەیشتبوو کـە یەکێک لـە هۆکارەکانی شکسـت هێنانی ئەم شۆڕشـانە تاک پەرەسـتی و بەسـتراوەیی بە یەک کەسـەوە بووە، هەر بۆیـە هەوڵی دەدا ڕێبەریـی دەسـتەجەمعی و دیموکراتیـک لـە حیزبدا جێگیر بکا و کۆتایی بە سیسـتەمی تاکە ڕێبـەری و نادیموکراتیک بێنێ و دیموکراسـیی لە هەموو شـتێک پێ گرینگتر بـێ و بڕوای وا بێ کـە: «هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسـی نابێ بچێتە ژێر سـێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتـی چینایەتی»(هەمان، ۶۶). کۆی ئەوانە هەلومەرجێکـی وایان خوڵقاند کە د. قاسـملوو بەرەو فەرهەنگێکی سیاسـیی دیمۆکراتیک هان بدەن.

## بەستێن

بەهۆی ئەوەی کە شوێنی ژیانی د. قاسملوو لە ناوچەی ورمێ و موکریان بووە و لەم شوێنەش دوو شۆڕشی سمکۆ و کۆماری کوردستان ڕوویان داوە، دەکرێ بڵێین ئەم ڕووداوانە کاریگەرییان هەبـووە لە سـەر هەڵوێسـتی ئـەو بەرانبەر بـە فەرهەنگی سیاسـی، بەتایبـەت کۆماری کوردستان کە کۆمەڵێک بەها و نۆرمی سیاسیی پێشـکەوتوو و دیموکراتیکی وەک سیستەمی کۆماری، ئازادیی بیـروڕا، مافی چارەنووس و... هێنایـە نێو کۆمەڵگای کـوردی، ئەمانە وێڕای ژیـان و خوێندن لـە ئورووپـا وەک مەکۆی بیروباوەڕی مۆدێرن و دیموکرات، کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی «کۆمەڵگەوەرگریی سیاسی[۳۱]»ی د. قاسـملوو داناوە و هزر و ئەندێشەی ئەویان بەرەو دیموکراسی هان داوە.

## دیاردە(جۆری فەرهەنگی سیاسی)

دیـاردەکان، ئیدەگەلی ناوەندی لە دەیتاکاندان کە لە شکلی چەمکدا خۆیان دەنوێنن(اشتراوس و کوربین، ۱۳۹۴: ۱۲۳). بە خوێندنەوەی بەرهەم، وتار، لێدوان و نووسراوەکانی د. قاسملوو، بۆمان دەردەکەوێ کە فەرهەنگی سیاسیی د. قاسملوو بە تـەواوی لەگەڵ هیچ یەک لەو جۆرانەی کە پێشتر بیرمەندان بۆ فەرهەنگی سیاسی دایانناوە ناگونجـێ، بەڵکوو؛ لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هـۆکار، خاوەنی جۆرێکی تایبەتە لە فەرهەنگی سیاسی کە لە درێژەدا باسی دەکەین.

لە ئاقاری «جۆری سیسـتەمی سیاسی»دا، مارک تیسـلێر پێی وایە بەشـداریی مەدەنی، یەکێکە لـە پێوەرەکانی فەرهەنگی سیاسـیی دیموکراتیـک و بەشـداریی مەدەنـی، هێز و توانایی بۆ شارۆمەندانی دیموکراتیک بە دیاری دێنێ و ئاستی متمانە بۆ بەشداری لە سیاسەتدا دەباتە سەرێ(تیسلێر و ئیلارنۆ، ۲۰۰۹: ۲۰۷-۱۹۷).

لەم پەیوەندییەدا د. قاسملوو لە کورتە باسدا بە روونی ئاماژە بە ڕوانگەی خۆی بۆ ئەم پرسە دەکا و پێی وایە دەبێ دەسەڵاتدار لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ و خەڵک بۆخۆیان بەسەر خۆیاندا حکوومەت بکەن. تەنانەت سۆسیالیزمیش وەک ئامانجی دوارۆژ هەر دەبێ بەم جۆرە دابمەزرێ و دەڵێ: «ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە دێموکراتیک بێ. ئەوە هەم بەمانای کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و هەم بەمانای کەڵک ورگرتن لە ئازادیی فەردی و سیاسی و بەشداری کردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدایە»(تاقگەی حەقیقەت:بەرگی ١:٤٣-٤٤). هەر لەو پەیوەندییەدا باوەڕی بە سیکۆلاریزمە و پێی وایە:»دەبێ ئایین لە سیاسەت جیا بکرێتەوە و حدکا بە گشتی بە حیزبێکی لاییک دەناسێنێ. لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئێگێن لە ساڵی ١٩٨٧دا دەڵێ: « بە گشتی [حدکا] حیزبێکی لاییکە و لە ڕێبەرایەتییەکەیدا ئەفرادی مەزهەبی و مارکسیست هەن»(تاقگەی حەقیقەت بەرگی ٢:١١٠). بەم چەشنە د. قاسملوو بە تەواوی لایەنگری لە سیستەمێکی دێموکراتیک دەکا و دێموکراسی بە چاکترین سیستەم بۆبەڕێبەردنی وڵات دەزانێ.

ئاقاری ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز: یەکێک لە پێوەرە سەرەکییەکانی فەرهەنگی سیاسیی دێموکراتیک، نەرم و نیانی، پشوودرێژی و پێکەوەحاوانەوەیە. بوونی ئەم خەسڵەتانە لە نێو بیر و زەینی شارۆمەنداندا دێمۆکراسی کارامەتر دەکا، بە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی پێویستی بە خەڵکانێک هەیە کە هەم وەک یەک مافی ڕادەربڕینیان هەبێ وهەم بۆ کێبڕکێی سیاسی وگۆڕینەوەی بیروڕا پشوودرێژییان لە هەمبەر ڕوانگەگەلی جیاواز هەبێ. چونکە بەبێ ڕێزدانان بۆ مافی لایەنگری، باس وخواسی سیاسی، جیاوازیی بیروڕا و دەمەتەقە کردن لەگەڵ یەکتری، شارۆمەندان ناتوان داوای وڵامدانەوە وبەرپرسیاریەتی لە دەسەڵاتداران بکەن. هەر بۆیە، بوونی ئەم مافانە و قەبووڵ کردنیان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، هەتا دێموکراسی لە کۆمەڵگادا دەستەبەر بێ. وتار، نووسراوە، وتوویژ و لێدوانەکانی د. قاسملوو بە روونی دەریدەخەن کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا هەبووە وئەم مافانەی بۆ ئەندامانی حیزب وکۆمەڵگا بە ڕەوا بینیوە و ڕێزی لێ گرتوون. یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجوود وشەخسی ستالین هەر ئەوە بوو، چونکە پێی وابوو جیاوازیی بیروڕا دەسرنەوە(تاقگەی حەقیقەت، بەرگی یەک:٣٣).

هەروەها د. قاسملوو دژی خۆسەپاندن و سڕینەوە بوو، مەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگای بە بوونی هەمووان و ڕێگە پێدان بە خەڵک دەزانێ کە خۆیان هەڵبژێرن و ڕادەربڕن. لە وتوووێژ لەگەڵ «عاتفە گرگین»دا دەڵێ: بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات نابێ هەوڵ بدرێ بە مەبەستی داسەپاندنی زۆرداری و تەکرەوی، ئەبێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە خۆسەپاندن لە بەرەدا قەبووڵ ناکەین(تاقگەی حقیقەت:بەرگی ٢:٥٩). لە ئاستی کوردستانیشدا، پێی وایە کوردستان مڵکی هیچ کەس نییە وهیچ لایەنێک بەهیچ بیانوویەک مافی سڕینەوەی ئەویتری نیە. سەبارەت بەم پرسە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵە کە خۆیان بە تاکە هێزی شۆڕشگێر و ئەوانیتریان بە نوێنەری بۆرژۆوازی دەزانی و پێیان وابوو جگە لە خۆیان کەس شۆڕشگێر نیە، دەڵێ: هیچیشمان لە کۆمەڵە ناوێ بێجگە لەوە ئەوە بسەلمێنن کە حدکا جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانەیە(تاقگەی حەقیقەت بەرگی ٢:٤٤). لێرەدا مەبەستی د. قاسملوو ئەوەنییە کە بڵێ تەنیا حیزبەکەی ئەو، مافی ڕێبەرایەتی کردنی جووڵانەوەی کوردیان هەیە، بە پێچەوانەوە، مەبەستی ئەوەیە کە چەندین هێز هەن کە جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانە ڕێبەری دەکەن، یەک لەوان حدکایە و دەبێ کۆمەڵە قەبووڵی بکا. ئەوەش ئەوپەڕی قەبووڵ کردنی دژبەران و فرەییخوازی

لە کوردستاندایە و هەر بۆیە لەم ئاقارەدا، د. قاسملوو لایەنگری تۆلێرانس و پلۆرالیزمی سیاسییە کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی فەرهەنگی سیاسیی دیمۆکراتیکە.

لە ئاقاری «ڕوانگە بۆ تاک، د. قاسملوو داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین وچاپەمەنی دەکا. پێی وایە مرۆڤ مافی هەڵبژاردنی ژیانی خۆی بە شێوەیەکی ئازادی هەیە، بۆیە دەیگوت کە: «ئینسان دەبێ لە حاڵەتی کۆیلە بێتە دەرێ»(تاقگەی حەقیقەت. بەرگی ١-٦٦) و سەربەخۆیانە بتوانێ لە مەرچارەنووسی خۆی بڕیار بدا. تەنانەت تا ئەو رادەیە باوەڕی بە ئازادیی تاک هەبوو کە ئامادە نەبوو لەسەر چارەنووس و ژیانی بەرەکانی داهاتووقسە بکا، چونکە ئەوەی بە مافی ئەوان دەزانی(تاقگەی حەقیقەت بەرگی ٢-٣٥). بەم شێوەیە د. قاسملوو بەتەواوی لایەنگری ئازادییە تاککەسییەکان بوو و پێی وابوو نابێ دەسەڵات و دەسەڵاتدار ئەم ئازادییانە سنووردار کەن یان دەستێوەردان لە ژیانی شەخسیی خەڵکدا بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ «چالاکیی سیاسی»دا، بڕوای بە کاری ڕێکخراوەیی و بەکۆمەڵ هەبوو و بۆ دەستەبەرکردنی مافی ڕەوا، خەباتی چەکداریی وەکوو دوایین ڕێگا دژی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردبوو، تەنانەت پێی وابووەبێ ئەم خەباتەش سنووردار بکردرێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ڕەوا، بەهیچ چەشنێک نابێ کەڵک لە ئامرازی نارەوا وەربگیرێ وباوەڕی وابوو کە: «هێرش کردنە سەر خەڵک بە هیچ شێوەیەک پاساو ناکرێن»(تاقگەی حەقیقەت، بەرگی ٢:١٧). بەم چەشنە تیرۆریزمی بە تەواوی ڕەد دەکردەوە و لایەنگری چالاکیی سیاسیی شۆڕشگێڕانە بە مەرجی ڕەچاو کردنی مافی مرۆڤ بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ «ڕوانگە بۆ ڕەگەزێتی»، بەڕای تیسلێر، بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی دەبێ ئەو کەندوکۆسپە کۆمەڵایەتییانە لابردرێن کە ناهێڵن ژنان ببن بە شارۆمەندانی تەواو.

د. قاسملووش، لەم پەیوەندییەدا، خوازیاری بەشداریی ژنان وەک پیاوان و وێڕای ئەوان لە کۆمەڵگادا بوو و پێی وابوو»هەرچی ئەوان زیاتر لە خەبات و کۆمەڵگادا بەشداربن، زیاتر کۆمەڵگا بەرەو پێش دەچێ(تاقگەی حەقیقەت بەرگی ١:١٤٢) . د. قاسملوو دژی حیجابی زۆرەملێ بوو و خوازیاری لەبەرچاوگرتنی مافی جودابوونەوە (تەڵاق) بۆ ژنان بوو(تاقگەی حەقیقەت بەرگی ٢:٦٢) و پێی وابوو لە بەڕێوبەرایەتیی حیزبیشدا دەبێ زیاتر بەشدارییان پێ بکرێ. بەم چەشنە د. قاسملوو باوەڕی تەواوی بە «بەرابەریی نێوان ژن وپیاو» هەبوو.

لە پێوەندی لەگەڵ « ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی»دا، ڕوانگەیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانەی هەبوو و پێی وابوو دەبێ پێکهاتەی کۆمەڵگا بەگشتی بگۆڕدرێ و سیستەمێکی سۆسیالیستی لە جێی دابمەزرێ و دەیگووت:»حدکا نیشانیدا شۆڕشگێرە و بەرنامەی سوسیالیستیی هەیە»(تاقگەی هەقیقەت، بەرگی ١:٧٠). هەروەها دژی کۆنە پەرەستی و چەقبەستوویی بوو و لە سەر ئەو بڕوایە بوو هەموو شتێک پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە و تەنانەت زانستیشی بە دۆگم نەدەزانی(هەمان، ٧٧). لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیشدا، باوەڕی بە ڕیفۆرم وچاکسازی نەبوو و خوازیاری ڕووخاندنی بوو. بەم شێوەیە د. قاسملوو سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، سیاسەتێکی دەستە چەپی و ڕادیکاڵی هەبوو و خوازیاری گۆڕانکاریی بنچینەیی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستان، ئێران و جیهان بوو.

لەمەڕ» دادپەروەریی کۆمەڵایەتی»، جگە لە کێشەی مافی نەتەوایەتی، کێشەی کۆمەڵایەتی وچینایەتیی لە بەر چاو بوو و دژی هەرجۆرە چەوساندنەوە و هەڵاواردنێک بوو. بە پەیرەوی لە مارکس پێی وابوو تەنیا شتێک کە دەبێ ببێتە پێوەری جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان «کار»ە و بە ڕاشکاوی دەڵێ کۆمەڵگایەکمان دەوێ کە لەوێدا «تەنیا کار ببێتە معیار» (هەمان، ٢٥) . لە ژیانی

سیاسیی خۆیدا، لە گۆڕەپانی کردەشدا یەکێک لە هەوڵەکانی لەم ڕاستایەدا «دابەشکردنی زەوی و زار لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئەساسی بە قازنجی وەرزێران وهەژاران» بوو(تاقگەی هەقیقەت، بەرگی ٢٨:٢). ئەم زەوییانەی کە حیزب لەژێر ڕێنوێنیی ئەودا دابەشی کردن، ئێستا پێی دەڵێن«زەویی ڕەشایی». بەم جۆرە دوکتور قاسملوو لایەنگری تەواوی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بووە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئاقاری « زانیاریی سیاسی»دا، گرینگییەکی تایبەتی بە خوێندن و خوێندنەوە، قوتابخانە و زانکۆ دەدا و هەموو کات کادر و پێشمەرگەی بۆ بردنەسەری ئاستی زانیاری و تێگەیشتوویی سیاسی هان دەدا وپێی وابوو «مەسەلەی زۆر گرینگ لە کاروباری پێشمەرگانەدا بردنە سەری پلەی زانستی سیاسیی پێشمەرگەکانە»(تاقگەی حەقیقەت، بەرگی ١:٢٨٥).

## هەلومەرجی یاریدەدەر

لەم پەیوەندییەدا دەتوانین چوار هۆ وەک هۆکاری یارمەتیدەر دەستنیشان بکەین کە د. قاسملوویان هان داوە بۆ ئەوەی ببێتە کەسایەتییەکی خاوەن فەرهەنگی سیاسیی تایبەت بە خۆی کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

یەکەم هۆکار هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ سەر چێکسلۆڤاکی و لەنێو بردنی ئازادییە سیاسییەکانی خەڵک بوو. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی د. قاسملوو بەتەواوی بەسەر هەڵوێست و بیروڕای خۆی سەبارەت بە سۆسیالیسمدا بچێتەوە و خوازیاری دیمۆکراتیزەکردنی سۆسیالیسم بێ کە ئاکامەکەشی بوو بە سوسیالیزمی دیمۆکراتیک کە لە کورتەباسدا خستییە ڕوو. دووهەمین هۆکار پەیوەندیی بەهێز و بەرین لەگەڵ ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان لە تەواوی ئورووپا، ئێران و ناوچە بوو کە بووە هۆی ئەوەی د. قاسملوو کەسایەتییەکی کراوەی هەبێ. سێهەم هۆکار تێڕوانینی ڕەخنەگرانە لە شۆڕشەکانی پێشووی کوردبوو کە هێنابوویە سەر ئەو بڕوایەی، یەکێک لە هۆکارەکانی بە ئاکام نەگەیشتنیان، داخراوی و سیستەمی تاک سەرکردەیی ئەوان بوو. دوایین هۆکاری یاریدەدەر لەم پەیوەندییەدا، شارەزابوون لەگەڵ چەند زمانی زیندوویدنیا بوو کە ڕێگایان بۆ دوکتور قاسملوو خۆش کردبوو دیدێکی زۆر فەرەوان و ڕوانگەیەکی کراوە و ڕەخنەگرانەی هەبێ و بە جێی ڕەهابینی وتاک ڕەهەندی بوون، بە شێوەی ڕێژەیی و چەند ڕەهەندی بڕوانێتە دیاردەکان. کۆی ئەم هەلومەرج و هۆکارانە یاریدەی د. قاسملوویان دابوو کە ببێتە خاوەن فەرهەنگێکی سیاسیی تایبەت بە خۆی.

## ستراتیژییە ئاریکارەکان

ستراتیژییە ئاریکارەکان لە گراندد تیۆریدا، کۆمەڵێک کرداری مەبەستدار و عەمەلین کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک ئەنجام دەدرێن و بە ئەنجامدانیان دیاردەیەک ساز دەبێ(استراوس و کوربین، ١٣٩٤:١٥٥). د. قاسملوو لە ئاقاری «جۆری سیستەمی سیاسی» و دەسەڵاتدارێتیدا، لەنێو حیزبی دێموکراتدا هەوڵی دەدا لە میکانیزمی ڕیبەریی دەستەجەمعی کەڵک وەرگرێ؛ لە ئاستی کوردستانیشدا، ئایینی لە سیاسەت دوور خستبۆوە و هەوڵی دەدا هەموان هەم لە حیزب و هەم لە کوردستاندا لە ڕووی سیاسییەوە بەشدار بکا. لە ئاقاری «جیاوازیی بیروڕا»دا ڕەفتارێکی کراوە و نەرم و نیانی لە هەمبەر دژبەرانی هەبوو و ڕێزی لە جۆراوجۆریەتی و جیاوازیی سیاسی، ئایینی، کەلتووری و تاکە کەسی دەگرت. لە ئاقاری»ڕوانگە بۆ تاک»دا، پێداگریی لەسەر مافی تاکەکەسی دەکرد و ئیزنی ڕادەربڕینی ئازادانەی لە نێو حیزب و کۆمەڵگا بە تاکەکان دەدا. لە پێوەندی لەگەڵ ئاقاری «چالاکیی سیاسی»، خەباتی چەکداری و ڕێکخراوەیی بە دوور لە کردەی تیرۆریستیی ڕەچاو دەکرد؛ لە مەڕ «ڕوانگە بۆ ڕەگەزێتی»، هەوڵی دەدا ژنان

بە عەمەلی لە نێو حیزب و کۆمەڵگادا بەشـــدار بکا. لـــە ئاقاری» ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی»دا، پلان و بەرنامەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی بۆ گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵـــگا هەبوو. لە مەڕ «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی»، د. قاســـملوو دژی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک بوو و لە پەیوەندی لەگەڵ «زانیاریی سیاسی»دا، هەم خۆی بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بـــوو و هەمیش ئەندامانی حیزبی بـــۆ خوێندن و خوێندنـــەوە هان دەدا. ئەمانە کۆمەڵێک ڕێکار و ســـتراتیژی بوون کە د. قاســـملوو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو فەرهەنگە سیاسییەی پێی باوەڕمەند بوو، ڕەچاوی دەکرد.

## دەرکەوتە و ئاکامی دەکارکردنی ستراتیژییەکان

دەکارکردنی هەر ستراتیژییە، دەرکەوتە و ئاکامی تایبەت بەخۆی هەیە. لێرەدا دەرکەوتەکانی ئەم ســـتراتێژییانە دەخەینە ڕوو کەد. قاســـملوو لە ژیان و خەباتی خۆیدا ڕەچاوی دەکرد.

ڕێـــکاری ڕەفتاریی نەرم ونیانانە لە هەمبەر دژبـــەران، بـــووە هۆی ئـــەوەی تۆلێرانســـی کۆمەڵایەتی و سیاســـی لە کوردســـتاندا پەرە بســـتێنێ و مێکانیزمـــی پێکـــەوە حاوانـــەوە گەشـــە بکا. هەڵبژاردنی ســـتراتێژی ڕێبەریی دەســـتەجەمعی لە حیزبدا تـــا ڕادەیەکی زۆر سیستەمی دەســـەڵاتداریتیی کۆن و نەریتیی وە لەرزین خست؛ لە ڕاســـتیدا سەرەتای لاواز بوونی دەســـەڵاتداریتیی نەریتی لە کۆمەڵگای کوردســـتاندا کاتێکـــە کە د. قاســـملوو دەبێتە بەرپرســـی یەکەمـــی بزووتنـــەوەی کـــورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان. ڕێگەدان بە دەربڕینی بیروڕا لە نێو حیزب و کۆمەڵگا لە لایەن ئەوەوە، پێویســـتیی بوونـــی ئازادیی تاکە کەســـێی لە کوردستاندا ورووژاند و هەر سێ ڕێبازی ئایینیی چەقبەســـتوو، ناسیۆنالیســـمی بەرچاوتەنگ و کۆمۆنیســـمی پاوانخوازی لـــە ڕووی هزرییەوە تووشی کێشە کرد. ڕێگەدان بە کەسانی ئایینی، ناسیۆنالیســـت وچەپ بۆ ئەندامێتی لە حیزبدا لە لایەک و پێناســـەکردنی پانتایی سیاســـیی کوردســـتان وەک مافـــی چەندیـــن حیزب و لایـــەن، دەرکەوتەکەی بڕەودانی پلۆرالیســـمی سیاســـی بوو کە مارک تیســـلێر بە یەکێک لە نیشـــانەکانی فەرهەنگی سیاسیی دیمۆکراتیکی دەزانی. هەڵبژاردنی ڕێکاری چالاکیی چەکداری و لەهەمان کاتدا مـــرۆڤ تەوەرانە، ئاکامەکەی کـــردەوەی ناتیرۆریســـتی و شۆشـــگێڕانەبوو. جیاکردنـــەوەی ئاییـــن لە سیاســـەتی حیزبی ودەسەڵاتدارێتیدا، دەرکەوتەکەی سێکۆلاریسم و پاشەکشەکردنی ئایین لە پانتاییی کۆمەڵگادا وخزاندنی بـــۆ نێو هەرێمـــی تایبەتی تاکەکان بوو. ڕێکاری بەشـــداری پێ کردنی هەموو چین وتوێـــژەکان لە ئیدارەی کوردســـتان و حیزبدا، متمانەی سیاســـیی تاکی کورد بە سیســـتەمی سیاســـیی بەرز کردبۆوە. حاشـــای لێ ناکرێ کە لە سەردەمی سەرکردایەتی کردنی دوکتور قاســـملوودا، متمانەیەکـــی زۆر بـــە حیـــزب و بڕیارەکانی هەبـــوو. ڕێکاری هاندانـــی ژنان بۆ بەشـــداری لە خەباتدا، ئاکامەکەی ورووژاندنی پرسی بەرابەریی نێوان ژن و پیاو بوو. هەروەها، هەوڵدان بـــۆ گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کاری فەرهەنگـــی و پلانی ئابوورییەوە، دەیتوانی لە درێژماوەدا، کۆمەڵگای کوردســـتان تووشی گۆڕانی بنچینەیەیی بکا و بەتەما بوو لە داهاتوودا کۆمەڵگایەک دامەزرێنێ کە ســـتەمی چینایەتیـــی تێـــدا نەبێ. لە کۆتاییـــدا لە ڕێی هاندانـــی خەڵک بۆ بۆ خوێندن و خوێندنەوەوە، دەیویست وشـــیاریی سیاسی و تێگەیشتوویی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵگا بەرێتە سەرێ.

## کۆبەندی و خستنەڕووی تیۆری

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیـــە، بۆمان دەردەکەوێ کە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی- سیاسیی شوێنی ژیانـــی د. قاســـملوو و بارودۆخـــی ئـــەو کاتی کوردســـتان، ئێران، ناوچە وجیهان و هەروەها لـــە ژێر کاریگەریـــی کۆمەڵێک هـــۆکار وەک: خوێندنی ئاکادیمیک و باڵا، ئەزموونی جیهانی سۆسیالیســـتی وســـەرمایەداری، تیڕوانینـــی

زانستییانە بۆ شۆڕشەکانی ڕابردوو، کەسایەتیی ڕەخنەگرانە؛ ڕووداوی بەهاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨، پەیوەندی لەگەڵ ڕۆشنبیران، ئەزموونی شۆڕشەکانی ڕابردوو و شارەزایی لە گەڵ چەندین زمانی زیندووی دنیا، جۆرێکی تایبەت لە فەرهەنگی سیاسی، لای د. قاسملو شکڵی گرتبوو. تایبەتمەندییەکانی ئەم فەرهەنگە سیاسییە بریتین لە:

١ لایەنگری لە سیستەمێکی سیاسیی دیمۆکراتیک کە مافی تاکەکەسی، مافی نەتەوایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا دەستەبەر بێ.

٢ باوەڕ بە تۆلێرانسی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی کە لە چوارچێوەی ڕەهەندەکانی ڕێزدانان لە جیاوازیی نەژادی، ئایینی و بیر و باوەڕی سیاسی و بڕوا بە دیالۆگ و ئاشتیدا خۆیان دەنوێند.

٣ لایەنگری لە مافی تاکەکەسی لە چوارچێوەی ئەسڵەکانی باوەڕ بە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی هەڵبژاردن و ڕێزدانان بۆ سەربەخۆیی تاک.

٤ چالاکیی سیاسیی شۆڕشگێرانە و مرۆڤ تەوەرانە لە قاڵبی خەباتی چەکداریدا بە مەرجی پێشێل نەکردنی مافی مرۆڤ و بەدوور لە کردەوەی تیرۆریستی.

٥ لایەنگری لە بەرابەریی ژن و پیاو لە ڕێگای باوەڕمەندی بە بەشداری کردنی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی- سیاسی و هەبوونی مافی تەڵاق بۆژنان.

٦ لایەنگری لە گۆڕانکاریی بنچینەیی و پێکهاتەیی لە ڕێگای کارکردن بۆ لابردنی ستەمی چینایەتی، سڕینەوەی داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوو و هەروەها ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا.

٧ باوەڕمەندی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خەبات بۆ لابردنی ستەمی چینایەتی و دانانی پلانی ئابووریی دەوڵەتی و لایەنگری لە کاری هەرەوەزی.

٨ هەبوونی زانیاریی سیاسیی یەکجار بەرز لە خۆیدا و هاندانی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵگا بۆ بردنەسەری ئاستی وشیاری و خوێندەواریی سیاسی و هەوڵ دان بۆ دروست کردنی قوتابخانە و خوێندنگە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە ئاکامی ئەو توێژینەوەیەدا دەستمان کەوت و بەسەرنجدان بە تیۆرییە بەناوبانگەکان لەمەڕ فەرهەنگی سیاسی، بۆمان دەردەکەوێ کە ناتوانین جۆری ئەو فەرهەنگە سیاسییەی لە د. قاسملوودا هەبوو، بخەینە چوارچێوەی هیچ کام لەم جۆرانەی پێشتر دانراون. بەڵام، دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەم تایبەتمەندییانەی کە ئەم بیرمەندانە بۆ فەرهەنگی سیاسیی مۆدێرن و پێشکەوتوو دایانناوە، تێیدا هەیە؛ بۆ نموونە ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئاڵمۆند و وێربا، بۆ فەرهەنگی سیاسیی بەشداریکەرانە دیاریان کردووە لە جۆری فەرهەنگی سیاسیی د. قاسملوودا بەدی دەکرێ؛ یان هێندێک لەو تایبەتمەندییانەی کە ئیلازاربۆ فەرهەنگی سیاسیی ئەخلاقخواز و تاکخواز دیاریی کردووە لە فەرهەنگی سیاسیی د. قاسملوودا دێتە بەرچاو. هەروەها تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی مارک تیسلێر بۆ فەرهەنگی سیاسیی دیمۆکراتیک دیاری کردوون، لە ڕوانگەی د. قاسملوودا وەبەرچاو دەکەوێ؛ بەڵام بەم حاڵەش ناتوانین ئەو فەرهەنگە سیاسییەی د. قاسملوو بڕوای پێی هەبوو و لە عەمەلدا کاری پێ دەکرد، بە تەواوی بخەینە خانەی هیچکام لەم فەرهەنگە سیاسییانە. چونکە ئەگەرچی د. قاسملوو لایەنگری فەرهەنگی سیاسیی بەشداریکەرانە بوو، بەڵام تا ڕادەیەک لەو جۆرەی ئاڵمۆند و وێربا پێناسەی دەکەن جیاوازبوو؛ هەروەها، گەرچی د. قاسملوو لایەنگری فەرهەنگی سیاسیی ئەخلاقخواز و تاکخواز بوو، بەڵام ناتوانین بیخەینە خانەی ئەو فەرهەنگە سیاسییەی ئیلازار باسی دەکا. بێجگە لەوە ئەگەرچی، تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی کە تیسلێر بۆ فەرهەنگی

سیاسیی دێمۆکراتیک دایناون، لە فەرهەنگی سیاسیی د. قاسملوودا بەدی دەکرێن، بەڵام، ناتوانین بیخەینە چوارچێوەی ئەو فەرهەنگە سیاسییە دێموکراتیکەی کە تێسلێر باسی لێ دەکا، چونکە هێندێک تایبەتمەندیی ڕادیکاڵ وەک:شۆڕشگێڕبوون، چالاکیی چەکداری، لایەنگری لە بەرابەریی چینایەتی و پێویستی گۆڕینی بنچینەییی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە فەرهەنگی سیاسیی د. قاسملودا وەبەر چاو دەکەون. ئەمانەش دەمانهێننە سەر ئەو بڕوایەی کە د. قاسملوو خاوەنی فەرهەنگێکی سیاسیی هەم ڕادیکاڵ و هەم دێموکراتیک بوو کە دەتوانین پێی بڵێین: «فەرهەنگی سیاسیی ڕادیکاڵ دێمۆکراتیک».

## ژێدەرەکان

1. Elitism
2.Lucian Pye
3.Gabriel Almond
4.Gabriel Almond and Sidney Verba
5.Parochial political culture
6.Subject political culture
7.Participant political culture
8. Daniel Elazar
9.moralistic
10. individualistic
11. traditionalistic
12.Mark Tessler
13.Support for genderequality
14. Political tolerance
15.Political trust
16. Civic participation
17.Political interest
18.Political knowledge
19. Political pluralism
20. Practical involvement in politics
21.E. B. Taylor
22.David Stone
23.Grounded Theory
24. Coding
25. open coding
26.axial coding
27.selective coding
28.Validity
29.Reliability
30.Triangulation
31-Political socialization

## سەرچاوەکان

قاسملوو، عەبدولرەحمان. تاڤگەی هەقیقەت بەرگی١. کۆکردنە وەی کاوە بەهرامی (سلێمانی:١٣٨٢)

قاسملوو، عەبدولرەحمان. تاڤگەی هەقیقەت بەرگی٢. کۆکردنە وەی کاوە بەهرامی (سلێمانی:١٣٨۴)

استراوس، انسلم؛ کربین، جولیت. مبانی پژوهش کیفی فنون و مراحل تولید نظریه زمینه‌ای. ترجمه ابراهیم افشار (تهران، نشر نی. ١٣٩۴)

بشیریه، حسین. موانع توسعه سیاسی در ایران. (تهران، نشر گام نو، ١٣٨٨)

سریع‌القلم، محمود. فرهنگ سیاسی ایران. (تهران، نشر فروزان روز، ١٣٨٩)

کرسول، جان. پویش کیفی و طرح پژوهش: انتخاب از میان پنج رویکرد (روایت پژوهی، پدیدارشناسی، نظریه داده بنیاد، قوم‌نگاری، مطالعه موردی). ترجمه حسن دانایی‌فرد و سیدحسین کاظمی. ( تهران، انتشارات اشراقی، ١٣٩۶)

گل محمدی، احمد. درآمدی بر تبیین فرهنگی سیاست: نگاهی به رهیافت فرهنگ سیاسی در علم سیاست(فصلنامه پژوهشنامه علوم سیاسی، شماره ۶، ١٣٨۶)

محمدپور، احمد. فراروش: بنیان‌های فلسفی و عملی روش تحقیق ترکیبی در علوم اجتماعی و رفتار(تهران، نشر جامعه‌شناسان، ١٣٨٩).

Almond, Gabriel. A. and Verba, Sidney, the civic culture: political attitudes and democracy in five nations, (New Jersey: prinction university press,1963)

Elazar, Daniel J. American Federalism: A View from the States. (New York: Thomas Y. Crowell Company,1966)

Pye. L. W. Political culture. International Encyclopedia of the Social Sciences, vol. 12, ed. David L. Sills. (New York: Macmillan and Free Press,1968, 218-225)

Tessler, M and  Gao. Democracy and the political culture orientations of ordinary citizens: a typology for the Arab world and beyond ( Published by Blackwell Publishing Ltd,2009)

Tessler,M. What Do Ordinary Citizens in the Arabs World Want: Secular Democracy or Democracy with Islam? (University of Michigan, 2011)

Zoellick, T. Daniel Elazar, Bogus or Brilliant: A Study of Political Culture Across the American States,» Res Publica Journal of Undergraduate Research: Vol. 5 Available (http://digitalcommons.iwu. edu/respublica/vol5/iss1/9,2000)

# چ جۆرە ئاشتییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە بەرژەوەندیی کورددایە؟

ئیدریس ئەحمەدی

چۆنە لە هێندێک ناوچەی دنیادا ئاشتیی سەقامگیر هاتووەتە کایەوە، وەک نموونە لە ئەورووپا، لە کاتێکدا هێندێک ناوچەی دیکە، لەوانە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هێندێک شوێنی ئەفریقا، کێشەی بێکۆتا و شەڕی دووبارە بەرۆکیانی گرتووە؟ ئامانجی ئەم وتارە پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندنی دوو لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ ئەو بابەتە. ئامانجێکی دیکەی وتارەکەبریتییە لە باسکردنی دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

## پوختە

ئامانجــی ئـــەم وتـــارە پێشکەشـــکردن و هەڵســـەنگاندنی دوو لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ شەڕ و بـــە تایبەت ئاشـــتی لە ئاســـتی هەرێمیدا. ئامانجێکـــی دیکـــەی وتارەکـــە بریتییـــە لە باســـکردنی دەرئەنجامـــی ئـــەو لێکۆڵینەوانە لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ مەســـەلەی کورد و هەروەها داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوین. گوزارەی سەرەکیی وتارەکە ئەمەیە: بەرژەوەندیی کورد لە مەیسەربوونی جۆرە ئاشتییەکدایە کە تەنیا بریتی نەبێ لە نەبوونی شەڕ، بەڵکوو هەروەها لـــە ئارادابوونـــی ڕێزگرتن لـــە مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی مەســـەلەی نەتەوایەتی لەخۆ بگـــرێ. ئەوەش بەندە بـــە دێموکراتیزەبوونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەڵبەت لە شکڵی ئەو جۆرە دێموکراســـییەی کە لـــە ڕۆژئاوادا مەوجوودە. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ سەرنجی ئەو ڕاستییە بدەین کە هەلومەرجی نێوخۆیی و هەرێمـــی، وێڕای سیاســـەتی زلهێزان، لەم قۆناغەدا بە قازانجی ئاشتی نین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بە پێچەوانەوە، درێژەکێشانی کێشە و ئەگەری ڕوودانی شـــەڕی دیکە لە ناوچەکەدا زۆرە.



## وشەی کلیلی

شەڕ، ئاشـــتی، ڕۆژهەڵاتی ناوین، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، باشووری ئەمریکا و ڕۆژئاوای ئەورووپا


چۆنە لـــە هێندێک ناوچەی دنیادا ئاشـــتیی ســـەقامگیر هاتووەتە کایـــەوە، وەک نموونە لـــە ئەورووپا، لە کاتێکـــدا هێندێک ناوچەی دیکـــە، لەوانە ڕۆژهەڵاتـــی ناوین و هێندێک شـــوێنی ئەفریقا، کێشـــەی بێکۆتا و شەڕی دووبـــارە بەرۆکیانـــی گرتـــووە؟ ئامانجی ئەم وتارە پێشکەشـــکردن و هەڵســـەنگاندنی دوو لێکۆڵینەوەیـــە لەمەڕ ئەو بابەتـــە. ئامانجێکی دیکـــەی وتارەکەبریتییـــە لـــە باســـکردنی دەرئەنجامی ئـــەو لێکۆڵینەوانە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

لە ســـاڵانی دواییدا، ئێتیل سۆلینگێن[١] و بێنجەمیـــن میلێـــر[٢] بـــە شـــێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵی شیکردنەوەی جیاوازیی نێوان شەڕئامێزی[٣] و ئاشتیەوەریی[٤] ناوچە جۆراوجۆرەکانـــی دنیایـــان داوە.لـــە کاتێکدا ســـۆلینگێن جیاوزی لە دیدی ســـتراتێژیکی نوخبەی سیاســـیدا وەک فاکتەری سەرەکی لە پەیوەندی لەگەڵ شـــەڕئامێزی و ئاشـــتی تەوەریـــی ناوچـــە جۆراوجۆرەکانـــی دنیـــادا بەرجەســـتە دەکاتەوە، میلێر ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت وەک سەرچاوی سەرەکیی شـــەڕ لـــە ئاســـتی هەرێمیـــدا بەرجەســـتە دەکاتـــەوە، هەروەها ســـەبارەت بـــە گوزاری چەند ناوچەیەکی دنیا لە شـــەڕئامێزییەوە بۆ ئاشتی تەوەری، سێ جۆری ئاشتی ـ «ئاشتیی سارد»، «ئاشـــتیی ئاسایی» و «ئاشتیی گەرم» ـ لێک جیا دەکاتەوە و سێ ڕێگای جیاواز بۆ گەیشـــتن بە هەرکام لەو شـــکڵانە لە ئاشتی دەستنیشان دەکا.[٥]

بـــە هۆی ئـــەوەوە کـــە ئامانجـــی هێزە کوردییـــەکان تێکۆشـــانە لە پێناو ئاشـــتی و چارەســـەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد، ئـــەو لێکۆڵینەوانە بایەخـــی تایبەتیان هەیە بۆ مەســـەلەی کـــورد و سیاســـەتی کوردی. هۆیەکەشـــی ئەوەیـــە کە مەســـەلەی کورد سنووردار نییە بە یەک وڵات، بەڵکوو پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی لە چوار وڵاتدا، ئەمەش بە نۆرەی خۆی مەســـەلەی شـــەڕ و ئاشتی لە ئاســـتی هەرێمیدا دەکا بە مەسەڵەگەلێک کە پەیوەندییان بـــە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردەوە هەیە. بۆیە، نـــەک تەنیا لە جێگای خۆیدایە بپرسین کە چۆن ئاشتی دێتە کایەوە، بەڵکوو هەروەها دەبێ بپرسین کە کام جۆری ئاشتیلە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددایە؟

گوزارەی ســـەرەکیی ئەم وتـــارە ئەمەیە: بەرژەوەندیـــی کورد لە مەیســـەربوونی جۆرە

ئاشتییەکدایە کە تەنیا بریتی نەبێ لە نەبوونی شەڕ، بەڵکوو هەروەها لە ئارادابوونی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لەخۆ بگرێ (واتە، «ئاشتیی گەرم»). ئەوەش بەندە بە دیموکراتیزەبوونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەڵبەت لە شکڵی ئەو جۆرە دیموکراسییەی کە لە ڕۆژئاوادا لەئارادایە. لە لایەکی دیکەوە، دەبێ سەرنجی ئەو ڕاستییە بدەین کە هەلومەرجینێوخۆیی و هەرێمی، وێڕاییسیاسەتی زلهێزان لەم قۆناغەدا،بە قازانجی ئاشتی نین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بە پێچەوانەوە، درێژەکێشانی کێشە و ئەگەری ڕوودانی شەڕی دیکە لە ناوچەکەدا زۆرە.

## دیدی ستراتێژیکی نوخبەی سیاسی و شەڕ و ئاشتی

سۆلینگێنرۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەراورد دەکا و دەنووسێ ئەم دوو هەرێمە لە دەیەیی ١٩٥٠ و سەرەتای دەیەیی ١٩٦٠دا، لە زۆر ڕووەوە لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا بوون، کە چی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە، واتە بۆ ماوەی چوار دەیە، شەڕی نێودەوڵەتیی بە خۆیەوە نەبینیووە لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناواین یەکێک لە پرکێشەترین و شەڕئامێزترین ناوچەکانی دنیایە.[۶] بە واتایەکی دیکە، دوو ناوچەی دنیا کە لە قۆناغێکی مێژووییدا هەلومەرجی هاوشێوەیان هەبووە، بە دوو ئاراستەی جیاوازدا چوونەتە پێش. هاوشێوەبوونیان لە لە دەیەی ١٩٥٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا بریتی بووە لە «لەئارادابوونی دیکتاتۆریەتی توند، فرەیەتیی ئێتنیکی، گرفت لە بواری دەوڵەتسازیدا، هەروەها تیوەگلان لە کێشەی بەسەربازیکراودا.»[۷]

وێڕای ڕەخنەگرتن لە دوو تیۆریی باوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، واتە ڕیالیزمو لیبراڵیزمو ڕەدکردنەوەی ئەو بۆچوونانە کە جیاوازیی نێوان شەڕئامێزی و ئاشتی تەوەریی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازیی کولتووریی نێوان ئەو ناوچانە، سۆلینگێن لەو پەیوەندییەدا جیاوازی لە دیدی ستراتێژیکی نوخبەی سیاسی یان نوخبەی دەسەڵاتداردا وەک فاکتەری سەرەکی بەرجەستە دەکاتەوە.پێش ئەوەی شیکردنەوەی سۆلینگێن وردتر بخەمە ڕوو، لە جێگای خۆیدایە ئاماژەیەک بە ڕەدکردنەوەی هێندێک بۆچوونی دیکە لە لایەن ئەووەوە بدرێ.

بە گوێرەی تێگەیشتنی سۆلینگێن لە ڕیالیزم، لە پەیوەندی لە گەڵ مەسەلەی شەڕ و ئاشتی لە ئاستی هەرێمیدا دوو فاکتەر گرنگن: پارسەنگی هێزلە لایەک، و دەوری زلهێزی دەرەکی لە لایەکی دیکە.[۸] بە گوێرەی ڕیالیستەکان، ئاشتی (بە واتای دۆخێک کە پێچەوانەی شەڕە) بەندە بە لە ئارادابوونی پارسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتان. تێکچوونی پارسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتان، شەڕی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، پاش شکستهێنان بە فەڕەنسە (کە بە سەرکردایەتیی ناپۆلیۆن، ئاڵمانجی وەدەستهێنان «هێژەمۆنی» یان پێگەیەکی زاڵ بوو) لە ساڵی ١٩١٨دا، بۆ ماوەی چەند دەیەیەک ئاشتی لە نێوان وڵاتانی ئەورووپیدا هاتە کایەوە. ئەمەش دەگەڕێندرێتەوە بۆ نیزامی «فرەجەمسەر» لەو سەردەمەدا. کاتێک پارسەنگی هێز لە سەدەی ١٩دا لە ئەورووپا تێک چوو، شەڕ دیسان ڕووی دا.[۹] سۆلێنگێن دەنووسێ لە ڕوانگەی ڕیالیستەکانەوە، ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، دیاردەیەکی کاتییە. بە تێکچوونی پارسەنگی هێز، ئەگەری ڕوودانی شەڕ هەیە. بەڵام ئەو بۆچوونە ڕەد دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەدا کە لەگەڵ ئەوەی هێزی چین لە زیادبووندا بووە، هەروەها ژاپۆن دیسان لە پرۆسەی وەدەستهێنانی هێزی نیزامیدایە و کورەی باکووریش لە هەوڵی وەدەستهێنانی

چەکی ناوکیدا بووە، شەڕی نێودەوڵەتی لەو دەڤەرەدا نەهاتووەتە کایەوە. هەروەها سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین، دەنووسێ لەو هەرێمەشدا چەندین «جەمسەر»، هەم هی نێوخۆیی و هەم هی دەرەکی، لە ئارادا بوون و هێندێک وڵاتی ناوچەیی (لەوانە عێراق، لیبی و ئێران) لە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا بوون. مەبەستی ئەوەیە کە هەمان دیاردە، واتە گۆڕان لە پارسەنگی هێزدا یان لە ئارادابوونی چەندین جەمسەر ویڕای هەوڵدانی هێندێک دەوڵەت لە پێناو وەدەستهێنانی چەکی ناوکیدا لە هەردوو ناوچەدا بەدی کراون، بەڵام لێکەوتەی جیاوازیان هەبووە (ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، شەڕی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا). بۆیە، بەو دەرئەنجامە دەگا کە پارسەنگی هێز یان «جەمسەرییەت»[۱۰] (جا هەر جۆرە جەمسەرییەتێک بێ، یەکجەمسەری، دووجەمسەری یان فرەجەمسەری) ناکرێ ببن بە بنەمای لێکدانەوەی دروستی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یان شەڕ لە ڕۆهەڵاتی ناویندا.[۱۱]

به هەمان شێوە، سەبارەت بە دەوری زلهێزی دەرەکیی لە هەردوو دەڤەردا، دەنووسێ هۆکاری ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە، بە هەمان شێوە کە کێشە و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لە دەوڵەتانی ناوچەوە سەرچاوە دەگرن، نەک لە هێزی دەرکییەوە. بێ گومان ئاماژە بەوە دەدا کە ئەمریکا و یەکییەتیی سۆڤییەت هەریەکەو بە شێوەیەک دەوریان لەو دوو ناوچەیدا گێڕاوە، بەڵام دەوری ئەوان هۆکاری سەرەکیی نەبووە لە پەیوەندیی لە گەڵ دەرکەوتەی جیاواز لە هەردوو دەڤەردا.[۱۲]

> به هۆی ئەوەوە کە ئامانجی هێزە کوردییەکان تێکۆشانە لە پێناو ئاشتی و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد، ئەو لێکۆڵینەوانە بایەخی تایبەتیان هەیە بۆ مەسەلەی کورد و سیاسەتی کوردی

سەبارەت بە لیبراڵیزم، کە گرنگی دەدا بە دێموکراسی لە ئاستی نێوخۆ و هەروەها دامەزراوەی هەرێمی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە پەیوەندی لە گەڵ شی کردنەوەی ئاشتیدا، سۆلێنگێن ئەو بۆچوونانەش ڕەد دەکاتەوە. لیبراڵەکان ڕایان وایە کە دێموکراسی بووەتە هۆی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی دێموکراتیکدا.[۱۳] لە لایەکی دیکەوە، ڕێکخراوی هەرێمی وەک یەکیەتیی ئەورووپا، ئاشتیی سەقامگیری لەو دەڤەرەدا بەرهەم هێناوە.[۱۴] بۆ نموونە، سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین، سۆلێنگێن ئاماژە بە کۆمەڵەی عەرەبی دەدا، کە لە ساڵی ١٩٤٥ وەک یەکەم ڕێکخراوی هەرێمی لە دنیادا دامەزرا، کەچی نەیتوانیوە ڕێگری لە کێشە و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بکا. هەروەها دەنووسێ کە ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی هەرێمی هاتووەتە کایەوە.[۱۵]

سەبارەت بە دەوری دێموکراسی لە بەرهەمهێنانی ئاشتیدا، سۆلێنگێن ئاماژە بەوە دەدا کە ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا پێش ئەوەی هێندێک وڵات لەوێدا بەرەو دێموکراسی هەنگاو هەڵێنن (لەوانە کورەی باشوور و تایوان) هاتووەتە کایەوە، لە کاتێکدا هێندێک وڵات لەو دەڤەرەدا، چین بۆ نموونە، هەر سەرەڕۆ ماوەنەتەوە. بە کورتی، بەو دەرئەنجامە دەگا کە دێموکراسی مەرجی پێویست نییە بۆ ئەوەی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتاندا بێتە کایەوە.[۱۶]

بۆچوونێکی دیکەی لیبراڵ هەیە کە گرنگی بە پەیوەندیی تیجاریی نێوان وڵاتان دەدا لە بەرهەمهێنانی ئاشتیدا. بۆچوونی سۆلینگێن لەم جۆرە لە لیبراڵیزم نزیکە، بەڵام ئاماژە بەوە دەدا کە ئەو لێکوڵینەوانەی

لەو بارەیەوە ئەنجام دراون، ئەوەیان شی نەکردووەتەوە کە چلۆن ئەو دەوڵەتانە ـ واتە دەوڵەتانێک کە گرنگی بە تیجارەت دەدەن و بەو بۆنەیەوە پێویستیان بە دەستراگەیشتن بە بازاڕی وڵاتانی دیکە هەیە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی وا دەخوازێ ئەو دەوڵەتانە پێکەوە هاوکاری بکەن و خۆ بوێرن لە کێشە و شەڕ ـ سەریان هەڵداوە.[١٧]

سەبارەت بە کولتوور یان فەرهەنگ (کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئایینیش دەگرێتەوە) وەک فاکتەرێک بۆ شی کردنەوەی شەڕئامێزیی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جێگیربوونی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، سۆلینگێن دەنووسێ وێکچوونی فەرهەنگی لە نێوان هەردوو هەرێمدازۆرە، بەڵام گرفت لەوەدایە کە فەرهەنگی ئاسیا پێش هاتنە کایەی ئاشتی هەر هەمان فەرهەنگ بووە، بۆیە فەرهەنگ هۆکاری ئاشتی نەبووە لە ئاسیادا. لە لایەکی دیکەوە، وێکچوونی فەرهەنگی نێوان ئەو دوو دەڤەرە، بە گوێرەی تێگەیشتنی ناوبراو، ناتوانێ جیاوازیی نێوانیان لە پەیوەندی لە گەڵ ئاشتی تەوەریی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و شەڕئامێزیی ڕۆژهەڵاتی ناوین شی بکاتەوە.[١٨] بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، سۆلینگێن هەروەها ئەو گریمانەیە ڕەد دەکاتەوە کە دەڵێ ڕەنگبێ ئیسلام هۆکاری شەڕئامێزیی ڕۆژهەڵاتی ناوین بێ.[١٩]

سۆلینگێن لە هەوڵی خۆیدا بۆ شیکردنەوەی جیاوازیی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە پەیوەندی لە گەڵ مەسەلەی شەڕ و ئاشتیدا، دوو جۆر دیدی ستراتێژیک لە لای نوخبەی سیاسی یان هاوپەیمانی نێوخۆیی لێک جیا دەکاتەوە، کە هەر کامەیان لەسەر ئابوورییەکی سیاسی[٢٠] لە پێناو مسۆگەرکردنی مەوجوودیەتی سیاسیدا[٢١] ڕاوەستاون. یەکێکیان دیدێکی دەوڵەت میحورە[٢٢] کە گرنگی بە خۆبژیوی(خودکفایی) ئابووری دەدا و هەر بەو بۆنەیەشەوە، هاوپەیمانییەکی نێوخۆییرووبەنێوەوە[٢٣] یان داخراو دەخوازێ و لە نەتیجەدا، ئەو هاوپەیمانییە بە گومانەوە دەڕوانێتە تێکەڵبوونی دەوڵەتەکەیان لەگەڵ دنیای دەرەوە و پەیوەست بوونی بە بازاڕی نێودەوڵەتی، یان تەنانەت پرۆسەیەکی وا بە خەتەر لە سەر مەوجوودییەتی سیاسیی خۆی دەزانێ.ئەوی دیکەیان دیدێکە کە نێودەوڵەتی میحورە[٢٤] یان ڕووبەدەرەوەیە و هاوپەیمانییەکی نێوخۆیی دەخوازێ کەگرنگی بە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ئابووری و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی[٢٥] و پتەوکردنی کەرتی تایبەت لە پێناو گەشەسەندنی ئابووری لە ڕێگای هەناردەکردنەوە[٢٦] بدا، کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی پێویستی بە پەیوەست بوون بە بازاڕی نێودەوڵەتییەوە هەیە.

> به کورتی، له کاتێکدا که له ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مۆدێلی «دەوڵەتی گەشەسەندن»لە ئاست هەرێمیدا بڵاو بووەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مۆدێلی «دەوڵەتی درندە»بڵاو بووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە قەیران لە دوای قەیران دەبوا بووبا بە دەرفەت بۆ دەربازبوون لەو مۆدێلە

سەرکەوتنی هەرکام لەم هاوپەیمانییانەش پێویستی بە سازدانی پەیوەندییەکی تایبەت هەیە لە نێوان نوخبەی سیاسی لە لایەک، و ئەرتەش و چین و توێژەکانی کۆمەڵگالە لایەکی دیکەوە. لە هەرکام لەو دیدە ستراتێژیکانەدا، بە جۆرێک ئەو پەیوەندییانە پێناسە دەکرێن. بۆ نموونە، لە کاتێکدا ئەوە ئابوورییە سیاسییەی کە دیدی دەوڵەت میحوەری لە سەر ڕاوەستاوە، گرنگی بە بەهێزکردنی ئەرتەش و بەرەوپێشبردنی بەرنامە نیزامییەکانی دەوڵەتدا و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ئیمکانی ئابووریی بەرچاویانبۆ دابین بکرێ، لە دیدی نێودەوڵەتیمیحوەردا،

گرنگی دەدرێ بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و چینی نیوەڕاست و هەروەها چینی کرێکار کە بەرژەوەندییان لە گەشەسەندنی ئابووری، لە ڕێگای هەناردەکردنەوە دایە. لەو ڕێگایەوە، نوخبەی سیاسیی نێودەوڵەتی میحوەر دەتوانێ هاوپەیمان بۆ بەرنامە ستراتیژیکەکانی لە نێو ئەو چین و توێژانەدا ببینێتەوە کە بەرژەوەندییان لە وەها سیاسەتێکدا هەیە. بە پێچەوانەوە، دیدی دەوڵەت میحوەر، کە گرنگی بە خۆبژێویی دەدا، مەودایەک بۆ کەرتی تایبەت ناهێڵێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چینی نیوەڕاست ـ کە لە کەرتی گشتیدا دادەمەزرێن ـ گرێدراوی دەوڵەت بێو ئەمەش بە نۆرەی خۆی وا دەکا لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبینێ کە دژ بە کرانەوەی ئابووری ڕاوەستێ.

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی هەرکام لەو دیدە ستراتیژیکانە، سۆلینگێن گرنگی بە دوو فاکتەر دەدا: ئەنجامدانی ئیسلاحاتی عەرزی لە کاتی گونجاو و خێرادا لە لایەک، هەروەها لە بەردەست بوون یان نەبوونی سەرچاوەی سروشتی لە لایەکی دیکە. لە کاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا زوو ئیسلاحاتی عەرزی ئەنجام دران، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا یان ئەنجام نەدران یان درەنگ ئەنجام دران. هەروەها نەوت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بووە هۆی بەهێزکردنی پێگەی هاوپەیمانیی دەوڵەت میحوەر و داخراو، لە کاتێکدا نەبوونی نەوت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، نوخبەی سیاسییان ناچار کرد کە لە پێناو مسۆگەرکردنی مەوجوودییەتی سیاسیدا، ستراتێژیی نێودەوڵەتی میحوەر و ڕووبەدەرەوە بگرنە بەر. فاکتەرێکی دیکە، مەسەلەی کارتێکردنی دراوسێیە لەسەر یەکتر[۲۷]: گەشەسەندنی ئابووریژاپۆن و هێندێک وڵاتی دیکە، لەوانە «پڵنگە ئابوورییەکانی ئاسیا» بوونە مۆدێلی سەرکەوتوو بۆ لاساییکردنەوە.

هەڵبەت سۆلینگێن باس لە کەیسی ڕیزپەڕ[۲۸]، وەک کورەی باکوور لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئیسرائیل و تورکییە و دوبەی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، دەکا. ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا گۆشەگیر بووە، هەروەها نەوتی نییە و بازارێکی خۆماڵیی سنوورداری هەیە، بۆیە دواجار ناچار بوو ڕوو بکا لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. تورکییەش بەهەمان شێوە، بە هۆی ئەوەوە کە نەوتی نییە، وێڕای قەیرانگەلێک کە لە بەرفراوانبوونی کەرتی گشتی و زیادبوونی قەرز بە دەرەوە، دواجار بە هاتنە سەر کاری تورگوت ئۆزال، سیاسەتی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و گەشەسەندنی ئابووریی لە ڕێگای هەناردەکردنەوە گرتە بەر. دوبەی نموونەیەکە لە وڵاتانی خاوەن نەوت، کە لە دەیەی ۱۹۷۰دا بە لاساییکردنەوەی سینگاپۆر و هۆنگ کۆنگ، ئابوورییەکەی فرەچەشن کرد، کە ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سنوورداربوونی نەوت لە دوبەی. هەڵبەت وڵاتانی دیکەی کەنداویش ـ قەتەر، بەحرەین، کوەیت و سعوودییە ـ هەوڵیان داوە هەمان سیاسەتی دوبەی بگرنە بەر. لە ئەفریقای باکوور، ئەو وڵاتانەی نەوتیان نییە، واتە مەغریب و تونیس، لە دەیەی ۱۹۸۰ بەدواوە ڕێگای ڕیفۆرمیان گرتووەتە بەر. لە میسر، ئەنوەر سادات هەوڵی ڕیفۆرمکردنی ئابووریی وڵاتەکەی دا، بەڵام بە تیرۆرکردنی ئەو، ئەو پرۆسەیە ڕاوەستا.[۲۹]

بە کورتی، لە کاتێکدا کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مۆدێلی «دەوڵەتی گەشەسەندن»[۳۰] لە ئاست هەرێمیدا بڵاو بووەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مۆدێلی «دەوڵەتی دڕندە»[۳۱] بڵاو بووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە قەیران لە دوای قەیران دەبوا ببووا بە دەرفەت بۆ دەربازبوون لەو مۆدێلە، هەروەها سەرەڕای دەرفەتی لەباری نێودەوڵەتی لە دەیەی ۱۹۸۰ و ۱۹۹۰ کاتێک زۆر وڵات دەستیان لە مۆدێلی ئابووریی سۆسیالیستی هەڵگرت و مۆدێلی بازاڕی ئازادیان گرتەبەر، لە ڕۆژهەڵاتی

ناوین، درێژە بە هەمان ڕێگا دراوە ـ واتە میکانیزمێک کە بە «ڕێگابەستراوەیی»[٣٢] ناودێر کراوە و بریتییە لە «درێژەکێشانی میراتی [سیاسەتی پێشتر پەیرەوکراو] وێڕای بەرهەمهێنانەوەی هێزی سیاسی کە پابەندن بە دامەزراوەی مەوجوود» و ڕاگرتنی دۆخی چەقبەستوو.[٣٣] ڕەچەڵەکی ئەم دوو مۆدێلە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی ئیسلاحاتی عەرزی لە لایەک، و لەبەردەستابوون یان لەبەردەستانەبوونی سەرچاوەی سروشتی، بە تایبەت نەوت، لە لایەکی دیکەوە.

## ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت و شەڕ و ئاشتی

بە پێچەوانەی سۆلینگێن، ئامانجی بێنجەمین میلێر پێکهێنانی چوارچێوەیەکە بۆ شی کردنەوەی شەڕ و ئاشتی کە فاکتەری نێودەوڵەتی و نێوخویی لە خۆ دەگرێ، لە باتی ئەوەی بۆچوونی دیکە ڕەد بکاتەوە. بە دروستی ئاماژە بەوە دەدا کە ئەو لێکۆڵینەوانەی تاکوو ئێستا ئەنجام دراون، شەڕ و ئاشتی بە جیا لێک دەدەنەوە. هەروەها دەنووسێ: «تێگەیشتن لە [گوزاری هەرێمێک لە شەڕئامێزییەوە بۆ ئاشتی تەوەری] مومکین نییە بە بێ تێگەیشتن لە سەرچاوەی شەڕی هەرێمی و هەروەها ستراتێژییجۆراوجۆر لە پێناو چارەسەرکردنیئاشتیانەی ئەو شەڕانە.»[٣٤] بە واتایەکی دیکە، میلێر ئامانجی ئەوەیە شەڕ و ئاشتی لە ئاستی هەرێمیدا وێکڕا شی بکاتەوە.

میلێر ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت وەک هۆکاری سەرەکیی شەڕ لە ئاستی هەرێمیدا بەرجەستە دەکاتەوە. تاکوو ئەم ناهاوسەنگییە زیاتر بێ، ئەگەری شەڕی هەرێمی زیاد دەکا. بە پێچەوانەش، ئەگەر ئەو جۆرە ناهاوسەنگییە کەم بێ، ئەگەری بەرپابوونی شەڕ کەمترە.[٣٥]

سەبارەت بە ئاشتی، میلێر سێ جۆری ئاشتی و سێ ستراتێژیی پەیوەندیدار لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە و شەڕی هەرێمیدا لێک جیا دەکاتەوە.[٣۶] یەکەمیان بە «ئاشتیی سارد» و دووهەم و سێهەمیان بە«ئاشتیی ئاسایی» و «ئاشتیی گەرم» ناودێر دەکا. «ئاشتیی سارد» ئاماژەیە بە دۆخێک کە بریتییە لە نەبوونی شەڕ لە نێوان دەوڵەتانی هەرێمێک، هەروەها دۆخێکە کە لەوێدا ئەو دەوڵەتانە هەڕەشەی بەکاربردنی هێز لەیەکتر ناکەن، بەڵام بە بێ ئەوەی کێشەکان چارسەر کرابێن، بەڵکوو تەنیا هێور کراونەتەوە و «مودیرییەت» کراون. بۆیە، لە حاڵەتێکی وادا، مەترسیی بەکاربردنی هێز وەک بژاردەیەک هەر لە ئارادا دەمێنێتەوە. زلهێزانی دەرەکی، بە تەنیا یان بە هاوکاریی یەکتر، دەور دەگێڕن لە هێنانە کایەی دۆخێکی وادا. ئەمەش ستراتێژییەکی نێودەوڵەتییە بۆ هێنانە ئارای ئاشتی لە دەڤەرێکدا.

«ئاشتیی ئاسایی» دۆخێکە کە لەوێدا ئەگەری ڕوودانی شەڕ کەمترە بە بەراوەرد لە گەڵ دۆخی ئاشتیی سارد، چونکە زۆربەی پرسگرێکە بنەڕەتییەکانی کێشە لە ئاست هەرێمیدا چارەسەر کراون، بەڵام بە بێ ئەوەی مەترسیی شەڕ بەتەواوی بنبڕ کرابێ. دەوڵەتانی ناوچە بۆخۆیان لە پێناو چارەسەرکردنی پرسگرێکە بنەڕەتییەکاندا، ڕاستەوخۆ هەوڵ دەدەن. ئەمە یەکێکە لە ستراتێژییە ناوچەییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی هەرێمی.

«ئاشتیی گەرم» بریتییە لە دۆخێک کە چیدی بەکاربردنی هێزی نیزامی وەک بژاردە لە گۆڕێدا نامێنێ. ئەمەش بە مانای تێپەڕاندنی کێشە ناوچەییەکانە و لە ڕێگای هاوکاریی هەمەلایەنە و پێکەوەگرێدانی دەوڵەتانی ناوچە و ئاوێتەکردنیان لە چوارچێوەی دامەزراوەی باڵادەوڵەتی هەرێمییەوە مەیسەر دەبێ. ئەمەش یەکێکی دیکەلە لە ستراتێژییە

ناوچەییەکانە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی هەرێمی. بە گوێرەی بۆچوونی میلێر، لیبرالّ دیموکراسی مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی ولاتانی هەرێمێک بتوانن هەنگاو بەرەو ئاوێتەبوونی هەرێمی[٣٧] هەلّگرنەوە، چونکە لە روانگەی ئەوەوە، لیبرال دیموکراسی دەتوانێ ناسیۆنالیزمی «ئێتنیکی» هێور بکاتەوە و لە باتی ئەو، ناسیۆنالیزمی «مەدەنی» بەهێز بکا.[٣٨]

بە کورتی، بە مەبەستی نیشاندانی گوزار لە شەرئامێزییەوە بۆ ئاشتی تەوەری لە رێگای سێ جۆر ستراتێژیی پەیوەندیدار بە هەریەک لەو شکلانە لە ئاشتی، میلێر بەراوەردکارییەک لە نێوان سێ دەڤەردا دەکا: واتە رۆژهەلاتی ناوین، باشووری ئەمریکاو رۆژئاوای ئەورووپا.

رۆژهەلاتی ناوین کۆمەلێک دەولّەت لە خۆ دەگرێ کە بە شێوەیەکی بەرچاو گوزارشت لەو جۆرە ناهاوسەنگییە لە نێوان نەتەوە و دەولّەتدا دەکەن کە لە روانگەی میلێرەوە هۆکاری سەرەکیی شەڕی ناوچەییە. لەو پەیوەندییەدا، میلێر ئاماژە بە نەتەوە بێ دەولّەتەکان، لەوانە نەتەوەی کورد و فەلەستینییەکان، دەکا.

> سەبارەت بە ئاشتی، میلێر سێ جۆری ئاشتی و سێ ستراتێژیی پەیوەندیدار لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە و شەڕی هەرێمیدا لێک جیا دەکاتەوە. یەکەمیان بە «ئاشتیی سارد» و دووەم و سێیەمیان بە«ئاشتیی ئاسایی» و «ئاشتیی گەرم» ناودێر دەکا

هەروەها ئاماژە بە پانعەرەبیزم دەدا وەک هێزێک کە دەیەوێ دەولّەتانی عەرەبی وەسەریەکبخا و هەر بەو بۆنەیەوە وەک هێزێکی «ریڤیژیۆنیستی» ناودێری دەکا. میلێر زۆرتر دەپەرژێتە سەر مەسەلەی فەلەستین و ئاماژە بەوە دەکا کە لە سەردەمی شەڕی سارددا، ململانێی نێوان یەکیەتیی سۆڤییەت و ئەمریکا بووە هۆی درێژەکێشانی کێشەی نێوان ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبی، بەلاّم پاش شەری ١٩٧٣، ئەمریکا لە دەرهاویشتنی سۆڤییەت لەو کێشەیە سەرکەوت و توانی «ئاشتیی سارد» لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا لە سالانی ١٩٧٨-١٩٧٩ بەدواوە بێنێتە کایەوە. دواتر، پاش هەلّوەشانەوەی سۆڤییەت، ئەمریکا هەولّێکی بەربلاوی دا بۆ هێنانە کایەی«ئاشتیی سارد» لە نێوان ولاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، کە بە پرۆسەی مادرید ناسراوە.[٣٩]

سەبارەت بە باشووری ئەمریکا، میلێر دەنووسێ کە ئەو دەڤەرە لە سەدەی ١٨دا گۆڕەپانی شەڕی بەردەوامی نێودەولّەتی بوو. هەلّبەت لە سالّی ١٩٤١ بە دواوە، هیچ شەڕێکی نێودەولّەتی لەو دەڤەرەدا رووی نەداوە. وێرای باکووری ئەمریکا، باشووری ئەمریکا یەکێک لە ئاشتی تەوەرترین ناوچەکانی دنیایە. هۆکاری ئەمەش دەگەرێنێتەوە بۆ بەهێزبوون و یەکانگیربوونی[٤٠] دەولّەتانی ئەو ناوچەیە. ولاتانی باشووری ئەمریکا لە قۆناغی پاش سەربەخۆییدا بە گشتی ئەو سنوورانەیانپەسەند کرد کە دەسەلاتی کۆلۆنیالیستی بۆیانی دیاری کردبوو و پابەندبوون بە رێزگرتن لە سەروەریی یەکتر و خۆیان لە دەستێوەردان لە مەسەلەی نێوخۆییی یەکتر بواردووە. لە سەدەی ٢٠دا، ئەم دەولّەتانە سەرکەوتن لە سازکردنی «هەوییەتی نەتەوەییدا». دەولّەتانی ئەو دەڤەرە هەروەها سەرکەوتوون لە کۆکردنەوەی دەسەلات لە سەنتەر و لە رێگای چەککردنی «میلیشیاوە»، توانیوانە بەکاربردنی هێزی نیزامی بۆ خۆیان پاوان بکەن. هەروەها میلێر دەلّێ کە مۆدێلی «ناسیۆنالیزمی مەدەنی» یان «نائێتنیک» لەو ولاتانەدا جێکەوتووە، کە بە نۆرەی خۆی بووەتە هۆی لاوازبوونی «هێزی ئێتنیکی بندەولّەتی جودایخواز و ریڤیژیۆنیزمی پاننەتەوەیی.»[٤١] ئاماژەش بەوەدەدا کە برازیل، زلهێزی ئەو دەڤەرە،

سیاسەتی فراوانخوازیی نەگرتووەتە بەر، بەڵکوو ڕازی بووە بە دۆخی هەنووکە. کۆی ئەمانە وای کردووە دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە بتوانن خۆیان، بە بێ پەنابردن بۆ هێزی دەرەکی، کێشەکانیان بە ئاشتییانە چارەسەر بکەن. هەڵبەت، جۆری ئەو ئاشتییەی لە باشووری ئەمریکا هاتووەتە کایەوە، «ئاشتیی ئاساییە.»

میلێر، کاتێککە ئەگەڕێتەوەسەر ڕۆژئاوای ئەورووپا، دەنووسێ کە ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت لەو دەقەرەدا هۆکاری سەرەکیی شەڕ بووە، لەوانە شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی. دواجار ڕۆژئاوای ئەورووپا توانی کێشەی ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت تێپەڕێنێ. دەنووسێ کە لە قۆناغی یەکەمدا، دەوری ئەمریکا وەک دابینکاری ئاسایش لە ڕۆژئاوای ئەورووپادادەورێکی سەرەکی بوو لە هێنانەی کایەی ئاشتی لەو دەقەرەدا. هەڵبەت دوو فاکتەری دیکە، کە یەکێکیان مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی دیکەیان، هۆکاری هاتنەکایەی «ئاشتیی گەرم» بوو لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا: جێکەوتنی لیبراڵ دێموکراسی و هانگاونان بەرەو پێکهێنانی دامەزراوەی باڵادەوڵەتی، کە لە ١٩٥١ بەدواوە بوونیاد نرا و دواجار لە شکڵی یەکیەتیی ئەورووپادا گەیشتە لووتکە، واتە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاوێتەبوونی هەرێمی.[٤٢]

## ئاشتیی هەرێمی و مەسەلەی کورد: کام جۆر ئاشتی لە بەرژەوەندیی کورددایە؟

سەبارەت بە هەوڵی سۆلینگێن لە شیکردنەوەی جیاوازی لە نێوان ناوچەکانی دنیادا لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی شەڕ و ئاشتیدا، گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە مەبەستی سۆلینگێن لە «ئاشتیی ناوچەیی»، نەبوونی شەڕی نێودەوڵەتییە لە ناوچەیەکدا کە ئاشتی تەوەرە. ئەم جۆرە لە ئاشتی، کە هەروەها «ئاشتیی سارد» و «ئاشتیی ئاسایی» لە خۆ دەگرێ، «ئاشتیی نەرێنییە»؛ واتە تەنیا لە ئارادانەبوونی شەڕ دەگرێتەوە. خاڵێکی دیکەی جێگای ئاماژە، بێگومان ئەوەیە کە سۆلینگێن مەبەستی ئاشتیی نێودەوڵەتییە، نەک ئاشتیی نێوخۆیی.

بە واتایەکی دیکە، سۆلینگێن باس لە شەڕی نێوخۆیی ناکا. لە وڵاتگەلێک وەک میانمار، فیلیپین و مالایزیا، بە درێژاییی چەندین دەیە، شەڕی نێوخۆیی لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی و ئاینیی لە ئارادا بووە.[٤٣] هەروەها لە چین، مەسەلەی تیبێت و ئوگورەکان هەیە. ئەم خاڵەگرنگیی تایبەتی هەیە لە پەیوەندی لە گەڵ مەسەلەی کورددا، کە بەندە بە شەڕی نێوخۆییەوە لە ئێران، عێراق، تورکییە و سورییە. بەو پێیە، ئەگەر وای دابنێین کە دیدی ستراتێژیکی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار، فاکتەری سەرەکییە لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕ و ئاشتیلە ئاستی هەرێمیدا، هەروەها ئەگەر وای دابنێین دێموکراسی مەرجی پێویست نەبێ بۆئەوەی ئاشتی مەیسەر بێ، ئەوا هاتنە کایەی ئاشتیی نێودەوڵەتی بە گوێرەی ئەو مێکانیزمانەی کە سۆلینگێن دەستنیشانیان دەکا، بە واتای چارەسەکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد یان مەسەلەی نەتەوەی بێ دەوڵەتی دیکە نییە.

لە لایەکی دیکەوە، سۆلینگێن بایەخ بە دەوری زلهێزانی دەرەکی نادا. بە پێچەوانەوە، میلێر بە دروستی ئاماژە بە دەوری سەرەکیی ئەمریکا دەدا لە هەوڵدان لە پێناو هێنانە کایەیئاشتیی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەت لە دابینکردنی ئاسایش بۆ ڕۆژئاوای ئەورووپا، کە دواتر یارمەتیدەری هاتنە کایەی ئاشتیی گەرم بوو لەو دەقەرەدا. هەڵبەت وەک میلێر ئاماژەی پێ دەدا، دەوری ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی سەرەکی بوو لەو ڕووەوە، بەس(کافی) نەبوو بۆ ئەوەی ئاشتیی گەرم لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا بێتە کایەوە، بەڵکوو لیبراڵ دێموکراسی مەرجی پێویست بوو بۆ ئەوەی

ئەو جۆرە لە ئاشتی مەیسەر بێ. کەوابوو، سۆلینگێن بێجگە لەوەی تێگەیشتنێکی بەرتەسکی لە ئاشتی هەیە، هەروەها دەوری زلهێزان و دیموکراسی لەبەرچاو ناگرێ. ئەمانەش خاڵی لاوازی لێکۆڵینەوەی ناوبراو پێک دێنن.

خاڵی بەهێزی لێکۆڵینەوەی سۆلینگێن رەدکردنەوەی ئەو بۆچوونانەیە کە جیاوازیی کولتووری وەک هۆکاری شەڕئامێزی و ئاشتی تەوەریی ناوچەکانی دنیا بەرجەستە دەکەنەوە. سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوین، ئەگەر وای دابنێین ئیسلام هۆکاری شەڕە، ئەوا دەبێ خەڵکانی ئەو ناوچەیە دەست لە ئیسلام هەڵگرن یان پێداچوونەوەی پێدا بکەن یان ئەوەی سێکولاریزم بە سەر تەواوی ناوچەکەدا بڵاو بێتەوە بۆ ئەوەی ئاشتی لەو ناوچەیەدا مەیسەر بێ. هەڵبەت دەست هەڵگرتن لە ئیسلام گوزینە نییە، بەڵام دەکرێ پێداچوونەوەی پێدا بکرێ. لە لایەکی دیکەوە، پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، زۆربەی دەوڵەتانی ناوچە سێکولار بوون، لە میسرەوە بگرە تاکوو ئێران (پێش ۱۹۷۹) و عێراق، بەڵام سێکولاریزم رێگر نەبوو لە شەڕ. سێکولاریزم دەکرێ هەم لە گەڵ دیکتاتۆرییەت، هەمیش لە گەڵ دیموکراسی گونجاو بێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سێکولاریزم مەرجی بەس(کافی) نییە بۆ مەیسەر بوونی ئاشتی، بەڵکوو دەبێ دیموکراسی وێڕای سێکولاریزم لە ئارادا بن بۆ ئەوەی ئاشتی مەیسەر بێ.

کە ئەگەڕێتەوە سەر لێکۆڵینەوەی میلێر، خاڵی بەهێزی ئەو چوارچێوەیەی کە پێکی هێناوە بۆ ئەوەی شەڕ و ئاشتی وێکڕا شی بکاتەوە، بریتییە لە گرنگیدان بە ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت وەک سەرچاوەی شەڕی هەرێمی لە لایەک، و جیاکردنەوەی جۆری ئاشتی لە لایەکی دیکەوە. بەرجەستەکردنەوەی ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت وەک سەرچاوەی سەرەکیی شەڕ لە رۆژهەڵاتی ناویندا ئەوە دەگەیەنێ کە تاکوو چارەسەرێک بۆ ئەو ناهاوسەنگ بوونە نەبیندرێتەوە، ئەوا شەڕ هەروا لەو ناوچەیەدا درێژەی دەبێ. لە لایەکی دیکەوە، جیا کردنەوەی جۆری ئاشتی گرنگە، چونکە بێگومان هەرکام لەو جۆرانە، کەیفییەتیان جیاوازە. ئاشتیی گەرم، جۆرێکە لە «ئاشتیی ئەرێنی» و کەیفییەتی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە لەسەرترە، چونکە تەنیا نەبوونی شەڕ ناگرێتەوە، بەڵکوو هەروەها لە ئارادابوونی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، هەروەها رێزگرتن لە مافی کەمینەی ئایینی و ئێتنیکیش دەگرێتەوە. بە مانایەک ئاشتیی گەرم لە رێگای لیبراڵ دیموکراسییەوە دەتوانێ هەروەها چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیش لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی مەوجووددا بکا. لە رۆژئاوای ئەورووپا هێندێک وڵات رازی بوون بە دانی ئۆتۆنۆمی بە نەتەوەی بێ دەوڵەت – وەک لە کەیسی کاتالان و باسک لە سپانیا یان لە کەیسی سکاتلەند و وەیلز لە بریتانیا – یان ئەوەی سیستەمی فیدراڵیان لە پێناو چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەییدا پێک هێناوە. لەو پەیوەندییەدا، دەکرێ وەک دوو نموونە ئاماژە بە سویس و بێلژیک بدرێ. هەڵبەت میلێر دەڵێ لیبراڵ دیموکراسی مەرجی پێویستە بۆ ئاشتیی گەرم، بەڵام کە ئەگەڕێتەوە سەر فیدراڵیزم، سیستەمی سویس پێش دیموکراسی دامەزراوە. ئەمەش رەنگبێ گومان لە سەر ئەو ئیستدلالەی میلێر دروست بکا، هەرچەند مەبەستی ئەو ئاشتیی گەرم لە نەتیجەی ئاوێتەکردنی هەرێمیدایە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕ لە رێگای دەربازبوون لە ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت، نەک چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە رێگای پێکهێنانی سیستەمی فیدراڵەوە.

هەڵبەت خاڵی لاوازی لێکۆڵینەوەی میلێر ئەوەیە کە تا رادەیەک وێنەیەکی

ڕۆمانتیک لە باشووری ئەمریکا دەکێشێ. پێداگرییناوبراو لەسەر کۆکردنەوەی دەسەڵات لە سەنتەر، هەروەها پێداگریی ئەو لە سەر ئەفسانەی «ناسیۆنالیزمی مەدەنی» چاوپۆشی لەوە دەکا کە وڵاتانی باشووری ئەمریکا بەرهەمی کۆلۆنیزامی ئەورووپین لە شکڵێکی تایبەتدا. لەو پرۆسەیەدا، خەڵکی خۆجێی ئەو دەڤەرە قەڵاچۆ کران یان تواندرانەوە. هەمان سیاسەت لە باکووری ئەمریکادا گیرایە بەر.[۴۴] ناسیۆنالیزمی «مەدەنی» ئەفسانەیە چونکە هیچ دەوڵەتێک نییە لە دنیادا کە بەرایی نەدا بە زمان، مێژوو و کولتووری گرووپێکی ئیتنیکی وەک بنەمای «هەویەتی نەتەوەیی». هەروەها ئەو جۆرە لە ناسیۆنالیزم، کە لە کاکڵەی خۆیدا ناسیۆنالیزمی گرووپی ئێتنیکی زۆرینەیە یان ئەو گرووپەیە کە دامەزراوەی دەوڵەتی لەژێر کۆنترۆڵدایە، بە تواندنەوەی گرووپی ئێتنیکی یان نەتەوەی دیکە دەتوانێ سەرکەوێ. کەوابوو، یەکانگیربوونی دەوڵەتانی باشووری ئەمریکا ناگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی مۆدێلی «ناسیۆنالیزمی مەدەنی»، بەڵکوو هۆکاری دیکەی هەیە کە بەندن بە جۆری تایبەت لە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی لەو دەڤەرە.

کەوابوو، مۆدێلی دووهەمی ئاشتی بە گوێرەی ئەزموونی باشووری ئەمریکا لە بەرژەوەندیی کورددا نییە، چونکە هەم بە واتای داکۆکیکردن لە سێنترالیزمە، هەمیش لە سەر ئەفسانەی ناسیۆنالیزمی «مەدەنی» ڕاوەستاوە. ڕاستییەکەی، هێندێک لە ناسیۆنالیستە فارسەکان و هێندێک ناسیۆنالیستی تورکیش دەڵێن گۆیا ناسیۆنالیزم لە ئێران و تورکییە لە جۆری ناسیۆنالیزمی «مەدەنییە»، بەڵام ڕوونە کە ئەوە هیچی تر نییە بێجگە لە ئەفسانە و پڕۆپاگاندا لە قاڵبی گوتاری ئاکادێمیکدا، چونکە ئێتنیسیتەی فارس و تورک بنەمای «هەویەتی نەتەوەیی» لەو دوو دەوڵەتەدا پێک دێنن، هەروەها ئنیکارکردنی هەویەتی نەتەوەییی کورد و هەوڵی تواندنەوە و گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان دوو ماکی دیکەی ئەو بەناو دەوڵەت و نەتەوەسازییە بووە لەو وڵاتانەدا.

لە باسی میلێردا سەبارەت بە ڕۆژئاوای ئەورووپا و هاتنە کایەی ئاشتیی گەرم لەوێ، هەمان ئەفسانەی ناسیۆنالیزمی «مەدەنی» دەور دەگێڕێ.هەڵبەت کەیسگەلێک وەک بریتانیا، سپانیا و بێلژیک ئەو ئەفسانەیە لە قاو دەدەن. بۆیە، لیبراڵ دێموکراسی دەتوانێ لە خۆیدا کافی بێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، هەرچەند میلێر پێناسەیەکی ڕوون لە «لیبراڵ دێموکراسی» پێشکەش ناکا و ئەوە مەسەلەیەکە کە پێویستی بە وردبوونەوەی پتر و لێکۆڵینەوە هەیە.

هەڵبەت وەک لە کەیسی ڕێفراندۆمی کاتالۆنیادا شاهید بووین، مەرج نییە لیبراڵ دێموکراسی مەجال بە جیابوونەوە یان سەربەخۆیی بدا. کەیسی سکاتلاند برێک جیاوازە، چونکە بریتانیا لەوێ ڕێگای بە ڕێفراندۆم دا. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە بوو کە حکومەتی دەیڤید کامرۆن وای لێک دابووەوە کە لایەنی سەربەخۆییخواز شانسی سەرکەوتنیان کەمە. لە لایەکی دیکەوە، لە کانادا، کە ئەویش وڵاتێکی لیبراڵ دێموکراتە، دوو جار ڕێفراندۆم ئەنجام دراوە بە بێ ئەوەی لایەنی سەربەخۆییخواز لە کوبێک سەرکەوێ. نەتیجەی ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەبە پەسەندکردنی یاسایەک لە ساڵی ۱۹۹۹، دادگای باڵای کانادا مەرجی سەختتری بۆ جوودابوونەوەی کۆبێک دیاری کردووە.[۴۵] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر هێزێکی کوردی کە پرۆژەی سەربەخۆییی هەبێ، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئێران،تورکییە و سووریە لە داهاتوودا بەرەو لیبراڵ دێموکراسی گوزار بکەن، دژ بە سەربەخۆییی کوردستان ڕادەوستن و بگرە تەنانەتڕێگری لە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم لە کوردستاندا

دەکـــەن. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە دادگای بالآی فیدرالّیی عێراق ڕیفراندۆمی باشـــووری کوردســـتانی وەک «ناقانونی» لە قەڵەم دا. بە هەمان شـــێوە، دادگای دەســـتووریی سپانیا ڕیفراندۆمی کاتالۆنای بە «ناقانونی» لەقەڵەم دا.

هەڵبەت ئـــەو هێـــزە کوردییانـــەی کە پرۆژەیـــان وەدەســـتهێنانی ئۆتۆنۆمییـــە لە چوارچێـــوەی سیســـتەمێکی فیدراڵدا یان لە نەتیجـــەی ڕێکەوتنێکـــی دوولایەنە لە گەڵ حکومەتی ناوەندی، ئەوا لیبراڵ دێموکراســـی یان وەک لە کەیســـی باشووردا پاش شەڕی کەنـــداو، لاوازبوون یان دارمانـــی حکومەتی ناوەنـــدی دەتوانێ زەمینە بۆ وەدەســـتهێنانی ئۆتۆنۆمی خۆش بکا. مانەوەی ئەو ئۆتۆنۆمییە لە حاڵەتی دووهەمدا بەندە بە ماوەی لاوازبوونی حکوومەتـــی ناوەنـــدی. بۆیـــە، جێکەوتنـــی لیبراڵ دێموکراســـی وەک زامن،قایمترەتاکوو لاوازبـــوون یان دارمانـــی حکومەتی ناوەندی. لە لایەکی دیکەوە، وەک کەیســـی باشووری کوردستان نیشانی دەدا، تەنانەت چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لە دەستووری فیدراڵدا بە بێ هاتنە کایەی ئاشـــتیی گەرم لە ئاست هەرێمیدا، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کوردستان لە نێـــوان چـــوار دەوڵەتدا دابـــەش کراوە و هەرکام لەو دەوڵەتانە بە چاوی ئەمنییەتییەوە دەڕواننـــە دەســـکەوتی کورد لە هـــەرکام لە بەشەکانی کوردستان، دێموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتانە، هەڵبەت لە شکڵی «لیبراڵی»ی خۆیدا، پێویســـتە بۆ هاتنە کایەی ئاشـــتیی گەرم لە دەوروبەری کوردستاندا.

## داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوین

ئەگـــەر گـــوزارەی میلێـــر ســـەبارەت بـــە ناهاوســـەنگبوونی نەتـــەوە و دەوڵـــت وەک هۆکاری ســـەرەکیی شەڕی ناوچەیی دروست بێ، ئەوا دەبێ چاوەڕوانی درێژەکێشانی کێشە و ڕوودانی شـــەڕی دیکە بیـــن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. نەک تەنیا پرۆســـەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بە بنبەست گەیشتووە، بەڵکـــوو عێراق، ســـووریە و یەمەن بوون بە گۆڕەپانی شـــەڕی خوێناوی کە هەر ســـێک شەڕ هاوکات شەڕی نێوخویی و نێودەوڵەتین. دوو لـــەو وڵاتانـــە بـــە ڕوونی گوزارشـــت لە ناهاوســـەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت دەکەن. هەرسێکیان گوزارشت لە ناهاوسەنگیی تایفی و دەوڵەت دەکەن، ئەمەش لە کێشەی تایفیی نێوان ســـوننی و شیعە، ســـوننی و عەلەوی، هەروەها سوننی و شیعەی زەیدی لە هەرکام لەو وڵاتانەدا خۆی دەردەخا. بەدەر لە داعش، کە سیاسەتێکی ڕیڤیژیونیستی بوو و دەیویست عێراق و سووریە بکا بە یەک دەوڵەت، ئەوانی دیکە شەڕیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتانی مەوجوودە، نەک جیابوونـــەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نـــوێ. لە گەڵ ئـــەوەش، ناکۆکیی نێوان ئەو تایفانە ئەوەندە زۆرە، وەک کێشەی نەتەوایەتییان لێ هاتووە. هەرچۆنێک بێ، ئەو کێشـــە تایفییانەش گوزارشت لە ڕەهەندێکی ناهاوسەنگ بوونی هەویەتی تایفی و دەوڵەت دەکەن.

ئەگەر گوزارەی ســـۆلینگێن سەبارەت بە گرنگی دیدی ســـتراتێژیکی نوخبەی سیاسی لە پەیوەندی لە گەڵ شـــەڕ و ئاشتیدادروست بێ، ئەوا بـــە مەرجێک کە زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناویـــن ســـتراتێژیی نێودەوڵەتی میحوەر بگرنە بـــەر، کەرتی تایبەت و چینی نێوەڕاســـت بەهێز بکەن، هەروەها سیاسەتی گەشەسەندن لە ڕێگای هەناردەکردنەوە بگرنە بەر، ئەوا بە بێ دێموکراســـی دەکرێ ئاشتیی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بێتە کایەوە. هەڵبەت کەیسی ڕۆژهەڵاتی ناوین نیشانی دەدا کە ڕیفۆرمی ئابـــووری، کرانەوە بەرەو بازاڕی جیهانـــی و وەبەرهێنانی وڵاتانـــی بیانی لەو ناوچەیەدا، دەوڵەتانی ناوچەی بەهێز کردووە، بەڵام بە بێ ئەوەی پێگەی چینی نێوەڕاســـت بەهێز بێ یان ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز بێ. کەوابوو، تەنانەت بە گرتنەبەری سیاسەتی

نێودەوڵەتی میحوەر (هەرچەند سنووردار بووە تاکوو ئیستا)، نەتیجەی پێچەوانەی هەبووە و تەنیا پێگەی نوخبەی دەسەڵاتداری سەرەڕۆ یان دیکتاتۆریی بەهێزتر کردووە.[۴۶] هەڵبەت سۆلینگێن دەڵێ ئەو کرانەوەیە ڕوو بەدەرەوە، ئیسلاحاتی عەرزیی لە کاتی گونجاودا دەوێ، هەروەها دەبێ ئەو دەوڵەتانە سەرچاوەی سترووشتیان لەبەردەست نەبێ، کە وڵاتانی نەوتفرۆش بە لێشاو هەیانە. ڕاستییەکەی، لە گەڵ ئەوەی هێندێک وڵات وەک دوبەی، قەتەر و ئوردون هەوڵیان داوە ڕیفۆرمی ئابووری ئەنجام بدەن و سیاسەتی نێودەوڵەتی میحوەر بگرنە بەر، لە وڵاتێک وەک ئێران، وێڕای ئەوەی ئیسلاحاتی عەرزی زەمینەی بۆ شۆڕش ساز کرد کە کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، ئێستا ئێران ئەوەندە پێداگری لەسەر خۆبژێوی دەکا کە خامنەیی باس لە «ئابووریی بەرهەڵەستکارانە» دەکا.[۴۷] تورکییەش لە ساڵانی دواییدا بەرەو دواوە ڕۆیشتووە و لەگەڵ ڕۆژئاوالە کێشەدایە. هەرچەند نرخی نەوت داشکاوە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی وڵاتانی خاوەن نەوت پێک دێنێ. کەوابوو، دەوڵەتی «درندە» لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەر لە جێگای خۆیەتی ولەو دەقەرەدادەوڵەتی «گەشەسەندن» بەدی ناکرێ.

سەبارەت بە دەوری زلهێزان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، واتە فاکتەرێکی دیکە کە میلێر لە پەیوەندی لە گەڵ ئاشتیی سارد و گەرمدا بەرجەستەی دەکاتەوە، دەبێ بڵێین کە ئەمریکا تاکوو ئێستا تەنیا پابەند بووە بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی. لەو چوارچێوەیەدا مەسەلەی فەلەستین بە ناوی «چارەسەری دوو دەوڵەت» هاتووەتە کایەوە. سەرەڕای ئەوەی پرۆسەیەکی وا، ڕەنگبێ ئاشتیی ساردی لێ بکەوێتەوە، دیسان بە قازانجی فەلەستینییەکانە، ئەگەر بێت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینیی لێ بکەوێتەوە. هەڵبەت ئەمریکا دەرووەست نەبووە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. بۆیە، ئەگەر بێتو ئەمریکا هەنگاو لە پێناو ئاشتیی گەرم لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەڵێنێتەوە، دەتوانێ ناڕاستەوخۆ سوودی بۆ نەتەوەی کورد هەبێ. بەداخەوە، پرۆژەی دێموکراتیزەکردنی عێراق شکستی هێنا، یان لانی کەم تاکوو ئێستا سەرکەتوو نەبووە. دەوڵەتی عێراق لە زۆر ڕووەوە فەشەلی هێناوە و ئەو دێموکراسییەی لەوێ هاتووەتە کایەوە، بەدەر لەوەی گەندەڵ و تایفەگەرایە، هەروەها بەنیسبەت باشووری کوردستان دەمارگرژە. دەستێوەردانی تێکدەرانەی سووریە و بەتایبەت ئێران وێڕای هەڵەی ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی دێموکراتیزەکردنی عێراق بەرەو هەڵدێر بڕوا. فاکتەری مێژوویش بێ گومان دەوریان هەبوو لەو بارەیەوە؛ لەوانە، نەبوونی ئەزموونی دێموکراسی لە عێراقدا (بە پێچەوانەی ئاڵمانی ڕۆژئاوا)، هەروەها نەبوونی ئابووریی بەرهەمهێنەر لەو وڵاتەدا وێڕای چەندین دەیە لە حکومەتی دیکتاتۆرییەتی بەعس و نەبوونی چینی نێوەڕاست و هتد.[۴۸]

هاوکات ئەمریکا پاش شکست خواردن لە عێراق، لە دەورەی ئوبامادا دەستی کرد بە پاشەکشەکردن و لە دەورەی ترامپدا ئەو پاشەکشەکردنە درێژەی هەبووە. ئەمریکا هەروەها لە عێراق و سووریە بەرژەوەندیی خۆی زۆر بەرتەسک پێناسە کردووە، کە ئەویش بریتی بووە لە شکستهێنان بە داعش. هەڵبەت ئەمریکا لە عێراقدا بەرژەوەندییستراتیژیکتری هەیە تاکوو لە سووریە، بەڵام دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران و دژایەتیکردنی مانەوەی ئەمریکا لەلایەن هێزە شیعییەکانەوە وێڕای ئەوەی کە واشنتن ئەولەوییەتەکانی گۆڕاون (لەوانە گرنگیدان بە مەسەلەی نیوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی چین لە ئاسیا)، کۆی ئەمانە وایان کردووە کە داهاتووی دەرووەست بوونی ئەمریکا بە داهاتووی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین جێگای پرسیار بن.

ئەوەی کە ڕوونە، ئەوەیە کە ئەمریکا دەستی لە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵگرتووە. وڵاتانی ئەورووپیش لە ترسی «ناسەقامگیری»، کە دەتوانێ بەرژەوەندیی وزەییی ئەوان بخاتە خەتەرەوە،هەروەها لە ترسی هاتنی پەنابەر، پشتیوانی لە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی دەکەن.

ئەمانە وێڕای شکستی شۆرشی ساڵانی دوایی لە ناوچەکەدا، زۆرتر بایەخ دەدرێ بە ڕاگرتنی دۆزی هەنووکە، هەرچەند ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی ـ بە تایبەت لەوەتی ترامپ هاتووەتە سەر کار ـ سیاسەتیان لەهەمبەر ئێران، کە دەوڵەتێکی سەرەکییە لە بڵاوکردنەوەی ناسەقامگیری و دژایەتیکردنی دیموکراسی لە ناوچەکەدا، جیاواز بووە. لە کاتێکدا ئیدارەی ترامپ هەوڵی لاوازکردنی ئێران دەدا، وڵاتانی ئەورووپی لە ڕێگای تیجارەتەوە، یارمەتیی مانەوە و بگرە بەهێزبوونی کۆماری ئیسلامییان داوە. بۆ نموونە، لە ۱۱۰ گرێبەستی تیجاریی وڵاتانی ئەورووپی لە گەڵ ئێران، ۹۰ دانەیان لە گەڵ کۆمپانیاگەلێک بەستراون کە سەر بە سپای پاسدارانن.لە لایەکی دیکەوە، وڵاتانی ئەورووپی چاوپۆشی لە سیاسەتە ناسەقامگیرپێکهێنەرەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەکەن.[۴۹]

لەگەڵ ئەوەی ڕووسییە و چین پێگەی خۆیانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە شێوەی جیاواز بەهێزتر کردووە، ئەو دوو زلهێزە دژ بە دیموکراسین. ئەگەر ڕێککەوتنی «ستراتێژیکی» نێوان پەکین و تاران مەیسەر بێ، ئەوا دەور و نفووزی چین لە ناوچەکەدا ڕوو لە زیادبوون دەکا. ڕووسییە لە سووریە بووەتە پارێزەری دیکتاتۆرییەتی ئەسەد و لە بواری سیاسی و نیزامییەوە یارمەتیدەری ئێرانە. کەوابوو، بەدەر لەوەی ئەمریکا لە باشووری کوردستان حزووری خۆی هێشتووەتەوە و پابەندە بە مانەوەی هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی عێراقدا، گۆڕان لە پارسەنگی هێزدا لە ئاست نێودەوڵەتی و دەورێک کە ڕووسییە و چین بە ئەگەری زۆر لە داهاتوودا بیگێڕن لەو ناوچەیەدا، لە پێناو پاراستنی دۆزی هەنووکەدا دەبێ، نەک گۆڕانی ناوچەکە بەرەو ئاشتی، تەنانەت لە شکڵی سارد و ئاساییدا.

## دواوتە

کۆی ئەو ڕەوتانەی لەسەرەوە باس کران ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەری هاتنەکایەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، تەنانەت لە شکڵی سارد و ئاساییدا، زۆر کەمە. نە هەلومەرجی نێوخۆیی، نە هەلومەرجی هەرێمی و نە سیاسەتی زلهێزان لەم قۆناغەدا بە قازانجی ئاشتی نین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بە پێچەوانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ناهاوسەنگبوونی نەتەوە و دەوڵەت لە ناوچەکەدا، کە ڕەهەندی تایفیشی لێ زیاد بووە، درێژەکێشانی کێشە و ڕووداونی شەڕی دیکە لە ناوچەکەدا زۆرە.

بۆیە، پارادۆکسێک لێرەدا قوت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر گۆڕان لە ناوچەکەدا بێتە کایەوە، ئەوا لە ڕێگای شەڕ یان شۆڕشەوە دەبێ. هەڵبەت مەرج نییە نە شەڕ، نە شۆڕش لێکەوتەی دڵخوازیان لێ بکەوێتەوە. لە شەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق بەدەر، کە نیمچە دیموکراسییەک و بەهێزبوونی باشووری کوردستانی لێ کەوتەوە، شەڕ لە سووریە و یەمەن کارەساتی مرۆڤییان لێ کەوتووەتەوە. شەڕ لەو دوو وڵاتەدا هەروەها بووە هۆی پەلهاویشتن و بەهێزبوونی پێگەی ئێران، لە کاتێکدا شەڕی سووریە دەرفەتی بۆ گەڕانەوە و پێچەقاندنی ڕووسیە لە ناوچەکەدا پێک هێنا.

کە ئەگەڕێتەوە سەر کوردستان، ئەو شەڕانە وەک شمشێری دووسەرە وان. لەلایەک، بە نەمان یان لاوازبوونی ڕێژیم لە عێراق و سووریە، دەرفەت بۆ کورد هەڵکەوت کە لە باشوور پێگەی هەرێم لە دەستووری

عێراقــدا بچەســـپێندرێ[٥٠] و لــە ڕۆژئــاوا خۆشــەری ســـەرهەڵبدا. لە لایەکی دیکەوە، ســـەرهەڵدانی داعش ویڕای هێرشی تورکییە بۆ سەر ڕۆژئاوا، بوو بە هۆی ماڵوێرانی، کوژران و برینداربوونی هەزاران پێشمەرگە و شەڕڤان، هەروەهاجینۆســـایدی ئێزدییەکان و گۆڕینی دیمۆگرافیی بەشــێک لە باشــوور وڕۆژئاوای کوردستان و بەکویلەکردنی ژنی کورد.

بەرژەوەندیی کورد لە ئاشـــتیی گەرمدایە. ئەوەش بەندە بـــە دیموکراتیزەبوونی وڵاتانی ناوچــە، هەڵبــەت لــە شــکڵی ئــەو جۆرە دیموکراسییەی کە لە ڕۆژئاوادا مەوجوودە، جا بە «لیبراڵ» ناوزەد بکرێ یان نە.

ئەگەر ڕێککەوتنی ئاشـــتیی نێوان وڵاتانی عەرەبـــی و ئیســـرائیل بەرینتـــر بێتـــەوە و سەربگرێ، هەڵبەت بە مەرجێ لەو پرۆسەیەدا مەســـەلەی فەلەســـتین چارســـەر بکرێ، لە بەشـــێکی بەرچاوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئاشتی دێتە کایـــەوە، هاوکاتیش ئێران (کە دوژمنی سەرسەختی ئاشـــتییە) لە پەراوێز دەکەوێ. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بە قازانجی نەتەوەی کوردە، چونکە پاش چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەســـتین، مەســـەلەی کورد بەرجەستەتر دەبێتەوە.

پـــاش شـــەڕی دووهەمـــی جیهانی، دوو فاکتەر یارمەتیدەری ئاشتی بوون لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا: مەترســـییەک کە لـــە یەکیەتیی ســـۆڤییەتەوە ســـەرچاوەی دەگرت بۆ ســـەر ئاسایشـــی وڵاتانـــی ئەورووپی لـــە لایەک، و دەروەست بوونی ئەمریکا بە نیسبەت ئاسایشی ئەورووپا لە لایەکی دیکەوە. بە هەمان شێوە، مەترسییەک کە لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، ویڕای پشتیوانیی ئەمریکا لەو وڵاتانە، زەمینەی ئەم پرۆســـەیەی خـــۆش کـــردووە. هەروەها شکســـتی ئەلقاعیدە و داعش یارمەتیدەری ئەو پرۆســـەیە بووە، چونکــە وڵاتانی عەرەبی کەمتر نیگەرانی ڕادیکاڵیزمی سوننەن.

بەڵام ئەو جۆرە ئاشتییە، ئاشتییەکی سارد دەبێ. بۆ ئەوەی ئەو ئاشـــتییە تەبدیل ببێ بە ئاشتیی گەرم، پێویست دەکا وڵاتانی عەرەبی بەرەو دیموکراسی گوزار بکەن، کە بە داخەوە لە ئێستادا زەمینەی نییە.

هەڵبەت ئاشتی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دەتوانێ بلۆکبەندی لە ئاست ناوچەییدا بتەوتر بکا، کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێ شەڕی لێ بکەوێتەوە (لە شکڵی  شەڕی ساردەوە بگرە تاکوو شەڕ بە وەکالەت و شەڕی گەرم.)

## سەرچاوەکان

1. Etel Solingen
2. Benjamin Miller

٣. لێرەدا "شـــەڕئامێزی" لە بەرانبەر war-proneness دانراوە، بە واتای ئەوەی کە ناوچەیەک تێندێنس یان مەیلی شەڕی تێدا بێ.

٤. لێرەدا "ئاشتی تەوەری" بەرانبەر بە peacefulness دانراوە، کە واتای لە ئارادبوونی دۆخی ئاشتی دەدا.

5. Etel Solingen, ‘‘PaxAsiatica versus Bella Levantina: The Foundations of War and Peace in East Asia and the Middle East,’’ American Political Science Review, 101:4 (2007); Benjamin Miller, ‘‘When and How Regions Become Peaceful: Potential Theoretical Pathways to Peace,’’ International Studies Review, 7:2 (2005).

٦. جێگای ئاماژەیە کە پێناســـەی ســـۆلینگێن لە هـــەردوو هەرێم، بەرینتـــرە لە پێناســـەی نەتەوە یەکگرتووەکان لـــەو دوو هەرێمە. بۆ نموونە، "ڕۆژهەڵاتی ناوین" لە پێناسەی سۆلینگێندا، وڵاتانی باکووری ئەفریقـــاش لـــە خۆ دەگرێ ـ لەوانە میســـر، لیبـــی و مەغریب ـ لە کاتێکـــدا "ڕۆهەڵاتی ئاســـیا" بۆ ئەو بەدەر لە چیـــن، تایوان، هۆنگ کۆنگ، هەردوو بەشـــی کـــورە و ژاپۆن، هەروهـــا  تایلەند، فیلیپین، میانمار (بورما) و مەلایزیا و کۆمەڵێک وڵاتی دیکە لە خۆ دەگرێ.

7. Etel Solingen, ’’Transcending disciplinary divide/s: A comparative framework on the international of the Middle East’’, POMEPS Studies, 2015, p. 55.

٨. هەڵبەت لە ڕوانگەی سۆلینگێنەوە، ڕیالیستەکان زۆرتر مەبەستیان "ســـەقامگیرییە" تاکوو "ئاشتی"، بەڵام بە بێ ئەوەی جیاوازیی نێوان ئەو دوو چەمکە شی بکاتەوە. لە سەردەمی شەڕی ساردا، کێنێت واڵز (Kenneth Waltz)، بیرمەندی بەرجەستەی نوێریالیزم، ڕای وابوو کە "دووجەمسەری" سەقامگیرترین نیزامی نێودەوڵەتییە. هۆیەکەشی گەڕاندەوە بۆ چەکی ناوکی لە دەســـتی سۆڤییەت و ئەمریکدا. لێرەدا دەبێ جەخت بکرێتەوە کە "سەقامگیری" لە ڕوانگەی واڵزەوە ئاماژەیە بەوەی کە شەڕی گەرم لە نێوان ئەمریکا و سۆڤییەتدا نەهاتە کایەوە. چەکی ناوکی وای کرد، "شـــەڕی سارد" لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا، نەبێ بە شەڕێکی گەرم. هەرچۆنێک بێ، پێناسەی ڕوون و یەکگرتوو لـــەم چەمکانە لە ئارادا نییە؛ ئەمەش بێ گومان سەرلێشـــێواوی پێک دێنێ. سەبارەت بە بۆچوونی واڵز، بڕوانە

Kenneth Waltz, Theoryof International Politics (New York: Random House, 1979).
9. Joseph S. Nye, Understanding International Conflicts: An Introduction to Theory and History (New York: Pearson, Sixth Edition, 2007), pp. 67-69.
10. Polarity
11. Solingen, “Pax Asiaticaversus Bella Levantina”, pp. 758-59.
12. Solingen, “Pax Asiaticaversus Bella Levantina”, p. 759.
١٣. لەمێژە تێبینی کراوە کە پەیوەندیی نێوان وڵاتانی دیموکراتیک ئاشتی تەوەرە. هەڵبەت ئەم دیاردەیە بە شێوەی جیاواز شی کراوەتەوە. بۆچوونێک دەڵێ ئەمە پەیوەندیی بە کولتووری سیاسیی وڵاتانی دیموکراتیکەوە هەیە، بە تایبەت پابەندبوونیان بە چارەسەرکردنی کێشە لە ڕێگای وتووێژ و تەنازول کردنەوە. هەروەک چۆن وڵاتانی دیموکراتیک کێشە نێوخۆییەکانیان لە ڕێگای دیالۆگ و تەنازول کردنەوە چارەسەر دەکەن، لە پەیوەندی لە گەڵ یەکتریشدا، هەروها دەجووڵێنەوە. بۆچوونێکی دیکە هەیە کە زۆرتر گرنگی دەدا بە دامەزراوەی دیموکراتیک و حساباتی ئەقڵانیی دەسەڵاتداران؛ واتە دابەشبوونی دەسەڵات و مەجالی دەسەڵاتی یاسادانان لە سنووردارکردن یان تەنانەت ڤیتۆکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار، ویڕای ئەوەی کە دەسەڵاتدار بەرژەوەندیی لەوەدایە دووبارە هەڵبژێردرێتەوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، کۆی ئەمانە وا دەکا کە ئەستەم بێ حکومەتی وڵاتێکی دیموکراتیک، بۆ چارسەکردنی کێشە لە گەڵ وڵاتی دیکەی دیموکراتیکدا دەست بۆ بژاردەی نیزامی بەرێ. لەو بارەیەوە، بڕوانە:
Miriam Fendius Elman, ”The Never-Ending Story: Democracy and Peace,” International Studies Review, 1:3 (1999), p. 93.
١٤. دامەزراوەی نێودەوڵەتی یان باڵادەوڵەتی وەک یەکیەتی ئەورووپا دەتوانن بە
15. Ibid.
16. Solingen, “Pax Asiaticaversus Bella Levantina”, pp. 759-60.
17. Solingen, “Pax Asiaticaversus Bella Levantina”, p. 760.
18. Solingen, “Pax Asiaticaversus Bella Levantina”, p. 759.
١٩. لەو بارەوە، بڕوانە:
Jonathan Fox, ”AreMiddleEastConflictsMoreReligious?”, MiddleEastQuarterly, 8:4 (2001)
20. Politicaleconomy
21. Politicalsurvival
22. Statist
23. Inward-lookingcoalition
24. Internationalizing
25. Foreign direct investment
26. Export-led growth
27. ”Neighborhood effect”
28. Anomaly
29. Solingen, “PaxAsiatica versus Bella Levantina”, pp. 766-67.
30. Developmental state
31. Predatory state
32. Path-dependency
33. Solingen, “Pax Asiaticaversus Bella Levantina”, p. 767.
34. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, p. 230.
35. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, pp 232-35.
36. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, pp. 235-36.
37. Regional integration
38. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, pp. 250-53.
39. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, pp. 238-42.
40. Coherence
41. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, pp. 246-47.
42. Miller, “When and How Regions Become Peaceful”, pp. 253-56.
٤٣. بڕوانە:
Benjamin Reilly, ”Internal Conflict and Regional Security in Asia and the Pacific,” Pacific Review, 14:1 (2002).
٤٤. لەو بارەوە، بڕوانە:
Will Kymlicka, Politics in the Vernacular: Nationalism, Multiculturalism, and Citizenship (Oxford: Oxford University Press, 2001), passim.
٤٥. لەو بارەوە، بڕوانە:
Daniel Cetrá and Malcolm Harvey, “Explaining Accommodation and Resistance to Demands for Independence Referendums in the UK and Spain,” Nations and Nationalism, 25:2 (2019); Peter Lynch, ”Scottish Independence, The Quebec Model of Secession and the Political Future of the Scottish National Party”, Nationalism and Ethnic Politics, 11:14(2005).
٤٦. لەو بارەوە، بڕوانە:
ImadSalamey, ”Middle Eastern Exceptionalism: Globalization and the Balance of Power,” Democracy and Security, 5:3 (2009).
٤٧. سەبارەت بە ئیسلاحاتی عەرزی لە ئێران و لێکەوتەکانی، بڕوانە:
Ervand Abrahamian, A Modern History of Iran (Cambridge, Cambridge University Press, 2008), pp. 134-1148.
٤٨. بڕوانە:
Eva Bellin, ”The Iraqi Intervantion and Democracy in Comparative Historical Perspective,” Political Science Quarterly, 119:4 (2004-05).
٤٩. لەو بارەوە، بڕوانە:
Ali Fathollah-Nejad, ”Europe and the Future of Iran Policy: Dealing with a Dual Crisis,” (Washington, DC & Doha: Brookings Institution, 2018).
٥٠. هەڵبەت ئەوە لە خۆیدا، وەک دەرکەوتووە، گارانتی نییە بۆ پابەندبوونی بەغدا بە دەستوور.

# ناکارامەیی لە هەڵسووڕانی وڵاتدا؛
# هۆکارێکی تری فیدراڵیزم یان هەڵوەشاندنەوە

**بیریار ژاوەرۆیی**

”

لە ئاراستەی دیمۆکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوە جیاوازەکاندا بە شێوەی ئاسایی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، بەتایبەت ئەوانەی وەک ئێران ناتێکەڵن کە هەر نەتەوەیەک نیشتمانی دیاری خۆی هەیە، دەبێت مافی یاسایی جیابوونەوەیان ئەگەر خۆیان ویستیان بمێننەوە و بەڕێوەبەرایەتیی فیدراڵ بۆ ئەو نەتەوانە ڕەچاو بکرێت. بەڵام بێجگە لەم هۆکارە کە زۆرتر بەرباسی نەتەوە بندەستەکان بووە، پێویستە تیشکیش بخرێتە سەر هۆکارەکانی تری داخوازی بۆ سەربەخۆیی و فیدراڵیزم.

“

سەبارەت بە شێوازی هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتەکان بەتایبەت لە باری سیاسییەوە، وەک بنەمای لایەنەکانی تری هەڵسووران، بیردۆزی و بیروڕای زۆر هەیە. بە هۆی فرەنەتەوەبوونی ئێران و هەبوونی کەلێنە کۆمەڵایەتییە قووڵە پێوەندیدارەکان، زۆربەی کات باسی خودموختاری، فێدراڵیزم و جیابوونەوە، گرێ دراوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن نەتەوە بندەستەکانەوە. لێکەوتەی ئەوەش هەوڵی یەکلایەنەی ئەو نەتەوانە بۆ سەرخستنی ئەو مافە و لە بەرانبەردا نکۆڵی و سەرکوتی بزووتنەوەکانیان لەلایەن نەتەوەی باندەستەوە، بە هۆی مێشکی نادیمۆکراتیکی ئیلیتەکانی و نەبوونی بڕوا بە دیمۆکراسی بووە. دیارە لە ئاراستەی دیمۆکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوە جیاوازەکاندا بە شێوەی ئاسایی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، بەتایبەت ئەوانەی وەک ئێران ناتێکەڵن کە هەر نەتەوەیەک نیشتمانی دیاری خۆی هەیە، دەبێت مافی یاسایی جیابوونەوەیان ئەگەر خۆیان ویستیان بمێننەوە و بەڕێوەبەرایەتیی فێدراڵ بۆ ئەو نەتەوانە ڕەچاو بکرێت. بەڵام بێجگە لەم هۆکارە کە زۆرتر بەرباسی نەتەوە بندەستەکان بووە، پێویستە تیشکیش بخرێتە سەر هۆکارەکانی تری داخوازی بۆ سەربەخۆیی و فێدراڵیزم.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی داخوازی بۆ فێدراڵیزم و سەربەخۆیی، ناکارامەیی و ناتوانییە لە هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتیکردنی وڵاتانی بەرین و گەورە، چ لە باری ڕووبەر و چ لە باری حەشیمەتەوە. ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتدارانی تێگەیشتوویان هەیە، کاتێک تێدەگەن کە وڵاتەکەیان کێشەی زۆرە و بە باشی بۆیان هەڵناسووڕێت و بە زۆر لە ناوەندەوە ناتوانن کاروباری وڵات ڕاپەڕێنن، لە پێناوی مافی خەڵک و پەرەپێدان و پێشکەوتندا بێ هیچ دەمارگرژییەک بڕیار دەدەن لەسەر ڕاسپاردنی کاروباری وڵات بە خەڵک لە ئاستە جیاوازەکان و بەشداریی خەڵک لە دەسەڵاتدا؛ واتە دیمۆکراسیی بەشدارانە و ڕێکەوتنانە. بەوجۆرە بەرگیری دەکەن لە کەڵەکەبوونی دەسەڵات لە ناوەندا کە زۆربەی کات هۆی پێکهاتنی گەندەڵی بووە. لە هەندێ وڵاتدا تەنانەت بێ ئەوەی کەلێنی کۆمەڵایەتی هەبێت و فرەنەتەوەیی بن، بە شێوەی فێدراڵ بەڕێوە دەچن وەک ئوسترالیا، ئەڵمانیا، ئوتریش/نەمسا و....

> ئیلیت و دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیستی فارس بێ ئەوەی کە ئاوڕێک لە سیاسەت و شێوەی هەڵسووڕانی خۆیان لە ئێراندا بدەنەوە، هەموو پەرۆش و کەڵکەڵەیان بووەتە هەوڵ بۆ ڕاگرتنی ئەو چوارچێوە بێ قازانج و سووتاوە و سیستەمی کرمۆڵی دەسەڵاتیان

هەروەها کاتێک دەسەڵاتداران ناتوانن چەندین وڵات لە ژێر ناوی وڵاتێکدا بەشێوەی دیمۆکراتیک و بە باشی هەڵسووڕێنن، یاسا ئەو مافە بە وڵات و نەتەوە جیاوازەکان دەدات کە لە پێناوی بەختەوەریی گەلەکەیاندا بەپێی بڕیاری خەڵکی خۆیان، ڕێگای سەربەخۆیی بگرنە بەر. واتە پێوەری باش هەڵسووڕانی وڵات زۆربەی کات، ڕادەی بەدیهاتنی مافەکان و بەختەوەریی خەڵکە نەک ڕاپەڕاندنی وڵات بە زۆر، برسیەتی، گەندەڵی، درۆ و بە شێوی نادیمۆکراتیک و زۆر شتی نەشیاوی تر.

دیارە لە هەندێ وڵاتی فێدراڵ-دیمۆکراتیکدا، چونکە هەڵسووڕانی وڵات بە باشترین شێواز بووە و هەموو خەڵک مافە دیمۆکراتیکەکانی خۆیان هەبووە و پلەی گەشەسەندن و پەرەپێدانیان لە ئاستی بەرزدا بووە، هەندێ جار تەنانەت بە هەبوونی یاسای جیابوونەوەش ڕەنگە زۆرینەی خەڵکی ویلایەتێک لە ڕیفراندۆمیشدا دەنگ بە جیابوونەوە نەدەن و نەیانەوێت سەربەخۆ بن؛

وەک ئـــەوەی لە پاریـــزگای کێبێکی کەنەدا هەبووە. بەپێچەوانەوە، کاتێک دەسەڵاتدارانی وڵاتێک توانایی هەڵسووڕانی شیاوی ئەوێیان نییە و تەنیا بە زۆر و کوشتن و برین دەیانەوێت خەڵکانـــی جۆراوجۆر و ناوچــە جیاوازەکان لە ژێر ناوی وڵاتێکـــدا ڕاگرن، دەرەنجامێکی بێجگە لــە پێشـــێلکردنی مافـــی خەڵک و ڕاگرتنـــی خاکێکی پەرەپێنەدراو و ســـووتاو کە خەڵکان و ویلایەتە جیاوازەکان بە ئاواتی دەربازبوون لەو چوارچێوەیەن، بە دواوەنابێت. ئەمە واتە قوربانی کردنی مرۆڤەکان بۆ خاک، نەک پاراســـتنی خاک بۆ مرۆڤ. لێرەدایە کە کاتێک مرۆڤ لە وڵاتێکدا مافی مرۆیی خۆی نەبوو، بۆی گرنگ نابێت کە نـــاوی ئەو وڵاتە چی بێت، مێـــژوو و شارســـتانیەتی کۆنی چـــی بووبێت یان بە هەر نرخێـــک چوارچێوەیـــەک لـــە خاکێکـــی بێ کەڵـــک بۆ مرۆڤ کە هیچ قازانجێکـــی بۆی نییە بپارێزێـــت. هەروەها کە زۆرێک لە خەڵکی ئێستای ئێران، وێڕای هەموو ســـامان و دەوڵەمەندیی ئەو وڵاتــە، پێیان خۆشــە لەو قاقرســـتان و جەحەننەمەی کە بۆیـــان پێکهێنراوە خۆیان ڕزگار بکەن و لە دەرەوەی ئێران لە شوێنێک بژین کە مافـــی مرۆییان ڕەچـــاو بکرێت و وەک مـــرۆڤ بەوجۆرەی کە هەن و بە شوناســـی خۆیانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت.

بۆیـــە لە پێوەنـــدی لەگـــەڵ ئێراندا، ئەو پرســـیارانە لە ئارادایە کە بۆچی ئێلیتەکانی نەتـــەوەی باندەســـتی خـــاوەن و پارێزەری بیرۆکەیەکی تەواو شەڕەنگێزانە و دارمێنەر کە هۆی هەموو کێشەکان بووە، بەرپرسیارێتیی زیاتر لە سەدەیەک ناکارامەیی هەڵسووڕانی ئەو وڵاتە لە ئەستۆ ناگرن؟ ئاخۆ ئەو ناکارامەیییە کە ئیتر قەرەبووی بۆ نییە، ناتوانێت گرنگترین هۆکاری تێکـــدان و لەتکردنی وڵاتەکە بێت؟ بۆ تەنیا ڕووی دەم لە نەتەوە بندەستەکانە و هۆکار و بەرپرسیارێتیی هەڵوەشاندنەوەی ئەو وڵاتە دەخرێتە ئەستۆی ئەوان تاکو کردەوەی نادروســـت و ناکارامەیی خۆیان بشـــارنەوە؟ گـــەر بەر لـــە ســـەردەمی مۆدێـــرن ڕەچاو نەکەیـــن، هەر لە مێژ ســـاڵە دەبوا ئەمانە بە خۆدا بهاتبانەوە و خەڵکیش ئەو پرســـیارەیان ئاراستەیان بکردبایە کە بۆچی سوورن لەسەر ڕاگرتنی پێکهاتەی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەی هەنووکەیی لەو وڵاتەدا لەکاتێکدا کـــە لە ســـەرەتای پێکهاتنیەوە تاکو ئێســـتا ئەو دەوڵەتە دەســـکردەی بە ناو مۆدێرن نەیتوانیوە هەڵســـووڕان و بەڕێوەبەرایەتییەکی دروســـت و قبووڵکـــراوی هەبێـــت؟ ئاخۆ نابێـــت ئەمانـــە پێـــش هەموو شـــتێک، بە هۆی ناکارامەیی و نەشـــیاوبوونیان و ساڵانێکی زۆر تاڵکردنی ژیانـــی خەڵک، داوای لێبوردن لە گەلانی ئێران بکەن و قبووڵ بکەن کـــە ئەو گەلانە بـــەو بۆنەیەوەش مافـــی خۆیانە کـــە بڕیـــاری دەرچـــوون لەو چوارچێوە گەندەڵە بدەن؟ ئاخۆ بەو چارەنووسە شیرینەوە کە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە پێکیـــان هێناوە، نەدەبا لە ڕوویان نەهاتبایە کە بە نەتەوە بندەســـتەکان بڵێن جیا مەبنەوە؟ بـــە چ ڕوویەکەوە ڕووی دەم دەکەن لە گەلانـــی ئازادیخواز و دەڵێن بـــۆ جیا دەبنەوە و ئـــەو وڵاتە تێکدەدەن؟ بۆ دەبێت لە خۆ نەپرســـن کە بۆچی وڵاتێکیان پێکنەهێنا کـــە خەڵکەکەی بە ئاواتی چوونە دەرەوە لەوێ نەبـــن و خەڵکانی تر بە ئاواتی کـــۆچ بۆ ئەوێ بن؟ ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە بپرســـرێت کە مادام ناکـــرێ بۆتان و ناتوانن وڵاتێکـــی بەرین و پڕجەمـــاوەر وەک ئێران هەڵســـووڕێنن و بوونەتە هـــۆی کاولبوون و

> به هۆی فرەنەتەوەبوونی ئێران و هەبوونی کەلێنە کۆمەلایەتییە قووڵە پێوەندیدارەکان، زۆربەی کات باسی خودموختاری، فیدراڵیزم و جیابوونەوە، گرێ دراوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن نەتەوە بندەستەکانەوە

وێرانیی ئەو وڵاتە، بۆ ڕێگا نادەن ببێتە فێدراڵ و خەڵکی ناوچەکان بۆخۆیان بە باشی خۆیان هەڵسووڕێنن؟ بۆ خەڵک دەکرێنە قوربانیی پاراستنی ئەو چوارچێوە ڕوخێنەرەی مرۆڤ و هیچ بەرژەوەندییان ڕەچاو ناکرێت؟

ئێلیت و دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیستی فارس بێ ئەوەی کە ئاورێک لە سیاسەت و شێوەی هەڵسوورانی خۆیان لە ئێراندا بدەنەوە، هەموو پەرۆش و کەڵکەڵەیان بووەتە هەوڵ بۆ ڕاگرتنی ئەو چوارچێوە بێ قازانج و سووتاوە و سیستەمی کرمۆڵی دەسەڵاتیان. دیارە تەنیا پاساوی ئەمە دەتوانێت بەرژەوەندیی تاکەکەسیی ئەوانە و گرووپی دەسەڵاتدار بێت و هیچ پێوەندیی بە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکەوە نییە. ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی پێناسەی نەریتیی سیاسەتدا واتە فریودان و زوڵم و ستەم لە خەڵکی خۆ دەگونجێت، نەک سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی بە واتای باشترین ڕێگا بۆ خزمەت بە خەڵکی خۆ کە پێویستی بە لەخۆبردوویی سیاسەتوانان و بەڕێوەبەرانی حکومی هەیە. دیارە گەورەبوونی وڵاتێک و پڕحەشیمەت بوونی دەتوانێت لە باری سیاسی و نێودەوڵەتییەوە سەرچاوەی هێز بێت و بە شێوەی ئاسایی لە پێناو قازانجی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا بەکار دەهێنرێت. بەڵام کاتێک بووە هۆی چارەڕەشی و نەهامەتی، هیچ قازانجی نامێنیت. هەروەها کە زۆر وڵاتی بچووک هەن کە هەم لە باری تەناهی خەڵک و دێمۆکراسییەوە و هەم لە باری دەسەڵاتەوە زۆر بەهێزترن لە هەندێ وڵاتی زۆر بەرین و پڕحەشیمەت.

بەو هەموو بەڵایەی ئێلیتی فارس و دەسەڵاتدارانی پارێزەری ئێرانی یەکگرتوو و یەکپارچە بە سەر خەڵکدا هێناویانە، لە جیاتی بە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی کێشەکانی ڕابردوو و داوای لێبوردن، هێشتا ئەوان نەتەوەکانی تر بە خەتابار دەزانن و ئاگاداریان دەکەنەوە و هەڕەشە دەکەن. لە مێژە کاتی ئەوە گەیشتووە کە وەک ئەندازیارانی دارشتنی پێکهاتە و شێوازی هەڵسووڕانی وەها وڵاتێکی پڕ لە کێشە، یەخەیان بگیردرێت و لەسەر شێوەی هەڵسووڕانی ئەو وڵاتە بۆ نزیکەو سەدەیەک کە بووەتە هۆی تێکچوونی زەنگینی و سامانی و هەروەها چەوساندنەوەی خەڵک و لەنێوچوونی حورمەت و مافەکانیان، گوشار بخرێتە سەریان بۆ وڵامدەر بوون. دیارە بە ڕوونی لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە بەڕێوەبەرایەتییەکی باشیان هەبێت. بۆیە ئاوەزی گشتی و بیری ژیرانە بە پێویستی دەزانێت لێپرسینەوەیان لێ بکات کە مادام ئەو کارامەیی و توانایییەیان بۆ هەڵسووڕانی وەها وڵاتێک نەبووە و نییە، بۆچی دەمارگرژانە و دواکەوتووانە پێداگرن لەسەر پاراستنی ئەو چوارچێوە دژەمرۆییە بە هەر نرخێک؟

> **لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، ئەو پرسیارانە لە ئارادایە کە بۆچی ئێلیتەکانی نەتەوەی باندەستی خاوەن و پارێزەری بیرۆکەیەکی تەواو شەڕەنگێزانە و دارمێنەر کە هۆی هەموو کێشەکان بووە، بەرپرسیارێتیی زیاتر لە سەدەیەک ناکارامەییی هەڵسووڕانی ئەو وڵاتە لە ئەستۆ ناگرن؟**

دیارە ئێلیتی فارس بە شێوەی نالۆجیک هەموو کات لایەنگری ئەو یەکپارچەیییەیە و تەنیا ناوی «ئێران» و پاراستنی ئەو چوارچێوەیە هەموو شتێک بووەبۆیان. بەڵام ئاخۆ وەها لۆجیکێک لە دنیای ئەوڕۆکەدا قبووڵ کراوە؟ ئاخۆ نابێت ڕووبەڕووی ئەو پرسە ببنەوە کە قبووڵ بکەن بە شێوەی دێمۆکراتیک لەسەر هەرشتێک کە زیاتر بە قازانجی خەڵک بێت، بڕیار بدرێت؟ نابێت بیر بکەنەوە کە ئەوڕۆ مرۆڤایەتی گرنگە و دەبێت لە بری پێداگری لەو بابەتە دژەمرۆیيانە ڕێگە بدەن هەرچی لە قازانجی مافی مرۆییی خەڵکدا بێت ڕووبدات و دەستهەڵگرن لە دەمارگرژی

ناژیرانــە. مادام کە لەتبوونــی ئەو وڵاتە یان بــە فیدراڵبوونی بە قازانجی خەڵکە و کۆتایی بە گەندەڵی و ناکارامەیی لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوەند دەهێنێــت، بۆ دەبێت ڕەچاو نەکرێن؟ دیارە ســەردەمی فریودانی خەڵــک لە ژێر ناوی جۆراوجۆر بۆ کەڵک لێ وەرگرتنیان لە ئاراستەی ئایدۆلۆجیای سەقەت و دژەمرۆیی کۆتایــی پێ هاتووە. خەڵکــی ئاگا و ژیر لە هــاواری «ئێران ئێــران»، «ئاریایی ئاریایی» و «ئیســلام ئیسـلام» کردن و خاوەن وڵاتی گەورە و مێــژووی درێژ بوون و... ماندوون و نایانەوێت چی تر بەو دروشــمانە بخەڵەتێن. بەڕێوەبەرایەتیــی نادروســت و ناکارامەی ســەدە ساڵە دەبێت کۆتایی پێ بێت و لە ژێر ناوی جۆراوجــۆردا پاســاو نەدرێت. خەڵک ئیدی پێش هەر شتێک مــاف و ئازادییەکانیــان بۆیان گرنگــە جــا لە هــەر کوێ بن و نــاوی وڵاتەکەیــان هەرچی و قــەوارە و حەشــیمەتەکەی هەرچەندە بێت.

دیارە لە ئێراندا ناوەندخوازی و یەکپارچەیی و ئاوەزمەندێتیی پێوەندیــدار بــەو پێکهاتەیــە ســەرچاوەی زۆر گەندەڵــی و بێبەری کردنی خەڵک لە مافەکانیان بووە. بۆیە بێجگە لە هۆکارەکانی تر لەوانە فرەنەتەوەیی و کەلێنــی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لە پێوەندی لەگــەڵ مافــی سیاســی و چاندی-زمانیی نەتەوە بندەســتەکان و ملهوریــی نەتەوەی باندەســت کە بووەتە هۆی چەوســاندنەوە و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، باس دەکرێن، دەبێت ویســتی قەرەبووکردنەوەی هەڵســووڕان و بەڕێوەبەرایەتیی نەشــیاو و نەگونجاو لەگەڵ مافی خەڵک ببێتە داخوازییەکی هەمەلایەنە و گشــتگیر. کاتێــک بــۆ ماوەیەکــی زۆر پێکهاتەیەکی سیاســی و هەڵســووڕێنەرانی ئەوە و شــێوازی بەڕێوەبەرایەتییان ناکارامە بــوون، بە هۆی ئــەو دۆخەی کــە پێکیان هێنــاوە بۆ ئەو وڵاتــە و خەڵکەکەی، ئێلیتی فارس و لایەنگرانی ئەو سیاسەت و پێکهاتەیە بەرپرسیارن و پێویستە وێڕای داوای لێبوردن، گۆڕانکاریی قبووڵ بکــەن. وانەزانن کە تەنیا فرەنەتەوەیی و کەلێنی کۆمەڵایەتی هۆکاری داواکارییــە بۆ فیدراڵیزم و جیابوونەوە. لێرەدا خەڵک و نەتەوەی فارسیش کە زۆرێکیان بێ بەش بوون و بوونەتە قوربانیی ئەو سیاســەت و پێکهاتەیە و لە مافە مرۆییەکانیان بێبەری بــوون، دەبێت بچنە بــەرەی نەتەوەکانی تر و ڕووی دەمیــان لــە ئێلیتــی دەمارگرژی لایەنگری پێکهاتەی ناکارامە بێت و داوای گۆڕانکاریی بنەڕەتــی بکــەن؛ بــە جۆرێ کە زیاتــر بەختەوەریی هەموو خەڵکــی تێدا بــەدی بهێنرێت.

> **دیارە ئێلیتی فارس بە شێوەی نالۆجیک هەموو کات لایەنگری ئەو یەکپارچەییەیە و تەنیا ناوی «ئێران» و پاراستنی ئەو چوارچێوەیە هەموو شتێک بووەبۆیان. بەڵام ئاخۆ وەها لۆجیکێک لە دنیای ئەورۆکەدا قبوول کراوە؟**

پێویستە چ لایەنگرانی پاشایەتی و چ لایەنگرانــی کۆمــاری ئیســلامی و چ ئۆپۆزیســیۆنی سیاســیی نادیمۆکراتیــک وەڵامدەری ئەوپرســیارە بن کە مــادام نەیانتوانیــوە و ناتوانــن بــە شــێوەی کارامــە وڵاتێک هەڵســووڕێنن، بۆ بە شــێوەی نالۆجیــک و دەمارگرژانە پێداگری لەســەر دووپــات کردنــەوەی ئەزموونێکــی تــاڵ و چوارچێوەیەک دەکەن، بە بێ مرۆڤی خاوەن مــاف؟ تاکــەی دەبێت بــەو عەقڵانییەت و مێشکە دیمۆکراتیکە نەگەن و ئاوڕ نەدەنەوە لە ڕابردووی ڕەشــی خۆیان و بە سازکردنی مێژوو و ناو و نازناوی جۆراوجۆر و دەمارگرژی و شانازیی بێ بنەما مرۆڤ بکەن بە قوربانیی ڕاگرتنی یەکپارچەیی خاکێکی سووتاو.

مرۆڤی دیموکــڕات و باوەڕمەند بە مافی مرۆڤ، بە دوور لــە دەمارگرژی ڕێگە دەدات کە خەڵک خۆیان لەســەر چارەنووسی خۆیان

بۆ هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتییەکی دروست بڕیار بدەن و مافی خەڵک تەنانەت تاقە کەسێک دەخاتە سەرەوەی ئەو جۆرە ناڵۆجیکەی سنووڕپەرستی. بۆیە بە ساکاری قبووڵی دەکات کە مادام پێکهاتە و سیستەمێکی هەڵسووران ئەو هەموو دواهاتە خراپەی لێ کەوتووەتەوە با شێوەیەکی تری هەڵسووران تاقی بکرێتەوە. مادام کە مافی خەڵک بپارێزرێت با ئێران نەبێت و چەند وڵاتی بچووکی دیمۆکراتیک هەبن کە بەرژەوەندیی خەڵکەکەیان لە سەرەوەی هەموو شتێکدایە. دیارە لەو کاتەدا تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ئەوانە ڕۆڵی باشتر دەگێڕن و وڵاتانێکی پەراوێزکەوتوو نابن کە خەڵکەکەیان پێوەندییان لەگەڵ جیهان پچڕابێت. بە دڵنیاییەوە لە باری ئابووری و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیشەوە بە هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتیی دروست باشتر بەرژەوەندیی خەڵک دەپارێزرێت. کە ئەوەش نەبوو مادام کە خەڵکە جیاوازەکان بە ڕێکەوتن بڕیاریان دا کە لە چوارچێوەی پەیمان و یاسادا بە شێوەی بەرابەرییەکەوە بمێننەوە، ئەوا دیارە هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتیی فێدراڵ-دیمۆکراتیک بە هۆی پێکهێنانی دەسەڵات لە بەرانبەر دەسەڵاتدا، بە وتەی مۆنتێسکیو، بە قازانجی گشتی خەڵک دەبێت و لە پەرەسەندنی گەندەڵی و نابەرپرسیاربوون و وڵامدەر نەبوون و تەرخانکردنی سەرمایە بۆ مەبەستی ئایدۆلۆجیکی نامرۆیی و دەستێوەردان لە وڵاتانی دەرەوە بەرگیری دەکات.

«بەو هەموو دەوڵەمەندیی و سامانەوە کە هەیەتی، ئەگەر هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتیی دروست لە ئێران هەبایە، چ لە سەردەمی شا و چ کۆمار، ئەوا دەکرا وڵاتێکی جیاوازتر و لانیکەم پێشکەوتووتر پێکبێت»

بەو هەموو دەوڵەمەندیی و سامانەوە کە هەیەتی، ئەگەر هەڵسووران و بەڕێوەبەرایەتیی دروست لە ئێران هەبایە، چ لە سەردەمی شا و چ کۆمار، ئەوا دەکرا وڵاتێکی جیاوازتر و لانیکەم پێشکەوتووتر پێکبێت. ڕەنگە لەو بەستێنەدا هەلێک بڕەخسایە کە نەتەوەکانی دیکەیش وێڕای هەوڵ بۆ مافەکانیان، بە هۆی ئاستی بەرزی دیمۆکراسی، تەناهی، پێشکەوتن و هەڵسووڕانی دروستەوە، بە هاسانی دەنگیان بە جیایی نەدایە. بەڵام ئەو ئەزموونە خراپەی هەڵسووڕانی ئیلیتی سیاسیی خاوەن زەینییەتی نادیمۆکراتیکی نەتەوەی باندەست لە چوارچێوەی دەوڵەتی بە ناو مۆدێرندا، هیوایەکی نەهێشتووەتەوە بۆ خەڵک و تەنانەت زۆر ئاستەمە کە فیدراڵیش چارەسەر بێت. دیارە بێ هیوایی لە گۆڕانی زەینییەتی نادیمۆکراتیک و ترس لە دووپاتبوونەوەی ئەو ئەزموونە لە داهاتوودا، پیشان دەدات کە باشترین ڕێگا بۆ هەڵسووڕانی وەها وڵاتێکی بەرین کە لە بنەڕەتدا بە لاری هاتووەتە سەر، تێکدان و لەت کردنییە بە چەندین وڵات. هۆی ڕۆشتن بەرەو ئەو ویستە دیمۆکراتیکەی جیابوونەوە یان لانیکەم فیدراڵی، نە تەنیا فرەنەتەوەیی بوونی ئەو وڵاتە و داخوازییەکانی نەتەوە بندەستەکان بەڵکو ناکارامەیی لە هەڵسووڕانی وڵات و کردەوەی ملهوڕانە و پڕ لە گەندەڵی و نابەرپرسیاربوونی ئیلیتی سیاسی و هەڵسووڕێنەرانی ئەو وڵاتە لە سەدەی ڕابردووشدایە. کەواتە ئیلیتی هزری-سیاسی، شۆڤێنیستی فارس پێکهێنەری سەرەکیی کێشەکانن و پێویستە بەرپرسیارێتیی ئەوە لە ئەستۆ بگرن و لەگەڵ داوای لێبورن بە هۆی دواهاتی کار و کردەوەکانیان و لایەنگری لە وەها پێکهاتە و بیرێکی سیاسیی ناکارامە، دان بە مافی ڕەوای گەلانی ئێراندا بنێن بۆ هەر بڕیارێک؛ هەڵبەت گەر بە ئاستی زەینییەتی دیمۆکراتیک گەیشتبێتن.

# ژیۆپۆلیتیکی ئاو وەک ئامرازی سیاسی

**بابان ئەلیاسی**

زۆربەی پسپۆڕان و گوتارە گشتییەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو باوەڕەدان کە کەم بوونی ئاو، گەرچی دانی پێدا نانرێ، بەڵام گرنگیی ژیۆسیاسیی بەرچاوی هەیە. چ ئەوانەی گەشبینن و چ ئەوانەیش ڕەشبینن، وەک یەک گومان دەکەن کە ئاو لە داهاتوویەکی نە دووردا، دەرئەنجامی ژیۆسیاسیی قووڵی دەبێ.

## پوختە

لەم نووسراوەیەدا، هەوڵ دەدرێ، چەمکی ژیۆپۆلێتیک (جوغرافیای سیاسی) بە گشتی و ژیۆپۆلێتیکی ئاو باس بکرێ. هەر وەک چۆن نەوت، وەک چەکێکی سیاسی لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا بەکاردێت، ئاویش بۆ هەمان مەبەست بەکار دەبردرێ. دەمێکە نەوت بە سەر رامان و بیری ژیۆپۆلێتیکی هێزە جیهانیەکاندا زاڵە، بەڵام گرنگیی سەرچاوە ئاوییەکانیش، لە هەزارەی نوێدا تا دێت زۆرتر دەبێت. بۆیە ئەگەری پێکدادان، لەو ناوچانەی جیهان کە کەمبوونی ئاو هەیە، زۆرتر دەبێ.[۱] هەر لە پرسی سیروان و زێی بچووک لە ئێران تا دیجلە و فرات لە تورکیا، نیل لە ئێتیۆپی و حەوزی ئیندووس لە هیند و پاکستان، ئاو وەک هێز، چ بۆ شانتاژ و چ لە کاتی وتوێژەکان بەکاردێنن. لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی کوردستاندا، ئێران و تورکیا، هەم دژی کوردستانی بن دەستی خۆیان و هەم دژی پارچەکانی دیکە لە چەکی ئاو کەڵک وەردەگرن. ئێران لەم کارتەی لە دژی باشووری کوردستان کەڵکی وەرگرت و لە ئایەندەشدا، کەڵکی لێ وەردەگرێ. تورکیاش کە لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی باکووری کوردستان لە ڕێگای دروست کردنی دەیان پرۆژەی بەنداو، لەم چەکە بە ئاشکرا دژی ڕۆژئاوای کوردستان کەڵک وەردەگرێ. هەر دوو وڵات لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا، ئاوی کوردستان، دەخەنە خزمەت پرۆژەی نەتەوەییی گەلانی سەردەستی فارس و تورک.

زۆربەی پسپۆڕان و گوتارە گشتییەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لەو باوەڕەدان کە کەم بوونی ئاو، گەرچی دانی پێدا نانرێ، بەڵام گرنگیی ژیۆسیاسیی بەرچاوی هەیە. چ ئەوانەی گەشبینن و چ ئەوانەیش ڕەشبینن، وەک یەک گومان دەکەن کە ئاو لە داهاتوویەکی نە دووردا، دەرئەنجامی ژیۆسیاسیی قووڵی دەبێ. واتە لە داهاتوودا، ئەوە سیاسەتە کە چوارچێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی ئاو دیاری دەکا.

## پێشەکی

سەرچاوەکانی ئاوی قابیلی ژیانەوە و غەیری قابڵی ژیانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کەم بوونەتەوە. ئەمە دۆخی عێراق و سووریا و ئەردەن و لوبنان و میسرە. لە گەڵ ئەوەدا، وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، بوودجەی زەبەلاح بۆ پالاوتنی ئاوی سوێر خەرج دەکەن. ئەم پرۆسەیە وڵامدەرە، بە مەرجێک نرخی نەفت و گاز بەرز بێت.

ئاو هەمیشە سەرچاوەیەکی ستراتیژی بووە. هەر وڵاتێک کە دەیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە، دەبێ بۆ خەڵکەکەی ئاوی پێویست دابین بکا. ئاو هەروەها مەرجی گەشەی دانیشتووان، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، بەرهەمهێنانی پیشەسازی، سەقامگیریی تەندروستییە.[۲] بتسیئۆتۆ لە ئینستیتۆی سەرچاوە جیهانییەکان، پێی وایە کە هەموو وڵاتەکان بە یەک ئەندازە لەگەڵ پرسی ئاو ڕووبەڕوو نین. لە کاتێکدا وڵاتی کوەیت لە بواری ئاودا یەکێک لە وڵاتە هەرە فەقیرەکانی دونیایە، وڵاتی کانادا، یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندەکانی دونیایە. تاکێکی کانەدایی، بەشی ئاوی ۱۰هەزار جار لە تاکێکی کوەیتی زۆرترە.[۳]

جیا لە بەکارهێنانی وەک چەکی سیاسی، لە بواری ناوخۆییشدا، ئاو وەک ئامرازی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەکاردێت. بە گوێرەی ویتفۆگڵ، بە ناوەندی کردنی کۆنترۆڵی ئاو، لە لایەن ڕێژیمە سەرەڕۆکانەوە، ئیمکانی بە هێز بوونی دەسەڵاتی ناوەند دەدا. ناوبراو پێی وایە کە دروست بوونی ژێرخانی

گەورەی ئاودێری، هەم پێویستیی جۆرەکانی دەوڵەتــی مەرکەزگــەرای هێناوەتــە ئاراوە، هەم پشــتگیری لە جۆرەکانــی دەوڵەتداریی مەرکەزگەرا و دەرکەوتنی دەوڵەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان کردووە.[٤]

پرۆژەی دروست کردنی ٢٢ بەنداو لە سەر ڕووبــاری دیجلە و فرات جێبەجێ دەکرێ.[٥] ئەو ناوچانەی کە پرۆژەی گاپ تێیدا جێبەجێ دەکــرێ، ٩٠ لە ســەدی دانیشــتوانەکەی کوردن.[٦] شەڕی ناوخۆییی تورکیا و کوردەکان، تا ڕادەیــەک پەیوەندیــی بە ئــاوەوە هەیە. چونکە حکوومەتی تورکیا لە بەرنامەیدایە، بە دروست کردنی بەنداوی مەزن و کشتوکاڵ و پیشەسازیی گەورە و بە هێز کردنی ئابووری، پێکهاتەی دانیشــتوانی ناوچە کوردنشینەکان لە بەرژەوەندیی تورکەکان بگۆڕێ.[٧] «ئۆلریش ئیشــلمان» کە پســپۆڕی ژینگە و سەرۆکی ڕێکخراوی نادەوڵەتیی ئوتریشــیی ڕیڤرواچە، دەڵێ: بەنداوی ئیلیسۆ چەکە و لە دژی زەوی و زارە نزمەکانە.[٨]

ســەددام حســێن لە کاتی شەڕی ئێران ـ عێراقــدا، لە ســاڵەکانی دەیــەی ١٩٨٠، ئاوی وەک چەکێک بەکارهێنا بۆ ســەرکوتی نەیارانی. ئەویش بە وشک کردنی گۆلاوەکانی باشووری عێراق.[٩] تورکیا هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ سوریە و عێراق، لەسەر دابەش کردنی ئاوی دیجلە و فرات، بە توندی گرێ دەداتەوە بە هەماهەنگیی سیاســی لە نێوان ئەو ســێ وڵاتەدا. هەڵبەت پرسی کورد جەوهەری هەر ســەودایەکە لە ســەر ئاو، لە نێوان ئەو سێ وڵاتەدا. ئێرانیش بە لێدانی پرۆژەگەلی گەورە، پارێزگاکانــی ڕۆژئاوای ئێــران ـ کە دەکەونە ســنووری عێــراق ـ ی بێبــەش کردووە و ئاوەکانی گواســتۆتەوە بۆ پارێزگاکانی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئێــران.[١٠] وێنەی خوارەوە، لە یەکێک لە بەنداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراوە.

ئایا لە داهاتوودا لەســەر ئاو، لە نێوان وڵاتاندا شــەڕ دروســت دەبێ؟ لــە ســاڵی ٢٠١٩، فریدریک لاســر جوغرافیاناسی کانادایی ئەم پرسیارەی کردووە.[١١]

لــە ڕابــردوودا بە کەمــی بینــراوە کە دەستڕاگەیشــتن بە ئاوی شیرین و کونترۆڵ کردنی، هــۆکاری بنەڕەتیی شــەڕەکان یان پێکدادانــە تونــدەکان لە نێــوان دەوڵەتاندا بووبێتن.[١٢] هێندێ لە پسپۆڕان لەو بڕوایەدان



ئەم وێنەیە لە یەکێک لە بەنداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراوە. سەرچاوە: دوکتور مەنسوور سوهرابی

که ئەگەری شــەڕ لە ســەر ئاو لاوازە، بەڵام هەندێکیشــیان پێیان وایە کە شەڕی زۆرتر لە سەر ئاو حەتمیە، ئەویش بە هۆکاری کەم بوونی ئاو، زۆربوونی حەشیمەت، چوونە سەری ئاستی ژیان و زۆر سەرف کردنی ئاو.[١٣]

هێندێکیــش پێیان وایە کە ئەو شــتەی کــە وەک شــەڕی داهاتــووی ڕۆژهەڵاتــی ناوەراست باسی لێ دەکرێ، ساڵهایە دەستی پــێ کردوە. شــەڕەکانی هیند و پاکســتان، ئیســرائیل و عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧ لە سەر ئاو بوون. دەگوترێ، دروســتبوونی داعش لە ئاکامی دروســتبوونی کەم ئاوی لە سوریە و عێراق و بێکار بوونــی وەرزێران و بوونیان بە پەراوێزنشینی شارەکان بوو.

بەڵام کونترۆڵ کردنی سەرچاوە خاوەکان لە لایــەن وڵاتەکانەوە، بێگومــان لە زۆربەی تێکهەڵچوونەکاندا دەوری ســەرەکیی هەیە، کەچی ئەم پاڵنەرە لە کاتی هەڵگیرســاندنی شەڕەکان زۆر جاران ئاشکرا نەبوە.

## پێناسەی ژیۆپۆلێتیک

بــۆ ژیۆپۆلێتیــک، پێناســەی جۆراوجــۆر دەکرێ. دەســتەواژەی ژیۆپۆلێتیک پێکهاتوە لــە دوو بەش: ژیــۆ، واتــە زەوی، پۆلێتیک واتە سیاســەت، کە واتاکەی دەبێتە زانستی «سیاســەتی زەوەی».[١٤] بــۆ ڕودۆلف کلین کە لە ســاڵی ١٨٩٩ چەمکــی ژیۆپۆلێتیکی داهێنا، ژیۆپۆلێتیــک واتەی تیۆریی دەوڵەت وەک کیانێکــی جوغرافیایی یان دیاردەیەک لە سپەس(پانتایی)، دەدا.[١٥] بەکارهێنانی لە نێوان شــەڕەکانی جیهانیی یەکەم و دووهەم پەرەی ســەند. بۆدانتیالــح. دۆدنی، پێی وایە ژیۆپۆلێتیک واتە شــیکردنەوەی کاریگەرییە جۆغرافیاییەکان لەســەر باڵانســی هێز لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.[١٦] دیپارتمانتی ئەمریــکا بــۆ کاروبــاری شــەڕ پێــی وایە ژیۆپۆلێتیــک پێکهاتوە لە واقعییەتگەلێک کە پەیوەندییان بە مێژوو، جوغرافیا و سیاسەتەوە هەیە بۆ شــرۆڤە کردن و پێشــبینی کردنی ڕەفتاری دەوڵەتەکان لە نێو سنوورەکانیاندا و لە پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا.[١٧]

بە ڕای من ئەم پێناســەیەی خوارەوە بە شــێوەیەکی ڕوون چوارچێوەی ژیۆپۆلێتیک دەناســێنێ: چەمکــی ژیۆپۆلێتیــک وەک بەرنامە، دارشتنی سیاسەتی ئەمنیی وڵاتێک دەگەیەنێ، بە پشتبەستن بە بنەمای فەکتەرە جوغرافیاییــەکان. بــە هەڵســەنگاندنی ئەو فەکتەرانە، ژیۆپۆلێتیک حەوزەکانی مەجوودی هێز هەڵدەســەنگێنێ و هەوڵ دەدا سیاسەتی نەتەوەیــی بەو فەکترانەوە گــرێ بداتەوە.[١٨] هەڵوێســت گرتنی ستراتیژیک و پۆتانسیەڵی لەشــکریی نەتەوەیــەک بەســتراوەتەوە بــە هەڵکەوتــە و جێگەی ڕێگا ســەرەکییەکانی بازرگانیی زەمینی و دەریاییەوە و، پێشکەوتن و ئاستی سیســتەمی گواستنەوەی دەرەوەی ئەو وڵاتەوە.

ســەبارەت بە هەڵکەوتەی ســتراتیژیکی وڵاتان، دەکرێ بۆ وێنە، باس لە جێگەی ئێران و ڕووســیە و تورکیا و چیــن بکرێ. کەچی ئێــران و ڕووســیە وەک دوو هێزی زەمینی دەناسرێن، بەڵام تورکیا و چین لە هەڵکەوتەی ســتراتیژیکیی باشــتر بەهرەمەندن. چونکە خاوەن هێزی دەریایین. دەست ڕاگەیشتنی ئەو وڵاتانــەی هێزی زەمینین بــە گوزەرگا دەریاییەکان، نفوزی ئەو وڵاتانە ســنووردار دەکا. ئێران بەربەســتی جوغرافیایی زۆرە و هەر ئەوەیش نفوزی ســنووردار دەکا. کەچی کێوەکانی ئێــران، ئەو وڵاتەی لە مێژوویدا لە زۆرهێرش پاراستووە، بەڵام هەمان جوغرافیا، هێز و نفوزی ئێرانیشــی ســنووردار کردووە. لە مێژوویدا، ئێــران کاتێ نفوزی بەهێز بووە کە وڵاتە هاوســێکانی تووشی قەیرانی قووڵ بوون. لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی دەست تێوەردانەکانی ئێران لــە کاروباری ناوچەکە، بەرجەســتە کردنی ئیسلامی سیاسیی شیعە و کار کردن لە ژێر پەردەی شــیعەگەری بۆ

پەرەپێدانی ناســیونالیزمی فارس، لە هەمان هۆکارەوە ســەرچاوە بگرێ. دیارە دوای لاواز بوونــی عێراق و بەهــاری عەرەبی، ئێران ئەو هەلەی قۆســتەوە بۆ بەهێــز کردنی نفوزی خۆی و دەرچوون لە بنبەســتی ژیۆپۆلێتیک و لە هەوڵدایە لە ڕێگای عێراق و ســووریاوە دەستی بگات بە ئاوەکانی مەدیتەرانە. گرنگیی ستراتێژیی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ جێگە و هەڵکەوتەی پرسی زەمینی لە نێوان ئەوروپا و ئاسیادا. کە چی هێزی ژیوســتراتێژیی میسر دەگەڕێتەوە بۆ چەقــی هەڵکەوتەی لە دڵــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، وەک پردێک لە نێــوان ئەفریقا، ئاسیا، و ئەورووپای ناوەڕاستدا.[١٩]

بەهێزبوونــی نەتەوەیــەک و زۆر بوونی شانسی مانەوەی، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بەم فاکتــەرە جوغرافییانەوە هەیە: شــوێن، گەورەیــی، شــێواز، قووڵایی و کەشــوهەوا، حەشــیمەت، و هێــزی مرۆیی، ســەر چاوە سروشــتییەکان، توانــای پیشەســازی و ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتــی و سیاســیی ئەو نەتەوەیە.

لە بواری سیاســەتی نێودەوڵەتی، نەتەوە بــە بەکارهێنانی هەر ســێ فاکتەری هێز، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە سیاسەتی دەرەوەدا هەوڵ دەدا. واتە، ســتراتێژییەکی سیاسی کە پشــت بــە کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماســی و وتوویژ دەبەستێ. ئەم ستراتێژییە، زۆر نزیک و هاوتەریبــە لەگــەڵ ســتراتێژیی ئابووریی نەتەوەیــی. هەردووکیــان هەماهەنگ بە کار دەبرێن. کەڵکوەرگرتن لە ستراتێژیی سەربازی زۆربەی کات وەک ئاخرین بژاردە بە کار دێت، کاتێک کــە هەوڵە سیاســی و ئابوورییەکان نەیانتوانیوە ئاسایشی وڵاتەکە بپارێزن.[٢٠]

بە گشتی هەڵکەوتەی دەوڵەتان لە قەراخ ئاوەکان، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی ئابووریی ئەو وڵاتانە. بە حوکمی ئەوەی کە بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، هەموو وڵاتان مافیان هەیە لە ناو ئــاوە نێودەوڵەتییەکانــدا (پێچەوانەی گۆڵــەکان) بە ئــازادی هاتوچــۆ بکەن، ئەمە وادەکا ئــەو دەوڵەتانــەی لە قــەراخ دەریان، پەیوەندیی زۆرتریــان هەبێ لە گەڵ دونیای دەرەوە. ئەمــە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەیە کە ئابلوقە دراون. لە پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی بەرگریــی نیزامــی، ئەو وڵاتانــەی کە نزیک دەریان، بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی دەدەن بە بەهێزکردنــی بازرگانیی دەریایی و هێزی دەریایی. کەوا بوو جوغرافیای سیاسی بابەتێکە کە لە ڕێگایەوە، دەوڵەتەکان دەتوانن پێگەیان بەهێز بکــەن. وەک هێزی خاوەن نفووزیش لــە بــواری نێودەوڵەتیــدا، داوا و ئیدیعــای نەتەوەیەک بۆ دەسەڵات لە سەر چوار کۆڵەکە بنیادنراوە. هێزی گەورەی سەربازی و مەیلی بەکارهێنانــی، ، وزەی زیــادەی ئابووری کە ئیمکانی پێ دەدا هاریکاری و سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی دیکە بکا، ڕێبەرایەتیی ئیدیۆلۆژیک کــە وەک نموونەیــەک لای دەوڵەتانی دیکە پەیڕەویی لێ بکرێ، هەبوونی سیســتەمێکی هاوبەشی دەوڵەتداری.[٢١] بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، وەک زلهێزی ســەربازی، خاوەن ئابوورییەکی بەهێز، داکۆکیکاری دیموکراســی کە زۆر لە وڵاتان پەیرەوی لە سیســتەمی لیبرالیسمی ئەمریکایی دەکــەن. نموونەی دیکە، زۆر جار یــەک دەنگ بــوون لە سیاســەت، لە نێوان دیموکــرات و کۆماریخــوازەکان، دەتوانێ بە ئەرێنی یا نەرێنی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کاریگەریی هەبێ.

## ژیۆپۆلێتیکی ئاو

ئــاو یەکێک لــە ئامرازەکانی بەهێــز بوونی نەتەوەکانە. کەچی ٧٠ لەسەدەی گۆی زەوەی لە ئاو پێکهاتوە، بەڵام بەشێکی زۆر کەمی ئاو، واتا ٢، ٥٪ شــیرینە و بۆ خواردنەوە دەشێ، کە لــەوەش کەمتر لە ١٪ لەســەر ڕووبەری زەوی لەبــەر دەســتدایە بۆ خواردنــەوە.[٢٢]




گەر سـەدەی ٢٠ بیوو بە شـانۆی پێکدادان لەسـەر زێڕی ڕەش(ئەوت)، وا دیارە سەدەی ٢١ دەبێتـە شـانۆی شـەڕ لەسـەر زێڕی شـین(ئاو).[٢٣] لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە لەگەڵ قەیرانـی ئـاو، ڕووبەڕوویە، بەرز بوونەوەی ناکۆکییەکان لەسـەر پرسـی ئاو، لەبەر کۆمەڵێک هـۆکارە. لەوانـە زۆربوونی خێرای حەشیمەت، گەشەی ئابووری، چوونە سـەری ئاستی ژیان، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و خراپ ئیدارە کردنی ئاو.

هەرچەنـد کۆنڤانسـیۆنی نەتـەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٧، وەک ڕێفرێنس بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاوییەکان دەتوانرێ کەڵکی لـێ وەربگیرێ، بـەڵام دەوڵەتەکان، تەنهـا بـە شـێوەی زارەکی بـە بنەماکانی ئەو کۆنڤانسـیۆنە پابەندن. بـە گوێرەی ئەو کۆنڤانسـیۆنە، وڵاتەکان دەسەڵاتی تەواویان هەیە بە سـەر ئەو بەشـە لە چەم و ئاوەکان کـە بە نێو وڵاتەکەیاندا تێدەپەڕن، بەڵام نابێ زەرەر بـەو وڵاتانەیش بگەیەنـن کە ئاوەکان بـەرەو ئەوان دەچـن. ئەو قانوونـە هەروەها ئاماژە بەوە دەکا، کە ئاوی هێندێ سەرچاوە، بە شـێوەیەکی عادڵانە بەش بکرێ ئاڵوگۆڕی زانیاری بکرێ، لەسەر هەر دەست تێوەردانێک لە شـێوەی بەکارهێنانی.[٢٤] بەس نەبوون و کـەم کارا بوونی قانوونـە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئاو، وەک ئامرازێک بۆ چارەسەر و ڕێکخسـتنی کێشـەکانی ئـاو و نەبوونی میکانیزمـی جێبەجـێ کردن، کێشـەکەی ئاڵۆزتر کردووە.[٢٥]

## ژیۆپۆلێتیکی کوردستان

کوردەکان و چارەنووسـیان لە سەدەی ٢٠، دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەت و بەرژەوەندیی هێزە ژیۆپۆلێتیکـە جیهانییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بخوێندرێنەوە. لەوانە بەرژەوەندیـی وڵاتانـی عەرەبـی، ئەمریکا، ڕووسـیە، ئێـران و تورکیـا. کـوردەکان تەنهـا گرووپـی ئێتنیکیـن لە دونیـادا کە کەوتوونەتە نێوان چـوار هێزی ژیۆپۆلێتیکی جیهانییەوە.[٢٦]

دیـارە ئـەم هاوسـەنگیانە دەتوانـن بگۆڕدرێن، ئەگەر بێت و حکوومەتی دۆسـتی ڕۆژئـاوا، لە ئێران، تورکیا، سـوریە، عێراق و هتد، بێنە سەر کار. چەندین دەیە پرسی کورد وەک پرسێکی ناوخۆیی سـەیر دەکرا، بەڵام بە گوێرەی بۆچوونی فیلیپ بوولانژێ، پرسی کورد کە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە سـنووری

چەند وڵاتــەوە هەیە، هاتۆتە نێو هاوکێشــە نێونەتەوەییەکانەوە. نزیک بوونەوە لە پرسی کــورد، دەکەوێتــە نــاو کار و لێکۆڵینەوەی پســپۆڕانی ژیۆپۆلێتیک و پسپۆڕانی دیکەی ڕۆژهەڵات ناســی. ئیدی پرسی کورد بووەتە پرسی سەدەی ٢١.[٢٧]

لــە ســاڵەکانی نــەوەدەوە، ئیــدی ئەو تێڕوانینە گۆڕا و بوو بە پرســێکی جیهانی و لەدەیــەی٢٠٢٠، بەتایبەت بە هاتنی داعش، کــورد وەک ئەکتەرێکــی نادەوڵەتیــی کارا، بەشێک بووە لە هاوسەنگییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. گرژییەکانی ناوچە، پشت بەستنی وڵاتانــی ڕۆژئاوا بە کــورد، وەک هاوپەیمانی جێــگای متمانە، وای کــردووە کە کورد ئەو پێگەیە بپارێزێ.

ئێران لە ســاڵی ١٩٧٩ وە، زیاتر لە ٦٠٠ پرۆژەی دروســت کردنی بەنداوی جێبەجێ کردووە. ئــەوە لە کاتێکدایە، لە زەمانی شــا و هەتــا رووخانی، تەنها ١٣ بەنداو دروســت کرابوو.[٢٨]

لە ئاســتی ناوخۆیی، بۆ قەرەبــوو کردنەوەی کەمبوودی ئاو لــە ناوچە فارسنشــینەکان، ئێــران خەریکی جێبەجێکردنــی پرۆژەگەلی گواستنەوەی ئاو لەو پارێزگایانەیە کە نەتەوە غەیرە فارسەکان وەک ئەهواز، سنە، کرماشان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا(ورمێ)، ئازەربایجانی ڕۆژهــەڵات، بــۆ پارێزگاکانــی وەک قــوم، ئیسفەهان، کرمان، یەزد، سمنان وهەمەدان. حکوومەت ئاوی ناوچە غەیرەفارسنشــینەکان بە کاناڵی جیاجیا بەرەو ناوچە فارسنشینەکان دەبات.[٢٩]

بە لێدانی پرۆژەگەلی گەورە، پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران، کە دەکەونە سنووری عێراق، بێبەش کراون و ئــاوەکان ئەم پارێزگایانەیان گواســتووەتەوە بــۆ پارێزگاکانــی ناوەنــد و ڕۆژهەڵاتی ئێران. لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان لە چەندین ناوچەوە، ئــاوەکان دەگوێزرێنەوە بــۆ ناوچــە غەیرەکوردییەکان. بــۆ وێنە بە گوێــرەی زانیارییەکان، لە هــەر چرکەیەکدا پێنــج میتری ســێ جا ، ئاو لــە بۆکانەوە بۆ



الموسوعة الجزايرية للدراسات السياسية والاستراتيجيه محمد، مدون جزايرى، مهتم بالشان السياسى و امنى العربى و الدولى: سەرچاوەی وێنە https://www. politics-dz. com/

تەوریــز دەگوێزرێتەوە. هەمان سیاســەت لە میاندواویــش پەیرەو دەکرێ. هــەر وەها لە نزیــک مەریوانیش ئاو دەگوێزنەوە بۆ زەنجان و لــە نزیــک قورووش بــۆ هەمــەدان. جیا لەوانــە، حکوومەتی ناوەندی بە شــێوەیەکی بەرچاو، چاوی بڕیوەتــە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان. لەوانە سیروان، کە پێش ئەوەی بگاتــە عێراق، نزیک بە ٣٠٠ کیلۆمیتر بە نێو ئێراندا تێدەپەڕێ.

مەنسوور ســوهرابی لە نووسینێکیدا سەرنج ڕادەکێشێتە سەر ئەو مەترسییانەی لە ئاکامــی مودیرییەتی هەڵــە و پیلانی تــاڵان کردنــی ئاوەکانی ڕۆژهــەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردســتانە. نووسەر، قەیرانی ژینگــە دەگەڕێنێتــەوە بــۆ مودیرییەتی نازانســتی (غیــر علمي) و سیاســەتی کۆلۆنیالیســتیی حکوومەتــی ناوەندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان. بە پشتبەســتن بــە کۆمەڵێک داتای زانســتی، بەفیڕۆدان و تاڵانــی ئاوەکانــی ڕۆژهــەڵات، بۆ ئەو پســپۆڕەی ئاگرۆئیکۆلۆژی، ئەو پرســیارە دروســت دەکات کە بۆ ســەرەرای باران بارینــی زۆر لــە پارێزگایەکی وەک ئیلام، کەچی ڕووبەری کشــتوکاڵ لەو پارێزگایە لــە ئاســتێکی زۆر نزمدایــە؟ ئــاوی ئەو پارێزگایــە بۆ کوێ دەچێ؟ بۆچی ســنە بە بەراوەرد بە پارێزگاکانی ئیســفەهان و فارس، ســەرچاوەی ئــاوی زۆرتری هەیە، کەچی ڕووبەری کشــتوکاڵ لە ئاســتێکی زۆر نزمتردایە؟ ئاوی ئەو دوو پارێزگایە لە کوێوە دابین دەبن؟[٣٠]

ئێران بەووش ڕانەوەستاوە. ئێستا خەریکی تەواو کردنی ٣٣ پرۆژەی نوێی ئاو و ئاوەڕۆیە لە خوزستان کە ئاو بە بۆڕی(لوولە) بگەیەنێتە ئابادان، خۆرەمشــەهر، سوسەنگرد و دەشتی ئازادەگان.[٣١] دیارە حکوومەت لە پرۆژەیدایە، ١٧ بەنــداوی دیکــە و تونێلێکــی ١٥٠ کیلومیتری لێبدات، کە بە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام و خوزستاندا تێدەپەڕێ. ئەم پرۆژەیە، ئاوی ڕۆژئاوی ئێران، واتە ناوچە کوردنشینەکان بۆ ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئێران دەگوازێتەوە. واتە ئاوی ڕووباری زێی بچووک و ڕووباری سیروان.[٣٢]

لــە پارێزگاکانــی ورمــێ، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ســنە، دوەڵەت ٥٦ بەنداوی ساز کردووە، کە دەتوانن ٢.١ میلیارد میتر سێجا ئــاو گل بدەنــەوە کە تــا ٢٠١٦، بۆتە هۆی وشــک کردن و بچووک بوونەوەی تا ٨٠٪ی گۆلــە مەزنــەکان.[٣٣] لە لایەکــی دیکەوە، حکوومەت لە ئاوی ڕووبــاری کاروون دەبات کە لە کێوەکانی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرێ و بەرەو خووزســتان دەچێ. ڕێــڕەوی ئاوی زایەندەڕوودیــش گۆردراوە بــەرەو یەزد. بە هۆی سیاسەتی گۆرینی ڕێرەوی ئاوەکان لەم ساڵانەی دواییدا، خۆپێشاندان لە خووزستان سەری هەڵدا.

٤٥ لەســەدی ئاوی ڕووباری کاروون، بــەرەو پرۆژەیەکی دیکە بــردراوە. پرۆژەی گواســتنەوەی ئــاوی کاروون بــەرەو پارێزگاکانی ئیســفەهان و کرمان، لە لایەن عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی وهەموو ســەرکۆمارەکانی دواتــر پشــتیوانیی لێ کراوە.هــەر چۆنێک بێت ئــەم ڕوانینە بۆتە سیاســەتێکی بەرەدوام و فەرمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.[٣٥]

لە ئاســتی نێودەوڵەتی و لــە پەیوەندی لەگەڵ باشووری کوردســتاندا، ئێران لەسەر ڕووباری زێی بچووک کە دەکەوێتە درێژاییی سنووری ئێران و کوردستانی عێراق، بەنداوی نوێی لێداوە. ئەم بەنداوە نوێیە لە سەردەشت، بۆتــە هۆی کــەم بوونی ئــاوی خواردنەوە و کشــتوکاڵ لە قەلادزێ، کە حەشیمەتەکەی نزیک ١٤٠٠٠٠ کەسە و دەکەوێتە باکووری شاری سلێمانی لە عێراق.[٣٦]

لە پێنج ڕووبار کە سەرچاوەی سەرەکیی

ئاوی هەریمی کوردستان پێک دێنن، دوویان کە سیروان و زێی بچووکن، لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن.



ئێران ئاو لە دژی باشووری کوردستان و عێراق، وەک چەکی سیاسی بەکار دێنێت. لە ڕابووردوودا لە چەکی ئاو کەڵکی وەر گرتووە و بێگومان لە داتاهاتووشدا ئەو ئامرازە بۆ گوشارخستنەسەر باشووری کوردستان و بەغدا بەکاردێنێ. لەو پەیوەندییەدا، بەگوێرەی لێدوانی عەبدولسەتار مەجید، وەزیری کاروباری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، بەهۆی سازکرانی بەنداو لە شاری سەردەشت (ڕۆژهەلات)، لەسەر ڕووباری زێی بچووک کە بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ لە پارێزگای سلێمانی دەچێت، بە شێوەیەکی بەرچاو پلەی ئاوی ئەو چەمە دابەزیوە.[٣٧] بە گوێرەی لێدوانی عەبدولستار مەجید، ئێران لە بەرنامەیدایە، ١٠ بەنداوی دیکە لە سەر ئەو ڕووبارانە دروست بکات کە دێنە کوردستان(ی باشوور)ەوە. دابەزینی ئاستی ئاو لە کوردستان، کاریگەریی لە سەر ئاستی ئاوی تەواوی عێراق دەبێ. بە گوتەی عەبدولسەتار مەجید، بڕیاری کەم کردنەوەی ئاو لە لایەن ئێرانەوە بۆ کوردستان، زیاتر لە بڕیارێکی سیاسی دەچێ.[٣٨]

لە لای خۆیەوە، باشووری کوردستانیش، چەندین بەنداوی دروست کردووە کە دەکرێ هەرێم وەک، ئامرازی گوشار لە دژی بەغدا بەکاریان بێنێ. وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراقیش حەسەن ئەلجەنابی، ڕایگەیاند بەهۆی بەنداوەکانی تورکیا وعێراقەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئاستی ئاو لە عێراق تا ٤٠ لەسەدە دابەزیوە. ئەوە لە کاتێکیشدایە کە پێشبینییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە حەشیمەتی عێراق، تا ساڵی ٢٠٥٠، ژمارەی ٧٠ میلیون تێدەپەڕێنێ.[٣٩] دەکرێ بگوترێ کە کەم بوونی ئاو و زیاد بوونی حەشیمەتی عێراق، لە ساڵان و دەیەکانی داهاتوودا، دەبێ وەک بۆمبی قورمیش کراو حیسابی بۆ بکرێ.

هەموو ئاماژاکان ئەوە دەردەخەن کە ئێران هەرچی زیاتر لەگەڵ قەیرانی ئاو ڕووبەڕوو دەبێ. گەرم بوونی کەشوهەوا، بە قەیرانی مودیرییەتی ئاو لە ئێران زیاد بوە. کەم بوونی باران بارین، چوونەسەری پلەی گەرما، کاریگەریی خراپی لە سەر دابینکردنی ئاو داناوە. پێشبینیی توێژەران ئەوەیە کە ئێران تووشی قەیرانی قووڵی ئاو دەبێ. کێشەی ئاو بووەتە هۆکاری کێشەی کۆمەڵایەتی - سیاسی و تەناهی لە ئێران و ئەگەری هەیە تا ساڵی ٢٠٣٦، قەیرانی گەورەی ئاو لە ئێران دروست ببێت.[٤٠] گوتەی عیسا کەلانتەری، سەرۆکی ئیدارەی ژینگە، کە دەڵێ بە هۆی کەم بوونی سەرچاوە ئاوییەکان، تا ٢٠٥٠، ڕێژەی ٧٠٪ ی ئێرانییەکان دەبێ وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن، بوونی ئەم قەیرانە پشتڕاست دەکاتەوە.[٤١]

گۆلی ورمێ کە یەکێک لە گەورەترین گۆلە سوێرەکان جیهانە، خەریکە بە تەواوی لەناودەچێ. کاوە مەدەنی، سێ هۆکاری بنەڕەتی دەخاتە پێش چاو. لەوانە، زۆر بوونی حەشیمەتی ئێران، کە گوشاری زۆر لە سەر ئەنبارەکانی ئاو دروست دەکا. بەشی کشتوکاڵی ناکارامە و بە تایبەتی مودیرییەتی خراپی سەرچاوە ئاوییەکان، کە ئێرانیان

بــەرەو قەیرانی ئاو پاڵ پێوەنــاوە.[٤٢] قەیرانی دیکە، ڕووباری زایەندەڕوودە کە بە ناوەڕاستی ئێراندا تێدەپەڕێ و شالوودەی ژیانی شاری ٢ میلیۆن کەسیی ئیســفەهانە، خەریکە وشک دەبێ.[٤٣] عەبدولحەمیــد خادری، ئەندامێکی پارلەمان هۆشداری دەدا کە، لەبەر کەم بوونی ئاو، ئێران دەتوانێ تووشــی هەڵگیرسانی شەڕ ببێت.[٤٤]



## تورکیا

ســەرەڕای ئەوەی پرۆژەی ئیلســوو کێشەی زۆری ســاز کــرد، بەڵام تورکیا لەســەر ئەو پرۆژەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەستی پێ کرد بوو، بەردەوام بوو و لە مانگی جولای ٢٠١٩دا تەواوی کرد. بەنداوەکان لەسەر ڕووباری فرات، لە ماوەی ٤٠ ســاڵی ڕابردوودا، نزیک بە ٤٠ لەســەدی ئاوی ســوریەیان کەم کردۆتەوە و ڕادەی ئــەم کەم بوونەوەیە بۆعێراق، نزیک بە دووبەرابەرە.[٤٥] بەنداوی ئیلســوو کە لە سەر دیجلە دروست کراوە، نەک تەنها بۆ ڕۆژئاوی کوردستان، سوریە و و عێراق، بەڵکوو لە سەر ئێرانیش کاریگەریی خراپ دادەنێ. بەرپرسانی ئێرانی، لەوان حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆمار، دروست کردنی بەنداوی ئیلسوویان مەحکوم کــرد، چونکە بە کەم کردنەوەی ئاوی دیجلە، کێشەی ژینگەیی ساز دەکا. بەنداوی ئیلسوو، چــاوەڕوان دەکرێ، ڕادەی ئاوی دیجلە تا ٥٦ لەسەد کەم بکاتەوە، کە ئەویش کاریگەریی لە سەر ڕووباری کەرخە لە خوزستان دەبێ.[٤٦]

لە چوارچێوەی مێــژووی ئیمپریالیزمی تورکیا دژی کوردەکانــدا، کاریگەریی بەنداو دروســتکردن، لە پرســی کورد تێدەپەڕێ و کاریگەریی لە ســەر ســوریە و عێراق دەبێ. پرۆژەی ئیلســوو، زیاتر لە پرسی گەشەیە، و پەیوەندیی بە هێز، سەردەســتی و ســوڵتەوە هەیە.

ئاشــکرا بە کەڵک وەرگرتــن لە کونترۆڵ کردنــی ئــاو، کار دەکا بۆ ئــەوەی پرۆژەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردســتان لە بەین ببات. هەنگاوەکانــی ئــەم دواییانــەی تورکیا دژی هێزەکانی سوریەی دێموکرات نیشان دەدەن کــە ئەردۆگان ناسیونالیســمی کــورد وەک هەڕەشــەیەک بۆ سەر ئاسایشــی نەتەوەیی دەبینێت.

## کۆبەند

لە سەدەی ٢١، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرێکی نوێی شــەڕی بێ وێنە، بە خۆیــەوە دەبینێ. سەرەڕای گوشــارە ئابوورییەکان، دابەشبوونی ئێتنیکی و تایفەیی، کرداری تیرۆریســتی و توندئاژۆیــی دینی، ئەگەری ســەرهەڵدانی شــەڕی ئاو، بە هــۆی کەم بوونــی ئاو لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوچەکە زیاد بوە.

هۆکاری بەشــێک لە خۆپێشاندانەکان لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئاو لەم وڵاتەدا. لە تورکیــاش، چەکی ئاو لە دژی کورد، هەم لە ناوخــۆی تورکیا- بۆ گۆڕینــی پێکهاتەی دانیشتوان- هەم لە دژی ڕۆژئاوای کوردستان وەک چەکی سیاسی کەڵکی وەردەگرێ. ئێران لە لای خۆیەوە، لە ئاســتی ناوخۆییدا، ئاوی ناوچە غەیرە فارسەکان دەگوێزێتەوە بۆ ناوچە فارسنشــینەکان. لە ئاســتی نێودەوڵەتیشدا، دژی باشووری کوردســتان و سەردەمێکیش بۆ گوشــار خستنە سەر بەغدا، دژی دەوڵەتی عێراق بەکاری دەهێنا.

لە خۆپێشــاندانەکانی نۆڤامبری ٢٠١٩ی ئێراندا، کە دوای ڕاگەیاندنی زیاد کردنی نرخی بێنزیــن ڕوویاندا و داوای سیاســی و ئابووری

تێیاندا هاتە ئاراوە، چارەسەر کردنی کەمیی ئاویش یەکێک لە داخوازەکانی خۆپێشاندەران بوە. لە سنوورەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێران، دانیشتوانی شارەکانی خورەمشار و ئابادان لەگەڵ کەم بوونی ئاوی خواردنەوەی خاوێن ڕووبەروو بوون، کە بوو بە هۆی خۆپێشاندانی توندوتیژانە. کەچی زوو سەرکوت کرا، بەڵام وا دەرناکەوێ کە حکوومەت بتوانێ پرسی کەمیی ئاو کە هەڕەشەی جیدیە بۆ وڵات، چارەسەر بکا و چاوەڕوان دەکرێ، لە داهاتوودا لەو شێوە خۆپێشاندانانە لە ناوچەکە زیاتر ببێت.

ئەگەر قەیرانی ئاو بەردەوام بێت، چارەنووسی وڵاتی ئێران دەتوانێ وەک ئەوەی سوریە تووشی قەیرانی هیجرەتی ناوخۆیی ببێت و سەرئەنجام بکێشێ بۆ نائارامیی بەربڵاو لە سەرتاسەری ئێراندا. جیا لەو هۆکارانەی باس کران، لە بواری ژینگەییشەوە، بە دروست کردنی هەر ئەنبارێکی مەزنی ئاو، ژینگەی پەلەوەرکان و ماسییەکان لەنێو دەچن و ئاڵوگۆڕ بەسەر کەشوهەوای ناوچەکەدا دێت. ئیکۆسیستەم و ناوچەی نیشتەجێ بوون و شوێنەوارە کۆنەکان دەکەونە ژێر ئاووە.

## سەرچاوەکان:


1. Geopolitical Monitor. “Water Conflict: Will A Drying Iran Face Syria’s Fate?” January 24th, 2018 http://www. waterpolitics. com/2018/01/24/water-conflict-will-a-drying-iran-face-syrias-fate/
2. Ištok, Robert and Tomáš Koziak. “Geopolitical context of the issues of providing water resources”. https://www. unipo. sk/public/media/12484/Geopolitical%20context%20of%20the%20issues%20of%20providing%20water%20resources. pdf
3. Capel, Alexandre. «L’eau, nouveau paradigme de la géopolitique du XXIème siècle » (1/3). https://les-yeux-du-monde. fr/actualite/situations-decryptees/42066-eau-nouveau-paradigme-geopolitique-21e-siecle-1
4. Strang, Veronica. “Infrastructural Relations: Water, Political Power and the Rise of a New ‹Despotic Regime›”. Institute of Advanced Study, Durham University, Durham, UK cite Wittfogel, K. 1957. Oriental despotism. A comparative study of total power. New Haven: Yale University Press. Volume 9 | Issue 2.
5. Tsakalidou, Ilektra. August 5, 2013. “The Great Anatolia Project: Is Water Management a Panacea or Crisis Multiplier for Turkey’s Kurds?”. https://www. newsecuritybeat. org/2013/08/great-anatolian-project-water-management-panacea-crisis-multiplier-turkeys-kurds/
6. Tsakalidou, Ilektra. August 5, 2013. “The Great Anatolia Project: Is Water Management a Panacea or Crisis Multiplier for Turkey’s Kurds?”
٧. « ضرورت اصلاح سیاست خارجی در زمینه‌ی آب و ریزگردها” ١۴ شهریور ١٣٩۵ ساعت ١۵:۵١ شماره مسلسل: 1100231http://www. npps. ir/ArticlePreview. aspx?id=91683
8. Marvar, Alexandra. NOVEMBER 11, 2019. “Turkey’s Other Weapon Against the Kurds: WaterIn times of conflict, war, and climate change, hydropower is state power”. https://www. thenation. com/article/archive/turkey-syria-iraq-kurds/
9. Marvar, Alexandra. NOVEMBER 11, 2019. “Turkey’s Other Weapon Against the Kurds: WaterIn times of conflict, war, and climate change, hydropower is state power”.
10. Kosar, Nikahang. “Devastating Water Policies: Financial Interests working against Nation- al Interests,” BBC Farsi, April 24, 2018. Cited by Banafsheh Keynoush (PhD) Non-resident fellow at Rasanah-IIIS. Water Diplomacy” Not Enough to” Fix Iran-Iraq Water Disputehttp://www. rasanah-iiis. org
11. Lasserre, Frédéric, « Guerres de l’eau : paradigme des guerres du XXIe siècle ? », communication au Festival international de géographie de Saint-Dié-des-Vosges, octobre 2008. http://fig-st-die. education. fr/actes/actes_2008/lasserre/article. html
12. CARIUS, Alexander, DEBELKO, Geoffrey y WOLF, Aaron. 2004. Water, conflict and co-operation. http://www. un-globalsecurity. org/pdf/Carius_Dabelko_Wolf. pdf Cited by Anil Naidoo and Adam Davidson-Harden “The Geopolitics of the Water Justice Movement”. http://ccs. ukzn. ac. za/files/Naidoo%20Davidson%20water%20geopolitics. pdf,
13. Drake, Christine. 1997. “Water Resource Conflicts in the Middle East”, Journal of Geography, 96:1, 4-12, DOI: 10. 1080/00221349708978749
١۴. الموسوعه الجزایریۀ للدراسات السیاسیۀ والاستراتیجی محمد، Jazairi, M. Midawin. مدون جزایری، مهتم بالشان السیاسی و امنی العربی و الدولی https://www. politics-dz. com/
15. Rudolf Kjellén, Staten som Lifsform, 1916.

problème de l›eau en Iran » – Documentaire. 8 juin 2018https://www. youtube. com/watch?v=5--al6GFkvY&feature=share
30. Sohrabi, Mansour. 2020. Tishk N° 52.
مدیریت استعماری سرزمین در رۆژهەڵات
31.Mehr News Agency, July 3, 2018, “Eliminating Water Problems in Abadan and Khoramshahr by 10 Tir”. http://cutt. us/y5oDI . Accessed August 13, 2018. Cited by Banafsheh Keynoush.
32.Rudaw. June 2018. “Iran’s massive new water project nears completion, threatening Iraqi rivers”. http://cutt. us/VQisg. Accessed August 13, 2018.
33.Safaei, Faraz. « Mafia-linked Dam Projects in Iran Leave Ethnic MinoritiesParched ».
34.Keynoush, Banafsheh.
35.Rahimizadeh, Mohammad Reza, Omid Bozorg Hadad, “Review of Cross-Regional Water Transfers on Iran’s Water Resources”. Strategic Information on Agriculture and Natural Resource Sciences, Vol. 3, No. 1 (1397/2016): pp. 27-42, http://cutt. us/2fYwA. Accessed August 13, 2018. Cited by Banafsheh Keynoush.
36.Rudaw, June 2, 2018. “Iran cuts flow of Little Zab to Kurdistan” http://cutt. us/y5ynw.
37.Ali, Sangar. June 27-2017. “Kurdish minister will visit Iran after serious water flow reduction to Kurdistan Kurdistan24”. https://www. kurdistan24. net/en/economy/1871c580-f1ac-466c-9e31-2a7471b03d7b
38.Ali, Sangar. June 27-2017. “Kurdish minister will visit Iran after serious water flow reduction to Kurdistan”.
39.Burden, Jonathan. November 24, 2019. « Water Shortage and Unrest in Iraq ». https://globalriskinsights. com/2019/11/water-shortage-and-unrest-in-iraq/
40.Keynoush, Banafsheh.
41.Novo, Cristina. “Iran’s water crisis: drought, floods and poor management” https://smartwatermagazine. com/blogs/cristina-novo/irans-water-crisis-drought-floods-and-poor-management
42.Geopolitical Monitor. “Water Conflict: Will A Drying Iran Face Syria’s Fate?”
43.Geopolitical Monitor. “Water Conflict: Will A Drying Iran Face Syria’s Fate?”
44.Keynoush, Banafsheh.
45.Marvar, Alexandra. NOVEMBER 11, 2019. “Turkey’s Other Weapon Against the Kurds: WaterIn times of conflict, war, and climate change, hydropower is state power”. .
46.Geopolitical Monitor. “Water Conflict: Will A Drying Iran Face Syria’s Fate?”
Published in German as Der Staat also Lebenform (Leipzig: Hirzel, 1917), 34–35, 203. Cited by Cohen, Saul Bernard. “Geopoliticshe Geography of International Relations”. Third Edition
16. Deudney, Daniel H. 2006. “Geopolitics”. Encyclopedia Britannica. https://www. britannica. com/topic/geopolitics. Cited by Dina Rashed (MAY 24 2019) in Geography, Resources and the Geopolitics of Middle East Conflicts https://www. e-ir. info/2019/05/24/geography-resources-and-the-geopolitics-of-middle-east-conflicts/
17. Roucek, Joseph S. , «Geopolitics», in Thorsten V. Kalijarvi and Associates (eds. ), Modern World Politics, New York: Crowell, 1954, p. 289. Cited by Kent Bob Huzen in “FRAMEWORK FOR UNDERSTANDING: GEOPOLITICS AND FOREIGN POLICY”. Article • September 20191
18. Huzen, Kent Bob “FRAMEWORK FOR UNDERSTANDING: GEOPOLITICS AND FOREIGN POLICY”
19. Rashed, Dina “Geography, Resources and the Geopolitics of Middle East Conflicts”.
20. Boland III, Robert. I. 1992. “Geography, National Power, and Strategy”. cited in ‘Geography, National Power, And Strategy’. Global Security. https://www. globalsecurity. org/military/library/report/1992/BRI. htm
21. Cohen, Saul Bernard. “Geopoliticshe Geography of International Relations”. Third Edition
22. ROYNARD, DE ROMY. « L›or bleu, la bataille de l›eau ». https://www. nationalgeographic. fr/environnement/lor-bleu-la-bataille-de-leau
23. ROYNARD, DE ROMY. « L›or bleu, la bataille de l›eau. »
24. Ištok, Robert and Tomáš Koziak. “Geopolitical context of the issues of providing water resources”. k
25. Drake, Christine. 1997. “Water Resource Conflicts”.
26. Izady, Mehrdad. R (Prof. ). “Geopolitics”http://kurdistanica. com/geopolitics/
27. Philippe Boulanger. « Géopolitique des Kurdes ». Ellipses, Paris, 2006, 288 pages. Gaïdz MinassianBibliographical referenc. p. 239-241
28. Geopolitical Monitor. “Water Conflict: Will A Drying Iran Face Syria’s Fate?”
29. Safaei, Faraz. « Mafia-linked Dam Projects in. Iran Leave Ethnic MinoritiesParched ». Friday, 27 July, 2018. https://english. aawsat. com//home/article/1344946/mafia-linked-dam-projects-iran-leave-ethnic-minorities-parched
هەروەهابڕوانەلینکـــەی خـــوارەوە بـــە زمانـــی فرانســـی. « Le

# فەلسەفەی «خاک-ڕزگاری»ی کوردستان

## بەشی کۆتایی

شوعەیب دانش پەژوو

ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی پەیوەندیی دوو ڕەوتی نەتەوەیی و چەپی کوردی بە ئاوێتەکردنی گوتاری چەپی نوێ و گوتاری دژەکۆلۆنیالیستی لەسەر پێگەی ڕزگاری، دەتوانێت بەهێزترین فاکتەری ئاشتبوونەوەی هێزەکانی کوردستان بێت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە هەموو توانستەکانی بە شێوەی هاوکات و هاوتەریب کەڵک وەربگرێت.

بەپێی چوارچێوەی فەلسەفەی دەوڵەتی هێگڵی و وردبوونەوە لە میکانیزمی دەروونیی پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان سووژە و ئۆبژەدا، دەگەینە ئەو پریسپێکتیڤەی کە ناسیاری لەسەر چۆنیەتیی ڕاوەستان لە پێگەی ڕزگاری، بەستراوەتەوە بە پێناسەکردنی پێگەی هێز/هەیمەنەوە. بە دەربڕینێکی ساکارتر واتە بەبێ پێناسەکردنی دەسەڵات و هێژمونیی دەسەڵات، ناتوانین پێناسەیەک لە ڕزگاری بەدەستەوە بدەین. ئەم دەسەڵاتە لە ڕوانگەی هێگڵەوە لە فۆرمی «دەوڵەتی دیکە» و لە سۆنگەی شمیتەوە بە «دوژمن» پێناسە دەکرێت. هەرچەند ناوەڕۆکی دوو چەمکی ڕزگاری و ئازادی جیاوازییەکی تیۆریکیان پێکەوە هەیە بەڵام دەتوانین لە فۆرمی پرسیاری «ئایزایا بێرلین»[1] لە ئازادی [ئازادی لە چی و ئازادی بۆ چی]، بۆ فۆرمی پرسیار لە ڕزگارییش کەڵک وەربگرین. ئەگەر ئەو گریمانەیە قەبووڵ بکەین کە خەباتی کورد لە پێناو ڕزگاریدا بووە، پێویستە وڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ڕزگاری لە چی؟ و ڕزگاری بۆ چی؟

ڕەوتی مێژووی نەتەوەگەرێتی لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەگەلی نەتەوە کۆلۆنیکراوە ئەورووپییەکان و هەڵوەشانەوەی دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەست پێ دەکات. لە ڕواڵەتدا تیۆریی دەوڵەت-نەتەوە فۆرمێک لە خواستی ڕزگاریی نەتەوە بندەستەکانی ژێر دەسەڵاتی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانە؛ خەباتی کوردیش تا ئێستا بەپێی ئەم گریمانەیە لێکدراوەتەوە و پۆلێنبەندی کراوە. لەحاڵێکدا وردبوونەوە لە جومگە تیۆرییەکانی ئەم فۆرمە لە دەوڵەت-نەتەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نەک لە سۆنگەی ناسیاریی نەتەوە بندەستەکانەوە بەڵکوو لە میکانیزمی بەرهەمهێنراوی خودی سیستەمی کۆلۆنیالیستییەوە بەرهەم هاتووە کە دەیەوێت پاش لەدەستدانی دەسەڵاتە پێشووەکەی، قازانجەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی نوێدا دابڕێژێتەوە؛ بەجۆرێک کە بتوانێت لە نێوان ئامانج/قازانجەکانی خۆی و نارەزایەتیی نەتەوە بندەستەکاندا، نێوانجییەکی هاوتەریب دروست بکات. کۆی ناوەڕۆکی فۆرمی دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای دیاریکردن و پێکەوە لکاندنی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی کەمەڵگایەک دامەزراوە کە دەیەوێت ئەم پۆلێنە جیاوازانە لەژێر فۆرمی چەتری یەک نەتەوە و یەک دەوڵەتدا کۆبکاتەوە. ئەندێرسۆن[2] سەبارەت بە ئەزموونی هیند دەڵێت: دەوڵەت-نەتەوە تەنها دەستکردێکی ئەورووپایی نییە بەڵکوو کەرستەیەکی کۆلۆنیالیزمە. بۆ نموونە: هیند سەرەڕای زۆرێک جیاوازیی ئێتنیکی، زمانی، عەشیرەیی، کۆمەڵایەتی کە هەیبوو، بە دەستی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپاوە دروست کرا. هیچ «یەکێتییەکی نەتەوەیی»ی هاوبەش و وڵاتێکی یەکانگیر بۆ کۆنترۆڵی خاکێکی تایبەت لەگۆڕێدا نەبوو[3]. هەروەها ئۆقێن[4] لەم بارەیەوە دەڵێت: سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەییی ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو جێگایەی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی لەژێر سیستەمێکی میراتیدا چالاک بوو، لە ڕێگەی دروستکردنی یەک دەوڵەتی ناوەندی، یەک سیستەمی یاسایی، یەک ئاڵا و سنووری پەسەندکراوی نێونەتەوەییەوە بنیات نرا[5]. ئەم دوو بۆچوونە هەر لە سەرەتاوە خاڵێک ڕوون دەکەنەوە کە کۆی ڕەوا بوونی فۆرمی دەوڵەت-نەتەوە دەخاتە ژێر پرسیار و ڕەدی دەکاتەوە کە ئەم دەوڵەت-نەتەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناقین، نەک لەسەر خواستی توێژ/نەتەوە جیاوازەکان بەڵکوو بە دەستی خودی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی ئەورووپی دروست کراون بەبێ ئەوەی جیاوازییەکانی ناوەوەی سنوورە دەستکردەکان ڕەچاو بکەن. ئەم



ڕەوتەی دەوڵەت-نەتەوە نە تەنیا بۆ ڕزگاریی نەتەوە بندەستەکان لە دەستی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستییەوە نەبوو بەڵکوو بۆ سڕینەوە و نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بە پارمەتیی یەک نەتەوەی باڵادەست بوو. لاکمەن[۶] بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە: دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپا، بە ویستی خۆیان سنوورەکانیان دیاری کرد و بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان لە نێوان ئێتنیکە جۆراوجۆرە زمانی و فەرهەنگییەکان و ڕەوشە تایبەتەکانیان بۆ چۆنیەتیی ژیان، شوناسی خۆیان چەسپاند[۷]. ئەم پرێسپێکتیڤە دوو دەرکەوتەی هەیە: یەکەم: جیاوازی و هەڵاواردنی نەتەوەیی لە نێوان نەتەوەکاندا زەقتر دەکاتەوە و پرۆسەی نکۆڵیی نەتەوە کەمدەسەڵاتەکان دەستپێدەکات، دووەم: ئەم تایبەتمەندییە دەرفەتی هەمیشەیی بۆ دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان دەرەخسێنێت کە ئامانج/قازانجەکانی خۆیان باشتر و دڵنیاتر بەدەست بێنن. دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکان لەڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی جۆراوجۆر وەکوو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و ... و لەژێر دروشمی بێناوەڕۆک/ڕواڵەتیانە ، میکانیزمی چەسپاندن و هەمیشەیی کردنەوەی قازانجەکانیان ڕەوایی پێدەدەن. ئەم میکانیزمە لە یەکەم دەرکەوتە و بڕیاری خۆیدا، گریمانە/یاسای نەگۆڕبوونی سنوورە دیاریکراوەکان دەچەسپێنێت و دەیەوێت بەپێی دارشتنی یاسای نێونەتەوەیی، دەسەڵات و ویستی دوارۆژی نەتەوە بندەستەکان کۆنترۆڵ بکات و بە نایاسایی لە قەڵەمیان بدات. ئانتۆنیۆ کەسیز[۸] لەمبارەوە دەڵێت: یاسای نێونەتەوەیی ئێستا بە نیسبەت ویستی گرووپگەلی ئێتنیکی و کەمینە نەتەوەیی، دینی، فەرهەنگی یان زمانییەکان، چاوی خۆی داخستووە. یاسای نێونەتەوەیی، نە تەنیا مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی و دەرەکی بە ئەم گرووپانە نادات، بەڵکوو ناتوانێت ڕێکارێکی دیکە بۆ ئەم بارودۆخە دابین بکات[۹]. ئەم فۆرمە لە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە لە ئاستی تیۆریکدا لەسەر یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت تیۆریزە و لە ئاستی کردەوەییدا سنوور/خاکی ئەو دەسەڵاتە دیاری دەکرێت. بەم ڕوونکردنەوەیە، تێدەگەین کە نەتەوە بندەستەکان وەکوو نەتەوەی کورد جارێک

بەپێی سنووردارشتنی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانەوە دەکەوێتە پەراوێز و بەسەر چەند سنووری جوگرافیاییی نوێدا دابەش دەکرێت و لە لایەن نەتەوەی باڵادەستی دەستنیشانکراوەوە هەوڵی بەردەوامی سڕینەوەی دەدرێت و، جارێکیش ئەم ڕەوتە دیسان لە لایەن دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستەکانەوە و لە ڕێگای دامەزراوەکانیانەوە بە یاسایی دەکرێت. ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکەمان واتە خەبات بۆ ڕزگاری لە چی؟ دەبێت بڵێین لە مێژووی دوو سەدەی ڕابردووی خەباتی کورددا، بێجگە لە هەندێک برگەی کۆتا و کاتیدا (بۆ نموونە کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد) کە گرنگیی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر خاکی کوردستان بە شێوەی هەستەکی و تیۆریزەنەکراو هەست پێ دەکرێت، ئیدی ١ پێناسەکردنی ئامانجی خەبات لەسەر یەکەمایەتی بەخشین بە خاک وەکوو بایەخی گشتی نەبووە، بەڵکوو خەبات لە پێناوی هەندێک چەمک وەکوو ئازادی، دیمۆکراسی و ...بووە، چەمکگەلێک کە بەرهەمی نەک ویستی کورد بەڵکوو بەرهەمی ڕێکخراوەگەلی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکان بووە کە لە سەرترەوە ئاماژەیان پێ کرا و هەروەها ٢ ستراتێژیی کۆی ئەو ئامانجە دەستنیشانکراوانە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردەوە لە بەستێن و پانتاییی سنووری دەوڵەت-نەتەوە دەستکردەکاندا پێڕەو کراوە، دەوڵەت نەتەوەیەک کە خاکەکەی داگیر کردووە. بەبڕوای نووسەر، دەرەنجامی تێنەگەیشتن لە فۆرمی پەیوەندیی نێوان خەباتی نەتەوەی بندەستی کوردستانی و دەوڵەت-نەتەوەکانی سەردەست [ترک، عەرەب، ئێرانی] بووەتە هۆکاری «گیرۆدەبوون/خولانەوە»ی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە بازنەی ناوەڕۆکی وێژمانی دەستکردی ئەویدیی خۆی. وێژمانێک کە لە چەمکی خاک وەکوو بنەماییترین بایەخ پووچ کراوەتەوە و بە هەندێک بایەخی بەڕواڵەت جیهانی وەکوو مافی مرۆڤ ، ئازادیی ڕادەربڕین، بەرابەری و دێموکراسی پڕ کراوەتەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە خودی نەتەوەی سەردەست پێگەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر خاکی داگیرکراو بەچەشنی سنوورێکی پیرۆز و نەگۆڕ پتەو کردووە. لە وەها بارودۆخێکدا و لەنەبوونی بایەخێکی واقیعی و یەکگرتوو(خاک)، خەباتی نەتەوەی بندەست بەسەر چەند لایەن/توێژی وێژمانە دەستکردەکەی دەسەڵاتی زاڵ وەکوو ڕەوتی بزووتنەوەی کرێکاری، دینی، ژنان و ... دابەش دەکرێت بەبێ ئەوەی ئەو ڕەوتگەلە بتوانن لەسەر بایەخێکی هاوبەشی نەتەوەیی ڕێک بکەون. ئەم دەربڕینە بە مانای ڕەدکردنەوەی پرس و مافی توێژەکانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو کێشە لەوێوە دروست دەبێت کە توێژەکانی ئەم بارودۆخە ناتوانن سنووری مەعریفیی خۆیان دیاری بکەن، بۆیە ناچارن خوێندنەوەیەکی یەکسان لە پێگەی هاوتوێژەکان لە خاک/سنوورە جیاوازەکاندا بەدەستەوە بدەن. بۆردیۆ[١٠] سەرەتا کۆلۆنیالیسمی وەکوو پێکهاتەیەکی ڕەگەزی پێناسە کرد و دەڵێت: کۆلۆنیالیزم «پەیوەندییەکی سوڵتەیە» کە بە چەشنی «سیستەمی کاست» و «جیاکاریی ڕەگەزی»، بیچمی گرتووە کە کۆمەڵگای کۆلۆنیالیزمی لە چەشنی «فۆرمێکی مانەوی» هێشتووەتەوە[١١].

> ڕەوتی دەوڵەت-نەتەوە نە تەنیا بۆ ڕزگاریی نەتەوە بندەستەکان لە دەستی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستییەوە نەبوو بەڵکوو بۆ سڕینەوە و نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە بە یارمەتیی یەک نەتەوەی باڵادەست بوو

واتە چینی کۆمەڵایەتی بە نیسبەت ڕەگەزەوە بایەخێکی کەمتری هەیە و پاشان بەڵگە دەهێنێتەوە کە سیستەمی سوڵتەی ڕەگەزی لە ڕێگای هێزەوە خۆی دەسەپێنێت و بنەمای سوڵتەی کۆلۆنیالیزم «هێزی پەتی»یە، بۆیە دەڵێت: سەرکوت لە ڕێگەی هێزەوە بە تەواوی لەگەڵ تەکووزیی دەروونیی سیستەمی کۆلۆنیالیزمدا هاوتەریب و گونجاوە[١٢]. مانۆنی سەبارەت بە ئەم پەیوەندییە دەڵێت: کۆلۆنیکراوەکان، هەڵگری جۆرێک خۆبەکەمزانینن و هەربۆیە ناچارن فەرهەنگی ڕەسەنی خۆیان وەلا بنێن. بەپێچەوانەوە، کۆلۆنیالیست شوناسی سەروەریی خۆی قەبووڵ دەکات کە لەگەڵ پێگەی پێکهاتەییی ئەواندا هاوئاهەنگە. پەیوەندیی نێوان کۆلۆنیکراو و کۆلۆنیالیست لە «هاوپەیوەندییەکی سەقامگیر»دا زنجیر دەکرێت[١٣]. بەم پێیە ئۆبژەی بندەست لە فەزایەکی دوولایەنەدا گیرۆدە دەبێت، بەو واتایەی کە هەرچەند نایەوێت فەرهەنگی خۆی لەبیر بباتەوە بەڵام لەهەمان حاڵدا لەگەڵ ئەو باوەڕە ڕووبەڕوویە کە فەرهەنگی سووژەی باڵادەست لە ئێستادا برەوی هەیە و گەر بەو ڕێسایە نەجووڵێتەوە لە ڕەوتی پێشکەوتن دوا دەکەوێت. ئەم ئۆبژە بندەستە ڕوانگەی بە نیسبەت بایەخە پێشووەکانی خۆی وەکوو زمان، جلوبەرگ، هونەر و ... لەدەست دەدات و هاوکات بە قەبووڵکردن و بەشداریکردنی لە دەزگای فەرهەنگیی سووژەی سەردەست، دەبێتە کۆیلەیەکی هەتایی کە بەردەوام هێژمونیی دەسەڵاتی داگیرکەر بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم پانتاییە دەتوانین بۆ نموونە لە ڕێژەی بەرچاوی ئۆبژەی کوردستانیدا ببینین کە بە زمانی ناکوردی واتە عەرەبی، ترکی و فارسی لە ئاستێکی بەرفراواندا دەق بەرهەم دەهێنن. توێژی ڕووناکبیری نەتەوەی بندەست، پێویستە بە هەڵوەشاندنەوەی گریمانە سەپێندراوەکانی وێژمانی دەسەڵاتی زاڵ، لە نزمترین ئاستدا، کۆمەڵگا بەرەو بەکارهێنانی ئەو لایەنە شاراوەیە لە دەسەڵات کە ئاگامبێن ئاماژەی پێ دەکرد هان بدات، واتە جیاکردنەوەی مرۆڤ لە توانستەکانی. بە دەربڕینێکی دیکە؛ هاندانی نەتەوەی بندەست بۆ نەنووسین و بەرهەمنەهێنانی بەرهەم بە زمانی نەتەوەی باڵادەست، بەشدارینەکردن لە دەزگای هونەری فەرهەنگیی دەسەڵاتی زاڵ و لە کۆتاییدا بایکۆتکردنی ڕەوتی وێژمانی دڵخوازی نەتەوەی سەردەست.

> پێویستە ڕەوت و لایەنە سیاسییەکان بە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پێگەی خاک لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتدا و گەڕاندنەوەی ئۆبژەی سەرکوتکراوی کورد بۆ حەقیقەتی فۆرمی سەروەریی سنوور، ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکەنەوە

لەحاڵێکدا کە ڕەوتە مارکسیستییەکان لەسەر ڕەهەندە ئابوورییەکانی کۆلۆنیالیزم تەرکیزیان دەکردەوە و کەسانی وەکوو مانۆنی[١٤] لایەنە دەروونناسانەکانی ئەو پەیوەندییەیان لێکدەدایەوە، و بە پێچەوانەی فانۆن[١٥] کە دەیویست یەکەمایەتی بە توێژەکان وەکوو جووتیارەکان بدات، بۆردیۆ چۆنیەتیی تاپۆکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن هێزی کۆلۆنیالیستیی ڕوون کردەوە. بە بۆچوونی بۆردیۆ دەوڵەت-نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ڕێگای دەزگای یاسادانەرییەوە هەوڵ دەدات شوناسی غەیری خۆی واتە نەتەوە بندەستەکان بسڕێتەوە و لە ڕێگەی هێزی پەتی(سەربازی) یەوە ئۆبژەکانی خۆی ناچار بە جێبەجێکردنی یاسا دەستنیشانکراوەکانی خۆی بکات. کەوایە سووژەی کوردستانی، کە هێمای پێکهێنەری شوناسی خۆی [خاک] لەدەست دەدات، لە نەبوونی دەسەڵاتی لانیکەم مەعریفی بەسەر خاکی خۆیدا، دەکەوێتە ژێر سوڵتەی هێزی



ڕەگەز/نەتەوەی سەردەستەوە و لە ئاکامدا سووژەی کوردستانی لە ئەنجامی تێپەڕاندنی سەردەمێکی کۆتا لەم پەیوەندییەدا، دەبێتە ئۆبژەیەکی خۆبەکەمزان و بە زمانێکی «مانۆن»ی، ئەم ئۆبژەیە پێگەی «حەقارەت» قەبووڵ و دەروونی دەکات و، هەروەها پۆتانسیەڵی بەرنگاریی خۆی لە بازنەی وێژمان و لەسەر سنووری دیاریکراوی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستدا بەفیڕۆ دەدات؛ لەکاتێکدا خودی ئۆبژە پێی وایە لە پێگەی ڕزگارییەوەیە کە خەبات بۆ ڕزگاری دەکات. دەرهاویشتەی ئەم تایبەتمەندییە، دەبێتە سەرسپێری بە دۆخی هەنووکەیی کە لەلایەن وێژمانی سووژەی باڵادەستەوە بە «ئەمری واقیع» پێناسەکراوە. ستراتێژی و ئامانجی دیموکراتیزەکردنی ئێران، فیدراڵیزە کردنی ئێراق، بەرابەری و پێکهێنانی برایەتیی گەلان لە ترکییەوە تا ئێران و هەڵوەشاندنەوەی ئەمپریالیسمی جیهانی لەو ڕێرەوەدا جێ دەگرن. هەوڵ و ستراتێژییەک کە هەر لە سەرەتاوە دوچاری پارادۆکسێکی تیۆریک دەبێتەوە. لێرەوەیە کە پێویستە ڕەوت و لایەنە سیاسییەکان بە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پێگەی خاک لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتدا و گەڕاندنەوەی ئۆبژەی سەرکوتکراوی کورد بۆ حەقیقەتی فۆڕمی سەروەریی سنوور، ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بکەنەوە و پرسی کورد بەچەشنی مرۆڤێکی بێ خاکی شەیدای دێموکراسی بۆ پرسی کوردستان بگوازنەوە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە واتە ڕزگاری بۆ چی؟ دەتوانین بەم شێوەیە وێنای بکەین: خەباتی کورد بەتایبەت لە سەدەی ڕابردووەوە دەتوانین بە شیوەی گشتی بەسەر دوو ڕەوتی چەپ و نەتەوەییدا[١٦] دابەش بکەین. ڕەوتی نەتەوەیی کە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سمکۆ، کۆماری کوردستان و ... لەخۆ دەگرێت دوو ڕەخنەی جیددیان لەسەرە، یەکەم؛ هیچکام لەو شۆڕشانە خاوەنی پاشخانێکی مەعریفی و تیۆریک نەبوون کە بتوانن بنەمای خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان لەسەر چەمک/بایەخی خاکدا دابمەزرێنن، دووەم؛ لە لایەن هیچکام لەو شۆڕشانەوە سەرەڕای ڕەنگدانەوەی کوردستان بە چەشنی خاک لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کوردستان وەکوو یەکەی سیاسیی هاوبەش و ڕوون ڕەچاو و پێناسە نەکراوە. ئەم

بۆشاییيە مەعریفییە تا ئێستایش بەردەوامە و هێشتا خاک وەکوو بایەخێکی گشتی لە زەینی سووژەی کوردستانیدا بە شێوەی یەکسان و هاوشێوە لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا پێناسە نەکراوە و جێگیر نەبووە.

بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین خەباتی بەرەی نەتەوەیی کورد لە فەزایەکی ناڕوون و بازنەی ئامانجێکی پچڕپچڕ و نایەکدەستدا تێپەڕبووە. ڕەوتی چەپی کوردی سەرەڕای بەکارهێنانی شێوازی جیاواز، لە پێناسەی سەرەتایی خۆیدا و لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی چەپی جیهانی بە تایبەت لە بلۆکی سۆڤییەتەوە، بەبێ ئەوەی بیهەوێت یان بتوانێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردستان بە چەشنی خاک ڕوون بکاتەوە، سیستەمی سەرمایەداری وەکوو دوژمن یان ئەویدی دەستنیشان دەکات. چەپی کوردی لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ڤێرژێنی چەپی نەتەوەی باڵادەستی ئێرانی، ترکی، و عەرەبیدا بوو. لەحاڵێکدا ڕەوتی چەپی نەتەوەی باڵادەست لە پێگەی دەسترۆیشتوویی بەسەر خاکەوە خۆی پێناسە دەکات، واتە پرسی چەپی نەتەوەی باڵادەست نەک فۆرم/سنووری دەسەڵات، بەڵکوو ناوەڕۆکی دەسەڵات و لە قاڵبی سووژەیەکی توێژی سەردەستەوە بوو. پێکگەیشتنی ئەم دوو ڕەوتە کۆمەڵگا بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەکات، بەجۆرێک کە هەردوو لایەن پاش ماوەیەکی کورت و لە بۆشایی پێگەی ڕاوەستەبوونی مرۆڤی کورد لەسەر خاک، دەبنە ئەویدییەکی ناوخۆیی یەکتر. واتە جارێک پێگەی ڕزگاریی خۆیان لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندی و سیستەمی سەرمایەداریدا پێناسە دەکرد و لە قۆناغێکی دیکەدا خۆیان لە هەمبەر لایەنە کوردییەکەی دیکە پێناسە دەکردەوە. ئەم ئەویدییە ناوخۆییە تەنیا لە ئاستی تیۆریکدا کورت نەکراوەتەوە بەڵکوو لە کردەوەیشدا درێژەی هەبوو. شەڕی ناوخۆیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بۆشاییيە مەعریفییەی سووژەی پووککراوەی کورد لە هێمای خاک/کوردستانە. مارکۆزە[١٧] سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ڕەوتی نەتەوەیی و چەپ دەڵێت: بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە نەتەوەییەکان، شارەگی ژیواری ئەمپێریالیسم دەخەنە مەترسییەوە. ئەم بزووتنەوانە نە تەنیا لە بواری ماددییەوە بەڵکوو لە بواری ئایدۆلۆژییەوە نێوانجی و پاڵنەری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری[١٨]. واتە مارکۆزەیش ناڕاستەوخۆ پێویستیی ڕاوەستەبوونی سووژەی خەباتکار لەسەر خاک قەبووڵ دەکات و پێچەوانەی تێگەیشتنی چەپی کوردی کە پێی وایە ناسیۆناڵیزم لەمپەر و هاوکاری سیستەمی سەرمایەدارییە، نەتەنیا کێشەیەک لە نێوان ڕەوتی چەپ و نەتەوەییدا نابینێت بەڵکوو وەکوو دوو هێزی هاوتەریب بۆ ڕزگاری پێناسەیان دەکات. بە بۆچوونی مارکۆزە، لە جیهانی ڕۆژئاوایی و کۆمەڵگای پیشەیی ئێستادا، دوو فاکتەری زەینی و عەینی پێکەوە هاوتەریب نین. بە وتەیەکی تر، فاکتەری عەینی (واتە ژێربنای مرۆیی ڕەوتی بەرهەمهێنان) کە وەکوو چینی کرێکار بووەتە ئامانجی سیستەمی سەرمایەداری، لەگەڵ فاکتەری زەینی، واتە ئاگایی نێو توێژی ڕۆشنبیر و هەستی ئاڵوگۆڕ لە نێوان پەراوێزکەوتووە ئێتنیکی و ڕەگەزییەکاندا هاوتەریب نییە. ئەم دوو فاکتەرە لە بەشێکی بەرچاوی جیهانی سێیەمدا پێکەوە هاوتەریبن. لەوێدا پێگەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و چریکییەکان بە پشتیوانیی کرێکاران و جووتیاران سەرقاڵی شۆڕشن[١٩]. ئەم سۆنگەیە لە تیۆریی چەپدا و سۆنگەی نەتەوەییی ڕاوەستاو لەسەر خاک بە چەشنی یەکەی سیاسیی کوردستان، دەتوانێت ئاسۆیەکی نوێ لە یەکێتی و هاودەنگیی سووژەی کوردستانی بکاتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین پاش پێناسەکردنی ڕزگاری

له چی؛ ئامانجی خەبات واته ڕزگاری بۆ؛ وڵامی پرسیارەکە باشتر بدەینەوە کە پێی هەردوو ڕەوتە گشتییەکە لەسەر بایەخی هاوبەش و بنەڕەتیی خاک ڕاوەستێت.

## دەرئەنجام

لە ڕێگەی چەمکی هێگلیی دیالێکتیکەوە، پەیوەندییەکی نەپچڕاو و بەردەوام لە نێوان پێگەی ڕزگاری و سوڵتەدا هەیە. فۆرمی ئەم پەیوەندییە گرینگتر لە ناوەڕۆکەکەیەتی. بە ئاوردانەوە لە مێژووی خەبات، دەبینین کە مرۆڤی کورد لە بۆشاییی نەناسین و پێناسەنەکردنی پێگەی سوڵتە، بەردەوام لە ڕەوتێکی بۆش و بازنەیەکی بێ سەرەتادا سووڕاوەتەوە. هەروەها بە زمانێکی شمیتییەوە، مرۆڤی کورد لە ئاکامی نەبوونی دەسەڵاتی {حکوومەت} خۆی لەسەر «خاک/ کوردستان»دا، کەوتووەتە ژێر سوڵتەی دەسەڵاتدارەوە و پاشان نە بەچشنی تاک/ شارۆمەند بەڵکوو وەکوو ئەویدییەکی سنووری دەسەڵاتی ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدار، لە هەموو هێما و شوناسێک ڕووت کراوەتەوە و لە بەرانبەردا بەدەست چەمکگەلی بەرهەمهاتووی دەسەڵاتەوە گیرۆدە کراوە. بۆیە نووسەر پێی وایە کۆی سەردێڕی پرسی کورد بێ واتا و بۆشە و پێویستە بۆ گەڕاندنەوەی حەقیقەتی ڕزگاری و تەرکیزکردنەوە لەسەر بایەخی گشتی و نەگۆڕی خاک، لە سەردێڕی پرسی کوردستان کەڵک وەربگرین و هەموو ڕەوتە جیاوازەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە ئاستی فۆرمدا لەسەر بنەمای خاک دابڕێژینەوە. لە وەها حاڵەتێکدا دەتوانین سەرەڕای جیاوازیی شێواز و ناوەڕۆکەکانی خەبات، هاودەنگی و یەکێتییەکی ستراتێژیک پێکبێنین و مرۆڤی کورد لە ئۆبژەبوونەوە بۆ سووژەی کوردستانی پێناسە بکەینەوە. ئەمە ئەرکی ئێلیتی کوردە کە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە و جێبەجێ کردن و بەکارهێنانی ئەم ستراتێژییە ئەرکی لایەنە سیاسییەکان و میدیای کوردییە.

ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی پەیوەندیی دوو ڕەوتی نەتەوەیی و چەپی کوردی بە ئاوێتەکردنی گوتاری چەپی نوێ و گوتاری دژەکۆلۆنیالیستی لەسەر پێگەی ڕزگاری، دەتوانێت بەهێزترین فاکتەری ئاشتبوونەوەی هێزەکانی کوردستان بێت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە هەموو توانستەکانی بە شێوەی هاوکات و هاوتەریب کەڵک وەربگرێت.

## سەرچاوەکان:

1. Isaiah Berlin (1909-1997)
2. Perry Anderson
3. Anderson, P. Gndhi Centre Stage. London Review of Books( 2012): 4.
4. Roger Owen
5. Owen, R. State,Power and Politics in Making of the Modern Middle East. New York:Routledge( 2004): 15
6. Zachary Lockman
7. Lockman, Z. Contending Vision of the Middle East. Cmbridge University Press.( 2009): 97-98
8. Antonio Cassese (1937 – 2011)
9. Cassese, A. Self-Determination of Peoples. Cambridge University Press (1995): 328.
10. Pierre Bourdieu
11. Bourdieu ,P. Outline of a Theory of Practice. Cmbridge University Press.( 1977): 34.
12. Bourdieu, P. The Sociology of Algeria. Paris Press Universitaires de France ( 1958): 146.
13. Mannoni , O. Prospero and Caliban: The Psychology of Colonization. New York Frederick. A Preager( 1950):51
14. Dominique-Octave Mannoni (1899-1989)
15. Ibrahim Frantz Fanon (1925-1961)
١٦. نووسەر ئەم پۆلێنبەندییەی قەبووڵ نییە بەڵام بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ئەم فۆرمە کەڵک وەردەگرێت.
17. Herbert Marcuse (1898-1979)
١٨. هربرت مارکوزه، گفتاری در رهایی، ترجمه محمود کتابی، (نشر پرسش: ١٣٨٨)، ١٠٢.
١٩. هربرت مارکوزه، گفتاری در رهایی، ترجمه محمود کتابی، (نشر پرسش: ١٣٨٨)، ١٢٨.

# شوناسخوازیی نەتەوەیی لە فەزای سایبێرنێتیک

ڕێباز قادری

”

شوناس چەمکێکە کە گوزارشت لە ڕەوشت و کردەوەی تاک دەکات کە ڕیشەی لە بارهێنانی بنەماڵەیی، پەروەردەی فەرهەنگی و باوەڕگەلی کۆمەڵایەتیدا هەیە و کەسیەتیی تاکێک یان کۆمەڵگایەک پێکدهێنێت. کارەکتێرە دیارەکانی شوناس لە ئاستی کۆمەڵگادا، چوارچێوەی بنەرەتیی «شوناسی نەتەوەیی» پێکدەهێنن و ئەم جۆرە لە شوناس، نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ترجیادەکەنەوە.

شوناسی نەتەوەیی لەسەربناغەی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی سیاسی، باوەڕگەلی فەرهەنگی و کراوەیی ئەو لە ڕووی پەروەردەی تری فەرهەنگی، تووشی لێکترازان دەبێ و بە چەمکێکی ڕێژەیی و ئەمڕۆیی وەردەگیردرێت.

“

## پوختەی وتار

گەشـــەی لەڕادەبـــەدەری زانیارییـــەکان و تەنینەوەی هەموو جیهان بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی «ئینتێرنێـــت»، فەزایەکـــی خوڵقانـــدووە کـــە پێدەچێـــت هەموو دنیا لە بـــواری فەرهەنگی و شوناسەوە بەرەو ئاقارێکی یەکدەست و یەکرەنگ بروات. گەشـــە و تەقینـــەوەی زانیارییەکان لە فەزای مەجازیدا، ڕۆڵێکی دوولایەنەی لە زۆرێک لە وڵاتانی لێ کەوتووەتەوە. وا پێدەچێت کە لە ئاکامی تێکنۆلۆژیـــی زانیارییەکان(IT)، زۆربەی وڵاتانی جیهان لە بواری شـــوناس و شوێنەواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرەو یەکدەســـتی و یەکرەنگی برۆن بـــەڵام لە هەمان کاتدا، فەزای سایبێری و ئینتێرنێت لە بەشێک لە کۆمەڵگای جیهانـــی بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە لە کەمینە ئایینـــی و نەتەوەییـــەکان پێکدیـــن، دەرتانی خۆناســـینەوەی شوناســـی نەتەوەیی و ئایینیی خوڵقاندووە.

لـــەم وتارەدا کە بەشـــێوەیەکی زانســـتی و بە کەڵـــک وەرگرتن لە شێوازی(تەوســـیفی - تەحلیلی) ئامادەکراوە، هەوڵ دەرێت وڵامی ئەم پرســـیارە بدرێتەوە: ئایا فەزای سایبێرنێتیک لە پرســـی شـــوناس، دەتوانێ ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەبێت؟

## وشە سەرەکییەکان

فـــەزای ســـایبێرنێتیک، شـــوناس، شوناســـی نەتەوەیی، شوناسی ئەتنیکی، کوردستان

## ١. پێشەکی

پەرەســـەندنی خێـــرای فـــەزای زانیارییەکان و تەنینـــەوەی هەموو جیهان بە تۆڕی ئینتێرنێت، بە شـــێوەیەکی کردەیی دۆنیای وەک گوندێکی بچووک دەرهێناوە و گۆرینەوەی زانیارییەکانی لە زووترین کاتدا پراکتیزەکردووە. پێکەوەنووسانی «کات» و «شوێن» لە فەزای مەجازیدا لەلایەکەوە، شێوەیەک لەویکچوون(هەمسانی)ی لە زۆربواردا لە زۆربەی وڵاتان خوڵقاندووە و لە لایەکی ترەوە دژکردەوەی کەمینە ئێتنیکییەکانی بۆپاراستنی فەرهەنـــگ و کەلتووری نەتەوەیی و خۆماڵی لە بەرانبـــەر تەوژمی فەرهەنگـــی زاڵی جیهانی لێ کەوتووەتەوە.

هەرئێستا چەمکی گرینگ لە پانتاییی زانستی ئینسانی، دیاردەی بەجیهانیبوون و وەیەکچوونی فەرهەنگییە؛ بەشـــێوەیەک کـــە دەڵێن جیهان لەبەر تیشـــکی تێکنۆلۆژیی پەیوەندی-زانیاریی نـــوێ، بەشـــێوەیەکی خێـــرا بەرەویەکبوون و توانەوە لەنێو فەرهەنگی زاڵی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دەروات. لـــەم پێناوەدا، دیـــاردەی «ئینتێرنێت» وەک یەکێک لە شـــوێندانەرترین کەرەسەکانی بەجیهانیبوون باسی لێوە دەکرێت.

هەرچەندە هەنووکە، تێکنۆلۆژیی زانیارییەکان تارادەیەکـــی زۆر، کۆمەڵـــگا جۆراوجۆرەکانـــی بەرەو ئاوێتەبوونی (ئاسیمیلاســـیون) فەرهەنگی بردووە؛ بەڵام هەرئەم شـــەپۆلە نوێیە لە بەشێک لـــە وەڵاتان بەتایبـــەت لە بازنـــەی کاریگەریی کەمینە نەتەوەییەکان، خۆناسینەوە و پاراستنی فەرهەنگ و شوناســـی نەتەوایەتیـــی ئەوانی لە بەرانبەر هەڕەشـــەی توانەوەی فەرهەنگی زاڵی جیهانی و ناوچەیی لێ کەوتووەتەوە.

هەرئێســـتا لەبەشـــێک لـــەو وڵاتانەی کە گرووپـــی نەتەوەییی زاڵ، هەوڵـــی لەناوبردن و توانـــەوەی فەرهەنگی کەمینـــە نەتەوەییەکانی ژێردەستی خۆی دەدات، دیاردەی «ئینتێرنێت» و فەزای سایبێر، دەرتانێکی زۆرباشی بۆنواندنی فەرهەنگی گرووپ گەلـــی نەتەوەیی و کەمینە ئێتنیکی و ئایینەکانی پێکهێناوە.

## ٢. چەمکە گشتییەکان

### ٢-١- شوناس

شوناس(هویت)، هەڵگری» کەسیبەتی»ی مرۆڤە، واتە تاک یان گرووپێکی ئینســـانی، خۆی چۆن پێناسە دەکا و دەیهەوێ چۆن خۆی بناسێنێت و یـــان چۆن بناســـرێت. شـــوناس، وڵامێکە بۆ پێویستییەکی سروشـــتی لە نێو مرۆڤ لە پێناو ناســـاندنی خۆی لە چوارچێـــوەی زەنجیرەیەک

لەدیاردەگەلـــی فەرهەنگـــی، مێژوویـــی و جۆگرافیاییدا(مۆجتەهێدزادە، ١٣٨١، ٦٦).

شـــوناس بە مانای چییەتـــی و کییەتییە و لە پێداویســـتییەکی سروشـــتیی ئینســـان، بە ناســـاندن بە شتێک و یان شوێنێکەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم هەستە گرێدراوە، لە سەربنەمایەکی دەروونی(غریـــزی)ی هەڵقـــوڵاوە. دابین بوونی ئەم پێداویســـتییە، دەبێتەهۆی «خۆدئاگاهی»ی تاکی لـــە مرۆڤدا و تێـــراو بوونی ئەم ویســـتە لەنێوگرووپێکی ئینسانی، خۆدئاگاهیی بەکۆمەڵ و هاوبـــەش یان» شـــوناس»ی قەومی، هۆزەکی و یان نەتەوەییـــی ئەوگرووپە. ئەم خۆدئاگاهییە لە کاتێکدا ئاســـتی نەتەوەیـــی بەخۆی دەگرێ کە لە بـــەراورد لەگەڵ شوناســـی گرووپێک لە نەتەوەکانی ترهەڵسەنگێندرێت(مۆجتەهێدزادە، ١٣٨٧، ١٤٥).

شوناس چەمکێکە کە گۆزارشت لە ڕەوشت و کردەوەی تاک دەکات کە ڕیشەی لە بارهێنانی بنەماڵەیـــی، پەروەردەی فەرهەنگی و باوەڕگەلی کۆمەڵایەتیـــدا هەیە و کەســـیەتیی تاکێک یان کۆمەڵگایەک پێکدەهێنێت. کارەکتێرە دیارەکانی شـــوناس لە ئاســـتی کۆمەڵـــگادا، چوارچێوەی بنەڕەتیی «شوناســـی نەتەوەیی» پێکدەهێنن و ئەم جۆرە لە شوناس، نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ترجیادەکەنەوە.

شوناسی نەتەوەیی لەسەربناغەی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی سیاســـی، باوەڕگەلـــی فەرهەنگی و کراوەیی ئەو لە ڕووی پەروەردەی تری فەرهەنگی، تووشی لێکترازان دەبێ و بە چەمکێکی ڕێژەیی و ئەمڕۆیـــی وەردەگێردرێت(حەقـــدار، ١٣٨٠، ١٨٨).

«شـــوناس» ســـەرچاوەی مەعنا و ئەزموون بۆ خەڵکـــی کۆمەڵگایەک دەبێـــت. هەروەهاکە «کالنهێن» دەنووسێ هیچ خەڵکێکی بێ ناونیشان ناناسین و هیچ زمان و کەلتوورێک بەدی ناکرێت کـــە لە نێوان خـــۆی و ئەویتر، ئێمـــە و ئەوان، جیایی پێکنەهێنێت. لە حەقیقەتدا، ناسینەوەی بوونـــی هەرتاکێک لـــە ڕەوتێکـــی درێژخایەن لەجیاکردنـــەوە لە ئەوانیتـــر پێکدێت. ئیتنیکی ئێمـــە و ئیتنیکی ئێوە، ئایینـــی ئێمە و ئایینی ئێـــوە، وڵاتی ئێمە و وڵاتـــی ئەوان(مەدەدپوور، ١٣٨٣، ٦٣).

کاستێلز، شـــوناس بە ڕەوتێک لە ماناسازی دەزانێت کە لە ســـەر بناغەی تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی پێناســـە دەکرێ(هەمان ســـەرچاوە، ٦٣).

خاڵێکی تر کە دەبێ لە شـــرۆڤەی شوناسدا ڕەچاو بکرێت، ڕووبەڕووبوونەوەی(تقابل) بۆچوونە دەروونناسی و کۆمەڵناســـییەکانە لە ئاست ئەم چەمکەدا.

بەشێک لە بیرمەندانی کۆمەڵناسی، شوناس لە ئاســـتێکی تاکـــی و دەروونناســـییەوە باس دەکەن بەڵام بەشـــێکی تروەک «هێربێرت مید» شوناس لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا شرۆڤە دەکات و چەمکی»شوناســـی کۆمەڵی»، بۆ پەیوەندی لە نێوان تـــاک و کۆمەڵگا بەکار دەهێنێت(دەوران، ١٣٨٢، ٦٢).

لە جیهانێک کە تووشـــی ئاڵوگۆڕێکی وەها خێراهاتـــووە، خەڵـــک بە دەســـپێکی نوێ و لە دەوروبـــەری شوناســـگەلی ئایینـــی، ئێتنیکی، ســـەرزەوینی و نەتەوەیی، کۆدەبنەوە(کاستێلز، ١٣٨٠، ٢٩).

لـــەم نێـــوەدا، شوناســـی نەتەوەیـــی، بـــۆ یەکگرتووکردنـــی کۆمەڵـــگا و بەرگـــری لـــە پەرتەوازەبـــوون، ڕۆڵێکـــی بنەڕەتیـــی هەیە. لە واقیعدا، شوناســـی نەتەوەیـــی وەک چەترێکی ســـێبەرهێنەر، هەموو وردەکەلتوورەکان بەرەو یەکگەرتوییـــی نەتەوەیـــی لە ئاســـتی وڵاتدا کۆدەکاتەوە(هەمان، ٦٣).

شوناســـی نەتەوەیـــی یـــان شوناســـی کۆمەڵگەیی، بەرزترین ئاستی شوناسی کۆمەڵی لە نێو هـــەر وڵاتێکە و شـــوناس وەرگرتن لەم ئاستە(لە گەڵ نەتەوەیەک) سەرچاوەی شوناسی کۆمەڵی و لە ئاکامدا شێوەیەک لە هەستی خۆ-کۆمەڵی(خودجمعی)، کە بە شوناسی نەتەوەیی پێناسە دەکرێت؛ دێنێتە کایەوە(دەوران، ١٣٨٢،

٦٢).

شێخاوەندی، شوناسی نەتەوەیی بە دوایین شوناسی وەرگیراو(اکتسابی) دەزانێ کە لە ڕەوتی(Sociability) لە لایەن بنەماڵە، قوتابخانە و میدیاوە وەردەگیردرێت(هەمان، ٦٣).

هەرلە کۆنەوە لە پاڵ شوناسەکانی تاکی و نەتەوەیی، شوناسی ئێتنیکی و ئایینیش لە ئارادا بووە. لەو وڵاتانەی کە بە هۆی دەسەڵاتیکی شۆڤێنی و پاوانخوازەوە، دەرەتانی بووژانەوەی شوناسی کەمینە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا نادرێ و بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی فەرهەنگ و کەلتووری ئەوان دەدرێ؛ ئەو جۆرە لە زەخت نواندن لە ئاستی وڵاتدا، دەبێتە هۆی بووژانەوەی هەستی خۆئاگاییی نەتەوەیی لە نێو ئەو کەمینانەدا؛ کە ئاکامەکەی هوشیاری و شوناسخوازیی ئێتنیکیی لێ دەکەوێتەوە.

دیوانی سزای نێونەتەوەییی ڕواندا، لە پێناسەیەکدا، گرووپی ئێتنیکی بەم جۆرە پێناسە دەکات: «گرووپی قەومی بە گشتی بە گرووپێک دەوترێت کە لە بواری زمان یان فەرهەنگدا پەیوەندیی هاوبەشیان هەبێت». لە شوێنێکی تر دەڵێت: گرووپی ئێتنیکی گرووپێکە کە بەو جۆرەی کە هەن خۆیان دەناسێنن و خۆیان لە ئەوانیتر بەجیا دەزانن و یان گرووپێکە کە لەلایەن ئەوانی ترەوە، بەتایبەت تاوانباران، بە گرووپێکی جیا لە خۆیان دەناسێنرێن(عەزیزی، ١٣٨٥ ، ٧٥).

## ٢-٢- فەزای سایبێرنێتیک

«وینێر»[١] وەک خوڵقێنەری زانستی سایبێرنێتیک دەڵێت: وشەی «سایبێرنێتیک» لە بوارەی بنچکەوە، وشەیێکی گریکی(یوونانی) یە، واتە «کۆبرنیتس» بە مانای سۆکاندار و وەرگیراوە(دەوران، ١٣٨٢، ٥٨).

«کیزا» فەزای سایبێر بە فەزایەک دەناسێ کە هەڵقوڵاوی زانیاریی نادیارە. زانیارییەک کە دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری هەبێت.

ئەوبۆ ناسینی ئەم چەمکە و ڕوونکردنەوەیەکی باشتر بۆ ئەم فەزایە، تۆخمگەلی ئەم فەزایە وەک ئینتێرنێت یان تۆڕی جیهانی دێنێتە کایەوە(هەمان، ٥٨).

بەشێک لە بیرمەندان فەزای مەجازی وەک کۆمەڵگایەک دەشوبهێنن و لە پێناسەکردنیدا دەڵێن: کۆمەڵگای مەجازی بریتییە لە ئەزموونی هاوبەش لە فەزای پەیوەندییەکان، لەگەڵ کەسانێک کە نابینرێن(نیکفەرجام، ١٣٨٥، ١١٦).

فەزای مەجازی بە پێچەوانەی فەزای واقیعی، شوێنێکە کە مرۆڤ «نیشتەجێ» شوێنێکە کە بوونی ماددیی نییە بەڵام هەبوونی هەیە. هەروا کە ئەم فەزا بێ شوێنە، لەبەرئەوەی کە لە چوارچێوەی فەزای ماددیدا پێناسە ناکرێ، یاساگەلی فیزیکی لەم فەزایە کاریگەریان نییە. لە فەزای مەجازیدا «بەرچاوگەی فەرهەنگی»[٢] بە شوێنێک دەگۆترێ کە ڕووبارەکان دەتوانن بەرەو ژووراییی تەپۆڵکەکان ڕەوان ببن و یان دارستانێکی شووشەیی لە دارەکان سەوزببێت(وەسووقی، ١٣٧٥، ٥٦).

هەنووکە پێشکەوتن و گەشەی خێرای تێکنۆلۆژی، هیچ جۆرە بەرنگارییەک هەڵناگرێت و تێچووی پێویست بۆ دروستکردنی پەیوەندی بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو دابەزیوە.

پێدەچێت لەم بەرەنگار بوونەوەیەدا «کات»[٣] تەنیا تەسلیم بوونی بۆ مابێتەوە و «فەزا»ش چارەنووسێکی هاوشێوەی «کات»ی بۆ چاوەڕێ دەکرێت و بە شێوەیەکی بێ وێنە، فەزا، چکۆلە و چکۆلەتردەبێتەوە(گۆڵ مۆحەمەدی، ١٣٨٣).

لە کۆتاییی دەیەی ١٩٧٠ی زایینی، ئینتێرنێت لە پانتاییی جیهاندا خۆی نیشان دا و لە دەیەی هەشتای زایینیدا، ئەم تۆڕە گشتییە «ئینتێرنێت» ناو نرا.

ئینتێرنێت لە ماوەیەکی کورتدا بە شێوەیەکی خێرا و سەرسوڕهێنەر گەشەی سەند. لە سەرەتادا سەدان و هەزاران زانکۆ، سەنتەری زانستی و ناوەندی دەوڵەتی، کامپیوتێرەکانیان

بەم تۆڕە نوێیەوە بەستەوە.
لە دەیە ی ١٩٩٠ی ز، ئینتێرنێت لە گەشەی خۆیدا هەروا بەخێرایی گەشەی کرد؛ کە بە پێی بەشـێک لە لێکۆڵینەوەکان، ڕێژەی پەیامەکان کە لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە دەنێردرا، هەرمانگێک بـە ڕێژە لە گەڵ مانگی پێشـووی، ٢٠٪ زۆرتر دەبوو(وەسووقی، ١٣٧٥، ٥٤).
ڕۆژگارێـک خێراییـی ناردنـی دەیتـا لە چوارچێوەی ئینتێرنێتدا لە وڵاتی ئامریکا ٥٦٠٠٠ «بیت»[٤] لە یەک چرکەدا بوو(هەر پیتێک ٨بیت دەبێت). لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئاشکرا بوو کە ئەم خێراییە بۆ گواسـتنەوەی زانیارییەکان زۆر کز و لاوازە. دوای چەند سـاڵ خێرایی گەیشتە یەک و نیو ملوێن بیت لە چرکەدا و ئیستا(١٩٩٥) بە ٤٥ ملوێن بیت لە یەک چرکەدا گەیشـتووە. ئەم خێراییە، هێشتا دڵخوازی کارناسان نییە و ئەوان هەوڵ دەدەن خێرایی ئینتێرنێت بە دوو مێلیارد بیت لە چرکەیەکدا بگەیەنن؛ کە ئەگەر ڕوو بـدات، دەتوانرێت هەموو ئینسـکلۆپیدیای بریتانیـکا کـە نزیک بـە ٣٠٠٠٠ لاپەڕەیە، لە ماوەی یەک یان دوو چرکەدا، بۆ هەرشـوێنێک بنێردرێت(هەمان، ٥٤).
هەنووکە نیشتەجێبوون لە فەزای مەجازیدا کارێکی زۆر سادەیە. کامپیووتێرێک و مۆدێمێک دەتوانێ بە ئاسـانی پەیوەندیت بە ئینتێرنێتەوە ساز بکات. بێ گۆمان ئینتێرنێت، تەنیا شوێنێکە بـۆ چوونەناوەوەی، پێویسـتی بە ئیـزن و ویزا نییە(هەمان، ٦١).
لـە ڕوانگـەی بەشـێک لـە بەکاربەرانی ئینتێرنێـت، فـەزای مەجـازی یان سـایبێر، شـوێنێکی ڕەها و ئازاد لە هـەر جۆرە کۆت و بەندێکـە. کە ئـەم بۆچوونـە دەتوانێت وەک فەزایەکی جیاواز شرۆڤە بکات.
ئەو پێوەرانەی کە چەمکەکانی شـوناس و فەزای سایبێرنێتیک زەق دەکەنەوە بریتین لە:
- «شوناس» وەک سـەرچاوەی مانا و هەڵگری کەسیەتیی تاک و کۆمەڵگایە؛
- «شوناس» کاردانەوەیەکی دوولایەنەی هەم لە سۆنگەی تاکی و دەروونناسی و هەم لە سۆنگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە؛
- شوناسی نەتەوەیی، بەرزترین ئاستی شوناس لە هەر وڵاتێکدایە؛
- ناساندنەوە و دۆزینەوەی شوناسگەلی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە ڕەوتی بەجیهانیبووندا ڕوودەدات؛
- شـوناس، لـە ڕەوتـی وەرگرتنـی کۆمەڵگە(جامعەپذیری)دا وەردەگیردرێت؛
- «فـەزای سـایبێر»، وەک کۆمەڵگایەک دێتە ئەژمار کە خەڵکانی نابینرێن؛
- فەزای سـایبێر، بە وتەی بەکاربەرانی ئازاد و ڕەها لە هەر کۆت و بەندێکە؛
- گەشـەی لە ڕادەبـەدەری فەزای سـایبێر و پەیوەندییـەکان، بـە بـاوەڕی بەشـێک لە لێکۆڵەران، سـنووری دەوڵەت-نەتەوە (nation-state) دەڕووخێنێ.

### ٣. «شوناس»[٥] لە فەزای سایبێر

لەم سـەدەیەدا، کـە بە سـەدەی تەقینەوەی زانیارییـەکان ناودێـر کـراوە، ئایا شوناسـی نەتەوەیـی و ئێتنیکـی، بـە هـۆی فـەزای «سـایبێرنێتیک»ەوە لە ڕووبەڕووبـوون لەگەڵ شـەپۆلی زەبەلاحی فەرهەنگی ڕۆژئاوا، تووشی توانەوە و ئاسمیلاسـیوونی فەرهەنگی دەبن یان ئەم فەزایە، دەرەتانێک بۆ ڕزگاربوون و پارێزەری لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆماڵی، بۆ گەلان و بە تایبەت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، دێنێتە کایە؟
لـە وڵامی ئـەم پرسـیارەدا دوو ڕوانگەی جیاوازهەیە. لە ڕوانگەی کەسـانێکەوە، گەشە و پەرسـەندنی خێرای پەیوەندییەکان لە ڕێگای میدیا و تۆڕە ئینتێرنێتییەکانەوە، بە شـێنەیی و لەسـەرخۆ، شوناسی نەتەوەیی و ئێتنیکی کز و لاواز دەکا و ڕاکێشـان بەرەو شوناسـێکی نوێ دەخوڵقێنێ کـە تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی یەکدەست و یەکڕەنگ پێکدەهێنێ. گەشبینان بڕوایان وایە کە پەرەسەندنی خێرای پەیوەندییـەکان، پەراوێزخـران و ناوچەگەرایی کەمڕەنگ دەکاتـەوە و هەمـوو فەرهەنگەکان

تێکەڵ بە فەرهەنگــی زاڵی جیهانی دەبن و لە یەکتر نزیک دەبنەوە.

«تۆڕ»[۶]، هیچ جۆرە ســنوووریکی «دەوڵەت-نەتەوە»[۷] ناناســێنێ و سنووره نەتەوەییەکان بە شــێوەیەکی ڕوولەگەشــە، لە ژێرکاریگەریی فەرهەنگــی زاڵی جیهانی، بێ مانا دەکات. ئێمە لە شوێنێک دەتوانین پێکهاتەی لەش بین و لە شوێنێکی تر ڕۆح(دەوران، ۱۳۸۲، ۷۳).

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو ڕاســتییە کە «جیهانیبوون»[۸] بەمانای پێکهێنانی پەیوەندیی دوو لایەنە لە نیوان کۆمەڵگاکانە، «فەرهەنگ»[۹] لە زۆربواردا وەک ڕاستەوخۆترین، سەرەکیترین و بینراوتریــن تۆخمێکــە کە لــە ڕێگەی ئەم جــۆرە پەیوەندیانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەزموون دەکرێت(مۆحسنی، ۱۳۸۰، ۱۲۰).

لە لایەکی ترەوە ڕۆانگەیەک لەو باوەڕەدایە کە پەرەسەندنی خێرای زانیارییەکان و گەشەی لەڕادەبەدەری فەزای سایبێرنێتیک، هەرچەندە تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی لەناوچوونی ســنووره نەتەوەییــەکان و هەموو خەڵکی جیهان بەرەو فەرهەنگێکی هاوبــەش ڕێنوێنی دەکات؛ بەڵام لەهەمان کاتدا، ئــەم تێکنۆلۆژیە نوێیە، دەبێتە هۆی ناسینەوەیەکی نوێ لە شوناسی نەتەوەیی گرووپە ئێتنیکییەکان.

«کاستێلز» لاواز بوونی سنووره نەتەوەییەکان و سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوە نەتەوەخوازەکان، بە ڕەوتێکی «هاوکاتــی»[۱۰] دەزانێ. بەم مانایە کە پەرەســەندنی خێرای زانیارییەکان و دزەکردنی تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت لە ناخی فەرهەنگەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان، دەبێتە هۆی کزبوونی شوناسی نەتەوەییان. لە لایەکی ترەوە، هەمان نەتەوە بــە کەڵــک وەرگرتن لەم شــێوازە لە تەکنیک، خۆناســینەوەیەکی نــوێ لە خۆیان دەکــەن و لەم ڕێگەیەوە شــوناس و کەلتووری نەتەوەییان دەوڵەمەند و پارێزراودەکەن(دەوران، ۱۳۸۲، ۷۳).

لە کۆمەڵگایەکی نوێ کە خەریکی خۆنواندنە، ئاڵوگۆڕی پێکهاتەیی لە بەرهەمهێنانی دەسەڵات و هەروەها پەیوەندیــی کۆمەڵایەتیدا دەبینین. ئەم جۆرە لە ئاڵوگۆڕ، بە شــێوەیەکی بنەڕەتی، لە فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی «شوێن»[۱۱]و «کات»، ئاڵوگۆڕ پێکدەهێنێت کە ئاکامەکەی سەرهەڵدانی فەرهەنگێکــی نوێ دەبێ(مەددەپــوور، ۱۳۸۳، ۶۱).

«کاســتێلز» دەڵێ هەرچەندە لە بەشــێکی زۆر لــە کۆمەڵگاکان، بە هــۆی زانیارییەکانەوە، هاوشێوەیەکی زۆر دەبینندرێ، بەڵام جۆراوجۆریی فەرهەنگی لە کۆمەڵگاکاندا هەروا وەک واقیعێکی بەرچاو خۆ دەنوێنــێ. بەم جۆرە یەکگرتوویی و یەکبوونی ژاپــۆن یان جیاواز بوونی ئێســپانیا لە جووڵەیەکی ســەرلەنوێ بەرەو نوێکردنەوەی جیهانــی، کە ئەم جــارە لە ڕێــگای خێرایی گەشەی ئینتێرنێت لە وڵاتەکان پێوانە دەکرێت، لە ڕەوتی لەنێوبردنی جیاوازییە فەرهەنگییەکان بێ ڕەنگ دەبێت(هەمان، ۶۲).

کاتێک تــۆرەکان «کات» و «شــوێن» لەناو دەبەن، خەڵک ناچار دەبن کە خۆیان بەشتانێکەوە ببەســتنەوە و شوناســی مێژوویــی خۆیــان بدۆزنەوە. ئەم جۆرە لە هەڵویســتی بەرەنگارانە لە ڕێگای ســازدانی هێمای فەرهەنگیی نوێ لە ڕێگای کەرەسە و مەوادی مێژوویی، دەکرێت بە سەرچاوەیەکی نوێی شوناس و مەعنا(مەدەپوور، ۱۳۸۳، ۶۵).

لــە ڕووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ وڵاتــی ئینتێرنێــت، مرۆڤ ڕووبەڕووی هێرشــی زانیاری و فەرهەنگگەلێــک دەبێتەوە کە تایبەت بە وڵات یــان نەتەوەیەک نین. ئەوەی کە هەنووکە پتر لە هەرشتێک لەبەرچاوە، شــێوەیەک لە وەرگرتنی پەیامی تۆڕە جیهانییەکانە کە هەر فەرهەنگ یان کۆمەڵگایەک وەریدەگرێ و خۆی لەگەڵی ڕادێنێ.

لە عالەمی واقیعدا، بۆ وێنە لە ناو گوندێک، بە هۆی نزیکیی جۆگرافیایی و هەڵسوکەوتی ئاسایی و ڕۆژانە، خەڵکان پەیوەندییەکی ســەپێنراویان هەیە؛ بەڵام لە فەزای مەجازیدا، پەیوەندییەکان هەڵبژێردراو دەبێ و تەنیا کەسانێک دەگرێتەوە کە خۆت بە باشیان دەزانی.

پەیوەندیی خەڵک لە گوندێک، لەفەزایەکی واقیعیدا ڕوودەدات و شوناسێک کە خەڵک لە ڕێگای پەیوەندییەوە وەریدەگرن لەسەر ئەساسی سۆزی شوێنگەیە کە وا دەکا جۆرێک لە سۆزی نیشتمانی بەرانبەر بە ئاو و خاک، لە مرۆڤەکاندا چکەرە بکات؛ بەڵام لە فەزای مەجازیدا، پەیوەندییەکان هەڵبژێردراو دەبن، بۆیە جیا بوونەوەش زۆر ئاسانە و ئەم فەزایە شوناسخوڵقێن نییە.

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، لەبەر تیشکی گەشەی لەڕادەبەدەری تێکنۆلۆژیای زانیارییەکان و ئینتێرنێت، لە بواری فەرهەنگیدا تارادەیەکی زۆر شوناسەکانی تاکی، قەومی و نەتەوەیی لە ژێرشۆێنەواری شەپۆلی جیهانیبووندان، بەڵام ئەم کێشەیە بەو مانایە نییە کە خەڵک بەرانبەر بە شوناسە وەرگیراوەکانی خۆیان، دەستەوەستان دەبن؛ بەڵکوو بە کەڵک وەرگرتن لە فەزای مەجازی و دامەزراندنی ماڵپەرەکان و هەروەها وێبلاگە جۆراوجۆرەکان و هەنووکە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتێر و ... خەریکی سەرلەنوێ خوێندنەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆیانن.

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تێکنۆلۆژیای زانیاری بەتایبەت کەڵکی پڕ لە گەشەی ئینتێرنێت، وای کردووە کە خەڵک بێ دڵەڕاوکێ و ترسی لەقاودانی شوناسی کەسیەتیان، لە هەموو دەرەتانەکانی ئینتێرنێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوبیر و هاونیشتمانەکانیان کەڵکی شایان وەربگرن.

هەنووکە لەو وڵاتانەی کە کەمینە نەتەوەییەکان، لە فەزای واقیعیدا دەرەتانی خۆناسینەوەی فەرهەنگی و شوناسی نەتەوەیی خۆیانیان لەلایەن زۆرینەی باندەستەوە لێ زەوت کراوە و زۆرینەی باندەست، بە پاڵپشتیی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کەمینە نەتەوەییەکاندایە، فەزای سایبێر باشترین شوێنە کە دەرەتانی لەباری بۆ کەمینە نەتەوەییەکان ڕەخساندووە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو شوناسی نەتەوەییی خۆیان ببوژیننەوە و لە فەوتان بیپارێزن.

حکوومەت لە فەزای سایبێر دیمۆکراتیکە. لەم فەزایەدا دەرەتانی دەسراگەیشتن بۆ هەمووانە. هەرئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی دووربوون لە پاوانخوازی. هاوسەنگی لە پەیوەندییەکان، بیروڕای جیاواز و دژەناوەندە، هەروەها لەم کۆمەڵگایەدا ڕێز لە ئازادیی قسەکردن و ژیانی تاکی دەگیردرێ(وسووقی، ١٣٧٥، ٦٢).

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئینتێرنێت بۆ کەمینە نەتەوەیییەکان، بۆ وروژاندنی کێشەکانیان، دۆخی ئازادی و نزم بوونی ئاستی چاوەدێرییە؛ بە جۆرێک کە ئینتێرنێت لەچاو میدیاکانی تر، ئازادییەکی زۆرتر بە بەکاربەرانی دەبەخشێت(فەکووهی، عیاری، ١٣٨٤، ٢).

هەستی شوناسخوازی، وەک پێویستییەکی سۆزاوی و دەروونییە و بەڵێنی دەروونی بە ئەو، وەک تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ لە نێوان مرۆڤەکاندایە و مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ئاست و پێوەری جیاوازدا، هەستی شوناسخوازیی خۆیان لە چوارچێوەی گرووپگەلی ئینسانی، پێناسە دەکەن(حافێزنیا، ٨٩، ١٣٩٠).

شوناس بە تایبەت شوناسی نەتەوەیی، هەڵگری داخواز و بەرژەوەندیی هاوبەشی گرووپێکی ئینسانییە لە وڵات یان شوێنێکی دیاریکراو. پێداگری لەسەر شوناس لە بەرانبەر هێرشی فەرهەنگیی ئەوانی تر، ڕەوتێکی بەردەوام و نەبڕاوەیە. ئەم پێداگرییە لە شوناسخوازی چ لە دنیای واقیعی و حەقیقی(actual) و چ لە دنیای مەجازی(virtual)دا بێت بە شێوازی هەمەجۆر لە ژیانی تاک یان گرووپێکی نەتەوەییدا، ڕەنگدانەوەی دەبێ.

## ٤. شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لێرەدا مەبەست لە کوردستان ئەو بەشە لە

وڵاتی کوردان دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندایە کە بریتییە لە پارێزگاکانی و رمێ، سنە، کرماشان و ئیلام.

لە وڵاتانی ئێران، تورکیە و سووریە، بە هۆی سیاسەتی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە کوردستان، هەڵاواردنی فەرهەنگی، دەرەتانی دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی بۆکوردان لەفەزای واقیعی و جوگرافیاییدا نەرەخساندووە، هەرچەندە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان، لە ماوەی دەسەڵاتی دوڵەتی مۆدێرن لە ئێران، هەموو هەوڵی خۆی داوە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی و گەشەی فەرهەنگی کەڵک وەربگرێت بەڵام بە هۆی سیاسەتی «نەتەوەسازی»[١٢] لە وڵاتی ئێران، چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە ئێستادا کە لەسەر ئەساسی یەک زمان و یەک نەتەوە پێکهاتەی وڵات دارێژراوە، نەتەوەکانی جیا لە فارس، دەرتانی بووژانەوەی شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگییان لە فەزای سیاسیی ئەو وڵاتەدا بۆ نەرەخساوە و لەم ماوەیەدا لە فەزای واقیعیدا بە شێوازی جۆربەجۆر بەربەست و تەنگەژەیان بۆ سازکراوە.

بە خۆشییەوە تێکنۆلۆژیای ئینتێرنێت و پەرەسەندنی دنیای مەجازی هەلێکی لەباری بۆ ئەوخەڵکانە رەخساندووە کە خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن.

پانتاییی خێرای ئینتێرنێت لە ئاستی هەموو جیهان، فەزایەکی تا رادەیەک ئازادی بۆ خوێندن و ناساندنی هەمووتاقم و دەستەیەکی رەگەزی، ئایینی و کەمەنەتەوەیی خوڵقاندووە. هەرچەندە وەک فەزای واقیعی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست، بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی هەمەجۆر وەک هێزی سایبێری، کەم کردنەوەی خێراییی ئینتێرنێت و فیلتێرینگ، بەر بە گۆڕینەوەی ئازادیی دەیتا دەگرێت؛ بەڵام خەڵکی شوناسخوازی کوردستان، بە باشترین شێوە، هەلی ئینتێرنێتیان بۆ رێکخستن و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیییەکانی خۆیان بەکارهێناوە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی داخراوبوونی فەزای سیاسی، لە ئەرزی واقیعدا کە دەرتانی تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەیی لە خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان زەوت کردووە، فەزای سایبێر و مەجازی، زۆر بە ئاسانی ئەو دەرەتانەی پێکهێناوە کە خەڵکانی نارازی و رەخنەگر و بەتایبەت شوناسخوازانی نەتەوەیی، لە هەموو کەرەستەکانی ئینتێرنێت بۆ خەباتی فەرهەنگی، سیاسی و نەتەوەیی و بۆ رێکخراوەیی کردنی خەبات، کەڵک وەربگرن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای کزبوونی خێراییی ئینتێرنێت و فیلتربوونی زۆرێک لە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە خۆشییەوە لاوانی بەهەست و شوناسخواز، بە رێکخستنی ژوورەکان و گرووپگەلی هەمە جۆر، لە بواری کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئەدەبی و هونەریدا لەهەموو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی پاراستنی زمان و کەلتووری نەتەوەیی دەدەن.

لەو وڵاتانەی کە دەرتانی خەباتی رێکخراوەیی لەئەرزی واقیعدا زۆر ئەستەمە، باشترین شوێن بۆپاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی، فەزای سایبێر و ئینتێرنێتە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی پەرەسەندنی خێرای ئینتێرنێت، کورد بە باشترین شێوە، کەڵکی لە فەزای سایبێر وەرگرتووە. بۆ وێنە سەدان ماڵپەڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا دامەزراوە. دوابەدوای دامەزران و سەرهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک، تویتەر، تێلگرام و ئینستاگرام، رۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە چالاکترین شوێنەکانی ئێران بووە کە سەرەڕای فیلتر بوونی بەشێک لەم تۆڕانە، هەموو خەڵک بەتایبەت لاوان، بە دانانی نووسراو و وێنە بە زمانی کوردی و هەروەها رێکخستنی گرووپگەلی جۆراوجۆر لە بوارەکانی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، چالاکییان نواندووە.

هەنووکە سەدان ماڵپەڕ و سایتی ئینتێرنێتی

لە بواری جۆراجــۆر وەک هەواڵنێری، میدیایی، فەرهەنگی، سیاســی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، بە هەمــوو زاراوە کوردییەکان لــە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان خەریکی چالاکین. هەروەها بێجگە لــە ماڵپەڕەکان، هەزاران کــەس بە کردنەوەی پەیجــی تایبــەت و گرووپگەلــی هاوبیــر لە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێنــاو بووژانەوە و گەشــەپێدانی زمــان و کەلەپــووری نەتەوەیی چالاکی دەنوێنن.

«ئازەرنووش عەیاری» لــە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی «شوناســی ئێتنیکی لە ئینتێرنیتدا» کە لەسەر گرووپە ئێتنیکییەکان ئێران ئەنجامی داوە؛ ئامــاژە بەو ڕاســتییە دەکات کە تورکانی ئازەری و کــوردەکان چالاکتریــن گرووپگەلی ئێتنیکــی لــە پانتایــی ئینتێرنێــت و فەزای ســایبێری لەئاســتی هەموو ئێراندان(عەیاری، ١٣٨٤).

«فەکووهی و عەیاری» لە لێکۆڵینەوەکەیاندا ئامــاژە بــەم ڕاســتییە دەکەن کە لــە ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان بەم حەقیقەتە گەیشتوون کە زۆربەی داخوازە باســکراوەکان لە ماڵپەڕەکانی تایبــەت بە ئەقوام لە ئێران، لەسەرســڕینەوەی هــەڵاواردن و هەروەهــا بەشــێوەیەکی زەق کراو، لەســەر زمــان، ئاییــن و وڵاتی هاوبەش (کەهەرقەومیەتێک لــە قەومێکی ترجیاوازە) و هەروەهــا پێکهاتنی حکومەتێکی فیدراڵیســتی پێداگری کــراوە. لەزۆربەی ماڵپەڕەکانی گرووپە قەومییەکانــدا، بێجگــە لە زمانــی خۆیان، لە زمانەکانی تری فارسی و ئینگلیسی بۆ گەیاندنی داخوازەکانیــان کەڵک وەردەگــرن (فەکووهی، عەیاری، ١٣٨٤، ٧-٩).

ئێســتا لە کوردســتانی ڕۆژهەڵات، فەزای مەجــازی و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان، هێڵــی پەیوەنــدی لە نێــوان هەموو گەلــی کورد لە پانتایــی کوردســتان و جیهانــی پێکهێناوە و لاوانی بەهەســتی ڕۆژهەڵاتی وڵات، بە باشــی لــە بارودۆخی سیاســی، ئەمنــی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیــی هەرچوارپارچــەی کوردســتان ئــاگادارن و لە بەرانبەر هەرچەشــنە ڕووداوێک لە بەشــەکانی تری کوردســتان، بەهەڵوێست و شــێلگیرانە یارمەتیــدەری نەهامەتییەکانــی گەلەکەیان دەبن و هەروەها بە سەرکەوتنەکانی گەلی کورد لەهەرشــوێنێکی کوردستان شاد و خۆشحاڵ دەبن.

هێرشی داعش بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا و باشوور و ئاوارەیی بەکۆمەڵی کورد لەو بەشانەی کوردســتان و ڕۆڵ و قارەمانیەتیی پێشــمەرگە و شــەڕوانان لە بەرنگاربوونــەوەی ئەو گرووپە تۆندئاژۆیــە، ڕەنگدانەوەیەکــی یەکجــار زۆری لە نێــو کۆمەڵانی خەڵکی کوردســتاندا هەبوو. بێگۆمان میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان لە زەقکردنەوەی ئەوکارەساتە و هەروەها هاندانی خەڵک لەپێناو هاوسۆزیکردن لەگەڵ هاونیشتمانیانی باشوور و ڕۆژئاوادا هەبوو. دانانی دەیان کەمپەینی هاوکاری و هاوســۆزی لەگەڵ لێقەوماوانی کۆبانی و شنگال، دەرەنجامی ئەو بانگەشانە بوو کە لە لایەن لاوانی بەهەستی ڕۆژهەڵاتــەوە، لــە تۆڕەکۆمەڵاییەتیەکانــدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو.

## ٥. ئاکامی لێکۆڵینەوە

هــەروەک ئاماژەمــان پێ دا فــەزای مەجازی دەتوانــێ کاردانەوەیەکــی دوولایەنەی هەبێت. لە لایەک بە پەرەســەندنی هێما جیهانییەکان لە فــەزای مەجازیدا، هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕووبــەڕووی جۆرێک لە تێکلاویــی فەرهەنگی دەبن و لــە لایەکی تــرەوە، هەرئــەم فەزایە، بێ هیــچ لەمپەرێــک، دەرەتانــی دۆزینەوە و بووژاندنــەوەی فەرهەنگــی و زیندووکردنەوەی شوناســی نەتەوەیی بە ئەو کەمینە نەتەوەییانە دەبەخشــێ کە خەریکی لەناوچــوون و توانەوە لەناو فەرهەنگی زاڵدان.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوباســانە کــە کرا و لە وڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە، ئەم بۆچوونە دەســەلمێندرێ کە فەزای ســایبێر لــە بواری شوناسەوە دەتوانێ ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەبێت.

له فەزای مەجازیدا بــە پێچەوانەی فەزای واقیعی کە بەشــێک لە خەڵــکان کە بە هۆی جێگــە و پێگــەی کۆمەڵایەتیــی تایبــەت، بەشێوەیەک توانای خۆنواندنیان نییە، بەئاسانی و بەشوناســێکی تازەوە دەردەکەون و بێ هیچ جــۆرە دەڵەراوکێیــەک لە زراندنی شوناســی کەسیەتییان، بەشوێن ئامانجەکانیاندا دەگەڕێن.

ئەمڕۆکە، ســەرەڕای گەشەسەندنی خێرای فەرهەنگی جیهانی لە هەمــوو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵــگاکان و لاوازبوونی بەشــێک لە باوەر و دابونەریتــەکان، بــەڵام لە بەشــێک لە وڵاتان بە تایبــەت ئــەو وڵاتانەی کــە پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگیان هەیە، شــێوەیەک لــە گەڕانەوە بەرەو فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی-ئێتنیکی دەبینددرێ کە لەم نێوەدا، فەزای ســایبێرنێتیک بە هۆی گەشــەی لــە رادەبەدەر لــە پانتایی گەردوونــی، ڕێگایەکی بێ تێچوو و ئاســانی بۆ نوانــدن و چالاکیی فەرهەنگی بــۆ نەتەوەکان خۆڵقاندووە.

وڵامی پرســیاری ســەرەکیی ئــەم وتارە هەڵگــری ئــەم پەیامەیە کە لــەو وڵاتانەی کە دامودەزگای داپڵۆســێنەر دەرەتانی بووژانەوەی شوناسی نەتەوەییی لە کەمینە نەتەوەییەکانی ژێردەســەڵاتی خــۆی لــە فــەزای واقیعی و جۆگرافیاییدا زەوت کردووە و لە ئەرزی واقیعدا تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵدان بۆ ناسینەوەی شوناسی نەتەوەیی پرتێچوو دەبێ، فەزای ســایبێرنێتیک سەرەڕای مەترسیی توانەوەی فەرهەنگیی نەتەوە ژێردەستەکان لە نێو کەلتووری جیهانیدا، بەڵام لەهەمان کاتدا بە هۆی کەرەسە پێشکەوتووەکانی پەیوەندی، دەرەتانی خۆناسینەوەی فەرهەنگی و بووژانەوەی شوناســی نەتەوەیی بۆ هەموو گەلە بندەستەکان و یەک لەوان گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ڕەخساندووە.

## سەرچاوەکان


١-بوســا، ابو، (١٣٨٥)، امپریالیســم ســایبر، ترجمە:دکترپرویز علوی، نشرثانیە، تهران.

٢-حافظ نیا، محمد رضا، (١٣٩٠)، جغرافیای سیاســی فضای مجازی، تهران، انتشارات سمت.

٣-حافــظ نیا، محمدرضــا، کاویانی، مراد، (١٣٩٣)، فلســفە جغرافیای سیاسی، تهران، انتشارات پژوهشکدە مطالعات راهبردی.

٤-حقدار، علی رضا، فراسوی پســت مدرنیتە، اندیشە شبکەای، فلسفە سنتی و هویت ایرانی، انتشارات شفیعی، تهران.

٥-دوران، بهــزاد، (١٣٨٢)، هویت ملی و تعامل درفضای ســایبرنتیک، مجلە نامە پژوهش، شمارە ٦.

٦-رجایی، فرهنگ، (١٣٨٢)، مشــکلە هویت ایرانیان امروز، نشــر نی، تهران.

٧-شــان پی، و یلبر، (١٣٨٥)، هنر و فرهنــگ دیجیتال، ترجمە: امید نیکفرجام، نشر بیناب، مجلە هنر، شمارە ١٠.

٨-عزیزی، ســتار، (١٣٨٥)، حمایت ازاقلیتها درحقوق بین الملل، نشــر نورعلم، همدان.

٩-گیدنز، آنتونی، (١٣٧٨)، تجدد و تشــخص، جامعە و هویت شخصی درعصر جدیدە. ترجمە: ناصر موفقیان، نشر نی، تهران.

١٠-گل محمدی ، احمد، (١٣٨٢)، دمکراســی دیجیتال، مجلە راهبرد، شمارە ٢٨.

١١- عیــاری، آذرنوش، (١٣٨٤)، هویــت قومی در اینترنت (بررســی عملکــرد اینترنتی گروههــای قومی آذری، بلــوچ، ترکمن ، عرب خوزســتانی و کرد)، استاد رهنما:دکترناصرفکوهی، دانشکدە علوم اجتماعی دانشگاە تهران، پایان نامە کارشناسی ارشد.

١٢- مجتهــدزادە، پیــروز، (١٣٨١)، جغرافیای سیاســی و سیاست جغرافیایی، انتشارات سمت، تهران.

١٣- مجتهدزادە، پیروز، (١٣٨٤)، دمکراسی و هویت ایرانی، فصلنامە اطلاعات سیاسی –اقتصادی، شمارە ٢٢١-٢٢٢.

١٤- مانوئــل، کاســتلز، (١٣٨٠)، قــدرت هویــت، ترجمە: چاووشیان، طرح نو، تهران.

١٥- محســنی، منوچــر، (١٣٨٢)، جامعە شناســی جامعە اطلاعاتی، نشردیدار، تهران.

١٦- مدپور، محمــد، (١٣٨٣)، فرهنگ و هویت در جامعە شبکە ای، مجلە رە آورد نور، شمارە ٩.

١٧- وثوقــی، فاطمە، (١٣٨٥)، اینترنت، ناحیەای بدون مرز، تحقیقات جغرافیایی، شمارە ٤٣.

١٨- مور، ریچارد کی، (١٣٨٣)، دمکراســی و فضای سایبر، ترجمە: عبدالرضا زکوت روشندل، رسانە، شمارە ٥٩.

١٩- فکوهی، ناصر، (١٣٨٨)، اینترنت و هویت درپنج هویت قومی ایرانی، مجلە رسانە جهانی، شمارە ٧.


## پەراوێزەکان

1. Wiener
2. Cultural Landscape
3. Time
4. Bit
5. Identity
6. Net
7. Nation-state
8. Globalization
9. Culture
10. Concurrency
11. Place
12. Nation-building

# ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە کوردستاندا

جوامێر زاگرۆس

ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، تەنیا لە شێوەی کردەوە خۆی نیشان نادات و تەنانەت کەمتەرخەمیی دەوڵەتان لە پاراستنی ژینگە، ئەتوانێت مافی ژیان، خاوەنداریێتی، تەندروستی، دەستڕاگەیشتن بە ئاوی خاوێن و خۆراک و مافە هاوپەیوەندەکانی خەڵکی خۆجێیی و هتد بخاتە مەترسییەوە کە ئەمەش چەشنێک لە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیییە.

## ئاماژە

ئامانجـــی ئەم وتارە ئەوەیـــە کە بۆ تێکدانی ژینگەی کوردســـتان لە لایـــەن دەوڵەتانی داگیرکـــەرەوە، خوێندنەوەیەکی زانســـتیی هەبێـــت و بۆ ئەم مەبەســـتەش لە تیۆریی «ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی» کەڵـــک وەردەگرێت کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵداوە و وێڕای ئاماژەکردن بە مێژووەکـــەی و چۆنیەتـــی و هۆیەکانی پەرەسەندنی، نیشان دەدرێت کە ئەم تیۆرییە زۆر گونجاوە بۆ خوێندنەوەی زانستی لەسەر تێکدانی ژینگەی کوردستان. هەروەها تیشک دەخرێتە ســـەر زۆربەی ئەو چەشنە کردەوە تێکدەرانـــە و کاولکارییانـــەی کە ژینگەی کوردســـتان ڕووبەڕوویـــان دەبێتـــەوە و بە خوێندنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئەم کارانە، بـــۆ خوێنەر ڕوون دەکرێتـــەوە کە ئامانجی پشـــتی ئەم کارانە چییە تا خوێنەر بتوانێت تێگەیشـــتنێکی قووڵی هەبێت بۆ ئەو پرۆژە و کارانـــەی کە بە ناوی پەرەپێدانی ئابووری و یان پاراســـتنی نەتەوەیی لە کوردستاندا دەکرێـــن. بۆ ئەم مەبەســـتەش شـــرۆڤەی ئاگرگرتنی دارســـتانەکان، دروست کردنی بەنداو و تونێلی ڕێڕەوگۆڕ، ژەهراوی کردنی ئاوی بەنداوەکان و هەروەها دروســـتکردنی بنکەی سەربازی و چەکداری لە کێوەکانی کوردستان و هتد دەکرێت.

## وشە سەرەکییەکان

ژینگە، ڕەگەزپەرستی، کەمینە، کەم داهات، کوردستان

## پێشەکی

وێڕای هەمـــوو ئەو هەنگاوانـــەی لە بواری پەرەســـەندنی مافـــی مرۆڤ و یەکســـانیی مرۆڤەکان هەڵگیراوە، بەڵام هێشتا یەکسانی بە تەواوەتی لە کۆمەڵگای مرۆییدا نەچەسپاوە و هەڵاواردن بە شـــێوازگەلی جۆربەجۆر لە ناو مرۆڤەکاندا هەیە و دەوڵەتەکان لە نێوان شارۆمەندەکانیان و لە نێوان مرۆڤەکانیشدا جیاوازی دادەنێـــن و برێک لە مرۆڤەکان و شـــارۆمەندەکان بۆ دەوڵەتەکان ئەوبەرتر و خۆمانەترن. یەک لە جۆرەکانی هەڵاواردن، هەڵاواردنـــی ژینگەیی و «ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی»[۱]یـــە کـــە ژمارەیەکـــی زۆر هەڵســـوکەوتی دەوڵەتان و نەتەوە و چینە سەردەســـتەکان لـــە خۆ دەگرێـــت کە بۆ ئاســـوودەیی خۆیـــان و دووربوونیـــان لە کاریگەرییە خراپەکانی زبڵە ژەهراوییەکان و هەروەها سەرکوتکردنی بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگـــی و مێژوویـــی کەمینـــەکان دەیگرنە بەر. بێگومان کوردستانیش وەکوو وڵاتێکی داگیرکـــراو و پارچەپارچەکراو لەم بابەتە بەدەر نییە.

زۆر جـــار لە هەواڵەکانـــدا دەبینین کە گوایە بەشـــێک لە دارستانەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی ئاگر یـــان ئەوا دەوڵەتانی داگیرکـــەر خەریکن لە ســـەر ڕووبارەکانی کوردســـتان، بەنداو و تونێل لێ دەدەن و ئاوەکەی دەگوازنەوە بۆ شـــوێنێکی تر یان ئەوەی کە فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەو وڵاتانە بە ئەنقەســـت مەڕ و ماڵاتـــی گوندییەکانی کوردســـتانیان لە هەوارگـــەکان، کردووەتە ئامانج و هتد. بەشێک لەم هەڵسوکەوتانەی دەوڵەتانی داگیرکەر، دەتوانێ بچێتە خانەی پرۆژەی پەرەپێدانی ئابووری و کشـــتوکاڵی و یان بەشێکیشـــیان وەک ڕووداوی ئاسایی بێ‌پـــلان ئەژمار بکرێن بەڵام ســـاویلکەیی دەبێت ئەگەر هەموو ئـــەو ڕووداو و کارانە، ئاوا لێک بدەینـــەوە و وابزانین دەوڵەتەکان لـــە ڕووی خێرخوازی یـــان هەڵە، خەریکن ژینگەکەمان تێکدەدەن.

بـــە داخەوە تـــا بە ئەمڕۆ، بە شـــێوازی زانستی، شـــرۆڤەی ئەم کردەوانە نەکراوە و لە ماڵپەڕ و میدیا و نووســـینە کوردییەکاندا تەنیا وەکوو هەواڵێکی سادە و برێ کاتیش

تەنیا بۆ قیزەون کردنی ڕواڵەتی دەوڵەتانی داگیرکەر ئاماژە بەم چەشنە ڕووداوانە دەکرێت وەهەر بەم بۆنەیەوە، ئامانجی ئێمە لەم وتارەدا ئەوەیە کە بە پێی تیۆرییەکی گونجاو، خوێندنەوەیەکی زانستیمان بۆ ئەم کارانە هەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش بابەتەکە دابەش دەکەینە سەر دوو بەش.

لە بەشی یەکەمدا، دوای چاوخشاندنێک بە سەر پێناسەی چەمکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، مێژووی پەرەسەندن و ڕەهەندەکانی ئەم چەمکەش باس دەکەین و لە بەشی دووهەمدا نموونەکانی ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە لە کوردستاندا تاوتوێ دەکەین و وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە کە ئایا بە ڕاستی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە هەمبەر ژینگەی کوردستاندا بەکاردێنن یا نا؟

## ١. ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لانکی سەرهەڵدانی زۆر بزووتنەوەی هزری لە سەدەی ڕابردوودا بووە، هزر و جووڵانەوەیەک سەری هەڵدا کە دەتوانێت یارمەتیدەری ئێمە بێت بۆ شرۆڤەی ئەو بابەتەی لە سەرەوە باسمان کرد واتا تێکدانی ژینگەی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە کە پێی دەڵێن جووڵانەوەی «دادپەروەریی ژینگەیی» و چەمکی «ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی» لە ڕێگەی چالاکانی ئەم بزووتنەوەیەوە کەوتە سەر زاران. لەم بەشەدا دوای باس کردن لە واتای ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە، چەند نموونەیەکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی دەخەینە بەر چاوی خوێنەر.

### ١.١: واتای ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی

گەڕان بە شوێن پناسەیەک کە هەموو بیرمەندان و زانایان لە سەری هاوڕا بن، ئێمە بە لاڕێدا دەبات، چونکە هەر کۆمەڵگایەک بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی، ئەم چەمکە پێناسە دەکات و هەر ئەمەش بووەتەهۆی ئەوە کە بیرمەندان لە سەر پێناسەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی یەکدەنگ نەبن[٢]؛ وێڕای ئەمە بەڵام ڕەنگە لە ڕێی پێناسە کردنی چەمکی «دادپەروەیی ژینگەیی»یەوە[٣] بتوانین بگەین بە پێناسەیەکی گشتگیر و گونجاو بۆ «ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی». «دادپەروەریی ژینگەیی» هەڵسوکەوتی بێلایەنانە و بەشداری پێ کردنی بەئامانجی هەموو خەڵک، بێ گوێدانە ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان داهات و بە لە بەرچاو گرتنی گەشە، خستنەگەڕ و جێبەجێ کردنی قانون و ڕێسا و سیاسەتە ژینگەییەکانە.[٤] هەر بەم پێیە، «ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی» دەبێتە هەر چەشنە هەڵاواردنێک لە هەڵسوکەوت و بەشداری پێ کردنی خەڵک بە هۆی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و ئاستی داهات لە گەشە، خستنە گەڕ و جێبەجێ کردنی قانون و ڕێسا و سیاسەتە ژینگەییەکان. بە گشتی، کاتێک کە نووسەران باس لە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی دەکەن ئەوا باس لە دۆخی دوو دەستە مرۆڤ دەکەن واتا کەمینەکان و هەژارەکان (کەم داهاتەکان) و هەر چەشنە هەڵاواردنێکی ژینگەیی کە لە ناوچەی جۆگرافیایی ژیانی ئەم دوو دەستە مرۆڤە بە هۆی دۆخی ئابووری یان ڕەگەزی، ئایینی و هتد بێتە ئاراوە، ئەوا ئیدی بابەتەکە دەچێتە خانەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییەوە.

دەبێ بزانین کە بڕێک نووسەر و بیرمەند، تەنیا ئەو هەڵسوکەوتانە دەخەنە خانەی ڕەگەزپەرستییەوە کە بە ئەنقەست و بە پێی پیلانێکی پێشوەختە جێبەجێ بکرێن و تەنانەت دادگای باڵای ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هەر ئەم ڕەوتەی گرتە بەر و لە وەها ڕەوتێکدا، سەلماندنی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە[٥] و هەر بۆیەش خەڵکە خۆجێییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، پەنایان بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی کیشوەری ئەمریکا[٦] برد و یەکەم دۆسیە سەبارەت بە ڕەگەزپەرستیی ژینگەییان لەو کۆمیسیۆنە خستە ڕوو کە بە دۆسیەی ڕێکخراوی ئێستا چالاکی ژینگەیی مۆسڤایل دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان[٧] بەناوبانگە. لە بەرانبەردا بڕێکی دیکە هەر چەشنە هەڵاواردنێک کە لە کۆمەڵگەی کەمینەکان یان هەژارەکان بکرێت بە ڕەگەزپەرستیی دادەنێن و جیاوازیدانان لە نێوان ئەم هەڵسوکەوتانە بە هۆی نیازی بکەرەکە بە دروست نازانن و هەر هەڵسوکەوت و کردارێک کە دادپەروەریی ژینگەیی ژینگەی کەمینەکان و هەژارەکان تێک بدات، بە هەڵسوکەوتێکی ڕەگەزپەرستانەی ئەژمار دەکەن.[٨]

پێویستە ئەمەش بڵێین کە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، تەنیا لە شێوەی کردەوە خۆی نیشان نادات و تەنانەت کەمتەرخەمیی دەوڵەتان لە پاراستنی ژینگە، ئەتوانێت مافی ژیان، خاوەنداریتی، تەندروستی، دەستڕاگەیشتن بە ئاوی خاوێن و خۆراک و مافە هاوپەیوەندەکانی خەڵکی خۆجێیی و هتد بخاتە مەترسییەوە کە ئەمەش چەشنێک لە ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە.[٩]

## ٢.١: بەستێنەکانی سەرهەڵدانی چەمکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی

بیرۆکەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لە هەشتاکاندا لە نێو ئەو کەمینانەدا سەری هەڵدا کە ڕێژەیەکی زۆر ماددەی ژەهراویی کۆگاکانی زبڵە کیمیایی و ناوەکییەکان، چاڵگەکانی زبڵەکان، پیسییەکانی وێستگەکانی وزە، ئاوە قورقوشماوییەکان و هتد تێکەڵ بە جەستەیان ببوو و تا هەشتاکان، بزووتنەوەی دادپەروەریخوازیی ژینگەیی، پشتگوێی خستبوون.[١٠]

بێگومان تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وڵاتی ئەمریکا، گرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە بوو؛ ئەمریکا وڵاتێکی پیشەسازی و پێشکەوتووە کە ژمارەیەکی زۆر کارخانە، وێستگەی وزە و پاڵاوگە و شتی تێدایە و ئەمانەش ڕێژەیەکی زۆر زبڵی ژەهراوی بەرهەم دێنن کە دەبێ لە ناو بچن و چاڵ بکرێن. هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ڕەشپێستی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی و هەروەها خەڵکی خۆجێیی (سوورپێستەکان) لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەژین و لە پاڵ ئەمەشدا بە هۆی سیستەمی سەرمایەدارییەوە، ئاستی داهاتی خەڵک زۆر جیاوازیی هەیە و ئەمەش بووەتە هۆی بوونی ژمارەیەکی بەرچاو هەژار و چینی کەم داهات لەو وڵاتە. بێگومان دەسەڵات و ئاستی کاریگەریی ڕەش-پێستەکان و خەڵکە خۆجێییەکان و هەروەها هەژارەکان لە دەستنیشان کردنی سیاسەتە ژینگەییەکاندا زۆر کەمە و ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەو زبڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن و هەروەها ئەو کارخانانەی کە کاریگەریی خراپ لە سەر جەستە و تەندروستی و ژینگە دادەنێن، ڕەوانەی ئەو شوێن و ناوچە و شارانە بکرێن کە ئەو خەڵکە تێیدا دەژین و بەو هۆیەوە، ڕەشپێستەکان و خەڵکە خۆجێییەکە، چەند هێندەی سپی پێستەکان مەترسیی نەخۆشی و ژەهراویبوونیان لە سەرە[١١] کە هەوڵ بۆ تاوتوێ کردنی ئەم دیاردەیە لە ئاکامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی

«ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی».

لە ڕاستیدا ئەم چەمکە بەرهەمی بزووتنەوەی «دادپەروەریی ژینگەیی» بوو کە لە وڵامی کۆکردنەوەی نایەکسانی مەترسییە ژینگەیییەکان لە ناوچەی ژیانی خەڵکی کەم داهات و ڕەشپێست و خۆجێیییەکاندا دروست بوو[١٢] و پێناسەیەک بوو بۆ سیاسەتە ژینگەیییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە هەمبەر خەڵکی خۆی.

جێگای ئاماژەیە، یەک لەو دەستەواژانەی کە هەر لە چوارچێوەی ئەم باس و خواستەدا دروست بوو، دەستەواژەی «لە حەوشەی پشتەوەی ماڵی من نا»[١٣]یە کە بە مەبەستی نیشاندانی نەبوونی ویژدانی کۆمەڵایەتی لە هەمبەر شوێندۆزینەوە[١٤]ی کارخانە پیسکەر و زیاندەرەکان لە هاوسێیەتیی شوێنی ژیانی ڕەشپێستەکان و هەژارەکان دانراوە.

ئەم چەمکە بەرە بەرە لە ئەمریکاوە پەلی هاوێشت بۆ هەموو جیهان و سەرنجی زۆر بیرمەندی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و ئەمڕۆکە دەق و بابەتگەلێکی زۆر لە بارەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە وڵاتانی دیکە و شێوازەکانی دیکەی ڕەگەزپەرستی بەرهەم هاتووە.

## ٣.١: جۆرەکانی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی

ڕەگەزپەرستی لە دوو ئاستدا خوی دەردەخات؛ لە ئاستی ناوخۆیی (واتا پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ شارۆمەندانی خۆی) و لە ئاستی نێودەوڵەتی (واتا پەیوەندیی دەوڵەتان و وڵاتان لەگەڵ یەکتر).

لە ئاستی ناوخۆییدا بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، دەتوانین دو جۆری حکوومەت وێنا بکەین کە بریتین لە حکوومەتی ڕەوا و حکوومەتی ناڕەوا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان نموونەیەک لە حکوومەتی ڕەوایە کە خاکی وڵات و نەتەوەیەکی دیکەی داگیر نەکردووە و ڕەگەزپەرستیی ژینگەییشی تێدایە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هۆی بوونی کەمینە ڕەشپێست و سووورپێستەکان و هەروەها خەڵکی هەژار، ئەوا ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بە دابەشکردنی نادادپەروەرانەی مەترسییە ژینگەیییەکان و کەلوپەل و مادە ژەهراوییەکان بە جۆرێک کە قورساییی ئەم مەترسییە بکەوێتە ئەو ناوچە جۆگرافیاییانەی کە کەمینە خۆجێییەکان یان کەمینە ڕەشپێستەکان و هەژارەکان تێیدا دەژین، پێناسە دەکرێت.

نموونەی هەرە دیاری حکوومەتانی ناڕەواش، ئەو حکوومەتانەن کە حوکمی کوردستان دەکەن و ئەم نیشتمانەیان داگیر کردووە. لە وەها حکوومەتانێکدا، بێگومان دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئاستی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، لەچاو حکوومەتانی ڕەوا زۆر زۆرتر بێت. هەموو ئەو کار و چالاکییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندەوە بە هەر مەبەستێک بەبێ وەرگرتنی ڕای ئازادانەی خەڵکی وڵاتی داگیرکراو دەکرێت ودەبێتە هۆی تێکچوونی ژینگەی ئەو وڵاتە، ئای زیانەکانی دیار و بەرچاو بن و ئای کەم بێت و بەرچاو نەیەت و ئای بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووری بن و ئای بە نیازێکی خراپ، وەک ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی ئەژمار دەکرێن. ڕەنگە برێک پێیان وا بێت کە ئەو چالاکییانەی کە بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووری یان بە نیازێکی پاکەوە دەکرێن ناچنە خانەی ڕەگەزپەرستی بەڵام هەر بەو جۆرە کە لە پێناسەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییدا ئاماژەمان پێ دا، ئەگەر ڕای خەڵکی ناوچەیەک سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانەی کە لە هەمبەر ژینگەکەیاندا دەکرێت، وەرنەگیردرێت و بەشداریی چالاکانەیان لە بڕیاردان پێ نەکرێت، ئەو چالاکییە، دەچێتە خانەی ڕەگەزپەرستییەوە.

که وابوو، مەرج نییە وڵاتێکی داگیرکار، ژینگــەی نەتەوەی داگیرکـراو تێک بدات تا بابەتەکە بچێتە خانەی ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیییــەوە؛ زۆر جار تەنانــەت دەوڵەتی ڕەوای وڵاتێکیش، لە نێوان شــارۆمەندانی خۆیدا، هەڵاواردن دەکات و ئەمەش ئەتوانێ بچێتە چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیییەوە.

لــە پەیوەندیــی نێــوان دەوڵەتەکان و لــە ئاســتی نێودەوڵەتی، ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیــی ئاماژە بــەوە دەدات کە وڵاتانی هەژار و دواکەوتوو، سەرەڕای ئەوەی دەوری زۆر کەمتریــان لــە پیســکردنی ژینگە و زەویــدا هەیە و بە بــەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو قازانجی زۆر کەمتریشیان لە کار و بەرهەمی کارخانەکان دەســت دەکەوێت بەڵام پشکی زۆرتریان لە زبڵە ژەهراوییەکان و تێکچوونــی ژینگــە بــەر دەکەوێت کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو و هەروەها کۆمپانیا زەبەلاحەکان کە بــۆ قازانجــی زیاتــر و کەمکردنەوەی تێچووەکانیــان، ئامادە نین ملکەچی قانونی وڵاتە پێشــکەوتووەکان بــن و زبڵەکانیان دەنێــرن بۆ وڵاتانی پێشــنەکەوتوو و هەژار و لــەوێ بە پوولێکی کــەم چاڵیان دەکەن و هــەر ئەمەش دەبێتە هۆی پیســبوون و تێکچوونی ژینگەی ئەو وڵاتانە کە بۆ نموونە دەتوانیــن ئاماژە بە کۆمپانیایەکی هۆڵەندی بە داهاتی ساڵانەی ٢٨ مليارد دووڵار بکەین کە لە ئاگۆســتی ٢٠٠٦، تەنیا بۆ ئەوەی کە تێچووی ٢٥٠ هــەزار دۆلاری لە ناو بردنی زبڵ لە هۆڵەند نــەدات، ئەو زبلانەی برد و لە ڕۆژاوای کیشــوەری ئەفریقا چاڵی کردن کە بــە هۆیەوە ٦٩ کەس لە نەخۆشــخانە خەوێندران و دە کەس مردن و سەد هەزار کەسیش تووشی نەخۆشی بوون.[١٥]

هەروەهــا، ئەبــێ ئــەوەش بزانین کە پشــکی زۆرتری پێشــکەوتنی پێشەسازی و کەڵــک وەرگرتنــی لەڕادەبەدەر لە نەوت و گاز کــە بووەتە هــۆی گەرمیی زەوی و پیس بوونی دەریاکان و ناسک بوونی چینی ئۆزۆن، بەری وڵاتانی پێشکەوتوو ئەکەوێت بــەڵام دەرەنجامە خراپەکانی، زۆرتر وڵاتانی دواکەوتوو ئەگرێتەوە و ئەمەش جۆرێکە لە ڕەگەزپەرستی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

هەروەهــا بــڕێ کات لــە ئاســتی نێودەوڵەتی، کار و کــردەوەی دەوڵەتان لە ناو چوارچێوەی خاکی خۆیاندا دەبێتە هۆی تێکچوونی ژینگەی وڵاتانی دیکە و ئەمەش هەر دەکەوێتە چوارچێوەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی کــە بەرچاوتریــن و گرینگترین نموونــەی ئاوەهــا ڕەگەزپەرســتییەک، دروســتکردنی بەنــداو و لێدانــی تونێلی ڕێڕەوگۆڕ لە ســەر ڕووبارە نێودەوڵەتییەکانە کە بەنداوی ئیلیســو و داریان (ســیروان) لەو چەشــنە بەنداوانەن کــە بوونەتە هۆی تێکچوونی ژینگەی کوردســتان و هەروەها بۆ وڵاتی ئێراقیش زیانێکی زۆریان هەیە.

وەکــوو نموونەیەکــی دیکــەی ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیــی لــە ئاســتی نێودەوڵەتیــدا، دەتوانین ئاماژە بە کەیســی ســەمپڕێنی وڵاتــی کۆلۆمبیا و ســکاڵای دەوڵەتی ئێکــوادۆر دژ بــەو وڵاتە بکەین. دەوڵەتــی کۆلۆمبیــا بە مەبەســتی بڕینی ســەرچاوە داراییەکانی گرووپی فارک و لە ناوبردنی مەزراکانی کشــتوکاڵی کۆکایین و بە یارمەتیی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ژێر ناوی بەرنامەی کۆلۆمبیا[١٦] لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە دەستی کرد بە سەمپڕێنی مەزراکانی کۆکایین لە پارێزگاکانی کورچی و ســمرابڵ کە هاوسنووری وڵاتی ئێکوادۆر بوون. بە دەســتپێکردنی ئەم ســەمپڕێنییە خەڵکی خۆجێیی ســنوورەکانی ئێکوادۆر توشــی نەخۆشــی بە تایبەت نەخۆشــیی پێستی، ژەهراویبوون، چاوئێشە و کەمبوونی بینایی بوون و هەروەهــا مەزراکانی قاوە و

ژینگەکەیان تێکچوو و بەم پێیەش دەوڵەتی ئیکوادۆر، لە دیوانی نێودەوڵەتیی داد، سکاڵایەکی دژ بە کۆلۆمبیا تۆمار کرد.[١٧]

هەر چەند دەوڵەتی کۆلۆمبیا، پاساوی دژایەتی لەگەڵ کشتوکاڵی کۆکایین و هەناردە کردن و بازرگانیی مادده هۆشبەرەکانی بۆ ئەو سەمپڕێنییە دەهێنایەوە بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی ڕەگەزپەرستانەی لە پشتەوە بوو.

## ٢. ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە کوردستان

کوردستان، وڵاتێکە کە لە لایەن چەند وڵاتی دیکەوە داگیرکراوە و تێیدا بزووتنەوە سیاسی و چەکدارییەکانیش یەک لە دوای یەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم داگیرکارییە سەریان هەڵداوە و خەڵکەکەشی هیچ کات لە هەمبەر سیاسەتی پاکتاوی فەرهەنگی و زمانیی دەوڵەتانی داگیرکەر چۆکی دانەداوە و هەر ئەمەش ڕقی ئەو دەوڵەتانەی لە هەمبەر خەڵکی کورد و نیشتمان و ژینگەکەی سەد هێندە کردووە و بۆ لە ناو بردنی بزووتنەوە کوردییەکان و پاکتاوی ئەو نەتەوەیە، لە هیچ هەوڵ و کردەوەیەک سڵیان نەکردووەتەوە و بە هەموو ئامرازێک زیانیان پێ گەیاندووە. چونکە بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردستان هەر لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندا سەریان هەڵداوە و هەر لە ناو ئەو چوارچێوەیەشدا خۆیان ڕێکخستووە و بەرەنگاری دەوڵەتی داگیرکەر بوونەتەوە و هەروەها چونکە خاکی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ خاکی نەتەوە سەردەستەکان، بەپیتتر و پڕئاوتر بووە، تێکدان و تاڵانی سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی ژینگەی کوردستان، چەقی پیلان و سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتانە بووە بۆ دژایەتیی بزوتنەوە کوردییەکان و نەتەوەی کورد کە ئەتوانین بڵێین هەموو ئەو هەڵسوکەوتانە دەچنە خانەی «ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی»یەوە.

دروستکردنی بەنداو و تونێلی ڕێڕەوگۆڕ بە مەبەستی فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها گواستنەوەی ئاوی کوردستان بۆ شوێنانی دیکە، پیس کردنی سەرچاوەی دابین کردنی ئاوی شارە کوردییەکان، چاڵ کردنی زبڵ لە ژینگەی کوردستان، تێکدانی کێوەکان بۆ دانانی پاسگا و بنکەی سەربازی، ئاگرتێبەردان لە کێو و شاخەکان و بۆردومانی ئەو کێوانە، گواستنەوەی بڕێک کارخانەی کیمیاوی کە پارێزگاکانی دیکە ئامادە نین ئەو کارخانانە بە هۆی کاریگەریی خراپ لە سەر تەندروستیی خەڵک و ژینگە وەربگرن و چۆڵ کردنی گوند و شارەکانی سەر سنوور و دروست کردنی کەمەربەندی پاراستن لە ڕێگای چۆڵ کردنی ئاوایی و شارەکانی نزیک سنوور و تاد، نموونەی بەرچاوی هەڵسوکەوتگەلێکن کە دەرخەری سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییی دەوڵەتانی داگیرکەر لە هەمبەر خەڵک و ژینگەی کوردستانن و لە درێژەدا هێندێکیان تاوتوێ دەکەین.

### ١.٢: دروستکردنی بەنداو و تونێلی ڕێڕەوگۆڕ لە سەر ڕووبارەکان

گرنگترین ئامانجەکانی پشت دروست کردنی بەنداو و تونێلی ڕێڕەوگۆڕ لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بریتین لە:

- دابین کردنی ئاو بۆ شارەکان بە تایبەت شارە ناکوردییەکان وەکوو بەنداوی بۆکان (شەهید کازمی) کە نزیکەی ٦٠ لە سەدی ئاوی شاری تەوریز لەم بەنداوە دابین دەکرێت کە ڕێژەکەی دەکاتە پێنج میتری سێ جا لە چرکەیەکدا و هەنووکەش ئامادەکارییەکان بۆ گواستنەوەی پێنج میتری سێ جا لە سەدی نەورۆزلووی میاندواو بۆ ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە

ئارادایە.[١٨] گواستنەوەی ئاو لە کوێستانەکانی ناوچەی لەکستان و لۆڕستان بۆ شارە ناوەندییە فارس‌نشینەکانی ئێران بە تایبەت ئیسفەهان یەکێکیتر لەم نموونانەیە.

- دابین کردنی ئاو بۆ کەرتی کشتوکاڵ بە تایبەت کشتوکاڵ لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان وەکوو خوزستان ،هەمەدان، زەنجان و بەشی تورکنشینی پارێزگای ورمێ. پرۆژەی گەرمەسێر کە بە مەبەستی گۆڕانی ڕێڕەوی ڕووباری سیروان لە خاڵی سنووری نێوان ئێران و ئێراق جێبەجێ کراوە، نموونەیەکی دیکەی ئەو پرۆژانەیە کە ئاو بۆ کەرتی کشتوکاڵ لە دەرەوەی کوردستان دابین دەکەن.[١٩]
- بەرهەمهێنانی کارەبا.
- مەبەستی ژیۆپۆلیتیکی: گرنگترین مەبەستە ژیۆپۆلیتیکییەکانی پشت دروستکردنی بەنداو لە کوردستان بریتین لە ئەستەم کردنی هاتوچۆی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و هەروەها گەریلاکانی پەکەکە لە باکوور لە شاخەکان و ناچار کردنیان بە هاتوچۆ لەو شوێنانەی کە هێزە ئەمنییەکان پێشوەختی پیلانیان بۆ دارشتووە، فشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان و ئێراق و تەنانەت دەوڵەتی ئەسەد بە هۆی پاڵپشتی لە پەکەکە، کەم کردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، دروست کردنی نارەزایی لە ناو خەڵک دژ بە دەوڵەتی کوردیی هەرێمی کوردستان، ناچار کردنی خەڵک بە جێهێشتنی گوندەکان وەکوو ناوەندی دابین کردنی پێداویستیی هێزی پێشمەرگە، فشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پێش بە چالاکیی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و پەکەکە بگرێت و ...

دروستکردنی ئەم بەنداو و تونێلانە بێگومان زۆرترین و خراپترین کاریگەریان لە سەر ژینگەی کوردستان دەبێت. لە لایەکەوە دەبێتە هۆی وشک بوونی تالاوەکان و کەم کردنی سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی و ژێرزەوی؛ لە لایەکی دیکەشەوە هەم بە هۆی چوونە ژێر ئاوی بڕێک گوند و ئاوایی و تەنانەت شار وەکوو حەسەن کێف کە بە هۆی بەنداوی ئیلیسو دەچێتە ژێر ئاو و دانیشتووانەکەی ناچارن بۆ شوێنی دیکە کۆچ بکەن کە خودی ئەم کۆچە ناچارییە، یەکێک لە هەرە بەرچاوترین نمونەکانی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە. (هەر چەند بە هۆی سیاسەتانی زاڵ لە تورکیا، هێشتا ژمارەی ڕێکی ئەو کەسانەی کە بە هۆی دروستکردنی بەنداوی ئیلیسو ناچار بە کۆچ دەکرێن دیار نییە بەڵام بڕێک سەرچاوە باس لە ٥٠ هەزار کەس دەکەن[٢٠] کە ژمارەیەکی یەکجار زۆرە و جۆرێک پاکتاوی ڕەگەزی و زمانیی ئەو ناوچانەیە). ئەم ژێر ئاو چوونە بەشێک لە مێژووی نەتەوەی کورد لە ناو دەبات کە لە خۆیدا ئەتوانێت هەڵسوکەوتێکی ڕەگەز پەرستانە بێت و پێش ئاوەها پرۆژەگەلێک بێ گومان دەبێت ڕای گشتیی خەڵکی ئەو ناوچانە وەربگیردرێت و لە بڕیاردادا، بەشداریی چالاکانەیان پێ بکرێت بەڵام دەوڵەتانی داگیرکەر هیچ گرنگییەک بە خواستی خەڵکی ناوچەکە نادەن و لە بڕیاردانیشدا ڕای ئەوان لە بەرچاو ناگرن و هەر بۆیە ئاوەها هەڵسوکەوتگەلێک دەچنە خانەی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییەوە.

ئەگەر تێکچوونی کەشوهەوا و لەناوچوونی ڕێگای پەیوەندیی بڕێک ناوچە بە یەکترینەوە و هەروەها دابرانی ئاژەڵەکانی ئەمبەر و ئەوبەری گۆماوەکەی پشتی بەنداوەکە بخەینە پاڵ کاریگەرییە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دروست کردنی ئەم ژمارە زۆرە بەنداوە لە کوردستان چ سیاسەتێکی لە پشتەوەیە.

بابەتێکـــی دیکە دەربارەی ســـەرچاوە ئاوییەکانـــی کوردســـتان کـــە ئەبـــێ بە گرنگییـــەوە لێکۆڵینەوەی لەســـەر بکرێت، باسی هۆکارەکانی وشک بوونی گۆلی ورمێ و گەڵاڵەی بووژانەوەکەیەتی. ئێســـتا و لەم وتارەدا ئێمـــە نامانەوێ بچینە ناو باســـی هۆکارەکانی وشـــکبوونی ئـــەو گۆلە بەڵام پێویســـتە ئاماژە بە یەک هۆکاری گرینگ کە بە ئەنقەســـت پشتگوێ ئەخرێت بکەین و ئەویش کێشـــانی جادەی نێوان تەورێز- ورمـــێ لـــە نـــاو گۆلەکەیە. کێشـــانی ئەو جادەیـــە بەو پەلەپرووزییە و بە بێ گوێدانە کاریگەرییە خراپەکانی لە سەر ڕەوتی ئاوی گۆلەکە تەنیا بە مەبەســـتی ئەوە کرا کە لە زووتریـــن کاتدا پەیوەندیی نێـــوان ئەو دو شارە زیاد بکەن تاکوو هەژموونی تورک کە لە ورمێ کە بە هۆی زۆرینەی دانیشتووی کوردی ئەوە شارەوە لە مەترسیدا بوو، زیاتر بکـــەن و پێش بە زۆرتـــر بوونی هەژموونی کورد لە ســـەر ئەو شارە ســـتراتژیکە بگرن کە کارەســـاتی وشک بوونی ئەو گۆلەی لێ کەوتەوە.

بـــەڵام لـــەوە گرینگتـــر، گەڵاڵـــەی بووژانـــەوەی ئـــەو گۆلەیە کـــە نموونەیەکی دیکەی هەڵســـوکەوتی ڕەگەزپەرســـتانەی پێوە دیارە. بە بیانـــوی بووژاندنەوەی گۆلی ورمێ بڕیارە ســـاڵانە زیاتـــر لە ٦٠٠ ملیۆن مەتر ســـێجا ئاو لە زێی بچووکـــەوە بەرەو گۆلی ورمێ بگوازنەوە کە بۆ ئەم مەبەســـتە لە دەوروبەری پیرانشـــار بەنداوێک دروست کـــراوە و ٣٦ کیلۆمەتریـــش تونێل لێدراوە. ئەمە لـــە کاتێکدایـــە کە لە جێـــی دابین کردنی پشکی سروشتیی ئاوی گۆلی ورمێ لە بەنداوەکانی بـــۆکان و نەورووزلوو، ئاوی ئـــەم دوو بەنداوە دەگوازرێتەوە بۆ پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات.

لە لایەک دیکەوە ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە ئەبێ بۆ بووژانـــەوەی ئەو گۆلە تەرخان بکرێـــن، ڕووبارەکانی ناوچـــە کوردییەکانی پارێزگای ورمێن و بۆ بووژانەوەی ئەو گۆلە، هیچ بەشـــە ئاوێکی ناوچـــە تورکییەکانیان دانەناوە[٢١] کە ئەمـــەش لە کۆتاییدا ئەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرهەمی کشـــتوکاڵی ناوچە تورکییەکان و ئاســـتی ئابووریی ئەو ناوچانە لە چاو ناوچە کوردییەکان و خەڵکی کوردیش بەرزتر ئەبێتەوە کە لە کۆتاییشدا لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دەستی ئەوان بە سەر کورددا زاڵ ئەکات.

باس کـــردن لـــە ســـەر ڕەهەندەکانی سیاســـەتەکانی دەوڵەتانـــی داگیرکـــەر لە هەمبەر ســـەرچاوە ئاوییەکانی کوردســـتان بێگومان ئەتوانێ بابەتی کتێبێکی سەربەخۆ بێـــت و ئێمە ئیدی لەمە زیاتر لە ســـەری ناچیـــن و ئەیهێڵین بۆ کەســـانی دیکە کە بابەتەکە وردتر تاوتوێ بکەن.

## ٢.٢: ئاگرتێبەردانی کێو و دارستانەکان و بۆردومانی ناوچە کوێستانییەکان

دەوڵەتـــی تورکیـــا بـــە بیانـــووی بوونـــی گەریلاکانـــی پەکەکە و ئێرانیش بە بیانووی بوونی هێزی پێشـــمەرگە هەمـــوو ڕۆژێک کێو و دارســـتانەکانی کوردستان بە تایبەت قەندیـــل و شـــاهۆ و کۆســـاڵان بۆردومان دەکەن و زیانێکی یەکجار گەورە بە ژینگەی کوردســـتان دەگەیەنـــن. بۆردومانی گوند و شـــارەکانی ئەم ناوچە شـــاخاوییانە بۆ فشار خستنە سەر هێزە چەکدارە کوردییەکان لە لایەن گوندییەکانـــەوە و ناچار کردنی ئەم گوندییانە بە چـــۆڵ کردنی گوندەکانیان بۆ بێبەشکردنی پێشمەرگەکان لە سەرچاوەی خۆراک، سیاسەتی پشت ئەم بۆردومانانەیە کە بە ڕادەیەکی زۆریش ســـەرکەوتوو بووە بـــەڵام هیچ گومانێک لـــەوەدا نییە کە ئەم کارە دەچێتـــە خانـــەی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەییەوە.

هەروەها هێزە چەکدارە داگیرکەرەکان

به بیانووی دروست کردنی کەمەربەندی پاراستن، ئاگر لە چواردەوری پاسگا و بنکە سەربازییەکانیان بەردەدەن و زۆر کاتیش ئەم ئاگرانە لە کۆنترۆڵ دەردەچن و ئەبنە هۆی کارەساتی ژینگەیی و لە ناوچوونی ژمارەیەکی زۆر دار و ئاژەڵ و گەرم بوون و پیس بوونی هەوا و بڕێک کاتیش شەهید بوونی ئاگرکوژێنەکان کە دوا نموونەی ئەم کارەساتە لە ئاگرەکەی دارستانی مەرەخێڵ و بۆزین لە ناوچەی پاوە ڕووی دا و بە هۆیەوە سێ کەس شەهید بوون.

دانانی مین لە سەر هێڵە سنوورییەکان یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوە لە شاخ و دارستانەکانی کوردستانە کە بە هۆی تەقینەوەی مینەکە و ئەو گڕەی لە ئاکامی تەقینەوەکە دروست دەبێت، ئاگر لە شاخ و کێوەکان بەردەبێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە یەکێکی دیکە لە ڕووەکانی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، لە بابەتی ئاگرتێبەردانی شاخ و دارستانەکانی کوردستان، بە سزا نەگەیاندنی بکەرەکانە. زۆر بە دەگمەن دەبینین کەسێک بە هۆی گڕ تێبەردانی شاخ و دارستانەوە سزا بدرێت. جا ئەو بکەرە بە هۆکاری تاکەکەسیی ئەو کارەی کرد بێت یان بە پێی فەرمان لە لایەن دەزگاکانی پاراستنەوە.

## ۳.۲: تێکدانی کێوەکان بۆ دانانی پاسگا و بنکەی سەربازی

به بیانووی بەهێز کردنی توانای سەربازی بە مەبەستی وەڵامدانەوەی هێرشەکان، هیچ کێو و دوندێکی کوردستان نەماوە کە دەوڵەتانی داگیرکەر جادەیان بۆ نەبردبێتەوە و لە سەریدا بنکەی سەربازییان دانەمەزراندبێت. تێکدانی ژینگە و سروشتی ئەم شاخ و دوندانە بە بیانووی پاراستنی نەتەوەیی و کۆگا کردنی چەک و تەقەمەنی لە نێو سەربازگەکاندا و ڕێگاپێدانی هاتوچۆ بۆ خەڵکی ئاسایی لەم ڕێگایانەی کە بۆ شاخەکان دروستی دەکات مەبەستی ئەوەی لە پشتە کە خەڵکی کورد وەکوو قەڵغانێک بە کار بێنێت کە هێزە چەکدارە کوردەکان بە بۆنەی پارێزراوبوونی گیانی ئەو ڕێبوار و گەشتیارانە نەتوانن هیچ چەشنە جووڵەیەکی سەربازی بکەن.

ئەڵبەت نابێ ئەمەشمان لە بیر بچێت کە زۆرێک لە بنکە سەربازییەکانی سەر شاخەکان بە چەشنێک دروست کراون کە زاڵ بن بە سەر بنکە و بارەگا سەربازییەکانی دەوڵەتی هەرێمی کوردستان و لە کاتی پێویست بتوانن دژ بە هەرێمی کوردستان لەم بنکانە چالاکییان هەبێت.

## ۴.۲: پیس کردنی سەرچاوەی دابین کردنی ئاوی شارە کوردییەکان

ڕەنگە زۆر بە کەمی تیشک خرابێتە سەر ئەم باسە کە بە بڕوای ئێمە یەکێک لە پیسترین سیاسەتە ژینگەییەکانە کە دەوڵەتە داگیرکارەکان لە ئاست خەڵکی کورد بەڕێوی دەبەن. هەر ڕۆژ لە هەواڵەکاندا بڵاو دەبێتەوە کە گوایە تانکەرێکی هەڵگری مادە کیمیاوییەکان لە یەکێک لە بەنداوەکانی کوردستان بە تایبەت بەنداوی قشڵاق کە ئاوی شاری سنەی پێ دابین دەکرێت بەربووەتەوە بەڵام قەت باسی دەرەنجامەکانی ئەو کارەساتە لە سەر تەندروستیی خەڵک نەکراوە و قەتیش ڕێکارەکانی دەوڵەت بۆ خاوێن کردنەوەی ئاوی بەنداوەکان دوای ئەو ڕووداوە باس نەکراوە. بە پێی بڕێک ئاماری زارەکی کە بە داخەوە هیچ ناوەندێکی لێکۆڵینەوە لێی نەکۆڵیوەتەوە و دەوڵەتیش ڕێگا نادات لەو بارەیەوە باسێک بکرێت، دوای بەربوونەوەی چەند جارەی تانکەر لە ناو بەنداوی قشڵاق، ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە سنە بە

ئیفلیجی یان ناتەندروست لە دایک دەبن ڕووی لە زیادبوون کردووە کە هۆکارەکە هەر ئەو مادەی کیمیاوییانەن کە تێکەڵ بە ئاوی شارەکە بوون.

وەکوو دوا خاڵ پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین لە بەشەکانی پێشووداباسمان کرد کە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی دەتوانێت بە شێوازی کەمتەرخەمی و خۆگێلکردن لە کردنی کارێک یان جێبەجێکردنی ئەرکێک بێت و خودی ئەم کەمتەرخەمیی دەوڵەتە لە هەمبەر دوبارەبوونەوەی حاڵەتەکانی بەربوونەوەی تانکەر بۆ ناو بەنداو و چەم و ڕووبارەکانی کوردستان و هەروەها خاوێن نەکردنەوەیان دوای ڕووداوەکە، یەکێک لە نموونەکانی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە.

## پێشنیار

گرنگترین شتێک کە بۆ سەلماندنی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە کوردستان پێویستمان پێیەتی، ئامار و دەیتای ئەو کار و چالاکی و کردوانەیە کە دەوڵەتانی داگیرکەر لە هەمبەر ژینگەی کوردستان ئەنجامی دەدەن کە بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و ناوەندی لێکۆڵینەوە، ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان و چالاکەکانی ناوخۆ و هەروەها حیزبە کوردستانییەکان. وەکوو پێشنیارێک داوا لەم ئەنجومەن و حیزبە کوردستانییانە دەکرێت ناوەندێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دابمەزرێنن و بە وردی چاودێریی هەموو ئەو هەڵسوکەوتانە بکەن و ئامار و دەیتای پێویست لەم بارەیەوە کۆ بکەنەوە کە لە کاتی گونجاوی خۆی، بکرێت لە ڕێگە دیوانگەلی نێودەوڵەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم دۆخە کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

## دەرەنجام

تیوریی «ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی» گونجاوترین تیۆری و بیرۆکەیە بۆ لێکدانەوەی سیاسەتەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە هەمبەر خەڵک و ژینگەی کوردستان. تیۆریی «ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی» ئەو دێرانەی تێدایە کە ئێمەی نەتەوەی کوردیش بتوانین بە پێی تایبەتمەندییەکانی نیشتمانی خۆمان، خوێندنەوەی بۆ بکەن و لەگەڵ بارودۆخی زاڵ بە سەر کوردستان بیگونجێنین. بێ دوودڵی ئەتوانین بڵێین هەموو هەڵسووکەتەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە هەمبەر ژینگەی کوردستان، بە پێی پیلانێکی پێشوەختەیە کە بە مەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی و زمانی و فەرهەنگیی کورد لە ناوچە کوردییەکان داڕێژراوە کە نموونە هەرە دیارەکانی ئەم هەڵسوکەوتانە بریتین لە سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتانە لە هەمبەر سەرچاوە ئاوییەکان بە تایبەت دروست کردنی بەنداو و تونێلی ڕێڕەوگۆڕ، ئاگرتێبەردانی کێو و دارستانەکان، ژەهراویکردنی ئاوی بەنداوەکان، چاڵ کردنی زبڵە کیمیاییەکان لە جۆگرافیای کوردستان، تێکدانی کوێستانەکان بۆ دروستکردنی بنکەی سەربازی و ....

## ژێدەرەکان


1 Environmental Racism

2 Defining environmental justice and environmental racism-Ryan Holifield-p78

3 Environmental Justice

4 Environmental Justice, Low-Income and Minority Populations, and Forest Management in the Northwest Forest Plan Area- Susan Charnley, Delilah Jaworski, Heidi Huber-Stearns, Eric M. White, Elisabeth Grinspoon, Rebecca J. McLain, and Lee Cerveny-p 809

5 Environmental Racism, American Exceptionalism, and Cold War Human Rights Carmen G. Gonzalez, p 282

6 Inter-American Commission on Human Rights (IACHR)

7 Mossville Environmental Action Now v. United States

8 Defining environmental justice and environmental racism-Ryan Holifield-p 83

9 Environmental Racism, American Exceptionalism, and Cold War Human Rights Carmen G. Gonzalez, p 281

10 Environmental Racism, American Exceptionalism, and Cold War Human Rights Carmen G. Gonzalez, p 282

11. «Nigger» and «Nature: Expanding the Concept of Environmental Racism, Larry Lohmann,p2

12 Environmental Racism, American Exceptionalism, and Cold War Human Rights Carmen G. Gonzalez, p 282

13“Not in my back yard”

14 Location

١٥ مهدی عباسی سرمدی و رضا اسدی خمامی_ مفهوم عدالت زیست محیطی و انعکاس آن در اسناد منطقه‌ای و بین‌المللی_ ل ٤٣

16 Plan Colombia

١٧ بابک وثوقی فرد_ قضیه‌ی سمپاشی هوایی (اکوادور علیه کلمبیا)، تریل اسملتر و قرن بیست یکم؟_ ل١٤٧ تا ١٥٢

١٨ ئەم ئامارە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی ئاوی پارێزگای تەورێز (عەلیڕەزا ئیمانلوو) خراوەتە ڕوو لە وتووێژ لەتەک ماڵپەڕی ئاناج.
www.anaj.ir

١٩ دەتوانن بۆ دەسکەوتنی زانیاری زۆرتر لە سەر ئەو بەنداو و تونێلانەی کە لە سەر ڕووباری سیروان درووست کراون سەردانی ئەم وتارە بکەن:
خوێندنەوەیێکی مافی سەبارەت بە دروستکردنی بەنداو و تونێل لە سەر ڕووباری «سیروان» (خوێندنەوەیێکی تایبەت بەنداوی داریان و پرۆژەی گەرمەسێر)- قارەمان کەریمی- ماڵپەڕی مافنامە
www.mfname.com

20 Turkey wants to fill the Ilisu Dam Reservoir-Dursun Yıldız- p1

٢١ بۆ بینینی ئەم ڕاستییە ئەتوان سەردانی ماڵپەڕی فەرمیی دەزگای بووژانەوەی گۆلی ورمێ بکەن.www.ulrp.ir

## سەرچاوەکان


1. Defining environmental justice and environmental racism, Ryan Holifiel, Urban Geography • February 2001,22, 1, pp. 78–90

2. Environmental Justice, Low-Income and Minority Populations, and Forest Management in the Northwest Forest Plan Area- Susan Charnley, Delilah Jaworski, Heidi Huber-Stearns, Eric M. White, Elisabeth Grinspoon, Rebecca J. McLain, and Lee Cerveny-Synthesis of Science to Inform Land Management Within the Northwest Forest Plan Area

3- Environmental Racism, American Exceptionalism, and Cold War Human Rights Carmen G. Gonzalez, Transnational Law & Contemporary Problems, Vol. 26, summer 20017, pp 281-315

4-»Nigger» and «Nature: Expanding the Concept of Environmental Racism, Larry Lohmann, World Rainforest Movement Bulletin 223 (April 2016)

5-Turkey wants to fill the Ilisu Dam Reservoir-Dursun Yıldız- «, World Water Diplomacy & Science News. Hydropolitics Academy Center , July 2018 ,Ankara.-Turkey

٦. مهدی عباسی سرمدی و رضا اسدی خمامی_ مفهوم عدالت زیست محیطی و انعکاس آن در اسناد منطقه‌ای و بین‌المللی_ فصلنامه‌ی راهبرد_ سال بیست و چهارم_ شماره ٧٧_ زمستان ١٣٩٤_ صص ٥٧-٣٣

٨٧. بابک وثوقی فرد_ قضیه‌ی سمپاشی هوایی (اکوادور علیه کلمبیا) تریل اسملتر قرن بیست یکم؟_ مجله‌ی حقوقی بین-المللی_ نشریه‌ی مرکز امور حقوقی بین‌المللی ریاست جمهوری_ سال بیست نهم_ شماره ٤٧_ ١٣٩٢_صص ١٣٩ تا ١٥٨

٧. مەنسوور سۆهرابی. جێ پێی سیاسەت لە ژینگەدا. گۆڤاری دوارۆژ ژمارە ٩٢


## ماڵپەڕەکان

www.anaj.ir

mafname.com

www.ulrp.ir

# ڕاماڵێنی خاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

داود ڕەسوولی

خاک سامانێکی نیشتمانییە و ڕاماڵینی خاک، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر گەشەی کەرتی کشتوکاڵ. لە دۆخی بێ پلانیدا خاکەکان زیاتر لە ئاستی سروشتی و قۆناغ بە قۆناغ توشی ڕاماڵین دەبن و بەپیت بوونیان نامێنێت، دواتر لە سووری بەرهەمهێنان دەردەچن. بۆیە پێویستە ناوچە قەیراناوی و هەستیارەکان دەستنیشان بکرێن تا بپارێزرێن.

## دەروازە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕووبەرەی کە زیاتر لە ١٢٠،٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشــە لەخۆی دەگرێت، نیشتمانێکی شاخاوی و دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگەی جۆرەکانی زیندەوەری گیایی و ئاژەڵی (flora and fauna) یە. بەهۆی دۆخی سیاسی و ئیدارەدانی هەڵە کە چەندین ساڵە پەیڕەوکراوە، هەڕەشەیەکی بەرفراوان و هەمەچەشــن لەسەر ڕەگەزەکانی سروشت و ژینگەی ڕۆژهەڵات بەدی دەکرێت. ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەو بارودۆخە، نەوەکانی ئێستا و داهاتوو دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی و هەڵوێستەکردن بە تایبەتی لە ڕووی سامانی خاک و ئاو.

خــاک و ئاو ئامــرازی بنەڕەتیی ژینگە و ژیانن. لە زۆربەی وڵاتان، کار بە یاسا و دەزگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ توێژینەوە و پاراستنیان لــە بەرانبەر تێکچــوون و دابەزینی کوالیتیی فیزیکــی و کیمیایــی. هەنگاوی ســەرەتایی بریتییە لە پابەندکردنی هاووڵاتی و لایەنەکان بە یاســا و پێدانی هۆشیاری و بەرزکردنەوەی کەلتــوری ژینگەپارێــزی. هەنــگاوی دواتر، گرتنەبەری ڕێکارە کردارییەکانە بۆ پاراســتنی سەرچاوەکانی خاک و ئاو.

خاک سامانێکی نیشــتمانییە و ڕاماڵینی خاک، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر گەشەی کەرتی کشــتوکاڵ. لــە دۆخی بــێ پلانیدا خاکەکان زیاتر لە ئاســتی سروشتی و قۆناغ بە قۆناغ توشی ڕاماڵین دەبن و بەپیت بوونیان نامێنێــت، دواتر لــە ســووری بەرهەمهێنان دەردەچن. بۆیە پێویســتە ناوچە قەیراناوی و هەستیارەکان دەستنیشان بکرێن تا بپارێزرێن. نەخشــەی مەترسیی ڕاماڵینی خاک گرنگە بۆ دارشتنی بەرنامە، بنەما و ڕێبەری پرۆژەکانی کشــتوکاڵ و دارســتان، بەنــداو و ئاودێری، ڕێگاوبان، کانزاکاری، گەشتوگوزار، شارسازی و تەنانەت ســەربازی لە ڕێگەی دابینکردنی داتا و زانیاری بۆ خەملاندنی ئابووریی پرۆژەکان و پێشبینی مەترسی لە داهاتوودا.

ئاو بنەمای ژیانە. ڕێژەی دابارینی ســاڵانە، بارستەی ئاوی ژێرزەوی، قەبارەی ئاوی سەرزەوی و ڕووبارەکان و گۆڕانکارییان بە چ شــێوەیەکە؟ ئامــار و زانیارییەکانــی ســەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی و ســەرزەوی و گۆڕانکاریی ساڵانەیان چۆنــە؟ وەڵامــی ئــەم پرســیارانە یارمەتیمان دەدا تا لە دارشــتنی پلان و نەخشــەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان ســەرکەوتوو بین. پێویستە لە چوارچێوەی پلانی پاراستنی خاک و ئیدارەدانی ئاوزێڵەکاندا و بەپێی پێوەرە ژینگەییی، زانستی و فرەڕەهەندییــەکان، هەوڵی گلدانەوە و کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی ئاو بدرێت.

## پێناسەی ڕاماڵینی خاک

ڕاماڵینی خاک بە هۆی ئاو کاتێک ڕوودەدات کە بڕی باران یا بەفراو زیاتر بێت لە توانستی خــاک بۆ داچۆڕانی، یاخود لاریی زەوی ببێتە هۆی دروســت بوونی ئاوی ڕێکردە(Runoff). ئاوی ڕێکردە لە سەر ڕووبەرێکی دیاریکراو بە ئاراســتەی لاریدا جووڵە دەکات و لە ڕێڕەوی خۆیــدا بە پێــی قەبارە و خێرایــی و چڕیی قوڕاوەکەی، دەبێتە هــۆی دارمان و ڕاماڵینی خــاک. کۆمەڵێک هــۆکار ڕۆڵ دەبینن کە لە هاوکێشەی جیهانیی ڕاماڵینی خاک (USLE) دا بەم شێوەیە ڕوون کراونەتەوە:

$$A=RKLSCP$$

A : بڕی ساڵانەی خاکی ڕاماڵراو
R: توانای ڕاماڵینی باران (ton/ha/year)
K: فاکتەری ڕاماڵینی خاک (MJ. mm/ha/h/year)
L: درێژیی لاری (ton. ha/MJ/mm)
S: پلەی لاری
C: داچاندن و ئیدارەدانی زەوی
P: کرداری پاراستنی خاک.

بەرنامــەی پاراســتنی خاک لەســەر بنەمای کۆنترۆڵی فاکتەرەکانی سەرەوە بنیاد دەنرێت،

بە جۆرێک کە کار بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ژمارەکانیـــان دەکات. چونکـــە خاکی ڕاماڵراو، ئەنجامی جارانی فاکتەرەکانە.

## ڕاماڵینی خاک بە هۆی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەرچەند تاکوو ئێســـتا بۆ پرۆسەی ڕاماڵینی خـــاک بـــە هـــۆی ئـــاوەوە، توێژینەوەیەکی بەرفراوان و وردی زانســـتی نەکـــراوە، بەڵام بەهۆی سروشتی شاخاوی، بەرزبوونی دابارینی ســـاڵانە و نەبوونی پلانی بەرەنگاری، شیمانە دەکرێت کە ئاســـتی ڕاماڵینی خاک بەرزبێت. وەک ڕاگەیاندراوە، تێکڕای ساڵانەی ڕاماڵینی خـــاک لە ئێران بە بڕی ۱۶ تۆن/هێکتار/ســـاڵ خەمڵێنـــراوە کە نزیکەی چوارهەندەی ڕێژەی جیهانیی ڕاماڵینی خاکە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، ســـتراتیژی و پلانێکی تۆکمە بۆ پاراستنی سامانی خاک لە ئارادا نییە، هەر بۆیە چـــاوەڕوان دەکرێت کە لە ئێســـتا و لە داهاتووشـــدا مەترسیی زۆری لـــێ بکەوێتەوە. لە وێنەی (۱)دا دەردەکەوێت کە تێکڕای بەرزی لە نێوان ۸۰۰ تا ســـەرووی ۴۰۰۰ مەترە. شـــاخاوی بوون و لاریی زەوی، هـــۆکاری ســـەرەکین بۆ ڕاماڵینـــی خاک کە ئەگەر ڕێژەی دابارین (وێنەی ۲)یش لەبەرچاو بگرێت (لە نێوان ۴۰۰ تا ۱۸۰۰ ملم)، ڕاماڵین دەبێتە بابەتێکی بایەخداری ژینگەیی.




وێنەی ۱. نەخشەی بەرزی و نزمیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




وێنەی ۲. نەخشەی دابارین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## شـــێوەکانی ڕاماڵینی خاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سروشت و خەســـڵەتەکانی باران و پێکهاتە و جۆری خاکەکانی کوردستان بەپێی تۆپۆگرافیا، دەبنـــە هۆی ڕوودانی ئەم شـــێوە ڕاماڵینانەی خوارەوە کە لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باون:

ڕاماڵینی پەرەیـــی(Sheet Erosion): توێژێکی تەنک لە بەشـــی ســـەرووی خاک تووشـــی ڕاماڵین دەبێت. ئەم جۆرە ڕاماڵینە زۆر بەربڵاوە و ســـاڵانە ڕووبەرێکـــی بەرفراوان لـــە زەوییە کشـــتوکاڵی و ناکشـــتوکاڵییەکان توشی زیان دەکات. زیانەکـــەش بریتیە لە شوشـــتنەوەی چینـــی ســـەرووی خاک کـــە ڕووی توخمی خۆراکی و کەرســـتەی ئەندامی دەوڵەمەندە، لـــە ئەنجامـــدا ئاســـتی بەپیـــت بوونـــی خـــاک (SoilFertility) دادەبەزێـــت و توانـــای بەرهەمهێنانی خـــاک لاواز دەبێـــت. کێشـــەیەکی تر بۆ گواستنەوەی قوڕ و لیتەی زەوییـــەکان دەگەڕێتـــەوە کە بـــە ناچاری لە شـــوێنێکی تردا کەڵەکە دەبێـــت. نەبوون یا لاوازیی ڕووپۆشی ڕووەکی و ڕێژنەبارانی توند لە وەرزی وشـــکدا، هۆکاری ســـەرەکیی ئەم شێوە ڕاماڵینەن.



ڕامالّینی جۆگەیی(Rill Erosion): لە ئەنجامی پەنگخواردنـــی ئاو لە شـــوێنی بەرز، ڕێڕەوێک لە ژێر کاریگەریی هێزی ڕاکێشـــانی زەوی و هێزی دابڕینەری ئاودا دەکرێتەوە و کۆمەڵێک جۆگەلە دروســـت دەبن. خاک لـــە ژێر و لە کەناری جۆگەکانـــدا ڕادەماڵرێت. ئەگەر پانیی جۆگەکان کەمتر لە ٣٠ ســـم بێت لەرێگەی کێڵانی زەوییەوە چارەســـەردەکرێن. ڕامالّینی جۆگەیی لە لاریی زیاتر لە ١٠٪دا ڕوودەدات. بەگشـــتی دوو هـــۆکار کاریگـــەرن: هێـــزی دابڕێنەری ئاو و ئاســـتی تۆکمەیی خاک لە بەرانبەر هەڵوەشانەوەدا.



ڕامالّینی کاناڵ(Channel Erosion): بە قۆناغی دواتری ڕامالّینی جۆگەیی دادەنرێت، چونکە لە ئەنجامی بەردەوامیی کاریگەریی ئاو، جۆگەی پانتر لە ٣٠ ســـم دروست دەبێت. پانەبرگەی کاناڵ لە شـــێوەی پیتی V دەچێت. لەرێگەی کێڵانـــەوە چارەســـەری ئەم گرفتەئەســـتەمە و پێویســـتی بە ئامێـــری میکانیکیی تایبەتە. ئەو زەوییانەی تووشـــی ڕامالّینی کاناڵ دەبن، لـــە ڕووی ئابورییەوە گرفت بـــۆ خاوەنەکانیان

دروست دەکەن.



ڕامالّینی کەند(Gully Erosion): لە ماوەیەکی کورت پاش دابارینی بەخور، ئاوی ســـەرجەم جۆگە و کاناڵەکان بەرەو یەک خاڵ ئاراستەدەبن و لافاو هەڵدەســـتێت. هێزی ڕامالّین چەندین بەرابەر زیاد دەکات و لە ئەنجامدا کەند بەدی دێت. زەویی کەندەلّان لە پێکهاتەی گڵ، مارڵ و شیلدا (Marl and shale) دروست دەبێت و وەک زەویی کشتوکاڵی سوودی نامێنێت.



ڕامالّینی تونێـــل(Tunnel Erosion): تایبەتە بـــەو ناوچانەی کـــە پێکهاتەی مـــارڵ، گڵ و خوێ تێیاندا بەرزە. سەرەتا چاڵێک لە شوێنی بەرز (بە شـــێوەی سروشتی یا بە هۆکاری تر) دروست دەبێت، دواتر ئاو دادەبەزێتە چینەکانی خواروو و بە شێوەی ئاسۆیی جووڵەدەکات. لە ئەنجامدا لەســـەر ڕێگەی خۆی کەرســـتەکان دەتوێنێتـــەوە و تونێلێک دروســـتدەکات. ئەم شێوازە لە کوردستان زۆر باو نیە.



ڕاماڵینــی ڕووبــار(River Erosion): بە هۆی جوولـەی ئاوی ڕووبار، دوو شـێوەی ڕاماڵین ڕوودەدات: ڕاماڵینــی ژێریــن و ڕاماڵینــی کەنــارەکان. ڕاماڵینــی ژێرین لە بەشــی ســەرەتای ڕووباردا باڵادەســتە و پانەبڕگەی ڕێرەوی ئاولـە پیتی V دەچێـت کەچی لە بەشــی خواروو و کۆتایی ڕووباردا، ڕاماڵینی کەنارەکان ڕوودەدات و لـە پیتی Uدەچێت. لە بەشی ناوەڕاســتی ڕووباردا شێوەی U و V بــەدی دەکرێت. واتە هەر دوو جۆری ڕاماڵین ڕوودەدات. زۆربەی ڕووبارەکانی کوردستان بە شێوەی سروشــتی تووشی ئەم جۆرە ڕاماڵینە دەبن بەڵام چالاکییەکانی مرۆڤ و لافاو، ئاستی زیانەکانــی ڕاماڵینی ڕووبار بــەرز دەکەنەوە.

هەڵچنینــی دیــواری بەردیــن و کۆنکرێتی، یەکێکە لە ڕێگاکانی پاراستنی کەناری ڕووبار. هەڵبەت پێویستی بە بودجەیەکی گەورە هەیە.

## ڕێگاکانی پاراستنی خاک

دوو شــێوازی میکانیکــی و نامیکانیکــی بۆ پاراستنی خاک بەکاردێن. پاراستن بە شێوەی میکانیکی بە واتای بەرەنگاریی ڕاســتەوخۆیە لەگەڵ ڕاماڵینی خاک. ئەمەش لە بارودۆخێکدا پەیــڕەو دەکرێت کــە خاک، خــۆی توانای بەرگریــی لە بەرانبــەر فاکتۆرەکانی ڕاماڵیندا نەبێت و پێویست بە ســنووردارکردنی لەئارادا بێــت. کەچی شــێوازی نامیکانیکی بە واتای بەرەنگاریــی ناڕاســتەوخۆیە و زیاترڕێگرییە



لــە کاریگەریی هۆکارەکان بە پێی زانســـتی ئیدارەدانی زەوی و زار.

شـــێوازی میکانیکی وەک دروســـتکردنی تراس (پەیژە)، ئاوەڕۆ و دانانی تۆڕ، بەســـت و لەمپەر. شێوازی نامیکانیکی وەک ئیدارەکردنی دروستی زەوی، پێدانی ڕێژەی گونجاوی پەین، شێوازە دروســـتەکانی کێڵانی زەوی و خوڵی کشتوکاڵی. شـــێوازەکانی پاراستنی میکانیکی کێشـــەدارن و لـــە ڕووی ئابوورییەوە گران و تەنیا لەم دۆخانەی خوارەوەدا پەیڕەو دەکرێن:

- دەرفەتی پاراســـتن بە شێوازی نامیکانیکی نەبێت.
- قازانجی پرۆژەی پاراستنی خاک زیاتر بێت لە کۆی تێچووەکانی.
- کاتێک جوتیـــاران پاش لەپێـــت کەوتنی تەواوی زەوی، دروســـت بوونـــی کەندەڵان و تێکچوونی کێڵگـــەکان، ناچار بە کۆچی بەرەو شار بن.
- کاتێک مەترســـی لەســـەر تۆڕی ڕەواندنی ئاودێری، دەریاچەی بەنداوەکان یا تێکچوونی ڕێگاوبان لە ئارادا بێت.

پێویســـتە ئاماژە بدرێت کە شـــێوازەکانی میکانیکی و نامیکانیکـــی، جێگرەوەی یەکتر نین بەڵکـــوو تەواوکەری یەکتـــرن. ڕەنگە لە هەندێک دۆخدا پێویســـتی بە هەر دوو شێواز هەبێت، لەم دۆخەدا کرداری میکانیکی پێش لە نامیکانیکی ئەنجام دەدرێت.

### بەکارهێنانی دروستی زەوییەکان

چەقی بەرنامەی پاراســـتنی خاک بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکانی کشـــتوکاڵی وەک میکانیزەکـــردن، چاندنـــی چەشـــنە هەموارکراوەکانـــی ڕووەک، تـــۆڕی ئاودێری، پێدانی گونجاوی پەین و هتد. هەمووی ئەمانە کاتێـــک لە بەرزکردنەوەی ئاســـتی بەرهەمدا ڕۆڵـــی کاریگەریان دەبێت کـــە هەلومەرجی خاک بۆ گەشەی بەروبوومەکان گونجاو بێت. واتە زەوییەکان بە شێوازی دروست بەکاربێن.

بـــۆ نموونە ئەگـــەر ڕەچاوی دۆخـــی زەویی زۆر لار، یـــا خاکی بێ پیـــت (کەمی توخمە خۆراکییـــەکان) نەکرێت و بۆ چاندن کەڵکیان لـــێ وەربگیرێـــت، قۆنـــاغ بە قۆناغ ســـوودی ئابووریيان نامێنێت و دەفەوتێن.

چۆنێتیـــی بەکارهێنانـــی زەوی، پەیوەندییەکـــی پتـــەوی لەگـــەڵ دیاردەی ڕامالینی خاک هەیە. ئەگەر نادروست و ناژیرانە بێت، پرۆســـەکە پەرەدەســـتێنێ. دارشـــتنی پرۆگرامی بەکارهێنانی زەوی، جگە لە توانست و مەرجەکانی زەویی کشتوکاڵی، پەیوەستە بە فاکتەرەکانـــی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، سەرمایە، ئامراز و تەکنۆلۆژیا، هێزی کرێکار و تەنانەت خواست و ئارەزووی جوتیاران.

پاراستنی خاک لەرێگەی ئیدارەدانی کشتوکاڵی فاکتـــەری (C) لـــە هاوکێشـــەی جیهانیـــی ڕامالینـــی خاکـــدا بـــۆ ئیدارەدانـــی زەوی دەگەڕێتەوە. ژمـــارەی (١) بۆ خراپترین دۆخ تەرخـــان کراوە، بـــەڵام لە ڕێگەی شـــێوازی دروســـتی ئیدارەدان بۆی هەیە بگاتە (٠،٠٥). واتە تا ١٥ جار دەتوانێت ڕێژەی ڕامالین کەم بکاتەوە. هەڵە باوەکانی کشتوکاڵی وەک کەڵک وەرگرتنی بەردەوام و ماوەدرێژ لە زەوی بە بێ شیاندنەوە، کێڵانی زەوی لە ئاراستەی لێژایی و هتد دەبنە هۆی تەشـــەنەی ڕامالینی خاک. لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕێگەی ئیدارەدانی کشتوکاڵییەوە، دەکرێت ئەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدرێن:

کێڵانی دروســـت دەبێتە هـــۆی دابەزینی ئاســـتی ڕامالین چونکە بەستەرێکی گونجاو بۆ چەکەرەی تۆو دەرەخسێنێت و بەرگریی خاک لە بەرانبەر ڕەگ داکوتانـــدا کەم دەکاتەوە. لە ئەنجامدا ڕووپۆشێکی چڕوپڕی ڕووەکی دروست دەبێت. کرداری کێڵان، بۆشاییی خاک و ڕێژەی تەنۆچکە گەورەکانی خاک زیاددەکات. ئەمەش هـــاوکارە بۆ داچۆڕانـــی ئـــاو (Infiltration) و نزمبوونەوەی وزەی ڕامالینی باران، لە ئەنجامدا



ڕێژەی ئاوی ڕێکردە کەم دەکات.

ڕێبازە هەڵەکانی کێڵان بریتین لە:
کێڵانی قووڵ (بەردی چینەکانی خوارەوە بێتە سەرووی خاک و بۆشایی دروست بێت وگەشەی ڕووپۆشی ڕووەکی ڕاوەستێت یاخود زۆر کەم بێتەوە)، کێڵانی تەریبی لاری زەوی (خاک بە ئاسانی تووشی ڕامالین دەکات)، کێڵانی دووبارە (بەهەمان ئامێر و بەهەمان ڕێباز کە دەبێتە هۆی پەستانەوەی خاک).

شیاندنەوەی زەوی لە ڕێگەی خوڵی کشتوکاڵی و بەرنامەیەکی زانستیی پێدانی پەینی کیمیایی و ئەندامی، کە ببێتە هۆی بەپیت بوونی درێژخایەنی زەوی.

چەشنی گونجاو لە هەر بەروبوومێک پێویستە بە پێی بارودۆخی کەشوهەوا و ژینگە و خاک بەکاربێت.

قەلاچۆکردنی زیانبەخشەکان کە ببێتە هۆی کۆنترۆڵ کردنی مێروو، نەخۆشی و دەردە کشتوکاڵییەکان. چونکە بەپێچەوانەوە، گەشەی ڕووەکەکان سنووردار دەبێت.

## چ بکرێت؟

ئەرکی لەپێشینە بریتیە لە پێدانی زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا سەبارەت بە سامانی خاک و ئاو و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شێوازی دروستی بەکارهێنانیان و ڕێگری لە بەکارهێنانی نادروست. پێویستە لە ڕێگەی جوتیاران و ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانەوە، هەوڵ بدرێت بۆ پاراستی سەرچاوەکانی خاک و ئاو و بەرگری لێ کردنیان لە بەرانبەر تێکچوونی فیزیکی، کیمیایی و ژینگەیی. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ کار بۆ دروستکردنی پلاتفۆرمێکی بەهێز بکرێت، لەگەڵ دانانی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان ناوەند وشارەزایانی بواری توێژینەوە و ئەکادیمی بۆ دۆخی ڕامالینی خاک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

هەنگاوی تر بریتییە لە بڵاوکردنەوەی



کتێب، گۆڤـــاری تایبەت، بڵاڤۆک (زانســـتی ـ توێژینەوەیـــی ـ زانســـتی ـ هۆشـــیاریی)، بەڕێوەبردنـــی کۆنگرە، کۆڕبەند، ســـیمیناری پســـپۆڕی، پڕۆژەی توێژینەوە بە ئاراســـتەی ناســـاندنی کێشـــەکان و چارەســـەرییان، گەڵاڵەکردنـــی پێشـــنیار و پرۆگرامی دەنگ و ڕەنـــگ وەک گفتوگـــۆ، فیلـــم، پێشـــانگا، ئەنیمەیشن و هتد لە پێناو گرنگی دان بە بەها و نرخی ســـەرچاوەکانی خاک و ئاو و شێوازی دروستی بەکارهێنانیان، کۆکردنەوەی زانیاریی پێویســـت و دامەزراندنی بنکەیەکی زانستی، جارنامە، ڕێنمایی و نامەی سەرکراوە کە تێیدا ئاماژە بە ڕێکار و هۆشداری لەسەر بەفیڕۆدانی خاک و ئاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابێت، بە مەبەســـتی هۆشـــیارکردنەوەی کۆمەڵگا و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی.

## سەرچاوەکان


1. Predicting soil erosion by water, a guide to conservation planning in the Revised Universal Soil Loss Equation, United States Department of Agriculture, Agricultural Research Service, Agricultural handbook no.1997, 703

2. Toy, Terrence J. ; et al. (2002) Soil Erosion: Processes, Prediction, Measurement, and Control. John Wiley & Sons. pp. 61-60. ISBN 978-0-471-38369-1.

3. Food and Agriculture Organization (1965) «Types of erosion damage». Soil Erosion by Water: Some Measures for Its Control on Cultivated Lands. United Nations. pp. ٢٥–٢٣. ISBN -٩٢-٩٧٨ ٦-١٠٠٤٧٤-٥.

4. Dawod R. Keya, ٢٠١٨, Integration of GIS with USLE in assessing soil loss from Alibag catchment, Iraqi Kurdistan Region, Polytechnic Journal. No. ١, V ٨.

٥. زادە مبـــارک علیرضـــا (٢٠١٩). وەزارەتی جیهادی کشـــتوکاڵی ئێران، بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و خاک.

٦. ســـهرابی منصـــور(٢٠١٩). مدیریت اســـتعماری ســـرزمین در ڕۆژهەڵات. تیشک، ژمارەی ٥٢.

# لەنێو بردنی ژینگەی نەتەوەی ژێردەست بەشێک لە ستراتیژیی داگیرکەرە

**ڕامان شەریفی**

”

وشەی ژینگە لە دەستەواژەیەکی کۆنی فەڕانسەوی environner وەرگیراوە و بە واتای ئەو شتە دێت کە دەوروپشتی پەڕانپەڕ داگرتووە، ئەگەر بمان هەوێت ئەم دەستەواژەیە بە شێوازێکی بەربڵاوتر بەکار بێنین، دەتوانین ژینگە بە کۆی دۆخی سروشتی، کۆمەڵایەتی و کولتووری پێناسە بکەین کە کاریگەریی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا دادەنێتو لە هەڤبەریشدا کۆمەڵگا و تاک کاریگەریی لەسەر دادەنێن و کەلتور و داب و نەریت و زمانی هەر نەتەوەیەک، لە شوێنی نیشتەجێ بوونی کاریگەریی وەرگرتووە

“

لەنێوبردنــی ژینگــەی زاگــرۆس تەنیا بە لەنێوچوونی سروشتی ئەم ناوچەیە کۆتایی نایەت و دەســەڵاتی داگیرکەر لە ڕێرەوی هەوڵێکی پلان دارێــژراودا خولیای ئەوەی لە مێشــکدایە کە بــە لەنێوبردنی ژینگەی ئــەم یەکــە جوغرافیاییە بگاتــە ئامانجی کۆتایی خۆی کە لەنێوبــردن و پەرتەوازە کردنی دانیشــتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە بــۆ شــوێنەکانی دیکەیە. داگیرکــەر زۆر چاک لەوە تێدەگات کە ئەگەر نەتەوەیەک ژینگەکەی لــە نێو بچێت ئەســتەمە تازە بتوانێــت مەترســی لەســەر داگیرکەران دروســت بکات و دەســەڵاتی سەربەخۆی خۆی بونیاد بنێتەوە.

## ژینگە

وشــەی ژینگە لە دەســتەواژەیەکی کۆنی فەرانســەوی environner وەرگیــراوە و بە واتای ئەو شــتە دێت کە دەورووپشــتی پەراپەر داگرتووە، ئەگەر بمان هەوێت ئەم دەســتەواژەیە بە شێوازێکی بەربلاوتر بەکار بێنیــن، دەتوانین ژینگە بــە کۆی دۆخی سروشتی، کۆمەڵایەتی و کولتووری پێناسە بکەیــن کە کاریگەریی لەســەر ژیانی تاک و کۆمەڵــگا دادەنێت[١] و لە هەڤبەریشــدا کۆمەڵگا و تاک کاریگەریی لەسەر دادەنێن و کەلتــور و داب و نەریــت و زمانی هەر نەتەوەیەک، لە شــوێنی نیشــتەجێ بوونی کاریگەریــی وەرگرتــووە و لــە ڕاســتیدا جیاوازیی نەتەوەکان لە یەکدی بەشــێکی مەزنــی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی شــوێنی ژیانیان.

ژینگەدیاردەیەکی ئاڵۆز و لێکچڕژاوە کە تەواوی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی ، بیۆلۆژیکی و فیزیکیی ژیــان لە خۆ دەگرێت. ئەگەر شــوێنی ژیانمــان وەک کەیکێکی دابەش کراو بەسەر چەن توێژدا وێنا بکەین بەشی خــوارەوەی دەکاتە خــاک Lithosphere، توێژی نێوەڕاستەکەی دەکاتە شوێنی ژیان Biosphere و بەشــی سەرەوەشی دەکاتە ئەتۆمۆســفێر Atmosphere و ئەو بەشــە لە خاک کە بە ئاو و ســەهۆڵ داپۆشــراوە دەبێتە هیدرۆســفێر Hydrosphere و کۆی ئەم بەشانە ژینگە پێک دەهێنن. ئەم بەشانە زنجیرەیەکی ئاڵۆز پێکەوە دەبەســتنەوە کە هەر چەشنە دەســتێوەردانی بە ئەنقەست یــان نائاوەزمەندانە جا لــە پێکهاتەدا بێت یان لــە بەشــەکانیدا، تــەواوی زنجیرەی لێک گرێــدراوی ژینگە لێک بلاو دەکاتەوە کە لە هەندێ کاتــدا ئەم تێکدانە یان هەر قەرەبوو ناکرێتــەوە یان گەڕانەوە بۆ دۆخی ســەرەتایی، پێویســتی بە ســەدان ساڵ هەیــە، بۆ نموونە ئــەو ڕووەک و ئاژەڵانەی کە لــە نێو دەچن تازە هیــچ کات نابنەوە یان نزیکەی هەزار ساڵ پێویستە بۆ ئەوەی خاکێکی پواو بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سەرەتای خۆی[٢]. هەر بۆیە چۆن مرۆڤ پێویستی بە تەناهیی گیانی هەیە، هەر بەم چەشــنەش مرۆڤ و ژینگەکەی بۆ مانەوە پێویستییان بە تەناهیــی ژینگەییە، بــە واتای بوونی دۆخێک کــە تەناهییەکی ڕێژەیی خوازراو لە هەڤبەر مەترســییەکان و هەڕەشەکانی ســەرچاوەگرتوو لە گۆڕانکارییەکانی گۆی زەوی، دیاردەکانــی جــەوی، پیس بوونی خاک، زۆر بوونی دەنگــە نەخوازراوەکان و بڵاو بوونەوەی نەخۆشــییەکان بۆ درێژەی ژیانێکی ســالم، پڕەدسکەوت و دڵخوازانەی مــرۆڤ، گیانلبــەر و ڕووەکــەکان و بــە گشــتی تەواوی بوونەوەرەکان و پارێزراویی بێگیانەکان مسۆگەر بێت[٣].

لــە یاســای زۆربــەی وڵاتانیشــدا بۆ پارێــزگاری لــە ژینگــە و بەرچاوڕوونیی هاووڵاتیان لەســەر پرسی ژینگە، بە ڕوونی ژینگە پێناســە کراوە کە لێــرەدا ئاماژە بە دوو نموونەیــان دەکەین. لە بەشــی یەکی مادەی یەکی یاسای پارێزگاری لە ژینگەی

بولغارستان بەم چەشنە ژینگە پێناسە کراوە: کۆمەڵێک لە هۆکارەکانی سروشتی و مرۆڤی و توخمگەلێک کە بە چەشنێکی بەرابەر، تەواوکەری یەکن و پێوەندییان لەگەڵ یەک هەیە و لەسەر هاوسەنگیی بوون و چۆنایەتیی ژیان ، سلامەتیی مرۆڤ، میراتی کولتووری و مێژووی داهاتووی ژیان کاریگەری دادەنێن. یاسای پاراستنی ژینگەی ئۆسلۆنییش ژینگە بە بەشێک لە سرووشت دەزانێت کە دەتوانێ لە چالاکییەکانی مرۆڤ کاریگەری وەرگرێت[۴].

پاش شۆڕشی پیشەیی، ڕێژەی کاریگەریی تاک لەسەر ژینگە تا دێت زیادی کردووە و فراوانخوازیی مرۆڤ، خەساری قەرەبوو نەکراوی لەسەر ژینگە داناوە و لە سەردەمی نوێدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەتایبەت ژینگە پارێزان لە سەرانسەری دنیادا هەوڵیان داوە بەر بە فراوانخوازیی مرۆڤ بەرانبەر بە ژینگە بگرن و لەم ڕێڕەوەدا دوو چەمکی ژینگە وەک ئەمانەت لە دەستی مرۆڤدا و گەشەی بەردەوام -توسعە پایدار- دەتوانین وەک هەوڵ گەلی بنەمایی و لە هەمان کاتدا بناغەی هزری تێکۆشانەکانی پاراستنی ژینگە لێک بدەینەوە.

ساڵی ١٩٨٥ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان»کۆمیسیۆنی جەهانیی ژینگە و گەشە»ی پێک هێنا کە ڕاپۆرتی خۆی بە ناوی « داهاتووی هاوبەشی ئێمە»ی لە ساڵی١٩٨٧دا بڵاو کردووە، ئەم ڕاپۆرتە یەکەمین ڕاگەیەندراوی تۆکمە لەمەڕ بابەتی گەشەی بەردەوام بوو کە ڕاستەوخۆ بابەتی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگای دەبەستەوە بە پەیوەندییەکی بەرپرسانە لەگەڵ سروشت و ژینگە. لەم چەشنە پەیوەندییەدا ژینگە وەک ئەمانەتێک لەدەس مرۆڤدا کە دەبێ بە چەشنێک کەڵکی لێ وەرگرێت کە نەوەکانی داهاتووش لێی بێبەش نەبن- عەدالەتی نێوان نەوەکانی مرۆڤ- کە بەم پێیە گەشەی بەردەوام واتای گونجاندنی ئامانجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی بۆ مسۆگەر کردنی ژیانێکی شیاوە بۆ مرۆڤ لە ئێستادا، بێ ئەوەی خەسار بە تواناییەکانی نەوەکانی داهاتوو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ژینگە بگەیەنێت[۵]. هەرچەن هەوڵی دژبەرانی ژینگە و خەسار گەیاندن بە سروشت، زۆربەی کاتەکان چ بە شێوازی تاک یا خود سیستماتیک تەنیا لە پێناو قازانجی زیاتردا بووە بەڵام هەندێ کات خەسار گەیاندن بە ژینگە لەم چوارچێوەیە چووەتە دەرەوە و بە شێوازی سیستماتیک «نەک تاک» جیا لە قازانجی ئابووری، هەوڵی گەیاندنی زەرەری قەرەبوو نەکراو بە ژینگەی شوێنێکی تایبەت دراوە کە وێنای بەرچاوی ئەم چەشنە کردارە لە هەقبەر ژینگەدا هەوڵی لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆسە لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیەوە کە لە دێرەکانی دواتردا تەنیا ئاماژە بە دوو نموونە لە کردەی داگیرکەر لەم ژینگەیەدا ئەدەین کە پێم وایە جیاواز لەوەی بە پێچەوانەی ئایدیای گەشەی بەردەوام و ژینگە وەک ئەمانەتێک لە دەس مرۆڤدایە، بەشێکە لە پرۆسەیەکی مەزنتر کە دوا ئامانجی، سڕینەوە و پەرتەوازەکردنی نەتەوەی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایە لە ڕێگەی لەنێوبردنی ژینگەکەی و لەنێوبردنی تەناهیی ژینگەی خەڵکانی ئەم ناوچەیەیە.

## هەوڵی لەنێوبردنی دارستانەکان

ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی سەرانسەری دنیادا دیاردەیەکە کە بەردەوام ڕوو ئەدات و لە هەندێ وەرزی ساڵدا بە هۆی گەرم بوونی زەوی بە شێوازی نەخوازراو بەشێک لە دارستانەکان لە نێو دەچن، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی زانست و وێنە ماهوارەییەکان لە سەردەمی نوێدا، تا ڕادەیەکی زۆر بەر بەم دیاردەیە گیراوە

و ئەگەریش سووتان لە دارستانەکان روو بدات دەسەڵاتەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان ئەدەن کە بە زووترین کات و بە هەموو ئیمکاناتەوە بەر بە بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگرکەوتنەوانە بگرن و زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لەم دیاردەیە لە کەمترین ماوەدا قەرەبوو بکەنەوە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی هێرانا؛ مەسعوود مەنسوور سەرۆکی ڕێکخراوی دارستان لەوەڕگە و ئاوڕێژگەکانی ئێران رایگەیاندووە کە لە پێنج هەیڤی سەرەتای ئەمساڵدا (ساڵی ٩٩١٣) زیاتر لە دوو هەزار جار ئاورکەوتنەوە لە دارستانەکانی ئێراندا رووی داوە. هەرچەند ئامارێکی جێگەی باوەڕ لە بەردەستدا نییە تا بزانین ئاگرکەوتنەوەکان ژمارەیان چەندیە، بەڵام ئەم ڕێژە فراوانە لە ئاگرکەوتنەوە، ناکرێ وەک دیاردەیەکی سروشتی وێنا بکرێت. «بە دڵنیاییەوە ژمارەی ڕاستەقینە لە ئاماری فەرمی زیاترە»، ئەوەش روون نییە کە چەند لە سەدی ئەم ئاگرکەوتنەوانە لە ژینگەی نیشتەجێبوونی نەتەوەی کورددا روویان داوە بەڵام بێگومان زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئاگرکەوتنەوانە لەم ژینگەیەدا روویان داوە و دەسەڵات لە زۆربەی شوێنەکاندا خۆی بە ئەنقەست بووەتە هۆی ئاگرکەوتنەوەکان و هیچ هەوڵێکیشی بۆ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرانە نەداوە. «بە دەیان گێڕانەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە هەیە کە خۆیان شایەد بوون دەستوپەیوەندەکانی دەسەڵات بوون کە بوونەتە هۆی ئاگرکەوتنەوەکان»، لە ڕاستیدا تەنیا خەڵک بوون کە لە هەقبەر ئەم دیاردەیەدا راوەستاون و دەسەڵات لە هەندێ شوێندا بەری بە خەڵکیش گرتووە کە بەر بە سووتانی دارەستانەکان بگرن و هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکان بدەن. هەر لەم پەیوەندییەدا سەرۆکی پاراستنی دارستان، لەوەڕگە و ئاوڕێژگەکان، باسی لە سووتان و لەناوچوونی ١٢هەزار و ٥٠٠ هێکتار لە دارستانەکان و لەوەڕگەکان لەماوەی ئەمساڵدا کرد کە بێگومان پشکی شێری ئەم ڕێژەیە لە ناوچەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی نەتەوەی کورد ڕوویداوە. ساڵانی ڕابردووش سووتانی دارستانەکان بەردەوام ڕوویان داوە وەک دیاریشە لە داهاتوودا ئەم دیاردەیە بەردەوام دەبێت بەڵام هیچکات نەبینراوە کە دەسەڵات بۆ کوژاندنەوە و قەرەبوو کردنەوەی ئەم خەسارە لەم ناوچانەدا پلانێکی جیددیی هەبێت یان هەنگاوێکی بە کردەوە هەڵبێنێتەوە.

روونە کە لەنێوچوونی دارستانەکان تەنیا بە سووتانی دارەکان کۆتایی نایەت. بە هەزاران ئاژەڵ و ڕووەکی ئەو سروشتەش هەر لە کاتی ئاگرکەوتنەوەکەدا لە نێو دەچن و رووداوی مەترسیدارتر بە هۆی ئاگرکەوتنەوە و لە نێو چونی دارستانەکان کە ڕەنگە هیچکات قەرەبوو نەکرێتەوە، لەنێوچوون یان سوێر بوونی خاکی ئەو ناوچانەیە کە دیاردەی بە بیاوان بوونی لێ دەکەوێتەوە و یەکێک لەو هەڕەشانەیە کە دەتوانێت بەجارێک هەموو خاک و زەویی بەپیتی ناوچەیەک بکاتە قاقرستان و بیاوان. بە زمانێکی سادە بە بیاوان بوون، کۆمەڵە هۆکارگەلێکن کە دەبنە هۆی ئەوەی زەوی و زاری ناوچەیەک بەرە بەرە ببنە وشکارۆ و بێ ئاو و گیا. پرتووکانی خاک و لەناوچوونی دار و درەخت دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم دیاردەیەن. لە ئاکامی لەنێوچوونی دار و درەختی هەر ناوچەیەکدا دەرفەت بۆ شۆردنەوەی توێژی سەرەوەی خاک دەرەخسێت کە ئەم توێژە لەڕاستیدا گرنگترین بەشی خاک بۆ کشتوکاڵە و هەموو پێویستییە سەرەکیەکانی خاک بۆ کشتوکاڵ لەم بەشەدا کۆ دەبێتەوە. بە شۆردنەوەی ئەم بەشە لە درێژماوەدا خاک توانای بەرهەمهێنانی خۆی لە دەست دەدات

و ئەو ناوچەیە دەبێتە بیاوانێکی بێ ئاو و دار. جیاوازیی ئەم دیاردەیە لەگەڵ ڕووداوگەلی سروشتی و یەک لەوان وشکەساڵی لەوەدایە کە وشکەساڵی دیاردەی کورت خایەن و چەندساڵەیە بەڵام لە حاڵەتی بەبیاوان بووندا ماوەیەکی زۆر دوور و درێژتر پێویستە تا خاکێک سەرلەنوێ بتوانێ بەرهەمهێنەریی خۆی وەدەس بێنێتەوە[۶]. ئەو خاک و دارستانەی کە ئاوەها و بەم چەشنە لە ڕێگەی داگیرکەرەوە بەرەو پواندن لە ناوچوون دەچێت، بەرهەمی بە ملوێنان ساڵی سروشتە کە بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان، تەنیا لە چەن ساڵانی ڕابردوودا یەک لە شەشی دارستانەکانی زاگرۆس(یەک ملوێن هێکتار) بە هۆکاری جیاواز لەناوچوون[۷]. دیاریشە لە ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ ئاگرکەوتنەوە یان تەنانەت دە ساڵیش، نابێتە وشکارۆ هەر بۆیە هەستیار بوون لە هەقبەر ئەم دیاردەیەدا زۆر گرینگە چون ڕەنگە نەسڵێک هەست بە قوڵایی کارەساتەکە نەکات وەرنگدانەوەی تەواوی لە ژیانیدا نەبێت بەڵام کە لەنێوچوو، هەزاران ساڵی دەوێ سروشت بگەڕێتەوە دۆخەکەی خۆی. دیاریشە کاتێک ئەم ناوچانە ببنە بیاوان خەڵکی نیشتەجێی ئەم ناوچانە دەبێ بەرەو شوێنەکانی دیکە کۆچ بکەن.

## هەوڵی سیستماتیک لە پێناو لەنێوبردنی گۆلاوی ورمێ

بەراوی گۆلی ورمێ بە پانتایی ۵۱۸۷۶ کیلومیتری چوارگۆشە بەراوێکی داخراوە کە ۱۰۲۵۶ کیلومیتری چوارگۆشەی دەشتەکان پێکی دێنن. لەم بەراوەدا زیاتر لە ۲۵ دەشتی چکۆلە و گەورە هەیە[۸] و لە دەور و پشتی گۆلی ورمێ دا ۱۶ زەلکاو یان تالاو هەیە کە زۆربەیان خاوەن ئاوی شیرین، یان شیرین و سوێرن کە پانتاییان لە ۵ هێکتارەوە تا ۱۲۰۰ هێکتار دەبێ.[۹] بەپێی سەرژمێرییەکان، حەشیمەتی مرۆڤی لە پانتایی بەراوی گۆلی ورمێ زیاتر لە پێنج ملوێن کەسە.

ئەم گۆلاوە خاوەن ۱۰۲ دوورگەیە کە هەموویان لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک پاشەکەوتی سروشتیی دونیا ناسێندراون و سەرچاوەی سەرەکیی گۆلی ورمێ ۱۸ چۆمە کە هەنووکە زۆربەیان دەرژێنە ناو بەنداوەکانەوە. پانتاییی گۆلی ورمێ لە ڕابردوودا ۴هەزار ۵۱۱ کیلۆمێتری دووجا بووە.

بەشێوازی نێوەنجی لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، گۆلی ورمێ هەموو ساڵێ ۴۰ سانت ئاستی ئاوەکەی دابەزیوە و ئەم دابەزینە بە سەرنج دان بە قووڵاییی کەمی ئەم گۆلە بووەتە هۆی وشک بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە گۆلی ورمێ و زیاتر لە ۳۰ میلیارد میتری سێجا لە ئاوی ئەم گۆلە لە دەست چووە. لە هەمان کاتدا ڕوونە کە قووڵاییی گۆلی ورمێ لەوەی کە بەهۆی کەم بوونی ئاو وەدی هاتووە زیاتریشە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خوێ و کانزاکانی دیکە لە بن گۆلەکەدا کە بوونەتە تەختەیێک خوێ و لە بڕێک شوێندا قەبارەی خوێ و کانزاکانی دیکە دەگاتە چەن میتر کە بووەتە هۆی کەم بوونی قووڵیی ئاو[۱۰]. هەرچەند وشکەساڵی و بارینی کەمی بەفر و باران وەک دیاردەیەکی کاتی لە ناوچەکەدا هۆکار بووە بۆ کەم بونەوەی ئاوی ئەم گۆلاوە، بەڵام وشکەساڵیی کاتی لە ڕابردووشدا ڕووی داوە و وەک دیاردەیەکی سروشتی ڕەنگە لە داهاتووشدا لەم ناوچەیە ڕوو بدات؛ بەڵام هەرگیز نابێتە هۆکاری ئەوەی کە گۆلاوی ورمێ بگاتە ئەم دۆخە قەیراناوییەی کە هەنووکە تێیدایە، لە ڕاستیدا هۆکاری قەیرانی ژیانی گۆلاوی ورمێ سروشتی نییە و دیاردەیەکی دەسکردە و زیاتر هەوڵدانێکی

سیستماتیکە لە ڕێڕەوی لەنێوبردنیدا و لەم ئاراستەیەشدا سێ دیاردەی هەڵکەندنی ژمارەیەکی زۆر بیری قووڵ لە دەشتەکانی ئەم ناوچەیە، دروست کردنی زیاتر لە دە بەنداو لە سەر ئەو چۆمانەی کە دەڕژانە ئەم گۆلاوەوە و ڕێگایەک کە لە ناو ئەم ئاوەدا چێ کراوە و ورمێ دەبەستێتەوە بە تەورێزەوە وەک بنەڕەتیترین هۆکارەکانی قەیران و بەرەو وشکی چوونی گۆلاوی ورمێن کە لە درێژەدا بە کورتی باسیان دەکەین.

لە دەشتەکانی سەر بە ناوچەی گۆلی ورمێدا بە هۆی بەڕێوەبەرایەتیی گەندەڵ و قازانج پەرەستیی کاتیی هەندێ لە وەرزێرانی ئەو ناوچەیە و لە هەمان کاتدا ستراتێژیی درێژماوەی داگیرکەر بۆ وشکاندنی ئەم گۆلاوە، زیاتر لە ٨٠٠٠٠ بیری قووڵ هەڵکەندراوە کە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە سەرچاوەی ئاوی ژێرزەویی ئەم دەشتانە بەم هۆیەوە بەکار دەهێنرێ لە کاتێکدا سروشت ناتوانێ لەم ئاستە بەرفراوانەدا کەم بوونەوەی سەرچاوەکانی خۆی قەرەبوو بکاتەوە و لە ڕاستیدا خولی ئاساییی ڕەوتی بەکارهێنان و وەدی هاتنەوە تێک چووە. کەم بوونەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی زۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و داچوونی زەوی کە قەیرانێکی قووڵی ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەویدا وەدی دێت و لە داهاتوویەکی نەک زۆر دوور دا، زۆربەی سەرچاوە ژێر زەوییەکانی ئاو وشک دەبن و یەکێک لە سەرچاوەکانی دابین کردنی ئاوی گۆلاوی ورمێ بەم چەشنە لەنێو دەچێت.[١١] هەر بەم پێیەش زەوییەکانی ئەو ناوچەیە توانای بەرهەمهێنانیان نامێنێت و ئەوەی دەمێنێتەوە وەدی هاتنی زەوییە کە خاکەکەی سوێرە و کەڵکی وەرزێریی لێ وەرناگیرێت هەر بۆیە ئەو حەشیمەتەی

کە بە سێ ملوێن کەس دەخەمڵێنرێت و ژیانیان لە ڕێگەی وەرزێرییەوە دابین دەبێت، لە ڕووداني وەها کارەساتێکدا ناچار دەبن شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بەرەو ناوچەکانی دیکە جێ بهێڵن .

پرسی گواستنەوەی ئاو لە ناوچە شاخاویەکانی زاگرۆسەوە بۆ ناوەندی ئێران و شوێنە کەم ئاوەکانی ئەم وڵاتە بەردەوام وەک پرسێکی تەناهی دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا چاوی لێ کراوە و دەسەڵاتداران ئێزنیان نەداوە بە شێوازێکی زانستیانە لە لێکەوتەکانی گواستنەوەی ئاو لەم ناوچانەوە بۆ شوێنەکانی دیکە بکۆڵرێتەوە. ئەوەی دیارە سەرچاوەکانی ئاو لە ئێراندا زۆر سنووردارە و ئەم سەرچاوانەش بە شێوازێکی ناهاوسەنگ بەسەر ئەو جوغرافیایەدا کە هەنووکە ئێرانی پێ دەوترێت دابەش کراوە و جیاوازیی بارینی باران لە ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس لەگەڵ ناوەندی ئێران زیاتر لە ٤٠٠ میلی میترە بەو واتایە کە لەم ناوچانە بە شێوازی نێونجی زیاتر لە ٦٠٠ میلی میتر بارینی ساڵانە هەیە و لە ناوەندی ئێران ئەم ڕێژەیە کەمتر لە ٢٠٠میلی میترە. بۆ گواستنەوەی ئاوی ئەم ناوچانە پێویستە کە ئاوەکان لە شوێنگەلی تایبەتدا لە ڕێگەی بەنداوەکانەوە کۆکرێنەوە تا لە ڕێگەی بۆریی تایبەتەوە و بە تێچوویەکی زۆر، بۆ ناوەندی ئێران و شوێنە کەم ئاوەکان بگوێزرێنەوە. بۆ نموونە ئاوی بەنداوی بۆکان کە سەرچاوەکەی شاخ و چۆمەکانی کوردستانە، دەگوێزرێتەوە بۆ تەورێز بۆ خواردنەوە و بەکار هێنان لە چەندین شوێنی پیشەییدا. هەرچەند دروست کردنی ئەم بەنداوانە بە شێوازی کاتی و لە هەندێ شوێنی نزیک بەم بەنداوانە بوونەتە هۆی چوونە سەرەوەی ئاستی داهاتی وەرزێران، بەڵام لە درێژماوەدا خەساری قەرەبوو نەکراوی وەک سوێر بوونی

خاکـــی ناوچە و بە هەڵمئـــاو بوونی دەیان ملیارد لیتر ئاوی کۆبووەوە لە پشـــت ئەم بەنداوانەی لێ دەکەوێتەوە و وشکارۆ بوونی ئەم ناوچانە دیاردەیەکە کە لە داهاتوودا ڕوو ئـــەدات و یەکێک لە هۆکارە کانی وشـــک بوونـــی گـــۆلاوی ورمێـــش دەگەڕێتەوە بۆ لێدانی زیاتر لـــە دە بەنداو لە ڕێڕەوەی ئەو چۆمانـــەی کە دەڕژانە نێـــو گۆلاوەکەوە کە بەم هۆیەوە ڕێـــژەی ئەو ئاوەی دەچێتە ناو گۆلاوەکە، بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر دابەزیوە و لە لایەکی دیکەوە کەم بوونەوەی ڕێژەی ئاوێک کـــە دەچێتە ناو گۆلەکـــەوە دەبێتە هۆی زۆربوونی شـــۆرەکاتی دەوروپشـــتی گۆلـــی ورمێ. بەرێـــژەی ۱۲۰۰کیلۆمێتری چوارگۆشـــە و زۆربوونی زەویی ســـوێر بەو واتایـــە کە باکان دەتوانن باهۆزی خوێ لەم ناوچانـــەدا وەدی بێنن. لـــەم پەیوەندییەدا دوکتور ســـعودی دەڵێت: ئەم ئەزموونە لە گۆلی ئاراڵیش لە باکووری تاجیکستان تاقی کراوەتەوە. نزیک بە ۴۰ یان ۵۰ ســـاڵ بەر لە ئێستا ڕووســـەکان لەسەر ئەو چۆمانەی کە دەڕژانە ئەم گۆلەوە بەنداویان دروســـت کرد و بۆ کاری وەرزێری کەڵکیان لەم ئاوانە وەرگرت. بەڵام وردە وردە گۆلەکە وشک بوو کاتێک کە وشک بوو حەشیمەتێکی زۆری دەوری گۆلەکە تووشی شێرپەنجە بوون[۱۲] و ژینگەکە بەرەو لەناوچوون چوو. یەکێکی دیکە لـــە هۆکارەکانی دۆخـــی قەیراناویی گۆلی ورمێ دروست کردنی ڕێگایەکە لە نێو گۆلاوەکەدا کە بە باوەڕی کارناسان دەبێتە هۆی لەنـــاو بردنـــی یەکجارەکیی گۆلاوی ورمێ لە داهاتوویێکی نزیکدا.

بە بیانووی دەســـپێوە گرتـــن لە بەکار هێنانی بەنزین و کەم کردنەوەی مەودای ڕێگەی نێـــوان ورمێ و تەورێـــز، کۆماری ئیســـلامی دەســـی دایە دروســـت کردنی ڕێگایەک لە ناو گۆلی ورمێ کە خەســـاری قەرەبوو نەکـــراوی بە ژینگەی ئەم ناوچەیە گەیاندووە، هەرچەند هـــەر لەو کاتەدا زۆر لە کارناسان پێشبینیی دۆخی هەنووکەیان دەکـــرد بەڵام دەســـەڵات بـــێ گوێدان بە نیگەرانیی پارێزەرانی ژینگە و لە ڕاســـتیدا لە ڕێڕەوی پلانی درێژمـــاوەی خۆیدا، ئەم کارەســـاتەی بەســـەر گۆلاوەکـــەدا هێنا. گۆلـــی ورمێ وەک ســـوێرترین گۆلی دنیا پـــاش بحرالمیت، بەهۆی دروســـت کردنی ڕێگایـــەک کە گۆلاوی ورمـــێ دەکاتە دوو بەشـــی باکوور و باشوور و لە ئاکامدا دۆخی سروشـــتیی ئاوەکە و ڕێژەی خوێی تێکەڵی ئاوەکە تێک دراوە و لە ئەمڕۆدا لە خراپترین دۆخی ژینگەییـــی خۆیدایـــە[۱۳]. نەبوونی خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ دروســـت کردنی ڕێگای نێوان گۆلەکـــە، کاریگەریی خراپی لەسەر ئێکۆسیستێمی گۆلەکە داناوە و تەنیا گیانلەبەری ئەم گۆلەی - بە ناوی ئارتیمیا کـــە خۆراکـــی پەلـــەوەرە کۆچەرییەکانە- بەرەو لەناوچـــوون بردووە هەروەها نەبوونی هاوســـەنگی لە هاتنی ئاو بۆ ئەم دوو بەشە و نەســـوورانەوەی ئـــاو لـــە گۆلاوەکەدا بە هۆی ئەم ڕێگایەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشی باکور زیاتر خوێی تیدا بێت و خێراتر بەرەو وشـــک بوون بچێت. لە داهاتوودا ئەم دوو بەشـــە دەبنە دوو گۆلی چکۆلەی جیا لەیەک. خەســـتیی خوێی گۆلی ورمێ کە نێونجەکەی دەبێت ۲۵ گرەم لە لیتر دا بێت هەنووکـــە دەگاتـــە ۴۰۰ و هەندێ کاتیش تـــا ۵۰۰ دەڕوات. گرنگتریـــن دڵەڕاوکێی سەرچاوەگرتوو لە وشک بوونی گۆلی ورمێ، بوونیەتـــی بە ناوەندێکی چالاکی دروســـت بوونـــی وردیلەی خـــوێ لە ناوچـــەدا کە لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی لێ دەکەوێتەوە و بە پێی هەنـــدێ لە بەراوردەکان تا ۵۰۰ کیلۆمێتری دەروپشتی گۆلاوی ورمێ، بەم هۆیەوە ڕووبـــەڕووی باهۆزی خوێ دەبنەوە و ژیان لە تەواوی ئەم ناوچەیەدا دەکەوێتە مەترســـییەوە[۱۴] کـــە مەزنـــدە دەکرێت

کاریگەری لەسەر ژیانی پێنج ملوێن کەس دانێت. کاتێک رووبەرێکی زۆری ئەم گۆلاوە ئاوەکـەی لـە دەس چێت و تەنیـا ببێتە وشکارۆیەکی خوێ، دیاردەی باهۆزی خوێ دەبێتە هۆی لەنێوبردنی زەویی کشتوکاڵی و ســەرهەڵدانی نەخۆشــینی وەک ئاسم، شێرپەنجە، زۆربوونی رێژەی مەرگی منداڵان، کەم خوێنی و... بــە بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشیی ســەرچاوەگرتوو لە وردیلەکانی گۆلــی ورمــێ و لەناوچوونــی ســەرچاوە ئاوییــەکان و زەوییەکانی ئــەم ناوچەیە لە باری کشــتوکاڵی و ژیــان، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، بەدوای دەست راگەیشــتن بە خۆش بژێــوی و دەرفەتی باشتر بۆ ژیان، روو دەکەنە ناوچەکانی دیکە و بە ناچاری لەم شــوێنە کۆچ دەکەن[١٥] و کەم بوونەوەی بەرچاوی رێژەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەی لێ دەکەوێتەوە.

وەک باس کرا ئەم دوو دیاردەیە تەنیا دوو نموونەن لە هەوڵەکان بۆ کاول کردنی ژینگەی زاگرۆس و پێشــێل کردنی تەناهیی ژینگەی ئەم ناوچەیە. بە هۆی کەشی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا و قەدەغە کردنی لێکۆڵینەوە لــە بابەتەکانــی وەک گواســتنەوەی ئاوی زاگرۆس بۆ ناوچەکانی دیکە، لەژێر چاڵکردنی خەوش و خاڵە ناوکییەکان لەم ناوچەیە، کە ئەگەر مەجالــی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بدرێ، دەکرێ وەک تاوانی تیرۆری ژینگە پێناســە بکرێ و بەڵگەکانی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بخرێتە روو. هەوڵ بــۆ لە نێوبردنی زرێوار و تالاوەکانی کرماشان و دەیان دیاردەی دیکە، ئەو راســتییەمان پێ دەڵێن داگیرکەر تەنیا لە بیری کاولکاریی سروشــتدا نییە، بەڵکوو دەیهــەوێ ژینگەی زاگــرۆس لەنێوبەرێ کە دووا ئامانجیەتی.

## سەرچاوەکان


١. مرادی، حســن ، حقوق محیط زیســت بین الملل، جلد اول، نشر میزان، ١٣٩٦، ل١٥

٢. فەلاحەتی، حەمید، قەیرانی ژینگە، دوو مانگنامەی کەلتووری کۆمەڵایەتی ، ژمارەی٨، مرداد١٣٩٤ ،ل ٩١-١٦١

٣. میرکمالی، علیرضا و دیگران تروریســم زیســت محیطی در حقوق کیفری فرانسه و تطبیق آن با جرم انگاری مشابه در ایران، مطالعات حقوق کیفری و جرم شناسی، دوره٤٨، شماره٢، پاییز و زمستان١٣٩٧، صص٤٢٣-٤٤٥

٤. مرادی، حســن ، حقوق محیط زیســت بین الملل، جلد اول، نشر میزان، ١٣٩٦، ل١٦

٥. ســلطانی‌پور، دماری، وضعیت توســعه پایدار در ایران، مجله دانشکده بهداشت و انستیتو تحقیقات بهداشتی، زمستان١٣٩٥، دوره ١٤، شماره چهارم، صفحه ١ تا ١٤

٦. غضبان، فریدون، زمین شناســی زیســت محیطی، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٩٢،ص١٨٧

٧. آنچــه باید از فاجعه آتش‌ســوزی جنگل‌هــا و مراتع زاگرس بدانید، رادیو زمانه،٢٠١٩/٦/٢٢

٨. اصغــری مقــدم، اصغر، برداشــت بیش از حــد از منابع آب زیرزمینــی حوضــه دریاچه ارومیه و نقــش آن در ایجاد بحران آب، نوزدهمین کنگره ملی و هفتمین کنگره بین المللی زیســت شناسی ایران، ٩-١١شهریور ١٣٩٥، دانشگاه تبریز

٩. شــفیعی علویجه، رحمت الله، آینده دریاچه ارومیه از دیدگاه بیلان نمک و آب، موســســه تحقیقات آب، پژوهشکده منابع آب، گروه فرآیندها و پیش بینی های هیدرولوژیکی

١٠. قالیباف، محمدباقر و دیگران، مجله پژوهش های جغرافیای سیاسی، سال دوم ، شماره اول، بهار٩٦، ص ١-٢٩

١١. اصغــری مقدم،اصغــر، برداشــت بیش از حــد از منابع آب زیرزمینــی حوضــه دریاچه ارومیه و نقــش آن در ایجاد بحران آب، نوزدهمین کنگره ملی و هفتمین کنگره بین المللی زیســت شناسی ایران، ٩-١١شهریور ١٣٩٥، دانشگاه تبریز

١٢. مجله محیط زیست،شماره٦٠، ٢٠خرداد تا ٢٠تیر ٨٩

١٣. سراســکانرود، صیــاد اصغــری و دیگــران، فصلنامه علمی پژوهشی برنامەریزی منطقەای، سال سوم،شماره١١،پاییز١٣٩٢، ص٩٩-١١٤

١٤. پیامدهای سیاســی امنیتی خشــک شــدن دریاچه ارومیه، احمدی، ســیروس، اکبرزاده، محمد، فصلنامه ژئوپلتیک، ســال چهاردهم ، شماره سوم، پاییز١٣٩٧، صص٩٥-١٢٧

١٥. هەمان سەرچاوە.

# مؤلفه‌های اساسی تغییر در حکمرانی منابع آب و خاک

قادر نقشبندی

در این مقاله، با توجه به تجربه های ایران، مولفه های اساسی تغییر در حکمرانی آب و خاک که مورد نیاز توسعه پایدار است مورد بررسی و ارزیابی قرار می گیرد. این مقاله بر اساس مطالعات پژوهشی در حوضه آبریز دریاچه ارومیه نوشته شده است که مبانی نظری حکمرانی را در یک مورد مطالعاتی اقدام پژوهی ارزیابی نموده است. بنا بر این فاکتورهای مورد نیاز برای ایجاد محیط مناسب و مطلوب برای مدیریت سازگار پاسخگویی و حکمرانی خوب در بخش آب و خاک در ایران ارایه می گردد.

## چکیده

در این مقاله، با توجه به تجربه های ایران، مولفه های اساسی تغییر در حکمرانی آب و خاک که مورد نیاز توسعه پایدار است مورد بررسی و ارزیابی قرار می گیرد. این مقاله بر اساس مطالعات پژوهشی در حوضه آبریز دریاچه ارومیه نوشته شده است که مبانی نظری حکمرانی را در یک مورد مطالعاتی اقدام پژوهی ارزیابی نموده است. بنا بر این فاکتورهای مورد نیاز برای ایجاد محیط مناسب و مطلوب برای مدیریت سازگار پاسخگویی و حکمرانی خوب در بخش آب و خاک ارایه می گردد.



## واژه های کلیدی

حکمرانی، منابع آب و خاک، حکمرانی خوب


## ۱. مقدمه

با توجه به ازدیاد جمعیت و رشد نامتوازن اقتصادی، منابع آب شیرین در جهان تحت فشار بی رویه قرار گرفته است. رقابت و حتی اختلاف و دعوی[۱،۲] بر سر این منبع مهم باعث بی کفایتی و سوء تدبیر در مدیریت منابع آب شده است. فعالیت‌های انسان دلیل اصلی آلودگی آب هاست که باعث تقلیل، فقدان و تخریب هر چه بیشتر این منبع شده است (Hashemi, 2012).

نگرش‌های بخشی[۳] در ارتباط با مدیریت منابع آب، علی‌الخصوص در کشورهای در حال توسعه حاکم و مشرف بوده و می‌باشد. این امر باعث شده است که روال و شیوه توسعه و مدیریت منابع آب پراکنده، ناقص و غیر متوازن باشد. روی هم رفته به نظر می‌رسد مشکل اساسی، ناشی از عدم وجود چارچوب حکمرانی[۴] مناسب و نامناسب بودن ساختار تشکیلاتی و نهادی به اضافه افزایش تقاضا برای این منبع، محدود و متناهی می‌باشد. بنابراین، رویکرد بهم پیوسته و هالستیک در مدیریت منابع آب به عنوان امری ضروری و نیاز اساسی برای پایداری سیستم‌های منابع آب شناسایی شده است (Hashemi, 2012).

مفهوم مدیریت بهم پیوسته (یکپارچه) منابع آب[۵] (IWRM)[۶] بیش از ۳۶ سال قبل به وسیله‌ی انجمن جهانی منابع آب[۷]، در محافل علمی شکل گرفت (Braga, 2001). اما اکنون IWRM یک ضابطه و شاخص شناخته شده در جهان می‌باشد (Swatuk et al, 2004) و در سال ۲۰۰۰، مفهوم IWRM توسط سازمان مشارکت جهانی آب (GWP) به مقبولیت جهانی رسید. نهادینه کردن پارادیم IWRM و اجرای آن مرهون سه مؤلفه می‌باشد(Hashemi, 2012) :

- بسترسازی و توانمند سازی محیط در قالب سیاست‌ها، استراتژی‌ها و قوانین مناسب برای توسعه و مدیریت پایدار منابع آب یعنی حکمرانی خوب و سیاست‌های درست؛
- ابزارهای مدیریتی مورد نیاز برای انجام وظایف نهادها مانند مدل‌سازی تخصیص آب، ابزارهای اقتصادی و غیره؛
- نقش‌های سازمانی (نهادی): چارچوب نهادی که از طریق آن سیاست‌ها، استراتژی‌ها و قوانین اجرا شوند مانند توسعه ظرفیت‌ها، سطوح اقدامات و غیره

بر اساس تحقیقات هاشمی (۲۰۱۲)، مدیران ارشد آب در ایران به این نتیجه رسیده اند که رویکرد هالستیک و بهم پیوسته برای مدیریت آب در ایران امری بسیار ضروری است. اما سوال مهمی که به ذهن مدیران آب خطور می کند این است که چرا با وجود اینکه اهمیت فراوانی برای اجرای IWRM قائل می شود، اما هنوز بعد از گذشت ۴۰ سال از معمول سازی و جا افتادن آن در محافل جهانی، تا کنون این پارادیم به مرحله اجرای کامل درنیامده است؟

تحقیقات پژوهشگران متعددی نشان

مـی دهد شـد کـه فاصله‌هـای معلوماتی و تحقیقاتـی در زمینه‌هـای مدیریـت و حکمرانی خوب آب وجود دارد. آنچه مسلم اسـت، اخیراً فرایند برنامه‌ریزی IWRM در سطح کشـوری بهبود یافته است اما سعی و انرژی بیشـتری برای اجرای برنامه‌ها در سـطح محلی نیاز است ؛ و در آسیا به طور عموم اصلاحات سازمانی و نهادی در حالت پیشرفته‌ای قرار دارد اما مشکلات زیادی در زمینه همکاری و هماهنگی سازمانی وجود دارد. در پنجمیـن نشسـت انجمن جهانی آب در اسـتانبول در سال ۲۰۰۹، گزارشی زیر پوشـش آب سـازمان ملل متحد[۸] که مشتمل بر ۲۶ مؤسسـه وابسته به سازمان ملل متحد می‌باشد توسـط سومین برنامه جهانـی ارزیابـی آب[۹] (WWDR, 2009) منتشر شد، اهمیت ابعاد سازمانی و فرهنگی مدیریت منابع آب را تایید کرد. با توجه به مسایلی که در بالا مطرح شد، بی توجهی به بُعد ساختار تشکیلاتی و سازمانی( نهادی) در مدیریـت آب، نقـش بسـزایی در عدم اجرای IWRM داشـته اسـت (Hashemi, 2012). بنـا بر ایـن اجـرای مدیریت بهم پیوسـته نیازمند سیسـتم حکمرانی خوب می باشد.

تقویـت بعـد سـازمانی بـا تدویـن سیاسـت‌ها(خط مشی سیاسـی)، قوانین و مصوبات مناسـب و تشـکیلات کارامد برای اجرای رویکرد بهم پیوسته در مدیریت منابع آب بسـیار حائز اهمیت است. این به عنوان حکمرانی خوب[۱۰] تعریف شـده است. بانک جهانـی (World Bank, 2007) اذعان دارد کـه کشـورهای خاورمیانه و شـمال آفریقا (MENA)[۱۱] کـه شـامل ایران می‌شـود، اهمیـت حکمرانـی خـوب بـرای اجـرای سیاسـت‌های پایدار مدیریت آب در منطقه را درک نموده‌اند.

بـا توجه به مسـایلی که در بـالا مطرح شـد، بی توجهی به بُعد سـاختار تشکیلاتی و سـازمانی( نهـادی) در مدیریت آب، نقش بسزایی در عدم اجرای IWRM داشته است (Hashemi, 2012). در مدیریت منابع آب به یک جهتگیـری مجدد (چرخـش) رادیکال و گفتگوهـای موثر بیـن تصمیم گیرندگان، ذی‌مدخـلان و ذی‌نفعـان و مهندسـان/ دانشـگاهیان نیـاز اسـت (Falkenmark et al, 2004). بـا این حـال، چالش موجود این اسـت که این جهت گیری مجـدد رادیکال نهادی چگونه در عرصه‌ی عملیاتی قابل اجرا است؟ چگونه اصلاحات سازمانی طراحی و یا استفاده می‌شود ؟ (چگونه می‌توان برنامه‌ها و توصیه‌ها را طراحی و استفاده نمود؟) چگونه تداخلات بالقوه با مشـوق‌ها یـا بازدارنده‌ها در سـطح عملیاتـی تأثیر خـودرا در عمل نهایتاً نشـان می‌دهد. تغییر ماهیت نهادها، متداول و مرسـوم و یا رایج نیست (Cowie and Borrett, 2005). لذا سوال این است که پیش‌نیازها برای تغییر نهادی چیست؟ و این تغییر،شامل چه چیزهایی است؟ (Hashemi, 2012)

در این مقاله، با توجه به تجربه های ایران، مولفه های اساسی تغییر در حکمرانی آب و خاک که مورد نیاز توسـعه پایدار است مورد بررسـی و ارزیابی قرار می گیـرد. این مقاله بر اسـاس مطالعات پژوهشی در حوضه آبریز دریاچه ارومیه نوشته شـده است که مبانی نظـری حکمرانی را در یک مـورد مطالعاتی اقدام پژوهی ارزیابی نموده اسـت. بنا بر این فاکتورهـای مـورد نیاز برای ایجـاد محیط مناسـب و مطلوب بـرای مدیریت سـازگار پاسخگویی[۱۲] و حکمرانی خوب[۱۳] در بخش آب و خاک در ایران ارایه می گردد. و سـعی بر این اسـت که پاسـخ بعضی از پرسشهای اساسـی در مورد مدیریت و حکمرانی آب و خـاک، با توجه به تجربه نویسـنده در ایران مدنظر قرار گیرد.

## ۲. مفاهیم پایه، نظریه‌ها و مسایل

### ۲-۱. تعاریف: سازمان/نهاد و حکمرانی

هاشمی (۲۰۱۲) بیان می دارد که سازمان‌ها به عنوان قالب زندگی اجتماعی در نظر گرفته می‌شوند که متشکل است از سیستم قوانین(احکام) که با همدیگر تداخل، تعامل و ارتباط دارند و دارای دستگاه‌های نظارت داخلی[۱۴] و مکانیزم‌های ضمانت اجرای[۱۵] قوانین می‌باشند (Hashemi, 2012). این مکانیزم‌ها، بازیگران را قادر می‌سازد که در مورد مدیریت منابع آب تصمیم گیری نمایند. بر این اساس، نهادها (سازمان‌ها) وسیله‌هایی برای ثبات و پایداری جامعه می‌باشند چون می‌توانند، تنش‌ها و تضادها را به سوی ثبات هدایت، سازماندهی و نظارت نمایند. بنا بر این نیاز است که تصمیم گیران منابع آب وظایف اجتماعی خود را برای رسیدن به جوامع پایدار درک کنند (ASCE, 1998).

اصطلاح «سازمان/نهاد» یک تعریف واحد ندارد (Ostrom 1999, 2005). با این حال، یکی از واقعیت‌های پیچیده و مبهم برای کارشناسان غیر تخصصی رشته‌ی سازمانی این است که سازمان‌ها بر اساس روش‌های مختلفی آنالیز می‌شوند که بستگی به تعریف مفهومی اصطلاح سازمان باشد. لذا ما باید به وضوح کامل معنای اصطلاح سازمان بکار رفته را در فرآیند تحلیل نهادی یا سازمانی بیان کنیم[۱۶]. هاشمی (۲۰۱۲) گزارش می دهد که بر اساس بررسی‌های جامع ادبیات موضوع یک سازمان آب می‌تواند ترکیبی از گروهای زیر باشد:

۱ بیانیه‌ی چشم انداز، سیاست‌ها، اهداف دستورالعمل‌های کلی و استراتژی‌ها؛

۲ قوانین (رسمی یا غیر رسمی)، احکام، مقررات و کنوانسیون‌ها، برنامه‌های اقداماتی (عملیاتی) و دستورالعملی یا آیین نامه‌ای؛

۳ ساختار تشکیلاتی (مؤسسات و سازمان‌ها) و آیین نامه‌های داخلی و اصول ارزشی (اهداف و ارزش‌ها) و وظایف آنان؛

۴ فرآیندها و ساختار های سیاسی (مکانیزم‌های مسئولیت پذیری)؛

۵ تمهیدات اقتصادی و مالی مانند مکانیزم‌های تشویق؛

۶ هنجارها، سنت‌ها، شیوه‌ها و آداب و رسوم (عرف و تقالید).

حکمرانی عبارت است از «فرآیند و روندی که تصمیم گیری‌ها اجرا می‌شود ( و یا اجرا نمی‌شود)» [۱۷](UNESCAP undated,). نکته‌ای که باید درک شود این است که سیستم دولتی (حکومتی) بخشی از سیستم بزرگ‌تر حکمرانی می‌باشد و سیستم دولتی از لحاظ (الف) بخشی، (ب) فعالیتی (وظایفی) و (ج) طبقاتی(سلسله مراتبی یا سطوح مختلف) تفکیک می‌شود(Hashemi, 2012)؛ Blau and Meyer(1956) بیان می‌نمایند که پیچیدگی سازمانی/نهادی از این سه منبع سرچشمه می گیرد. تمایز بخشی و فعالیتی ناشی از تخصصی بودن سیاست حکومتی در زمینه‌ای به خصوص می‌باشد و این باعث دوباره شدن کارها و تفکیک مسئولیت‌هامی‌شود؛ بنا به قول Imperial (۱۹۹۹) البته شاید این دوباره کاری‌ها بی فایده و به ضرر هم نباشد.

استفاده میشود.

### چشمه سرآب قروه

در بخش جنوبی شهر قروه، سرآبی طبیعی وجود دارد که یکی از تفرجگاههای مردم منطقه محسوب میشود. این سرآب دارای آبی خوب و گواراست. به همین دلیل شهر قروه در کنار آن ایجاد شده است. بخشی از آب کشاورزی و شرب قروه از این چشمه تأمین میشود.

### چشمه سرآب ونیسار

این چشمه در دشت چهار دولی قروه زیر کوه کمرزرد قرار دارد و یکی از چشمههای قدیمی شهرستان قروه است که با آب بسیار گوارا و عالی در داخل روستای « وینسار» از دل زمین بیرون می آید. در حقیقت روستای وینسار پیرامون این چشمه شکل گرفته است. این چشمه سالهای سال است که تأمین کننده آب روستا، هم برای شرب و هم کشاورزی است. اطراف چشمه اصلی سنگ چین شده و قدمت سنگ چین آن حدود دو تا سه قرن بر آورد شده است. تا حدود سی سال پیش مردم روستا در ماه خرداد مراسم شکرگزاری و قربانی برای « سرآب «، برگزار میکردند. در این مراسم، ضمن قربانی کردن گوسفندان به جشن و شادمانی میپرداختند و احترام ویژه ای برای این چشمه قایل بودند.

### آبشار بل

در یکی از روستاهای منطقه اورامان و در مرز استان کرمانشان، روستایی به نام «بل» واقع است. در کنار این روستا، در جاده ای که به «کوسه هجیج» منتهی میشود آبشاری زیبا وجود دارد که به عقیده کارشناسان دارای آب عالی برای شرب است. این آب با فشار زیاد و در حجم بسیار از شکاف کوهی بیرون میریزد و عظمت و شکوه طبیعت را جلوه گر میسازد. این آب در مسیر خود به رودخانه سیروان میریزد.

### آبشار کویله

یکی از اماکن دیدنی استان سنندج آبشار کویله است که در شهرستان مریوان و در مسیر جاده مریوان- سقز واقع است. این آبشار زیبا در فصل بهار از مکانهای دیدنی و زیبای منطقه محسوب میشود.

### دشت دهگلان

مساحت این دشت ۶۲۷۰۰ هکتار و مساحت حوزه آن ۲۵۵۰ کیلومتر مربع و ارتفاع آن از سطح دریا ۱۸۰۰ متر است. این دشت پوشش گیاهی جالب توجهی دارد و چشم اندازهای مزارع آن در بهار و تابستان بسیار زیباست.

### دشت قروه

مساحت آن ۵۸۴۰۰ هکتار و مساحت حوزه آن ۲۲۲۳ کیلومترمربع و ارتفاع آن از سطح دریا ۱۸۰۰ متر است. این دشت در شهرستان قروه قرار گرفته و رودخانه «چم شور» که شاخه ای از رودخانه تلوار است در این دشت جریان دارد.

### دشت کامیاران

این دشت ۹۵۰ کیلومتر مربع وسعت دارد و در ارتفاع ۱۴۰۰ متری از سطح دریا قرار گرفته است و یکی از زیباترین دشتهای جذاب استان کردستان به ویژه از نظر چشم اندازهای زیبا و طبیعی محسوب میشود.

### دشتهای بانه

در محدوده شهرستان بانه دو دشت تال و شوی واقع شده اند. مساحت دشت تال ۱۸۰۰ هکتار و شوی ۲۰۰۰ هکتار است. در

دشت تال رودخانه‌های سید سارم و زروار جاری اند که در نزدیکی روستای سرتزین به رودخانه نمشید میپیوندند و سپس به رودخانه چومان میریزند. این دشت محل کشت محصولات مختلف زراعی است و انواع گیاهان کوهستانی در آن یافت میشود؛ به همین دلیل در بهار و تابستان چشم اندازی سبز و با طراوت دارد و پاییز آن نیز بسیار زیباست.

### دشتهای سقز

در محدوده شهرستان سقز دشتهای متعددی واقع شده که مهم ترین آنها عبارت اند از: دشتهای صاحب، قه لاکون، له‌گرمی و دشت کولتپه. وسعت این دشتها حدود ۷۰۰ هکتار و ارتفاع متوسط آنها ۱۶۵۰ متر از سطح دریاست. این دشتها در بهار و تابستان با سرسبزی و گلهای وحشی جلوه ای بسیار زیبا دارند.

### کوه شاهو

ارتفاع بلندترین قله آن ۳۳۹۰ متر است میانگین دمای سالانه آن ۱۰ تا ۱۵ درجه است و ۸۰۰ میلی متر بارندگی دارد، همیشه سال برف دارد و از کوههای زیبا و سترگ درکشور محسوب میشود.

### کوه چهل چشمه

چهل چشمه از کوههای مرتفع کردستان است (۳۱۷۳ متر) این کوه دارای آبشارها و چشمه‌های بسیار زیبایی است و وجه تسمیه آن نیز حکایت از وجود چهل چشمه آب دارد. در ۵۳ کیلومتری جنوب شرقی سقز قرار دارد و منطقه ای سردسیر و برف گیر است. در این کوه میتوان در تمامی سال برف را مشاهده کرد. این کوه یکی از سرچشمه‌های رودخانه‌های چهل چشمه، کله باد جغاتو(زرینه‌رود) و شورتی است و دارای چشمه سارهای فراوان و دامنه‌های سرسبز و زیبا است.

### کوه آربابا

در جنوب شهر بانه واقع است و ۲۲۲۰ متر ارتفاع دارد، بسیار سرسبز و از تفرجگاههای بانه محسوب میشود.

دیگر ارتفاعات استان عبارت اند از: کوه ملا کاوو، کوه حسین بگ، کوه پیازه، کوه تخت، کوه هواره برزه، کوه چرخ لان، کوه نه‌که‌روز که همگی بالای ۲۸۰۰ متر ارتفاع دارند.

### غار کرفتو

غار کَرَفتو غاری است که در شهرستان دیواندره در استان کردستان ایران قرار گرفته‌است. این غار، یک غار آهکی است که در دوران سوم زمین‌شناسی شکِل گرفته‌است. بخش‌هایی از این غار، دست‌کَند است و کتیبه‌هایی از دوران پیش از تاریخ دارد. آثار تاریخی موجود در این غار مربوط به سده ۳ هستند. این غار، در بخش کرفتو از توابع شهرستان دیواندره واقع شده و در تاریخ ۲۰ بهمن ۱۳۱۸ با شماره ثبت ۳۳۰ به‌عنوان یکی از آثار ملی ایران به ثبت رسیده‌است.

## معرفی برخی جاذبه‌های ژئوتوریستی دراستان کرماشان

### ریژاو

واژه ریجاب در واقع عربی شده واژه «ریژاو» است که در زبان کردی سه معنا برای آن متصور است که مناسبترین آن به معنی «محل ریزش آب» می‌باشد. وجه تسمیه ریژاو، وجود رود خروشان الوند و آبشارهای زیبای آن است که از دامنه کوه دالاهو سرچشمه می‌گیرد. . اختلاف ارتفاع آبشار ریژاو در نقطه بالا و پایین طبقه

سوم، براساس اندازه‌گیری GPS نزدیک به ۱۸۰ متر است. آبشار ریژاو آبشاری سه طبقه است که دو طبقه بالایی آن بسیار بلند و طبقه پایینی کوتاه‌تر است. طبقه سوم آبشار ریژاو در زیر درختان قرار گرفته و از بالا دیده نمی‌شود. اگر معیار ارتفاع آبشار را محل فرود اولیه آب در نظر بگیریم نقطه پایانی این آبشار در انتهای طبقه دوم آن است که با کم کردن ارتفاع طبقه سوم که حدود ۲۰ متر است و ۱۰ متر اختلاف ارتفاع بالای آبشار با محل جاری شده آب، می‌توان گفت که ارتفاع آبشار ریژآو چیزی در حدود ۱۵۰ متر است. بر این اساس «آبشار ریژاو» یکی از چند آبشار بلند ایران و شاید بلندترین آبشار ایران است.

### سرآب روانسر

دریاچه کوچکی است که در شهر روانسر در استان کرماشان واقع شده‌است، سرآب روانسر منشأ اصلی رودخانهٔ قرهسو است که یکی از بزرگترین و طویل‌ترین رودخانه‌های استان کرماشان می‌باشد. این سرآب از کوهستان شاهو سرچشمه می‌گیرد. سرآب روانسر به عنوان ۵۷اُمین اثر ملی توسط سازمان میراث فرهنگی در ۲۷ اسفند ۱۳۸۷ در فهرست میراث طبیعی ایران قرار گرفت.

### آبشار پیران

از آبشارهای استان کرماشان در شهرستان سرپل ذهاب قرار دارد. ارتفاع این آبشار حدود صد متر است. منطقه پیران در ۱۰ کیلومتری شمال شرق سرپل ذهاب قرار دارد و آبشار آن پس از باغات روستا و در دره‌ای عریض واقع است. به دلیل ارتفاع بلند و دیوارمانند صخره‌ها صعود از آبشار غیرممکن است. این آبشار یکی از بلندترین آبشارهای ایران است که در استان کرماشان واقع شده است

### سرآب نیلوفر

معمولا به غلط سراب نیلوفر نوشته می‌شود، دریاچه کوچکی است که در حدود ۲۰ کیلومتری شمال غرب شهر کرماشان قرار گرفته‌است. این دریاچه تا اواسط دهه هشتاد مملو از گل‌های نیلوفر آبی بود و در فصول گرم سال غنچه‌ها و برگ‌های آن از آب سر برآورده و قسمت زیادی از آن را می‌پوشاند. سرآب نیلوفر ۵۵اُمین اثر طبیعی ملی است که توسط سازمان میراث فرهنگی از ۲۷ اسفند ۱۳۸۷ در فهرست میراث طبیعی ایران قرار گرفته‌است.

### غار پَراو یا غار پَرو

نام غاری است در ارتفاع ۳۰۵۰ متری کوه پراو، در دوازده کیلومتری شمال‌شرق شهر کرماشان که در میان کوه طاق بستان و کوه بیستون و در جنوب منطقه‌ای به نام میدان پراو قرار دارد. این غار در ۳۰۰ متری پایین قله شیخ علیخان یا قله پراو قرار دارد. در زمان کشف این غار در بیش از ۴۰ سال پیش (۱۹۷۱ میلادی)، بزرگ‌ترین غار عمودی دنیا بوده‌است و به همین دلیل لقب اورست غارهای جهان را به آن اطلاق کرده‌اند. این غار به عنوان دومین اثر طبیعی ملی کرماشان در سال ۱۳۸۸ توسط سازمان حفاظت محیط زیست ایران به ثبت رسید. امروزه غارهای عمیق بسیاری در جهان یافت شده‌اند که بسیار عمیق‌تر از غار پراو هستند و غار پراو را در لیست عمیق‌ترین غارهای جهان تا رتبه ۲۲۱ پایین آورده‌اند. یکی از ویژگیهای منحصربه‌فرد غار پراو، وجود دهانه آن در ارتفاع سه‌هزار متری از سطح دریا است که این بالاترین سطح در بین تمام غارهای «عمودی» دنیا می‌باشد.

### غار قوری قلا

بزرگ‌ترین غار آبی خاورمیانه با پیشـینه ۶۵ میلیون سال اسـت؛ که در استان کرماشان قـرار دارد. این غار در ۲۵ کیلومتری شـهر روانسر، در دامنه کوه شاهو و مشرف بر جاده روانسـر - پاوه و در همسـایگی روستایی به همین نام جای گرفته‌است.

درازای این غار ۱۲ کیلومتر و ژرفای آن ۳۱۴۰ متر اسـت و به عنـوان یکی از هفت اثر طبیعی ملی ایران، به ثبت رسیده‌اسـت. در سـال ۱۳۵۵ یـک گروه از غارشناسـان انگلیسـی و در سـال ۱۳۵۶ گروه دیگری از غارنوردان فرانسوی بخشهایی از غار را بطول پانصدوپنجاه متر بررسـی و اکتشاف کردند. در دهـه ۱۳۶۰ نیـز گروهـی از غارنوردان کرماشانی بخشهای جدیدی از غار را تا عمق بیش از سـه کیلومتر اکتشـاف و شناسایی کردند.

از لحاظ زیست‌شناسـی غار مسکن گونه نادری از خفاش به نام خفاش موش گوشـی اسـت. متأسـفانه بازدیدهای کنترل نشـده باعث آسـیب فـراوان به داخل غار شـده و در جای جای دیواره‌هـا می‌توان یادگاری و شکستگی استلاگمیتها را دید.

در جریان تسـطیح دهانه غـار آثاری از اواخر دوره ساسانی در کف غار کشف شد که شامل هشت عدد ظرف نقره‌ای با نقش کبک و پرندگان شـکاری و درنا، تکه‌های سفال و پانزده سـکه ساسانی مربوط به یزدگرد سوم اسـت. بر روی دو ظرف نیـز کتیبه‌هایی به خط پهلوی میانه نوشـته شـده که توسـط متخصصین ایرانی ترجمه شده‌اسـت. ظروف نقـره از نظـر متخصصـان سـاخت منطقه اورامان بوده و محلی هستند. غارهای اطراف قوری قلعه بر اساس مطالعات باستان‌شناسی از حدود ۵۰ هزار سـال پیـش تا حدود ۱۲ هزار سـال پیش مسـکن شـکارچیان عصر سنگ بوده‌است.

### غار ورواسی

از پایگاه‌های باستان‌شناسـی ایران در استان کرماشـان از دوره پارینه‌سـنگی میانه است. غار ورواسـی در ۱۱ کیلومتری شمال شرقی کرماشـان ، در دامنه کوه ماسی قرار دارد و پناهگاهی برای شکارچیان بوده‌است. از این غار اشـیا سنگی مربوط به دوره موسترین به دست آمده‌است.

## معرفـی برخی جاذبه‌های ژئوتوریسـتی دراستان ایلام

### چشمه‌های آبگرم معدنی

در فاصلـه ۵ کیلومتری شهرسـتان دهلران چشـمه‌های آب گـرم با خـواص گوگردی جهت رفع امراض پوستی و دردهای مفاصل و عضلات استفاده میشود.

### غار تایه‌گه

ایـن غـار در ۲ کیلومتـری جنـوب غربی روستای وری در میان دره ای که به رودخانه جنوب روسـتا منتهی میشـود. قرار گرفته و تا مرکز بخش ملکشاهی ۱۵ کیلومتر فاصله دارد. طول دهانه غار ۲۵ متر و عرض (تالار) آن ۱۲۰ متـر و بلندی سـقف آن تا کف غار ۳۳ متر است.

### اشکفت ابدالان

در فاصلـه ۱۵ کیلومتـری شـهر ایـلام در میـان دره زیبـای هیانـان و در ضلع غربی کوه مانشـت در ارتفـاع ۱۰۰۰ متری غاری (اشکفت به معنای غار است) زیبا وجود دارد.

### غار چهل ستون

در فاصله ۲ کیلومتری شـهرک شباب و در شـرق پارک جنگلـی خرم، بـر بلندای کوه خرم، غاری بسـیار زیبا وجـود دارد. این غار ورودی کوچک بوده که بعد از ورود به داخل آن دهلیزی بسیار بزرگ قرار دارد که نظر هر

تازه واردی را به خود جلب مینماید. به گفته بسیاری از اهالی منطقه طول غار بیشتر از ۵۰۰ متر میباشد.

### غار زینه‌گان

غار شگفت انگیز زینه گان در ۵ کیلومتری جنوب شرقی شهر صالح آباد و در فاصله ۴۵ کیلومتری شهر ایلام قرار دارد. این غار رو باز که بیش از ۱ کیلومتر طول دارد ، دارای آب فراوان ، دهلیزهای آب گیر ، قندیلهای متعدد و آبچکهای طبیعی و بسیار جالب میباشد.

### دره دانوک

این دره یکی از دره‌های بسیار زیبا و بزرگ رشته کوه شرازول میباشد که در قسمت جنوب شرقی دشت ایوان قرار دارد. این دره با داشتن طبیعت پوشیده از جنگل و چشمه آب بزرگی که درآن جاری است. مرکز بسیار زیبای تفریحی منطقه است و از طرف جاده روستای گلان میتوان به این دره زیبا دست یافت.

### کلام آخر

در این مقاله سعی گردید به صورت اجمالی به نقش و جایگاه گردشگری و توریسم و به صورت ویژه به پدیده ژئوتوریسم پرداخته شود. بر کسی پوشیده نیست که صنعت توریسم نقش غیر قابل انکاری در جهت رشد اقتصادی، تولید ناخالص ملی، کار آفرینی و... ایفا میکند، اما نباید این نکته را نیز از یاد برد که میزان موفقیت هر پروژه و محصولی، در گرو تصمیم سازیهای درست، اندیشمندانه و با نگرش بلند مدت است. اگر هر گونه اشتباه، سهل‌گیری و اندیشه و نگرش مقطعی و مصرفگرایانه در باب مسائل و برنامه‌ریزیها صورت گیرد میتواند خانمانسوز، ناپایدار و ویرانگر باشد. آنچه که امروزه در کردستان اشغال شده نسبت به طبیعت رفتار میشود، چیزی جز نابودی و به تاراج بردن منابع و درآمدهای آن نیست، که همه از چنین سیاستهای فرصت طلبانه‌ای ناشی میشود. امید است که پژوهشهایی از این دست مورد توجه احزاب و مراکز تصمیم سازی برای آگاه ساختن جامعه کردستان در گام نخست و ایجاد پلتفرمی اندیشیده شده برای آینده کردستان در گام نهایی قرار گیرد.

## فهرست منابع


۱. وب گاه ژئوتوریسم ایران

۲. ناظری، ف. ، ۱۳۸۵، ژئو توریسم و پایداری محیط. سایت میراث فرهنگی و گردشگری.

۳. امری کاظمی، ع. ، ۱۳۸۱، آغازی بر ژئوتوریسم ایران An introduction to Geotourism of Iran، مجموعه مقالات بیست و یکمین گردهمایی علوم زمین، سازمان زمین شناسی و اکتشافات معدنی کشور.

۴. غفاریان، طوسی، رضا، «ژئوتوریسم، مقوله تازه توریسم»، روزنامه همشهری، شماره ۳۳۶۶، سال ۱۳۸۳، ص ۱۶.

۵. شایان، سیاوش، «بررسی موانع و مشکلات ژئوتوریسم در ایران با تأکید بر موقعیت ژئوتوریسم بیابان لوت»، همایش منطقه‌ای، جغرافیا گردشگری توسعه پایدار، دانشگاه آزاد واحد اسلام شهر، ۱۳۸۵، ص ۲۲۱.

۶. سینایی، وحید، «توسعه پایدار گردشگری»، ماهنامه سیاسی – اقتصادی، شماره ۹۵-۹۶، سال ۱۳۷۴، ص ۱۳۴.

۷. کزازی، الهام، «ژئوتوریسم، نگرشی نو در برنامه‌ریزی گردشگری، استان زنجان»، مجموعه مقالات برگزیده همایش قابلیت‌ها، مراتع و راهکارهای توسعه گردشگری استان زنجان، ۱۳۸۵، ص ۲۰۵.

۸. . رحیم پو. ر، علی، «ژئوتوریسم، سفری به عجایب زمین»، نشریه ایرانا، شماره ۱۳، ۱۳۸۶، ص ۱۰.

۹. حریریان، محمود، دانشگاه آزاد اسلامی، «کلیات ژئومورفولوژی»، ۱۳۶۹

۱۰. احمدی، «ژئومورفولوژی کاربردی در فرسایش آب»، تهران، ۱۳۸۱.

11. http://jangal-sabz. blogfa. com/post-1. aspx

12. http://www. gsi. ir/geoturism/fa/index. php

13. http://www. ngdir. ir/AboutIran/PGeoghraphical. asp

# لێکۆڵینەوەی ڕێژیمەکانی سووتانی دارستانەکانی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە MODIS و Remote Sensing

ژیلوان بانان

”

سەرەڕای کاریگەریی لە سەر ژینگە، دیاردەی ئاگر کەوتنەوە لە ڕوانگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاسایش و سیاسیشەوە زۆر بە گرنگ ئەژمار دەکرێت و لە زۆربەی وڵاتەکان، وەکوو یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئاگر ئەتوانێت هۆکاری کۆچ کردنی دانیشتوانی یەک ناوچە بێت و هەروەها فاکتەرێکی زۆر کاریگەرە لە سەر هەمەجۆری و شێوازی دەرکەوتن و بڵاو بوونەوەی گژوگیاکان. هەروەها ئاگر هۆکارێکی گرنگە لە زیادبوونی ڕێژەی گازە مەترسیدارەکان

“

## ئاماژە

هەر چەند مرۆڤ لە زۆر بواردا پێش کەوتووە و تا رادەیەکی زۆر بە سەر ژینگەیدا زاڵ بووە، بەڵام هێشتاکەش لە هەمبەر بڕێک ڕووداوی سروشتی و لەوانە، ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و چیاکاندا لاوازە و ناتوانێت ئەو ڕووداوانە کۆنترۆڵ بکات و پێش بە زیانەکانی بگرێت؛ بەڵام بەم حاڵەشەوە بە هۆی ئەو تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووەی کە لەبەردەستە، هەوڵی داوە ڕێژەی زیانەکان و بەربڵاویی ئەو ڕووداوانە کەم بکاتەوە و بە تاوتوێ دروست ڕەفتار و چۆنیەتیی ڕوودانیان، پیشبینی بکات کە چۆن بە شێوازێکی کارامەتر بەرنگاریان بێتەوە. لەم وتارەدا ئێمە دوای خوێندنەوەیەکی تیۆریک بۆ دیاردەی ئاگر و دەستەبەندیی جۆرەکانی ڕێجیمی ئاگر و تاوتوێ کردنی ڕەفتاری ئاگر لە کات و شوێنی جیاوازدا، بۆ ئەو نەخشەیەی کە لەسەر مەترسیی ئاگر بەپێی ڕێژەی سووتەمەنیی گۆڕەپانی دارستانەکان لە پارێزگای کرماشان ئامادە کراوە، خوێندنەوەمان دەبێت و نیشانی دەدەین کە کەڵک وەرگرتن لەو داتا و ئامارانەی کە لە ڕێگای تەکنۆلۆجیا نوێیەکانەوە بە تایبەت داتاکانی مانگی دەسکردی مۆدیس (MODIS) و زانستی دوورپێوی (Remote Sensing) بە دەست دێن، چۆن دەتوانن بۆ بەرنگاربوونەوەی ئاگری دارستانەکانی کوردستان یارمەتیدەرمان بن.

## وشە سەرەکییەکان

ئاگر، دارستان، داتا، Remote Sensing MODIS

## پێشەکی

مێژووی ئەم گەردوونە پیرە سەلماندویەتی کە ژینگە قەت ناتوانێت بە تەواوی خۆی لە ڕووداوە سروشتییەکان دەرباز بکات و زۆربەی گۆڕانکارییە وەرچەرخێنەرەکانی زەوییش، لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوانەدا بووە. هەروەها ئەزموونە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان باس لەوە دەکەن کە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش ڕووداوە سروشتییەکان مەحاڵە یان بە لانی کەم زۆر ئەستەمە. بەڵام ئەم ڕاستییە ناتوانێت ببێتە هۆی سڕبوونی چالاکیی خەمخۆرانی ژینگە و بە گشتی مرۆڤ و، ئەکرێت لە ڕێگای بەدواداچوونی پێشوەختەوە، بە ڕەچاو کردن و داڕژاندنی هەندێک ستراتیژیی زانستی و زیرەک، کارەساتەکان پێشبینی بکرێن تا بەو شێوەیە بتوانین بە لانی کەم، ئەگەری بەرکەوتن و ڕێژەی زیانەکان کەم بکەینەوە بۆ کەمترین ئاست. بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی داتا و زانستە جۆگرافیاییەکان، دەورێکی زۆر بەرچاو دەبینن لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی کارەساتە سروشتییەکان و هەروەها کەم کردنەوەی ئاستی زیانەکانیان کە لە درێژەی بابەتەکەدا باس دەکرێت.

کارەسات یان ڕووداوە سروشتییەکان لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و چەندرەهەندین کە هەموو ڕووبەری سەر گۆی زەوی دەگرنەوە و لە هەر شوێنێک بە شێوازێک کاریگەریی خۆیان دەسەپێنن. بان یان فەلاتی ئێران۲ دۆخێکی جۆگرافیاییی تایبەتی هەیە و زۆربەی ڕووداوە سروشتییەکان وەکوو بوومەلەرزە، لافاو، وشکەساڵی، هەرەسی زەوی، زریان، و ئاگرکەوتنەوە لە دارستانی تێدا بەدی دەکرێت. ئەم ڕووداوانە دەکرێت بە چەند شێوە پۆلێن بکرێن. دەکرێت لە سەر بنەمای هۆکاری ڕوودانیان پۆلێن بکرێن، کە بریتین لە:

**١** ئەو ڕووداوانەی تەنها سروشتین (وەکوو بوومە لەرزە)،

**٢** ئەو ڕووداوانەی تەنها مرۆڤ هۆکاریەتی (هەرەس کردنی شاخ بۆ دروست کردنی ڕێگەی هاتوچۆ)،

**٣** ئەو ڕووداوانەی کە یا سروشتین یان بە هۆی هەڵەی مرۆڤەوە ڕوو دەدەن ( ئاگر کەوتنەوە لە دارستان).

هەروەها دەکرێت ڕووداوەکان لە سەر بنەمای خێراییی ڕوودانیان پۆلێن بکرێن. هەندێ لە ڕووداوەکان وەکوو بوومەلەرزە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕوودەدەن و دەتوانێت کارەساتێکی زۆر گەورە بخولقێنێت، بەڵام هەندێکی تریان، وەکوو لافاو یان هەرەسی زەوی، ئارامتر ڕوودەدەن و دەکرێت ئامادەکاریی بۆ بکرێت و تەنانەت

پێشوەخت پێشبینی بکرێن و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین یان بەرگیری لە ڕوودانیان بکەین.

بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ٨٠٪ی بانی ئێران ئەگەری لێ کەوتنی بوومەلەرزەی هەیە. لافاوی خولی یان دەورەیی یەکێکی تر لەو دیاردانەیە کە زۆربەی کات بە هۆی دەستوەردانی مرۆڤ بۆسەر ڕووبەری زەوی ڕوودەدات و لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێران دا بووەتە هۆی زیانی گەورە. دیاردەکانی تریش وەکوو ئاگر، وشکەساڵی، زریان، و هەرەس کردنی زەوی، ساڵانە دەبنە هۆی زیانی گیانی و فیزیکی بۆ سەر کۆمەڵگا و دیمەنە سروشتییەکان.

ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و پاوان، یەکێکی تر لەو ڕووداوە سروشتیتانەیە کە لە زۆربەی دارستانەکانی سەر زەوی ڕوو دەدات. ئاستی دژواری و زیانی ئەم دیاردەیە دەکرێت کەم بێت و ڕووبەرێکی بچووک لە خۆ بگرێت، یان زۆر فراوان بێت و زیانێکی زۆر گەورە ڕووبەرووی ژینگە بکاتەوە.

هاوکات بوونی کەشوهەوای گونجاو لە گەڵ هەبوونی سووتەمەنیی پێویست(پووشی چرووپر و داری وشک) لە ناو دارستانەکاندا، ئەتوانێت دۆخێک برەخسێنێت کە ئاگرێکی ئاسایی لە ماوەی پازدە بۆ بیست خولەکدا ببێتە کارەساتێکی گەورە کە کاریگەریی زۆر نەرێنی بخاتە سەر شوێنی ڕووداوەکە. بەو هۆیەوە زۆر گرنگە کە ئەو ناوچانەی کە بە هۆی زۆربوونی سووتەمەنییەوە، دەرەتانی ڕوودان و بڵاوبوونەوەی ئاگر تیایاندا زۆرە، دیاری بکرێن و هەر وەها ئەو کاتانەی کە بە هۆی کەشوهەواوە ئەگەری ڕوودانی ئاگر زیاترە تۆمار بکرێن و لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی زانستییانە و بە وردی وەکوو نەخشەی ئەگەری لێکەوتنەوەی ئاگر، بخرێتە بەر دەستی بەڕێوەبەران و کاربەدەستان تاکوو بتوانن بە دروستترین شێوە لەو بارەیەوە بڕیار بدەن. نەخشەیەکی ورد کە لە سەر زانیاریی باوەڕپێکراو ئامادە بووبێت ئەتوانێ بێتە هانای بەڕێوەبەرانەوە تا بتوانن خەمڵاندنێکی باش بۆ شوێن و کاتی لێکەوتنەوەی ئاگر لە ڕووبەری دارستانەکاندا بکەن.

لەم ساڵانەی ڕابردوودا دیاردەی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و پاوان یەکێک بووە لەو ئەستەم و کۆسپە زۆر گەورانەی کە بەرانبەر دارستانەکانی زاگرۆس بووەتەوە و ڕووبەرێکی زۆر فراوانی لە ناو بردوە. کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ڕووداوانە لە سەر ژینگە و ئیکۆسیستەمی ئەم دارستانانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر خۆی دەنوێنێت و پێویستە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و هەروەها چالاکوانانی بواری ژینگە بە زووترین کات هەوڵێکی هەمەلایەنە بخەنە گەڕ بۆ ڕاگرتن و کۆنترۆڵ کردنی ئەم زیانە گەورەیە.

سەرەڕای کاریگەریی لە سەر ژینگە، دیاردەی ئاگر کەوتنەوە لە ڕوانگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاسایش و سیاسیشەوە زۆر بە گرنگ ئەژمار دەکرێت و لە زۆربەی وڵاتەکان، وەکوو یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت[١،٢]. ئاگر ئەتوانێت هۆکاری کۆچ کردنی دانیشتوانی یەک ناوچە بێت و هەروەها فاکتەرێکی زۆر کاریگەرە لە سەر هەمەجۆری و شێوازی دەرکەوتن و بڵاو بوونەوەی گژوگیاکان[٣]. هەروەها ئاگر هۆکارێکی گرنگە لە زیادبوونی ڕێژەی گازە مەترسیدارەکان[٤].

## ١. ڕێژیمەکانی سووتانی دارستانەکان

هەندێک لە ڕەهەندەکانی ئاگر وەکوو چەندجاربوونەوە یان فرێکانس، وەرزی ڕوودانیان، قەبارە و توندی و کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی، بگۆڕە بەڵام بە تێبینیکردنی بۆ ماوەیەکی درێژ، دەبینرێت کە ئاگریش پەیڕەوی لە ژمارەیەک مۆدێل یان ڕەفتاری گشتیتر دەکات کە پێیان دەوترێت ڕێجیمەکانی ئاگر. یەکەم توێژینەوە بۆ پۆلێن کردن و دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە مۆدێلانە سەبارەت بە ئاگری دارستانەکان لە ١٩٨٠ی زایینی، لە ئەمریکای باکوور بەڕێوە چووە.

بە هۆی بگۆڕ بوونی دیاردەی سووتانی دارستان و کاریگەری وەرگرتنی لە کات و

شوێن، ئەو پێناسانەی بۆ ڕێجیمی ئاگر دەکرێن زۆر گشتین، بەڵام چەمکێکی بەسوود ئەژمار دەکرێت بۆ پۆلێن کردن و ڕیزبەندی کردنی ئەو دیاردە ئاڵۆز و چەند ڕەهەندییە. لە سایکلۆپێدیای سووتانی دارستاندا ئەم ڕێجیمانە دابەشکراونەتە سەر سێ دەستەی گشتی، ١ سووتانی تاجی دارەکان (پێکهاتەی گەڵا و لقی دارەکان)، ٢ سووتانی ڕووەچین یان ڕووکەشی سەر زەوی، ٣ سووتانی ژێر ڕووکەشی زەوی[٥]. شایەنی باسە کە جۆرە سووتانێکی تریش هەیە کە بە مەبەستێکی تایبەت و لە ژێر چاودێریدا ڕوودەدا کە پێی دەوترێت سووتاندن یان ئاگری چاودێری کراو.

### ١. ١ ڕێژیمی سووتانی تاجی دارەکان

لەم جۆرە ڕێجیمەدا، تاجی دارەکان، بنکی دار و هەر وەها ڕووکەشی زەویی دارستانەکان دەسووتێت. لەم جۆرە ئاگرەدا لەسەداسەدی دارستانەکە تووشی بەرکەوتنی جیدیی دەبێتەوە. پێکهاتە ئەندامی یان ئۆرگانیکەکانی خاک دەسووتێن و لە ناو دەچن و تەنها ناوچەیەکی بێ گیان و ڕەش لە دارستانەکە دەمێنێتەوە. لەم ڕێژیمەدا هەندێ جار ئاستی وزەی گەرما دەگاتە W/m٢ ١٥٠،٠٠٠، کە زۆر زۆر زیاترە لەو ئاستەی کە لە ڕێژیمی سووتانی ڕووکەشی دا دروست دەبێت [١١]. وێنەی ژمارە (١) پیشاندەری نموونەیەک لەو جۆرە ئاگرانەیە. لە دارستانەکانی زاگرۆسیشدا، بە تایبەت دارستانەکانی مەریوان، پاوە، جوانرۆ، سەوڵاوا، و هتد، ئەم جۆرە ئاگرانە بەدی دەکرێت کە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ئەو ناوچانە گەیاندووە.



**وێنەی ١) ڕێژیمی سووتانی تاجی دار**

### ٢. ١ ڕێژیمی سووتانی ڕووەچین

لەم جۆرە ڕێژیمەدا، ئاگر تەنها ڕووکەشی زەویی دارستانەکە دەسووتێنێت و زیانێکی بەرچاو بە دارەکان ناگەیێنێت و بەرزترین ئاستی وزەی گەرمی لەم ڕێژیمەدا لە W/m٢ ١٥،٠٠٠ تێناپەڕێت [٦]. ئەگەرچی ڕووەکە نزم و ناسکەکان لە ناو دەبات و هەندێ کاتیش بنکی دارەکانیش بریندار دەکات، بەڵام بە گشتی ئەم جۆرە ئاگرە زۆر بە هێز نیە و پێکهاتە سەرەکییەکانی دارستان لە ناو نابات و چینە ئەندامییەکانیش پاش ماوەیەک ئەبووژێنەوە. وێنەی ژمارە (٢)پیشاندەری نموونەیەک لەو جۆرە ئاگرانەیە. ئەم جۆرە سووتانەش لە دارستانەکانی زاگرۆس زۆر بەدی دەکرێت.



**وێنەی ٢) ڕێژیمی سووتانی ڕووەچین**

### ٣. ١ ڕێژیمی سووتانی ژێر ڕووکەشی زەوی

ئەم جۆرە ئاگرە بە ئارامی لە چینە ئەندامییەکانی سەر ڕووی زەوی و ژێر زەوی تێدەپەڕێ و زیاتر وەکوو دووکەڵ دەبینرێت. وزەی گەرمی لەم جۆرە ڕێژیمەدا لە W/m٢ ١٠،٠٠٠ تێپەڕ ناکات. وێنەی ژمارە (٣) پیشاندەری نموونەیەک لەو جۆرە ئاگرانەیە. ئەم جۆرە سووتانە لە دارستانەکانی زاگرۆس کەمتر لەو دوو جۆرەکانی سەرەوە بەدی دەکرێت[٦].



**وێنەی ٣) ڕێژیمی سووتانی ژێر ڕووکەشی زەوی**

## ٢. توندیی ئاگر (Fire severity)

توندیی ئاگر یان توندیی سـووتان، پێوەرێکی جۆرییە (qualitative index) بۆ پیشـاندانی کاریگەرییەکانی ئاگر لە سـەر ئیکۆسیستەم. ئەم پێوەرە تیشک دەخاتە سەر جۆری ڕێژیمی ئاگرەکان و ئاستی مەترسیدار بوونیان بۆ سەر ژینگـە. ئەم پێوەرە، هەروەها، باس لە ڕێژەی سـووتەمەنیی ناو دارسـتان، ڕەفتاری ئاگر، وزەی بڵێسـەی ئاگرەکە، دۆخی خاک پێش و پاش ئاگرکەوتنەوەکـە، و کاریگەرییەکانی ئاگر پاش سـووتانی دارسـتان دەکات و بە گشتی وەکوو ناسنامەیەک بۆ ئەو ئاگرە ئەژمار دەکرێت[٧].

بـە مەبەسـتی چاودێـری و پیشـاندانی کەریگەرییەکانـی ئاگـر، هەڵسـەنگاندن و خەملاندنی پێوەری توندیـی ئاگرکەوتنەوەکە دەورێکـی زۆر بەرچـاو دەبینێـت. ئاگـرە چاودێریکـراوەکان، پێـش ڕوودان پلانیان بۆ دابیـن دەکرێت و لە ژێـر چاودێری و بە پێی سـتانداردێکی تایبەت بـڵاو دەبنەوە و توندیی ئاگریان کەمە. ئەم جۆرە سووتاندنانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە ڕێژەی سووتەمەنی، ئاستی تەڕیی سـووتەمەنی، و دۆخی کەشـوهەوا لە دۆخێکـی گونجـاودا بن تا چاودێـران بتوانن ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن و ئاگر لە ئاراستەیەکی دیاریکراودا و بە هێزێکی سنووردار بڵاو بێتەوە (وێنەی ژمارە ٤)، بە پێچەوانەوە ئەگەری هەیە کارەسات ڕوو بدات.

به پێچەوانـەی ئاگـری چاودێریکراوەوە، سـووتانی توند یان وەحشی، جۆرە ئاگرێکە کە ئاستی توندییەکەی زۆرە و کاتێک ڕوودەدات کە ڕێژەی سـووتەمەنی، هێزی با و پلەی گەرمیی هـەوا زۆر بێت و لەولاشـەوە، ئاسـتی تەڕیی سووتەمەنی و تەڕیی هەوا کەم بێت. لەو دۆخەدا ئاگرکەوتنـەوە زۆرترین کاریگەریی نەرێنیی لە سەر دارسـتان و بە گشتی ئیکۆسیستەمی ئەو ناوچەیە دەبێت.

لـە ڕابردوودا، توندیی ئاگـر بە پۆلێنکردن و هەڵسـەنگاندنی کاریگەریـی ئاگـر لەسـەر سـەرچاوەیەکی تایبـەت پیوانـە دەکـرا، بۆ



**وێنەی٤ ) سووتاندنی چاودێریکراو**

نموونـه دەیانگـوت چەنـد دار سـووتاوە یان ڕووبـەری سـووتانەکە چەندە. بەڵام ئێسـتە پێـوەرەکان زیاتـر و وردتـرن و ئامـرازی پێوانەکردنیش پێشکەوتووترن. ئێستە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، بۆ پێوانەکردنی ئاستی توندیی ئاگر، ڕێژەی بەرکەوتنی تاجی دارەکان، بەرزیی ئاگـر، مـاوەی سـووتان، و هەروەهـا قووڵیی سـووتانیش بە وردی پێوانە دەکەن و پاشـان لەسـەر ئاسـتی توندیـی ئاگر بڕیـار دەدەن. سەرەڕای ئەمانەش، ئاستی تەڕیی سووتەمەنیی ناو دارستانەکانیش، وەکوو پێوەرێکی بە سوود، بە کار دێت بۆ پێشبینی کردنی ئاستی توندیی ئاگـر پێش ڕوودانـی ئاگرکەوتنـەوەکان و بە کۆکردنەوەی زانیاریی دروسـت لە سەر ئاستی تەڕیی سـووتەمەنیی دارسـتانەکان، دەکرێت پێشـبینی بکەین کام ناوچە زیاتر مەترسـیی سووتانی هەیە و تەنانەت دەکرێت خەمڵاندنیش بکەین بۆ ڕێژەی زیانەکان.

## ٣. ڕووداني ئاگرکەتنەوە و بڵاوبوونەوەی

ڕووداو و بڵاوبوونـەوەی ئاگر لە ناو پووش یان دارەکاندا پشت بە ژمارەیەک فاکتەری تایبەت دەبەستێ کە هەندێکیان نەگۆڕن (تۆپۆگرافی)، و هەندێ تریان نیوە بگۆڕن (ڕێژەی سووتەمەنی)، و هەندێکیـان بگۆڕ یـان دینامیکن (کەش و هەوا)[٨]. بـە پێی ئەم ڕیزبەندییـە ژمارەیەک فاکتەری تایبەت لە دیـاردەی ئاگرکەوتنەوە و خێراییی بڵاوبوونەوەی لە دارستانەکاندا دەوریان هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١ فاکتەری داگیرسێنەر: ئەم فاکتەرە دەکرێت سروشـتی بێت (هەورە برووسـکە، بەرز بوونی پلـەی گەرمیی کەش و هەوا، بـای گەرم ، و هتد)، یان نا سروشتی بێت (مرۆڤ، بەئەنقەست بێت یان نائەنقەست).

٢ جـۆر و کوالێتیی پێکهاتە سـەوزەکان واتە گـژ و گیاکان: گژوگیای وشـکتر واتە ئەگەری هەڵگیرسانی زیاتر.

٣ ڕێژەی باران بارین لـە وەرزە جیاوازەکاندا: بارانـی زیاتـر واتە تەڕیـی زیاتـر و ئەگەری هەڵگیرسانی کەمتر و ڕێژەی پووشی چڕوپڕتر. بـەڵام لەبەر ئـەوەی لە هاویندازەوی وشـک دەبێتـەوە، ئـەم فاکتـەرە ئەتوانێـت دەوری نەرێنیی هەبێت، لە بەر ئەوەی کە سووتەمەنی لە گۆڕەپانی دارستانەکەدا زیاترە.

٤ پلـەی گەرمیی کەشـوهەوا: ئـەم فاکتەرە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنیی هەیە و ئەتوانێت هەم ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگر هەم خێراتر بوونی بڵاوبوونەوەی لە بەر ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر سـووتەمەنی لە گۆڕەپانی دارسـتانەکاندا دروست دەکات.

٥ پلەی گەرمـی و خێرایی با: بای گەرمیش وەکوو گەرمیی کەشوهەوا دوەر دەبینێت.

٦ بەرزیی ناوچەکە: بەرزیی ناوچەکە، پرۆسەی کۆنترۆڵ کردنی ئاگر دژوار دەکاتەوە.

٧ لێژیی ناوچەکە: لێژیی ناوچەکە، پرۆسـەی کۆنتـرۆڵ کردنی ئاگر دژوار دەکات و هەر وەها خێراییی بڵاو بوونەوەی ئاگر زیاتر دەکات.

٨ هەڵکەوتەی ئاراسـتەی دیمەنی شاخەکان (واتە بەرەو کام ئاراسـتەی جوگرافیایین): ئەم فاکتەرە کار ئەکاتە سـەر ئاراستەی بەرکەوتنی تیشکی خۆرەتاو و ئەو دیمەنانەی کە ڕوویان لە خۆرەتاوە گەرمای زیاتـر وەرئەگرن و ئەگەری هەڵگیرسانی ئاگر تیایاندا زیاترە.

٩ بەردەستبوونی ناوچەکان (هەبوونی ڕێگەی هاتووچـو، دووربـوون یان نزیـک بوونیان، و هتـد). ڕێگەوبـان لـە لایەکـەوە فاکتەرێکی ئەرێنی و بەسـوود ئەژمار دەکرێت بۆ پرۆسەی کۆنترۆڵ کردنی ئاگـر، لە هەمان کاتدا، لە بەر دەسـتەبەر کردنی هاتوچۆی مـرۆڤ، دەوری نەرێنی دەبینێت لەبەر ئەوەی مرۆڤ هۆکارێکی سەرەکیی داگیرسـانی ئاگرە و زۆربەی ئاگری دارستانەکانی زاگرۆس بە هۆی هەڵەی خەڵکەوە ڕوویانداوە، بە تایبەت ئەوانەی ناوچەی مەریوان و پاوە و جوانرۆ. (ئەڵبـەت وا تێبینی دەکرێت هاوکێشـەی ئابووری و نەبوونی تێگەشتنێکی گونجاو لـە نێـوان دانیشـتووانی ناوچەکە و

دامـــودەزگا پەیوەندیدارەکانیش لە کەوتنەوەی ئاگرەکاندا دەوری هەبوویێت).
دیـــارە بۆ دابین کردنـــی مۆدێلێکی کارامە بـــۆ دیـــاردەی مەترســـیداری ئاگرکەوتنـــەوە، دەبێـــت هەر یەک لـــەو فاکتەرانەی ســـەرەوە بـــە وردی پیوانـــە بکرێن و لیـــان بکۆڵرێتەوە تا ئـــەو مۆدێلـــە بتوانێت بە دروســـتی کات و شـــوێنی ئاگرکەوتنەوەکان پێشبینی بکات یان پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان ئاسانتر بکات؛ بە شـــێوەیەک کە ڕووبـــەڕووی کەمترین زیان بکەوینەوە. ئەم نووسراوەیە لەو ئاستەدا نییە کە هەموو ئەو فاکتەرانە بە وردی شـــرۆڤە بکات و تەنها بە کورتی لەسەر هەندێکیان دەدوێت.
لە زۆربەی وڵاتەکاندا بە هۆی گرنگ بوونی کاریگەریی ئاگر لە ســـەر ژینگـــە، ژمارەیەکی بەرچاو توێژینەوەی زانســـتی ئەنجام دراوە کە بەرهەمی زۆر گرنگیشـــی بە دواوە بوە. بە هۆی کاریگەری وەرگرتنی دیاردەی ئاگرکەوتنەوە لە ژمارەیەکـــی زۆر هۆکار و فاکتەری جۆراوجۆر و هەروەها لێکەوتە جۆراوجۆرەکانی، دەرەتانێکی گونجـــاو بۆ توێژینـــەوە ڕەخســـاوە و توێژەران توانیویانە و دەشـــتوانن لە هەموو ڕوانگەیەکەوە لەم بابەتە بکۆڵینەوە.
هەر لە ســـەر ئەو بنەمایە، دەســـتەیەک لە توێژینەوەکان زیاتر جەخت لە ســـەر ناسین و دیاریکردنـــی ئەو فاکتـــەر و هۆکارانە دەکەنەوە کە لە ســـەر دەســـپێک و بڵاوبوونـــەوەی ئاگر کاریگـــەرن و هەندێکـــی تریان زیاتر لە ســـەر لێکەوتـــەکان وکاریگەرییـــە لاوەکییەکانی ئاگر دەدوێن. لە هەر یەک لەو بوارانەدا لەبەردەست بوونی زانیاریی باوەڕپێکراو، دەورێکی ئێجگار زۆر گرنگ دەبینێت و ئامرازێکی زۆر بە نرخ ئەژمار دەکرێـــت بۆ پلاندانان و تەنانەت ڕێگریکردن لە ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە لە داهاتوودا.
لـــە ڕوانگـــەی بەڕێوەبەرایەتیـــی ئاگرەوە، چڕوپڕبوونی بارســـتاییەکی وشک و بەگشتی هەبوونی ســـووتەمەنی لە گۆڕەپانی دارســـتان و پاوانـــدا، گرنگترین و ســـەرەکیترین فاکتەر بـــۆ دەســـپێک و بڵاوبوونـــەوەی ئاگـــر ئەژمار دەکرێت. لە ڕاســـتیدا ئاگرکەوتنـــەوە بە هۆی هەبوونـــی ســـووتەمەنی ڕوودەدات و دەبێـــت بەڕێوەبـــەران زانیاریـــی دروســـتیان لە ســـەر جۆری ســـووتەمەنی و ئاســـتی چڕوپڕ بوونیان لەبەر دەســـت بێت تا پێشوەخت بتوانن پلانی کۆنتـــرۆڵ کـــردن و ڕێگری لـــە ڕوودانی ئاگر دارێژن. وەکوو هەنگاوێکی ســـەرەکی بۆ دابین کردنی ئەو زانیارییانە و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا سەردەمییەکان، نەخشـــەیەک ئامادە کراوە کە تیایدا مەترسیی ســـووتان لە ئاستی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشان بدرێت. ئەم نەخشـــەیە بە بەکارهێنانـــی داتای مانگی دەســـکردی مۆدیـــس(MODIS)، و هەروەها داتای ڕێگەوبان، شـــوێنی شـــار و گوندەکان و سنووری شـــارەکان ئامادە کراوە. (وێنەی ژمارە ٥).
زانســـت و تەکنۆلوجیای ســـەردەمیانە، بە تایبەت مانگی دەســـکرد و زانســـتی دوورپێوی (Remote Sensing)، هەلێکـــی زۆر گونجاوی خستووەتە بەردەستی بەڕێوەبەران و چالاکوانان بۆ دابین کردنی زانیاری و نەخشەی باوەڕ پێکراو بەسەر دارستان و پاوان، بەتایبەت جۆری ڕووەک، خەملاندنی ڕێژەی سووتەمەنی لە ناو دارستان و هەروەها دیاریکردنی شـــوێنە سووتاوەکان کە ئاگـــر تیایاندا ڕوویداوە. لەم نەخشـــەیەدا داتای ساڵی ٢٠١٧ی مانگی دەســـکردی مۆدیس بە کار هاتووە بۆ دیاری کردنی ڕێژەی سووتەمەنی. سێگۆشە ڕەشەکان پیشاندەری شوێنی ڕوودانی ئەو ئاگرانەیە کە لە ٢٠٢٠ ڕوویانداوە. چوارگۆشە شینەکان، خاڵە ڕەشەکان، هێڵە شینەکان، یەک لە دوای یەک پیشاندەری شار و شارۆچکەکان، گونـــدەکان، و ڕێگەوبانەکانـــە. هەروەها، ڕەنگی سوور پیشاندەری ئەگەری سووتانی ئێجگار زۆر، زەرد ئەگەری زۆر، ســـەوز ئەگـــەری نێوەنجی، و ســـپی پیشـــاندەری ئەگەری زۆر کەمە. لەم نەخشەیەدا تێبینی دەکرێت ئەو شوێنانەی کە لە ٢٠٢٠دا ئاگریان گرتووە ڕێک لە ســـەر ئەو




**وێنەی ٥) نەخشەی مەترسیی ئاگرکەوتنەوە بە پێی رێژەی سووتەمەنیی گۆڕەپانی دارستان**

ڕووبەرانەدان کە نەخشـــەکە وەکوو شوێنی زۆر مەترسیدار پێناســـەی کردوون. ئەم نەخشەیە دەکرێت فاکتەری زیاتر لە خۆ بگرێت و زانیاریی زیاتر و وردتر بخاتە بەر دەســـتی بەڕێوەبەران و چالاکوانان تا بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن.

## دەرەنجام

دارســـتانەکانی کوردســـتان بە هـــۆی چرِی و پـــرِیَ، وشـــکی، لێژی، بـــەرزی و . . . ئەگەری گرگرتنیـــان، ئای بە ئەنقەســـت و ئای بە هەڵە زۆرە و هـــەر بۆیـــە دەبێ بـــە کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیا پێشـــکەوتووەکان، هـــەوڵ بدەین چۆنیەتیی ڕەفتاری ئاگر و ئاســـتی مەترســـیی سەر هەر بەشـــێک لە دارستانەکان بە نەخشە دیاری بکەین تاکوو بتوانین بەرنامەی دروســـت بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی ئاگرەکـــە و کـــەم کردنی زیانەکانی دابڕێژین و وەکوو هەوڵێک نەخشەی مەترســـیی ئاگر بە پێی ڕێژەی ســـووتەمەنیی گۆڕەپانـــی دارســـتان، لە پارێزگای کرماشـــان ئامادە کراوە کە ئەنجومەنەکان لە شـــوێنەکانی دیکەی کوردســـتانیش دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ ئامادە کردنی نەخشـــەگەلێکی ئاوا تا بتوانن بە شێوازێکی سەردەمیانە و کارامە، ڕووبەڕووی ئام ڕووداوە پڕ زیان و مەترسییە ببنەوە.

## سەرچاوەکان


1. Silvia Merino de Miguela, Margarita Huescab, Federico González Alonsob. Modis Reflectanceand active fire data for burn mapping and assessment at regiona level. Ecological Modelling, Volume: 221, Issue: 1, Pages: 67-74, 2010.
2. Papastavrou, A. K. ,Legislative Frameworks of Greek Forestry. Forestry Legislation Report ofthe IUFRO Working Party. Fachbereich Forkstokonomie und Forstpolitik ETH, Zurich, 1Volume 20, Issue 5, May 2005, Pages 613–621, 1988.
3. Bajocco, S. , Rosati, L. , Ricotta,. Knowing fire incidence through fuel phenology: remotely sensed approach. Ecol. Model , 59–66, 2009.
4. Levine, J. , Levine, J. S. (Ed. ), Introduction In Global Biomass Burning: Atmospheric, Climatic and Biospheric Implications. USA: MIT Press, Cambridge 1999
5. Aber, J. D. , and J. M. Melillo, Terrestrial ecosystems. San Diego: Academic Press, 2001.
6Barnes, B. V. , D. R. Zak, S. D. Denton, and S. H. Spurr. 1998. Forest Ecology. 4th edition, John Wiley & Sons, Inc. , New York. 774 pp.
7. http://www. forestencyclopedia. net/p/p4/p138/p618
8. J. G. Goldammer. Early Warning Systems For The Prediction Of An Appropriate Response To Wildfires And Related Environmental Hazards. Health Guidelines for Vegetation Fire Events, Lima, Peru, 6-9 October 1998.

# ”شیکاری“

# ئیسلامی سیاسی لە نێوان گومان و واقیعدا

سامرەند قادری

**ڕوونکردنەوەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تیشک**

نووسەری ئەم وتارە کەسایەتییەکی سەربە بەرەی فکری ئیسلامییە و لە ژمارەی ٥٣ی گۆڤاری تیشک لەلایان دەستەی نووسەرانەوە داوای لێ کرا لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسلام و ڕوانگەی سیاسی لەو دینەدا، بابەتێک بۆ تیشک بنووسێ ، بە هۆی سەرقاڵ بوونی نووسەر، ئەم وتارە درنگ ئامادەبوو. وەک ئەمەگێک بۆ بە دەنگەوە هاتنی نووسەری ئەم وتارە، دەستەی نووسەران بڕیاری دا لەم ژمارەیەدا بڵاوی بکاتەوە. بە هۆی ئەوەی نووسەری ئەم وتارە لەنێوخۆی وڵات دەژی، ناوەکەی لەلای گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

لەم بابەتەی بەردەست ـ هەرچەند قەببە و درێژدادڕە ـ لە بری دەستەودامێنیی چەمکە زانستییەکانی پسپۆڕانی فەلسەفەی سیاسی و هەڵڕوانین بە تیۆرییەکانی مەعریفی و مەعریفەتناسانە (ئێپیستمۆلۆژی)، لە گلوودۆری ئەوەدام زۆربەی ئەو چەمکە ئیسلامییانەی سیاسەتی ئیسلامییان لەسەر ڕۆنراوە و جێگەی تێکبەزینی بیروراکانە بخەمە ڕوو. پاشان بە سەر زنجیرەیەک ڕووداودا تێدەپەڕم کە تێیاندا ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان لهتەک سیاسەتی سەردەم لە هەندێک وڵاتی موسڵمان تاوتوێ کراوە. لەم وتارەدا هەڵوێستی زۆرینەی موسڵمانان لەبەرچاو گیراوە. هەڵوێستی کەمینەی شیعە خۆی لێ‌لادراوە و بە کەمی باسی لێ‌کراوە. ئیسلامگەراکانی کوردیش لە بەر چاو نەگیراون، چونکە بێجگە لە «مەکتەبی قورئان» هەرچی ئیسلامگەرایە درێژە و پاشخوانی ئیسلامگەراییی وڵاتانی دیکەی ئیسلامین. بۆ پاساوکردنی ئەم کەلێنە، چەن ئاماژەی کورتیش بە بیروراکانی کاک ئەحمەدی موفتی‌زادە، ڕابەری لە دنیادەرچووی مەکتەبی قورئان، کراوە. ئەو گەشت و گێڵە «فکری» و «هزری»یە زیاتر لە ناوەندی کێشەکانمان نزیک دەکاتەوە و ئیسلامگەراییمان پێ‌دەناسێنێ. پێناسەی تایبەتیش لە سەر چەمکەکانی ئیسلامگەرایی و موسڵمانەتیی سیکولاریزم (عەلمانیەت) لە نێوان وتارەکەدا دەدرکێنم.

## ئیسلام و سیاسەت لەبەر تیشکی چەمکە گشتییەکان

ئەو چەمکانەی، ناڕاستەوخۆ سیاسەتیان لێ‌هەڵدەکرێندرێ، لە خانەی جیهانبینی و ئینساناسیی ئیسلامیدا کۆ بوونەتەوە؛ یەکەمیان، لەو مانا پڕ لق و پۆ و فرەڕەهەندانە کە یەکەمین بەردی بناغەی ئیسلامە چەمکی «تەوحید»ە کە سەردەکێشێتە فەرمانڕەوایی و «حکوومەتی خودا» واتە تێئۆکراسی، کە «مەودوودی» پێی وایە خوا لە ڕێگای «خەلافەت»ەوە هەموو ئینسانەکانی بە خەلیفەی خۆی داناوە، «حاکمیەت»ەکەی ئەسپاردووەتە خەڵکی موسڵمان کە ویستی خوا جێبەجێ دەکەن. کاک ئەحمەدی موفتی‌زادە دەڵێ خوا شۆڕا، واتە (اولی‌الامر)ی داناوە کە موسڵمانان پەیڕەویی لێ بکەن. دەرەنجامی ئیدەکەی ئەویش ئەبێتە «خودایی ـ مەردمی». یانی خەڵک لە ڕێگای شۆڕاوە فەرمانەکانی خوا بەڕێوە دەبەن. لە ڕوانگەی بیریارانی ئیسلامییەوە، پیاوانی ئایین، واتە مەلاکان، ناتوانن بە نێوی خودا حوکمات بکەن. سەید قوتب لە کتێبی «شەڕی ئیسلام و سەرمایەداری»دا (معرکه الاسلام و الرإسمالی) بیرۆکەی حکوومەتی «رجال الدین»ی هەڵوەشاندۆتەوە. لە ڕوانگەی بۆچوونی فەرمیی «اهل سنّت»، فەرمانی هیچ‌کەس نایەتە ڕیزی خودا و تاکی موسڵمان، هەروەک چۆن لە موناجات و پاڕانەوەدا «واسطە» ڕێ نادا (من نخواهم لطف حق با واسطە) لە بواری فەرمانە سەرەکییەکانیشدا، ڕاستەوخۆ فەرمان لە خودا وەردەگرێ و مەلا و شێخ و خەلیفە بە نوێنەری خوا نازانێ. هەڵبەت کەسانێک ڕێزپەڕ هەن نایەنە ئەژمار. ئەوە کە «فەقیهـ» جێنشینی ئیمامە لە نێو شیعەکاندا، ئیمامیش دانداوی خودایە، جۆرێک لە حکوومەتی پیاوانی ئایین پێناسە دەکا. بەڵام ڕیفۆرمخوازانی شیعە دەڵێن حکوومەتی ئێمە «مردم سالاریی دینی»یە کە بە جۆرێک نزیک بوونەوەیە لە ئەندێشەی دیموکراسی و ئەندێشەی سوننییەکان. زۆرێک لە بیریارانی ئیسلامی لەوچەمکەدا خوا لە بەرانبەری «طاغوت» پێناسە دەکەن و طاغوتیش بە دیکتاتۆرەکان و پیاوانی ئایینیی فریودەر وەردەگێڕنەوە. ئیقباڵی لاهووری، فەیلەسووف و شاعیر، هەروەهاعەلی

شەریعەتی، کۆمەڵناس، بۆچوونیان بۆ «تەوحید» بۆچوونێکی شۆڕشگێڕانەیە کە ئینسانەکان هەڵدەخرێنێ بەرەو ترۆکردن و بوغزاندنی «طاغوت». سەیدقوتب و ئەحمەدی موفتیزادەش ئەو بۆچوونەیان پەسەند کردووە. تەنانەت لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ز. لە ئێراندا تاقم و دەستەجاتێک هەبوون کە دەیانکوت حکوومەت و سەرمایە، ئی خودایە و لەوەرا داوای «کۆمەڵگای بێچینایەتیی تەوحیدی»یان دەکرد.

دووهەمیان، لەو مانا سەرەکییانە وشەی «قسط»ـە کە لە ئایەتی٢٥ی سوورەی حەدیددا، ناردنی هەموو پێغەمبەران بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەزانێ کە شۆڕشێکە لە ناخەوە دەست پێ دەکا و تا لووتکەی کۆمەڵگا هەمووی هەڵدەتەکێنێ. ئەحمەدی موفتیزادە دەڵێ:

بەرماڵ و بەرماڵ، دەرماڵ و دەرماڵ
پاش تەکاندنی ژوورهەڵتەکێنن

واتە: لە بەرماڵی نوێژەوە تا بنەماڵە تا کۆمەڵگا و تا دەربارەکانی حوکم تێکدەن، هەڵبەت پاش تەکاندنی ژوور، واتە ناخ و دەروون.

سێهەمیان، لەو مانا سەرەکییانە کە هەندێ لە ئیسلامگەراکانی سەردەم یان ڕۆشنبیران کردوویانەتە ئامێری بزواندن و هاندانی خەڵک و جۆرێک لە کۆمەڵناسیی چەپگەرایانەیان پێ بنیاد ناوە، وشەی «مستضعفین»ـە کە لە ئایەتی﴿وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ﴾[قصص/٥] مزگێنیی پێشەوایی و میراتگری سەر زەوییان پێدراوە و بۆ شۆڕشگێڕانی موسڵمان بانگەشەی گۆڕان و هەڵچەرخانی کۆمەڵگای پڕ لە نابەرابەری و چەوساندنەوەیە. موسڵمانانی ڕاقەکاری ئەو ئایەتە لە سەدەکانی پێشوویان دەیانبردەوە بۆ تێکهەڵچوونی مووسا و فیرعەون، یان دەیانچەسپاندە زەمانی هاتنی مەهدیی مژدەدراو. بەڵام لە سەردەمی سەدەی بیست، زۆر لە پیاوانی شۆڕشگێڕ، تەنانەت «چەپ»، عەوداڵ و هۆگری ئەو وشەگەلە بوون. تیوریی «انقلاب»یان لێ دەردەکێشا، ئاڵای شۆڕش دژی چەوسێنەرانیان پێ هەڵدەدا نەک موسڵمانەکان. «خسرو گلسرخی» لە ئێران، «عومەر اوزاغان» لە ئەلجەزایر، «مثالی حاج» هەر لە ئەلجەزایر و موجاهیدینی خەلق لە ئێران ئەو چەمکەیان خستە نێو دنیای «ئەدەبیات» و ڕۆشنبیرییەوە و کاک ئەحمەدی موفتیزادەش، لە سەرەتای شۆڕشی ئێران لە سەر پشتی کتێبەکانی دەینووسی «اسلام راستین، مکتب مبارزه».

لە ئایەتێکی دیکەی قورئان لە سوورەی نووردا هاتووە خوا وەعدەی داوە ئەگەر ئیمان و چاکەکاریتان ببێ؛ دەتانکەین بە جێداری ئەوانە وا هەن، دەسەڵاتتان دەدەینێ. لەو ئایەتەش لە وشەی «استخلاف» کەڵک وەرگیراوە کە دەتوانێ هۆی جووڵاندن و هاندان بێ بۆ ڕاماڵینی گەندەڵی و زوڵم و بیدینی لە خوێندنەوەی شۆڕشگێران و ئیسلامگەرایاندا و هەم ئەو وشە بریقەدارانە دەتوانێ گەنجانی شۆڕشگێڕ ڕاکێشێ و ئارمان و مانایەکیان بۆ خەبات پێبدا. ئەزانین ئەم چەمکە گشتییانە، تەنیا بەرچاوڕوونییەک دەبەخشن، ئەرکێکی دیاریکراو ناخەنە بەردەستی تاک و کۆمەڵی موسڵمان، بەڵام ئەوانە هەوێنی کاری دینی و ئامانجەکان دیاری دەکەن، باڵ بەسەر تەواوی ئەرکە دیاریکراوەکانیش لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەکێشن.

## ئیسلام و سیاسەت لە بەر تیشکی چەمکە تایبەتییەکاندا

تەنیا ئاماژە بە دە چەمک دەکەم کە هەموو بۆچوونێکی ئیسلامی دەیسەلمێنێ پێوەندییان بە سیاسەت و حکوومەتدارییەوە هەیەو نکۆڵییان لێ ناکرێ.

یەکەم: اولی الامر، لە قورئاندا لە سوورەی

نیسادا کوتراوە تەنیا لە سێ سەرچاوە گوێڕایەڵیتان هەبێ: خوا، ڕەسووڵی خوا و اولی الامر. خوا و ڕەسووڵی خوا لە دەیان جیگەی قورئاندا فەرمان بە گوێڕایەڵییان دراوە. مەبەست لێرەدا، گوێڕایەڵی لە «اولیالامر»ە لە جێگەیەکی دیکەشدا هاتووە کارەکان بگێڕنەوە بۆ لای «اولیالامر» با ئەوان ڕاوێژی لە سەر بدەن. لە سوورەی شووراْدا کوتراوە ئیمانداران کارەکانیان بە شووڕایە. زانایانی دینی لە زووەوە، ئەو دوو چەمکە واتە «اولیالامر» و « شووڕا»یان بە یەک زانیوە و نێویان ناوە «اهل الحل والعقد». واتە ئەوکەسانەی کاروباریان پێ جێبەجێ دەکرێ. بە تایبەت کاک ئەحمەدی موفتیزادە لە سەرئەو گوێڕایەڵییە لە «شووڕا» واتە «اولیالامر» زۆر پێداگری دەکا و تیوریی سیاسیی خۆی لە سەر ئەو بناغەیە ڕۆناوە. وەرگێڕاوی کوردیی «اولیالامر» دەبێتە کاربەدەستان. ئەو کاربەدەستانە دەبێ باوەڕپێکراوی موسڵمانان بن. دەبێ کۆمەڵێک بن، نەک تاکەکەس. دەبێ لە بارەی هەر شتێک دەدوێن؛ پسپۆڕی ئەو بابەتەیان تێدابێ. بۆ ئەو بابەتە دەکرێ پرس و مەسڵەحەت لەگەڵ غەیرە موسڵمانیش بکەن. ئەوە بە جێی خۆی کە دەبێ لە باری ئاینییەوە پسپۆڕیی تەواویان تێدابێ. مەرج نیە تاک تاکەیان هەموو لێوەشاوەییەکیان هەبێ، بەڵان کۆمەڵەکەیان دەبێ لێوەشاوەییی پڕبەپێستی ئەو کۆمەڵگایەیان هەبێ، تاکوو بتوانرێ پێیان بکوترێ «اهل حلّ و عقد». یانی قەیرانەکانی کۆمەڵگایان پێ چارەسەر بکرێ.

دەیجا چلۆن دەکرێ ئەو دامەزراوەیە«نهاد» inistitute کاری بە دەست نەبێ، تەنانەت لە لووتکەی دەسەڵاتیشدا نەبن؟ کەموکووڕییەکی گەورەیە. وەکوو لە سیستەمی پاشایەتیی سەرەڕۆ جارجار کۆڕێکی ڕاوێژکاری کارامەیان هەبووە. یا لە سیستەمی پاشایەتیی سنووردارردا(مشروطه) مەجلیسی قانووندانان(پارلمان) هەیە. یان لە کۆمارییە ڕیاسەتییەکاندا کە زۆربەی هێز و دەسەڵات لە دەستی سەرۆککۆماری هەڵبژاردەدایە. لە هەر سێ سیستەمدا ـ کەم و زۆر ـ کۆڕی ڕاوێژ(اولیالامر) لە لووتکەی دەسەڵاتدا نییە و کەموکووڕیی عەقڵی و شەرعیی هەیە. مەبەست ئەوەیە «اولیالامر» لە قورئاندا و لە زاراوەی زانایاندا بە هەر خوێندنەوەیەک ناکرێ دەسەڵاتی ڕامیاریی لە دەستدا نەبێ. بەڵان ئێستاچ ڕاڤەیەک لە سەر ئەو چەمکە کراوە و مێژووی موسڵمانان لە هەڵوێستی موسڵمانان سەبارەت بەو چەمکە چ بە ئێمە دەڵێ؟، بابەتی مژارێکی دیکەیە و برێکی لە سەر دەڕۆین. موسڵمانان ـ بێجگە لە کەمێک نەبێ ـ بە درێژاییی مێژووی ئیسلامی کۆکن لە سەر دەسەڵاتی «اولیالامر» و لە سەردەمی چوار خەلیفەکانی جێگری پێغەمبەردا بوونی هەبووە. دواتر پاشایەتی و سەرەڕویی و تۆقاندن و زۆرەملی بووە.

پرسیار ئەوەیە: دوای ئاڵوگۆڕی پاش چوار یاری نەبی، ئەو دەقە، واتە «اولیالامر» چلۆن لێکدانەوەی بۆ کراوە؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە موسڵمانان، دواتر مەلاکان، مانای ئەو دەقەیان گۆڕی. پلە بە پلە نزمیان کردەوە، بە سەر هەموو کەس و ناکەسێکیاندا بڕیوە. لە پێشدا «اولیالامر» کراوە بە تاکەکەسی و کوتراوە هەرکەسێک بە سەر وڵاتێکدا زاڵ بوو، دەبێتە «اولیالامر». کوتوویانە ئەوە حاکمێک نییە بە ڕەزا و بەیعەت هاتبێتە سەر کار، بەڵکوو «متغلّب»ـە، واتە زاڵبووە، بە ناچاری قەبووڵی دەکەین. نوێژیشی لە پشتەوە دەکەین «صَلّوا خَلفَ کُل بَرٍ وفَاجِرٍ» دوایە بوو بە خانەدانی و «وراثت»ی پشتاوپشت.

دواتر گوتوویانە ئەگەر زاڵمیش بێ، قەی ناکا. لە ئاکامدا گوتوویانە ئەگەر موسڵمانیش

نەبێ قەی ناکا، زوڵمەکەشی لەوێ راوەستێ. هەر وەک لە سەردەمی مەغوولەکان و ئیسماعیلییەکان سەریان وە بەر پادشا مەغوولە بوتپەرەستەکان و خەلیفە «فاطمیە» داهێنا.

لەم رۆژانەدا یەکیەتیی زانایانی کوردستان، رایانگەیاند راگرتنی نوێژی «جومعە» ـ کە فەرزی سەرشانی تاقەتاقەی موسڵمانانە ـ لە عۆدەی «امام اکبر»دایە کە سەرۆکی هەرێمە. ئەم مانایە هەر هاتووە نزم بۆتەوە تا کوردی فەقیریش بەشی تێ کەوت. ئەم مانا گۆرینە لە لایەکەوە لادانە لە مانا ئەسڵییەکە، لە لایەکیش را مامەڵەیە لەگەڵ واقیعدا. چونکە حاڵ و هەوای کۆمەڵگا و مرۆڤەکان جاری وایە تابشتی ئەوەیان نییە دەقە دینییەکان وەک خۆی بەرێوە بەرن، لە کاتێکیشدا موسڵمانن. بەڵام ئەرکی پێشەوایانی موسڵمان و زانایانی دینی ئەوە بوو، باری مەسڵەحەتی کۆمەڵگا و باری دەقە دینییەکان هەردووک رەچاو بکەن. مانای دەقەکانیان نەگۆریبا، ناچاری و«اضطرار»ی شەرعیشیان شی کردبایەوە.

ئەو لارەولارە و هەڵسوکەوتە ئەوە دەگەیێنێ کە موسڵمانان لە هیچ کاتێکدا دەستبەرداری دەقە شەرعییەکان نەبوون، جا بە راست یا درۆ، دەقە شەرعییەکانیان هەربە دووی خۆیاندا راکێشاوە. ئەگەر نەکرا عەبای «اولی الامر» بە سەر شانی کۆمەڵ و تاکی شیاودا بدرێ، هەر نەبێ بە سەر شانی زرەموسڵمان و بێخەبەر لە دین و تەنانەت ناموسڵمانیدا بدەی چاترە. جارجار موسڵمانان بۆخۆیان سیکۆلاریزمیان رەچاو کردووە، بەڵان چارشێویکی دینییان هەر بەسەردا داوە و کورد گوتەنی: شەرع لەگەڵ مەلا و عورف لەگەڵ ئاغا. ئەو هەڵوێستە زۆرکات لەبەر ناچاری و مامەڵە لەگەڵ واقیعدا رووی داوە، بەڵام هەموو زانایەکی وردبین و موسڵمانی بە راستی پێی ملزەم نابێ. ئەوەی لەسەر «اولی‌الامر» ماوە بگوترێ، ئەوەیە «کۆری راوێژ» دەقە دینییەکانیان لەبەر چاوە، بەڵام لە زۆرتری بیرکردنەوە و بریاریاندا پێداویستییەکانی کۆمەڵگایان پتر لەبەرچاوە و بریاری کارناسانە دەدەن، هەر وەک لە ئیسلامدا هاتووە، شوورا لە جێگایەکدا خاوەن بریارە کە لەوێدا دین دەقێکی ئاشکرای نییە. کە وا بێ تاقیکاری و عاقڵاندن و عورف و عەلمانییەت، لە ناخی شوورای دینی واتە «اولی‌الامر»دا شوێنی بۆ تەرخان کراوە، نەک کۆری راوێژ بریارێکی تەواو رەها و بێ لەبەرچاوگرتنی دەقە دینییەکان دەرکا، وەک لە رێژیمە سیکۆلارەکاندا وایە.

دووهەم «اطاعت»: ئەو چەمکە کە لە ناو هەموو بۆچوونەکان سەلمێزاوە، پێوەندیی بە «سیاسەت»ەوە هەیە، وەک چەمکی «اولی‌الامر» گۆرانی زۆری بە سەردا هاتووە. «اطاعت» لە کێ و لە چیدا؟ هەروەک لە چەمکی پێشوودا باس کرا، بە پێی دەقی قورئان «اطاعت» هەر لەو سێ سەرچاوە سەرەکیەدایە: خوا، رەسووڵی خوا وکاربەدەستان کە بە گوێرەی بایەخ لە ئایەتەکەدا ریزبەندی کراون. کاتێک کۆمەڵی کاربەدەستان بە درێژایی سەدەکانی رابردوو، بوو بە تاکەکەسی و بنەماڵەیی و میراتی، «اطاعت» بۆ ئەوانیش بە هەمان دەستوور دەکار کرا. کاتێک حوکمرانی لە ئیسلامدا لە راوێژەوە گۆرا بەرەو سەرەرۆیی، «اطاعت» لە شاهانی خوێنرێژ و گەزمە و دارۆغە و قولەمیرەکانیش بوو بە یاسا، پینە و پەرۆ و «حیلە شەرعی»ی مەلایانیش بوو بە یاریکار. هەرچی کردیان و چەندە خوێنیان رشت و چەندی ئابروویان تکاند و ناموسیان ئەتک کرد، نەکەن لێیان هەڵبەزنەوە، مەبادا وڵات بشێوێ، مادام رێگەی نوێژتان لێ ناگرن و کوفری ئاشکرا ناکەن، هەر سەر داخەن و چاو بقوچێنن. پیاوێکی

موسـڵمانە و دڵی قوبوڵ نـاکا؛ دەتوانێ لە کاری بێ شـەرعیدا لە حاکمان«اطاعت» و گەردنکەچیی نەبێ، بەرات و مووچەیان لێ وەرنەگرێ، یان ئەگەر لە کوشتن ناترسێ؛ دەتوانی بە زمـان ئامۆژگارییان بکا و ئەگەر کوژرا شـەهیدە. بەڵام زانایانی لە خواترس لـە هەمبەر ئەو«اطاعت»ـە بێ سـنوورە کە لە ڕەوایەتەکاندا هاتووە (حەد)ێکی دیکەیان قـوت کردووەتەوە: «لا طاعـة لمخلوق فی معلیـة الخالق» کـە هەڵوێسـتێکی بڕێک بەرگـرە بەرانبەر زاڵمـەکان و گەندەڵەکان. دەردەکەوێ کە چەمکـی گوێڕایەڵی وەک چەمکی «اولی‌الامر» ملی بۆ سازشت ڕاکێشاوە. جا هەموو ئەو سازشـە بە بـاری نەرێنی و لە ژێر گوشـاری زاڵمەکان و خەنجەرداران نەبووە، جاری واش بووە بە تێبینیی عاقڵانە و بە سەلماندنی واقیع بوو. کاروباری دینیان لەگـەڵ کاروباری زانسـتی و ئەزموونکارانە جیـا کردووەتـەوە. گوێڕایەڵییەکەیـان خسـتووەتە ئەم بارەشـەوە. بۆیە زۆرێک لە زانایـان گوێڕایەڵـی بۆ کابرای پزیشـک و سەنعەتکار و تاجر و ڕیازیزان(بیرکار)یان بە فەرز زانیوە، لە ڕیزی «اولی‌الامر»یان داناون. چونکە پێغەمبەری ئیسـلامیش لەو بوارەدا فەرموویەتـی: «ئێوە بۆ دنیای خۆتان لە من شـارەزاترن.» و ئەگەر هاتبێتە سەر عورف و عادەت و تاقیکاری؛ پێغەمبەر (د. خ) قسەی پسپۆڕانی کردووەتە سەرچاوە.

لە کۆتاییی ئەو باسەدا ـ هەروەک کوتمان ـ چەمکـی «اطاعت» زۆرتر بـۆ گوێڕایەڵیی فەرمانـی فەرمانـداران دەکار هێنـراوە. لە بەرانبـەری «خـروج» واتـە بەرهەڵسـتی خوێناویدا هاتووە. پاسـاو و پینەیان بۆ ئەو «اطاعت»ـە ئەوە بـووە کوتوویانە با هەرجو و مەرج پەیدا نەبێ «سـلطان غشـوم خیرٌ مـن فتنة تـدوم» واتـە: سـوڵتانی زاڵم لە تێکەولێکەی درێژەدار چاترە. جا چەندی لە ژێـر کاریگەریی کۆیلایەتیدا بووبێ، چەندی لە ژێـری و واقیعبینیی بەهـرەدار بووبێ، شوێن و کات دەزانێ.

لـە بەهـاری عەرەبیـی چەند سـاڵ لەمەوبەر لە سەر ئەو سەرهەڵدانانەی دژ بە دیکتاتۆرە عەرەبەکان کرا، زانایانی نەریتخواز لـە سـەلەفی و لایەنگرانـی مەزهەبەکان لە بەرانبـەری زانایانی گۆڕانخواز وێسـتان و هەندێـک دمەتەقە و پێکهەڵشـاخان لە ئاستی ئیسلامییەکاندا هاتەگۆڕێ.

سێهەم:چەمکی «ولاء» واتە دۆستایەتی، هاوپەیمانی، هاوپشـتی کـە ئەبێ لە نێوان ئیماندارانـدا هەبێ. دەیـان ئایە و حەدیس ئەو خەسڵەتە لە نێو موسڵمانان دەسەلمێنێ. چ ژن و چ پیـاوی ئیمانـدار، دەبـێ ئـەو هەڵوێسـتەیان هەبێ. خۆ ئەزانین «ولاء» کە پێچەوانـەی «براء»ە هەرچۆنێکی حیسـاب کـەی، چەمکێکـی سیاسـییە، وەک ئەوە وایە ئیسـلام لایەنگرانی خۆی، لە بازنەیەک دەهاوێ، دوژمنەکانیشـی لە بازنەیەکی تر. دەبێ لەگەڵ بازنەی یەکەم «ولاء» هەبێ، لە بەرانبەری بازنەی دووهەمیش «براء» هەبێ. بەڵام ئیسـلام بە پێی سـوورەی «ممتحنە» ڕێگـر نیە بـۆ چاکەکـردن و دادگەری و خۆرێکخسـتن لەگـەڵ ئینسـانە غەیـرە موسـڵمانەکان کە شـەڕیان نییە لەگەڵت. ئیسـلام ئازادیی بیروڕای سەلماندووە، هەر چەند لە سەر سنووری ئەو ئازادییە قرموقاڵ زۆر هەیە و لە بەینی موسڵمانانی شوێنگری ڕێگای گوتراوی سـەدەکانی ڕابردوو لەگەڵ موسڵمانانی ڕچەشـکێنی هاوعەسری ئێمە، هەرا بەرزە.

شـوێنکەوتوانی سـەدەکانی پێشـوو، لایەنگرانی مەزهەبە فیقهییەکان و سەرجەم کتێبـە حەدیسـەکان دەڵێـن کەسـێک ئەهلی کتێب بێ، واتە جوولەکە، نسـاری و مەجووسـی، بۆی هەیە نەیەتـە نێو بازنەی ئیسلامەوە و لە ژێر حوکمی ئیسلامدا ژیان و دارایی و نامووسی پارێزراوە، بەو شەرتەی

دژی ئیسلام پڕۆپاگەندا نەکا. بەڵام ئەگەر هاتە نێو بازنەکەوە؛ نابێ بچێتە دەرێ. ئەگەر بچێتە دەرێ و چوونەدەرەکەشی ڕاگەیاند؛ دەبێ تۆبەی دابدرێ. ئەگەریش تۆبەی نەکرد؛ دەکوژرێ.

موسڵمانانی ڕەچەشکێنی ئێستا دەڵێن چوونەژووری و هاتنەدەریی کەسەکان لە بازنەی ئیسلامدا هیچ زۆرییەکی تێدا نییە. بە بڕوای ئەوان بازنەی ئیسلام و بازنەکانی تر وەک شارۆمەندێک هەریەک بە پێی ئایین و مەرامی خۆیان لە جەغزی دیاریکراوی خۆیاندا دەژین و جیرانەتیی یەکتر قەبووڵ دەکەن بە پێی پەیمانی نێوانیان لە دەرەوەی بازنەکەی خۆیان هەڵدەسووڕێن. بۆ ئەو جۆرە موسڵمانانە «مەنشووری مەدینە» وەک یاسای بنەڕەتیی وێنای کۆمەڵی ئارمانیی ئەوانە.

چوارەم: چەمکی جیهاد. ئەو چەمکە بە بانگەواز هاوار دەکا ئیسلام ئایینی خەباتە. بانگەشەی دژە کافر و دژە زاڵم دەکا. بەو حاڵەوە ناکرێ سەبارەت بە دەسەڵات بێدەنگ بێ، چونکە ئەوانەی حەول دەدەن دەسەڵات بڕوخێنن، دەسەڵاتیش بەرپا دەکەن. بەڵان ئەوندەی جیهاد لە لایەن شۆڕشگێڕان و لە ئاستی دەقەکانی قورئان و حەدیس، دەروشاوە و دڵڕفێن و پیرۆزە، ئەوندەش لە لایەن خەڵکی غەیرە موسڵمان و لە لایەن کەمینەکانی نێو موسڵمانان زراوتۆقێن و بێڕوحمانەیە. هۆی ئەوەش هەڵچوون و تەڕاتێنی ئەو سی ـ چل ساڵەی گرووپە توندئاژۆکانە بە ناوی جیهادی کە لە نیجریە ڕا هەتا ئەندونیزیا، مۆری ئاکاری خۆیانیان لەسەر نەخشەی زەوی داوە.

ڕاستی ئەوەیە لە سەدەکانی پێشوو، مەزهەبەکانی ئیسلام ڕچەیەکیان بۆ داهاتووان داداوە، وەک هەموو بیرۆکە عورفی و فەلسەفی و مەزهەبییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست و پێش ئەوانیش. ئیسلامێک کە باسیان لێ کردووە، قازانجی گشتیی بەشەر و ئینسانەکانی بەبێ جیاوازیی مەزهەب و ڕەنگ و نەژاد، ڕەچاو نەکردووە. تا ڕادەیەکیش تاوانیان نەبووە، چونکە وەبەر هێرشی خاچپەرستانی دەمار گرژ و مەغوولە خوێنڕێژەکان کەوتبوون. ئەمانیش با وەکوو هەڵگری دینێکی ئەخلاقی و ئینسانذۆست و عەداڵەتپەروەری ئاسمانی بوون، کەم و زۆر چاویان لە دنیای دەوروبەر دەبڕی، هەمان بۆچوون و کردەوەی دنیای سەردەمی خۆیانیان لە خۆیان حەشار دابوو، نێو بە نێو ئەوەی کە مێشک و ناخیان پێی هۆگر بوو سەبارەت بە خۆیی و بێگانە دەیاندا دەرێ. گەورەکان لە سەدەکانی پێشوو ئاویان ڕشتووە، داهاتووە توندڕەوەکانی سەردەمی ئێمەش پێیان ڕێخستووە. ئێستا دوور لە تەمتومانی سەدەکانی ڕابردوو بە زەین و هۆشێکی ئازاد کە ئەو چەمکە تاوتۆی دەکەین، لێمان ڕوون دەبێتەوە جیهاد بە مانای کۆشین و تەقالا، مانایەکی پەرگیرتر و هەراوتری لە «قتال» هەیە. بە هەر هەوڵ و تەقالایەک بۆ پەرە ئەستاندنی دین و سەرخستنی ئیسلام و موسڵمانان دەکوترێ، مەرج نییە هەر لە ڕێگای شەڕەوە بێ. بە پێی دەقی پیرۆزی قورئان «قتال»یش ـ کە مانای تایبەتی جیهادە ـ دەبێ لە بەرانبەری «زوڵم»دابێ: «أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا» دەبێ لە بەرانبەری «عدوان»دا بێ: «فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ» ئاخرین دەرکەوتەی مانای ئەو چەمکە لەلای زانایانی ڕچەشکێن لە ڕووی قورئان و ڕەوشتی پێغەمبەر (د. خ) هەر بەرگرییە، یان ڕزگاریدەرە. ئەو ئەرکە شەرعییەش لە نیزامی حقوقیی ئیسلامیدا بە واجبێکی «کفائی» و «عینی» داندراوە، واتە ئەگەر تاقمێک ئەنجامیان دا، لە کۆڵ باقی دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بەوە باشاری نەکرا لە سەر هەموو کەس واجبە. لە هەر

دوو بیروباوەڕی ڕچەشكێن و نەریتخواز دەكرێ ڕاڤەی لەسەر بكرێ. ڕێگایەكیش لە زووەوە بۆ پشك تێكەوتنی عورف لەو ئەركە شەرعییە دۆزراوەتەوە، ئەویش ڕاگەیاندنی جیهاد بە دەست خەلیفەی شەرعی یان زرەخەلیفە یان پادشا و سوڵتانە و بەو ڕاگەیاندنە دەكوترێ «نفیر عام». ئەو چەمكە تا ڕادەیەک هەڵوێستی نەریتخوازان و جیهادییەكانی ئەوڕۆ لێک جیا دەكاتەوە. جیهاد لە بەلبەشۆ و تێكەوڵیکە دەپارێزێ.

پێنجەم : چەمكی «امر بالمعروف والنهي عن المنكر» ئەمر بە چاكە و نەهی لە خراپە، دەستوورێكی حاشا هەڵنەگری دینییە كە دەیان ئایە و حەدیس پشتیان گرتووە. بە گوێرەی كەسەكان و هەلومەرج، زۆر جار بە واجب دەگەڕێ. ئاشكرایە بەڕێوەبردنی ئەو ئەركە شەرعییە سەر دەكێشێتە خۆتێهەڵقوتاندن لە كاروباری سیاسەت و ئەنگاوتنی لووتكەی دەسەڵات. بەڵام بەڕێوەبردنی بەشی دووهەم لەو ئەركەشەرعییە، واتە «النهي عن المنكر» زۆری شەرت و مەرج بۆ داندراوە. ئەو ئەركە مەدەنییە زۆر جار لە وڵاتانێک وەک ئێران، عەرەبستان و ئەفغانستانی دەورەی «تاڵبان» بووەتە هۆی ئازار و جارز بوونی هاووڵاتییان. لە ڕاستیدا پێشی ئازادییە تاكەكەسییەكان، كەمینەی غەیرە موسڵمان و موسڵمانی نابەدڵ دەگرن. دەشكرێ لە بەر تیشكی ئەو چەمكە كۆمەڵێكی زیندووی ڕەخنەگر بێتە كایەوە، ڕاستەوڕاست نەخشی بڵاڤۆكەكان و میدیاكان بە خۆوە بگرێ. ئەو چەمكە لە بواری پراكتیزەكردن، دوو جەمسەری یەكجار دژ بە یەک دەگرێتەوە. مەبەست ئەوەیە ـ وەک باس كرا ـ ئەو چەمكە بێگومان سەر دەكێشێتە گۆڕەپانی سیاسەت، جا ئەمجار ئەگەر موسڵمانێكی شارەزا لە چۆنیەتیی كۆمەڵگای سەردەم بەڕێوەبەری ئەم ئەركە دینییە بێ؛ لایەنێكی ڕەخنەی بنیاتنەر و هاروژاندنی كۆمەڵگا بۆ بەرهەڵستی حكوومەتەكانی لادەر وەخۆ دەگرێ. ئەینا دەبێتە شەرە قسەی ئیسلام و نائیسلام، كۆمەڵگا دەكا بە دوو بەرەی پێکهەڵنەكردوو، نەک تەواوكەری یەكتری.

لە كۆتاییی ئەو باسەدا پێویستە بگوترێ ئەم چەمكە لە ئامۆژگارییەكی دۆستانە بۆ كارێكی بچووک كردن یا نەكردن یان ڕەچاوكردنی شێوازێكی جوانی ئەخلاقییەوە دەس پێدەكا تا دەگاتە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی.

چەمكی شەشەم: «إقامة الحدود» یەكێک لەو چەمكانە كە لە قورئان یا حەدیسی سەلمێزاودا هاتووە«حەددە» كە لە سەر چەن سزایەكی كۆمەڵایەتی داندراوە. بۆیە پێی دەكوترێ «حد» كە نابێ تاكی موسڵمان لێیان تێپەڕێ، ئەو «حەددە»انە سنوورێكن كە خودا و كۆمەڵگای موسڵمانان دایاناون و هەركەس بیانبەزێنێ، دەبێ سزا بدرێ. ئەو سزایانە ـ كە لانی كەم پێنجیان لە قورئاندا هاتوون و ئەوانی كە لە حەدیسدا هاتوون ـ لە هەموو كتێبە مەزهەبییەكان فەسڵ و بابی تایبەتیان بۆ تەرخان كراوە.

«قیساس» واتە كوشتنی كەسێک لە بری كوشتنی كەسێكی دی یان بریندارکردنەوەی كەسێک لە بری بریندار كردنی كەسێكی دی.

«زنا» لێدانی سەد دار لە كەسێک تووشی دەست درێژیی جینسی بووبێ.

«قذف» كەسێک تۆمەتی زینا لە پیاوێک یا ژنێک بدا، هەشتا داری لێدەدرێ.

«سرقة» بڕینی دەستی كەسێک دزی بكا، چ پیاو چ ژن.

«محاربة» كەسێک یا كەسانێک بە شێوەی ڕێگری و یاغی بوون كەسێک یان كەسانێک بكوژن؛ دەكوژرێنەوە، ئەگەر دەست و لاق ببڕن؛ دەست و لاقیان دەبڕدرێتەوە و ئەگەر دەستیان بە ڕێگری و یاغیبوون كردبێ،

بەڵام کەسیان نەکوشتبێ؛ دوور دەخرێنەوە.
ئەم پێنج حەددە لە قورئاندا هاتوون.

چوار حەددیش کە لە حەدیسەکاندا هاتوون، ئەمانەن:

«رجم»، بەردەبارانکردنی ژنێک یان پیاوێک کە سەرجێیی کەسێکی‌تری کردبێت و ئەو کەسە بە پێی شەرع لێی حەلاڵ نەبێت و لە کاتێکدا هاوسەریان هەبووبێ.

«مرتد» کوشتنی کەسێک لە دین وەرگەڕابێ.

ئەو دوو حەددە لە لایەن هێندێک لە زانایانی هاوچەرخەوە بە حوکمی ئەوەی کە لەگەڵ هەندێک ئایەتی قورئان ناکۆکن، ڕەد کراونەوە، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆری کتێبە مەزهەبییەکاندا هاتوون.

«شارب الخمر» لێدانی هەشتا دار لەو کەسەی شەڕابی حەرام کراوی مەستی هێنەر بخواتەوە.

«اللواط» تەنبێ کردن یا کوشتنی دوو پیاو یا دوو ژن کە پێکەوە تێکەڵاویی جینسییان هەبێ. لە نێوان کوشتن یا تەنبێ کردن یا دوورخرانەوە، لە بەینی زانایاندا ڕای جیا جیا هەیە.

ئەو حەدد و سنوورانە لە حەدیسدا باس کراون، هێندێک بە «تعزیر»یان داناوە کە دەبێ سزاکەیان لە حەدد کەمتر بێ.

بەڕێوەبردنی ئەو حوکمە شەرعییانە کە هەندێکیان بە تەواوی بەڵگەی شەرعییان لە سەرە و هەندێکیان جێگای دمەتەقە و ڕاڕایەنە، لەو کاتەوە حکوومەتە عورفییەکان هاتوونە سەر کار، مشتومڕی سەختیان لەسەرە. کەسانێک کە بەدیهاتنی کۆمەڵگەی ئیسلامی تەواویان لێبووەتە خەیاڵ و خولیا، ئەم یاسا سزاکارییانەشیان هەڵپەساردووە، لە هەندێک حکوومەتیش وەک ئێران و تالیبانی ئەفغانستان و عەرەبستانی سعوودی، ئەو سزایانەیان هەندێک شل کردووەتەوە، بەڵام وازیان لێ نەهێناون.

هەندێک لە بیریارانی ئیسلامی چەسپاندنی ئەو سزایانە بەسەر تاوانکارەکان بەرانبەری بنەماکانی ئیسلامی بە ڕەوا نازانن، چونکە پێیان وایە ئەو سزایانە ـ ئەوانەش وا هیچ گومانێکیان لە سەر نیە ـ وەختێک ڕەوا و شەرعییە کە سەرتاپای کۆمەڵگا و حکوومەت وێکڕا یاساکانی ئیسلام بەڕێوە بەرن، ئەنیا ئەوە کوت و پچڕکردن و ناشیرن‌کردنی ئیسلامە.

لە سەردەمی دەرکردنی «بنی صدر»لە سەر حوکمی سەرۆک کۆماری، «جەبهەی میللی» بە دژی دەرکردنی «لایحە قصاص» لە لایەن شووڕای عالیی قەزاییی ئێران، ڕێپێوانی ئیعتیرازیی ڕاگەیاند و ئایەتوڵڵا خومەینی دژایەتیی لایحەی قیساسی بە «ارتداد» واتە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، لەقەڵەمدا. لەو کاتە هەستیار و ناسکەدا کاک ئەحمەدی موفتی‌زادە بوێرانە وتارێکی دا بە ڕۆژنامەی «جاما» ئەویش بوێرانە چاپی کرد کە: کاتێک «حقوق» بە تەواوی نەدرێ، ناکرێ «حدود» پیادە بکرێ. کاتێک حکوومەتی جەمهووریی ئیسلامی خۆی لە ڕێگای بانکەکانییەوە «ربا» وەردەگرێ، چۆن بڕینی دەستی دزێک کە لەبەر داماوی دزی دەکا دروستە؟! کاتێک بۆ ئەو قانوونە بەیعەت وەرنەگیراوە، واتە ریفراندۆم نەکراوە، چۆن دەکرێ ئەو قانوونانە کە زۆربەی خەڵکی موسڵمانی ئێران و حوقوقدانەکان پێی ڕازی نین، دەکرێ پیادە بکرێ؟! ئەوەمان لە بیر نەچێ زۆربەی زانایانی سوننەتی لە مەدرەسە نەریتییەکانی ئیسلامی لە نێو شیعە و سوننی، ئەو حوکمانەیان چ لە قورئاندا هاتبێ چ لە سوننەتدا، بە بێ بژار وەک خۆی وەردەگرن، بەڵان ئەوانیش بۆ قانوونیکردنیان لە کۆمەڵگەی ئێستادا، باوەڕیان بە تێبینی و هەڵسەنگاندن هەیە.

لە دنیای نوێدا کۆمەڵگاکان لە بنیات

ڕا ئیسلام و زانایانی ئیسلامییان وەک تاقە سەرچاوە ڕەچاو نەکردووە.

ئەگەر «مستحیل» نەبێ؛ بەڵام زۆر چەتوونە: ١ ئەو سیستەمە بە چاکی تاقی نەکراوەتەوە و وێنەی سەقەتی لێ خراوەتە ڕوو. مافناسانی ناپسپۆڕ لە سیستەمی ماف و دادی ئیسلامی و مافناسانی نێونەتەوەیی ناچنە ژێر باری ئەو سیستەمە نامۆیە. ٢ چونکە کۆمەڵگە لە سەر ئیمان و ئەخلاق ڕانەهاتووە، ئەو سزایانە نابنە پێشگر لە دیاردەی تاوانباری و پێشێلکاریی مافی کۆمەڵگە.

لە نێو بیریارانی ناو موسڵمانان، تەنیا ئەوانە وا یاساکانی سزادان، یاساکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یاساکانی ئابووری و شەڕ و ئاشتی و لەو شێوانەیان پێ مێژوویی و بەستراو بە کۆمەڵگەی عەرەبی سەدری ئیسلامەوەیە، تەنیا ئەوانە هەڵگرتنی یەکجاریی ئەو سزایانەیان بە لاوە ئاساییە.

باقیی بیریاران ـ چ ئەوانەی تا هەلومەرجی ڕەخساو ئەو سزایانە ڕادەگرن، چ ئەوانەی داکۆکی دەکەن لەسەر بەڕێوەبردنیان ـ ناتوانن خۆ ببوێرن لەو حەددانە، لانی کەم ئەوانە وا لە قورئاندان. ئەوەش بەو مانایە نییە سیستەمی دادوەریی ئیسلامی هەر لەسەر ئەو چەند چەمکە ڕۆنراوە، لەوانە بەولاوە زانایان «اجتهاد» دەکەن تەنانەت قانوونی باش و گونجاو لە هەندەران دێنن.

ئەو بیریارانەش قەڵەمی سووریان بەسەر ئەو «حەدد»انەدا کێشاوە - با لە دەقی قورئانیشدا هاتبێ ـ بەڵگەیان بۆ ئەو بەشە لە دین کە نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات، تەنانەت ئەخلاق، تەوحید و ڕۆژی پەسڵان لە خۆیان دەگرن چییە، جگە لەوە لە دەقی قورئاندا هاتوون؟! پاشی ئەوەش ئەو دابەشکارییە لە دیندا کێ کردوویەتی؟ بە قسەی کێ بەشێک لە دین کە لە قورئاندا هاتووە یاسای ئەبەدییە و نەگۆڕە و بەشێکی دیکە بە گوێرەی زەمان دەگۆڕێ؟! ئایا لە قورئاندا فەرمانەکانی خودا کراون بە دووبەش؛ بەشێکیان هەردەبێ وەرگیرێ وبەشێکیان دەبێ بۆ هەمیشە هەڵپەسێردرێ؟!

وەک وتمان زانایانی سەردەم تا ئێرە هاتوون کە هەندێک لە یاسای سزادان و یاسای ئابووری و سیاسیی ئیسلام دەکرێ بۆ ماوەیەکی نادیار ڕاگیرێ، نەک بۆ هەمیشە دەستی لێ هەڵگرێ، بەڵام شەریعەتی ئیسلامی واقیع دەسەلمێنێ. برێک شت هەبوون لە پێشوودا بەڕێوە چوون، بەڵام ئێستا بۆ هەمیشە دەستیان لێهەڵدەگیرێ، ئەویش «اجتهاد»ی زانایان ڕوونیان کردووەتەوە، وەک بوونی غوڵام و کەنیز لە سەدەکانی پێشوو، بە وتەی زانایانی سەردەم بۆ ئەو بابەتەی دوایی لە قورئان و حەدیسدا ڕێگای هەڵگرتنیان کێشراوە، بەڵان ئەو بابەتانەی لەو چەمکانەدا باس کراون، بە تایبەت ئەو پێنج خاڵەی هەوڵی پێداگرییان لەسەر کراوە بەڕێوەیان بەرن: «تِلْکَ حُدُودُ اللهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا»«ئەوانە سنووری دانراوی خودان؛ مەیانبەزێنن.» «وَلَکُمْ فِی الْقِصَاصِ حَیَاةٌ» «تۆڵەئەستاندنە، بۆ ئێوە ژیانە» و «وَلَا تَأْخُذْکُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِی دِینِ اللهِ» «لە ڕێگای تەنبێ کردنی داوێنپیسان، ڕوحم و بەزەیی نەتانگرێ.»

حەوتەم: چەمکی «اخر الصدقات»«خُذْ مِنْ أَمْوالِهِمْ لَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ و تُزَکِّیهِمْ بِهَا». . «إِنَّمَا الصَدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ و الْمَسَاکِینِ و ... »

هەر وەک لە بارەی سیستەمی دادوەرییەوە کوترا، سیستەمیماڵییش پەیوەندیی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە. یەکێک لە ئەرکەکانی سەر شانی هەر موسڵمانێک کە لە پێنج ڕوکنەی ئیسلام دێتە ئەژمار، ئەوەیە کە زەکاتی ماڵی ـ نەک بە خۆشی ـ بە زۆری حکوومەتی لێی وەرگیرێ، بدرێ بە کەسانێ کەم دەست و. . . کە هەشت دەستەن لە قورئاندا

نێویان براوە. دیارە ئەگەر حکوومەتێک بۆ موسڵمانان نەبێ، دامودەزگایەک نەبێ، ئەو ئەرکەی سەرشانی موسڵمان و ئەو ڕوکنە ئیسلامییە چۆن دێتە جێ؟! دیارە ئەورۆ ئەو ئەرکە بە سەروگوێ قرتاوی بەستە بە مەیلی هەر موسڵمانێک وەک خێر و خێراتێک بەڕێوە دەچێ. بەڵام ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو فەرزە ئیسلامییە ئەوەیە کە بۆ دابەشکردنی داهاتی کۆمەڵگەیە، بەرزی و نزمیی چینایەتی نێو کۆمەڵگەی پێ هەموار بکرێ. هەر لەبەر ئەوە ئەو دابەشکردنە کاری دەسەڵاتی سیاسییە لە ئایەتەکەشدا کوتراوە مووچەی بەڕێوەبەرانی ئەو ئەرکە لە لایەن حکوومەتەوە دەبێ هەر لەو داهاتی زەکاتە بدرێ. چونکە ئەوان زەحمەتی گەیاندنی ئەو داراییە بە ئەوانەی شیاوی وەرگرتنی زەکاتن بە ئەستۆوە دەگرن. لە بەر نەبوونی ئەو نەزم ونیزامەیە کە خەڵکی موسڵمان بۆ خۆیان ئەو ئەرکە بە کەموکووڕی ئەنجام دەدەن. کە وابێ، هەروەک لە دەقی قورئاندا هاتووە، لە سەرەتای ئیسلامیش بەڕێوە چووە، یەکێک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە نێو موسڵمانان وەرگرتنی ئەو بەشەماڵە لە دەوڵەمەندانە ـ نە بە خواهیش، بەڵکوو بە تۆپزی ـ وەک ماڵیاتێک ئەورۆ دەوڵەتەکان وەریدەگرن. لە سەر ئەو چەمکەش قرە و کێشەی مەلایان زۆرە. زۆرێک لە سەرچاوەی داهات ئێستا پەیدا بووە بۆ ئەوە دەبێ زەکاتی بخرێتە سەر و لە سەردەمانی پێشوودا نەبووە. لە بەر ئەوە زانایانی سەردەم پێچەوانەی زانایانی پێداگر لە سەر ڕچەی زانایانی پێشوو، باوەڕیان وایە دامودەزگای ماڵی، «زەکات» و «صدقات» بکەن بە سیستەمێکی دادپەروەرانەی ماڵی بە ناوی «تکافل الاجتماعی».

بە هەر جۆرێک بڕوانینە مەسەلەی زەکات و سەدەقات، جۆرێک لە دەست تێوەردانی دین، بە هاوکاریی دەوڵەت، لە کاروباری دابەشکردنی زیادیی داهات و سەرەشکێنەی ماڵ و دەوڵەتی دەوڵەمەندان، بە قازانجی کەمینە کەم توانا و لە دەست و دووکەوتووەکان دەبینین.

کە وابێ، دین لە سەر هاوکاریی دەوڵەمەند و فەقیر و لەناوچوونی ڕقەبەرایەتیی بەینیان نەخشەی داڕێژراوی هەیە. ئەو ئەرکە دینییە کە پاش نوێژ ـ گەورەترین«عیبادەت»ـە ـ لە کەوشەنی تاکەکەسی دەچێتە دەرێ، واریدی کەوشەنی کۆمەڵایەتی دەبێ. دەسەڵاتی دامەزراوی نێو موسڵمانان لەسەری فەرزە ئەو ئەرکە لە ڕێی دامودەزگاکانییەوە جێبەجێ بکا. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی وڵات لەو ئەرکە نکۆڵیی کرد؛ جا ئەمجار تاکەکان بۆخۆیان دەس بە کار دەبن بۆ گەیاندنی ئەو مافە ڕەوا دینییە بە نەداران، کەم دەسەڵاتان، پەککەوتووەکان، داواکاران، بەندکراوان و لە ژێر قەرز کەوتووەکان و ڕزگارکردنی کوێلەکان و. . . کە لە ئایەتی ٦٠ی سوورەی تۆبەدا هاتووە.

هەشتەم: چەمکی «امت» یەکێکە لەو چەمکانەی جەماعەتی ئیمانداری موسڵمان وێنا دەکەن. ئەو موسڵمانانەی قەوارەی سیاسیی هەڵقوڵاوی نێو جەرگەی خۆیان بەسەریان ڕادەگا، پێیان دەگوترێ «امّت». ئەو چەمکە ناوەڕۆکێکی بەرفراوانتری لە نەتەوە و زمان و تیرە وتایەفە هەیە. بە واتای کۆمەڵێکی هاوعەقیدە و هاودین دێت کە بەرەو ئامانجێکی تایبەت بە خۆیان دەڕۆن. ئەگەر وابێ؛ چارەنووسی سنوورەکان کە دەسکردی پەیمانی نێونەتەوەیین، دەبێ بەچی؟ ئایا موسڵمانان بە دانپێداهێنان بەو کۆمەڵە ئینسانییە باوەڕمەندە ناکەونە کێشە و قرەی بەردەوام لەگەڵ دنیای هاوچەرخ کە وڵاتانی ئیسلامیی بە پێی نەتەوە و زمان دابڕ دابڕ کردووە؟

بۆ وڵام دانەوە بەو پرسیارانە دەگونجێ ئاوا بابەتەکە تاوتۆی بکرێ: دیارە ئاواتی

هەر موسڵمانێک زوو پێی بگایا درەنگ و یا هەر چاوەتەری لێ نەکا، ئەوەیە:«امّە واحدە» ساز بێتەوە. موسڵمانان وەک یەک «امّت» لە جوغرافیایەکی بەریندا بژین. بەڵام ئەوە نابێتە مانای توانەوەی نەتەوەکان و فەوتانی زمانەکان، نابێتە مانای توانەوە و وەپشت خستنی دین و مەزهەب و باوەڕەکانی دیکە. ئیسلام دانی بە چەند ڕەنگی و چەند دەنگی و چەند زمانی و چەند باوەڕی داناوە: «الا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ. إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ولِذَلِكَ خَلَقَهُمْ» «خوا وای خولقاندوون بەردەوام جیاوازیتان هەیە مەگەر ئەوانەی خوا ڕوحمی پێ کردوون.»

مەبەستێکی گرینگ کە دەبێ هەمیشە لە بەرچاوی بانگەوازدەرانی ئیسلامی بێ: یەکەم: ئیسلام بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک زۆرەملی و تۆپزەکاری وگزە ڕەد دەکاتەوە، دەبێ موسڵمانان بە گشتی خۆیان بەو ڕۆشنبیرییە بگەن بە ڕێککەوتنێکی دڵخواز ملکەچ بن بۆ بەڕێوەبردنی ئیسلام. دووهەم لە ئیسلامدا بۆ هەموو ئامانجێک دەبێ قۆناغبەندی و پلە بە پلە وەسەرکەوتن و تەیاربوون لە بەر چاو بگیرێ. بۆ وێنە هەر لەسەر ئەو بابەتەی باسی لێ دەکەین، لە بەرا دەبێ پێوەندیی مەعنەویی موسڵمانان لە کۆنگرەی گەورەی حەج پتەو کرێ، لە کۆبوونەوەکانی تر ـ وەک نوێژی جومعە و نوێژی جەژن ـ ڕێگا خۆش کرێ بۆ یەکبوون. دەبێ سازمانی نێو نەتەوەیی بەینی موسڵمانان وەک «کونفڕانسی ئیسلامی» بەهێزتر و چالاکتر بێ. دەبێ لە بەینی مەزهەبە ئیسلامییەکاندا دەمارگرژی لاچێ، هاوکاری وهاوفکری ساز بێ. سێهەم: ڕاگرتنی پەیمان و نەبەزاندنی سنووری هاوپەیمانی یەکجار گرینگە. جا ئەگەر هەندێک موسڵمان پەیمانێکی نێونەتەوەییان بە ئەستۆوەیە نە بۆ خۆیان نە بۆ موسڵمانانی دیکە حەقی پێشێل کردنی ئەو پەیمانانە نییە. کە وابوو، مەرج نیە هەموو موسڵمانان بە یەک سیستەمی ئیداری بە ناوی خەلافەت ببەسترێنەوە، بەڵکوو ئەگە هەر وڵاتێک لە شوێنی خۆی سیستەمی خۆجێیی، واتە خودموختاری هەبێ، بەڵام لە سەر چەند هێڵی گشتی ڕێککەون، هاوکارییان هەبێ، مەبەستەکە پێکراوە. هاوکاریی فەرهەنگی لە بەرا، دواتریش ئیقتیسادی و سیاسی. چەمکی «امّت» نابێ بسڕێتەوە لە نێو موسڵمانان، بەڵام بە گوێرەی زەمان و بارودۆخی دنیا، قالب و قەوارەی گونجاوتری بۆ دادەندرێ، وەک کونفیدراسیونێکی ئیسلامی.

نۆیەم: چەمکی «نوێژی جومعە» و «حەجی گەورە»

ئەزانین ئەو دوو ڕوکنە ئیسلامییە بە چاکی بەجێ نایەن مەگەر لایەنی کۆمەڵایەتییەکەیان زەق بکرێتەوە. هەڵگری پەیامێکی بانگەوازی ئیسلامی بن بۆ هەموو ئینسانەکان. وەک کۆمەڵناسان دەڵێن دوو کەوشەن هەیە بۆ ئینسانەکان؛ یەکەمیان «حەوزەی عوموومی» دووهەمیان «حەوزەی تایبەتی». ئاشکرایە ئەو دوو ڕوکنە دەچنە «حەوزەی عوموومی»یەوە. دەشزانین سیاسەتنواندن لە حەوزەی عوموومییەوە هەڵدەقوڵێ. ئێمە بیخەینە بەر نەزەر؛ ئاخۆ خەتیبێک دەچێتە سەر مینبەر، هەموو حەوتوان، ئەگەر باسێکی کۆمەڵایەتی نەکا هەر نەبێ جارجار چ دەڵێ؟ تەنانەت باسی عیبادەتەکان وەک زەکات یان باسی ئەخلاق وەک زوڵم سەر دەکێشێتە گرفتی کۆمەڵایەتی یان سیاسی. هەر وەها ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە لە سەر مینبەر دەکرێ تێکەڵی سیاسەتیش ببێ، دەسەڵاتیش بنگێوێ، یان حەشیمەتێکی زۆر لە وڵاتانێکی دوور حەجی ماڵی خودا دەکەن، تۆ بڵێی ئەو قەرەباڵغە هەر بۆ بەجێهێنانی چەن مەناسیکێک بێ؟! ناکرێ موسڵمانی هەندەران لە حاڵ و باڵی یەکتر

ئاگا دار بن، سکالاّ بۆ یەک بەرن، بەڵام خەم ومەراقی یەکدی نەخۆن.
کورتـەو پوختەی خاڵـی نۆهەم ئەوەیە قەوارەوە هەیئەتی ئـەو دوو ڕوکنە تەنیا بۆ زاخاوی دڵ و خواپەرەستییەکی تاکەکەسی نییە، خەتیب لەسـەر مینبەر بە خۆی و بە چەکی دەستی، حەجاج بە ئەمیر و پێشەواوە ناکرێ هەر بۆ ئامۆژگاری و عەرەفە و سـەفا و مەروە بێ.
شاعیری کورد بێکەس دەڵێ :

بەسیە باسی وەعز و سەرفیترە و زەکات
تۆ خوا مەلا فێری نوێژ بوو کائینات
خوتبەیێکـی ئیجتیماعیم بـۆ بڵێ بۆ ڕێی نەجات

لە ڕاسـتیدا ئـەوە چاوەڕوانیی هەموو کۆمەڵگەیەکی موسـڵمانە لە مەلایانی سەر مینبەر، نەخوازە کاتێک کۆمەڵگە تویخ فرێ دەدا، گۆڕانکاریی بەسەردادێ، مەلاش وەک هەموو ئینسـانێک، وەک تاکێکی بەرپرسیار لە نێو کۆمەڵگەدا ناکرێ بێ هەڵوێست بێ.
دەیەم: چەمکی «حکم بما انزل الله» ئەو چەمکە بنەڕەتییە لـە زیاتر لە ١٠ جێگەی قورئاندا هاتووە. موسـڵمانان ڕادەنێ حوکم بە «مـا انزل الله» بکەن. هەرەشـەش دەکا لەوانەی حوکـم بە «ما انزل اللـه» ناکەن. تەنانـەت سـێ جار لـە سـوورەی مائیدە ڕستەیەک لە قورئاندا بەو شێوازانە دەخرێتە بەر نەزەر:

وَمَنْ لَـمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْـزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَهُمُ الْكَافِرُونَ
وَمَنْ لَـمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْـزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَهُمُ الْفَاسِقُونَ
وَمَنْ لَـمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْـزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَهُمُ الظَّالِمُونَ

دیارە ئەو چەمکە کورتە، هەڵنەهاتووەتەوە لە سـەر سیاسـەت و فەرمانڕەوایی، بەڵام بێ‌گومان سیاسەت و حوکماتیش لەو دەقانە دەرباز نابن. پێداگری لە سـەر یەکەیەکەی حوکمە دینییـەکان و چاوەڕوانی لە هەموو حاکمـەکان لـە هـەر هەلومەرجێـک بۆ جێبەجـێ کردنـی گشـت داخوازییەکانی ئیسـلام، بیرۆکـەی «شـوراتەکان» واتـە «خوارج»ـە. ئەو توند ئاژۆیییە لە سەدەکانی ئیسلام لە لایەن یارانی پێغەمبەر (د. خ) ڕەد کراوەتـەوە. جێبەجێ نەکردنی زۆر حوکمی ئیسلام، پاساوی شەرعی و عەقڵیی بۆ هەیە. قەبووڵ نەکردنی حوکمـی دینی لە لایەن بـاوەڕدارەوە لـە بەر کرهاندن و لاسـاری، تەوفیری هەیە لەگـەڵ ناپارێزی و لاوازیی ئیمان. هەروەهـا ڕاگرتنی حوکمێکی دینی لە ڕووی مەسـڵەحەت و تێکگیران لەگەڵ حوکمێکی دی، دیسان تەوفیری هەیە، هەر بە حوکمی دین جاری وایە واجب بە حەرام، حەرام بە واجب دەگەڕێ.
لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـت بە لاچوونی سـوڵتانی دەسەڵاتداری عوسمانی، «عبد الحمید» لە سـەر حوکـم(١٩٠٩ز) و پاشـان هەڵوەشـاندنەوەی داموودەزگاکانی خەلافەت لە ١٩٢٤ز. هەر وەها سەربەخۆیی زۆر وڵاتـی موسـڵمان لـە ژێـر چەپۆکی ئیسـتیعمار یان وەرچەرخانی سیسـتەمی دەسـەڵات پاش سـەربەخۆیی، ئەو پرسە دووبارە سـەری هەڵداوە، کێشەی گەورەی لێ سـاز بوو؛ ئەرێ لە سـەردەمی ئێستادا حوکمی ئیسـلامی دەکرێ بەڕێوە بچێ؟ تا چ ڕادەیەک؟ لە کاتێکدا دنیای سـەردەم و ڕوناکبیران و سیاسـەتوانانی نێو کۆمەڵگەی موسڵمان زۆربەی زۆریان، حوکمی بنەڕەتیی ئیسلام «التزام»ـیان نیە. زانایانی بیرمەندی ئیسـلامی بۆ ئەو بارودۆخە قووڵتر داچوون و نەخشـەی ڕێگای خۆیان بە دووربینیەوە دارشـت، دیتیان دەرکردنـی فتوا بە لارێ بوونی فـلان و کافر دانانی فیسـار چارەی کار نیـە. بگـرە ئەو هێرش کردنـە دەبێتە هۆی پێداگریی زیاتری لایەنەکان لە سـەر هێڵی چـەوت. چوار بزووتنەوە لە بزووتنەوە

گەورەکانی ئیسلام هاتنە سەر ئەو ڕایە کە کۆمەڵانی خەڵک یان کەسانی بەرجەستە، لە ئیسلام شارەزا کرێن و باری دەروونییان بە خواپەرەستی و چوونە نێو ناخەوە بەرز ڕاگیرێ، ئیدی پێویست ناکا کەسی تایبەت ومەرامی تایبەت بکرێتە ئامانج. ئەگەریش دژبەر و چەوتوچەوێڵ بکرێتە ئامانج؛ باسی گشتی بکرێ چاکترە تا ململانێ و ڕقەبەرایەتیی مەرام و فەلسەفەکان شی کرێنەوە، دژایەتیان لەگەڵ ئیسلام وەدەرخرێ. بە بەراوەردی من «مەدرەسەی نوور» و «جەماعەتی تەبلیغ» و «کۆمەڵەی ئیخوانولموسلمین» و«جەماعەتی ئیسلامی» ئەو شێوازەیان گرتە بەر و ڕوویان کردە سازدانی جەماعەتی پتەو، ڕێگای درێژ خایەنیان گرتە بەر، بەرجەوەندیان خستە داهاتوویەکی دوور، هەرچەند بڕێ جار برێکیان ڕێگای قەد بڕیان گرتە بەر، لە هێڵ دەرچوون، پاشی عەیامێک هاتنەوە سەر هێڵ .

بەڵام هێندێک لە موسڵمانانی خوێنگەرم و بە تاڵووکە کە دوور کەوتنەوە لە ئیسلامیان بۆ قووت نەدەچوو، پێشیان وا بوو بە چەن تەکانی سەخت و خۆماندووکردن و خوێن دانی موسڵمانان، دەکرێ بێنەوە سەر هێڵ، دەستیان کرد بە زۆرانی و ململانێ وەک سەرانی «حزب التحریر» و لایەنگرانی شێخەلئیسلامی عوسمانی «مصطفی صبری» و شێخ سەعید پیران و. . . بە هەویای زیندووکردنەوەی خەلافەت و حوکمی ئیسلامی و بە کافر دەرکردنی بەرەی «سکولار»ی نێو موسڵمانان وەخۆکەوتن. دواتر شوێنگرانی ئەو ڕەوتە ـ کە «محمّد قطب» لە کتێبی «واقعنا المعاصر» بە لاوانی بەپەلە «شباب متعجّل» نێویان لێدێنێ ـ خۆیان لە سازمانی «القاعده» و هاوشێوەی ئەو دیتەوە. درێژەدەری ئەو ڕەوتە، خەلافەتەکەی داعیش بوو کە لە ٢٠١٥ز. دا سەری هەڵدا.

دەبێ ئەوەش بکوترێ: جارجار لە نێو ڕەوتی ئیخوانیش کەسانێ شوێنکەوتووی خولیای خەلافەت، جموجۆڵیان بووە، وەک «سعید حوَّی» و «مەروان حەدید» لە سووریادا. لە ئێرانیشدا هەوڵ کەسێک داوای دەوڵەتی ئیسلامیی کرد و چەن کەسێکیان بە ڕەشەکوژی لە ناو برد ناوی «نواب صفوی» بوو، تاقمی فیدائیانی ئیسلامیان ڕێکخست، لە دەوڵەتی شا و دەوڵەتی دوکتور موسەددیق ئەو داوا کارییەیان خستە سەر زاران. باسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دواتر دەهێنین. بەڵام هێندێک لە عالمەکان وەک «علی عبد الرزّاق»ی میسری و ڕێڕەوانی، هەروا هێندێک لە دیوبەندییەکانی هیندووستان، وەک «حسین احمد مدنی» یان زانای تورک، عبدالغنی بەگ نووسەری کتێبی «الخلافه وسلطه الامه» یان ڕووناکبیر و ئەدیبی میسری «خالد محمد خالد» باوەڕیان بە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی نەبووە، هەر هەوڵێکیش بۆ بەرپاکردنی حوکمی ئیسلامی بە ناڕەوا دەزانن. زیاتر ڕەوتی سیکۆلار بانگەشە بۆ ئەو ئیسلامە بێدەوڵەتە دەکەن.

بە کورتی: هەر لە نێو ئیسلامییەکان و زانایانی موسڵمان لەمەڕ حکوومەتی ئیسلامی سێ بۆچوون بووە؛

یەکەم:ـ کە زۆرینەن ـ باوەڕیان بە حکوومەتی ئیسلامی هەیە، بەڵام لە ئایەندەیەکی دوور، پاش ڕەنج و تەقالایەکی بێ وچان و درێژخایەن.

دووهەم: ـ کە کەمینەن ـ باوەڕیان بە حکوومەتی ئیسلامی و خەلافەتیش هەر بۆ ئێستا هەیە، بەڵکوو دەڵێن بە خەلافەت هەموو شتێک چارەسەر دەکرێ، بە پێچەوانەی زۆرینە کە دەڵێن دەبێ زۆر شت چارەسەر بکرێ، جا دەکرێ بیر لە حکوومەتی ئیسلامی بکەینەوە.

سێهەم: ڕەوتی سیکۆلار بەڵام موسڵمان

پێیان وایە کە حکوومەت هەر لە بنیات ڕا عورفی و بەشەرسازە، ئیسلام وەک دین لە دەوڵەت جیایە.

ڕەوتی یەکەم لە ئیسلامخوازەکان ـ کە حکوومەتی ئیسلامی بە دووردەدەست دەزانن ڕەوەندێکی مامناوەندییان گرتووەتە بەر ـ لە دەوڵەتێک دەگەڕێن بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئاشتی و هاودڵی سازکا، دەستپاک و زانستپەروەر گەشەدەری ئابووری بێ. ئامانجی سەرەکیی خۆیان بە بنیادنانی دەوڵەتی سەرکەوتوو و سەردەمیانە دەزانن، پێیان وایە بەوە چەن هەنگاوێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامپەسەند نزیک دەبنەوە، پێیان وایە لەو قۆناغەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاوەها کە جەماوەر ڕازی کا، فرەدەنگیی تێدا بێ، خزمەت بکا بە خەڵک، بە عەداڵەت بیزوێتەوە، نێوی ئیسلامیشی پێوە نەبێ، هەر ئیسلامییە. بۆیە زۆربەی ئیسلامییەکان ئێستا دەوڵەتێکی وەک قەتەر، تورکیا، مالزی، تونس و لیبی، بە دەوڵەتانێکی تا ڕادەیەکی گونجاو و سەرکەوتوو دەزانن .

ڕەوتی سیکۆلاریش میراتەکەیان بە هەندێک ڕووناکبیری موسڵمانی پابەندی عەقڵانیەتی ڕەخنەگرانە گەیوە کە خۆیان لە ڕێکخراوەی «رابطە العقلانیین العرب» دیتۆتەوە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلام، قورئان و وەحی لە تەعبیر و لە لیباسی زماندا بە بەشەری و مێژویی سەلمێزاوە، مۆری مێژوییبوونی پێوە نراوە. هەڵبەت ئەوانیش جۆرجۆرن، بەڵام هەموویان لەوەدا کۆکن کە لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری لە ئیسلامدا ـ با لە دەقی قورئانیشدا هاتبێ ـ هێنی زەمانە و ژینگەیەکی ترە؛ نابێ بکرێن بە یاسا. کە وابێ ئەمان گشتیان لە باری سیاسی و ئابوورییەوە، چی حەقی بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە سیکۆلارن. بەڵام لە باری ئەخلاقی و ڕۆحی و چوار ڕوکنەی ئیسلام: نوێژ، ڕۆژوو، حەج و زەکات، پابەندی دینن. زەکاتیش وەک بەخشینی تاکەکەسی بۆ پاڵاوتنی دەروون، نەک وەک سیستەمێکی ماڵی. بەڵام زۆر حاستەمە لە لایەن زۆربەی موسڵمانان و بیریارانی ئیسلامی، دەقەکانی قورئان لە مەڕ سیاسەت و ئابووری و سیستەمی دادوەری و پێوەندیی موسڵمان لەگەڵ غەیرە موسڵمان و کافر ومونافق و فاسق، هەروەها زۆر ڕوون کردنەوە کە لە سونەتدا هاتوون وەلانرێن. بەڵام چۆنیەتیی بەڕێوەبردن ـ تەنانەت هەڵپەساردن، دار و لەلە و شەرت و مەرجی زۆر بۆ هەندێک حوکم دانان ـ لە وتاری زانایانی کۆن و نوێی ئیسلامیدا جێگەی تایبەتیان هەیە و قسەیان لە سەرە، بەڵام هەڵپەساردنی یەکجاریی بە حوکمی ئەوە بۆ دنیای ئەورۆ نابێ، ڕێگەی پێ نەدراوە. لە بەر ئەوە زۆرێک قاعیدە و بناغە لە ئیسلامدا هەیە زانای شارەزا لە دین دەیهێنێتە گۆڕێ، ڕەگەڵ بارودۆخی ژیانی ئێستای ڕێک دەخا، جێگۆڕکێ بە حوکمەکان دەکا.

کە وایە، حوکم کردن بە «ما انزل الله» بەشێکی سەرەکییە لە عەقیدە و شەریعەت کە بێگومان هێندێک یاسا و بڕیاری سیاسی و ئابووری و حوقوقی، وەبەر حوکمی «ما انزل الله» دەکەون، هەر وەک دیارە هەندێک لەو چەمکانە لەگەڵ عورفی سیاسیی ئەورۆ پێک دێن، تەنیا کێشەی زاراوە لە بەیندایە، وەکی «بیعت» کە بکرێتە سندووقی دەنگدان یان شوورا کە دیموکراسیەکی قەببەی لێ سازدەکرێ، یان سەربەخۆییی دادوەری کە سەر بکێشێتە «تفکیک قوا»، یان بەرگری لە زۆرەملی لە دین و باوەڕ «لا اکراه فی الدین» کە ئازادیی ڕادەربڕینی لێ هەڵکرێندرێ، یان پەیماننامەی مەدینە کە جۆرێک مافی شارۆمەندیی لێ دەردەکەوێ.

بەڵام هێندێکیشیان ناگونجێن وەک یەکسانکردنی میراتی ژن و پیاو،

ئەستاندنی دەسەڵاتی «قەوامەت» و ئەرکی بەرپرسیارەتی لە پیاو، یان وادارکردنی ژن بە کردنی کاری دەرێ بۆ پەیداکردنی بژیوی خۆی، یان هەڵگرتنی قانوونی کوشتنەوەی کەسێک کە یەکی دیکەی کوشتبێ «قصاص»، یان هەڵگرتنی قانوونی ژن و مێردایەتی و وەباوخستنی تێکەڵی بێ‌سنوور «ازدواج سفید».

کەوایە کێشە و ململانێی ئیسلامی و سیکۆلار بە یەکجاری بنەبڕ نابێ، بەڵام دەکرێ بە لێبوردەیی هێڵە گشتییەکانی سەقامگیریی کۆمەڵگە،

وەک: دەربڕینی بیروڕا لە لایەن هەر کەسێکەوە بە نووسراوە یان بە دەنگ و تۆمار و میدیا.

وەک: ملکەچ بوون بۆ ڕای گشتی و سندووقی دەنگدان.

وەک: پاراستنی هەموو نوێژگە و پەرستگاکان.

وەک: پەرەپێدان بە دەست و داوێن و زمان پاکی لە بواری ئەخلاقدا.

تاقمەکان بە یەک بگەن، کۆمەڵگەیان نەکەنە گۆمی خوێن و مەکۆی تۆقاندن و جێگەی قرە و تەراتێنی بێ‌مانا کە هێمنایەتی لە ئینسانەکان بستێنێ.

## کێشەی ئیسلامگەرایی و سیکۆلاریسم پێناسەیەکی کورت لە سەر ئیسلامگەرایی

دیارە لە سەرەتای ئیسلام و لە دەقی قورئاندا هەریەک جۆر ئیسلام باسی لێ کراوە. ئەرکەکانی موسڵمان بۆ نوێژ و بۆ زەکات و بۆ جیهاد و بۆ گوێڕایەڵی لە ئەمیری موسڵمانان هەمووی لە یەک ئاستدان. پاداش و سزای دنیای دیکەیان لە ڕێدایە. هەر وەک کوتراوە «کُتبَ عَلَیکُم الصیام» واتە ڕۆژووتان لەسەر فەرز کراوە، کوتراویشە «کُتبَ عَلَیکُم القتال» واتە جەنگتان لەسەر فەرز کراوە. بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش ڕێچکە و مەزهەبی جۆراوجۆر ساز بووە، بەڵام ئیسلامگەرایی وەک ئایدئولۆژیایەک، وەک مەکتەبێکی فیکری و سیاسی لە ئارادا نەبووە. قسە لە موسڵمانی تەواو و ناتەواو، موسڵمانی تۆخ و لاواز هەبووە. بە گشتی زانای دینی و زانای زانستە گەردوون ناسییەکان، دەسەڵاتدار و ژێردەسەڵات، فەیلەسوف و ڕووناکبیر و خەڵکی ڕەشۆکی، تەنانەت عیسایی و مووسایی لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە بەستێنی فەرهەنگ و کەلەپووریێکدا دەژیان کە لیپاولیپ لە چەمکە ئیسلامییەکان مۆنجی دەدا.

ئیسلامگەرایی تایبەت بە دەورانی هاوچەرخە؛ کاتێک زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکان چوونە ژێر حوکمی ئینگلیس و هولەند و فەرانسە، لە ڕێی ئەو داگیرکەرانەوە چەمکەکان و فەلسەفە و کەلەپووری ڕۆژاواییەکان خزانە نێو بیرگەی خوێندەوارانی موسڵمان، دەبوایە جۆرێک لە ئیسلام پێناسە کرایە، یان دژبەری ئەو چەمکە هاوردانە بایە، یان هۆگریان بوایە. بە تایبەت ئەو چەمکانە دەبوونە دەسمایەی ئایدئولۆژیا کە سەرتاپای ژیانی مرۆڤی دەخۆی دەگرت. سیکۆلاریسم لە عوسمانی سینگی خۆی داکوتا، تورکیای تازەی لە جێ دانا. ناسیۆنالیسم بوو بە ناسنامەی تاکەکان و کۆمەڵەکان و دەوڵەتەکان. لە لایەن سەرانی شۆڕشی ئوکتۆبری ڕووسیاوە مارکسیسم بوو بە بیرۆکەیەکی عالەمگیر. لەو چەرخ و خولەدا موسڵمانانێکی هەستیار و ڕۆشنبیر ئیسلامگەراییان کرد بە مەکتەبێکی ڕێکخەری ژیان و داگری هەموو پێداویستییەکان کە بێتە بەدیل و جێگری هەموو ئەو «ئیسم»انە کە سەریان هەڵداوە. سیان لەم بزاڤانە ڕۆحی و فیکری بوون، وەک «اتّحاد محمّدی» لە ئەندونیزیا «جەماعەتی نوور» لە توورکیادا و«جەماعەتی

تەبلیغ» لە هیند و پاکستان. دانەیەکیش لەم بزاڤانە بەرپەرچ و کاردانەوەی داگیرکاریی وڵاتەکەیان بوو، ئەویش «جمعیّت العلما»ی جەزایری بوو.

دوان لەو بزووتنەوانە زۆرتر ڕەنگی سیاسییان بە خۆوەگرت، لەگەڵ حکوومەتەکان تێکهەڵچوون؛ یەکیان «اخوان المسلمین» لە میسر سەری هەڵدا و لە وڵاتانی عەرەبی پەرەی سەند. دووهەمیان «جەماعەتی ئیسلامی» لە هیند و پاکستان و بەنگلادێش دەوری گێڕا.

یەکەمین لەو بزاڤانەش کە ڕەنگی چڕی سیاسیی بە خۆوە گرت، لە زۆربەی وڵاتان ڕیشاژۆی کرد، چەن سازمانی بچووک وەک «لاوانی موسڵمان» لە میسر و «رابطە العلماء» لە عێراق و «جمعیّت العلماء» لە جەزایر و «ئەحرار» لە یەمەنی لە خۆیدا تواندەوە. لەگەڵ «اتّحاد محمّدی» لە ئەندونیزیا و «رابطە العالم الاسلامی» لە سعوودیا پێوەندیی قووڵی ساز کرد، بەشی زۆری میراتەکەی «شیخ محمّد عبده» و «ڕەشید ڕەزا»شی بە خاوەن کرد، ئیخوانولموسلیمین بوو. تا ئەو ساڵ بە ٩٢ ساڵەی تەمەنی سیاسی و فیکریی خۆی گەیوە (٢٠٢٠-١٩٢٨ز) لە زۆربەی وڵاتەکانی دنیادا تێکۆشانی هەیە. جەماعەتی ئیسلامییش لە نێو سیاسی ـ ئیسلامییەکان لە پلەی دووهەمدایە. سێهەمیان «حیزب التحریر»ە کە لە ١٩٥٠دامەزراوە، یەکسەر هەوڵی ئەوە دەدا دەسەڵاتی سیاسی هەڵبەت بە بڕینی چەن قۆناغێک وەدەست بخا. لە ناوچوونی خەلافەتی عوسمانی بە خەسارەتێکی گەورە دەزانێ. هەموو ساڵێ ڕێپێوانی سیاسی بۆ ئەنجام دەدا. لە زۆربەی وڵاتان تێکۆشانی هەیە، بەڵام تا ئێستا توانیویە لە چەن وڵات وەک بریتانیا، لوبنان، عێراق، لیبیا، ئۆزبەکستان و فەلستین خۆی وەدەرخا و جارجاریش وەبەر قەڵتوبڕ و قەتڵ و زیندان کەوتووە. زیاتری تێکۆشانی نائاشکرایە.

لە ناخی «اتّحاد محمّدی» لە ئەندۆنیزیا، حیزبی ماشۆمی سەری هەڵدا کە سەردەمانی سەربەخۆییی ئەندۆنیزیا لە چلەکان هێندێک دمەقاڵەیان لەگەڵ حیزبەکەی سۆکارنۆ بۆ پەیدا بوو، ئێستا خەباتی پارلمانی دەکا. هەروا لە ناخی «جەماعەتی نوور» بزوتنەی خزمەت سەری هەڵدا، زیاتر لەگەڵ سیکۆلارەکان دانوستان و حاوانەوەی هەیە، ئێستا لەگەڵ «آ. ک. پارتی» شەڕی دەسەڵاتیان هەیە. بەڵام سەرجەم بزووتنەوەی نوور، بە تایبەت بزاڤی خزمەت یا هیزمەت، وەک حیزبێکی سیاسی خوێندنەوەی لەسەر ناکرێ.

سێ بزووتنەوە ئیسلامگەرایەکەش، واتە ئیخوان، جەماعەت و تەحریر، یەکسان هەڵسوکەوتیان نیە. ئیخوان و جەماعەت بە ئاشکرا هەوڵ دەدەن لە ڕێگای مەدەنییەوە بە دەسەڵات بگەن و بەشداریی دەسەڵات بکەن. تەنیا لە چەند شوێن و کاتی تایبەت وەک شەڕی فەلەستین لە ١٩٤٨ز. یان شەڕی ئەفغانستان لە تەک یەکیەتیی سۆڤیەت، یان شەڕی کشمیر لە هیندووستان بە شێوەی بەرتەسک وکاتی دەستیان داوەتە چەک. داوای دێموکراسی و مافی کۆمەڵایەتی وەپێش داوا تایبەتییە ئیسلامییەکان دەخەن. هەرچەند ئەو دوو بزووتنەوەیە بە ماکی توندڕەوی دەناسرێن، بەڵام بە زۆری کات ئەو دوو بزووتنەوەیە لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی و بەرەی سیکۆلاری میانڕەو و دیمۆکراسیخواز، وەک حیزبی وەفدی میسری و موسلیم لیگی پاکستان، هاوقۆڵییان بووە. ئەوەی دەکرێ بە بناژۆخوازی ناکۆک لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بخرێتە لیزگەوە، تەنیا حیزبی تەحریرە، بەڵام ئەوەش دەبێ بزانین تەحریر، بیرۆکەیەکی داخراوە، بەڵام تیرۆریست نییە، دەست بردنە بەر چەک بە ڕێگای چارەسەر نازانن، بەڵکوو وەک

بۆخۆیان دەڵێن هۆشیاریی سیاسی بە یەکەم هەنگاو دادەنێن.

## ئەزموونەکانی ئیسلامگەرایی و سیکولاریزم لە هەندێک وڵاتی ئیسلامی ئەزموونی یەکەم عەرەبستانی سعوودی

دوای لاچوونی خەلافەتی عوسمانی کە خۆی بە داشداری هەموو موسڵمانان دەزانی، زۆر لە موسڵمانانی ڕۆشنبیریش پێیان وابوو بە هەموو ئیرادەکانیەوە کۆکەرەوەی موسڵمانانە. یەکەمین حکوومەتێک کە بە ناوی دین سەری هەڵدا، حکوومەتی ئالی سعوود لە حیجاز بوو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد خۆی تەرخانی خزمەتی ئیسلام کردووە. لە دەورەی سێ پادشای هەوەڵی ئەو ڕژێمە بە ناوەکانی عبدالعزیز، سعوود و فیصل، هاوکارییەکی گەرمی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەکرد. هەرکات لە یەکێک لە وڵاتان کەسایەتییە ئیسلامییەکان دوچاری تەنگژە و ئازار دەهاتن، پەنایان دەبرد بۆ ڕژێمی ئالی سعوود. ئیخوان هەتا بەهاری عەرەبی ئەو پێوەندییە ئاساییەی لەگەڵ ئالی سعوود هەبوو، بەڵام ڕژێمی ئالی سعوود هەتا چەپایەتی لە گۆڕێدا بوو، لەگەڵ ئیخوان پێک دەهاتن، کە چەپ لە مەیدان دەرچوو، کەلێنی بەینی ئیخوان و سعوودی گەورەتر بووەوە. ئیتر سعوودی ڕازی نەبوو لەو جەنگەدا کە ئیخوان لە دیدی غەربییەکان دەبوغزێندرا، دەستە چەورەکەی ئیخوان بە خۆی بسڕێتەوە. سعوودی ویستی بە هێندێک ئەدا و ئەتوار خۆی دێموکرات و مرۆڤدۆست لە قەڵەم بدا. بە زەبری دۆلارەکانی و هەندێ سەنتەری مەزهەبی، دەیهەوێ لە ڕێگای کراوەیی کۆمەڵایەتی و چەن پرۆژەیەکی ئابووری، پەردە بەسەر دیکتاتۆریدا بکێشێ، تەیاری سەلەفی ـ ئیخوانی بێدەنگ کا. هەوڵی دزین و کوشتنی «جەمال خاشقچی» پەردەی لەسەر کێشەیەکی قووڵی ئیسلامی لادا. لە ڕاستیدا کێشەی سەلەفیی سعوودی و ئیخوانیی عالەمی، ئەورۆ یەکێک لە ململانێ گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە. لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکەم ئەویش ئەوەیە سعوودییەکان چ بە حیکمەت و سیاسەتوانی چ بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی لە هیچ کاتێ ڕێگەیان بە هێزە ڕادیکاڵ و توندئاژۆ ئیسلامییەکان نەداوە، بۆ وێنە لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عەبدولعەزیز، یەکەم ئەمیر و پادشای سعوودی، لەگەڵ توندڕەوە سەلەفییەکان کە ئەمانیش ناویان ئیخوان بوو، تێکهەڵچوون. عەبدولعەزیز هەموویانی قەڵاچۆ کرد. لەوکاتەوە ڕژێمی سعوودی لە تەک ناوەندە مەزهەبییەکان باڵانسی ڕاگرتووە، جارجار پاشەکشەی پێ کردوون، جارجاریش مەیدانی داونێ. ئێستا کە موفتیی سعوودی، عبدالعزیز ئالی شێخە، دەسەڵاتێکی وای نییە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی سەلەفی زیاتر ڕوویان لە زانای گەورەی سعوودی صالح فەوزانە. گەورەترین زانای سعوودی کە ئێستا لە زیندانە، سەلمان عەودەیە. سەلمان عەودە و هاوفکرانی دە ـ پازدە ساڵێک لەمەو بەر جموجۆڵێکیان کرد کە بە جەریانی «صحوە» ناوبانگی دەرکرد. ئەوانە بە سەلەفی ـ ئیخوانی و هەروەها بە «سروری»ـش نێو دەبردرێن. سرور زين العابدين، سعدالفقيه، عبدالحميد ابوسلمان، زانایانێکی «معارض»ـی سعوودین، گشتیان ئیسلامین، بەڵام هەندێکیان ئەیانهەوێ سعوودی لە ڕژێمێکی بنەماڵەیی بەرەو ئیسلامخوازییەکی توخ پاڵ پێوە نێن. هەندێکیشیان وەک عبدالحمید ابوسلمان ئەیانهەوێ بەرەو دێموکراسییەکی ڕاستەقینەی لێخورن، لە ڕێگای دەنگدان و بە شێوەی مەدەنیانە دەسەڵات بگرنە دەست. لە هەر حاڵ سعوودی ئاوس بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە، چ بە لای ئیسلامییە تۆخەکاندا،

چ بە لای دیموکراسیەتێکی دنیاپەسەنددا. حکوومەتی سعوودی لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، واقیعگەرایی و عورفی هەڵبژاردووە، بەڵام مەلاکانی سعوودی دوو هێزی جومگەیان بە دەستەوەیە؛ یەکەمیان پەروەردە و فێرکاری و مەدرەسە و زانکۆیە، دووهەمیان سیستەمی دادوەرییە. جارجار بەینی ناوەندی یەکەمی قودرەت لە بنەماڵەی سعوودی لەگەڵ مەلا گەورەکان «هیئت کبار علماء» تێکگیراوی دێتە پێش. وێدەچێ «بن سەلمان» وەلیعەهدی تازە، ڕێگەی بۆ سیکۆلاریسم زیاتر تەخت کردبێ. ئەوەش بڵێین لە حەفتاکاندا نووسەرێکی بە توانای ئیسلامی بە ناوی «قصیمی» لە مەلاکان هەڵگەڕاوە، داوای دێموکراسی و داد و گەشەی کرد، بە زوویی دەرکرا و بە کافر داندرا.

## ئەزموونی دووهەم: ڕژێمی پاکستان

دووهەمین دەوڵەت لە ئاستی جیهانیدا کە بە نێوی ئیسلام سەری گرت، دەڵەتی «پاکستان» بوو. دەوڵەتی پاکستان، بە پێچەوانەی سعوودی، بە سەرکردایەتی تایەفە و عەشیرەتێک پێک نەهات. بەڵکوو بە سەرکردایەتیی حیزبێکی «مۆدێڕن» پێکهات. حیزبی «موسلیم لیگ» بە سەرۆکایەتیی محمّد علی جناح ـ کە نازناوی «قائد اعظم»ـی پێدرا ـ لە ئاکامی خەباتێکی مەدەنیی ئاشتیخواز سەری هەڵدا و گەشەی کرد. بە ڕەچاوکردنی بنەما فەرهەنگییەکانی خەڵکی موسڵمان دەیانهەویست حکوومەتی ناسیونالٚ موسڵمان دامەزرێنن. ناسیونالیستەکەی پاکستان لە باتی پاڵدان بە نەژاد و زمانەوە، پاڵی دا بە ئایینەوە، لە بەرانبەری هیندووەکان. مەلاکانی پاکستان ـ کە لە خەبات دژی ئینگلیس و سەربەخۆیی پاکستان دەوری گرینگیان هەبوو ـ هەر وەها ڕێکخراوێکی تازە بنیاد نراوی «جەماعەتی ئیسلامی» گوشاریان خستە سەر «موسلیم لیگ» کە بەرەو حکوومەتێکی تەواو ئیسلامی هەنگاو بنێت. سەرکردەی ئەو بزاڤە ئیسلامییە لە «پاکستان»ی نوێدا چ بۆ ڕەچاوکردنی شەریعەتی ئیسلام لە یاساداناندا، چ بۆ دانپێدانەهێنان بە قادیانییەکان وەک کەمینەیەکی موسڵمان، بیرمەند و چالاکی ئیسلام «ابو الاعلی مودودی» بوو کە هاوکات ڕابەری جەماعەتی ئیسلامیش بوو. لە ئاکامدا هەموو تاقمە سیاسی و دینییەکانی پاکستان لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە بنووسن «یاسا دانەری سەرەکی هەر خودایە، هەر یاسایەک نەیار لەگەڵ یاسای خودا نارەوایە». ئێستاشی لەگەڵ بێ، لیژنەیەکی گەورە لە زانایانی دینی بە سەر یاساکانی ئەو وڵاتە ڕادەگا. بەڵام سەیر ئەوەیە پاکستان لە بنەمای قانوونیدا هەڵبژاردن و پارلمانی سەلماندووە، جاری وا بوو تاقمێکی سیکۆلار، تەنانەت ژنێک، بووەتە سەرەککۆمار. دوای «قائداعظم»، ئەییوب خان هاتە سەرکار، گوشاری خستە سەر ئیسلامگەراکان، «مەودوودی»ی خستە زیندانەوە، لە جیاتیان «فضل الرحمان»ـی لە ئەمریکا ڕا هێناوە کردی بە وەزیری دیانەت کە مەلاکان بە توندی دژی وەستانەوە. ئەییوب خان بنەمای ئیسلامی لە قانوونی پاکستان نەگۆڕی، بەڵام هەوڵی دا دەسەڵاتی ئیسلامگەراکان لە سەر کورسیی دەسەڵات کەم کاتەوە. دوا بە دوای ئەییوب خان، «بۆتۆ» هاتە سەر کار، کێشە لە بەینی ئیسلامگەراکان و سیکۆلارەکان بەردەوام بوو. «حیزبی مەردوم» کە حیزبێکی سیکۆلار و سوسیالیست بوو، جێگەی «موسلیم لیگ»ـی گرتەوە: بۆتۆش لە چوارچێوەی قانوونی ئیسلامیی پاکستان ڕایبوارد، ئاخرین حکوومەتی بۆتۆ لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هاوکات بوو. ژێنراڵێکی پاکستانی بە لەبەرچاوگرتنی

ژینگەی سیاسی و فەرهەنگیی پاکستان کە لیپاولیپە لە چەمکە ئیسلامییەکان، کودەتای کرد لە بۆتۆ، بوو بە بەرکۆژی ئیسلامگەراکان و پاڵپشــتی «جیهــاد»ی ئەفغانییــەکان دژ بە شــۆرەوی. دیموکراســییە جێگیرەکەی پاکســتان دیمان دەرفەتی بۆ سیکۆلارەکان رەخســاند، کچەکەی «بۆتۆ»، «بێنەزیر» دوو جاران دوای باوکی لە پاکستان هاتووەتە سەر حوکم. هەڵبەت لە پاکستان کەمینەیەکیش هەن کە هۆگرییان بە دیموکراسی زیاترە لە پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلام، یان باشترە بڵێین لە بەستێنی دیموکراسیدا دەیانهەوێ بەها ئیســلامییەکان بپارێزن، وەک «فضل الرّحمــان» و تاقمی «طلوعی ئیســلام». هەر وەها هەندێک لە جەمعیەتی عولەمای هێند هەر رازی نەبوون بە پێکهێنانی پاکســتان و دەیانگــوت لە دیموکراســییە گەورەکەی هێنددا دەبین و جێــی خۆمان دەکەینەوە. تەنانــەت ئیســلامگەرایەکی تۆخــی وەک «جەماعەتی ئیسلامی»ـش دەست بە دەست بوونی دەسەڵات و دیموکراسیی سەلماندووە. دەبێ بڵێین پاکستان وڵاتێکی دەگمەنە کە لە ژێر قانوونی ئیسلامدا، سیکۆلار و موسڵمانان لە کێشەیەکی ناخۆیناویدا ململانێی خۆیان دەکەن.

## ئەزموونی سێیەم: تورکیا

ئــەو وڵاتــەی کە نزیک چوارســەد ســاڵ وەک دەمراســتی موسڵمانان خۆی نواندبوو، یەکوەنەرد لە سەدەی بیستی زایینی (۱۹۲۴) پلە بە پلە ئاستی نێودەوڵەتیی نزمتر بووەوە، تا کوتوپڕ وازی لە خەلافەتی ئیسلامی هێنا، زۆر لە دیاردە ئیسلامییەکانیشــی خســتە پشــت گوێ، هیچ سەربەخۆیییەکی بۆ هیچ ناوەندێکی ئیسلامی نەهێشــتەوە. تەنانەت خەتــی لاتینــی هەڵبژارد، زمانــی عەرەبی وەک زمانێکی بێگانە چاو لێ کرد. دەوڵەتی عەلمانی بنیــاد نا، قۆڵی لێهەڵماڵی کە لەو وڵاتەدا سێ تاقم سەرکوت بکا:

یەکەم: ئیسلامییەکان، بەوڵاتریش هەر موسڵمانێک دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕێ.

دووهەم: کــوردەکان، وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە تورک، یا هەر کوردایەتییەک.

سێیەم: چەپەکان و تاقمە مارکسییەکان.

لە کاتی لابردنی سوڵتانی بەهێزی ئیسلامی، واتە عبدالحمید لــە ۱۹۰۹دا، رێکخراوێک بە نــاوی «اتّحاد محمّــدی» دژ بە «اتّحاد و تەرەقی» پێکهات، بە توندی سەرکوت کرا. کاتێ جلوبەرگــی فەرەنگی بە زۆرەملێ کرا بە جلوبەرگی فەرمیی خەڵک، هەرکەس دەنگی نارەزایی هەڵبڕی، سەرکوت کرا. کاتێ کوردەکان شۆرشــێکی کوردییان بە هەوێنی ئیســلامی لە رۆژهەڵاتی تورکیا رێکخســت، پەتی ســێدارە بوو بــە یەکەم چارەسەر. لە هەموو ئەو کاتانەی بەرهەڵستی ئاڵوگۆرێکی بەرەو تورکایەتیی فاشیســتی و بــەرەو عەلمانییەت دەکرا، زیندان و تەبعید و سێدارە چاوەروانی بەرهەڵستکارانی دەکرد. بۆ مــاوەی ۲۶ ســاڵ ئەو زەختە لە ســەر نارازییانی سیاسی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی بەردەوام بوو. لە ۱۹۵۰ز. نارەزایەتیی کەڵەکە بوو، رقی پێشخواردووی دەیان ساڵە تۆقی و فەوارەی کرد، لە هەڵمەتێکی هەڵبژاردندا حیزبی «خلق» ـ کە میراتی مستەفا کەماڵ و عیســمەت ئینۆنۆ بوو ـ تێشــکاو حیزبی دیموکراتی عەدنان مندرس هاتە ســەر کار، «بدیع الزّمان» نوورسی، زانای ئیسلامگەرای بەرەگەز کورد لە زیندان و تەبعید خەلەسا، مەدرەسە دینییەکان بە هیمەمەتی سولەیمان حیلمی، زاناو شــێخی نەقشی زەختیان لە ســەر هەڵگیرا، تەریقەتەکان پێشیان بەرەڵا کرا. بــەڵام ئــەو بەهــارە زۆری نەخایاند، چەکبەدەســتەکان کودەتایــان لێ کرد، لە ســێدارە درا. ئەمجار کە هەڵبژاردن کرا بە مۆد، حیزبێکی ئیســلامی ساز بوو، پیاوێکی خوێندەواری مامۆســتای زانکۆ، «نجم الدین

اربکان» بە چەن نیــوی جۆراوجۆر لە چەن قۆناغی جیاواز حیزبی پێک دەهێنا، دادگاکان هەڵیاندەوەشاندەوە، هەمیسان بە ناوێکی تر هەڵەسوونی دێناوە؛ حیزبی«نیظام» و«حیزبی ســەلامەت» هەڵوەشــانەوە. لە هەشــتاکان هاوکات لەگەڵ شۆرشــی ئیسلامیی ئێران «حیزبی رفاه» ساز درا، ئەربەکان لە زیندان خرا و حیزبەکەشی هەڵوەشاوە، تا حکوومەتە نیزامییەکەی «کنعــان اورن» لاچوو. دووبارە هەڵبــژاردن هاتە ئــاراوە، حیزبی ئەربەکان زۆرینەی دەنگی هێنــاوە، لەگەڵ حیزبێکی عەلمانــی پێک هاتن دەوڵەتیان ســاز کرد. ئەربــەکان هەرئەوەنــدەی توانــی لەبەینی بازرگانە موسڵمانەکان هاوکارییەک دروست بکا، هەشت دەوڵەتی موسڵمانی دەوڵەمەندی روو بە گەشــەی ئابــووری رێک بخا. لە ژێر گوشــاری نێودەوڵەتی و گوشاری ئەرتەش، دەوڵەتی ئەربەکان رووخا. ئەربەکان بەرگریی کاری سیاســی لــێ کرا و پیــری بەرۆکی پێ گرت و خانەنشــین بوو. شوێن کەوتوانی، وەک عبدالله گــول و رجب طیّب اردوغان و احمــد داود اوغلو هاتنــە کایەوە، حیزبی «عدالت و توسعە»یانAKPساز کرد.

لەگەڵ گەورەترین کوتلەی مەدرەسەی نووری «نوورسی» واتە «فتح الله گۆلەن» کە لە هەڵبژاردنە پێشووەکاندا زیاتر بە عەلمانییە میانــرەوەکان دەنگــی دەدا، رێککەوتــن. ئاورێکیان داوە ســەر کوردەکان کە لەگەڵ ئیسلامییەکان عەیامێک بوو هاوخەبات بوون. پارلمانێکیان بە زۆربەی دەنگ پێکهێنا کە تا ئێســتا زیاتر لە دە ســاڵە دەوڵەتەکەیان بەردەوامــە. ئینتمای دوو هاوبەشــەکانیان لە دەسەڵات لە دەســت داوە، وەک تاقمی «خزمەت»ـی گۆڵــەن و کوردەکانی HDP. تەنانەت بەشێک لە دۆستە ئیسلامییەکانیان واتە عەبدوڵلاگــوڵ و داود اوغلۆشAKPیان بە جێ هێشــتووە. کەچــی ئوردوغان وەک دەوڵەتێکی بەهێــز دژایەتیی نەیارانی ناوخۆ و دەوڵەتــە گەورەکانی ناوچە وەک ئێران و عەرەبســتان و «یەکێتیی ئەورووپا» دەکا، لە رۆژهەڵاتی ناوەراســت جێ پەنجەی دیارە، ئەردۆغان هەر لە ســەرکارە و بە موورەکەی دەیکوتێ و جارێ تیغــی دەبڕێ و زیندانی پڕ کردووە و ئەرتەشیشی بێدەست کردووە، نامەعلوومە سیاســەتی تورکیــا بەرەو کوێ دەچێ. سەیر ئەوەیە بە پێچەوانەی پاکستان کە قانوون ئیســلامییە و زۆر جار عەلمانی و سیکۆلار لە ســەر کارن، لە تورکیادا قانوون هەمان یاســای ئەتاتورکــە، وێنەکەی هەر لە ئیدارەکاندا هەڵاوەســراوە، کەچی تاقمی ئیسلامی لە سەر کارن! تاکەی ئەو شووتیە بە سەر ئەو گوریسەوە دەوێستێ، خوا دەزانێ.

## ئەزموونی چوارەم: رۆژهەڵاتی ئاسیا

چوارەمیــن ئەزموونــی بەربەرەکانیــی ئیسلامگەرایی و سیکۆلاریزم لە رۆژهەڵاتی ئاســیا تاوتوێ دەکەین کە لە هاوبەشــی و پێکەوەهەڵکردن و کێبەرکێیەکی مەدەنیدا لە گەورەترین وڵاتی ئیسلامیدا خۆ دەنوێنێ. تاقم و کەسایەتییە ئیســلامییەکان وەک«شرکت اسلام» بە ســەرۆکایەتیی «ئاگۆس سلیم»ـ کە بە باوکی مەعنەویی ئەندۆنیزیا لە قەڵەم درا ـ دژ بە ئیســتیعماری هولەند راپوونیان هەبــووە، دوو رێکخراوەی گــەورەی «اتّحاد محمّدیە» و «نهضت العلماء» هەرکام بە دەیان ملیۆن ئەندامەوە لە زووەوە موســڵمانانی ئەو دەڤەرەیان رێنمایی کردووە. «اتّحاد محمّدیە» سەر بە ئیسلاحخوازی «محمّد عبدە» و «رشید رضا»یە. «نهضت العلماء» شافیعی مەزهەبێکی ســەر بە رچەی زانایانی نەریتیی ئیسلامین. لە کاتی ســەربەخۆیی ئەندۆنیزیا لە ساڵی ۱۹٤۷دا دوو کەسایەتیی گەورەی ئیسلامی و عەلمانی واتــە «محمّد نصیــر» و «حاجی ئەحمەد سۆکارنۆ» چەندین لێدوان و وتاریان لە هەمبەر یەکتر نووســی، لــە رۆژنامەکاندا بە یەکتــر هەڵشــاخان، دواتر ســۆکارنۆ و

حیزبەکەی سەرکەوتن، بەڵام قەڵت و بریان نەخستە نێو ئیسلامگەراکان. عەلمانییەکان ئەندونیزیایان لە سەر«پانجاسیلا» واتە پێنج ئەسڵ دامەزراند:١-ئیمان بە خودا، نەتەوایەتی، ئینسانیەت، دیمۆکراسی و عەدالەت.

کاتێک ئەندۆنیزیا بەرەو سەربەخۆیی ڕۆیشت، ئیسلامگەراکانی عەرەب لە ڕێگای «اتّحادیەی عرب» بە سەرۆکایەتی «عبد الرّحمن عزّام» توانیان ئەندونیزیا لە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دەوڵەتی سەربەخۆ بناسێنن. سۆکارنۆ بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوەی ولاتە بێ لایەنەکان.

ئیسلامگەراکان لە بنیادنانی دەوڵەتی تازە بە لایەنی دووهەم بەشدارییان کرد، نەکەوتنە بەر ڕەهێڵەی سەرکوت و کوژران. ماوەیەک پاش سۆکارنۆ، سۆهارتۆ وەک پاوانخواز و دیکتاتۆر ولاتی بەرێوە برد، بەڵام ناوەندە ئیسلامییەکان هەر لەسەر جێی خۆیان بوون. دوای سۆهارتۆ، کەسایەتییەکی ئیسلامی، واتە عبدالرّحمن وحید، بە هەڵبژاردن هاتە سەر حوکم. دوای ئەویش کەسایەتییەکی سێکولار، واتە خانمی میگاواتی، ئێستا لە سەر حوکمە. هەموو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان درێژە بە چالاکیی خۆیان دەدەن.

ولاتی دووهەم لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا مالیزییە، یەکێکە لەو ولاتە ڕوو بە گەشانە کە گەشەی خۆی لە دوو کەسایەتیی گەورەی ئیسلامییە کە ناویان «ماهاتیر محمّد» و «انور محمّد»ە کە بەینێکیش بەربەرکانێی یەکیان کرد. «انور محمّد» لە بەند کرا، بەڵام ئێستا ماهاتیر محمّد پیر و لە سەر لێوی قەبرە. دووبارە انور محمّد و تیمەکەی لە گۆڕەپانی سیاسەت چالاکی دەنوێنن.

## ئەزموونی پێنجەم: ئەلجەزایر

ئەو ولاتە ـ کە بە ولاتی یەک ملوێن شەهید بەناوبانگە ـ لە بواری فەرهەنگی ـ شۆڕشگێری دەوڵەمەندە. دووسەت ساڵ لە ژێر حوکمی فەرەنسەدا بوو، خەباتەکانی هەموو ساماڵ لە هەست و نەریتی ئیسلامییانە بوو. لە سەرەتای سەدەی بیست «جمعیّت العلماء» ڕابەری شۆڕشێکی فیکری ومەدەنیی دەست پێ کرد بە سەرۆکایەتیی زانای ئیسلامی «بن بادیس» کە بە باوکی مەعنەویی «الجزایر» دەناسرێ بە سێ دروشمی: «ئیسلام دینمانە، عەرەبی زمانمانە، ئەلجزایر وەتەنمانە». بەڵام لە شەستەکاندا خەباتی سیاسی و چەکداریی « ئەرتەشی ڕزگاریدەر» دەستی پێ کرد، لە ماوەی حەوت ساڵ شۆڕشی بە ئاکام گەیاند، ئەلجەزایر بە سەربەخۆیی گەیشت. لەو کاتەدا «بشیر ابراهیمی»، زانای دینی، دۆستی بن بادیس و شکەنجە دراوی زیندانەکانی فەرانسە، کارگێری «جمعیّت العلماء» بوو. ئەو لەگەڵ ئیخوانەکانی میسریش کاتێ لە تاراوگە دەژیا نێوانی خۆش بوو. خەڵکی الجزایر دوای ڕزگاری، لە پاش خەباتێکی دوور و درێژ، خولیای سازکردنی ڕێژیمێکی دڵخوازی خۆیان بوون. دیارە ئیسلامییەکان بەو ڕابردووە خەباتکارانە لە «جمعیّت العلماء»دا پاشان لە «ئەرتەشی ڕزگاریدەر» ـ کە چەپێکی نەتەوەیی بوو، بۆن و بەرامی ئیسلامیشی پێوە بوو ـ چاوەڕوانی ڕێژیمێکی ئیسلامی بوون. «بن بلا»ی ڕابەری«ئەرتەشی ڕزگاریدەر» هەوەڵین سەرۆککۆماری ئەلجەزایری شۆڕشگێر، مەیلی ئیسلامیی هەبوو، بەڵام بە تۆپزی «بومدین» کۆدەتای لێ کرد، ڕێژیمێکی عەلمانیی سوسیالیستیی بنیاد نا کە کەمترین ڕەنگی ئیسلامی پێوە دیار بوو. لەو کاتەوە بزاڤی ئیسلامی ڕاگیرا، هاواری بەشیر ئیبراهیمی بە هیچ کوێ نەگەیشت، هەڵبژاردن و دەستاودەستی دەسەڵاتیش لە گۆڕێدا نەبوو. «بومدین»مرد، بن‌بللاش کە

زیندانی کرابوو، ئازاد بوو، دەرخۆنە لە سەر دیزە لاچوو، ئیسلامییەکان دووبارە سەریان هەڵداوە. ئیسلامییە کۆنەکانی ئەلجەزایر لەگەڵ ئیسلامییە توندڕەوەکانی تازە چەقەرە کردوو یەکیان گرت، لە هەڵبژاردنی ١٩٩٠ز. زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانیان وە دەست خست. نیزامییەکانی ئەلجەزایر بە هاوکاریی کۆنە سیاسییەکانی قەدیم بە پەلە کودیتایان کرد، ئەوانیش کۆڵیان نەدا، ئیسلامییەکان دەوڵەتی تاراوگەیان پێک هێنا، زیندانەکان لە ئیسلامگەراکان ئاخندرا، رابەری میانڕەوی «جەبهەی نەجاتی ئیسلام» «عەبباس مەدەنی» لە زیندان خرا، وردەوردە توندڕەوەکانی ئیسلامی بەرسینگەیان لە میانڕەوەکان ئەستاند، دەستیان دا چەک، بۆ ماوەی چەن ساڵێک ئەلجەزایر بە سەر بارودۆخێکی ناهەمواردا تێپەری، ئەرتەش و تاقمی چەکداری ئیسلامی لە دێهات و شار دەستیان کرد بە یەکتر کوشتن و خەڵک قوربانی کردن، خەڵکێکی مەدەنیی زۆریش لە ناو چوون. ئێستا بارووددۆخەکە ئاساییترە، بە هێنانەخواری «بوتەفلیقە» لە سەر کورسیی دەسەڵات خەریکی هەڵبژاردنی راستەقینەن.

## ئەزموونی شەشەم: ئەزموونی پڕ پەند و بە کەندولەندی میسر

کاتێک کە دوا هەناسەیان لە خەلافەتی لەرزۆکی عوسمانی بری ـ کە هەرچۆنێک بێ بە رەمزی دەسەڵاتی ئیسلام دەژمێردرا ـ زۆر لە وڵاتانی ئیسلامی لە گەرمەی شەری دژە ئیستیعماریدا بوون، مامۆستایەکی قوتابخانە، پیاوێکی بە دین و چالاک و وردبین لەگەڵ هەندێک هاوبیر، کۆمەڵێکی موسڵمانیان لە شاری «اسکندریە»ی میسر پێک هێنا، ناویان نا «برایانی موسڵمان» واتە«اخوان المسلمین». ئەوکۆمەڵە بچووکە وا پەرەی سەند کە لە ١٩٢٨ تا ١٩٤٨ز. ـ کاتی شەری فەلەستین

بوو بە رێکخراوەیەکی گەورە، رێشاژۆی بۆ گەلێ وڵاتی عەرەبی کرد، لق و پۆپی لێ‌کەوتەوە. بەر لە بزووتنەوەی ئیخوانیش، میسر کانگای ئیسلامخوازی بوو؛ رەشید رەزا بە خۆی و گۆڤاری «المنار» لە هەموو وڵاتەکاندا تەنیبووەوە. بەر لە وانیش «محمّد عبده» زانای رۆشنبیری میسر بە هاوکاریی «سیّد جمال‌الدین ئەفغانی»، بیری چاکسازیی ئایینی و رۆشنبیریی دینییان لە عالەمی ئیسلام بڵاو کردبووەوە. هەروەک بیری ئیسلامی لە میسردا بڵاو بووەوە، بیری عەلمانیش لە میسردا پەرەی سەند. بیری ئیسلامیی چاکخواز و ساغکەرەوە هاوکات لە گەڵ بەرەی نەریتخواز وتونداژۆ کەوتە ململانێ، لەگەڵ بیری عەلمانییش لە کێشەدا بوون. دەتوانین بڵێین رەشید رەزا ئاڵقەی پێوەندیی بەینی چاکسازیی ئایینیی مەکتەبی شێخ محمّد عبده و ئیسلامگەراییی تۆخ و پڕ حەرارەتی ئەو تازەلاوە پێگەیشتووە بوو کە تازە ئیخوانی دامەزراندبوو، ناو و ناوەرۆکی یەک کەوتبوون «حسن البنّا». بە کورتی وڵاتی میسر خاوەنی چەند رەهەندی جیاوازی فیکری بوو کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. جاری وا بوو پێک گەیشتوون و تێکەڵ بوون، جاری واش بوو لێکیان داوە و لێک هەڵبەزیونەتەوە. وڵاتی میسر لە چەند سەدە بەر لە ئێستاوە، وەک پێشەنگی فیکری و رۆشنبیریی جیهانی ئیسلامی سەیر کراوە. ئێستا ئەو رەهەندانەی لە میسرەوە بەرەو وڵاتانی دیکە خێزەرەیان کردووە، باس دەکەین:

١ مەدرەسەی دینی «الازهر» کە لە دەورەی شێخی سیوطی (٩١٠م کۆچی) هەتا ئێستا بە گەورەترین زانکۆی ئیسلامی داندراوە، واتە ماوەی پێنجسەد ساڵ پێشەوایی دینیی موسڵمانانی بە دەستەوە بوو.

٢ لە دەوری ٢٥٠ ساڵ لەوە پێش، سەردەمی محمّد علی پاشا، یەکەمین

دیاردەکانی نوێخوازیی سیاسی و فیکری و تەکنیکی لە میسر سەری هەڵداوە.
٣ یەکەم نیشانەکانی چاکسازیی ئایینی لە دەورەی محمّد علی پاشا، لە لایەن موفتیی میسر بە ڕەگەز ئەلجەزایری «ابن الغنابی» دەبیندرێ. طەهطاوی یەکەم زانای ئەزهەری کە سەردانی ئورووپای کردووە، زیاتر لە هەموویان بزاڤەکەی سەید جەماڵی ئەفغانی و محمّد عبده کە لە ١٨٨٠وەدەر کەوت چەخماغەی لێدرا، لە میسر سەری هەڵدا.
٤ یەکەم دیاردەکانی عەلمانییەت لە باری سیاسی و فەلسەفی لە میسرەوە سەری هەڵدا، لە لایەن احمد لطفی سیّد ١٩٦٣-١٨٧٢ و طه حسین و فواد زکریّا هەروا درێژەی هەبوو، تەنانەت یەکێک لە عالمانی ئەزهەریش علی عبدالرازق، بیرۆکەی جیاوازیی دین و سیاسەتی بڵاو کردووەتەوە. بێجگە لەو عەلمانییەتە سیاسییە، عەلمانییەتی فەلسەفی و ماتریالیزمیش لە لایەن «شبلی شمیّل»، «سلامه موسی» «ئیسماعیل مظهر» و «فرح انطوان» لە میسر بڵاو بوونەتەوە، لە وێ ڕا تەشەنەیان کردووە بۆ وڵاتانی دیکە.
٥ یەکەم ڕێکخراوەی گەورەی عالەمی ئیسلامی ـ سیاسی واتە ئیخوان لە ١٩٢٨لە میسر سەری هەڵدا و لق وپۆپی خستە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی.
٦ یەکەم بیرۆکەی لە یەک نزیک بوونەوەی سوونني و شیعە بە دەستی گەورەترین زانایانی ئەزهەر؛ «عبد المجید سلیم» و «شێخ محمود شلتوت» و سەلماندنی لە لایەن گەورەترین زانای ئایینی شیعە لە قوم، واتە «بروجردی» بە ناوی «دار التقریب» لە بەینی مەزهەبە ئیسلامییەکان لە میسر سەری هەڵدا.
جا ئێستا بزانین کێشەی ئیسلامگەرایی و عەلمانیەت لە وڵاتێکی ئاوا کراوە و ئازاد چۆن ساز بووە و چۆن کۆتاییی پێ هاتووە؟
بۆ ئەوەی ئەو فایلە بکەینەوە، ئەو پەروەندەیە هەڵدەینەوە، دەبێ بزانین هاوتای چاکسازیی ئایینی و نوێ کردنەوەی ئیسلام لە سەر دەستی «شێخ محمّد عبده»، بیرۆکەی عەلمانییش لە بواری فەلسەفیدا جموجۆڵی دەست پێ کرد. گەورەترین پێشەوای چاکسازی، واتە «شێخ محمّد عبده»، هاتە مەیدانی «فرح انطوانی» بە ڕەگەز مەسیحی، بە مەسلەک لائیک. عەلمانیەتی فەلسەفی لە میسر زۆر خۆی نەگرت، تەنیا گۆڤارێکیان بە ناوی«عصور»دەرکرد کە بێ‌پەردە هێرشی دەبردە سەر «دین» و «متافیزیک». لەو هێرشەدا تەنانەت عەلمانییە میانڕەوەکانیش نەدەپارێزران، «طه حسین»یش وەبەر ڕق و تووڕەییی ئەوان کەوت. ڕقی زۆرتریشیان لە لایەنگرانی چاکسازیی ئایینی، وەک «رشید رضا» و «عقّاد»هەبوو. بەڵام عەلمانیی سیاسی تا عەسری ئێمە درێژەی هەبوو. لە هەشتاکانی میلادی، «فواد زکریّا» لەگەڵ «محمّد غزالی» وەک دوو جەمسەری عەلمانی و ئیسلامی دیبەیتێکی بە ناوبانگیان پێک هێنا. بە دووی ئەو کێشە فەرهەنگییەدا، یەکێک لە عەلمانییەکانی میسر کە شاگردی «فواد زکریّا» بوو بە ناوی «فەرەج فودە» بە دەستی ئیسلامییە توندڕەوەکانی «جیهادی ئیسلامی» ترۆر کرا.
بەڵام پێشتر عەلمانییەت لە ژێر پۆششی ئیسلامی لە الازهر سەری هەڵدا و بۆ ماوەیەکیش درێژەی هەبوو. مامۆستایەکی ئەو زانکۆیە بە ناوی «علی عبدالرازق» کتێبێکی نووسی بە ناوی «الاسلام و اصول الحکم» هەموو زانایانی ئەزهەر لە ساڵی ١٩٢٥ز. ڕەددیان لە سەر ئەو کتێبە لێداوە. ئەو عالمەشیان دەرکرد و شەهادەی عالمیەتیشیان لێ ئەستاندەوە. تا ماوەیەک هەرای ئەو کتێبە دەنگی داوە؛ هەندێک ڕەددی لە سەر لێ دراوە، ئەویش جوابی

هێندێکی داوە و لە دوای ئەو هەرایە بێدەنگیی لێ هێنا تا وەفاتی کرد. بە قەوەترین بەشی کتێبەکە ڕەددێکە کە لە سەر خەلافەتی ناسراو لە نێو موسڵمانان نووسراوە کە هۆیەکی سیاسیشی لە پشتەوە هەبوو، چونکە لەو کاتەدا «فواد» پادشای میسر دەیهەویست بە پشتیوانیی «ازهر» خەلافەت بە نێوی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ میسر. بنەماڵەی «عبدالرازق»یش کە بنەماڵەیەکی بە دەسەڵات بوون، لایەنگریان لە «حزب الاحرار» دەکرد کە دژی فواد بوو.

بەشەکانی دیکەی کتێبەکە کە باس لە هەڵسوکەوتی نیزامی و سیاسیی پێغەمبەر (د. خ) دەکا و دەڵێ: پێغەمبەر هەمان ڕچە و ڕێبازەکانی عەرەبی ئەوکاتی ڕەچاو کردووە و ئاکاری ماڵی و نیزامی و سیاسیی پێغەمبەر هیچ پەیوەندییەکی بە ئەرکی پێغەمبەرایەتییەکەی نەداوە، لاوازترین و کەم بەڵگەترین بەشی کتێبەکەیە. لەو کتێبەدا دەنووسێ موسڵمانان بۆ کاروباری دینی خەلافەتیان پێویست نییە. هەر کەسە و کۆمەڵێکی موسڵمان لە وڵاتی خۆی کاروباری ئایینی بەڕێوە دەبات، بۆ کاروباری دنیاییش موسڵمانان ئازاد کراون؛ هەر ڕژێم و سیستەمێک عاقڵانەتر و گونجاوتر بێ، هەڵبژێرن. ئەو بەشە لە کتێبەکەی «عبدالرازق»، شتی بە کەڵکی تێدایە، بەڵام بە باشی پەروەردە نەکراوە. «عبدالرازق» بە دروستی ئاماژە دەکا ئیسلام هەر شەریعەتێکی ڕۆحی نییە. دەی کە وایە، ئیسلام چ یاسایەکی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا؟ شتێک کە «عبدالرازق» لە عەلمانیە بێدینەکان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە «عبدالرازق» دەڵێ: ئیسلام و قورئان و خودا و پێغەمبەر بۆ خۆیان و بە عەمد ـ نەک لە بەر فەرامۆشی ـ موسڵمانانیان لە ئوموری سیاسیدا ئازاد کردووە، ڕێژیمێکی تایبەتیان بەسەردا نەسەپاندوون، بەڵام ئایا لە هێڵەگشتییەکانیشدا هیچ ڕێنوێنییەکی شەرعی نەدراوەتە پەیڕەوانی ئیسلام؟ لێرەدا بە ئاشکرا شێخ عەلی دەس بەتاڵە. ئایا ڕێژیمی ئیستیبدادی بە وتەی شێخ عەلی نیزامی «تغلّب» لە تەک ڕێژیمی هەڵبژاردن و پارلەماندا یەکێکن؟

کتێبەکانی شێخ عەلی لە بیر چووبووەوە، تا سێ ساڵێک لەمەوبەر دووبارە هێندراونەوە گۆڕێ، کەسانێک تەعلیق و پەراوێزیان بۆ نووسی، دووبارە لە چاپیان داوە. بەڵام ئەمجار موسڵمانان و مەلاکان پێی هەڵنەبەزینەوە. لە بەر ئەوەی زۆربەی بیریارانی ئیسلام ڕێژیمی دێموکراسییان پەسند کردبوو، وەک «نامق کمال» کە لە سەدوپەنجا ساڵ لەوە پێش کوتبووی بەیعەت و شوورا بناغەی دێموکراسین. دەبێ ئەوەش بکوترێ هەم شێخ عەلی و هەم براگەورەکەی، شێخ مصطفی لە شاگردانی شێخ محمّد عبدە بوون. ڕەشید ڕەزاش کە بەرپەرچی کتێبەکەی شێخ عەلی دابووەوە، بە هەمان دەستوور شاگردی شێخ محمّد عبدە بوو. شێخ مصطفی عبدالرازق دواتر بوو بە شێخی گەورەی ئەزهەر. شێخەکانی دیکەی ئەزهەر ڕووی شێخی گەورە گرتنی؛ دووبارە براکەیان گەڕاندەوە بۆ «ازهر»، حوکمی پێشوویان سڕیەوە، بەڵام شێخ عەلی خۆی نەهاتەوە ئەزهەر.

لێرەدا ڕۆڵی زانایەکی حوقوقدان و فەقیهـ بە ناوی «سنهوری» ـ کە بە «امام خامس» بە نێوبانگە ـ گرینگە. ئەو زانایە لە سەردەمی نەمانی خەلافەتیشدا لە ئورووپا کتێبێکی نووسی کە بۆ زانایانی ئوروپا سەرنجڕاکێش بوو. قانوونی مەدەنی زۆر لە وڵاتانی عەرەبییش هەر ئەو نووسیونی، زۆر چاک توانیویە ناوەڕۆکی شەریعەتی ئیسلام لە فورمی حوقووقی دنیای تازەدا بپێچێتەوە. سنهوری شەریعەتی ئیسلام و قانوونەکانی ئەوڕۆی پێک گرت و یەکی خستن، تاکوو لە زەمانی «عبدالناصر»دا

خانەنشین کرا، ڕێگای چوون بۆ وڵاتانی دەرەوەی بێجگە لە یەک دوو سەفەری کاتی لێ گیرا. پاشان سنهوری لە ماڵێ دانیشت، خەریکی کتێبدانان بوو. وێنەی ئەو کارەی سەنهووری، دوکتوور مصطفی زەڵمی لە عێراقدا کردی، بە تایبەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگێشتی کرد ئەو حکوومەتە کوردەی لە تەنگژەی دەمەتەقێی مەلاکان و عەلمانییەکان ڕزگار کرد.

ڕژێمی میسر لە ساڵی ١٩٥٢دا لە پادشایەتی بوو بە جەمهووری، دووبارە باسی حکوومەتی ئیسلامی و حکوومەتی عەلمانی هاتە گۆڕێ. لە شەڕی فەلەستین لە کاتی حکوومەتی پادشایەتی، «اخوان» ئەزمونی نیزامییان پەیدا کرد، لە ژێرەوە شاخەی نیزامییان دامەزراند. ئەفسەرانی ئازاد ـ کە کودەتاکەیان کردبوو ـ لەگەڵ ئیخوان لە کاتی کودەتاکە و پێش ئەو کارەش پێوەندییان هەبوو، بەڵام کاتێک هاتنە سەر حوکم جوابی خواستەکانی ئیخوانیان نەداوە، بناغەی ناکۆکی لە بەینیان درووست بوو، لەو کاتەوە زەختیان خستە سەر ئیخوان. هەر وەک ڕژێمی پاشایەتی، «حسن البنّا»ی ترۆر کرد. ئەمانیش پەتی سێدارەیان بۆ ئیخوانییەکان هەڵواسی، چەن نەفەرێکی گەورە وەک «عبدالقادر عوده» زانای مافناسیان لە دار دا. پاشان لە ساڵی ١٩٦٦ نووسەر و ئەدیبی بەناوبانگی ئیخوان سەید قوتبیشیان کوشت. گەنجەکان تابشتیان نەهێنا، هەندێک بیرۆکەی توند و تیژ لە نێویاندا پەرەی سەند. لەو سەردەمەدا بوو، لە حەفتاکان، چەقەرەی توندڕەوی لە زیندانەکانی میسر سەری هێنا دەرێ، دەستیان برد بۆ چەک. هەوەڵ ڕەهێڵەی ئەو توندوتیژیە، وەزیری ئەوقافی میسر موفەسیری قورئان «ڕهبی» بوو. پاشان لە ساڵی ١٩٨٠ز. لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئێران، سادات، سەرۆکی میسریان ترۆر کرد.

کۆمەڵگای میسری وەخۆ کەوت؛ هێندێک بۆ ڕیایی و خۆشڕەقسیی حکوومەت، هێندێکیش بۆ هەست کردن بە مەترسییەکی گەورە، دەستیان کرد بە کوتانی ئەو تاقمە توندڕەوە بە ناوی «التکفیر والهجره» و «جیهادی ئیسلامی». ئەزهەر و ئیخوان هەردووک لا کارەکانی ئەو توندڕەوانەیان ئیدانە کرد. بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوان هەر لە نێو ئیخواندا لە بەرانبەری ڕێژیمی میسر یان «جاهلیت» دوو کۆتلە سەریان هەڵدا؛ کۆتلەیەک بە سەرۆکایەتیی سەید قوتب، پێی وابوو تەنیا لە ڕێگای پەروەردەی ئیسلامی و جیهادەوە دەتوانرێ بە سەر ڕێژیمە سەرکوتگەرە نائیسلامییەکاندا زاڵ بین. توندڕەوەکان ئەو بیرۆکەیەی قوتبیان بە کرچوکاڵی وەرگرت و لە سەری ڕۆیشتن. کۆتلەی دووهەم بە سەرۆکایەتیی ڕابەری گشتیی ئیخوان، «هوزەیبی» دەیانکوت سەبر و ئارامی. ئەگەریش دەرفەت بێ؛ هاوکاری هۆی سەرکەوتنە. دوو کتێبی «معالم فی الطریق» نوسراوەی سەید قوتب و «نحن دعاه لاقضاه» نووسراوی هوزەیبی لە بەرانبەری یەک قەراریان گرت. تەیفی قوتبی و تەیفی پێداچوونەوە تا ئێستاش لە نێو ئیخواندا هەن.

## کۆتایی

خوێنەری ئەو لاپەڕانەی بەردەست لە سەر «ئیسلامی سیاسی لە نێوان گومان و واقیع دا» خۆی لە بەرانبەری چەن بۆچوون و خوێندنەوە لە سەر چەمکی «ئیسلام و سیاسەت»دا دەبینێ. چەند هەڵبژاردە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی و عەلمانی لە وڵاتانی ئیسلامی بە دی دەکا. بە بڕوای نووسەر، ئەو چەند دەلاقەیەکی بەرەو ڕووی خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد کردووەتەوە تا بەرچاوی ڕوون تر بێ و هەنگاوی بەئەزموون و تێبینی هەڵێنێتەوە.

# زمانی کوردی و ئینسکلۆپیدیای ژینگەناسی

ڕێناس کوردی

نووسینی ئینسکلۆپیدیا ئەورژانسیترین و پێویستترین چالاکییە کە دەبێ بۆ دروستکردنی بنەمایەکی پتەوی زمان کەڵکی لێ وەربگیرێت. نووسینی فەرهەنگی زانستی، زمان لە بەستراوەیی بە تەنیا ژانرێکەوە ڕزگار دەکا و لە هەمووی گرنگتر، فرە ڕەهەندی ئەکات. نووسینی ئینسکلۆپیدیا بە پێی سەردەم، شێوازی تایبەتی خۆی دەوێ. لە کوردستان بێجگە لەوەی لە زانکۆکان و بەشی زمان و ئەدەبیاتدا بنەماکانی فەرهەنگنووسی ناوترێتەوە، بەڵکوو کتێبگەلێکیش لەو بوارەدا چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە هەتا لێکۆڵەران کەڵکی لێ وەربگرن.

زمان فاکتی بەهێـــزی پێکهاتەی نەتەوەیە و ئەگەر نەتەوەیەک وەکوو کورد بە دەســـەڵاتی سیاســـیی خۆیشـــی نەگات بەڵام زمانەکەی پارێزراو بێ و گەشەی پێ بدا، ئەوا نەک لە ناو زمان و دەسەڵاتی باڵادەستدا ناتوێتەوە، بەڵکو وەک ئەویتریک (دیگـــری) دەتوانێ درێژە بە ژیانی کۆمەڵایەتیی خـــۆی بدات. زمان وەک گرنگتریـــن و هەســـتیارترین تایبەتمەندی و هۆکاری نەتەوەســـازی، دەرەتانی ئەوەی هەیە کە چەمکی دەوڵەت-نەتەوە بە دوو ڕەهەندی «دیمۆکراتیک» یا «فاشـــیزم و شـــۆڤینیزم»دا ببات. ئێلیت و ڕۆشنبیرانی ناو بازنەی زمانی، ڕۆڵی ســـەرەکییان لە ئاراســـتەکردنی زماندا هەیە. پرسی زمان پرسێکی ڕۆژەڤە و پێویستە بەردەوام نوێ بکرێتەوە. لەڕاســـتیدا هێندێک زمـــان، دەرەتانی گەشـــەی کەمە و هێندێک زمان تەنیا لەیـــەک دو بواردا ئەتوانن پەرە بە ڕەهەندەکانی زمان بدەن. هێندێک زمان قەت ناتوانن دیموکراتیک بین. ئەو بابەتە پێوەندیی بە سروشت و ســـایکۆلۆژیای خەڵک و ژینگە و جوغرافیـــای سرووشـــتییەوە هەیە. زمانێک کە فەیلەســـوف و پزیشکی هەڵکەوتووی تێدا هەڵنەکەوتبێ، ناتوانێ ببێ بە زمانی فەلسەفە یا زمانی پزیشکی، کاتێک ئاخێورانی زمانێک لە بوارەکانی زانستی، تیکنۆلۆژیدا جێگا پەنجەیان دیار نەبێ، بێگومان زمانەکەشیان لە بوارەکانی پیشەسازی، گەردوونناسی، میعماری و هتددا کەمایەســـیی دەبـــێ و هەر وەهـــا ئەگەریش هەوڵ بدات زمانە گەشـــەکردووەکانی جیهان وەربگێرێتە ســـەرزمانی خۆی، دیســـان هەر کەموکورتیی دەبێ.

زمان ناتوانێ لە هەموو بوارەکاندا ئەسپی خۆی تاو بدا. بۆ نموونە لە هیندوستان، ئوسترالیا و . . . لـــە خویندنی باڵادا زمانی زانکۆکان لە زمانـــی کەمینە فەرمییەکان دائەبڕێن و دەبنە زمانـــی ئینگلیزی. لە ئێراندا فەرهەنگســـتانی زمانی فارســـی، بێجگە لەوەی هیچ بایەخێک بـــە کەمەنەتەوەکانی دیکە نـــادات بەڵکوو لە توانستە تۆکمەیی و هەنووکەییەکانی ئەو زمانە جیاوازانە بۆ گەشـــەی زمانی فارســـی کەڵک وەردەگرێ و زمانەکانـــی دیکە وەک زاراوە و لقێک لە زمانی فارســـی پێناســـە دەکات. لە هەموو شتێک خراپتر فەرهەنگستان بەردەوام هەوڵ ئەدات بە وشە داتاشین هاوتای هەموو وشە زانســـتی، فەلسەفی، پزیشـــکی و هتدە لاوەکییـــەکان بۆ زمانی فارســـی پەیدا بکەن. درمی شۆڤینیزم لە زمانی فارسیدا گەیشتووە بە لوتکە، ئەگینا ئەو هەوڵە هەم لۆژیکی نییە و هەم بۆ دەورووبەری ترسناک و مەترسیدارە.

زمانی فارسی بە درێژاییی مێژوو هەوڵی داوە هەمـــوو کەمایەتییـــە غەیرە فارســـەکان کە ڕوویان لە خاکی ئێـــران کردوە لە خۆیدا بتوێنێتەوە و شوناسیان ون بکا. زمانی فارسی تا ڕادەیەک لەو بوارەدا ســـەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە هاتنی ئاینی ئیســـلام بۆ ئێران، بێجگە لـــەوەی زمانی فارســـی لە نێو نەبـــرد بەڵکو دانیشـــتوانی بان دەشـــتی (فلات) ئێران، بە خوێندنـــەوەی جیاواز لە دیـــن بێجگە لەوەی چوار مەزهەبە ســـەرەکییەکەی ئیســـلامیان قەبووڵ نەکـــرد، مەزهەبێکی نوێیان(شـــیعە) داهێنا کە وەک ئەویترێک لە بازنەی دەسەڵات و کلتووری ئیســـلامیدا، فارسەکانی لە تێکەڵ بوون بە کلتووری گەورەی ئیسلامی و عەرەبی بپارێزێ. هاتنی تورکەکان بۆ ئێران سەرەڕای ئەوەیکە زمانی فارسیی لە ناو نەبرد، هەم بوونە خزمەتکار و پارێزەری زمانی فارســـی و هەم زمان و کلتوورەکەیان وەک کێوێکی سەهۆڵ لە نـــاو زمانی فارســـیدا تواوەیەوە. ســـەبارەت بە زمانی کوردی پرســـەکە جیـــاوازە. زمانی کوردی دێرینتر لە زمانی فارسییە و هەروەها هاوبەشـــی و لێکچوون و نزیکایەتییان پێکەوە زیاتـــر بووە. کێشـــەی کوردەکان ئـــەوە بووە کە وەک فارســـەکان نەیاتوانیـــوە زمانەکەیان نووسیاری بکەنەوە و وشە و ڕستە ڕەسەنەکان وەک خشـــت و بەرد لە نێو دیواری باڵاخانەی زمانەکەیاندا بەکاربێنن. هەر وەک ئۆسکارمان

دەڵـــێ کە «بیـــر و حافیزەی کـــوردەکان تیژ و بەهێـــزە» مەبەســـتی ناوبراو ئـــەوە بووە کە کوردەکان لە جیاتی نووسین هەموو شتێکیان بە مێشـــکیان ســـپاردوە. ئەو وشـــە و زاراوە ئێرانیانەی کە لە کتێبە فارســـییەکاندا وەک موڵکی زمانی فارســـی حەســـابی بۆ دەکرێ، ڕۆژانـــە بەردەوام لە ســـەر زاری خوێندەوار و نەخوێنـــدەواری کورد بەکار دەبرێ و تەنانەت کوردەکان باری مانایی زیاتریان پێ بەخشیوە. بۆ نموونە وشەی «کار» کە وشەیەکی هاوبەشی کورد و فارسە، باری مانایی لە زمانی کوردیدا زیاترە هەتا زمانی فارسی. لە زمانی کوردیدا بە زیادکردنی پێشـــگر یا پاشگرێک باری مانایی وشـــەکەیان زیاتر لە زمانی فارســـی گۆڕیوە. (کارمەند، شێوەکار، نیوەکار، هەرزەکار، بریکار، کاریگەری(تاثیرگذاری)، کارە، بەرکار، کاروبار، دواکار، ژێرکار، کارکرد، خوێندکار، کارئاسانی، کارایی، سووکەکار، کارناس و ...).

هەڵکـــەوت و جوغرافیـــای سروشـــتیی کوردســـتان، بێجگە لـــەوەی وەک قەڵایەکی قایم ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی زمانی کوردیدا گێـــڕا، تەنانەت ئەوەنـــدە زاراوە کوردییەکانی لە نێو خۆیدا خەســـت و چڕ کردەوە کە هەر زاراوەیەک وەک زمانێک گەیی بە لوتکە و لە بن زاراوەی خۆی دوورکەوتەوە.

دەوڵەمەندبوونی زاراوە کوردییەکان لە باری وشە و زاراوەسازییەوە سەربەخۆ هەڵسوکەوتی کردوە. ئەڵبەت ئەو تایبەتمەندییە هەم لایەنی ئەرێنیـــی هەیە و هەم وەک زمانێکی پچڕپچڕ بەرایی درووســـتبوونی زمانێکی یەکگرتوو و پێوەری گرتووە. مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارە، نیشـــاندانی توانستی زمانی کوردی و هەروەها شـــێواز و ڕێکاری ئورژانســـی بۆ گەشەی ئەو لایەنانەیە کە دەرەتانی پێشکەوتن و گەشەیان هەیە. زمانی کوردی بە حوکمی جوغرافیاکەی زمانی ژینگەیە. دەوڵەمەند بوونی سروشـــتی کوردستان بە شاخ و کێو، چەم و ڕووبار، لێرەوار و دارســـتان، لەوەڕگە و دەشـــت و مێرگەزار، کێڵگە و باخ و هتد، هۆکارێکی ســـەرەکین بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە بواری ژینگەناســـی، کشتوکاڵی، ئاژەڵ، پەلەوەر، حەشەرە و وردیلە و ڕووەکناســـییەوە بـــۆ هـــەر دیاردەیەک بوونەوەرێـــک ناوێکی هەیە. ناوەکان بەرهەمی گەشەی شارستانییەت و پێشکەوتنی زمان و پیشەی وەرزێری و ئاژەڵدارییە. لە کوردستان لە پرۆســـەی بەخێوکردنی ئـــاژەڵ (چۆنێتیی ئاڵـــف پەیدا کـــردن و هەڵگرتنـــی بۆ وەرزی ســـەرما)، کەڵک وەرگرتن لەشـــیر، ماست، پەنێر، دۆ، ڕۆن، ســـیرنج، کەشک و...، چەرم، پەشم و خوری، بەن، گوریس، جاجم، مەوج، قاڵی، شـــاڵ و هتد، گۆشت و خۆراکی و هتد، نموونەگەلێکن کە لـــە ڕەوتی کار و چالاکیدا سەدان وشە و ناو بەدی ئەکرێن. لە کوردستان بە هۆی ناســـینی ڕووەکەکان، خۆراکی گیایی لە تەشقی خۆیدایە، بێجگە لە خۆراک وەکوو دەرمان، بۆنخۆشکە و بەهارات، ڕەنگرێژی و .... کەڵک وەردەگیرێ. لە هیچ شوێنێکی جیهان ئەوەنـــدەی کوردســـتان کەڵکـــی جۆراوجۆر لـــە دیـــاردەکان وەرناگیـــرێ. گیادەرمانی لە کوردســـتان مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە و هەر ئیســـتاش بەشـــێکی زۆر لە خەڵک، لە جێی دەرمانی کیمیایی لە دەرمانی سروشتی کەڵـــک وەرئەگرن. هەزار ســـاڵ لەوەبەر «ابن سینا» باوکی زانستی پزیشکی دوایین تەمەنە پڕ لـــە ئەزموونەکانی خۆی لە هەمەدان تێپەر کرد. گیرسانەوەی ئەو پزیشکە لە هەمەدان بە هۆی نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو بوو(قانون در طب، جلـــد اول مقدمه) کە بێجگە لەوەی هەمـــوو پزیشـــک و بەرێوەبەرەکانـــی کورد بوون هەمـــوو گژوگیا دەرمانییەکانیشـــی لە چیاکانی زاگرۆســـەوە دابین کراوە. دیارە ابن ســـینا لە وەها بارودخێکدا بۆ فێربوونی ناوی گژوگیاکان مەجبوور بووە زمانی ئەو خەڵکە و ناوی گژوگیاکان فێر ببێ. لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی بۆ سەختی و دژواریی زمانی کتێبی «یاســـا لە پزیشکیدا» (قانون در طب) ئەو ناوە

کوردییانە بوون کە بە جۆرێک تەعریب کرابوون و تەنیا مامۆستا هەژاری کورد ڕێی بەو ڕازە برد. دیاردەی گیادەرمانی و پزیشکیی خۆماڵی لە تەمەنی تەریقەتی نەقشبەندیدا گەیی بە لوتکە کە شێخ عوسمانی نەقشبندی، وەک ابن سینای کورد ناودێر کراوە. زمانی کوردی لە بواری کشتوکاڵی و ژینگەناسیدا ئەوەندە چۆتە پێشەوە کە هیچ زمانێکی دەرەکی و داپڵۆسێنەر نەیتوانیوە ببێتەجێگرەوە و ئاڵترناتیڤی.

## ڕێگا چارە لە ئێستەدا؛

ئەوەی لێرەدا جێی باسە ئەوەیە کە نەوەی ئێمە لە ئێستەدا هەم دەستی گەییوە بە تێکنۆلۆژیی چاپ و هەم جیلێکی باش لە نەوەی ڕابردوو هێشتا لە ژیاندان کە هەموو وردەکاری و زانیارییەکانیان لە ڕابردوو لە سینەدایە و بە گشتی ئەتوانین بڵێین کە ئێمە بە هۆی ئەوانەوە بە مێژوو، کلتوور و زمانی ڕابردوومانەوە ئەلکێین. کلتوور و زمانی زارەکیی ئێمە پێویستی بە نووسینەوە هەیە و دەبێ هەر کەس و لایەنێکی ڕۆشنبیری لە ناوچەی خۆیەوە بە شێوەی سەردەمیانە دەست بداتە نووسینی فولکلۆری کوردی. ژێرخانی فەرهەنگی و کلتووری و زمانەوانیی ئێمە بە زۆری ژینگە تەوەرانەیە (ناتۆرالیستە) و پێوەندیی ڕاستەو خۆی بە سروشتەوە هەیە. ئەگەر نەوەی ئێستە هەوڵی جیددی نەدات ئیتر نەوەکانی داهاتوو هەموو ناوێک کە لە سەر کەژ و کێو، گژوگیا، زیندەوەران، یارییەکانی منداڵان، خواردەمەنی، جلوبەرگ و هتد هەبووە لە بیر ئەکەن و بۆ هەمیشە بە خاک دەسپێرێت.

زمانی کوردی بە تەنیا ژانرێک گەشە ناکات هەر بۆیە پێویستە لە قۆناخی یەکەمدا هەوڵی نووسینی(دائرة المعارف) فەرهەنگی زانستی لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا بدرێ. فەرهەنگەکان بێجگە لە پاراستنی ناوەکان بە هۆی مەرجەع بوونیانەوە دەبنە بنەمای زمانی کوردی و هەروەها بە جۆرێک یەکدەستی و هەلومەرج بۆ درووستبوونی زمانی پێوەر هەموار دەکەن. ئێمەی کورد بە هۆی دەوڵەمەندیی سروشتەکەمانەوە ڕژیمێکی خۆراکیی دەوڵەمەندمان هەیە کە بە داخەوە هەتا ئێستە فەرهەنگی چێشتی کوردستان بە وردەکارییەوە، لە لایەن کەسانی شارەزاوە نەنووسراوەتەوە. کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە و بست بە بستی زنجیرە کێوەکانی ئەو هەرێمە ناوی تایبەتی خۆی هەیە و هەروەها ئەو ناوانە پێوەندییان بە هەزاران ساڵەوە هەیە و نەگۆڕاون، بەڵام هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە ئینسکلۆپێدیای کەژ و کێوەکان بنووسین. بە نووسینی ئاکادیمی ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین کە چیای سەبەلان هەر سەهۆڵانە و ئەلبورز دەستکاری کراو یا گۆڕاوی هەرەبەرزە (فرهنگ دهخدا). ئەلوەن، نەهاوەند، دەماوەند هەر هەمووی پاشگری «وەند»ی(خێو، خاوەن) کوردیی خوارووی پێوەیە و بە جۆرێک بەربڵاویی جوغرافیا زمانییەکەمان دەسەلمێنێ.

نووسینی ئینسکلۆپێدیا ئەورژانسیترین و پێویستترین چالاکییە کە دەبێ بۆ دروستکردنی بنەمایەکی پتەوی زمان کەڵکی لێ وەربگیرێت. نووسینی فەرهەنگی زانستی، زمان لە بەستراوەیی بە تەنیا ژانرێکەوە ڕزگار دەکا و لە هەمووی گرنگتر، فرە ڕەهەندی ئەکات. نووسینی ئینسکلۆپیدیا بە پێی سەردەم، شێوازی تایبەتی خۆی دەوێ. لە کوردستان بێجگە لەوەی لە زانکۆکان و بەشی زمان و ئەدەبیاتدا بنەماکانی فەرهەنگنووسی ناوترێتەوە، بەڵکوو کتێبگەلێکیش لەو بوارەدا چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە هەتا لێکۆڵەران کەڵکی لێ وەربگرن. خەسارناسیی فەرهەنگنووسیی کوردی هەموو لاوازییەکانمان بۆ دەرئەخات. بە داخەوە زۆربەی فەرهەنگنووسانی کورد تەنیا وشەدان(لغتنامە)یان نووسیوە، یا ئەوەیکە

زۆربەی فەرهەنگ و وشـــەدانەکان ناوچەیی و دوو زمانەن و هاوتاکەی نووسراوەتەوە.
لە باشووری کوردستان بە هۆی هەبوونی زانکۆی کوردییەوە ئەو ئەمرە زوو دەبێتە واقیع و ڕاستی. یەکێ لە هەل یا شانس و دەرەتانەکان کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە، ئەوەیە کە لە ئیمـــڕۆدا هەموو چەمـــک و بابەتەکان بەلای پرســـی ژینگەپارێزیدا شـــکاوەتەوە. لە جیهاندا وێژمانی سەرەکی پرسی ژینگەیە. بێ ئاوی، گەرمای لەڕادەبەدەر، لافاو، وشکەساڵی، پیســـبوونی ئاو، هەوا و خاک، بەبیابان بوونی دەشـــتەکان، قەیرانی کشـــتوکاڵ و هتد هەر هەمـــووی قەیرانگەلێکن کـــە وڵاتانی جیهان پێیانەوە دەناڵێنن. لێرەدایـــە کە ئەگەر کورد لە بواری ژینگە و کشتوکاڵدا زمانەکەی نۆژەن و زیندوبکاتـــەوە، ئەوا هەم زمانەکەی پارێزراو و بەرۆژدەبێتەوە و هەم بـــە لایەنی ژینگەیی و ژینگەپارێزی (زیست محیطی)کە بابەتێکی ڕۆژ و سەرەکیی جیهانییە پەیوەست و تێکەڵ دەبێ.
ڕەچاو کردنی میتود و شێوازی نووسینی ئینســـکلۆپیدیا، خاڵی یەکەمی هەنگاوەکەیە. ئەگـــەر ئەو ئەرکە بە ســـەر توێژەرانی زمان و فەرهەنگســـتاندا دابەش بێ، ئـــەوا بەرهەم و لێکۆڵینـــەوەکان زانســـتی و ئاکادیمیک ئەبن و هەروەها بـــە خێرایی پـــرۆژەکان بەئەنجام دەگـــەن. لێرەدا بـــۆ ئاســـانکاریی فێرخوازان نموونەی وشـــەی «ئاو» دەخەینـــە بەر دیدی خوێنـــەران هەتا لە نووســـینی ســـووژەکانی دیکەدا ڕەچاوی بکەن:

ئاو : Aw ـ ئاو، ئە و، ئاب، ئاپ water
• تەوش و مادەیەکی بێ ڕەنگ و بۆیە، کە ٧٠ لە سەدی گۆی زەویی پێک هێناوە، یەکێ لە ڕەهەندە سەرەکی و هۆکارەکانی ژیانی رووەک و زیندەوەرانە، لە ســـەرجەم ئاوی گۆی زەوی تەنیا (٢٪ ) شیرین و بۆ خواردنەوە ئەشێ، لەو دو لە سەدەش ٪٩٠ی سەهۆڵ و بەستەڵەکە لە جەمســـەرەکاندایە. ناو و نازناوەکانی ئاو لە بوارەکانی زانستدا بریتین لە:
• فیزیا: بەستەڵەک، تەوش(تراو)، هەڵم
• کەشناسی و بارین: باران، تەرزە، بەفر، ڕێژنە، تەم، هەور، ئاونگ، هەڵم
• ژینگەناســـی: ئاوی خواردنەوە، زێراب، ئاوی بســـور، گەندئـــاو، مەن ئـــاو، زەلـــکاو، واژئاو، دالاتاب، بزئاو
• چاوگەکانی ئاو: ئاوی ژێرزەوی، ئاوی کانزایی، ئاوی ســـاکار و دیار، ئاوی زەریا، ئاوی کانی، ئاوی کارێز، ئاوی چاڵ(بیر)
• باری چۆنیەتیی فیزیکی: ئاوی ســـوێر، ئاوی شیرین
• بـــاری تایبەتمەندیـــی کیمیایـــی: ئـــاوی قورس(مقطر)
• کەڵکی ئاو: خواردنەوە، وەرزێری و کشتوکاڵ، پیشە و دەستکرد(سەنعەت)
• تایبەتمەندییەکانی ئاو: شـــایانی ســـەرنج و لێکۆڵینەوەن، بۆ نموونە
• پێکهاتـــەی مولوکولیی ئاو بە جۆرێکە کە لە ماوەیەکی کەمـــدا زۆرترین گەرما یا زۆرترین ســـەرما دەگرێتە خۆی و هەم لە باری کێش و هـــەم لـــە بـــاری چیەتـــی و چۆنایەتییەوە گورانکاریی بە سەردا دێت.
• ئاو مادەیەکی توێنەرەوەیە و زۆربەی شتەکان لە ئاودا ئەتوێنەوە و بە پێچەوانەش
• وەک چۆن ٧٠ لە ســـەدی گـــۆی زەوی ئاو پێکی هێناوە، ٧٠ لە ســـەدی لەشی زۆربەی زیندەوەرەکانیش لە ئاو پێکهاتووە.
• هەندێک نیشـــانەی ســـەرەکی بۆ پاکیی ئاو: ڕەنگ، بۆن، تام، زۆر بونی ئۆکسیژن
لە ئوســـتورە و ئایینەکاندا ئاو جێگە و پێگەی تایبەتی هەبووە و هەروەها خودایەکی تایبەتی هەبووە کە لە کوردستان و بان دەشتی(فلات) ئێراندا بە ئاناهیتا ناســـراوە. ئاو لە ئایینەکاندا پیرۆز و تەبەڕروک کراوە و ئەو دیاردەیە لە دینە خۆرهەڵاتییەکانەوە هەتا ئایینە خۆرئاواییەکان بەدی ئەکرێ. ئاوی زەمزەم، ئاوی کەوســـەر و

## ئاو






## تایبەتمەندی و زانیارییەکان

| | |
|---|---|
| ناوی باو | ئاو |
| ناو IUPAC | oxidane |
| ناوە سەرنجڕاکێشەکان | aaua. دەی هایدرۆژن<br>مینوکسید<br>هایدرۆژن هیبروکوسید |
| پێکهاتەو فورمولی مولوکولی | H_2O |
| ژمارەی CAS | 5-18-7732 |
| INChI | INChI = 1/H_2O/h_1<br>H_2 |
| کێشی مولی | g/mol 18,0153 |
| تۆکمەیی و فاز | g/cm^3 0,998 تەوش لە<br>C,latm˚20<br>g/cm^3 0,997 بەستو لە<br>˚C,latm |
| ڕێژەی پلە بۆ بەستەڵەک | (c (273,15k) (32 ˚F˚0 |
| ڕێژەی پلە بۆ کولاندن | c (373,124k)˚ 99,974<br>((211,95 ˚F |
| ڕێژەی گەرمیی تایبەت | j (g.k) (20 ˚c 4,184 لە( |

هتــد نمونەی ئــاوە پیرۆزەکانن کە لە کتێبە ئاسمانییەکانیشــدا باسیان لێوە کــراوە. مانگی یازدەهەمی جوولەکاکان بە ئاب ناسراوە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بــۆ پیرۆزیی ئاو. کاتێ ئــاو ئاوەدانی و شارستانییەتی بەداوە بێت بێ گومان ئەو وشەیە لە ناوی گوند و شار و هتدەکاندا پاشگر و پێشگری ناوەکان داگیر ئەکات نمونەی ئەو ناوگەلە بریتین لە میرئاوا، سەوڵ ئاوا یا ئاوەنان(ئابدانان) و...

لە بواری پزشکیدا ئاو بێجگە لەوەی لەگەڵ دەرماندا تێکەڵ ئەکرێ بە تەنیا بۆ خۆی دەرمانێکە کە بە «ئاودەرمانی» ناسراوە. سەرەرای پیرۆز ڕاگرتن، دەست پێوەگرتن و پاقژ ڕاگرتنی ئاو بە شێوەی توند جەختی لە ســەر کراوە. بۆ نموونە لە ئیسلامدا جەخت لە سەر ئەوە کراوە کە «ئەگەر لە قــەراخ ئاوێکدا بتهەوێ دەســتنوێژ بگری، دەبێ بــە ئەندازەی دەســت نوێژێک ئــاو ببرێنیتەوە».هەر لە ســەردەمانی کۆنــەوە هەتا ئەو دوو سێ دەیەی پێشوو، ئاو لە گۆی زەویدا ڕەوتی ئاســاییی خۆی پێواوە و بە بێ کەموکــوڕی پێداوێســتییەکانی ژیانی دابیــن کردووە. خولی ئاو لە گەردووندا نەگۆڕە و دڵۆپێک کــەم و زیاد ناکات ئەوەی کە ئێســتە کێشــەی ژینگە و قەیرانی ئاوی لێ کەوتووەتەوە، گۆڕینی باری ئاو و هەوایی و سروشتە بە هۆی مرۆڤەوە کە هەم گۆڕانکاریی لە ســەر ڕەوتی سروشتی و وەرزی بارین و هەم لە سەر شــوێنی بارین داناوە. بە هۆی گەشەکردنی زانست لە هەموو بوارەکاندا و نیازی مرۆڤ بە پێداویستیی ستاندارد، ئاو و ئاوناسی(هیدرۆلۆژی) وەک یەکێ لە بوارەکانی زانســت گەشەی کرد کە ئەو بوارە بۆ خۆی بە سەر دەیان بواری دیکەدا دابەش بووە.

# زمان و ژینگە – فۆکۆ و گۆران

شەهرام ڕەسووڵ

بێ گومان گۆران یەکێکە لە هەرە شاعیرە دیار و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەمی ئێمە. ناوی گۆران زیاتر لە هەرشتێکی تر لە ناو ئەدەبیاتی ئێمەدا دەدرەوشێتەوە و وێنا شعرییەکانی ئەو بۆ سروشت، ناوبانگێکی زۆریان هەس و ئەمەش خاڵی سەرنج ڕاکێش بوو بۆ ئێمە. ئایا گۆران کە بە نزیکەیی لەگەڵ فۆکۆ هاوچەرخ و هاوسەردەم ژیاون، چۆن لە ژینگە و ئەو سروشتە دوواوە؟

یەکێک لە پرسیارە گرنگ و زۆر دیارەکانی سەدەی بیست، پرسیاری زمان بووە، لە ناویشیاندا پرسیار دەربارەی چیەتیی زمان و، چۆنیەتیی دروستبوونی زمان یەکێک بووە لە پرسیارە پڕ لە کیشەکان، کە بووە بە مایەی گفتوگۆی زۆرێک لە بیریاران و فەیلەسوفانی ئەو سەدەیە و سەدەی دواتریش.

فۆکۆ کە ناوێکی دیاری ناو دونیای فیکری خۆرئاوایە و لەم دوایانەشدا لە ناو دونیای ئێمە دەنگ و ڕەنگی دەرکەوتووە و گرنگییەکی زۆری پێ دراوە و بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی ئێمە بە پەرۆشییەکی زۆرەوە وەردەگێردرێن، یەکێکە لەو بیریارانەی زۆر بە وردی لەسەر زمان وەستاوە و کاری لەسەر کردووە؛ بەجۆرێک کە کتێبی «وشەکان و شتەکان»ی بە یەکێک لە هەرە کتێبە دژوارەکانی فۆکۆ دادەندرێت کە وەڵامی ئەو بۆ ڕیشەی زمان و پەیوەندیی زمان و دەسەڵات و زمان و مرۆڤ و زمان و ژینگە لەو کتێبەدا بەجۆرێکە کە لە دوای خۆیەوە تا ئێستا ئەو مقۆمقۆیانە نەبڕاونەتەوە کە ئەم هێناوییە ناو کایەی زمانەوە!

بۆ فۆکۆ زمان لە سەرەتاوە هیچ نییە جگە لە هێما و پیت و دەنگ و ڕستەکانی سروشت. ژینگە جا هەر ژینگەیەک بێت، خاوەنی دەسەڵات و زمانی خۆیەتی و ئەوە سروشتە لە ڕێگای هێماکانی خۆیەوە، مەعریفەیەک لە ئەندێشە و لە بیری ئێمەدا دەچەسپێنێت کە دواتر لە شێوەی زمان و قسەکردندا خۆی دەبینێتەوە. تەنانەت وشە و پیت و نوسینیش ڕەگ و ڕیشەکەی هەر وا لە ناو سروشت و ژینگەوەیە، زمانیش لەسەر بنەمای لێکچون و دواتریش جیاوازی، مەعریفەی خۆی دروست دەکات. هەڵبەت چ لێکچوون و چ جیاوازییش هەر وان لە ناو ژینگەدا، مرۆڤ کاتێ ویستوویەتی بڵێ ئاو لە هەمانکاتدا ویستویەتی بڵێ دار نا، بەرد نا. کاتێ ویستویەتی بڵێت مار ویستویەتی نەڵێت دار، کاتێ ویستویەتی ئاماژە بە زەیتوون بکات، شێوەی چاوی دروست کردووە، کاتێ ویستویەتی ئاماژە بە کەللە سەر بکات، بە مێشک بکات، ئاماژەی بە گوێز کردوە، بە کورتی بە لای فۆکۆوە زمان لەسەر بنەمای لێکچوون و جیاوازیی ناو ژینگە و سروشتەوە دروست بووە و دواتر بە چەند قۆناغێکی تردا دەگوزەرێت؛ لەوانە دووبارە بونیاد نانەوەی سروشت و دەستکاری کردنەوەی سروشت هەر لە ڕێگای خودی زمانەوە.

تا ئێرە بەشێک یان پوختەیەک بوو لە دیدی فۆکۆ دەربارەی زمان و ژینگە بە گشتی، بەڵام با بزانین داخۆ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا چۆن ئاوڕ لەو بابەتە دراوەتەوە، ئایا ژینگەی کوردستان تەنها نیشانەی دەسەڵاتی خودایەکە و بەس؟ ئایا ئەم ژینگەیە تەنها جوانە و ئێمە دەبێت پێیدا هەڵبڵێین؟ بۆی بجەنگین؟ خوێنی بۆ بڕێژین؟ ئایا ئەو شتێکە و ئێمەش شتێکیتر؟ لە نێوان ئێمە و ئەو ژینگەیەدا چیتر هەیە؟

بێ گومان گۆران یەکێکە لە هەرە شاعیرە دیار و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەمی ئێمە. ناوی گۆران زیاتر لە هەرشتێکی تر لە ناو ئەدەبیاتی ئێمەدا دەدرەوشێتەوە و وێنا شعرییەکانی ئەو بۆ سروشت، ناوبانگێکی زۆریان هەس و ئەمەش خاڵی سەرنج ڕاکێش بوو بۆ ئێمە. ئایا گۆران کە بە نزیکەیی لەگەڵ فۆکۆ هاوچەرخ و هاوسەردەم ژیاون، چۆن لە ژینگە و ئەو سروشتە دوواوە؟

گۆران لە شیعری کوردستاندا، کە تایبەتە بە ژینگە و سروشتی کوردستان، وێنایەک لە زمان دەخاتە ڕوو کە وێنەی لە لای شاعیرانی تر نابینری. گۆران لەوە ورد دەبێتەوە کە شاخ و گرد و چیاکانی کوردستان، تەنها شتانێک نین لەوێ، لەو سەرەوە، بە پێچەوانەوە ئەوان ئەوەتان لە ناو وشە و زمانی ئێمەدا؛ ئەوەتا ئەوەی ئێمە پێی دەدوێین و قسەی پێ دەکەین، شتانێکن لە ڕەگەزی ژینگەکەمان، هەر وەک فۆکۆ چۆن لەو باوەڕەدا بو کە ئەوەی ئێمە دروست دەکات و پەروەردەمان

دەكات ژینگەیـــە و ئێمە بەرهەمی پەروەردەی ژینگەیـــن؛ هـــەم لاشـــە و شـــكڵ و بونیادی جەســـتەییمان هـــەم بیركردنـــەوە و باوەڕ و زەمانمان. «كوردســـتان: جێگەمی، جێی هەزار ســـاڵەم،...پەروەردەی ئەم دۆڵ و ســـەرلووتكە و یاڵـــەم!» لەم دێڕە و دێڕەكانی دواتریشـــیدا، گۆران بـــە وردی باس لەوە دەكات كە ئەوەی ئێمەی پەروەردە كردووە، بۆ ئێمە ســـەرچاوە بووە دۆڵ و یاڵ و لووتكەكان بوون. واتە ژینگە و سروشت بووە نەک سەرچاوەیەكی دەرەكی و مەعریفەیەكی تر هی شوێنێكی تر. پەیوەندیی نێوان تاكی كورد و خاكەكەشـــی هی هەزاران ســـاڵ بووە و ئەم هەزاران ساڵەش كاریگەریی چەند لایانەی هەیە. كە نەک هەر لە پەروەردە كردن تەنانەت لە هاوجووت بوونی یەكتریش، كە دواتر ئەو هاوجـــووت بونەی نێوان تاك و مرۆڤی كورد لەگەڵ ژینگەكەی دەخەینەڕوو.

گۆران لە چەند دێڕی دواتری شـــیعری كوردســـتان، بێ هیچ پەردەیەک دێت دیدی خـــۆی لەمەڕ زەمـــان و ژینگـــە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: «زەمانم پشكوتووی قسەی جوانتە، ... قســـەی ناو گۆرانیی شاخەكانتە». بێ هیچ زۆر لەخۆكردنێک، بێ هێـــچ زیادەڕەوییەک، ئەمە ڕێک ئـــەو بۆچوونەیە كـــە قوتابخانەكانی دی سۆســـیر و پاشبونیادگەراكان و فۆكۆ، بە ورد و درشتی لەسەری وەستاون و قسەیان لەبارەوە كردووە. بەڵام گـــۆران بە دێڕێكی چڕ و پڕ لە مانا، دیدی خۆی خستووەتە ڕوو. بیركردنەوەی گـــۆران لـــە وەهـــا بابەتێک، ســـەرچاوەكەی هەرچییـــەک بێت ئـــەوە ناشـــارێتەوە كە لە لای گۆران، ژینگە و سروشـــتی كوردســـتان، ڕەهەندێكـــی قووڵتـــری لەوە هەیـــە كە تەنها هەر شـــوێنێک بێت و بەس، شـــوێنێک بێت بۆ كـــورد و بەس، شـــوێنێک بێـــت لەوێ و ئەمیش لـــەوێ. دركی گۆران بـــە كاریگەریی ئەم ژینگەیە لەســـەر زەمانی ئێمە، هەر بەتەنیا كاریگەری نییە، بەڵكـــوو زەمانی ئێمە و زەمانی گۆران ڕاستەوخۆ لێكچووی زەمانی شاخ و قسە و گۆرانیی ژینگەی كوردســـتان خۆیەتی. ئەو شاخ و ڕوبار و گژوگیا و دۆڵ و دەشت و یاڵە، لەسەر زەمان و گۆرانی و قسەی ئێمە دانیشتون و قســـەی ئێمەی پێ پشكوتووە. تەنانە زەمانی گۆران هەمـــان زەمانی ئاگردان و هەمان زەمانی منداڵێكە كە جگە لە گرۆگاڵ و نوزەنوز بەولاوە، هیچی تری پـــێ نییە بۆ وتن. ئاگران جگە لە بڵێســـە و قرچە قرچی چیلكەكان هیچی تری پێ نییە؛ گۆرانیش كە خۆی ئاســـتی زەمانی لە ئاســـتێكی باڵاتر لەماندایە، بەڵام هێشتا گۆران دەڵێت كە نەخێر ئێمە لە شـــتێكا هاوبەشین ئەمیش زەمانـــە، زەمانی مـــن و منداڵێک، هی مـــن و شـــاخێک، هی مـــن و هـــی ئاگردان ئەمانە هەمووی یەک شـــتە و بوونمان تێكەڵی یەكترییە و ئێمە لەناو یەكتریداین؛ سروشـــت وەک خوێـــن لە دەمارەكانماندایـــە، «قوڵپی با خوێنـــی دەمارەكانم، ... بە زەبری عەشـــقی تۆ ئەیـــدا، ئەزانم». كەوایە ئەو عەشـــقەی كە گۆران باســـی دەكات هەر ئەو عەشقە نییە كە شـــاعیرانی تر بۆ جوانیی ژینگكەی هەیانبووە. بە پێچەوانەوە هی گـــۆران جگە لە جوانی لە شـــوێنێكی ترەوە، لە كاریگەرییەكانی ژینگەوە ســـەرچاوەی گرتووە، لەو هێڵەوە سەرچاوەی گرتووە كە لە ناو گۆران وەک تاكێک و ژینگە وەک گشتێک هەیە.

یەكێكـــی تر لە خاڵە سەرنجڕاكێشـــەكانی گـــۆران كە لەمەڕ سروشـــت و ژینگە هەیەتی، بریتییـــە لە هاوجووتیی نێـــوان تاک و ژینگە. شـــكاندنی دیـــواری ســـووژە-ئۆبژەیە لە نێوان ئەم دووە و وەک خۆ تەماشـــاكردنی ژینگەیە. ئەمـــە جگە لە ڕەهەندە عیرفانییەكانی ئەوســـا و زانســـتییەكانی ئێســـتای، ڕەهەندێكـــی فیكریتریشـــی هەیـــە، ئەویش ڕەهەنـــدی شیعریەتی و ناعەقڵانییە: زمان و خوێندنەوەی هەســـت لە ڕێگای زمانی ژینگـــە خۆیەوە. بۆ گۆران هەمیشـــە سروشـــت لە ڕێگای هێما و نیشـــانە و پیت و ڕەنگەكانـــی خۆیەوە زمانێک پێكدەهێنێتک كە زمانێكی شیعری و زمانێكی

هەستییە و هەڵگری هەمان سێنسە زاتییەکانە.
ژینگە جگە لە زمانی زانسـت کە زمانی یاسا و هۆکار و دیاردەکانی سروشتن، زمانێکی تریشی هەیە؛ جگە لە زمانی خودایی و جوانی خودایی و تەجەلـلای مەزنـی خودایـەک، زمانێکی تری هەیە؛ ئەویـش زمانێک کە نوێنەرایەتیی سـووژەیەکی ئازاد و نیگەران دەکات. هەڵبەت ئەگەر سارتەرانە تەماشای نیگەرانی و دۆخەکانی بکەین، لەوە تێدەگەین کـە ئەوانەی نیگەران دەبن ئەوانەن کە بوونێکی ڕەسـەن و بوونێکی ئازادیان هەیە، بەڵام بـا بزانین لە لای گۆران چۆن سروشت وەک ژینگەیەکی نیگەران، وەک ژینگەیەکی ئازاد، هاوشێوەی سووژەی مرۆڤ بە نیگەرانییەوە خۆی دەنوێنێ؟

هەڵبەت گۆران لە ڕێگای بە هێما کردنی ڕەنگ و جووڵەی سروشـتەوە، زمانێک دەدات بە سروشت کە لە ڕێگای ئەم زمانەوە سروشت هـەم خـۆی بەیـان دەکات و هەمیش لەم ئاڵوگۆڕکردنەی هێماکانەوە کاریگەری لەسـەر زمانی ئێمە دانـاوە. لە یەکێک لە ناوداردترین شیعرەکانی سـەدەی بیستی کوردی شیعری پاییـزی گۆرانە. گۆران لەم شـیعرەدا دووبارە بەربەسـتی نێوان ژینگە وەک شتێک لەوێ و خودی مرۆڤ وەک شـتێکی تر دەشـکێنێت. ئەم کارە هەم لە ڕێگای لێکچواندنی شـێوەی سروشت بە شێوەی مرۆڤ دەکات، هەمیش لە ڕێگای پێدانی سـێنس بە ژینگەکە. پاییز هەم قژی زەردە و شان و ملی ڕووتە، هەمیش ماتە و زیزە، داد و بێدادیەتی، ئەمانەش ژینگە خۆی لـە ڕێگای زمانی خۆیەوە باسـیان دەکات؛ لە ڕێگای بای سارد و هەوری گریاناوی و فڕینی پۆلـی باڵدارەکانی خۆیـەوە بەیانیان دەکات. کەوایـە نیگەرانـی و ترس، ماتـی و زیزی، هـی سـووژەیەکی ئازادن نـەک بەتەنها هی ئۆبژەیەک و بەس. هەموو ئەمانە دیدی گۆران بۆ سروشت و ژینگە کە هەڵبەت ئەم باوەڕەی گۆران بۆ سـووژەی ژینگە هەر وا بێ کاریگەر نەماوەتەوە و گۆران بەرەو شوێنێک دەبەن کە پێشتر کەسـی تر هەنگاوی بۆ نەناوە، ئەویش تازەکردنەوەی شـیعری کـوردی و کارکردن لەسەر ئەو کێشە شـیعرییانەی کە هی کورد و سروشـتی کوردی خۆینـی. ئەگەر زمانمان هی شـاخ و داخەکانمان بێـت، ئەگەر دار و نەمام و درەخت و دەوەن و هەور و گەڵاکانمان وەک ئێمە بـن و زمان و ڕەنگ و هێماکانیان لـە هی شـوێنێکی تر نەچن و لە شـوێن و ژینگەیەکی ترەوە وەرنەگیرابێتن، بۆچی ئێمە بە کێشـی عەرەبی شیعر بنووسین؟ بۆچی بە وشـەی فارسی و تورکی دەفتەرەکانمان ڕەش بکەینەوە؟ هەڵبەت ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە گۆران ناچار دەکەن شۆڕشـێک لە ئەدەبیاتی کوردی و لە شیعری کوردیدا بکات. شۆڕشێک هـەم لـە ڕووکاری شـیعری و هەمیـش لە ناوەڕۆکی شیعریدا بکات کە ئێرە شوێنی باسی ئەو گۆڕانکارییانە نییە.

ماوەتـەوە بڵێیـن ئاخۆ گـۆران ئاگاداری فەلسـەفەی ڕۆژئاوا بە گشـتی و فەلسەفەی ئەڵمانـی و فەڕەنسـی بەتایبەتـی بـووە؟ ئاگاداری فەیلەسـووفانی قوتابخانەکانی وەک بوونیادگەرایی و پاشبونیادگەرایی و بوونگەرایی بووە کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە یاخود نا، ئەمە تەنها زادەی بیر و تێگەیشـتنی خۆی بووە بۆ زمان و مرۆڤ و سروشـت و ژینگەی کوردستان؟ هەڵبەت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بە ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەکی درێژ و چڕ هەیە؛ هەم بۆ فەلسـەفەی سەدەی بیستی ڕۆژئاوا هەم بۆ ژیان و کارەکانی گۆران خـۆی. بـەڵام دەرئەنجامەکـە هەرکامێکیان بێـت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە گۆران چ لە وتار و کارەکانـی تریـدا بێت، چ لە شـیعر و وێنا شـیعرییەکانیدا بێت، خاوەنی دیدێکی قووڵ بووە بۆ کاریگەرییەکانی ژینگە لەسـەر زمان و بیری ئێمە و ئەمـەش وەک ئەوەی کە ڕوون کرایەوە، هەم لە شیعر و زمانی شیعری و وێنا شـیعرییەکانیەوە و هەمیش لـە گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دەردەکەوێت.

# چەند نموونەیەک لە
# سیاسەتەکانی پاراستنی ژینگە لە وڵاتی سوئێد

تاهیر عەلیار

”

وڵاتی سوئێد خۆی بە زیاتر لە ٤٠ کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەییی ژینگە و گرێبەستی نێو نەتەوەیی بۆ پاراستنی ژینگەوە بەستووەتەوە. ئەو، چاوەدێری بە سەر زۆرینەی بوارەکانی ژینگەپارێزیدا دەکەن بۆ وێنە خاوێن ڕاگرتنی هەوا، چۆنیەتیی کۆکردنەوەی زبڵ، چۆنیەتیی بێ خەتەرکردنی مەوادی کیمیایی، چۆنیەتیی خاوێن ڕاگرتنی سروشت و ....

“

لـه کـۆی ٢٢ وەزارتخانەی دەوڵەتی سـوئێد، یەکیان وەزارەتخانـەی ژینگەیە. ئەرکەکانی ئەو وەزارتخانەیە

لە سایتی ڕەسمیی خۆیاندا ئاوا دیاری کراوە:

١ کەمکردنەوەی بڵاوبوونـەوەی گاز و مەوادی پیس لە هەوا و فەزادا.

٢ دابینکردنـی ژیانێکی دوور لە هەر چەشـنە پیسییەک.

٣ پەرەپێدان و زیادکردن و بە هێز کردنی ژیانی سروشت لە سەر عەرز و لە ئاودا.

٤ پێراگەیشـتن بە سـووڕی ژیانی پڕ بایەخی سروشت circulation

٥ کۆکردنەوەی زبڵ و زێراب لە هەر چەشنێک.

٦ پاراسـتنی ژینگە و ژیان لە هەموو تیشکێکی زیانبار.

٧ دابینکردنی هەوای خاوێن بۆ ژیان.

٨ هـاوکاری و هاوبەشـی لـە تێکۆشـانی ژینگەپارێزیی جهانیدا.

## خۆبەسـتنەوە بە کۆنڤانسیۆن، گرێبەست و پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییەکانەوە

وڵاتی سوئێد خۆی بە زیاتر لە ٤٠ کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەییی ژینگە و گرێبەستی نێو نەتەوەیی بۆ پاراستنی ژینگەوە بەستووەتەوە. ئەو، چاوەدێری بـە سـەر زۆرینـەی بوارەکانـی ژینگەپارێزیدا دەکەن بۆ وێنە خاوێن ڕاگرتنی هەوا، چۆنیەتیی کۆکردنەوەی زبـڵ، چۆنیەتیی بێ خەتەرکردنی مـەوادی کیمیایی، چۆنیەتیـی خاوێن ڕاگرتنی سروشت و ....

گرێبەستەکانیش لە نێوان چەندین وڵاتدا واژۆ کراون بۆ ئەوەی پرۆژە گەورەکانی ژینگەپارێزی، بە هـاوکاری و ئیمکاناتی هاوبەـش بەرەوپێش ببەن، چونکە زۆربەی پرۆژەکان بۆ هەموو دنیا یا بەشێک لە دنیان. هەروەها بە تێکۆشانی هاوبەش هەوڵ دەدەن مافی ژینگە پەرەپێبدەن.

ئەرکـی گرینگـی دەزگای پێراگەیشـتنی خزمەتگوزاریـی سروشـتیی سـوئێد ئەوەیە کە بەشـداربێ لە کاری بەردەوام بـۆ بەڕێوەبردنی بڕیـاری ئەو کۆنڤانسـیۆنانە و پسـپۆڕەکانی لە کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکاریـی یەکیەتیی ئورووپادا سـەبارەت بە ژینگەپارێزی بەشـداری بکەن و بیروبـاوەڕی خۆیان بـۆ هەنگاوەکانـی داهاتوو ڕابگەیەنن.

یـەک لەو کۆنڤانسـیۆنانەی باسـمان کرد، کۆنڤانسـیۆنی ئـاو و هەوایـە کـە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر داوە. ئەرکی گرینگـی ئەو کۆنڤانسـیۆنە ئەوەیـە ڕێگاچارە ببینێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە ئاڵوگۆڕەکانی ئاو و هەوا بگرێ؛ چونکە مەترسیی ئاڵوگۆڕەکانی ئاو و هەوا، بەرانبەر بە ژینگەی مرۆڤایەتی قورسـترین مەترسـییە و کارکردی لە سـەر هەموو وڵاتان هەیـە و هەموو وڵاتەکانیش لە دروسـت بوونی ئەو مەترسییەدا کەم و زۆر دەستیان هەیە، بەڵام بەشـە جیاوازەکانی جیهان بە شـێوەی جیاواز تووشی ئەو مەترسییە دەبن.

چوونەسـەری گەرما لە سـەدەی ڕابردوودا لە سـەر گۆی زەوی پێمان دەڵێ: بڵاوبوونەوەی گازی کۆلدیئۆکسید زیادی کردووە و ئەوەش بە هۆی بە کارهێنانی لە ڕادەبەدەری زووخاڵ، نەفت و گازی سروشـتییە. بۆیە بـڵاو بوونەوەی گازی گوڵخانەیـی دەبێ تا ئەو ڕادەیـە کەم بکرێتەوە کە بەرەبەرە نەتوانێ کێشـە بۆ سیسـتمی ئاو و هەوا دروسـت بـکا ئەوەش تەنیا بـە هاوکاریی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەبێ.

## گرێبەستی پاریس

ئەو کۆنڤانسیۆنە گرێبەستی پاریسی بەدوادا هات کە مانگی دێسـامبری ٢٠١٥ بڕیاری لە سـەر درا و لە مانگـی نۆڤامبری ٢٠١٦ کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لە ڕاسـتیدا تەقریبەن تەواوی وڵاتانـی دنیا واژۆیـان کردووە. ئەو گرێبەسـتە تەواوی لایەنەکانی کۆنڤانسیۆنی ئاو و هەوا ڕوون دەکاتەوە.

گرینگتریـن ئامانجـی گرێبەسـتی پاریس ئەوەیە وڵاتانی ئەندام تێبکۆشـن، چوونەسـەری گەرما کە بە شـێوەیەکی گلۆبـاڵ هەموو دنیای

گرتۆتەوە بێننــە خوارێ تا ڕادەی لانی کەم دوو دەرەجــە لە هەنــگاوی ئەوەڵدا و لە پاشــانیش هەوڵ بدەن وردەوردە بیهێننە خوارتر. هەر پێنج ســاڵیش جارێک هەڵســەنگاندن دەکرێ بزانن هاوکاری و چارەســەریی ئەو وڵاتانە ئامانجەکانی پێکاوە یان نا.

## پرۆتۆکۆلــی کیۆتــۆ وەک پێشــینەی ئەو هاوکارییانە

وەک پێشــینەیەک بــۆ گرێبەســتی پاریــس، پرۆتۆکۆلــی کیوتۆ لەبەرچاو دەگیرێ کە ســاڵی ١٩٩٧ واژۆ کــرا و لە مانگی فێڤریەی ٢٠٠٥ لە هەموو ئەو وڵاتانەی کــە واژۆیان کردبوو کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بەشێکی ئەو پرۆتۆکۆلە داواکاری و بڕیارلەســەردانە بــۆ کەمکردنەوەی گازی گوڵخانەیی.

وڵاتی ســوئێد کۆنڤانســیۆنی ئــاو و هەوا، گرێبەســتی پاریس و پرۆتۆکۆلی کیوتۆ بە وردی جێبەجێ دەکا و کاریان پێ دەکا.

نوێنەرانــی ئەو وڵاتانەی کۆنڤانســیۆنی ئاو و هەوایــان واژۆ کردووە، بــە گوێرەی بەرنامەی دیاریکراو کۆ دەبنەوە و لەو کۆبوونەوانەدا لە سەر ڕێگاچــارەی نوێتر بڕیــار دەدەن و دەوڵەتەکانی وڵاتانی بەشدار بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شــاری بۆنی ئالمان ســکرێتاریایەکی بۆ ئەو کۆنڤانسیۆنە داناوە و وێبێکی هەیە کــە هەموو زانیارییە کی بە زمانی ئینگلیســی تێــدا بــڵاو کردووەتەوە. زانیارییەکی زۆریشــی لە سەر گازی گوڵخانەیی و کارکردی لە ســەر ژینگە تێــدا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها نووسراوە:

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە توانا و زەرفییەتی وڵاتەکان و گیروگرفتی ژینگەیان وەک یەک نییە و فەرقی هەیە بۆیە دەبێ ســەرنج بدەینە چەند خاڵێک:

١ چ فاکتورێــک دیاریکــەرە کــە وڵاتێک بە پێی بڕیاراتی کۆنڤانســیۆنە نێــو نەتەوەییەکان هەڵسوکەوت دەکا یا نایکا.

٢ چ مێتــۆد و مکانیزمێک هەیە کە ئەو وڵاتانە بە بڕیارەکانی کۆنڤانســیۆنەکان ببەستێتەوە و بە ئەنجامی بگەیەنن .

٣ چــۆن، جێبەجــێ کردنــی بڕیارەکانــی گرێبەســتەکانی ژینگە پارێزی ڕۆژبەڕۆژ باشــتر بکرێ.

ڕوانگە و ئامانجی وڵاتی ســوئێد و بەرنامەی دارێــژراو لە پێوەنــدی دەگەڵ ئــاو و هەوا لەو وڵاتەدا ئەوەیە ســاڵی ٢٠٤٥ هیچ ئاسەوارێک لە گازی گوڵخانەیی لەو وڵاتەدا نەمێنێ و نەیەتە نێو ئاتمۆسفەرەوە. مانای ئەوەیە ڕادەی بڵاوبوونەوەی گازی گوڵخانەیــی لەوســاڵەدا ٨٥ لەســەدە بە نیسبەت ساڵی ١٩٩٠ لە کەمی و کورتیی دابێ.

دەوڵــەت وەزیفەیەتی هەر ٤ ســاڵ جارێک سیاسەتی گەیشــتن بەو ئامانجە ژینگە پارێزییە و چۆنیەتیی تێکۆشــانی خۆی بۆ گەیشــتن بەو مەبەســتە لە ڕاپۆرتێکی ڕووندا بدا بە پەرلمان و هەر پێداویستییەکی تازە بۆ گەیشتن بە ئاکام و کۆتاییی کارەکە لازم بێ لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ بکا.

بەشێک لە کارخانەکان بەتایبەت کارخانەکانی کەرتی ئاسن و پۆڵا، دەبنە هۆی بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی بەشــێکی زۆر لە گازی گوڵخانەیی. بۆیــە بیرکردنــەوە لــە گۆڕینــی تەکنیکی ئەو کارخانانە، مێشــکی پســپۆڕان و بەرپرسانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ڕایان وایە لە پرۆسەی ئــەو گۆڕانکارییانەدا، ســوئێد ببێتە وڵاتێک کە ئیدی ســووتەمەنیی فوسیلی بەکار نەهێنێ و بۆ گەرمــای نێو ماڵ و بەرهەمهێنانی پیشەســازی و ترانســپۆرت، لە بیوئێنێــرژی کەڵک وەرگرێ. مەبەســت لە بیوئێنێرژیــش، وەزای تاو، وزەی با، وزەی ئاو، بەنــداو و ئاوبەند و وزەی کارەبایە. لەو بوارانەدا هەنگاوی گەورە هەڵێندراوەتەوە. لە زۆر جێگا کە لە مەسیری بادایە پایەی بڵیندیان دامەزراندووە کە جۆرێک ژنراتۆری بەرهەمهێنانی بەرقــە و پەڕەکانــی بە با دەســووڕێ و دەبێتە هۆی پاشــەکەوت بوونی بەرق لــە ژنراتۆرەکەدا. بەنداوی گەورەش لێــدراوە و ژنراتۆری بەرقیان

لــێ دامەزراندووە . لە بیناسازیشــدا ئێســتا لە سەربانەکان لە زۆر جێگا سەفحەی سەنعەتیی بۆ وەرگرتنی وزە دادەنێن کە نووری ڕۆژ وەردەگرێ و دەیــکا بــە وزە و بۆ گەرمــا و بەرقی نێو ماڵ کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئۆتوبووســی نێــو شــارەکان هیچیــان لە سووتەمەنیی فوسیلی کەڵک وەرناگرن و تەواویان بــە بیوگاز کار دەکەن و زەرەریان بۆ ژینگە نییە. لە باری نرخی هاتوچۆشەوە بە سەرفەترن چونکە لە سووتەمەنیی هەرزانتر کەڵک وەردەگرن. جگە لەوە ماشــێنی سواریی بەرقی، ئێستا بە لێشاو لە بازاڕدایە و ئەو جۆرە ماشێنانە یا ماشێنی هیبرید لــە زیادبووندان. قەتار، میترۆ و تراموا هەمووە بە بەرق کار دەکەن و هیچ گازێک لە ئاتموســفەردا بڵاو ناکەنەوە.

بەشێکی عومدە لەو بیوگازە لە زبڵ و ئاشغاڵ بە دەست دێنن. پێم وایە لازمە کەمێک لە سەر ئەو بابەتە بڕۆم.

هە موو ئەو کەسانەی بە تەنیا یا دەگەڵ فامیل دەژیــن دەبێ زبڵی نێو ماڵ بە چوار جۆر دابەش بکەن. ئاســن بە جوێ، خۆراکی مــاوە بەجوێ، شووشــە بە جوێ، کارتۆن و کاغەز بە جوێ. ئەو زبڵانە نابێ لە ماڵێ ڕابگیرێ بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو ســاختمانەی تێیدا دەژین بینــای تایبەتی هەیە بە مەحفەزەی تایبەتییەوە دەبێ ئەو شتانە هەرکام لە مەحفەزەی تایبەت بە خۆی باوێژرێ و لەوێدا ڕادەگیرێ تا شــارداری دەیانگوێزێتەوە . ئاسن دەنێردرێتە شــوێنی تواندنەوە و دووبارە بــە کاری دێننەوە. ئاســن تا بــێ نهایەت جار دەتوێندرێتەوە و بەکار دەهێندرێتەوە. شووشە و کارتۆن و کاغەزیش بە هەمان شێوە دەنێردرێتە کارخانەی تایبــەت بە خۆیان و تا ئەو جێگایەی دەکرێ دووبارە بە کار دەهێندرێنەوە. بەڵام زبڵ چ لێدەکەن.

لە هە موو شارەکانی سوئێد کارخانەی بەرهەم هێنانــی گەرمای نێو مــاڵ هەیە کە پێی دەڵێن värmeverket بە ئینگلیســی دەبێتە thermal power station زبــڵ دەبرێتــە ئەو کارخانەیە و بەشــێکی لە کوورەی تایبەتیدا دەکرێ بە گەرما و گەرمای نێو ماڵەکان و ئاوی گەرم بۆ خۆشوتن لــەو ڕێگایەوە بۆ هەموو ماڵێک لە ڕێگای لوولە و ئامێری تایبەتەوە دابین دەکرێ. بەشێکی دیکەی زبڵ دەبرێتە بەشــێکی دیکەی ئــەو کارخانەیە و بــە کەڵک وەرگرتــن لە تەکنیکــی تایبەت، دەکرێ بە بیو گاز و بۆ ترافیکی نێوشــار بە کار دەهێندرێ. ســوئێد ساڵانە ٧٠٠ ملیۆن تۆن زبڵ لــە وڵاتی نورویژ دەکڕێ و لەو کارخانانەدا گەرما و سووتەمەنیی لێ بەرهەم دێنێ.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە بکەم لە ســوئێد ئەو ئامۆژگارییانەش بۆخەڵک هەیە بۆ بەشــداری لە ژینگە پارێزیدا ڕەچاوی کەن.

**١** بۆ چوونە سەرکار یا شوێنی خوێندن، باشترە بــە پێیان بچی یا بە دووچەرخە یا بە ئۆتوبووس. ئەگەر شــوێنی کارت لە دەرەوەی شــارە باشترە دەگەڵ هاوکارەکانت ڕێــک کەوی چەند کەس بەیەک ماشــێن بچن لە باتــی ئەوەی هەرکەس ماشێنێک بێنی.

**٢** لە ماشێنێک کەڵک وەرگرن کە سووتەمەنیی فوسیلی ناوێ یا هیبریدە یان بە ئێتانۆل دەڕوا. ڕادەی بای تایەکانی دروستە. شێوەی لێخوڕینی بەسوود بە کار بێنە. بۆ سەفەر لە ناوخۆی وڵاتدا بە جێگای تەیارە سواری قەتار بە.

**٣** لــە ماڵێ لــە لامــپ و دەزگای بەرقیی کەم مەســرەف کەڵک وەرگرە. ئاوی گەرم زۆر بە کار مەهێنــە و گەرمای ماڵــێ زۆر مەکە و لە کاتی کوڵاندنی شــتێک سەرپۆشی لە ســەر دانێ. لە کاتــێ چوونە دەر لــە ماڵێ، ئامێــری کارەبایی بکووژێنەوە، چــرا بکووژێنەوە، ئەگــەر فریزەکە سەهۆڵ گرتووە بە جوانی سەهۆڵەکەی لێبکەوە.

**٤** دەرمانــی کۆن باتریــی کۆن، زبڵــی کۆن، تەگەری ماشــێنی کۆن، لە ماڵــێ ڕامەگرە. زبڵ لە سروشــتدا بڵاو مەکەوە. مەوادی کیمیایی لە زێراب مەکە.

**٥** شــتێک مادەی کلــۆری تێدابێ بــە کاری مەهێنــە. مەوادی پاک کــەرەوە لە ڕادەی خۆی زیاتر بەکارمەهێنە. بە گەرمای زۆر لیباس مەشۆ.

# پێشەکیی تاوان ناسیی ژینگەیی

هەژار شەریف زادە

❞

ڕەنگە نەزەرییە و ڕەهەندەکانی خوێندنەوە و قسە کردن لەسەر تاوانبار پێشینەیەکی دوور و درێژی هەبێ بەڵام زانستی تاوانناسی زانستێکی نوێیە و تاوانناسیی سەوز زانستێکی نوێتری ئەورۆیە لە بازنەی زانستی تاوانناسیدا کە سەرەتای ئەو زانستە دەگەڕێتەوە دەیەی ٩٠ی زایینی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە خودی ئەو زانستە سەر بە بۆچوونی تاوانناسیی ڕەخنەگرانەیە.

❝

تاوان واتە جورم چیە؟ ڕەنگە ئێمە ڕۆژانە زۆرمان گوێ لەو قسـەیە بووبێ کە « ئەرێ تاوانی من یا ئەو چییە کە دەبێ ئەوە بکێشـین؟!» تاوان لە ڕوانگەی تاوان ناسانەوە تەعریف و پێناسەی جۆراوجۆری هەیە بەڵام بەشـی هەرە زۆریان هاوڕان کە تاوان: «ئـاکار یا تەرکی کارێکە کە بەرانبەر بەو کارە لە دەقی یاسـا دا سـزایەک دیاری کرابێ» و توشـبووی ئەو کارەش پێی دەڵێن تاوانبار. زانسـتی «تاوانناسی» یا «جورم شناسی» پێشـینەیەکی دوور و درێژی هەیە، لە مەرکەزی ئەو زانسـتەدا مرۆڤ دانیشتووە و لێکۆڵەران بەردەوام ئاکاری مرۆڤ دەپشکننەوە کە چۆن تووشـی تاوانێک دەبێ و چ شـتێک تاوانە و چ سزایەک بۆ تاوانی فلان باشە.

ڕەنگە نەزرییە و ڕەهەندەکانی خوێندنەوە و قسـە کردن لەسـەر تاوانبار پێشـینەیەکی دوور و درێژی هەبێ بەڵام زانسـتی تاوانناسی زانستێکی نوێیە و تاوانناسیی سەوز زانستێکی نوێتری ئەورۆیە لە بازنەی زانسـتی تاوانناسیدا کە سەرەتای ئەو زانسـتە دەگەڕێتەوە دەیەی ۹۰ی زایینی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کـە خودی ئەو زانسـتە سـەر بـە بۆچوونی تاوانناسیی ڕەخنەگرانەیە.

هەر وەک ئاگادارین جیهانی ئەورۆ لەگەڵ زۆر خەسـار و دیـاردەی ژینگەیی بەرەڕوویە کە دەتوانین بڵێیـن تەنانەت مانەوەی خودی مـرۆڤ و جیهانیش نە تەنیـا گوماناوی بەڵکو تووشـی مەترسـییەکی یەکجار زۆریش بووە وەکوو دران و کون بوونی لایەی ئۆزۆزن، گەرم بوونی زەوی، کەم بوون و قەیرانی ئاو، پاشماوە و زبڵ و زاڵ، توندوتیـژی بەرانبەر بوونەوەران (مرۆڤ/بوونەوەر) و....

هەمـوو ئـەو گۆڕانکارییە سەرسـامهێنەر و ترسـناکانە ئێمـە بەرەو ئەوە هـان دەدەن کـە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بەسـەر زۆر شـتاندا بکەینەوە بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ژینگـە، ژینگە و دەسـەڵات، مانەوە و.... تا دەگاتە تاوانناسـی و سـزا. لە ڕاستیدا

ئێسـتای نەک کۆمەڵگای ئێمەی کورد بەڵکو کۆمەڵـگای بەشـەریش لەگەڵ ئەو پرسـیارە گرینگ و هەستیارانە بەرەوروو بووە کە مانەوە یـا بەقـا چییە؟ ژینگە و ژیـان و مرۆڤ لە چ پەیوەندییەکدان؟ یاسا چۆن دەتوانێ پارێزەری مانەوەی هەموان بێ؟

با بگەڕێینەوە سەر باسی خۆمان کە دەبێتەوە تاوان ناسیی سـەوز، وەک خوێندمانەوە دیارە هەر بە پێی هەستیاریی ئێکۆلۆژیی کوردستان و ژێئۆپۆلتیکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەرچی دەچینە پێش، زانیاریی ئێمە لەسـەر تاوانناسیی سەوز، زیاتر بە پێویست و بەنرختر دەبێ. هەر ئەوەش بوو بە هۆکاری نوسینی ئەم نوسـراوەیە بۆ لایەنگران و چالاکانی ژینگەیی لە کورستان.

تاوان هەر وەک باسـمان کرد پێناسێکی تایبەتی هەیە واتە دەقی یاسا دیاریی دەکا کە چ شـتێک تاوانە و چ سزایەک بۆ چ تاوانێک عادڵانەیە.

تاوان پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ مێـژووی کولتـوری، ئابووری، سیاسـی و ... وڵاتێک هەیە. زۆر کردار هەیە کە لە هێندێک فەرهەنگـدا ڕێـزە و لە هێندێـک فەرهەنگی دیکەدا بـێ ڕێزییە. لە هێندێـک فەرهەنگدا ئەرزشە و لە هێندێکی دیکەدا زیددی ئەرزشە کـە بەرئەنجامی ئـەو مێـژوو و پێکهاتەیەی کۆمەڵگا لە پارلماندا خۆی نیشان دەدا و دەبێتە یاسـا و دواتر تاوان تەعریـف دەکرێ و تاوان دەناسێندرێ و تاوانبار پێناسە دەکرێ ... کەوابوو کۆمەڵگا و گۆڕانکاریگەلێک کە بەسـەریدا دێ ڕۆڵێکی زۆری لەو پرۆسەیەدا هەیە.

کوردسـتان هـە ربەشـەی کـە ژێـر دەسـەڵاتێکدا ژیاوە، بەم پێیەش هەر بەشێکی لـە ژێر کاریگـەری ئایدیۆلـۆژی و هێژمۆنیی ئەو دەسەڵاتەشـدا بووە وا بەسەریدا زاڵە بەڵام خاڵی هاوبەشـی هەموویان دیـن و ئایینە کە ڕۆڵێکـی یەکجار گرینگی لە سـەقامگیربوونی چوارچێوەکانی هزری و کلتووریی خەڵکدا بووە.

تا پێش هاتنی ئیسلام بۆ نێو کوردەکان زۆر هێما و بنەمای چاند و کلتووری کوردەکان ڕاستەوخۆ لە ژینگەدا بەرز کراونەتەوە و کەوتوونە ناو پێکهاتەی پێناسی فەرهەنگیی گەلی کورد؛ لە ماری ڕەوایەتە ئۆستورەییەکان ڕا بگرە تاکوو دەگاتە هەڵۆی بەرزەفری ئەخلاقی سیاسی و تاووسی ئایینی ئێزەدییەکان. زۆر لەو هێمایانە لە ژێر کاریگەریی ئاسیمیلە کردنی گەلی کورددا بە کەلکئاوەژوو لە ئایین، گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە و لە ڕێز یا جێگە و پێگەیان کەم بووەتەوە و دواتر نێوانی مرۆڤی کورد و ژینگەی تێک داوە.

هێزی داگیرکەر بۆ هێژمۆنی پێویستی خۆیان، تەنانەت بە چوارچێوەکانی دەقی ئایینیشەوە پابەند نەبوون و سەرەڕای ڕاهێنانی ڕێزداری، بەشێکی ئایین بووەتە بنەمای توندوتیژیی نێوان مرۆڤ و دواتر نێوان مرۆڤ و ژینگە، کە لەو خەسارەدا دەسەڵات لە جێی خۆی و کۆمەڵگاش لە جێی خۆی دەوری خۆیان هەبووە و هەشە.

زانستی تاوانناسیی سەوز ئاوڕێکی جیددی لە ژیانی ئیکۆسیستێمی مرۆڤ و پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە دەداتەوە. ئەو زانستە ڕوونی دەکاتەوە کە چ ئاکارێک لە مرۆڤ ڕوویدا، دەکرێ ئێمە بۆی بچینە پێشێ و بە دیاریکردنی پێشەکییەکی تاوانناسانە بەرەنگاری بینەوە؟

تاوان لە تەعریفی یاسادا چەند بەش و باسی تایبەتی هەیە وەکوو توخمی مادی (وەکوو کارێک یا تەرکی کارێک کە دەکرێ مەسەلەن دارێک دەبڕدرێتەوە یا هەمان بڕینەوە یا بەری ئاو گرتن بۆ دارستانێک یا برسی و تینوو ڕاگرتنی دەربەندێک بە بەرنەدانی بەری ئاو کاتێک دە مولکماندایە و دەتوانین بەری بەردەین)، توخمی مەعنەوی (هۆکاری دەروونیی تاوانبار کە دەبێتە هاندەری ئەنجامدان یا تەرکی کارە) بێگومان دەسەڵات بە پێی دەقی یاسایی و حوکمڕانیی خۆی کە کەرەسەی زۆر جیدی و بەهێزی وەکو دادگا و پۆلیس و زیندانێک کە لەبەر دەستی دایە، کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە تاوان بەخشی بە ئاکار یا هەڵسوکەوتێک. کە لە بەشی کوردستاندا بەداخەوە هەمیشە دەستی تاوانباری ژینگەیی ئاواڵە کراوە و پشتی ژینگەپارێزیی پێ شکێندراوە!

تاوانناسانی سەوز، دیاردەکان و تاوانەکانی ژینگە کە کاریگەریی یەکجار زۆریان هەیە لە چەند بەش و پارتدا لێک جیا دەکەنەوە:

تاوانی تاکەکەسی یا فەردی: تاکێک بوونەوەرێک زەجر دەدا یا ئاگر لە شوێنێک بەردەدا یا دارێک دەبڕێتەوە.

تاوانی کۆمپانیا بازرگانییەکان: کە بۆ بەرژەوەندی و مەنفەعەتی خۆیان خەسارێکی زۆر لە ژینگەی ناوچەیەک دەدەن، باغەوانێک بە بیر لێدانێکی ناکارناسانە ڕەگی ئاوی ژێرزەویی ناوچەیەک لاواز دەکا.

تاوانی بەشی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت: وەکوو کارخانەکانی نیوەدەوڵەتی یا دەوڵەتی و سەنعەت و ڕێ و بان کە هەر کام لە بەشی خۆیان دەورێکی یەکجار زۆریان لە خەسارەکانی ژینگەیی لە ناوچەی کورستاندا هەبووە.

لە بەشی تاکەکەسیدا، فەرهەنگسازی و چاندی کۆمەڵگا، دەورێکی زۆری هەیە لە سەرهەڵدانی تاوان لە تاکدا کە لە ئاستێکی سەرتریدا دەسەڵات هەم بە پێی ئاسیمیلە کردن و هەم شێوازی فەرهەنگی و ڕاهێنانی سیستماتیک، دەوری بێ ڕکابەری لە فەرهەنگی پێکهاتودا هەیە. بۆ نمونە فەرهەنگی ئێستای قبوولکراوی دەسەڵات، دابەزاندنی دەوری ژنانە لە پێکهاتەی ئابووری و هەڵسووڕانی کۆمەڵگادا کە ژن تەنانەت تا ئاستی کەلوپەل و کەرەسەی زاوزێش دابەزیوە. هەر ئەو شێوازە لە تەکریم و کەرامەتی شارۆمەند، بنەمای توندوتیژی و دواتر ڕێزشکانی جنسی و ژینگەیی دەبێ.

بە کورتی و پوختی دەبێ بڵێین: «تاکێک ڕانەیە ڕێزی ڕەگەزی بەرانبەری یا خاو و خێزان و هاوژینی بپارێزێ، زەحمەتە دواتر

ڕێزی بوونەوەرێکی دراوسێی لە ژیانی ژینگەیی واتە زنجیرەی ئێکۆسیتێمیدا بپارێزێ» ئەوە نموونەیەکی عەینییە لە دەوری بیۆگرافیی فەرهەنگی تاک و کۆمەڵگا کە دەتوانێ پێشەکیی بەهێزی سەرهەڵدانی تاوان بێ لە تاوان باردا.

لە دو بەشی دیکەی کە باسمان کرد، چ لە کردەوەی مەنفەعەت تەڵەبانی بازرگانی و کۆمپانیاکان و چ لە بەشی بەرهەمەکان و سەنعەت و مودیرییەتی خزمەتگوزاریی تر وەکوو ڕێ و بان، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر شێواز و جۆری ڕوانینی دەزگای فکریی حاکم بەسەر مرۆڤ و ژینگەدا، ئێمە هەرچی دەڕوانینە دەزگای فکری کە ئێستا هەیە و بنەمای حوکمرانی و دەسەڵاتدارییە، گشتی جیهانی هەستی بووەتە موڵکی مرۆڤ و هەر لە بنەڕەت ڕا هزری زاڵ بوون و دەستدرێژی بۆسەر هەر جۆرە زەوی و ژینگەیەک پەرەی سەندووە؛ واتە مرۆڤ بووەتە دەسەڵاتداری بێ ڕکابەری سەر ژینگە کە هەر ئەوە پێشەکیی تەواو عەیارە بۆ یاغی بوونی مرۆڤ؛ دواتریش سازوکاری ئیداری یا بوروکراسی و چاوەدێری بەسەر سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگەدا. دەزگایەک کە شێرپەنجەی فەساد داگیری کردبێ بە پێی زاتی قوربانی کردنی تاکی لێزان و کارناس بۆ گوێڕایەڵ بوون و لەخاجدانی ڕەخنە و ڕەخنەگر بۆ یەکدەست سازیی دەزگای حاکم، ئیتر هەرچی دەیکا تەنانەت لە خزمەتگوزاریی گشتیشیدا چیها خەساری گەورەتری بەدوادایە. نموونەی هەرە ئاشکرای ئەو بابەتە پێترۆشیمی و ڕێ و بانە، کە هەردووکیان بە پێی نەبونی ڕوانگەی کارناسانە لە دیتنەوەی شوێنی دامەزرانی و دانانی پلان و نەخشە نە تەنیا سەقەت دادەمەزرێن، بەڵکو پێشبینیی خەسارەکانی ژینگەی و سروشتیشی تێدا ناکرێ و هەرچی دەچینە پێشی دەبینین کاولکاریی ژینگە، واتە تاوانی ژینگەیی دووپات و دووپات دەبێتەوە. هەر وەک چۆن جادەکێشانی نێوان سەقز و مەریوان، سنە بۆ مەریوان چیها کانیاو و کێو و دەربەندی وێران کرد، پێترۆشیمی لە مەهاباد و کرماشان و مەریوان خەریکە چ خەسارێک لە سەرچاوە ئاوییەکان و... دەدا.

یا گەشتێک لە نێو ئیدارەکان و ناوەندەکانی دانی مۆڵەتی کشتوکاڵ و باغداری و گۆڕینی کاربەری، بە ئاسانی بۆمان دەردەخا تاکی مەنفەعەت خواز و کەڕ وکوێر بەسەر ژیانی ژینگە، بە بریک بەرتیل چەندە ئاسان مۆڵەتی باغ لێدان و بیر و چاڵاو لێدان و تێکدانی شیناوەردی نێو شار و ڕاو و داربڕینەوە و سەد ئاکاری ڕاستەوخۆی تاوانی ژینگەیی وەردەگرێ کە بێگومان ئەگەر دەزگایەکی چاوەدێری سالم و بوێریان لەسەر بێ، تاک یا باندی گەندەڵ ناتوانن ئاوا بە ئاسانی دەستدرێژی بکەنە سەر ژینگە و بینەقاقای سەرچاوە سروشتییەکان بگرن.

نەزانی و خوێندنەوەی لاوازی سیاسییەکان و نوێنەرانی پارلمان و مامۆستایانی ئایینیش، یەکێ لە بنەڕەتیترین هۆکارەکانی پێشەکیی پەرەدانی تاوانی ژینگەیە. مامۆستای ئایینی کاتێک دەبینێ بۆ بڕینەوە داری خورما دیە دیاری کراوە، بۆچی بەڕوو کە دەوریکی زۆر گرینگتری کە ژینگەی کوردستاندا هەیە، نە دەتوانێ حەدیسێکی بۆ تەتبیق دا نە بەرگرییەکی فێقهی بکا و نە نوێنەرێک هان دا لە پارلمان ئەوە بخاتە دەستوری کار.

لەهەر حاڵدا ڕێکخراوەکان چ مەدەنی و چ سیاسی دەتوانن دەربیجەیەکی جیددیی فکری و هزری بۆ ئەو حەوزەیە بکەنەوە و بە نوسراوە بەردەوامەکانیان و هەڵوێستی کارناسانە و بەجێ و بوێرانەیان، کاریگەریی زۆر زەق و پۆزیتیڤیان لەسەر پرۆسەی گەشانەوەی زانستی تاواناسیی سەوز هەبێ و پێشی پەرەدانی تاوانی ژینگەیی و دەمدرێژی و دەستدرێژیی دوژمنانی ژینگە بگرن.

# ژینگە و توندوتیژی

**کاوە حەسەن پوور**

ئاشتی ڕەوتێکە لە بواری ناوەڕۆکەوە بە بابەتگەلی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و لە بواری فەردییەوە بە بنەماڵە، سازمان، نەتەوە، ڕەگەز و زمانەوە گرێدراوە. ئاشتیی پۆزەتیف و ڕاستەقینە بە بێ بنبڕکردنی توندوتیژی نایەتە ئاراوە و دەبێ هەر سێک لایەنی توندوتیژی (ڕاستەوخۆ، پێکهاتەیی و فەرهەنگی) چارەسەر کرێن هەتا کۆمەڵگایەک بە ئاشتیی پۆزەتیف بگا و مرۆڤ بتوانێ لە ژینگەیەکی پڕ لە تەناهی و سەعادەتدا بژی.

ئاشتی لە ســـەرەتاییترین خواستە ڕەواکانی مرۆڤ بووە. ژیان بۆ مرۆڤ بە بێ ژینگەیەکی شـیاو و ئەمن، تاقەت پڕوکێن و ســەختە. هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ هەر لە ســەرەتاوە ئــەوە بووە کە ژینگەیەک دروســت بکا کە بە تەناهی و بە خۆشــی تێیــدا بژی. ئەوە لە حاڵێکدایــە کە ڕووبەڕێکی دیکەی ژیانی مرۆڤ لە شــەڕ پێکهاتووە. شەڕ لە ئەساسدا وەک پێداویســتی و زەرورەتێــک لە ژیانی مرۆڤــدا گرینگیی پێ دراوە. بەم پێیە مرۆڤ بۆیــە شــەڕ دەکا هەتا ئــازادی، تەناهی و بەختەوەری وەدەســت بێنــێ. بەڵام مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە شــەڕدا تووشــی ماڵ وێرانی، ئاوارەیی و زۆر جار گیان لەدەستدان بــووە. پاکتاو کردن، کوشــتنی بەکۆمەڵ و جێگۆڕکێی جوغرافیایی لــەو پەیوەندییەدا یەخەی مرۆڤیان گرتووە.

یووهــان گاڵتونگی نۆروێژی کە بە باوکی دەرســەکانی ئاشــتی لە دونیادا ناسراوە پێی وایە وەدیهاتنی ئاشــتیی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ لــە گــرەوەی چارەســەرکردن و بنبڕکردنی توندوتیژیدایــە. گاڵتونــگ ســێ جــۆر لە توندوتیژی دەستنیشــان دەکا و لە بەرانبەردا پێی وایە هەر بەم پێودانگەش ســێ جۆر لە ئاشتی یان سوڵحمان هەیە:

۱ توندوتیژیی ڕاستەوخۆ
۲ توندوتیژیی پێکهاتەیی
۳ توندوتیژیی فەرهەنگی. (Galtung, 2007)

## ١ـ توندوتیژیی ڕاستەوخۆ یان ئاشکرا:

توندوتیــژی لــە بنەماڵــەدا، توندوتیژی لە ســەر بنەمای ڕەگەز، توندوتیژیــی قەومی، توندوتیژیــی پۆلیــس، توندوتیژیی دەوڵەتی، تیرۆریســم و شــەڕ، نموونەی ئــەو جۆرە لە توندوتیژین. توندوتیژیی ڕاستەوخۆ بە ئاشکرا دەکرێ و بۆ هەموو کەس ڕوونە بۆیە جەماوەر لێی دەترســێ. ئەو جۆرە لە توندوتیژی، لەو شێوەگەلەدا خۆی دەنوێنێ.

### ئـ توندوتیژیی جەستەیی:

هەر جۆرێک لە توندوتیژی کە ئازار بە لەشی مرۆڤ دەگەیەنێ ئەوا توندوتیژیی جەستەیی بە حیساب دێ. زیانی ئەو جۆرە لە توندوتیژی ئەوانەن: برین، ماسین، لەدەستدانی ئەندامانی لەش و مەرگ. توندوتیژیی جەســتەیی لەم شــکڵانەدا بەڕێوەدەچێ ۱ قەتڵ ۲ لێدان و کوتان(بە چەقۆ) یان بە بێ کەرەستە (مست، پێلاقــە، زلــە) ۳ دەســتدرێژیی سێکســی ۴ ئەشکەنجە.

### ب. توندوتیژیی ڕۆحی:

ئــەو جۆرە لــە توندوتیژی زیان بــە ڕەوانی قوربانی دەگەیەنێ. دەکرێ بڵێین هەســت و زێهنی بریندار دەکا و هەستی باوەڕبەخۆبوون لە مرۆڤ دەستێنێتەوە. توندوتیژیی ڕۆحی لەو شکڵانەدا خۆی دەنوێنێ

۱ ســووکایەتی ۲ گاڵتــە پــێ کــردن ۳ جنێودان ۴ هەڕەشە لێ کردن.

### پ. توندوتیژیی ماڵی:

هــەر جۆرێــک لــە توندوتیژی کــە ببێ بە هۆکاری لە دەستدانی ماڵ، خەسارەت لێدان لە سامان و دارایی مرۆڤ، وەک توندوتیژیی ماڵی دەناســرێ. ئەو جۆرە لە توندوتیژی بە یەکێک لەو شێوانە خۆی دەنوێنێ.

۱ دزی ۲ ڕێگری ۳ نەدانی حەقدەســت و موچەی مانگانە ۴ خەسارەت لێدان لە سامان وەک خەت تێهاویشــتن دە ماشێن، دڕاندنی تۆپ و...

## ٢. توندوتیژیی پێکهاتەیی یان شاراوە:

گاڵتونگ لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی «توندوتیژی، ئاشتی و لێکۆڵینەوە لە سەر ئاشتی» لە ساڵی ١٩٦٩دا ئەو مەســەلەیەی بــاس کردووە کە توندوتیژیی پێکهاتەیی، لــە ڕوانگەی ئەوەوە بــەو جۆرە لــە توندوتیــژی دەگوترێ کە ڕیشــەیان لە پێکهاتەی کۆمەڵگا یان ناوەندە

کۆمەڵایەتییەکاندایە. ئەو پێکهاتە و ناوەندانە لە ڕێگای بێبەش کردنی مرۆڤ لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی، زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن و زەربەی لێ دەدەن. لە ئەساسدا توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و توندوتیژیی پێکهاتەیی زۆر لێک نزیکن و دەکرێ بڵێین لێک گرێدراون. لە درێژەدا چەند نموونە دێنمەوە.

**ئـ گەورە سالاری:**
ئەو دیاردەیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای سوننەتییە. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئەو بڕیارانەی لە لایان گەورەسالان یا پیرانەوە پەسەند نەکرابێ، مەشرووعییەتی نییە، وەک کچ بە شوو دان. ئەو شێوە ڕوانینە دەبێتە باعیسی ئەوەی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا، دەستیان بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان ڕانەگا.

**ب. ناوچەگەرایی، عەشیرەت:**
لەو شێوە لە توندوتیژیدا گرێدراویی مرۆڤ بە ناوچەیەکی تایبەت، عەشیرەت و نەژادێکی تایبەت دەبێتە باعیسی ئەوەی توندوتیژیی دەرحەق بکرێ. بۆ وێنە حکومەتی ناوەندی لە ئێران بە درێژایی مێژوو قەت بۆ جارێکیش کوردێکیان وەک وەزیر دەستنیشان نەکردووە یان کورد بە هۆی دین و شوناسی جیاوازەوە لە وڵاتی ئێراندا ناتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆمار.

**پ. ڕەگەزپەرەستی:**
بایەخ پێ دانی لە ڕادەبەر و سیستماتیک بە پیاو لە بەرانبەر ژندا. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا ڕەگەزی نێرینە ڕەگەزی یەکەمە و بە بۆنەی پشتیوانیی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە پیاوان، ئەوا ژنان جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لە کۆمەڵگادا نەدراوەتێ.

## ۳. توندوتیژیی فەرهەنگی:
توندوتیژیی فەرهەنگی ئاماژە بە کەرەستەگەلێک دەکا کە بۆ مەشرووعییەت دان بە توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و پێکهاتەیی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بۆ وێنە دین، ئیدئۆلۆژی، زمان، هونەر و تەنانەت زانست (Galtung, 1990). توندوتیژیی فەرهەنگی دەبێ بە هۆی ئەوەی توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و توندوتیژیی پێکهاتەیی، بە کردەوەی شیاو و گونجاو لە قەڵەم بدرێن، یان لانیکەم بە نەشیاو و غەڵەت حیسێب نەکرێن. فەرهەنگ لە خۆیدا هێندێک جەوهەری تێدایە کە دەتوانێ کردەوی دزێو و قێزەون بە جۆرێکی دیکە بناسێنێ ومۆرکی پەسەندکراویان لێ بدا.

**ئـ دین:**
گالتونگ باس لە هەڵسوکەوتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دەکا؛ لە دینی یەهوودا هاتووە کە ئەو قەومە لە لایەن خواوە بە قەومی یەکەم هەڵبژێردراوە. هەروەها لە تەوراتیشدا هاتووە کە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێ بوونی قەومی یەهوود وڵاتی فەلەستینە کە ئەوڕۆ لە ئیختیاری ئیسرائیلدایە. لێرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو باوەڕە چەند دەتوانێ ماکەی توندوتیژی بێ و ژینگەی خەڵک لەو ناوچەیە تووشی چ کارەساتێک بکا.

**ب. ئیدئۆلۆژی:**
جیاوازیی نێوان دین و ئیدئۆلۆژی لەوەدایە، دین لە ڕوانگەی هەوادارەکانییەوە ڕیشەی ئاسمانیی هەیە بەڵام ئیدئۆلۆژی ئەوڕۆیی و نوێیە. هیتلێر ئەو کەسانەی کە لە ژێر چەتری ئیدئۆلۆژیی ئەودا کۆ نەدەبوونەوە بە جروجانەوەر یان باکتری ناوزەد دەکرد. ئەو تێڕوانینەی هیتلێر، بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ هەوادارەکانی هاسان دەکردەوە.

**پ. زمان:**
سەرەتایی ترین توێخی فەرهەنگە و هەر بۆیە دیتنەوەی پەیوەندیی زمان دەگەڵ توندوتیژی چەتوون و ئەستەمە. بۆ وێنە لەو زمانانەی ڕیشەی لاتینیان هەیە وەک ئینگلیسی،

ئیتالیایی، فەرانســەوی و. . . هەم بۆ مرۆڤ و هەم بۆ پیاو وشەی Man بە کار دێنن. بەڵام بۆ ژن لە پاڵ وشــەی (Man wo) لکێندراوە و نیشان دەدا ژن بە بۆنەی پیاوەوە دەناسرێ و توندوتیژیی هەنووکەش بەرانبەر بە ژنان بە کار دێ.

## پەیوەندیــی توندوتیژیــی ڕاســتەوخۆ، پێکهاتەیی و فەرهەنگی

بە پێــی بۆ چوونــی گالتونــگ، توندوتیژی ســەرەتا لــە فەرهەنگەوە دەســت پێ دەکا، پێکهاتەیــەک لە ســەر بنەمــای توندوتیژی دروســت دەبێ و بەرهەمەکــەی توندوتیژیی ڕاستەوخۆ یان فیزیکیی لێ دەردەچێ. بەڵام لە ئاکامدا توندوتیژی (ڕاستەوخۆ، پێکهاتەیی و فەرهەنگــی) پەیوەندیــی بەردەوامیان بە یەکــەوە هەیە. بــۆ جوانتر شــی کردنەوەی ڕوانگەی گالتونگ دوو نموونە دێنمەوە.

**وێنەی یەکەم ڕاهێنانی منداڵ:**
بە پێی بۆچوونی گالتونگ، لە قۆناغی یەکەمدا ڕاهێنــان فۆرم دەگرێ و دەبێت بە فەرهەنگ و بەها پەیدا دەکا و دەستوور و قەواعیدی بۆ ساز دەبێ. هەر بەم پێیە منداڵان و مێرمنداڵان دەبێــت وەک مامۆســتا و دایــک و باوکیان بجووڵێنەوە. لــە قۆناغی دووهەمدا پێکهاتەی ڕاهێنان شکڵ دەگرێ، لێرەدا ئەرکی ڕاهێنان دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا یان دایک و باوک و ئەوان لە هەمبــەر ڕاهێنانی منداڵ، خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن. لە قۆناغی سێهەمدا کە گالتونگ بە توندوتیژیی ڕاســتەوخۆ ناوزەدی دەکا، کاتێک منــداڵ یان مێرمنداڵێک وەک مامۆســتا یان دایک و باوکــی ناجووڵێتەوە، ئەوان بڕیــار دەدەن کە منداڵەکە وەک خۆیان هەڵســوکەوت بــکا و بجووڵێتــەوە. کاتێک منداڵەکە لەســەر کــردەوەی خۆی پێداگری دەکا و گوێڕایەڵی قســەی ئــەوان نابێ، ئەوە دایک و باوک یان مامۆستا، هاسانترین کردەوە هەڵدەبژێرن؛ لە ڕوانگــەی ئەوانەوە تەوهین، منەت لە سەر کردن، تەنانەت لێدان، دەتوانێ منداڵەکە بێنێتە سەر بڕیاری ئەوان.

**وێنەی دووهەم:**
لە ســێدارەدرانی فەرزاد کەمانگەر دەکرێ بە پێــی تێزەکەی گاڵتونگ لــەو چوراچێوەیەدا بگونجێ. عەمەلی کۆماری ئیســلامی لە سەر بە تاوان زانینی ئەرکی فەرزادی کەمانگەر کە هەوڵــی دەدا زمانی کــوردی فێری منداڵانی کــورد بکا، هەم لایەنــی فەرهەنگیی هەیە و هــەم لایەنی پێکهاتەیــی. لایەنی فەرهەنگی ئەوە بــوو کە کۆماری ئیســلامی پێی وا بوو فەرزاد کەمانگەر دەبێ لە ناو بچێ و شــیاوی ئەوەیە توندوتیژیی دەرحەق بکرێ، لە حاڵێکدا ئەو ڕوانینە قورســترە لــەو عەمەلەی ئەوان دەرحەق بە فــەرزاد کەمانگەر ڕەوایان بینی. لایەنــی پێکهاتەییی ئەو ســێدارەیە بێبەش کردنی کوردە لە مافێکی ڕەوای ئینســانی کە بە درێژاییی مێژوو لێی زەوت کراوە.

## بۆچوونی گالتونگ لە سەر ئاشتی

ئاشــتی لە فەرهەنگــی جۆراوجــۆردا مانای بــۆ دۆزراوەتــەوە و تەعبیری بۆ کــراوە. لە ئینگلیســیدا Peace بــە عەرەبی Salaam لە لاتیندا Pax و لە زمانی یۆنانی کۆندا بە Eirene تەرجومە کراوەتەوە. بەڵام بە گشــتی وەسفی وەزعییەتێکی بە بــێ توندوتیژی و تێپەڕینە لە شــەڕ. لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا و لە نێو مرۆڤەکانــدا بە مانای تەناهــی و پەیوەندیی گرووپــی و پێکەوەژیــان مانــا کراوەتەوە. لە قورئانــدا هاتووە: انما المومنون اخوه فاصلحوا بین اخویکم (الحجرات ١٠) واتا ئیمانداران برای یەکترین، لە نێو براياندا ئاشتی مسۆگەر بکەن.
گالتونــگ پێــی وایە هــەر وەک چۆن توندوتیژی لە ســێ ئاســتدا پێناسە دەکرێ، بە هەمان شــێوە ئاشــتیش لە ســێ ئاستدا پێناسە دەکرێ. ئاشــتیی ڕاستەوخۆ، ئاشتیی

پێکهاتەیی و ئاشتیی فەرهەنگی. گرینگی دان بە ئاستێک لە ئاشتی و پشتگوێ خستنی ئەوانی تر دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی ئاشتیی راستەقینە نەیەتە دی. گالتونگ لە درێژەدا باسی ئاشتیی پۆزەتیڤ و ئاشتیی نیگەتیڤ دەکا. مەبەستی گالتونگ لە ئاشتیی نیگەتیڤ، هەمان ئاشتیی راستەوخۆیە، ئەو پێی وایە زۆربەی سیاسەتوانان کاتێک باسی ئاشتی دەکەن، رێک مەبەستیان لە ئاشتیی نیگەتیڤە. ئاشتیی راستەوخۆ یان نیگەتیڤ، حاڵەتێکە کە تێیدا توندوتیژیی راستەوخۆ روونادا. بۆ وێنە کاتێک لە نێوان دوو گرووپدا ئاگربەس دێتە ئاراوە، دە واقیعدا سوڵحی نیگەتیڤ یان سوڵحی راستەوخۆ هاتووەتە ئاراوە. لەو حاڵەتەدا تەنیا شەڕ کۆتایی هاتووە، ئەگینا ئەگەری توندوتیژیی پێکهاتەیی لەئارادایە. بە باوەڕی گالتونگ کاتێک سوڵحی پۆزەتیڤ دەستەبەر بووە کە توندوتیژیی پێکهاتەیی روونەدا. واتە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر کرابێ. ژن بە مافی خۆی گەیشتبێ، سەروەت و سامانی وڵاتەکە بە شێوەیەکی عادڵانە لە نێو خەڵکی وڵاتەکەدا دابەش کرابێ، کەمینە نەتەوایەتییەکان مافە سەرەتاییەکانیان بە فەرمی بناسرێ، مافی خوێندن بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکە وەک یەک لەبەردەست بێ و بە گشتی ژینگەیەکی شیاوی مرۆڤ بنیات نرابێ. ئەگینا نەبوونی شەڕ و پێکدادان یان ئاگربەس، پێوانەی بوونی سوڵحی پۆزەتیڤ نییە.

رێکخراوی ئابووری و ئاشتیی جیهانی، چوارچێوەیەکی بۆ Global Peace Index ئاشتیی پۆزەتیڤ دیاری کردووە و لە نیهایەتدا جەدوەلێکی ئاماریی درووست کردووە کە هەموو ساڵێک نوێ دەکرێتەوە و تێیدا ١. سوێد ٢. فەنلاند ٣. سوئیس٤. نۆروێژ ٥. دانمارک ٦. ئیرلەند ٧ هولەند ٨. نیوزیلەند ٩. ئاڵمان و ١٠. ئیسلەند بە ریز لە سەرووی ئەو کۆمەڵگایانەن کە سوڵحی پۆزەتیڤیان تێدا دەستەبەر بووە و وەکوو ژینگەی شیاو بۆ ژیانی مرۆڤ ناسێندراون. بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە، مافی مرۆڤ، مافی ژن، مافی منداڵ، مافی خوێندن، گەندەڵیی ئیداری، ئەرکی حکوومەتەکان و خۆ بە بەرپرسیار زانین لە بەرانبەر خەڵکدا، هەڵسەنگێندراون و نومرەیان پێ دراوە. وڵاتی ئێران لە پلەی ١٣٧ راوەستاوە و لە خوارووی جەدوەلەکە وڵاتانی ١٦٣. سۆمالی ١٦٢. ئافریقای مەرکەزی ١٦١. یەمەن ١٦٠ ئیریتێرە ١٥٩. کۆریای باکوور ١٥٨. عێراق ١٥٧ ئەفغانستان راوەستاون. پلەی هەر یەک لەو وڵاتانە دەرخەری ئەوەیە کە کامەیان لە بواری سوڵحی پۆزەتیڤدا لەوانی تر لە پێشترە. (Visionofhumanity)

## کۆتایی

ئاشتی رەوتێکە لە بواری ناوەرۆکەوە بە بابەتگەلی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و لە بواری فەردییەوە بە بنەماڵە، سازمان، نەتەوە، رەگەز و زمانەوە گرێدراوە. ئاشتیی پۆزەتیڤ و راستەقینە بە بێ بنبڕکردنی توندوتیژی نایەتە ئاراوە و دەبێ هەر سێک لایەنی توندوتیژی (راستەوخۆ، پێکهاتەیی و فەرهەنگی) چارەسەر کرێن هەتا کۆمەڵگایەک بە ئاشتیی پۆزەتیڤ بگا و مرۆڤ بتوانێ لە ژینگەیەکی پڕ لە تەناهی و سەعادەتدا بژی.

## سەرچاوەکان


http://visionofhumanity. org/indexes/ecological-threat-register

. Galtung, johan. 2008. 50 years: 25 intellectual landscapes explored. Oslo: colophon press

Galtung, Charles Webel and Johan. 2007. Handbook of Peace and conflict studies. Oxon: obtained from:https://www. mkgandhi. org/ebks/handbook-of-peace-and-conflict-studies. pdf. Routledge

Galtung, Johan. 1990. «Cultural Violence. « Journal of Peace Research

# "ڕوانگە"

# کەلەبەری نێوان دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی

## (بەشی دووەم)

سەلاح مەجید پوور

شەرتی یەکەمی بردەنەپێشی باسێکی پڕناوەرۆک و دەسکەوت بریتییە لە خۆلادان لە ناحەز خوێندەنەوە. ئەو وتارە ڕووی لە ڕێکخستنێکی تایبەتی نییە و هەڵسەنگاندنی ڕەوتێکی دەیان ساڵەیە. بەشی یەکەمی ئەو وتارە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی پێکهێنانی گۆڕانکاری کە بۆ لێ وردبوونەوە و دانی ستراکتۆر بە باسەکەمان پێویستن کە بریتین لە: ستراتێژی، پێکهاتە، فەرهەنگ، کەرەسە، مرۆڤ و دەسکەوتەکان.

## ئاوردانەوەیەکی کورت لە بەشی یەکەم

بەشـــی یەکەمی ئەو وتارە ناساندنی دارشتەی ناوەرۆکی باســـەکە بوو، هەروەها دەستنیشـــان کردنـــی ئاڵوگۆڕە زانیـــاری و تکنۆلۆژیکییەکان و کاریگەرییان لە ســـەر بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتـــی و ڕەوانییەکانـــی کۆمەڵـــگای مرۆڤایەتی باس کرا.

ئـــەوە کە کورد لە کوێی ئـــەو وەرچەرخانە مەزنـــە جێگەی گرتـــووە؟ و یـــان دەبێ کامە نەخشـــەڕێگا بەرەو بەشداری و کەڵک وەرگرتن لەو ڕەوتە بە کار بێنێ؟ ئەو پرسیارە تازانەن کە پێویستیان بە جوابی نوێ هەیە.

ڕاســـتیی مەیدانـــی و کرداریی سیاســـەت لە کوردســـتان نیشـــاندەری ئەوەیە کە وڵامی کۆنە بۆ ئەو پرســـە نوێیە ئامادە کراوە و بەرێوە دەچێ؛ کە لە ئەگـــەری درێژەدانی ئەو چەقین و مانەوەیە لە ڕابردودا، بەجێمان لە داهاتوومان بە نســـیب دەکات. بۆ ئەو مەبەســـتە لە حەوت خاڵی جیاوازدا تێدەکۆشـــین کە سیاســـەت لە کوردستان و ناوچەکەدا ئانالیز بکەین.

لە بەشـــی یەکەمدا هەروەها خاڵی یەکەم یانی ستراتێژیی ڕەچاو کراو لە لایەن ڕێکخستنە کوردییەکان یانی سیاسەتی «قۆزتنەوەی هەل» خرایە بەر باس. لێرەدا ئەو ڕاستییە دەستنیشان کرا، کە لە ١٥٠ ساڵی ڕابردوودا ئەو سترتاتێژییە لە لایەن هەموو هێزە کوردییەکانەوە بێ جیاوازی ڕەچاوکـــراوە. بەکردەوەکردنی ئەو ســـتراتێژییە هەتا ئێستا نەبۆتە هۆی وەدیهێنانی بەرهەمێکی دەســـگر و بەرچاو لە بـــوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستاندا. ڕاست و دروستیی هەر ســـتراتێژییەک بە دەســـتەبەرکردنی نەتیجەوە بەندە و فاکتەری تەمەنی ڕێکخراوەیی و ڕێبەری ناسـراو، شەرعییەت بە دروســـتیی ستراتێژیی پیرەوکراو نابەخشـــێت. ئەگـــەر پێکهاتەیەکی سیاسی لە بەرێوەبردەنی کۆمەڵگا، وەدەستهێنانی هێزی سیاســـی وحکومەتیدا سەرکەوتوو نەبێ، بە مانـــای ئەوەیە کە لە ســـێچوکڵەی ویزیۆن (ڕوانگە)، هەدەف، و میسیۆنیدا، گرێیەکی هەیە و هەروەها لە سێ فاکتەری بنەڕەتی و پێویست وەک کات، هێز و شـــوێن، بۆ بەکرداری کردنی ستراتێژی لەنگی و ناهاوسەنگی هەیە.

لەوبەشە لە باســـەکەماندا، تێدەکۆشین کە پێکهاتـــە و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی زاڵ بەســـەر ڕێکخراوەکاندا بخەینە بەر باس.

## پێکهاتە

ڕێکخستن بریتیە لە هاوکاریی کۆمەڵێک کۆمەڵێک ئینسان بۆ وەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو. بە بڕوای هێنری مینتزبێرگ، ڕێکخستنی سیاسی تەواوی تواناکانی لە پێناو وەدەســـت هێنانی دەستەڵاتدا

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرلێشێواوی | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | |
| ئانارشی | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | | + | ستراتێژی |
| موقاوەمەت | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | | + | پێکهاتە | + | ستراتێژی |
| نیگەرانی | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتێژی |
| تووڕەیی | = | دەسکەوتەکان | + | | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتێژی |
| بێ‌بایەخی | = | | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتێژی |
| گەشە و گۆڕان | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتێژی |

**مودێلی کنۆستر بۆ گۆڕانکاری؛ و: سەلاح مەجیدپوور**

ڕێکدەخات. هەر بۆیە ئەو پێناسەیە، ڕێکخستنە کوردییەکانیش بە تەواوی دەگرێتەوە.

بۆ باشتر تێگەیشتن لە پێکهاتە و شێوازی ئۆرگانیزە کردنی ڕێکخستنە کوردییەکان، پێویستە ڕاوەستەیەکی هەر چەند کورت لە سەرچاوەی ئەو مۆدێلە ڕێکخستنییانە بکەین و بزانین بۆ گەیشتن بە کام ئامانجی سیاسی-ئیدئۆلۆژیک فۆرم دراون.

بێ کەم و زیاد پێکهاتە وشێوازی سازماندانی هەموو ڕێکخستنە کوردییەکان کۆپییەکی ڕاستەوخۆ لە مۆدێلە مارکسیستییەکانی سەدەی بیستەمن.

گەلۆ چۆنە مۆدێلێکی ڕێکخستنی مارکسیستی لە ڕێکخستنە کوردییەکان بە کار هێنراوە و گەشەی پێ دراوە؟

ڕێکخستنە سیاسییەکان، هاوپەیمانییەکن لە کۆمەڵێکی نوخبەی کورد بە پاشخانێکی بە هێزی کەلتووری - عەشیرەتی کە کەڵک لە کەرەسەیەکی مودێرنی ڕێکخستنی وەردەگرن، سەرۆکایەتیی بە هێز، هیرارژییەکی کاریگەر، بەیعەتی ئیدئۆلۆژیک، جەزبی خۆییەکان و دەفعی ئەوانیتر، ئەو خاڵە هاوبەشانەی نێوان فەرهەنگی ڕێکخستنی عەشیرەتی کوردی و سیستەمی ڕێکخستنی کۆمۆنیستەکانن، کە بوونەتە هۆی بەکارهێنانی ئەو مۆدێلە ڕێکخستنییە لە لایەن ڕێکخراوە کوردییەکانەوە. هەروەها ڕێکخستنە کوردییەکان لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانیانەوە، وتاری چەپی، لایەنی زاڵ بە سەر ڕوانگە و بیری سیاسییاندا بووە.

مۆدێلی بە کارهێنراوی ڕێکخستن لە کوردستان خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە:

## دەزگایەک بۆ ئینسانسازی

ئەو مۆدێلە پێکهاتەییە لە بنەڕەت را کەرەسەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی هێزی پێشڕەو لە پێناو سازدانی شۆڕشی سۆسیالیستی و هەروەها قاڵبێکی ئیدئۆلۆژیکیی بەهێزە لە پرۆسەی خوڵقاندنی ئینسانی مارکسیستدا. کە لەودا ڕێکخستن، نوێنەری چینی کرێکارە. ڕێکخستنە کوردییەکان ئەو کەرەسەیان بە هەمان پێناسە ، میتود و چوارچێوە بۆ تەربیەت و پەروەردەی هەڵسوڕاوان و کادرەکانیان بەکار هێناوە.

## ئیدئۆلۆژی میحور

پیوندیی نێوڕێکخستنی، ئیدئۆلۆژی میحورە، کە لەودا وەفاداری بە فیکر و ڕێبەرایەتیی ڕێکخستنەکان، مەحەکێکی گرینگە بۆ مانەوە لە و چوارچێوە سیاسیانەدا.

ئەو شێوازە ڕێکخستنە لە خوڵقاندنی ڕوانینی ڕەش و سپی دیتنی جیهاندا، زۆر حەساس و بەهێزە. قودرەتی جەزب و ڕاکێشانی ئەو ڕێکخستنانە کەم، بەڵام گوزینشییە و توانایەکی زۆریان هەیە لە تواندنەوەی تاک لە ڕێکخستندا. لە هەمان کاتدا خاوەنی میکانیزمێکی بە هێزە بۆ دەفعی ئەوانە کە بە چاوی پرسیارگەر پرۆسە سیاسییەکان هەڵدەسەنگێنن.

## قاڵبسازیی فیکری

هەر پێکهاتەیەک بە فەرهەنگەکەیەوە پێناسە دەکرێ، کەلتووری زاڵ لە خزمەت بە سنووردارکردنی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤانەیە کە کاریان دەگەڵ دەکەن. هەروەها لە دارشتنی قالب و چوارچێوەی فیکری بۆ هێزەکانیان زۆر داهێنەرن، کە لووتکەی قالباسازی و بەکارهێنانی لە ڕێکخستنەکانی کوردی لە تورکیا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. بەڵام ئەو فەرهەنگە کەم یان زۆر لە هەموو ڕێکخستنە کوردییەکاندا بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕەچاو دەکرێت. چوونەدەر لەو چوارچێوانە زۆر جارانیش بێ سزا نییە. بەشێکی زۆری کێشە خوێناوییەکانی ناو و ناوبەر ڕێکخستنە کوردییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەر سزادانی ئەوانە کە چ بە تاک چ بە گرووپ، قاڵبەکانیان بەجێهێشتووە.

## دوورکەوتنەوەی پێشڕەوان لە کۆمەڵگا

ئەو مۆدێلە ڕێکخستنە، بە هۆی هەستیار

بوونی ژینگەی هەڵسووڕانیان، بە شێوەیەکی سیستماتیک و کۆنترۆڵکراو هێزەکانیان سازمان دەدەن و هەنگاو بە هەنگاو، هەڵسووڕاوانی کارامەی خۆیان لە کۆمەڵگا دوور دەکەنەوە. ئەوەش لە پێناو خولقاندنی توێژێکی «پێشڕەو» و خۆبەختکار دایە. یەکێ لە ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە، دوور بوونەوەی هەڵسووڕی سیاسی لە ژینگەی خۆیەتی. لە سەردەمێکدا کە هەڵسووڕانی ڕێکخستن دەگەڵ لایەنی چەکدار تێکەڵ دەبێت، ڕێکخستنەکان نیگایەکی ئەمنییەتی بە سەریاندا زاڵ دەبێت و زۆر جاران دەبن بە بەشێک لە زنجیرەی تەداروکاتی شەڕ.

گرفتی مەزنی ئەو شێوازە ڕێکخستنییە یانی خولقاندنی پێشڕەوان، هەمیشە بۆتە هۆی دەستەوەستانی و چاولەدەستیی کۆمەڵگا، یانی بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا چاوەڕوانی نەجاتدەرێک بمێنێتەوە.

## بەرتەسک کردنەوەی ڕوانگە

لەو شێوازە ڕێکخستنییەدا، فەرهەنگی ڕوانینی تاکڕەهەندی بە سەر پرۆسەی پەروەردەکردنی کادراندا زاڵە. لە ئاکامی ڕەچاوکردنی ئەو میتۆدەدا، پێکهاتەکان تووشی کوێریی ئانالیز دەبن و لە دەستنیشان کردنی ڕێگای چارەسەرییەکان، بێ دەرەتان دەمێننەوە و تەنیا گرفتەکان دووپاتە دەکەنەوە و لە ئاکامی خۆدوپاتەکردنەوەدا، وەڕەزی و ماندوویی ڕێکخستنی و دارمانی هێز دەبنە بەرهەمەکانی پەیڕەو کردنی ئەو شێوازە.

لە پەنا ئەوانەدا، سیاسەت لێدراویی لەڕادەبەریش، یەکێک لە بەرهەمە ناحەزەکانی ئەو چەشنە ڕوانینەیە. بۆ وێنە ئابووری هیچ جێگایەکی لە بیرکردنەوەیاندا نییە. و ئەگەر هەشبێت، جگە لە دروشم و یان لێکدانەوەی پرۆپاگەندایی شتێکی دیکە بەولاوەتر ناڕوات، بەڵام بە سەدان لاپەڕە لە نوسین و وەرگێران لەسەر بوارە فەلسەفییەکان و چەمکە سیاسی و مێژووییەکان بڵاو دەکرێتەوە کە لە گرینگ

بووناندا هیچ گومانێک نییە، بەڵام جوابدەرەوەی پێویستییە بەپەلەکانی کۆمەڵگا نین و تەنیا خۆراکی توێژێکی تایبەتن.

پەروەردەی کادر بەشێک لە ئەرکی ڕێکخستنە، کە لەودا سازدانی چوارچێوەی ڕوانین و بیرکردنەوە، کراوەتە ئەرکی سەرەکی. لەم دەلاقە فکری- کەلتوورییەدا، تەنیا دو لایەنی «دۆست» و «دوژمن» دیاری کراون. خەتی نێوان جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو ئیستلاحە، زۆر ناسکە و لە تێکدانی هاوسەنگیی پێوەندیی نێو و یان دەرەوەی ڕێکخستندا زۆر هەستیارە. ئەو شێوازە پەروەردەییە، دەگەڵ ڕاستیی هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگادا نایەتەوە.

بە پێچەوانەی ڕوانگەی تاکڕەهەندیی «دۆست» و «دوژمن»، ڕێکخستنی چوارچێوەی ڕوانینی کۆمەڵگا زۆر بەرینترە و مرۆڤەکان یەکتر وەک ڕەفیق، هاودەنگ، هاوپەیمان، حەریف، شەریک و هتد دەبینن، کە خۆگونجاندن لە مێشکی مرۆڤەکاندا پێکدێنێ و لە دانوسانی ئەرێنیی کۆمەڵایەتیدا هاندەرە. پەیڕەو کردنی چەمکە بەرتەسکەکانی ڕێکخستنی لە پەرەپێدانی ڕوانینی ڕەش و سپی و خولقاندنی کەشوهەوای ناسالمی سیاسی و کۆمەڵاتیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و زۆر جار بەهانەیەک بوون بۆ خوێنڕێژیی ناوخۆیی.

ئەدەبیاتی ڕێکخستنی، ئاڵقەیەکە لە زەنجیرەیەکی پێکهاتەکاندا، کە پەیوندیی ڕاستەوخۆی بە کەلتووری حاکم بە سەر ڕێکخستنەکاندا هەیە. ئەو ئەدەبیاتە کەمتر ڕووی لە کۆی کۆمەڵگا و گشتە، بەڵکو زیاتر ڕووی لە کۆمەڵێکە کە لە چوار چێوەی ڕێکخستنەکەدایە، تایبەتمەندیی هاوبەشی ئەدەبیاتی هەموو ڕێکخستنەکان زمانی حەماسی و ئیحساسییە (شۆرشگێر، قارەمان، نەترس، شێرەکچ و شێرەکور) کە لە ئاکامدا دەگەڵ سیاسەت کە ئەمرێکی مەعقوول و مەنتقییە نایەتەوە. ئەدەبیاتی حاکم لە درێژخایەندا یارمەتیدەرە دەبێت بۆ پسانی پەیوندیی مەعقوولی نێوان

کۆمەڵــگا و ڕێکخســـتن، چـــون هەموو کەس قارەمان و شۆڕشگێڕ و... نییە.

## ئیرادەگەرایی

ڕێکخستنەکانی هەموو بەشـــەکانی کوردستان لـــە بواری ڕوانین و پێکهاتـــەوە تەواو چەپین و تێکەڵاوێکی «ڕووسی – چینی»یان پێوە دیارە.

ڕێکخستنە کوردییەکان لە ئێران ستراتیژییە جەنگییەکانـــی مائو یانی «گەمارۆدانی شـــار لە گونـــدەکان را»، «جێگیرکردنی هێز بە لوولە ی تفەنگ» هەتا ئێستاشـــی دەگـــەڵ بێت پەیرەو دەکەن، پێشینەی ئەو کاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی هەڵسوڕانی ڕێکخستنە کوردییەکان لە ســـازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەی ئێران و هەروەها حیزبی توودەی ئێران لە دەســـتپێکی ٦٠ـەکانی سەدەی بیستەم[١].

ئیرادەگەراییـــی متافیزیکی، بەشـــێکی تر لـــە سیســـتەمێکی ڕەوانییە کە لە پرۆســـەی پەروەردەکردنی کادرانی ڕێکخســـتندا، خاوەنی جێگایەکی هەســـتیارە، پرۆســـەیەک کە لەودا ئیرادە بەسەر عەقڵدا زاڵە. ئینسانەکان هەست بە توانایەکی لە ڕادە بەدەر دەکەن بۆگەیشتن بەو ئامانجانەی کە دیارییان کردووە. یەکێک لە گرفتە هەرە مەزنەکانی ئەو چەشنە سازماندانە، بێگانە بوون لە کۆمەڵگایە و لە ئاکامدا دابڕانی تەواو لە کۆمەڵگای بە دواوەیە. مەبەستی نەهایی هەموو ئیرادەگەراکان، قاڵ کردن و تواندنەوە کۆمەڵگا لە ڕێکخســـتندایە. ئـــەو ئیرادەگەرایییە کەم تا زۆر بە ســـەر هەموو ڕێکخســـتنە کوردییەکاندا زاڵە. لە نێو ڕێکخســـتنەکانی ئاســـیاییەکاندا، خمرە ســـوورەکان لە کامبـــوج و موجاهیدینی خەلقی ئێران، نموونەیەکـــی یەکجار بەرچاوی ئیرادەگەرایین کە لە ڕێکخســـتنێکی سیاسی را گۆڕان بۆ فیرقەیەک.

## مۆدێلێکی نوێی دینامیک

پێکهاتەی ڕێکخســـتنە سیاســـیە کوردییەکان لە هەموو سەدەی بیســـتەم هەتا ئێستا، لە خەزمت پاراستنی نەزمی مەوجوودی ڕێکخستنیدا بووە و، تەنیا لە بەرامبەرخۆیاندا بەرپرسن .

کاریگەریـــان لـــە پرۆســـەژیان و گوزەرانـــی کۆمەڵگا زۆر کەم و یان هەر نەبووە. ئەو دابڕانە لە ژیانی کۆمەڵگا و پرسەکانی وەک پێناسە، پێکهاتە ، شـــێوازی هەڵســـورانو بە تایبەتی ویزیۆنیان لە پلەیەکی نەگۆڕ و چەقبستوودا ماوەتەوە.

ئەوەی کە دەکرێ جێگای سەرنجبێت ئەوەیە کە بە لە برچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاریە مەزنانەدا کە زۆر بـــە پەلە و بە پان و بەرینی هەموو جیهان لە گۆڕێ دان، کاتی ئەوە هاتووە کە ئاســـۆ، ویزیونی سیاسی، ڕێکارەکان و ستراتیژییەکانی هەنووکەی بە هەموو ئەبعادییەوە نـــەک پێداچوونەوە بەڵکوو لە بیر بکرێن.

مۆدێلێکی نوێی ڕێکخستنی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییـــە کە جیاوازیکـــی ١٨٠ درەجەیی دەگەڵ مۆدێلی پەیرەو کراوی هەنووکەیی هەیە.

جیهانی ئێســـتا بە پێچەوانـــەی ڕابردو تەژییە لـــە گۆڕانکاریی خێرا، هەر بۆیـــە زۆر قابیلی پێش بینی نییە، کۆنسێپتە سیاسی و ئیدوئۆلۆژییەکانی ڕابردووخاوەنی سەقامگیری و سباتێکی زیاتربوون. و هەر بەو هۆیەش ڕادەی پێش بینی کردنیان زیاتر و کات بۆ گۆڕانکاری زیاتر بوو.

هەروەهـــا ڕێکخســـتنی ئەمـــڕۆی ئیدئۆژیک نییـــە و کراوەترە بۆ بەرین ڕوانیین وهاوکاریکردن دەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی بازنەی ڕێکخستنی.

بە پێچەوانـــەی مۆدێلە کۆنەکان کە هیرارژی و وەفاداری ئیدئۆژیک لـــە جومگە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستنی بوون، مۆدێلی دینامیکی پێداگری لە ســـەر هاوکاری بەرین و دابەشکردنی شارەزایی دەکات، بـــۆ پێشـــگرتن لـــە پەنگخوادەنـــەوەی دەســـتەڵات لـــە دەســـت گـــرۆپ و یـــان تاکی بەرێوەبەرییدا.

ڕێبـــەران لـــە مۆدێلـــی نوێدا بەشـــێکن لە میکانیزمێکـــی زینـــدوو کـــە لە پێنـــاو هەبوونی کاریگەری لـــە ڕەوتەکاندا هاتوونە ئـــاراوە و ئیتر ســـەرچاوەی هێز و بیـــری ڕێکخســـتنی نین و پۆزیسیۆنیکی دایمی و دەسەڵاتیکی ڕەهایان نییە.

**تایبەتمەندییەکانی دوو مۆدێلی کۆن و نوێی ڕێکخستنی**

| مۆدێلی دینامیکی سەدەی ٢١ | مۆدێلی ستاتیکی سەدەی ٢٠ |
|---|---|
| • موحیتی غەیری قابیلی پێشبینی<br>• هاوئاهەنگی بە ڕێگای دانوستان<br>• هاوکاریی بەرین<br>• شارەزاییی دابەشکراو<br>• تاکید لە سەرهەبوونی کاریگەری<br>• گۆڕانگاری دائمی و بێ پسانەوە<br>• بێ ئیدئۆلۆژی<br>• هەستیاریی تێکنۆلۆژیک<br>• ڕو بە داهاتوو | • موحیتی نەگۆڕ و قابیلی پێشبینی<br>• کادیرانی شارەزای خاوەن ئیدئۆلۆژی<br>• هاوئاهەنگی لە ڕێگای گەورە و بچووکی ڕیکخستنی (هیرارژی)<br>• ڕێبەران سەرچاوەی هێز و بیر<br>• ڕاوەستە کردەن (تمرکز) لە سەر دەستەلاتدارێتی<br>• تەمای لاواز بۆ گۆڕانکاری<br>• ئیدئۆلۆژیی بە هێز<br>• مانەوە لە مێژودا |

مەیلی دایمی بۆ گۆڕانکاری، تایبەتمەندیی زۆر بەهێزی مۆدێلە نوێیەکانی ڕێکخستنییە، ئەوەش بە پێچەوانەی مۆدێلەکانی پێشوو کە تەمایان بۆ گۆڕانکاری زۆر لاواز و کەمە.

بۆ وێنە کۆنگرە و کۆنفرانسە ڕێکخستنییەکان، گۆڕانکارییە پێکهاتووەکان لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی چەند ساڵەدا دەخەنە بەر باس، هەربۆیە بڕیارەکان قەت لە پەرچەکردار بەولاوە زیاتر نەبوون.

لایەنێکی تری جێگای سەرنجی پیکهاتەکانی مۆدێلی سەدەی ٢١ خۆ دوور کردنەوە لە ڕابردوو و لە مێژوودا مانەوە و، ڕوو لە داهاتوو بوونە.

فاکتەرێکی نوێ، هەستیاریی ڕێکخستنییە، دەرحەق بە پێشکەوتنەکانی بواری بەرهەمە تێکنۆلۆژی و بیۆتێکنۆلۆژییەکان. بۆ وێنە ڕۆڵی کاریگەری کەرەسەکانی دونیای دیجیتاڵ لە سەر ڕەوتە ئابووری و سیاسییەکان، بابەتی سەرەکییە لە دامەزراندنی ڕێکخستنێکی بەهێزی ڕوو لە داهاتوو.

بۆ وێنە کەس هەبوو کە بیر لەوە بکاتەوە کە تویتێر یان فەیسبووک بتوانێ پێش بە بڵاوکردنەوەی پەیامی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بگرێ یان لە ڕێی ئینستاگرامەوە گەنجێکی قەسابی ئیستانبووڵی، ببێتە کەسایەتییەکی جیهانی بە بایەخێکی چەند میلیارد دۆلاری؟ هەر بۆیە ئەو ڕێکخستن و کۆمەڵگایانەی کە بایەخ و گرینگیی ئەو کەرەسانە لە پێکهاتەکەیاندا ڕەنگ نەداتەوە، لە داهاتوودا ڕۆڵیان کۆیلەتیی دیجیتاڵ دەبێت.

لە بەشەکانی داهاتوودا فاکتەرەکانی تری پێویست بۆ وەگەڕ خستنی گۆڕانکارییەکی کاریگەر و پردەسکەوت دەخەینە بەر باس و لێکدانەوە.

## ژێدەر


[١]. نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتگو با کوروش لاشایی، حمید شوکت، ص ٩٩-١٧٤

# ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (٤)

## ئاوڕدانەوەیەکی تیۆری لە خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات

سمایل شەریفی

سروشتی سیاسەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەتا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ
سروشتی سیاسەت لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتوودا جیاوازیی هەیە.
پێویستیی سیاسەت کردن بەشێوەی ئورووپا و ئامریکای باکوور لە وڵاتانی
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەهمێکە کە بەر لە هەموو هێزە سیاسییەکان،
خودی حاکمییەتە داپڵۆسێنەرەکانی ناوچە خەریکن پەرەی پێ دەدەن و
دواتر هەندێک خوێندەواری ناوەندخواز پێداگریی لەسەر دەکەن.

## ئەنجام و شوێندانانەکانی ڕاسان

جووڵەیەکی فرەڕەهەندی وەک ڕاسان درەنگ یان زوو، بەشێوەی ئاشکرا یان شاراوە لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، شوێنی خۆی دادەنێ.

شوێندانانی هەرە سەرەکیی ڕاسان، ڕاگەیاندنی دەست پێ کردنی دەورانێکی تازەی سیاسییە کە تێیدا پەڕینەوە لە پارادایمێکی سیاسی بۆ پارادایمێکی دیکە، نەک هەر لە ئاستی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێراندا ڕوو دەدا؛ واتە پەڕینەوە لە پارادایمی بێهیوایی لە گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و ڕاهاتن بە دۆخی باو و هەڵبژاردنی سیاسەتی بێدەنگی بۆ دۆخێکی چالاک و بڕوا هێنان بە کاتبەسەرچوونی دەسەڵاتی سیاسیی ڕێژیمی ناکارامە و غەدداری حاکم بەسەر وڵاتە.

بەهۆی دۆخی ستراتێژیی تایبەتی کوردستان، گۆڕانکارییە قووڵە سیاسییەکان زووتر لە هەر شوێنێکی دیکەی وڵات لەم ناوچە گرینگەدا هەستی پێدەکرێ. کاتێک ڕاسانی پێشووتری حیزب لە ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷ی هەتاویدا دەستی پێ کرد، ئێران وەکوو دوورگەی ئارامی و سەقامگیری لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەناسرا. لەو سەردەمەدا ڕووخانی سیستەمێکی (وەک ڕێژیمی پاشایەتی خۆی باسی دەکرد) دووهەزار و پێنسەد ساڵە، زیاتر وەک خەونێکی ئاڵۆز دەچوو بەڵام دە ساڵ دوای ڕاسانی ئەو سەردەم، بوومەلەرزەیەکی هەژێنەر هەموو بناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیمی حاکمی لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە. بانگەشەی ئێمە ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ۴۶-۴۷ ئەم ئەنجامەی خوڵقاند، بانگەشەی ئێمە ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان زووتر لە هەر مەیدانێکی سیاسیی دیکەی ناوخۆ، پێشبینیی ئەو بوومەلەرزە سامناکەیان لە ئێراندا کرد. با ئەمجارەش وریایی دان بۆ ڕووخانی سیستەمی ڕەش و ئەهریمەنیی کۆماری ئیسلامی، وەک سووکترین و ساکارترین ئەنجامی ڕاسانی نوێی کوردستان چاوی لێ بکرێ.

حەز دەکەین لە پێشەکیی ئەم باسەدا ئاماژە بە دانیشتنێکی زانستی و سیاسی بکەین کە لە یەکێ خەرمانانی ۱۳۹۵ واتە هەر لەو ساڵەدا کە ڕاسان ڕاگەیێندرا، پێک هات و بەشێک لە سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندێک کەسایەتیی ئاکادێمی بەشدارییان تێدا کرد. بەبڕوای ئێمە ئەو ڕووداوە لە داهاتوودا دەبێ زۆر وردتر و پسپۆڕانەتر شیکاری بکرێ و وەکوو بەڵگەیەکی مێژوویی گرینگ قسەی لەسەر بکرێ.

ئەم دانیشتنە لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە ڕێژیمی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هێزەکانی لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو کردبووە و سیاسەتێکی چالاکی دەست پێ کردبوو و وەک سەرانی ڕێژیم بانگەشەیان دەکرد، کۆماری ئیسلامی لە پێنج پێتەختی وڵاتانی ناوچەدا دەستی دەڕۆیشت. ڕێژیم وای نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامی نەک هەر وەک زلهێزێکی ناوچەیی هەڵسوکەوت دەکا بەڵکوو تەنانەت توانای ڕکەبەرایەتی لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکانیشی هەیە و حکوومەتەکەی لەوپەڕی دەسەڵات و سەقامگیریدایە. کەچی لەو لاوە حیزبی دیموکرات هەر لە نەورۆزی ئەوساڵەدا ستارتی ڕاسانی وەک قۆناغێکی نوێی خەبات لە شاخەکانی کوردستان لێدابوو.

لە دانیشتنی ساڵانەی ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) لە ساڵی ۹۵ واتە ساڵی دەستپێکردنەوەی ڕاساندا، هەندێک لە کەسایەتییە ئاکادێمییەکان و تەنانەت هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردیش لەسەر ئەو ڕایە بوون کە ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێراندا لەوپەڕی دەسەڵات و سەقامگیریدایە و خەباتی ڕادیکاڵ بە دژی ئەو سیستەمە بە هیچ شێوەیەک وڵام

ناداتەوە. بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزب ـ سکرتێری گشتیی ئەو کات ـ لە لێدوانەکەیدا زۆر ڕاشکاوانە نوێنەرایەتیی بۆچوونێکی جیاوازی کرد و ڕایگەیاند سیستەمی سیاسیی ئێران ئەو سیستەمە سەقامگیر و بەتوانایە نییە کە ڕێژیم گەرەکیەتی نیشانی بدا و کۆمەڵگای ئێرانیش کۆمەڵگایەکە کە لە هەناوی خۆیدا دەکوڵێ و وەک بۆشکەیەکی بارووت وایە کە هەر دەم ئەگەری تەقینەوەی هەیە و خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە، لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکانی خودی ئەو حاکمییەتە، شێوازێکی وڵامدەری خەبات نییە. بەڕێز مستەفا هیجری لەحاڵێکدا ئەو قسانەی دەکرد کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حوزووری خۆیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مسۆگەر کردبوو و بەم شێوەیە درزیان خستبووە ئەفسانەی سەقامگیری و توانای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. ڕێژیم کە خۆی بە ڕکەبەری گەورەترین زلهێزە جیهانییەکان دەزانی، خۆی بە ناچار دەزانی هەر پلان و پیلان و هەڕەشە و گوڕەشەیەک بەدژی حیزبی دێموکرات بەتاقی بکاتەوە هەتا نەهێڵێ ئەو ئەفسانە بێبنەمایە کە لە زەینی بەشێک لە خەڵکیدا سازی کردبوو، چرژی تێ بکەوێ و شەق ببا. دوای لێدوانی لێپرسراوی گشتیی حیزب دەرحەق بە ناسەقامگیریی سیاسیی ڕێژیم و قەیرانی ناکارامەییی ئەو سیستەمە، لە خەزەڵوەری ساڵی ۹۶دا ئێران شاهیدی ئاخێزێکی سەرانسەری و جەماوەری بوو. دواتر ئەو ئاخێزە، سەرهەڵدانە بەخرۆشترەکەی بەفرانباری ۹۸یشی بەدوادا هات و بەم شێوەیە ڕاستیی ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و دروست بوونی ڕاسان بەتەواوی سەلمێندرا.

دوای ئەم پێشەکییە کورتە هەوڵ دەدەین ئەنجامەکانی ڕاسان لە سێ ئاستی سیاسی، کۆمەڵناسیی سیاسی و فەلسەفیدا تاوتوێ بکەین.

## ١. دەرەنجامەکانی ڕاسان لە ئاستی سیاسیدا

سروشتی سیاسەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەتا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سروشتی سیاسەت لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتوودا جیاوازیی هەیە. پێویستیی سیاسەت کردن بەشێوەی ئورووپا و ئامریکای باکوور لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەهمێکە کە بەر لە هەموو هێزە سیاسییەکان، خودی حاکمییەتە داپڵۆسێنەرەکانی ناوچە خەریکن پەرەی پێ دەدەن و دواتر هەندێک خوێندەواری ناوەندخواز پێداگریی لەسەر دەکەن. ئەم بۆچوونە ناڕاستە لەسەر ئەو تێزە هەڵەیە دامەزراوە کە بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ئێران لەگەڵ باقی وڵاتانی ناوچە جیاوازیی بنەڕەتیی هەیە و ئەگەر لەو وڵاتانەی دیکەی ناوچە، شەڕ و پێکدادان و نائەمنی هەیە، لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێران و ڕێژیمە زاڵەکەی، خاوەنی سیستەمێکی دەسەڵاتداریی نۆرماڵ و سەقامگیر و بەهێزە، کەوابوو ئاکسیۆنی شۆڕشگێڕانە و خەباتی چەکدارانە وەک باقی وڵاتان، بە هیچ شێوەیەک لەم وڵاتەدا وڵام ناداتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا زۆرجار لەلایەن هەندێک خوێندەواری سەر بە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتییەوە گوێبیسی ئەم جۆرە بۆچوونانە دەبووینەوە کە بۆ نموونە، ئێران، وەک عێراق و سووریە و لوبنان و سعوودیە و ... نییە و سیستەمە سیاسییەکەی لەگەڵ سیستەمی ئەو وڵاتانە جیاوازیی هەیە و لێرە دەبێ خەباتێک لە چوارچێوەی یاساکانی حاکمییەت و بە شێوەی پارلمانتاریستی و مەدەنی بەڕێوە بچێ. سەیر ئەوەیە هەمان ئەو قسەیە بۆ نموونە لەلایەن لایەنگرانی حکوومەتی تورکیاشەوە دەگوترا و تەنانەت کاتی خۆی لە لایەن ڕێژیمی ڕووخاوی عێراقیشەوە دەگوترا و هەموو ئەو کەسانە پێیان وا بوو ئەگەر ڕێژیمەکانی دیکەی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕژێمی نانۆرماڵ و دواکەوتوو و ناسەقامگیرن، ڕژێمی خۆیان نۆرماڵ و سەقامگیر و پێشکەوتووە و سیاسەت کردن لەو وڵاتەدا دەبێ هاوشێوەی سیاسەت کردن لە ئورووپا و ئامریکا بێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنانەت ئاشتیش بە بێ هێزێکی چەکداری شۆڕشگێر مسۆگەر نابێ.

کاتێک ئێمە باسی سیاسەتی ڕادیکاڵ دەکەین، مەبەستمان شەڕ و کوشتار و نائەمن کردنی شارەکان و تێرۆر و تۆقاندن نییە، بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە تەنانەت کاتێک لایەنێکی خەباتکار لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدار لەسەر مێزی وتووێژیش دادەنیشێ، هێزێکی چەکداری شۆڕشگێر و تۆکمەی ئەوتۆی بەدەستەوە بێ کە نفووزی لەناو خەڵکی خۆیدا هەبێ و وا لە هێزی دەسەڵاتدار بکا کە لە وتووێژەکاندا حیسابی بۆ بکا و بەسانایی داواکارییەکانی پشتگوێ نەخا. ئێمە پێمان وایە ئەو شێوە سیاسەتە لە ڕاساندا بەدی دەکرێ.

> ئەگەر ڕاسان خوازەیەک بێ بۆ هەر چەشنە خەباتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە، دەکرێ بڵێین لە مەیدانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لەبنەڕەتدا ڕاسان زەمینەی سیاسەت کردن بۆ کورد دەرەخسێنێ و سیاسەت کردن لە بابەتێکی نەگونجاوەوە دەگۆڕێ بۆ بابەتێکی مومکین

## ٢. دەرەنجامەکانی ڕاسان لە ئاستی کۆمەڵناسیی سیاسیدا

بیرمەندێکی ئێرانی، کۆمەڵگای ئێران وەک «کۆمەڵگایەکی کورتماوە» پێناسە دەکا. مەبەست لە کۆمەڵگای کورتماوە کۆمەڵگایەکە کە هەر لە بنەڕەتدا فۆرماسیۆنەکەی بە چەشنێک ڕێک خراوە کە تێیدا دوورەکانی سەقامگیری زۆر دوور و درێژ نین و دوای هەر دوورەیەکی سەقامگیری، دوورەیەکی پشێوی و ئاڵۆزی دەست پێ دەکاتەوە و لەم دوورە ئاڵۆزەدا سەرمایە وەسەریەک نراوەکان بەزایە دەچنەوە و ئیمکانی کەڵەکە بوونی سەرمایە لەگۆڕێدا نییە. لە ڕوانگەی دکتۆر محەممەدعەلی هومایوون کاتووزیانەوە، مێژووی وڵاتێکی وەک ئێران لە زنجیرەیەکی دووپاتکراوەی سەرەڕۆیی ـ پشێوی و ئاڵۆزی ـ سەرەڕۆییەکی تازەسەرهەڵداو، پێک هاتووە و چەندپات بوونەوەی ئەم زنجیرەیە هەتا ئێستا ڕێسایەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی جێگیر بووە.

بۆچوونەکەی کاتووزیان لە بنەڕەتدا وەرگیراو لە بۆچوونی بیرمەندێکی ئاڵمانی بەناوی «کارل ویتفۆگڵ»ە. بۆچوونەکەی ویتفۆگڵیش کە وەک «سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی» ناو دەبرێ وەرگیراو لە بۆچوونەکانی کارل مارکسە. مارکس و بەدوای ئەودا ویتفۆگڵ لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا، لەبەر ئەوەی ئیمکانی کەڵەکە بوونی هەموو جۆرێکی سەرمایە لەئارادا هەیە، ئەم کۆمەڵگایانە لە فۆرماسیۆنەکانی کۆیلەداری و جووتیارییەوە دەگەن بە فۆرماسیۆنی فیۆدالیزم و لەویشەوە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سروشتی و لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی بەرچاوی سەرمایەوە دەگاتە بە قۆناغەکانی بورژوایی و سەرمایەداری. بەڵام لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، لەبەر ئەوەی حاکمییەتەکان سەرەڕۆن و هەر جارناجارێک شۆڕشێک هەموو سەرمایە کەڵەکەکراوەکان لێک بڵاو دەکاتەوە، کەوابوو ڕێگای پەرە سەندن هەمان ئەو ڕێگایە نییە کە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان پێواوایانە. ئەنجامەکە هەر ئەوەیە کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێ کرد: وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو وڵاتانە نین کە بکرێ بە شێوەی وەسەریەک نانی کۆمەڵە ئاکسیۆنێکی ورد و چکۆلەی بێ‌ئەژمار، بەدرێژایی دەورانێکی زۆر دوورودرێژ، سەرمایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان تێدا پاشەکەوت بکرێ و هەموو

داواکارییەکان بە شـــێوەی ئاسایی و یاسایی جێبەجێ بکرێن. ولاَتانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ئـەم ولاَتانەن هـەر جارناجارێک تووشـــی بوومەلـــەرزەی هەژێنەری سیاســـی دەبن و ئەگەر گەلێکـــی وەک گەلی کورد لەم ناوچە پان و بەرینەدا خاوەنی هێزێکی شۆڕشگێری هەلّســـوور نەبێ، لە جەنگەی ئەم بوومەلەرزە سیاسییە سامناکانەدا و تەنانەت لە جەنگەی ســـەقامگیریی حاکمییەتـــە ســـەرەڕۆکاندا، بەیەکجاری تێدا دەچێ و مانەوەی تووشـــی مەترســـیی جیـــددی دەبێ. ئەگەر ڕاســـان خوازەیەک بـــێ بۆ هەر چەشـــنە خەباتێکی ڕادیکالّ و شۆڕشـــگێرانە، دەکـــرێ بلّێین لە مەیدانی سیاسەتی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا هەر لەبنەڕەتدا ڕاســـان زەمینەی سیاسەت کردن بۆ کورد دەرەخســـێنێ و سیاسەت کردن لە بابەتێکی نەگونجـــاوەوە دەگۆڕێ بۆ بابەتێکی مومکین.

## ٣. دەرەنجامەکانی ڕاســـان لە ئاستێکی فەلسەفیدا

لەبـــارەی جۆرەکانی زانســـت بەگوێرەی ئەو ئامانجانەی زانستەکە ڕەچاوی دەکا گوتوویانە سێ چەشنە زانستمان هەیە:

**١** ئـــەو زانســـتەی بـــە هـــۆی دۆزینەوەی یاســـا سروشـــتییەکانی جیهـــان، ڕووی لـــە کۆنترۆلّ کردنی جیهانی دەوروبەرە. زانســـتە سروشـــتییەکان و تەکنۆلۆژی، لەسەر بنەمای ئەم شێوە زانستە بەرهەم دێن.

**٢** ئەو زانســـتەی ڕووی لە لێک تێگەیشتن و ســـاز کردنـــی پێوەندیدایە. زانســـتی وەک هێرمنۆتیک و زانســـتی خوێندنـــەوە و ڕاڤە کردنی دەق لەم دەستەیەدا جێگیر دەبن.

**٣** جۆری ســـێیەمی زانســـت ئەو زانستانەن کـــە ئامانجیـــان ڕزگار کردنـــی مـــرۆڤ لە کۆیلەتیی دەروونی و دەرەکییە. زانستی وەک دەروونشیکاری و مارکسیزم لەم دەستەیەن.

ئەم دابەشـــکردنە لەلایەن فەیلەســـووفی ناوبەدەرەوەی ئالّمانی، یوورگن هابرماســـەوە کـــراوە. هەر لەســـەر بنەمـــای بۆچوونەکانی هابرماس، ڕەنگە بتوانین بلّێین دەکرێ ســـێ مۆدێلی سیاسەت کردنیش لێک هەلاَوێرین.

**١** مۆدێلێکی سیاسەت کردن لەسەر بنەمای دۆزینەوەی یاســـا کۆمەلاَیەتییەکان و ڕێســـا کارگێرییـــەکان لە کۆمەلّگا ســـەقامگیرەکاندا بەڕێوەدەچێ. دەکرێ بلّێین سیاسەت کردنی پارلمانتاریستی لە چوارچێوەی ولاَتێکی وەک فەڕانســـە یان بریتانیا لـــەم خانەیەدا جێگیر دەبێ.

**٢** جۆرێـــک سیاســـەت کـــردن ڕووی لـــە تێگەیشـــتنی دوولایەنە و چەندلایەنە و پێک هێنانی ئـــەو ســـازییانەیە کە لە ئاســـتێکی جیهانیـــدا کار دەکـــەن، وەک هەمـــوو ئەو هەولّە سیاســـییانەی لە ئاســـتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا دەدرێن.

**٣** جۆری سێیەمی سیاسەت کردن سیاسەتی ڕزگاریبەخشە. سیاسەتی ڕزگاریبەخش ڕووی لە ئازاد کردنی ئەو هێزە ژێردەســـتانەدایە کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک دەچەوسێنرێنەوە و مافیان پێشێل دەکرێ. خەباتی گەلی کورد لـــە هەموو پارچەکانی کوردســـتاندا لەســـەر بنەمای ئەم مۆدێلەی ســـێیەمی سیاســـەت کردن، واتە سیاســـەتی ڕزگاریبەخش بەڕێوە دەچێ. ڕاسان لە ڕوانگەی ئێمەوە گەڕانەوە بۆ جەوهەری ئەم چەشنە سیاسەتەیە.

پشتگیری کردن لە ڕاسان وەک خەباتێکی ڕزگاریبەخش، بەمانای ڕەتکردنەوەی شێوەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی پارلمانتاریستی یـــان کاری سیاســـیی نێونەتەوەیـــی نییـــە. لەڕاستیدا ڕاسان ئیمکانی ئەو شێوە خەباتانەش بۆ ئێمەی کورد دەرەخســـێنێ. لەبەر ئەوەی هەروەک گوتمان بەگشتی ڕاسان بریتییە لە مومکین کردنی بابەتی نامومکینی سیاســـەت کردن لە مەیدانی ئالّۆز و دژواری سیاســـەتی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا.

# ” وتووێژ “

# ژینگە هەم پرس هەم قەیران

**مێزگرد: ئاگری ئیسماعیل نژاد**

پرسی ژینگە و گرینگیی ژیان لە ژینگەی خاوێن و سەقامگیردا، پرسێکی لەمێژینەوەی کۆمەڵگای کوردی نییە، بەڵام لەگەڵ کەم تەمەن بوونیشی، ئەو پرسە پرسێکی گشتگیری کۆمەڵگای کوردستانە و ئێستا ڕۆژانە تاکی کورد لە ژیانی و لە ڕاگەیاندندا تووشی بابەت، هەواڵ و قەیرانی پەیوەندیدار بە ژینگەوە دێت و هاوکات لەگەڵ ئەوە دەکرێ بڵێین ئێمە لە کوردستان بزوتنەوەیەکی ژینگەپارێزی یان بزوتنەوەیەکی کەسکمان هەیە. لە یەکەم مێزگردی گۆڤاری تیشک وەک خانەخوێ، میوانداریی بەڕێزان دوکتور باقر فەرەنگیس، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، دوکتور مەنسوور سۆهرابی و کاک سەلاح نادریمان کرد و لەو وتووێژە تێروتەسەلەدا هەوڵمان داوە کە ژینگە وەک پرس و وەک قەیران لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە تاوتوێ بکەین و هەر بۆیەش لەو مێزگردەدا چوارمیوانمان هەبوو کە پسپۆریی جیاوازیان بوو، ڕوونە هۆکاری ئەو شێوە بانگهێشتە دەگەڕێتەوە بۆ گرینگیی پرسی ژینگە و تایبەتمەندیی ئەو پرسە کە ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێت و بە کورتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگا سەرێکی هەموو ڕەهەندەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە؛ بەتایبەت، ئەگەر ژینگە لە قۆناغی قەیران یان تەنانەت هەرەقەیراندا بێت.

بەر لە کۆتایی پێویستە دوو بابەت بۆ خوێنەری ئەو مێزگردە ڕوون بکەمەوە: یەکەم: بەر لە وتوێژەکە بەرانبەر بە «توسعه پایدار» زاراوەی گەشەی درێژخایەنم دانابوو، بەڵام پاش وتوێژەکە و تاوتوێکردنی لەگەڵ چەند پسپۆری جیاواز، ئەو زاراوەیەم بەباش نەزانی و زاراوەکەم گۆڕی بۆ «گەشەی سەقامگیر». دووهەم: مێزگردی گۆڤاری تیشک لە ژمارەکانی تریش درێژەی دەبێت و لە هەر ژمارەیەکدا بابەتێکی تایبەت بەو ژمارەیە بە شێوەی مێزگرد لەلایان چەند پسۆری ئەو بوارەدا تاوتوێ دەکەین.

*دوکتور حەسەن‌زادە پێم خۆشە میزگردەکە لە بەرێزتانەوە دەست پێ بکەم، دوکتور باقر فەرەنگیس لەو باوەڕەدایە کە ئێستا ژینگە لە پرسی پاکوخاوێنی یان پرسی چین و توێژێکی خواپێداوی کۆمەڵگا تێپەڕیوە و بووە بە پرسێکی گشتی لەنێو کۆمەڵگای جیهانیدا و بەتایبەتی لە ناوچەی خۆمان هەم لە کوردستان و ئێران و هەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بۆ ئەوە کە ئێمە بتوانین ژینگە بکەین بە پرسێک کە بێتە نێو ڕۆژەڤی ژیانی خەڵکەوە بەتایبەتی لە کوردستان چ ڕێگایەک دەتوانین بگرینە بەر و ئایا ئێوە ڕوانگەی کاک دوکتور باقرتان قبووڵە کە دەڵێ پێویستە پرسی ژینگە بکرێتە پرسی هەموو کۆمەڵگا یان تێبینیتان لەسەری هەیە؟*



بەڵێ، بێگومان قبووڵمە. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە پرسی ژینگە وەک زۆر لە پرسە ستراتێژییەکانی بوونمانی نەتەوەیی خۆمان بکەینە پرسی هەموو کۆمەڵگا. بۆ ئەوەش لەو باوەڕەدام کە دەبێ سیاسەتی ژینگە بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی سیاسی پێناسە بکەین و بەپێچەوانەی بۆچوونێکی باو تەنانەت مەسەلەی ژینگە بە سیاسی بکەین، بە مانا نەتەوەیییەکەی، بە مانای ئاسایشی نیشتمانی. چونکە لە بنەڕەترا دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان بەتایبەتی ئێران وایان کردووە کە ڕەهەندێکی سیاسیی بەهێز بەسەر بابەتەکەدا زاڵ بێ. لە دنیای پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا زۆربەی پرسەکان پێک دەگەنەوە. پرسی ژینگەیش تەنانەت وەک دیسیپلینی زانستیی بوارێکی «ئینتردیسیپلینێری» یان نێوان-ڕشتەییە واتە چەندین بواری ئەکادیمی پێیدا تێدەپەڕن یان دەبێتە خاڵی چڕبوونەوەی چەندین ڕەهەندی کارناسی. بۆ گەلی کوردیش وەک بۆ هەموو ئەو گەلانەی هەڕەشەیان لەسەرە و هۆگری و پێوەندییەکی چڕوپڕیان بە خاک و سروشتی خۆیانەوە هەیە، بابەتی ژینگە بابەتێکی ناسنامەیی و شوناسخوازانەیە. لەخۆڕا نییە ژینگەپارێزانی ئێمە وەک چالاکی مەدەنی و سیاسی چاو لێ دەکرێن، و کاتێک گیانیان دەبەخشن، بە شەهیدانی ژینگە ناودێر دەکرێن و لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وەک قارەمانی نەتەوەیی ڕێزیان لێ دەگیرێ. دەشزانین کە ئەو زەرەر و زیانانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ژینگەی ئێمە گەیەنراوە (بۆ نموونە سووتماکی دارستانەکان، یان گلدانەوە و بەلارێدابردنی ئاوەکانی کوردستان) لە کۆنتێکستێکی ئەمنیەتی و بە دید و نیەتێکی سیاسی و بەئەنقەست لە لایەن دەوڵەتی حاکمەوە پلانی بۆ دارێژراوە.

ئێستا ئێمە دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی بابەتی ژینگە بەرینە نێو کۆمەڵگا و بیکەینە خەمی هەموو کۆمەڵگا، پێش هەموو شتێک ئەمن پێم وایە پێویستە ژینگەی خۆمان باشتر بناسین. ئێمە زانیاریمان لەسەر جوغرافیا و کۆمەڵگای خۆمان کەمە یا لانیکەم بەرۆژ نیە. ئەو ئامار و داتایانەی دوکتور باقر و دوکتور مەنسوور هەیانە، زۆربەی بژاردەکانی ئێمە لێی ئاگادار نین. پاشان لەو باوەڕەدام کە دەبێ ژینگە لە گوتاری گەورەی سیاسیی خۆماندا جێ بکەینەوە. لەو شوێنەدا کە ئێمە دەبێ یەکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەیەکی گوتاری بکەین کە بەو جۆرەی ئەمن لەو دەورە نوێیەی گۆڤاری تیشکیشدا هەستی پێدەکەم و بۆخۆشم باوەڕم پێی هەیە، پێویستە گوتاری نوێ گوتارێکی کوردیی زیاتر قائیم بە زات و باوەڕ بەخۆی لە جەوهەردا دژە داگیرکاری و ڕزگاریخوازانە بێ (ئێستا لەڕووی چەمکی حقووقی و فۆرموولی سیاسییەوە ئەوە چۆن ڕێک دەخەین بابەتێکی دیکەیە)، پێویستە بابەتی ژینگە وەک یەکێک لە ئێلێمنتەکانی ئەو پێداچوونەوە گوتارییە بەکار ببەین. بەداخەوە لەنێو پارتە سیاسییەکانی ئێمەدا

ئـەو بابەتە یان هیچ گرینگیـــی پێ نەدراوە و نەبۆتە گوتارێکی هەمیشـــە حازر و گشـــتگیر، یان ئەوەنـــدەی گرینگیی پـــێ دراوە زۆربەی کات گوتاری بچووکی ژینگـــە بووە و گوتاری ژینگە بە واتـــا گەورەکەی نەبـــووە. بۆ نموونە ئەو ئەخلاقی ژینگەیەی بۆ کاک مەنســـووری ســـۆهرابی هێندە گرینگە و لە شـــوێنان باسی دەکا، لەوەدا کورت دەکەینەوە کە وەبیر خەڵک بێنینەوە کە پێویســـتە ئاگایان لە دارستانەکان و پاکڕاگرتنی سروشـــت بێ. ئەوە بێگومان زۆر گرینگ و بنەڕەتییە، بەڵام ئێمە دەبێ بزانین کە دەسەڵات لە ئێران وەک زۆر بواری دیکە بابەتی ژینگەشـــی بۆ ئەوە بەکاربردووە کە گەلەکەمان بەشـــێوەی ســـتراتێژی بـــە گەمـــارۆدراوی و وابەســـتەیی بهێڵێتەوە. دەبێ بزانین سیاسەت بەرهەمی بالانســـی هێـــز لە بنیاتـــەکان و لە ژێرخانـــدایـــە، بـــۆ نموونـــە پاراســـتنی زمان و فەرهەنگ، کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان، قورســـایی و ئیمتدادی دێمۆگرافی، گەشـــەی پیشەسازی و ئابووری، کەیفیەتی هێزی مرۆیی و دەرووەستیی بژاردەکان... هتد.

مەسەلەی کورد لە ئێران تەنیا بە دروشمی سیاســـی و فۆرموولـــی گـــەورە ناچێتە پێش. دروشـــم و فۆرموولەکان دەبێ خورد بکرێنەوە و بکرێنە کەرەســـتەی خەباتـــی ڕۆژ بە ڕۆژی خەڵک و حیزبەکان. لێرەدایە کە بابەتی ژینگە دەتوانێ هەم لە ئاســـتی کەلان و ستراتێژیکدا و هەم لە ئاســـتی تەرجومەکردنەوە بۆ خەباتی بەکردەوە لەســـەر ئەرزی واقیع  کارســـاز بێ. بەداخەوە ســـالانێکە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە نـــەک هـــەر لەســـەر مەســـایلی ئیدئۆلۆژی و وێکهەڵکـــردن، بەڵکوو لەســـەر ئەولوییەت و پێوەندیی نێوان شـــێواز وئامانجەکانی خەبات و جێگـــە و پێگەی هەرکام لە بەســـتێنەکانی شۆڕشـــگێری و مەدەنی ناوبەنـــاو لەنێو خۆیدا تووشـــی نالێکی و دڕدۆنگی دەبێ. ئەمن داوای ســـەنتێز دەکەم. بابەتی ژینگـــەش یەکێک لە باشـــترین و کاراترین بوارەکانی دروستکردنی ئەم سەنتێز و ئاشتەواییە هزری و گوتارییەیە. ئێمە ناتوانین باســـی ژینگەپارێزی لە هەردوو ڕەهەنـــدی چکۆلـــە و گەورەیـــدا بکەین بەبێ ئەوەی قووەت بە بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ببەخشینەوە. کاتێکیش کۆمەڵگای مەدەنیمان بۆ گرینگ بوو ئەودەمی خودبەخود ناچار دەبین خەبات لە چوارچێـــوەی گوتارێکی هەمەلاگیر و فرەڕەهەنـــددا ڕێـــک خەینەوە کـــە هەموو جوغرافیاکانـــی خەبات پێکەوە ببەســـتێتەوە، حیزبـــەکان زیاتر بە کۆمەڵگا وەســـڵ بکاتەوە و هەمـــوو چین و توێـــژ و تاکەکان بە جۆرێک هەســـتیار و ئەرکـــدار بکا کە بەڕاســـتی ببنە پارتنێر و هاوبەشـــی خەباتی سیاسی. کەوابوو بەڵـــێ ئەوە زەروورەتێکە کە ئێمە بابەتی ژینگە بکەینە بابەتی بنەڕەتی و گشتگیری کۆمەڵگای سیاسیمان.

مەســـەلەیەکی دیکە کە دەمـــەوێ لێرەدا ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکانی ئێمە هەمیشـــە پێیان وا بووە کە بابەتی ژینگە کاری دوارۆژە و هەتا کوردســـتان ڕزگار نەبێ، پێویســـت ناکا یا ناتوانین کاری لەسەر بکەین. نزیک بـــە چوار دەهەیە کـــە بابەتی ژینگە لە بەرنامـــەی حیزبی دێموکڕات بـــۆ حکوومەتی خودموختار (ئێســـتا فیدراڵ)ی کوردســـتاندا جـــێ کراوەتـــەوە کەچی هێشـــتا نەچۆتە نێو گوتاری سیاســـیی کەلانمان. هەم لەبەر ئەوەی ژینگـــەی ئێمە هەر ئێســـتا لەژێر مەترســـیی قەرەبوونەکراوەدایە و هەم لەبەر قابلییەتی بواری ژینگە بۆ بە جەماوەری کردنی خەباتی سیاسی، پێویستە ئەو بابەتە ستراتێژیکە لە بەرنامەڕێژیی خەباتی ئێستا و ڕۆژبەڕۆژماندا لەبەرچاو بگرین.

**پێشەنگ:** *کاک دوکتـــور باقـــر! دوکتـــور حەســـەنزادە لـــەو باوەڕەدایـــە کە دەبێ پرســـی ژینگە بکرێتە پرسێکی نەتەوەیی، بەڵام ئێمە یەک شـــتی دیکەش دەزانین، دیـــارە دوکتـــور حەســـەنزادە نکۆڵی لێ نەکردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتەی کە*

*پێی دەگوترێ پرس یان قەیرانی ژینگە، هاوکات کە دەتوانێ پرسێکی نەتەوەیی بێ، پرسێکی ناوچەیی و جیهانیشە، ئێوە بەو تێبینییەوە کە لەوباوەڕەدان، کە دەبێ ژینگە بکرێتە پرسی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان چۆن ئەو دواوە تێکەڵ دەکەنەوە؟ چۆن قەیرانێکی نێودەوڵەتی یان ناوچەی لەگەڵ دۆزێکی نەتەوەیی تێکەڵ دەکەنەوە و چۆن دەتوانین ئەو باسە بێنینە نێو کۆمەڵگای کوردستانەوە ؟*



پێم خۆشە لە سەرەتاوە ئاماژە بە باسێکی کۆمەڵایەتی بکەم، لە ڕاستیدا پێموایە لە بڕوا و ئایینی ئێمەدایە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئەشرەفی مەخلوقات دادەنرێت و ئەمە لە مێشکی ئێمەدا نەتەنیا لە ڕۆژهەڵات و لە ئێراندا، بەڵکوو لە خاوەرمیانەدا ئەم باوەڕە هەیە، کە مرۆڤ ببێ بە ئەشرەفی مەخلوقات، ئیسە کە مەخلووق هەیە یا نییە ئەوە باسێکی ترە. بابەتەکەی من وشەی ئەشرەفە، کە ئەشرەف بیت یانی زانا، کە ئەشرەف بیت یانی بەهێز، بڕیاردەر، ئەوەی کە لە سەرەوەدایە، هەرئەم پەتای کۆرۆنایە، نیشانی دا کە بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێ ئەشرەف بێت، گەورەیی ویرووسی کۆرۆنا ئەوەندەیە کە ئەگەر یەک میلیون دانەی دابنێیتە پاڵ یەکەوە تازە گەورەییەکەی ئەبێتە یەک میلیمیتر، بەڵام ئەو زەرەرە قورسانەی کە لە کۆمەڵگا و لە خەڵکی داوە هەموومان دەیزانین. بیرورا کە ئەبێ ئاوا بێ کە ئەو هەستیی ئێمە کە مرۆڤ بەشێکە لەم کەهکشانە، لە هەموو ئەو شتانەی کە هەیە، وجودی هەیە، وەکوو ئەندامێک چاوی لێ بکرێت.

کەوابێت هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ گیاندارانی تردا، لەگەڵ تەبیعەتدا، لەگەڵ سروشتدا دەگۆردرێت. پێم وایە ئەوە باسێکی سەرەکییە کە ئەبێ بیری لێ بکەینەوە، ئەوەی کە فەرمووتان باسی ژینگە لە ڕاستیدا ئەگەر کە ڕیشەیی چاو لە مەسەلەکە بکەین، هەڵئەگەڕیتەوە بۆ گەشەی ئابووری و بۆ ژیانێکی باشتر، لەوێیش ئەبێ ئیمە لە سەرچاوە سروشتییەکان کەڵک وەربگرین. ئەو سەرچاوە سروشتییانەش بەشێکە لە ژینگە، لە بەحسی ئابووریدا بەهێزبوونی ئابووریمان هەیە و گەشەی کۆمەڵایەتیمان هەیە، کە ئەو دووانە هەمیشە وەکوو یەک نین. بۆ نموونە ئیتیۆپی دە ساڵ لەمەوبەر گەشەی ئابوورییەکەی بە شوێن چینا دووهەم بوو، بەڵام کە چاوت لە کۆمەڵگای ئیتیۆپی دەکرد دەتدی ئەو بەهێزبوونی ئابوورییە لە کۆمەڵگادا کەس نایبینێ جگە لەتاقمێک و گرووپێک نەبێ کە لە ئادیسئابابا دانیشتبوون و خەریکی خۆشگوزەرانیی خۆیان بوون، کە باسی ژینگە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ بابەتە ئابوورییەکان وئێمە ئەبێ بابەتی ئابووری، مرۆیی، ژینگەیی هەر سێیانی پێکەوە لە کۆنتێکسێکدا ببینین.

ئامانجە ئابوورییەکەی نموونەی بۆ بێنینەوە هەر لە ڕۆژهەڵاتی خۆمان، ئەگەر ئێمە گەرەکمان بێ ئەو کۆمەڵگای کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە کە هەمانە بمانهەوێ بیکەین بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و سەنعەتی، ئەوە ئەبێتە ئەو بەشەی کە گوتم بەشی ئابوورییەکەیە. ئێستا ئەبێتە سەر ئەوەی باشە پێشکەوتنی ئابووری بۆ مرۆڤ ئەبێ چ ئامانجێکی ببێ؟ ئامانجەکەیشی بۆ مرۆڤ ئەبێ بە خۆشگوزەرانی بۆ ئەو خەڵکە کە لەو ناوچەیەدا دەژین.

جا ئێستا پرسیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە ئەو خەڵکە کێن؟ خەڵکێکن کە ئێستا لەوێ دەژین؟ باشە ئەو خەڵکە لەوێ دەژین بە باش بوونی باری ئابوورییەوە هەلی کاریان بۆ دەرەخسێ، دەی باشە منداڵەکانیان؟ منداڵی منداڵەکانیان لەم سەرچاوەی سروشتییە چۆن ئەبێ بەشدار بن؟

لە بابەتی ژینگەکەشییەوە ئەوەیە کە ئێمە کە کەڵک لەم سەرچاوە ژینگەییانە وەردەگرین، بمانەوێ و نەمانەوێ ئاسەوارێک و خەسارێک دەمێنێتەوە لە سروشتدا ئەوە چی لێ بکەین؟

ئەمانە بابەتگەلێک بوون کە پێم خۆش بوو وەکوو خاڵ ئاماژەیان پێ بکەم، ئەگەر کە پرسیار بێت و لەسەری باس بکرێ من لە خزمەتدام.

*بەرێز کاک سەلاح بەرێز دوکتور حەسەن‌زادە نەزەری ئەوە بوو کە پرسی ژینگە وەکوو پرسی حیزبەکان لە وتارە کەلانەکەدا بوونی ببێت، ئێمە ئێستا لە کوردستاندا ئەکتەرێکی تریشمان هەیە کە لە واقیعدا ئەکتەری نێو کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستانە، ئایا پرسی ژینگە لە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا وتارە کەلانەکەیە؟ کۆمەڵگای مەدەنی چۆن دەتوانێ ئەو پرسە بەرێتە نێو کۆمەڵگای کوردستان و نێو سیاسەتەوە؟*



دەتوانین بڵێین کە لە ناو بەشیکی زۆری کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا، ئەم پرسە بەتایبەتی چاوی لێ دەکرێت؛ بەڵام لە دەرەوەی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا فشاریکی زۆر هەیە بو ئەوەی ئەم پرسە لە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا، لە وتارە کەلانەکەوە بگۆردرێت بە وتاریکی دەرەجە چەندم.

مەسەلەکە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمێکی زلهێز دەستی کێشاوە بەسەر کۆلان بە کۆلانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا و ئەگەر هەر چەشنە کارێک بە تاکەکەسێک یان رێکخراوەیەک بکرێت، ئەوا لە لایەن ئەو سیستەمە زلهێزەوە بەرگیریی لێ دەکرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان زۆر گرێدراوە بە باسی ژینگەوە. ئەگەر راحەتتر بڵێم ئەوا کوردستان بێ ژینگە کوردستان نیە. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی ئەم کۆمەڵگایە لە ژێر فشارە و ئەم فشارە لە لایەن کێوە دێت ئەوا دەبێت کەمێ زۆرتر بچینە ناو باسەکەوە.

بۆ ئەوەی ئیمە ببین بە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەهێز، پێویستمان بە چەند عاملی زۆر سەرەکی هەیە کە یەک لەوانە خەڵکە (خەڵکێکی ئاگا و زانا لێرەدا)، دووهەم سیستەمێکی رێکوپێک کە پلاندارێژ بێت و بتوانێت بە باشی چوارگۆشەی ئەم کۆمەڵگایە لە یەکتر نزیک بکاتەوە. (بە باسێکی روون تر: متمانە لە کۆمەڵگادا گرینگترین سەرمایەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە وجودی خەڵکانیکی زانا و سیستەمێکی باشی پەروەردەیی و مودیریەتیدا دەستەبەر دەبێت).

بەڵام شتێک لێرەدا (مەبەست کۆمەڵگای کوردستان) نادیارە؛ یان پەیدا دەبێت بەڵام نەبوونی لە بوونی باشترە و ئەویش بوونی سیستەمێکی نەخۆش و گەندەڵە.

سیستەمێک کە من بۆخۆم بە سیستەمی دەوڵەت-مافیا ناوی دەبەم. سیستەمێک کە تەنیا ئیش دەکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی عەقلیەتیکی ئیدئولۆژیکی و چەن کەسی ئامادە بکات. لەم سیستەمە مافیایەدا هەموو گیاندارێک، کۆمەڵگای مەدەنی و مۆشتەقاتی، ژینگە و شتەکانی تریش لە خزمەتی ئەو عەقڵیەتەدا دەبێت بو ئەوەی ئەو فکریەتە رۆژبەرۆژ گەورەتر بێت و تەنیا شتێکیش کە لێرە دا بۆ ئەو سیستەمی مافیاییە گرینگ نییە، ژینگە و کۆمەڵگا و خەڵکی مەدەنییە.

کاتێ پرس لە ژینگە و کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێت دوو کلیل واژەمان هەیە: مرۆڤ لەو کۆمەڵگایە و خۆدی کۆمەڵگاکە.

مرۆڤ وەکوو تاک؛ تاک یانی چی دەکات خۆی بەرپرسیارە و، مرۆڤ وەکوو بەشێک لەو کۆمەڵگایە؛ لێرە سیستەم دروست دەبێت. سیستەم! رۆحی خۆی لەو کۆمەڵە خەڵکە دەگرێت. «من» وجوودی نیە بەڵکوو دەبێت بە «ئیمە». وەکوو نموونە: ئیمەی کورد یان ئێمەی رۆژهەڵاتی یان ئیمەی سنەیی.

سیستەم (کۆمەڵگای مەدەنی) خۆی چەند بەشی دەبێتەوە. بۆ ئەوەی باش ئەو سیستەمە

بناسین دەبێت ئێمەیش وەکوو خوێنەری ئەو کۆمەڵگایە لە چەند لاوە سەیری ئەو سیستەمە بکەین، دەنا خوێندنەوەکەمان، خوێندنەوەیەکی دروست نیە.

لە وڵامی پرسیاری ئێوەدا کە چۆن دەتوانین پرسی ژینگە بەرینە نێو کۆمەڵگاوە ئەوا بە:

١ ناسینی دروستی کۆمەڵگا (کولتوور، ئێکۆنۆمی و پۆلێتیک لەو کۆمەڵگایەدا).

٢ ناسینی دروستی خەڵک (کولتوور، دەروونناسی و بیری هاوبەش).

٣ سیستەمی پەروەردە(هەر دوو بەشی فەرمی(قوتابخانە، زانکۆ، میدیا) و نافەرمی(کولتووری خەڵک).

کاتێک ئێمە توانیمان بە سەر ئەم سیستەمەدا زاڵ بین، ئەوا دەتوانرێت چ باسی ژینگە و چ باسی تریش ببرێتە ناو کۆمەڵگاوە و بکرێت بە بەشی گرێدراوی ئەو کۆمەڵگایە.

بە داخەوە لە کوردستانی خۆمان هەروا کە پێشتر گۆتم سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار(دەوڵەت-مافیا) نەتەنیا حەز بە ئەوە ناکات کە باسی ژینگە گەورە بکرێت، بەڵکوو هەموو هەوڵێکیش دەدات بو ئەوەی ئەم پرسە نەبێت بە پرسی سەرەکیی خەڵک لەو کۆمەڵگایەدا. چونکە ئەو سیستەمە گەندەڵە خەریکە لەم ڕێگایەوە نانی خۆی و کەسانی گرێدراو بە سیستەمەکە دابین دەکات. بۆ نموونە سەیری کانگاکانی کوردستان(تەلا و بەرد و. . ) ئاو و دار ی کە لە کوردستان بە تالان دەچێت بکەن.

کۆمەڵگای مەدەنیی لاواز ناتوانێت ببێت بە بەشێکی جیاواز(سیستەمی هاوتەریب) لە سیستەمی سیاسی. چونکە:

١ یان هێزێکی نیە.

٢ یان هێزێکی لاوازی هەیە (هێزی سیاسی زۆرینەیە. لە ئەقەلیەتدایە).

٣ یان هێزی هەیە بەڵام ئەو هێزە خۆی ناناسێت. (کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان زۆرینەیە بەڵام ئەو هێزە؛ خۆی ناناسێت)

لێرە شتێک کە ڕوو دەدات ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایە دەچێتە ژێر فشار و کاریگەریی سیستەمی زاڵدا.

لە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا، سیستەمی سیاسییە کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە. سیستەمی سیاسی خاوەنی جوغرافیای سیاسییە و جوغرافیای سیاسییش دێت دەقیقەن ژینگە سنووردار ئەکات. بۆیە کۆمەڵگای مەدەنیی بەهێز لە کوردستان بە تەنیایی چارەسەر نیە و بۆ ئەوەی بتوانێت قسەی بۆ وتن بێت بو نموونە لە سەر ژینگە لە کوردستان؛ دەبێت ببێت بە خاوەنی سنوورەکانی خۆی.

کاتێک کە ئێمە نە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەهێزین و نە خاوەنی سنووره سیاسی و وجوغرافیاییەکانی خۆمانین! دەبێت ئەو هێزە کەمە فێر و پشتیوانی بکەین بۆ ئەوەی لە بەرانبەر سیستەمێکی دەوڵەت- مافیادا کاربکەن. هەروەها کار بۆ ئەوەی کە ئەو بەشەی دیکەی خەڵکیش ئاگادار بکەینەوە.

لێرە مەسەلەی «رهابێلێرتینیگ » واتا تواناسازی دێتە بەرۆ ئەوە کە ئێمە چۆن دەتوانین خەڵکی خۆمان تەوانمەند بکەین؟

● بە شێوەی تاک بە تاک و گشتی وەکوو کەڵک وەرگرتن لە سۆشیال میدیا.

● چالاک کردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ بە ئەستۆ گرتنی پەروەردە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان.

● باوەرمەند کردنی خەڵکی خۆمان بو ئەوەی کە گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگا نیازی بە هاوکاری و بیری هاوبەشە.

● متمانەسازی وەکوو کلتوورێک پەرە بستێنێت. هاودڵی کلیلواژەی ئەم پرسەیە و لە کوردستان، لە کاتە تەنگانەکاندا دیوومانە کە خەڵک چۆن دەچنە یارمەتیی یەکتر. ئەمە نابێت بەس بە شێوەیەکی کاتی بێت بەڵکو ئەوە بەشێکی هەرە گرینگی کولتووری کوردە کە دەبێت زیندووتر ببێت و پایدار.

کێشەکانی هەر ناوچەیەک دەبێت بە هاوفکریی خەڵکی ئەو ناوچەیە چارەسەر ببێت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوکار و یاریدەری ئەو خەڵکە بن.

*بەڕێـز دوکتــور سـۆهرابی! بە باوەڕی جەنابت پرسـی ژینگە پرسـێکی سیاسییە؟ هاوکات لەگەڵ ئەوە پێم خۆشە ئەگەر بکرێت باسێک لەسەر ئەوە بکەن کە ئەخلاقی ژینگەیـی چییە؟ چون بەڕێزتان لە زۆر وتووێژدا باستان لە پرسی ئەخلاقی ژینگەیی کردووە؟ بـە باوەڕی ئێوە چۆن دەکرێ لە ڕێـگای ئەخلاقی ژینگەییەوە، پرسـی ژینگـە ببەینـە نـاو کۆمەڵگای کوردستان؟*



زۆر جـار خەڵک ئەڵێن با پرسـی ژینگە بەسیاسـی نەکـرێ، بەڵام ناکرێ سیاسـی نەکرێتـەوە، لەو کتێبانەی کە باس لە مێژووی خەباتی ژینگەیی یان مەسایلی سیاسـیی ژینگە دەکەن، وەکوو کتێبێک هەیە بە نێوی «مێژووی ئیکۆلۆژی»یە، لەوێـدا بـاس لـەوە دەکات کە لـە زەمانی «ئاراستوو» و «سوقرات» و . . . بەحسی گرینگیی ژینگـە هاتووەتە ئـاراوە و ئەو فەیلەسـووفانە باسـیان لەوە کردووە کە ئـەو جێگایانەی کە مەنتیقەکەیان خۆش ئاو وهەواترن، مرۆڤگەلێکی بائیسـتعدادتری تێدا پەیدا دەبـن و زیرەکتر دەبن و دەتوانرێ پێشرەو بن. هەر ئەو بیرۆکانە کە دواتر من شـتێکم دیت گەڕاوەتەوە سـەر ئـەوە کـە نەقشـی هەبـووە لـە پرسە «کۆلۆنیالیزمـەکان» و «کۆلۆنیالەکاندا». یەعنی وەکوو سەرچاوەیەک چاویان لێ کردووە کە ئەو وڵاتانەی کەوا لەبـاری ئیقلیمی و ئاو و هەوا، لەباری سەرچاوە سروشـتییەکانەوە وڵاتانێکن کـە دەتوانرێ مرۆڤی زۆر باش لەوێ پەروەردە بکرێ یان ئەو هەلومەرجەی کە بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەو حاڵەتە بۆ ئەو ژینگەیە پێک بێنێت، بۆیان بۆتـە ئامانج بۆ ئـەوەی بتوان داگیری بکەن، جا یا سـەرچاوە سروشـتییەکانیان لێ بەرنـە وڵاتی خۆیان یا ئەوەیکە گۆڕانکارییەکی لە نێو کۆمەڵگاکەیدا بەوجود بێنێ، دێموگرافیی ئەو مەنتیقەیە عەوەز بکەن. یا ئەوەی کە پێشی بگرن نەهێڵـن کە ئەو مرۆڤانەی لەوێن بتوانن گەشـە بکەن. یەعنی ئـەو ئیقلیمە وەها تێک بدەن کە ئـەو مرۆڤانە نەتوانن لـە داهاتوودا، مرۆڤی هۆشـمەند بن. جا ئەوانە بوونەتە بنەما، مەبەستم ئەوەیە کە پرسەکە زۆر قووڵتر لەوەیە کە ئێمە پرسی ژینگە لە مەسایلێکی چکۆلەدا ببینین.

دواتر دەبینین لە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەهەمـدا، لە ئینگلسـتان جەریانێک هاتە پێشێ کە ئەوانە پرسـی ژینگەیان هێنایە نێو قانوون و دەوڵەت و بەحسـی ئەوە هاتە گۆڕێ کە لە پەڕی ئەو باڵندانە بۆ سـازکردنی لیباس ئیستفادە نەکرێ، ئەوانە ئیتحادییەیەکیان دانا بەناوی ئیتحادییەی «پلامیچ» کە ئەوانە توانیان قانـوون بگۆڕن لە وڵاتی ئینگلیس نزیک ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر.

لـە ئەمریـکا مەسـەلەن دەبینیـن لـە «سانفرانسیسـکۆ»، «جـان مەیەر» کەسـێکی زۆر نێوداره، سروشـت ناسـێکی مەشهوره له دونیادا، کلاپێکی دانا بەناوی «سزیرا» کە ئێستە لـە ئامریکا زیاتر لـە دوو میلیۆن کەس تێیدا بەشـدارن و لەسـەر قانوونە ژینگەییەکان لە سیاسەتی ئامریکادا، کاریگەریی هەیە.

ئەگەر بێین بۆ سەدەی بیستەم بزووتنەوەی زۆر گەورەمان هەبووە کـە بوونە هۆی ئەوەی هێزی سیاسی ساز بێ، حیزب ساز بێ، دەبینین لە ئاڵمان حیزبی سـەوز دەگاتە دەسەڵات، لە ئینگلسـتان لەسـاڵی ١٩٧٢ لە سیاسەتی ئەو وڵاتە نەقشی دەبێ، لە ئوستڕالیا هەروا.

مەبەست ئەوەیە کە پرسی ژینگە سەتاسەت سیاسییە. سـەرنج بدەن، لە کۆنفراسی پاریس سـەرۆک کۆمـاری وڵاتێـک دێ بـاس لە قانوونێـک دەکات، دواتر سـەرۆک کۆمارێکی دیکـە دێ هەر لەو وڵاتەیـدا، لە لایەن وڵاتی

خۆیەوە ئەو گرێبەستە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەوە پرسێکی سەداسەد سیاسییە، یا دەبینی کاتێک وەزیرێکمان هەیە لە کابینەی دەولەتێکدا بە نێوی وەزیری ژینگە، دەبێتە پرسێکی سیاسی.

لە هەندێک شوێن هۆکاری ئەوەی کە کێشەکان قووڵ دەبنەوە ئەوەیە کە پرسەکە لە حاڵەتێکی سیاسییەوە دەبێ بە حاڵەتێکی ئەمنییەتی، دەبینین کە شەڕ ساز دەبێ، وڵاتان لەسەر مەسایلی ژینگەیی تووشی شەڕ بوون، لەسەر ئاو لەسەر خاک تووشی شەڕ بوون. هەر ئەو جوغرافیایەی وڵاتانی لەسەر بنیات نراوە. کەوایە پرسێکی یەکجار زۆر گرینگە، بەڵام مەسەلەی ئەخلاق وەکوو ڕەوشت.

کاک باقر باسی ئەوەی کرد کە ئێمە مرۆڤ وەکوو ئەشرەفی مەخلوقات دەبینین. لە چوارچێوەی باوەڕە دینییەکانی خۆماندا، خۆمان پێ سەرتر لەو سیستەمەیە. ئەمە وای کردووە کە کێشەی گەورە لەهەموو دونیادا ساز بێت، ئەوەی کە من وەکوو مرۆڤێک خۆم لە هەموو شتێکی ئەو دونیایە پێ لەسەرترە و ئەو دونیایە بۆ ئەوە ساز کراوە کە من ئیستفادەی لێ بکەم و دواتر بچمە دونیایەکی دیکە و لە دونیاکەی دیکەدا بە ئارامی بژیم و لێرەشەوە هەموو شتێک لە خزمەت مندایە، ئەو بیرۆکەیە دەتوانێ زەربە لە سەرچاوەکان بدات، لەسروشت بدات، لە ژیان بدات، یانی حاڵەتێکی وەکوو «ئانتی تێزێکە» لە نێوخۆی ڕەوتی مەسەلەی کۆمەڵایەتیشدا. یانی دەبێتە هۆی ئەوەی پێشی تەکامولی کۆمەڵایەتیی ئینسانەکانیش بەو شێوەیەی کە بتوانێ بەردەوام بمێنێتەوە و بتوانێ دەوامی هەبێ بۆ نەوەکانی داهاتووش، پێشی ویش دەگرێت.

لەواقیعدا مەسەلەی ئەخلاق، جۆرێک ڕەوشت و هەڵسوکەوتە. جا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەیەکی فرەڕەهەندی یانی مەسەلەیەک نییە تاک بە تەنیا بتوانێ ئەوە جێبەجێ بکات. بۆخۆمان دەزانین ڕەوشتەکان لە حاڵەتی تاکەوە جاری وا هەیە حاڵەتی کۆمەڵگایی پەیدا دەکەن. یانی ڕەفتار و ئەخلاق لەگەڵ ئینسانەکانی دیکەی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێ، یەعنی کاریگەریی هەیە جا لێرەدا گرینگە کە ئێمە هەردوو مەسەلە هەم مەسەلەی تاک هەم مەسەلەی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرین.

بۆ تاک پێویستە کاتێک منداڵێک لە دایکی خۆی دەبێت، تا ئەو ڕۆژەی کە دەژی، مەسەلەی ژینگە ببێتە بەشێک لە ژیانی. پێشتر کە بۆخۆی لەلایەن دایک و بابیەوە ڕادەهێنرێ، بتوانرێ ئەوانەی پێ فێر بکرێ. یەکەم شت ئەوەی کە زەوی، ژیان، سروشت، حەیوان، دار، هەموو ئەو فاکتە ژینگەییانەی خۆش بوێ. یانی کاتێک مرۆڤ گەیشتە جێگایەک کە هەستێکی تەعەلوق بکات بەو ژینگەیەی و خۆشی بوێت، ڕەفتار و کردار و ڕەوشتی لەگەڵ ئەو فاکتەی دەگۆڕێ؛ نیسبەت بەو حاڵەتەی کە هیچ هەستێکی خۆشەویستیی نەبێ و یان ئەوەی تەنانەت بۆیشی گرینگ نەبێت.

ئەگەر وای لێ بێ، ئەو هەستە خۆشەویستییە ئەوەندە قووڵ بێ دەتوانرێ کاتێک کە ئەو مرۆڤە کارێک دەکات کە کارەکە زیان بەو فاکتانە دەگەیەنێ، حاڵەتێکی دەروونیی بۆ پێش بێ کە هەست بە گوناه بکات، هەست بە ناڕەحەتی بکات، ئەو هەستی ناڕەحەت بوونەیە کە دەتوانێت کاریگەرییەکی یەکجار گرینگی هەبێت لەسەر پێشکەوتنی ئەو ڕەوت و ئەو ئەخلاق و ڕەوشتەی کە هەیەتی، بۆ ئەوەی کە ئەو ئەخلاقەی بێتە ناو کۆمەڵگا، یەکەم شت ئەوەیە کە بنەماڵەکان زۆر زۆر گرینگن، کە ئەویش ناتوانرێ فەقەت چاو لەوە بکەین کە منداڵەکان دەبێ پەروەردە بکرێن. ئیتر ئەوانە دواتر ئەو مەسەلەیە ببەنە پێشێ، بەخاتری ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە ئیحتیاجی بەوەی هەیە کە بۆ هەموو تەمەنەکان، بۆمنداڵەکان، بۆ ئەوانەی کە جەوانن، ئەوانەی کە بەساڵدا چوون، بۆ پیرەکان، بۆ هەموویان دەبێ ئێمە پلان وبەرنامەمان هەبێ بۆ ئەوە،

لێرەدا مەبەســت لــە ئێمە کێیــە، دووحاڵەت هەیە. ئێمە وەکوو کورد کە لەدەســەڵاتدا نین، لێرەدا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە لەو بوارانــەدا کار دەکەن و بۆخۆیــان باوەڕیان بەو شــتانە هەیە. ڕووناکبیرەکان، ڕێکخراوەکانن، مێدیاکانن کە کاریگەریان لەسەر خەڵک هەیە، سۆشــیال میدیایە و لە بۆشــاییی هێزێک کە ئێمە وەکوو کورد لە دەسەڵاتدا هەمانە لەئێران، مەســەلەی حیزبە سیاسییەکان بۆ بردنە پێشی مەسەلەی ئەخلاقی.

جودا لەو مەسەلانە کاک ئاسۆ ئاماژەی پێ کرد، نەخــش ودەور دەبینێ کە ئێمە بتوانین کۆمەڵگاکــە بەرەو ئەو حاڵەتە هیدایەت بکەین کە نیسبەت بە هەڵســوکەوتیان لەسەر ژینگە هەستیارتر بن و کاتێک هەستیارییەکە هەبێ، هــەر ئەو حاڵەتەی کە عــەرزم کردن کاریگەری تەخریبی ئەنجام دەدەن، هەستێکی ناخۆشیان هەبــێ. لێــرەدا دەبــێ ئاماژە بە مەســەلەی دیکەیــش بکردرێ کە مەســەلەی ئەوەیە کە چۆن لــە نێــو فێرکاریدا، ئاوڕ لە مەســەلەی دەرس خوێنــدن واتــا پەروەردەی ڕەســمی بدرێتــەوە. ئەویش کێشــەیەکی کــە هەمانە، ئێمە چون لە دەســەڵاتدا نیــن، بۆ ئێمە بۆتە گرفتێــک لە کۆمەڵــگای کوردســتاندا، بەڵام دەتوانرێ لە نێو سیستەمی پەوەردەییدا ئاماژە بەو مەســەلەیە بکرێ کە مەســەلەی ئەخلاق و ڕەوشــتی ژینگەیی دەتوانرێ کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبێ لەسەر داهاتووی وڵاتێکدا، لەســەر گەشــەپێدانی وڵاتێکدا. من قسەکانی خۆم بە نموونەیەک بۆتــان کۆتایی پێ دێنم، ئێمە لە دەوروبەری مهابــاد گیایەکمان هەیە بــە نێوی چاڵــۆک، وەکوو دەوەنێــک، وەکوو درەختێک لە مەنتەقەی ئێمەدا هەیە. شتێکی بوومیــی مەنتەقەیــە، ســاڵانێک لەمەوبەر دەمدیــت خەڵکەکە دەچوون ئــەو چاڵۆکەیان دەبری دەیانهێناوە ماڵێ گوڵی مەسنوعییان لێ وەسڵ دەکرد لەســەر ئەو دارەی، دەگەڕێتەوە ســەر هەمان زانســت و تێگەیشتن و ڕەوشت وئەخلاقــەی کــە ئێمــە نەمانتوانیبــوو تێیدا ســەرکەوتوو بین. تا ئەو حەددەی کە شتێکی ئاوا گرینگ لە نێو ژینگەکەی خۆمان بە دەستی خۆمان بمانەوێ حەزفی بکەین.

یا دەبینین پیسکردنی ئاو هەیە، مەسەلەی ئاگرتێبەردانێکی کە بەدەســتی خەڵک هەیە، هەمــووی ئەوانــە لــە چوارچێــوەی ئەخلاق و ڕەوشــتی کۆمەڵــگادا خــۆی دەبینێتەوە و پرســیکی یەکجار زۆر گرینگە کاتێک کۆمەڵگا ئەخلاق و ڕەوشــتی ژینگەیی لەبەرچاو بگرێ، پرسی ژینگە لە سیاســەتدا دەتوانێ دەورێکی زۆر زۆر باشتر ببینێ .

*بەڕێــز دوکتــور فەرەنگیــس! جەنابتان باستان لەسەر کانزا کرد، بەڕێزت لــەم ماوەیــەدا ســەرقاڵی ئامادەکردنــی کتێبێکــی بەناوی کانزاکانی کوردســتان، پێم خۆشــە ئەوە بپرســم کە کانزاکانی کوردســتان تا چەندە دەتوانن ژێرخانێک بن بۆئەوەیکە بتوانین گەشــەی سەقامگیر یان تەوســعەی پایدارمان لە کوردســتاندا هەبێت؟*



لەســەرەتاوە دوو وشە هەیە با من عەرزتانــی بکــەم. ئــەوەی کە بە فارســی پێــی دەڵێن «کانســار و»معــدن» و پێم وایــە کوردییەکەی دەبێ بە کانزا و کان. ئەوانە ئەبێ لە یەک جیا بکرێنەوە. کانزا یا کانسار شوێنێکە کە گومانی ئەوە هەیە کە مەوادێکی بایەخداریان تێدا بێ؛ کە باســی کان دەکەیــن بە مەعنای ئەوەیــە ئەو مادده بەنرخ و عونسورەی کە لەویدایە، ئەوەندە زۆرە کــە ئێمــە دەتوانیــن ئیســتخراجی بکەین دەرییبێنین و بەرهەممان لێی هەبێ.

باسەکەی من زۆرتر باسی مەعدەن و کانەکانە. لێرەدا کە باسی زەوی ناسی بکەین، لەتەواوی زەوی ناسانی تەواوی دونیا مەتڵەبێکیان هەیە، باســێکیان هەیــە پێی دەڵێن «زۆنی ســنە -

سیرجان»، ئەو زۆنی ســـنە سیرجانە، ئەتوانین بۆخۆمان تەسەوری بکەین کە هێڵێکە لە گۆلی ورمێوە دەست پێ دەکات دەڕواتە سنە، دەڕواتە ســـیرجان. جا لەوەدوا دەڕواتە کەنداو. ئەویش بەهۆی زەوی ناســـی، بابەتی زەوی ناسی دوو پلەیتی ئێران و عەرەبییە کە لەگەڵ یەکتریندا هەمیشە ئاڵوگۆڕیان هەیە.

ئەوە هۆکارێکە کە ئێمـــە دەتوانین بزانین کە ئەو سەرچاوە سروشتییانەی کان وکانزاکانی ڕۆژهەڵات، لە کوێوە دەستی پێ بکەین .

شـــتێکی زۆر ســـەیر لە کان و کانزاکانی ڕۆژهەڵاتا هەیە ئەویش فرەجۆرییەکەیەتی. بە مانـــای ئەوەیە کە وەختێ لـــە خۆی و ماکۆوە دەستی پێ دەکەین تادەگاتە ئابدانان لە ئیلامدا، لە باکوورەوە زۆرتر ئێمە مەعادنی فلزیمان هەیە یانی عونسرهایەکی فلزیمان هەیە کە دێیتەوە بەرەوخوار بەرەو لای ئیلام و ئەولا زۆرتر ئەبێتە مەنابعێکی فوسیلی وەکوو قیری سروشتی، گاز و نەوت و شـــتهایەکی ئابەو شـــێوەیە. ئەو فرە جۆرییە شـــتێکە تایبەتی ڕۆژهەڵاتە. ئێمە فرە زمانیمان هەیە فرە ئاییمان هەیە، ئیستا ئەم بابەتەی کان وکانزاکانیش بەڕاستی فرە جۆرییە .

کانەکانی ڕۆژهەڵات بە کورتی من فەقەت ئاماژەیـــان پێ بکەم ئاســـنە، زێـــڕە، جیوەیە، بـــەردە بەنرخەکانە کە پێیـــان دەڵێین بەردی ڕازاندنەوە(ســـنگهای تزئینی)، گەچە، ئاهەکە، پاشورە، قیری سروشتییە و سەیر لەوەدایە کە ئێمە پاشـــۆر فەقەت بە پاشـــۆری ئەزانین، کە پای پێ تەمیس کەین بەڵام بەڕاستی شتێکی زۆر بەنرخە و قازانجهایەکی زۆری لێ دەگیرێت و ئـــەوەش لەناو ئەو کتێبەم کـــە هیوادارم بە زوویی چاپ بێت لەسەر ئەوەش باسم کردووە. بـــە کورتی ئاماژەی پێ دەکـــەم بەپێی ئاماری ڕەســـمیی پار، کە لەلایەن وەزارەتی سەنعەت ومەعـــدەن وتیجارەتەوە بـــووە، ئێمە لە ورمێدا ٦٠٧ لـــە پارێزگای ســـنە ٤٤٩ لـــە پارێزگای کرماشـــان ٣٢٨ لە ئیـــلام ١١٢ لە مەجموعدا نزیک ١٥٠٠ کان نەک کانزا، مەعدەنی فەعال و غەیرە فەعالمان بووگە .

ئەگەر کە من بە یەک وشە وڵامی پرسیاری جەنابتان بدەمەوە دەڵێم بەڵێ، دەکرێت بە هۆی ئـــەو ئیمکانگەلەی کە لـــە ڕۆژهەڵاتدا هەمانە، کۆمەڵگای کشـــتوکاڵی و ئاژەڵداریی ڕۆژهەڵات بکەین بە کۆمەڵگایەکی پێشـــەزای وسەنعەتی. جا لێرە ئاماژە بە دوو شت بکەم، یەکێکی زێڕە یەکێکی ئاسنە. بە پێی ئاماری پار لە ئێراندا ٦٠ تـــۆن زێڕ بەرهەم هاتووە، نیوەی ئەو زێڕە هین پارێزگای ســـنە بووە. ئێســـتا ئەگەر پارێزگای ورمێی لەسەر حیســـاب کەین لە سەدا ٦٠ی زێڕی ئێران هین کوردستانە.

جا ئیسە ئەو بابەتانەی بیری لێ بکەینەوە، بابەتی ژینگە و بابەتەکانی دیکە ئەوەیە، ئەگەر کە زەوییە عەیار٣٪ بێت ئەوە کانێکی زۆر باشی زێـــڕە، کانی ٣٪ بە مانـــای ئەوەیە کە لەیەک تۆنی ئەو خاکە بتوانین ٣ گرەم تەڵامان هەبێ. کاتـــێ ٣ گـــرەم تەڵامان کـــە دەرهاورد لە قباڵـــێ ١٠٠٠کیلـــۆدا زۆر نییـــە بەڵام بۆ پاڵافتەکردنـــی ئەم ٣ گرەمـــە تەڵا، ئێمە یەک تۆن قورمان هەیە کەئەو قورە ژەهراوییە .

باشە بەم قورە چی بکەین؟ سروشت لەگەڵ ئەما چۆن هەڵسووکەوت بکات؟

سیاسەتەکانی ئێمە چۆن دەبێ؟ باسەکانی من باسێکی داهاتووی ڕۆژهەڵاتە .

ئێمە ئەشێ پلانێکمان هەبێ بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات. ئیســـە ســـەربەخۆ بێ، فیدراڵ بێ، بۆمن ئەوە ئەوەندە گرینگ نییە، ئەوە باســـێکە کە ئەشێ سیاســـەتمەدارەکان زۆرتر لەسەری قســـە بکەن. بەڵام بابەتەکـــە ئەوەیە کە ئێمە ئەشـــێ بیر لە داهاتوو بکەینەوە، مەسەلەیەکی دیکە لەسەر بەرهەمهێنانی زێڕە، بۆ ئەوەی کە یەک گرەم زێڕ پاڵفتە بکەین پێویســـتمان بە ١٥٠٠ لیتـــر ئاوە، ئەمە پرســـیارە ئەم ئاوە لە کوێ دێت؟

یان بڕۆینە ســـەر باسی ئاسن، بەکورتی لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ بکەم، ئێمە لەناوچەی

بیجاردا کانزا و کانەکانی ئاسنمان هەیە، لەئێراندا چوار جۆر ئاسن و پۆڵا بەرهەم دێت [آهن اسفنجی، فولاد خام، گندله و محصولات فولادی] بۆبەرهەمهێنانی ئەم چوارە، هەر کام لە نێوان ٣٠٠ تا ١٧٠٠ لیتر ئاومان پێویستە .

ئەم دوو توخمە، وەکوو ئاسن و زێڕ، شتێکە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات . پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە ئەم ئاوە لەکوێ بێت؟

ئێمە دەزانین کە مەسرەفی ئاو دەبێ بە سێ بەش و سێ کەرت، یەکێکی مەسرەفی مرۆڤە، یەکێکی کشتوکاڵە یەکێکی پیشەسازییە، ئەگەر ئێمە بایەخ بدەین بە پیشەسازیی ڕۆژهەڵات ئەبێ سیاسەتی کشتوکاڵی لەداهاتووی ڕۆژهەڵاتدا بگۆڕین.

دووهەم ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بکەینە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، ئەبێ پێش ئەوەی کە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کە ئەم مەعدەن و ئەو مەعدەن بێ، هاوزەمان ئەبێ بیرلە وە بکەینەوە پێویستی ئاو بۆ زێڕ و بۆ ئاسن. نەک هەر لەبەر باری ئیقتسادییەکەی بێ، هەر لەو سەردەما کە پلان دەڕێژرێت باسەکانی تریشی وەکوو ئاوەکە یان پیسیی هەوا، ئەوەش لەنەزەردا بگرین .

*کاک دوکتور ئاسۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام قەیرانی ئەمنیەتی هەیە و تەنانەت هێندێک لەو قەیرانە ئەمنیەتییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کاریگەرییان لەسەر تەناهیی دنیاش هەیە. ئایا ژینگە دەتوانێ یەکێک لەو قەیرانانە بێ و بەگشتی پرسی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ڕەهەندی تەناهییەوە چۆن دەبینن؟*



هەروەکوو لە باسەکەی پێشوودا ئاماژەی پێ کرا، هەموو شتێک سیاسییە بە مانای ئیدارەی پرسەکانی کۆمەڵگا و پێوەندیی نێوان گەلانی

دونیا، ئەوە جیا لەوە کە هەروەک دوکتور مەنسوور باسی کرد، لەنێوان ژینگە و سیاسەتدا پێوەندییەکی بنەمایی هەیە. ئەو ئیشارەی بە ئاراستوو کرد، ئەمنیش تیئۆرییەکەی مۆنتێسکیۆ لەسەر ئاو و هەواکانم وەبیر هاتەوە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژینگەی سروشتی و جۆری سیستەمی سیاسی دادەنێ. سەرنج دەدەن لەو وڵاتانەدا کە زیاتر ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، هەر لەوانیشدایە کە بۆ نموونە مافی ئاژەڵ پارێزراوترە و پرسی ژینگەش باشتر جێکەوتووە. بەپێچەوانەشەوە، لەو وڵاتانەدا کە گەشەی سیاسی بە مانای لیبراڵی و بایەخە دێموکراتییەکان لاواز یان غایبە، بواری ژینگەش دەکرێتە بوارێک بۆ سیاسەتی هەڵاواردن و لەپاشکۆییدا هێشتنەوەی خەڵک بەتایبەتی گەلانی ژێردەستە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە بواری ژینگەدا لە کوردستان ئەگەر سیاسەتێکی غەیرە عیلمییە، غەیرە عەمدی نییە، بەڵکوو شتێکی بیرلێکراوە و بەئەنقەست و بەمەبەستە. دەبینین پۆتانسیەلی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لە نێونجی باقیی شوێنەکانی ئێران زۆر زیاترە، کەچی وەبەرهێنانی ئەم سەرچاوانە و خێردانەوەیان بۆ گەشەی ئابووری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، زۆر لە ناوچە «ناوەندییەکان»ی ئێران کەمترە و هەر بەراوردیش ناکرێ.

ئێستا سەبارەت بەوە کە داخوا بابەتی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕەهەندی سیاسی و تەناهیی هەیە، بەڵێ وایە، بەڵام چما لەکوێی دنیادا وا نییە؟ یان کەنگێ وا نەبووە؟ زۆربەی هەرە زۆری شەڕ و ناکۆکی و فرەوانخوازی و داگیرکارییەکانی مێژووی جیهان، لەپێشدا لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکان بووە. ئەگەر بۆ زۆر دووریش نەگەڕێینەوە، قەیرانی کاناڵی سوئێز و پاناما و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی کەنداو، نموونەی باشی ئەو ڕاستییەن. تەنیا جیاوازیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ زۆر جەمسەری

دیکـــەی دنیا ئەوەیە کە  بە زۆر هۆی مێژوویی و ژیئۆپۆلێتیک، ڕەهەندی ئەمنیەتیی پرســی ژینگە لەوێ بەهێزترە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەگەر تەنیا چاو لە کێشــەی ئـاو بکەین کە دۆســـتانیش ئیشارەیان پێکرد، دەزانین کە ئەو بابەتە هەمیشە بابەتی ململانێ و گرژی بووە و پرسی ژینگەی بە زەقی کردۆتە پرسی تەناهی و سەقامگیری. بە دەیان جار ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی گوتوویەتی ئیســـرائیل و تورکیە ئاوی عەرەبان دەدزن. تورکیە  لە ئیدارەی دۆسیەی ئاودا لەپێنـــاو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەدژی بەرژەوەندیی ســـوریە و عێـــراق جووڵاوەتەوە. بەدەر لـــە دەرەنجامـــە ئینســـانییەکانی وەها بەرنامەڕێژییەکـــی ئابووری یان پیشەســـازی، ئەوە کە لـــەو ناوچەیەدا کێشـــەی ئێتنیکی و پێکەوەژیان و تێوەگلانی هەرکام لە دەوڵەتانی ناوچە لـــە پرســـە سیاســـییە نێوخۆیییەکانی دەوڵەتانی دراوســـێدا هەیە، ڕەهەندی سیاسی و ئەمنیەتیـــی پرســـی ژینگەشـــی قووڵتـــر کردۆتەوە. بە هەمان شـــێوە ئەو بەهرەبەرداری و پڕۆمپـــاژەی ئیســـرائیل لە باکوور و لەســـەر کەنـــاری ڕۆژئاوای ڕووبـــاری ئۆردۆنی کردووە، ڕاستەوخۆ شوێنەواری لەســـەر قەبارەی ئاوی باشـــوور و کەنـــاری ڕۆژهەڵاتی ئـــەو ڕووبارە داناوە و لەو ژینگەیەدا کە لەپێشـــەوە کێشەی ئێتنیکیی هەیە، دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سیاســـەتەی وەبەرهێنان یەکراســـت بۆتە هۆی بەرجەســـتە بوونەوەی زیاتری ڕەهەندی ئەمنییەتیی پرسەکە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە گەشەسەندنی وەک فاکتەرێکی ئاشتی لەقەڵەم داوە.  کە باســـیش دێتە ســـەر گەشەسەندنی پایـــەدار، ئەوە بـــە دادپەروەری و یەکســـانیی کۆمەڵایەتـــی و ڕێزگرتـــن لە مافـــی مرۆڤ و ژینگـــە دێتە دی. بابەتی ژینگە هەروەک چۆن دەتوانێ سەرچاوەیەکی ڕکابەریی ناتەندروست و گـــرژی بێ، دەتوانێ بوارێکیش بۆ هاوکاری و هەمگەرایی نێوان دەوڵەتـــان بێ. تەنیا چەند ســـاڵێک پاش کۆتایی هاتنی شـــەڕی دووەمی جیهانی و ئەو کارەساتە سیاسی و ئینسانییەی لە نێوان دوو گەلی فەرانسە و ئاڵماندا ڕووی دا، ئەو دوو گەلە بۆ ئاشتبوونەوە و دروستکردنەوەی متمانـــە لەنێوانیاندا، لەپێشـــدا هاتـــن بابەتی وەبەرهێنانی ســـەرچاوەکانیان کـــردە ئامرازی بەرژەوەندیی هاوبەش و پێش ئەوەی یەکێتیی ئورووپـــا دابمەزرێنن، یەکێتیـــی ئەورووپی بۆ خەڵووز و پۆڵایان دروست کرد. ئەو ئەقڵیەت و زەمینەیە بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا وجوودی نیە و زەمینەی ئیدارەی دروســـت و چارەســـەری هاوبەش بۆ کێشەکانی پێوەندیدار بە ژینگە یەکجار کەمترە.

ئـــەوەی بۆ من لێـــرەدا گرینگە ئەوەیە کە ئایا ئێمـــە وەک کورد لەو ســـۆنگەیەوە دەبێ چـــی بکەین؟ ئێمە  ناکرێ لە پێوەندی لەگەڵ گەلێکـــدا و بۆ بابەتێک کە لـــە ڕوانگەی تەواو ئەمنیەتـــی و بە دیدی سیاســـییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە دژکـــردەوە و بەرنامەڕێژیی خۆماندا ڕەهەندی ئەمنیەتیی پرسەکە لەبەرچاو نەگرین.  لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی ئەمنیەتیی بابەتەکـــە بۆ ئێمەی کورد لـــەوەدا فەرق دەکا کـــە بەپێچەوانـــەی وڵاتانـــی دیموکراتیک کە حکوومەت لەسەریەک بەرپرسیارانە و بەشێوەی شـــەفاف و بە بەشـــدارکردنی خەڵک ئیدارەی دۆســـیەکانی ژینگـــە دەکا، مادام لـــە وڵاتی ئێمەدا ڕاســـت بەپێچەوانەیە، ئێمە ناچارین لە درێژخایەندا بۆ ئەوە تێبکۆشین کە بە کردەوە، کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانی سەر خاکی خۆمان وەدەست بێنین.

**دوکتـــور ســـۆهرابی!** *بەڕێزتـــان ساڵانێکی زۆر لە ناوەندە توێژینەوەییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ئێراندا کارتان کردووە، بەشـــێک لە لێکۆڵەرە ئێرانییەکان تەنانەت کێشـــەیان هەیە لەگەڵ ئەو شتە کە پێـــی دەگوترێ قەیرانی ژینگە و ئەوان دەڵێـــن: ئەمە قەیرانی زانســـتە و قەیرانی*

*ژینگە نیە، ئێوە لەو بوارەدا ڕاتان چییە؟ بە پێی ئەوەی کە بەڕێزتان بە پراکتیک لە مەیدانەکەدا کارتان کردووە، قەیرانی زانستە یا قەیرانەکە لە قەیرانی زانست ترازاوە؟*



لە ڕاستیدا قەیرانەکە قووڵترە لە مەسەلەی زانستی و ژینگەیی لە واقیعدا وەکوو دوکتۆر ئاسۆیش باسی کرد ڕەنگە زۆرجار سیاسیەکان بیهێڵنەوە کە دواتر حەڵی کەن. بە ڕای من مەسەلەی مان و نەمانە، مەسەلەی ئەوەیە کە ئێوە ئایا دەتوانن لە سەر ئەو جوغرافیایەی کە تەعریفتان کردووە بژین؟ مەسەلەن لە ئێراندا جوغرافیایەک تەرسیم کراوە کە ئەوە جوغرافیای ئێرانە، ئایا ئەو جوغرافیای ئێرانە، قابلیەتی ژیانی هەیە یان نییە؟ ئیمە ئەگەر بێین چاو لە ئەو فاکتۆرانە بکەین کە بۆ ژیان پێویستە، هەموومان دەزانین کە ژیان پێویستی بە ئاو هەیە، پێویستی بە هەوای پاک هەیە، پێویستی بە دارودارستان هەیە، ژیان پێویستی بە خۆڵ هەیە، تەک تەکی ئەو فاکتۆرانە ئەگەر بە جیا بێنین چاو لێ بکەین، دەبینین کە لەو جوغرافیای سیاسییەی ئێراندا، تووشی قەیرانی گەورە بوونە. دەبینین کە زۆربەی زۆری تالاوەکان، گۆڵ و ڕووبارەکان و هەتا ئاوە ژێرزەوییەکان وشک بوون و تووشی گرفت هاتوونە و ئەو مەسەلەیە وەکوو پێشتریش من ئاماژەم پێ کرد، لە قەیرانیکی ژینگەیی تێپەڕیوە؛ بووەتە مەسەلەی ئەمنییەتی، دیتوومانە چەند وەخت لەمەوبەر لە ئێراندا خەڵک تووشی کوشت و کوشتار لەگەڵ یەکتر بوون، یانی جیا لەوەی کە ئیمە دەبینین لەگەڵ دەسەلاتدار کێشە دێتە پێش، خەڵکەکەیش زۆرتر لەسەر ئەو فاکتۆرە ئەساسییانە تووشی قەیران دەبن، هەر دەبینین کە لە کوردستاندا لە ماوەی دوو ساڵ لەمەوبەر، بنەماڵەی خزم بەیەکەوە لەسەر داگیر کردنی مەرتەعێک کە بڵێم چێڵگەیەکی کە لە ئەساسدا ئەو چێڵگەیە هێن هەموو خەڵکە یان بڵێم میللییە، ئەوانە کە بە پێی ئەو تەقسیماتی ئەرزییە کە کراوە، یان ئەوەی کە دەوڵەت یا حاکمییەت ناتوانێ بە باشی بەڕێوەی بەرێ. هەر کەس دەبینێ ئەو جێگایانەی کە مافی تاکی کۆمەڵگا نییە و هی هەموو کۆمەڵگایە، داگیریان کردووە، لەسەر کێڵانی بەشێک لەوانە، نەفەریان لە یەکتر کوشتووە. یانی ئامۆزا، ئامۆزای کوشتووە، هەر لە کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان! جا ئەوە گرینگیی بابەتەکە بە ئیمە زۆر نیشان دەدات کە ئیمە دەتوانین ئەگەر بڵێین واژەیەکی فەراتر لە قەیران دەبینین. مەسەلەکە دەتوانێ لە زۆر شوێن حاڵەتی ئەمنییەتی پەیدا بکا، هەر لە جوغرافیای ئێراندا ئەو کێشانەی کە هاتوونەتە پێشی، سەبەب بووە کە بەشێکی زۆر لەو جوغرافیایە مەسیرێکی تەی بکا کە لە ئایەندەیەکی زۆر نزیکدا ئەو بەشانە قابلییەتی ژیانیان لەدەس دەدەن، یانی خەڵک ناتوانن لەوێ بژین. بە پێی ئەو فاکتۆرانەی کە من ئیشارەم پێ کردن کە پێویستە بۆ ژیان هەبن تاکوو بەشەر بتوانێ ژیانی خۆی ئیدامە بدا. کە ناتوانێ لەوێ بژی مەجبوور دەبێ کۆچ بکا، کۆچ کردن بۆ شوێنێک دەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو شوێنە تازەیە هەبێ، لە ئێران زۆرترین کۆچ بۆ زاگرۆس و مەنتەقەی کوردستان دەبێ. وردەوردە ئەو خەڵکە دێن بۆ ئەوێ و دیمۆگرافی دەگۆڕدرێ، دیمۆگرافی کە گۆڕدرا دەبینی کێشەی قووڵتردێتە پێش، جا من لێرەدا ناچمە زۆر وردەکاریی ئەو باسەوە. چاو لێ دەکەین کە قەیرانە ژینگەییەکان سەبەب بوون ئێستا لە خۆراسان دێهاتیکی یەکجا زۆر چۆڵ بن، بۆ چی ئەو دێهاتانە چۆڵ بوون؟ مەسەلەی کشتوکاڵ لەوێ تووشی گرفت بووە، بەراوردیان کردوە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی، یانی نزیک پانزدە ساڵ لەمەوبەر، یەک لیوان ئاو کە بۆ کشتوکاڵ ئیستفادەی لێ

دەکرا ٢٠تمەنی ئێرانی تێچوو هەبوو. یانی ئەوەندەی هەزینەی هەبوو کە بیگوازنەوە، بە خاتری ئەوەی کە سەرچاوە ئاوییەکانی ئەو مەنتەقەیە کوللەن لە بەین چووە. خۆی ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگاکە دوچاری ئاڵۆگۆڕ بێت. مەسەلەی ژینگە سەبەب بووەوە کە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان تووشی کێشە بکا. ئێستا هەر ئەو مەسایلی ئەمنییەتی کە لە پرسی ئاودا ساز بووە، وای کردووە کە تورکیە بەنداوی یەکجار زۆر لەسەر ئەو ڕووبارانە کە دێنەوە ناو وڵاتی سوریە و عێراق یا بڵێم باشووری کوردستان ساز بکا. ئێرانیش هەمان کار دەکا، لە ڕۆژهەڵاتدا خەریکە سەدسازییەکی یەکجار زۆر دەکا لەسەر ئەو ڕووبارانەی کە لە نێو کوردستاندا هەن وەکوو مەسەلەیەکی ئەمنییەتی چاوی لێ دەکرێ.

لە لایەکی دیکە، ئێمە لە ئێران مەسەلەی پیس بوونی هەوامان لە ئاستێکی زۆر سەرەوەدا هەیە، لە زۆر شاراندا، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، چەند ساڵێکە دەبینین کە شاری سنە تووشی کێشەیە، دەبینین کە مەسەلەی تەپوتۆزیشمان هەیە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئاو. دەبینین لە زۆر جێگا زەمین ڕۆچووە. لە ئێران بەرهەمی کشتوکاڵەکان زۆر کەمن بۆ نموونە پۆتانسییەلی تەولیدی گەنم ١٧ تۆن لە یەک هێکتاردایە، یانی ئەگەر هەموو شتێک دروست بێت، گەنم دەتوانێ تا ١٧ تۆن لە یەک هێکتاردا بەرهەمی هەبێت. بەڵام بەرهەمی گەنم لە ئێران دەبینین کە لە زەمینی بەرئاودا دەوروبەری ٣ تۆنە، لە دێمدا نابێتە تۆنێک! خەسارێکی زۆر بەر ژینگە دەکەوێت بەڵام دەسکەوتەکە زۆر کەمە. خۆی تەواوی ئەوانە کە ئاوا لە کن یەک دابنێین و چاوی لێ بکەین، ئێمە دەبینین کە جوغرافیای ئێران لە هەموو فاکتە ژینگەییەکاندا قەیرانی زۆر قووڵی هەیە و هەر خۆی ئەو قەیرانانە دەتوانێ چارەنووسی سیاسیی وڵاتیش لە داهاتوودا بگۆڕێ.

**پێشنگ** *کاک سەلاحی بەڕێز! بەڕێز دوکتور سۆهرابی ئاماژەیەکی کورتی بە پیس بوونی هەوا و باسی گاڵە و هەرا یان پیس بوونی دەنگی کرد، هەر چەند ئێمە لە کوردستاندا هەمانە، بە هۆی جوغرافیای سنە، ئەو شارە یەکێک لە شارەکانە کە لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕووی گەشەوە، شارێکی گەشەکردوو نییە، بەڵام هەواکەی پیسە؛ بۆچی لە نێو پرسی ژینگە لە کوردستاندا زۆر بە کەمی باس لە سەر ئەو دوو ئایتێمە دەکرێ؟!*



پێش وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە بۆچی ئەم وەزعیەتە ڕووی داوە.

یەکێک لە تەحەدا مەزنەکانی سەدەی ٢١ بۆ سیاسەتدانەرەکان، تەنانەت لە سەوزترین وڵاتانیش، ئەوەیە کە بە تەواوی هۆکاری بێکاریگەربوون یان شکستهێنانی سیاسەتی ژینگەیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانەدا بزانن. ئەگەر چاوی لێ بکەین دەبینین کە ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکانی حکوومەت بریتین لە یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان کە زامنی فەرمانەکانن، بەڕێوەبردنی فەرمان، بەڕێوەبردنی باج دان، دابینکردنی کاڵای گشتی وەک ئاسایشی مرۆیی، بەپارەکردنی ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانیی گشتیی هاووڵاتیان و هەروەها مەسەلەی ژینگە بە گشتی.

کە لە قانوونی بنەڕەتیی حکوومەتی تاران و بەپێی ماددەکان ٥٠ و ١١٠ی دەستوور، داوا لەسیاسەتمەداران کراوە کە چارەسەری نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشە جددییە نیشان بدەن، لەڕێی تێپەڕاندنی دەستووری نیشتمانی بۆ پاراستنی ژینگە. بەڵام دەبینین کە ئەم پلانڕێژی و بەرنامانە تەنیا لە سەر کاغەز دا ئیجرا کراوە. شەرعییەتی هەر حکوومەتێکیش بەندە بە بڕیار و سیاسەت و کار و فەرمانەکانییەوە.

له ئیراندا به خەملاندنی خودی حکوومەت، ئاشـــکراترین تەحـــەددای ژینگەیـــی ئیران، داتەپینـــی کوالێتیی هەوایە بەهۆی گەشـــەی بێ جیاوازیی دانیشتوانی شارەکان، کە ئەمەش بووە هۆی داخستنی بەردەوامی خوێندنگاکان و فەرمانگـــەکان و ئەمـــە خـــۆی یەکێـــک لە هۆکارەکانـــی نزمبوونـــەوەی کوالێتیی ژیان و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی لە شارەکانی ئیران و کوردستانە.

پیس بوونی هەوا و باســـی گاڵە و هەرا یان «ئالودەگیی ســـەوتی» شـــارە گەورەکانی ئیران و کوردســـتان، دەگەرێتەوە بو سەر مەسەلەی سیاســـەت کردن بە گشتی و دواییش باسێکی زۆر جددیی کۆمەڵایەتی و ئیکۆنۆمییە.

**١ ســـەرەتا مەســـەلەی سیاســـەتگوزاری یان سیاسەتکردن:**

سیاســـەتکردن خەباتێکی سیاســـییە لەســـەر ئەرزشـــەکان(بەها) و ئایدیاکان. سیاسەتکردن خۆی پێویســـتی بـــە داهێنانـــە چونکە دۆخی ئێســـتا بـــەردەوام لـــە گۆڕاندایە و پرۆســـەی بڕیاردان بـــە ڕووداوەکانـــی دەرەوەی مەودای خاڵی سیاســـەت، لە کۆرسی ئاسایی لادەدات. چۆناوچۆن سیاسەتکردن دەتوانێت کێشەیەک وەکوو ئالودەبوونی هەوا چارەسەر بکات؟

مودێل:

- ناسینەوەی گرفتەکان.
- گەشـــە پێدانی چارەســـەری (کۆکردنەوەی بەڵگەو هەڵســـەنگاندن و ڕاوێـــژ و بەرێوەبردنی مەترسی)
- هەوڵەکان بۆ چارەسەرێکی کاریگەر.
- هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی سەرکەوتن.
- جەخت کردنەوە لەسەر مۆدێلی پێشکەتوویی و پلاندانانی درێژخایەن.

چۆن حکوومەت دەبێت وڵامدەر بێت لە بەشی سیاسەتکردن بە نیسبەت ژینگەدا؟

- زیادکردنـــی شـــەفافییەت لە سیاســـەتدا: جەخت کردنـــەوە لەســـەر یەکپارچەکردن لە سیاسەتکردندا.
- دادپەروەری لە سیاسەتکردندا: بەرزکردنەوەی ئاگاهی و شارۆمەندی سەوز.

باشـــترین ڕێـــگا پراکتیکییەکانیـــش هەر ئەو بەهێزکردنـــی ڕۆڵـــی کۆمەڵگـــە ڕەســـەن و ناوخۆیییـــەکان، ڕێکخـــراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵە زانستی و تایبەتمەندەکانە کە کلتوری پاراستنی ژینگە بەرز دەکات.

**٢ مەسەلەی کۆمەڵگا و کولتوور:**

تاکەکانـــی هـــەر کۆمەڵگایـــەک، بەپێـــی پێویستییە تایبەتییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەسێتییەکانی خۆیان، هەڵوێستی جیاوازیان بەرانبـــەر بە ژینگە هەیـــە . (نواح و همکاران , ١٣٩٠:٧٩) ڕەنگە ئەم ڕەفتارانە تەواو پۆزەتیڤ و ژینگەپارێـــز و دڵنەوابن، یان لایەنی بەرانبەر ی تەواو نێگەتیڤ و دژ بە ژینگە بن.

زۆربـــەی لێکۆڵینـــەوەکان دەریدەخەن کە هۆشیاریی ژینگەیی و تێگەیشتن لە کێشەکانی ژینگە، چەند کاریگەرن لەســـەر هەڵسوکەوتی تاک لە گەڵ ژینگەدا. توێژەران هەروەها پێیان وایە کە زیادبوونی هۆشیاریی ژینگەیی گشتی، دەتوانێت کێشـــە ژینگەییەکان کەم بکاتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە هەڵسوکەوتی مەترسیدار بەرانبەر بە ژینگە دروست نەبێت.

تامسون و براون ١٩٩٤، دەڵێن: هەرچەندە ئەمرۆ زۆر کەس خۆیـــان بە پرۆتیکی ژینگەدا ئەبینـــن، بەلام هیـــچ کارێک ناکەن لەســـەر بنەمـــای هەڵوێســـتی ئەرێنـــی بەرانبـــەر بە پاراســـتنی ژینگە؛ ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە کە کەســـەکە لە بارودۆخێکدایە کـــە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندیی شەخســـیی کورتخایەن و بەرژەوەندیی درێژخایەندا دەبینێت.

هەروەهـــا ڕازیبـــوون لە ژیـــان دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنیی لەســـەر ژینگە هەبێت، بە تایبەت لە شـــارە گەورەکاندا و بە نیســـبەتی «ئالوودەبوونـــی ســـەوتی»یش ئەو مەســـەلەیە زۆر بەرجەســـتە دەبێـــت. بوو نموونـــە بووقی ئوتومبێلـــەکان زۆرتـــر لە کاتێـــک بەکار دێت کە خەڵک تووشی مەشـــغەلەی فکری زۆرە و

سترێسی هەیە.
بە گشـــتی ئەتوانیـــن بڵێین کـــە هەموو فاکتەرەکانـــی مرۆڤ، وەک ڕەگـــەز و تەمەن، پەیوەندیی کاریگەریان لەسەر ژینگە هەیە.
ئەگـــەر بمانهەوێت شـــاری ســـنە تاوتوێ بکەین ئەوا ئەم فاکتەرانە کاریگەریی زۆریان لە سەر مەســـەلەی پیس بوونی دەنگی لەو شارە هەیە:

- کەیفییەتی ژیان. خەڵکێکی زۆر ناڕازین.
- شێوازی ژیان.
- شارسازی و نەبوونی «ئامایشی سەرزەمینی» (پلانی شارسازی و ڕێگاوبان)
- ژمارەی دانیشتوانی شارەکە.
- خراپیی بەڕێوەبردن.

هەروەها ئەم فاکتۆرانە کاریگەرییان لە سـەر باش بوونی هەیە:

- زیادبوونی هۆشیاریی ژینگەیی
- بەهێزکردنـــی گیانـــی دەســـتەجەمعی یان متمانەی کۆمەڵایەتی.

ئیکۆنۆمیـــش زۆر لەگەڵ دوو بەشـــی دیکەی سیاســـەت و کولتـــووردا تێکەڵـــە و بـــێ لەبەرچاوگرتنـــی ئیکۆنۆمـــی، ئـــەوا تـــەواوی تێگەیشتنەکەمان لەو بارودۆخە هەڵە دەبێت.
بەم باســـانە کـــە کردمان دەگەینە ســـەر ئەم جەم کردنی پرســـەکە کە بۆچی هێندێک فاکتەر زۆر بەرجەستەتر لە هێندێک فاکتەری دیکـــەن!؟ بـــۆ نموونـــە ئەگەر بگەڕێمـــەوە بو پرســـیارەکەی خۆتان کە هۆکاری بایەخ نەدان یاخـــود کەمتر بایەخدان بە ئالودەبوونی هەوا و باسی گاڵە و هەرا یان ئالودگیی سەوتی چیە؟
هەم ئالوودگیی ســـەوتی و هەم ئالوودگیی هەوا، بەشی سەرەکی لە کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت شارە گەورەکانی وەکوو سنەیە. بەڵام شێوازی ژیانەوە(لایف ستایل) لە ناوچەکانی کوردســـتان وای کردووە کە خەڵک کەمتر هەســـت بکات یان کەمتر گرینگی بەو کێشانە و نەخۆشـــییانە بدات کە بە هۆی ئەم ئالوودگییانەوە ســـەریان هەڵداوە. هەروا کە لە ئامارەکانـــدا دەبینین هەم کێشـــە ڕەوانی یان جەســـتەییەکان وەکوو نەخۆشیی هەناسە کە بە هۆی ئالودگیی ســـەوتی و هـــەواوە خەڵک تۆشی دەبن حاڵەتێکی تەساعودیی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونـــەوە دەکات. لەم ناوەدا هەروا کە گوتمـــان مودیرییەتی لاواز(خراپیی بەڕێوەبـــردن) و ڕەنگـــە نەبوونـــی بەرنامـــەی مۆنســـەجمی ڕێکخـــراوە مەدەنییەکانیش(زۆر جاریش دەرفەتیان پـــێ نادرێت) وای کردووە کە ئەم مەســـەلەیە زۆر بەرچـــاو نەبێت و زۆر ڕسانەیی نەکرێت لە کوردستاندا.

*کاک دوکتور مەنسوورا! بەشێک لە بەڕێزان، بە کورتی ئاماژەیان بە قەیرانی ئـــاو و کاریگەریی لە ســـەر گەشـــە کرد! دوکتور حەسەنزادە گەشـــەی پایدار یان گەشـــەی ســـەقامگیری باس کـــرد بەڵام پێم خۆشـــە زیاتر بچینە ســـەر ئەو باسە، ئێستا ئێمە دوو پرسیارمان هەیە، ئایا ئێمە قەیرانی ئاومان هەیە لە کوردستاندا؟ و ئەو قەیرانە تا چەندە کاریگەریی هەیە لە سەر پرسی گەشەی سەقامگیر لە کوردستاندا؟*



کاک ئاگری پێش ئەوەی کە بێمە ســـەرئەوەی کـــە قەیرانـــی ئاو لە کوردســـتاندا هەیە، با تەعریفک لە قەیرانـــی ئاوبکەم، یانی بڵێـــم کە قەیرانی ئاو چییە؟ لە حالەتێکـــدا دەڵێن قەیرانی ئاو هەیە کـــە لە کۆلییەتـــی خۆیدا وەکوو وشکەســـاڵی پێناســـە دەکرێت، وشکە ساڵی تەعریفگەلێکی جۆراوجـــۆری لـــێ دەکـــردری، لـــە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باس لە وشکەساڵی دەکرێ، واتە ئەنواعی وشکەســـاڵیمان هەیە. وشـــکە ساڵیی هەواشناســـی: ئەگەر ڕادەی بـــاران بارین، لە میانگینـــی درێژخایەن کەمتر بێت، ئەو ســـاڵە وشکەســـاڵی هەیە. بۆ نموونە دەڵێن پارێزگای ســـنە نزیک ٥٠٠ میلیمتری لە ســـاڵدا بارین هەیە ئەگەر لە ٥٠٠ کەمتر بێ، ئەوە وشکەساڵی

له باری هەواشناسییەوە هەیە.
وشکەساڵیی کشتوکاڵی: له باری کشتوکاڵییەوە ئەو کاتەی کە گیا (هەر گیایەک کە چاندوومانە) لە فەسڵی رووانیدا کە پێویستی بە ئاو هەیە و ئاو لەو فەســڵەیدا کە ئەو گیایە پێویستی پێی هەیە بۆی دابین ناکرێ، ئەو حاڵەتە پێی دەڵێن وشکەساڵیی کشتوکاڵی.

حاڵەتێکی دیکەشــمان هەیە کە لە باری هیدرۆلۆژیکەوەیە کــە زۆر درێژخایەنە، ئەگەر ڕادەی ئەو ڕێژەی بارینــی بارانە کەمتر بێ لە میانگینی دەرێژخایەن و ئــەوەش کاریگەریی دانابێ لەسەر ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە هەمانە بۆ نموونە مەنبەعی ئاوی ژێرعەرزیمان هەیە کە زۆر کەم بووبێ، ئەوە پێی دەڵێن وشکەســاڵیی هیدرولۆژیک کە یەکجار زۆر گرینگە .

لــە ڕۆژهــەڵات بەنیســبەت ناوچەکانی دیکــەی ئێران لە نەزەر ئەو وشکەســاڵییانەی کە ئەمن باســم کرد ئێمە گرفتمان زۆر نییە ، گرفتی ســەرەکیی ئێمە لە ڕۆژهەڵات، گرفتی مودیرییەتی سەرچاوە ئاوییەکانە، یانی ئێمە لە ڕێژەی باریندا زۆر کێشــەی گەورەمان نەبووە. ئێســتا بۆ نموونە لە پارێزگای ســنە، ســاڵانە نزیک ١٠میلیارد مەتر سێجا بارینمان هەیە کە نزیک ۴میلیــاردو ٨٠٠ی پێی دەڵێن تەجدید پەزیــر، کە لەو ۴میلیــارد و ٨٠٠ــەی ، ئێمە دەتوانین لە ۴٠ دەرسەدی ئیستفادە بکەین کە دەکاتە نزیک دوومیلیارد. بەڵام دەبێنین کە لە پارێزگای ســنە بەراوردیان کردووە، لە تەواوی پارێزگا ١میلیارد و ٢٢٠میلیۆن مەتری ســێجا ئــاو کەڵکی لێ وەردەگیرێ لەو ۴میلیاردەی. و لەو ١میلیارد و ٢٢٠ میلیۆنەی، ٧٢۵ی لە ئاوی ژێر زەوی  ئیستفادە دەکرێ، لە حاڵێکدا ڕێژەی بارینی ســاڵانەی کە من ئاماژەم پێ کرد ۵٠٠ میلیۆنــی دەچێتە ژێر عــەرزەوە، کەواتە ئێمە هەموو ســاڵێ دەوروبەری ٢٢۵ میلیۆن مەتری ســێجا ئاوی زیــادی لە بن عەرز دەکێشــین! ئەوە کێشەی مودیرییەتی سەرچاوەی ئاوە کە دەتوانێ قەیران ساز بکا.

ئێستا گۆلی ورمێ دەبێنین کە بەرەو وشک بوون چووە، هەر ئێســتا کەمتر لە ٣میلیارد و ۵٠٠میلیونی ئاو تێدا هەیە، لە حاڵێکدا تەرازی ئێکۆلۆژیکی گۆلی ورمێ نیزیک ١۵ میلیاردی ســێجایە! کە واتە نیزیــک ١١ میلیاردی ئاو کەمە!!

تەرازی ئێکۆلۆژیک، ئــەو ڕێژە ئاوەیە  کە ئارتێمیــا کە لە ئەو گۆلەدا دەژی  بتوانێ تێیدا گەشە بکا. ئەمانە هەموویان نیشاندەری ئەوەن کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتــدا قەیرانی مودیرییەتی ئاومــان هەیە، ئێســتا ئــاو لــە ڕۆژهەڵاتەوە دەنێردرێت بۆ پارێزگای هەمەدان و زەنجان، لە مەریوانەوە ئاو دەچێ بۆ زەنجان، لە کن قورووەوە ئاو دەچــێ بۆ هەمەدان، لە کــن بۆکانەوە ئاو هەناردەی تەوریــز دەکرێ، لە کن میاندواوەوە ئەوە خەریکن هەنــاردەی تەوریز دەکەن. لەو بەرەوە لــە کەڵوێ ئاو ئــەوە دەگوازرێتەوە بۆ گۆلی ورمێ بە بیانووی ئەوەی کە بە ئیستلاح دەیانهــەوێ گۆلی ورمێ زینــدوو کەنەوە، لە ڕاستیدا ئەوە ئەمنییەتین!

هەم لــە پارێزگای ورمێ هــەم لە ئیلام، هەم لە کرماشــان هــەم لە پارێزگای ســنە، ڕێــژەی بارینــی چەندیــن ســاڵی ئەخیر لە هەموو پارێزگاکانی ئێران باشــتر بووە و ئەگەر بــە دروســتی مودیرییەت بکــرێ، ئەگەر ئەو مودیرییەتەی کە باس کــرا کە لە حەقیقەتدا مافیاییە نەبوایە، مودیرییەتێکی دروست بووبایە، بەپێــی ئەو پێوەرانەی کە بــاس کراوە، وەکوو گەشەی پایەدار یان تەوسعەی پایەدار بێ لەو قاڵبانەدا پلانی دانابا، بە پێی تەوانی ئیدولۆژیک و ئامایشی سەرزەمین! پلانی دارشتبا، کە چۆن ئیستفادە لەو ســەرچاوانە بکرێ، نەتەنیا ئێمە تووشــی کێشــە نەدەهاتین بەڵکوو دەمانتوانی گەشــەی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتــدا ببینین کە پەیوەندیی ڕاستەخۆیان بە ئاووە هەیە.

*بەڕێــز دوکتــور حەســەنزادە دەمهەوێ لەبارەی شــتێکدا کە لە وڵامی*

*پرسـیاری پێشووشـدا ئاماژەت پێ کرد پرسیارت لێ بکەم. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ململانێیەکی خەسـت لەسەر ئاو هەیە. بۆ وێنە لە نێوان تورکیـە و وڵاتانی عەرەبی، یان ئێران بە شـێوەیەک لە شـێوەکان لە هەوڵـی ئەوەدایـە نزیک بـە ٧ میلیارد میتری سـێجا ئاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە باشوور بگرێتەوە. ئەو ململانێیانە تا چەندە لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییدا قابیلی چارەسـەرن و یاسای نێونەتەوەیی لەسەر ئەو کێشانە چ دەڵێ؟*



دیارە هەروەک کاک مەنسـوور و جەنابیشت ئیشارەتان پێ کرد ئەم کارتی ئاوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوراستدا تەنیا لەنێـوان دەوڵەتاندا بـەکار نایە، بەڵکوو دەوڵەتێـک بۆ نموونە ئێران دەتوانێ نەک هەر بـەدژی دەوڵەتێکی دراوسـێ، بەڵکوو بەدژی گەلێک کە لە ژێر حاکمییەتی خۆیشیدا دەژی بۆ نموونە کورد بەکاری ببا. باسی ئەوە کرا کە دروشمی سیاسیی کورد هەرچی بێ، ئەوە نابێ تەئسیر لەسەر کارکردنمان بۆ ژینگە بکا. ئەمن ئـەو قسـەیەم زۆر پێ جوانە. کـورد لە ئێران سـەربەخۆییخواز بێ یان بـۆ خودموختاری و فیدرالیزم تێبکۆشێ، دەبێ بواری ژینگەی هەر زۆر بۆ گرینگ بێ. لە دەوڵەتانی فیدراڵی دنیادا، خەباتـی هەرێمەکان بۆ کۆنترۆڵی سـەرچاوە سروشـتییەکانیان هیچی لـەوە کە دەوڵەتانی سـەربەخۆ هەوڵـی بۆ دەدەن کەمتـر نیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کاک مەنسووریش باسی کرد، ئاوەکانی کوردستان بۆ دەڤەرەکانی دیکـەی ئێران دەگوازرێتەوە. دوو سـاڵ پێش ئێستا لە پەیامێکدا کە بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ بلاومـان کـردەوە، ئیشـارەم بە مەسـەلەی تەحریفـی ئاوەکانی کوردسـتان بۆ ئوسـتانە ناوەندیترەکانی ئێران کرد، چونکە ئەگەر قەرار بێ باسـی جینۆسـایدی گەلی کورد و تاوانە دژەمرۆییەکانی دژ بە کورد بکەین ئەوە دەبێ

لـە هەموو ڕەهەندەکاندا چاو لەو مەسـەلەیە بکەیـن کـە ڕەهەندێکیان کە هـەروەک لە پێناسـەی تاوانە دژە مرۆییەکانیشـدا هاتووە ڕەهەنـدی ژینگەیە. ئەو بەنداوانەی لە ئیلام و کرماشان یان لە بۆکان و سەردەشت لێدراون و ئاوەکانیان پـێ گل داونەوە، بۆ وەبەرهێنان لە کوردسـتان نین بەڵکوو بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ شـوێنی دیکەی ئێران و بۆنموونە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتن. دەزانین کە سـاڵانێکە باشـووری کوردسـتانیش کەوتۆتە نێـو مەنگەنەی پرۆژە ئاوییەکانـی کۆماری ئیسـلامی. هەر لەسـەر ڕووباری سیروان سێزدە دانە بەنداو لێدراوە کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو سـەتا حەفتایەی بەنـداوی دەربەندیخـان و حەمریـن کە لە سـیروانەوە دەهـات و کاریگەریـی گەورەی ژینگەیـی و کشـتوکاڵیی لەسـەر ناوچـەی گەرمیان و پارێزگای دیالە داناوە.

ئێسـتا ئایا ئـەو جۆرە سیاسـەتە چەندە لەگەڵ قانوونی نێودەوڵەتی تەبایە، لە ڕەهەندی نێوخۆییدا، ئەگەر بێت و کونترۆڵی سـەرچاوە سروشـتییەکان و سیاسەتی ژینگە هەڵاواردن و نادادپەروەریـی تێدا بێ، ئەوە بە پێچەوانەی هەموو پێوەرەکانی پێوەندیدار بە مافی گەلان و کەمینەکان و مافی مرۆڤە. سەبارەت بە کارتی ئاویش چ بـۆ بەرژەوەندیخوازیی دەوڵەتان و چ وەک کارتێکی فشار بەدژی دەوڵەتانی دراوسێ، یاسـای نێونەتەوەیی دەڵـێ هەموو دەوڵەتێک لەسەر خاکی خۆی و سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی سـەرورە، بەڵام -هەروەک کاتی خۆی دیوانی لاهە لە قەزییەی کۆرفوو لەنێوان ئاڵبانی و ئینگلسـتاندا ڕایگەیانـد- هیـچ دەوڵەتێک ناتوانـێ بـە جۆرێک لە خاکـی خۆی کەڵک وەربگـرێ کە بە زیانـی دەوڵەتانی دیکە تەواو بـێ. زۆر پەیماننامەمـان لەپێوەنـدی لەگەڵ ڕێچکە ئاوییە نێونەتەوەییەکاندا هەیە بەتایبەتی کۆنڤوانسـیۆنەکانی نیۆیۆرک و هێلسـینکی. ئەنسـتیتۆی مافی نێونەتەوەیـی و بنیاتەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و دادگای لاهـەش

زۆریان کار لەسەر ئەو بوارە کردووە. لە کۆی ئەو سەرچاوە و بنەمایانە دوو پرەنسیپ زەق دەبنەوە: یەکەم، پرەنسیپی دادپەروەرییە واتە ناکرێ دەوڵەتێک بە جۆرێک سەرچاوەی سروشتیی خۆی بەکار بەرێ کە ئاکامی نادادپەروەرانەی بۆ دەوڵەتانی دیکە هەبێ. دووهەم، پرەنسیپی بەکاربردنی مەعقوولە واتە بەکاربردنەکە نابێ زیاتر لەوە بێ کە دەوڵەتەکە پێویستیی پێیە و نابێ زیانیش بە یەکپارچەییە سروشتییەکە و ئێکۆسیستەمەکەی بگەیەنێ.

بەڵام ئەو ئەسڵانە بەوجۆرەی لە ئورووپا و ئەمریکا جێبەجێ دەبن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێبەجێ نابن. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەر جێیەک کە ئاشتی و دێموکراسی و بنەماکانی پێکەوە ژیان جێکەوتبن، چارەسەری ئەو کێشانەش هەمیشە ئاسانتر بووە. لە ئورووپا کە بەستێنی سیاسیی چارەسەر لەبارترە، ئەم جۆرە کێشانە باشتر ئیدارە کراون. بۆ نموونە لە قەزیەی «گابچیکۆڤۆ ناگیمارۆس» لەنێوان مەجارستان و سلۆڤاکیدا، دیوانی لاهە لایەنەکانی هان دا کە بە لەبەرچاوگرتنی دوو پرەنسیپەکەی سەرەوە سەبارەت بە بەهرەبەرداریی ڕووباری دانوب پێکەوە هاوکار بن و هەر واشیان کرد. لە قەزییەیەکی دادوەری لەنێوان فەرانسە و ئیسپانیادا کە فەرانسە دەیویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئاوەکانی مێدیتەرانەی لای «پیرەنە» بۆ لای زەریای ئەتلانتیک بگوێزێتەوە و ئەوەش دەبووە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووباری کارۆل لە ئیسپانیا، ئیسپانیا پێی وابوو کە فەرانسە دەبوو پێشتر ڕەزامەندیی ئیسپانیای وەرگرتبا. دادگای دادوەری گوتی مادام فەرانسە بەوەخت دەوڵەتی ئیسپانیای لە پرۆژەکە ئاگادار کردۆتەوە و بەڵێن و ڕێکاری قەرەبووکردنەوەی ئیسپانیاشی بۆ دابینکردنی ئاوی ئیحتیات لە وەرزی ئاودان یان وشکەساڵیدا جێبەجێ کردووە، ڕەزامەندیی پێشوەختەی دەوڵەتی دراوسێ پێویست نییە و فەرانسە دروست جووڵاوەتەوە. هەمان ئەو کێشانە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێنە پێش چەندین دەهەی پێ دەچێ تا چارەسەر دەکرێن، تازە ئەگەر چارەسەر بکرێن. بۆ وێنە کاتی خۆی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی هەڵوەشاوە، ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی لەسەر ئەوە بوو کە بەکاربردنی فورات لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە نابێ زیان بە دەوڵەتانی عیراق و سوریە بگەیەنێ. کەچی لەحاڵێکدا کە پاش جێبەجێبوونی پرۆژەی گاپ و بەنداوی ئەتاتورک وەک بەشی هەرە دیاری ئەو پرۆژەیە، هەر لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە پرۆتۆکۆلێک بۆ چارەسەری کێشەی دەرەنجامەکانی ئەو پرۆژەیە لەسەر وڵاتانی دراوسێ ئیمزا کرا، تا ئێستاش ئەم پرسە لە ناوچەدا بە ڕێچکەی سالمی خۆیدا نەڕۆیشتووە. ئەوە بۆ پرۆژە ئاوییە مەبەستدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش هەر ڕاستە.

*کاک دوکتورباقر دیارە هەر باسی قەیرانەکانی ژینگەمان کردووە، بەڵام بە تایبەتی لەم ٢٠ساڵەی دواییدا هەوڵیکی زۆر دراوە لە هێندیک بواردا کە یەکێک لە گرینگترین بوارەکان بەرهەمهێنانی کارەبا بووە. زانستێک دابهێندرێ کە لەو زانستەدا کارەبای کەسک بەرهەم دێت، جۆرێک بەرهەمهێنان کە لەگەڵ ژینگە زۆر دژایەتیی نییە!*

*بەرێزت لەو بوارەدا تێزی دوکتورات نووسیوە! ئایا کوردستان دەتوانێ چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا یەکێک لەو وڵاتانە بێت کە بەشێک لە پێویستیی کارەبای خۆی لە ڕێگای وزەی کەسکەوە بەرهەم بێنێت؟*



سپاست دەکەم کاکە گیان! پێش لەوەی کە وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، ئیزنم بدەن فەقەت یەک ئەسڵی زانستی فیزیک بە کورتی باس بکەم،

ئەویش ئەوەیە کە لە فیزیکدا ئێمە فێر دەبین و خوێندکار فێر دەکەین کە وزە نە بەرهەم دێت و نە ئەتوانێت وزە لە ناو ببەیت. تەنها چارەیەک کە هەیە ئەوەیە کە وزە لە فۆرمێک و لە شکڵێکی کە هەیە، بگۆڕی و بیکەی بە فۆرم و شکڵێکی تر. وەکوو نموونە ئۆتۆمۆبێلێکمان کە هەیە بەنزینی تێدەکەین، ئەوە وزەی کیمیاییە، کە ئەکەفێتە ڕێگە و لە شوێنێکەوە ئەچێتە شوێنی تر، وزەی حەرەکەتیمان پێویستە، لە بابەتی وزەکانی نوێمان مەسەلەن وەکوو کارەبا، کارەبا بە مانای چیە؟ مانای ئەوە کە وزەی حەرەکەتی باکە ئێمە ئەگۆڕین و ئەیکەین بە وزەیەکی بەرق و کارەبا، یا وەکوو کار و خۆر، خۆر وزەی تیشکە، خۆر بەشێکی ڕوشنایی و نووره و بەشێکی دیکەش گەرمایە، ئێمە دێین لەوانە کەڵک وەردەگرین و ئەو وزانە ئەگۆڕین و ئەیکەین بە وزەی کارەبایی. پێش لەوەی کە برۆمە سەر پتانسیەلی ڕۆژهەڵات بۆ ئەم جۆرە وزەی نوێیە، ئێزنم بدەن من بە کورتی باسێک بکەم لەسەر بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێراندا کە وەکوو نموونە لەسەر ڕۆژهەڵاتیش، کە هێشتا بەشێک لە ئێرانە، ئەتوانێت پێوەر بێت. من لەسەر لێکۆڵینەوەیەک کار دەکەم کە دەیتاکانیم جەمەو کردووەتەوە، لە ساڵی ۲۰۱۷ی زایینی لە ئێراندا بەرهەمی کارەبا بوو بە ۳۰۰ تیراوات کاتژمێر، لە خزمەتتان عەرز کەم، لەم ڕادەی کارەبا لە سەدا دووی ئەتۆمی بووگە، لە سەدا شەشی کار و ئاو بووە، لە بەنداوەکان کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام لە سەدا ۹۲ی هین وێستگە هەڵمییەکان بووە، وێستگەی هەڵمی بە مانای ئەوەیە کە گاز و دیزڵ و نەوتی ڕەش دەسوتێنن، ئاو پێویستە، ئاوەکە دەبێ بە هەڵم، ئەڕواتە ناو توربین، ئەڕواتە ناو ژێنراتۆڕ و کارەبا بەرهەم دێت. ئێستا باش چاوێکە هەر لەم ساڵەدا، چاوی لە بەشداران یا هەر وەکوو موشتەرکین لە ئێران بکەین، بەشدارەکان یا کەرتەکانی جۆراجۆر یەکێکی پێشەسازییە، یەکێکی ماڵانە، یەکێکی کشتوکاڵە، یەکێکی بەشی گشتییە، یەکێکی بەشی تیجاری و یەکێکی هاتوچووە، ئێستا ئەمانە ڕادەکان بە جێی خۆی بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە خزمەتتان عەرزم کرد کە لەسەری خەریکم کار ئەکەم و هێشتا تەواو نەبووە، ئێمە ئەتوانین لە تەواوی ئێراندا لە سەدا ۶۰ی بەرهەمی کارەبامان بە شێوەیەک بێت کە لە وزەی نوێ کەڵک وەربگرین. نموونەیەکی ترتان پێ بڵێم کە بە ڕاستی دڵتەزێنە. بۆ من دڵتەزێن بوو. ئەو حسابەی کە کردوومە بە پێی ئەو دەیتا و ئامارەی کە خودی حکوومەت داویەتی، هەر ماڵێک لە ئێراندا لە ساڵی ۲۰۱۷ دا ۲۷۶۵ کیلۆ وات کاتژمێر کارەبای پێویست بووە، بۆ یەک دانە ماڵ، یەک ماڵ، یەک بنەماڵە، بۆ ئەم ڕادەیە کارەبا ۱۰۸۰ لیتر ئاو بە خەسار چووە، و لە کناریشیەوە ۱۸۰۵کیلۆ دووکەڵ، مەبەستم گازەکانی گوڵخانەییە، دروست بووە. ئێستا کە چاوی لێ ئەکەین بەپێی هەر ئەو ئامارەی ساڵی ۲۰۱۷ ئێمە لە ئێراندا، لە نزیکەی ۲۶میلیون بەشداری ماڵانمان هەبووە، کە دێین تەنیا و تەنیا بەشی ماڵان حساب ئەکەین؛ پیشەسازی، کشتوکاڵ و گشتی، تجاری وهاتوچوو، ئەوانە بنێمە لاوە، فەقەت بەشی ماڵان لە یەک ساڵدا ۲۸هەزار میلیۆن لیتر ئاو بە خەسار چووگە بۆ ئەوەی کە کارەبامان هەبێت لە ئێراندا ۴۷ هەزارمیلیۆن کیلۆ دووکەڵ بەرهەم هاتووە. ئەمە بابەتێکی، بابەتێکی کە باسی لێ دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن کە باشە وزەی نوێ ڕەنگە گران بێت، ئەمن کە چاوم لە ئامارەکانی ڕێکخراوی وزەی نێونەتەوەیی جیهانی دەکرد لە ساڵی ڕابردودا یانی ساڵی ۲۰۱۹ بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەوان، کارەبایەک بێ سوبسید بەرهەم دێت لە تەواوی جیهاندا؛ لەسەری لێکۆڵینەوەیان کردووە و حسابیان کردووە، جاریکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە بێ سوبسید، کارەبای بەبێ سوبسید هەرزانترین ڕێگای کاروخۆرە یا کوو «فۆتۆڤۆلتایک» و گرانترینی لە ڕێگای وزەی

ئەتومییەوە، زۆربەی خەڵک پێی وایە کاروخۆر یا کاروبا گرانە، ئەوە ڕاستی نییە. ئێستا باسی ڕۆژهەڵات بکەین لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات من بیرەوەرییەکەی خۆم بە سێ دانە پیتی ب داماوە، و خۆشم بۆ خۆم کردوومەتە پرۆژەی ٣ب، بەشدار بێتە بەرهەمهێنەر، ب،ب،ب، جا باسی فەلسەفەی ئەم سێ ب یە چییە؟ ئەویش ئەوەیە کە لەسەربانان ئەو پەنجەی فۆتۆڤۆلتایتە یا خۆرە دابمەزرێ، قازانجەکانی چی دەبێت؟ یەکێک ئەوەیە کە ئیتر ئێمە چونکە بەرهەمهێنەر و بەشدار لە یەک شوێندایە هێڵی گواستنە و دابەشکردنی زیاترمان پێویست نییە، لە یەک شوێندا بەرهەم دێت، لە یەک شوێندا مەسرەف دەکرێت، جا ترانسفۆرماتۆر و کابلی کەمترمان پێویستە و ئەو خەرجانەی کە ئەشێ بکرێت بۆ چاوەدێری و پاراستنی (operation and maintenance) ئەویش کەمتر دەبێتەوە.

ئاوێک کە پێویستە بۆ کاروخۆر تەنها بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو پەنجانەیە کە ئەتوانین لەوەش چاوپۆشی بکەی.ن ئەو پانێلگەلە بە دەسماڵێک خاوێن بکەینەوە، یانی ئاومان پێویست نییە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. بابەتێکی تر کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە وەختێ بەشدار ئەبێت بە بەرهەمهێنەر، سەربەخۆیی هەیە، خۆی لەسەر ئەوەی کە چی بەرهەم دێت چەنێک بێت یان ئەوەی کە هەر باسی دەکەن خەڵک لە مەسرەفدا سەرفەجوویی ناکەن شتی واو ئەمانە ئیتر ئەو باسە ناکرێت. یەکێکیتریش ئەوەیە کە ئێمە داهاتێکمان هەیە بۆ ئەو بەشدارە بۆ ئەو موشتەرەکە، ئەو کارەبایە کە بەرهەم دێت هەمووی مەسرەف ناکرێت و ئەڕواتە ناو شەبەکە، ئەڕواتە ناو هێڵەکانی دابەشکردن ئەو بەشە زیادییەی کە بەرهەم هاتووە ئەو دەتوانێت بەهۆی ئەوەوە کار بکرێت، بارێکیتر کە زۆر گرنگە لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتدا، بارێکی ئەمنییەتییە ئێوە شارۆچکەی شارێک بۆخۆتان تەسەور بکەن کە یەکدانە وێستگەی هەیە کە یەک مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت، تەواوی کارەبای ئەو شارە یان شارۆچکە فەقەت لەم وێستگەیەوە هەیە. دەباشە بۆردومانێک بکرێت، عەمەلیاتێکی تیرۆریستی بێت یان وەکوو مەسەلەن گازایلی پێ نەدرگێت و شتهایەکی لەم چەشنە، تەواوی شار و شارۆچکەکە کارەبای نییە، بەڵام ئێمە کە بێین لە جیاتی ئەم وێستگەیە کە یەک مێگاوات هێزی کارەبایی هەیە، بێین هەزاردانە بەشدارمان بێت، کە هەرکامیان تەنها هەزار وات کە دووبارە بێتەوە بە یەک مێگاوات بەرهەم بێنن، لە باری ئەمنییەتییەوە زۆر بە قازانجە. مەوردێکی تر کە لە داهاتوودا بۆ ڕۆژهەڵات ئەتوانێت باش بێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕەخساندنی هەلی کارە، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ شوغڵێک و بۆ کارێکی کە بە ئیستلاح پێی دەڵێن مودێرن جاب (Modern job)، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە تێکنۆلۆژیایەکی تازە واردی ڕۆژهەڵات دەکەین کە دەتوانێت ئەو کەسانەی کە زانکۆیان تەواو کردووە کاروبارێکیان هەبێت. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی من کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام ئەو بەشە تەواو بووە، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بۆماڵان، باسی پیشەسازی و کشتوکاڵ و شتی وا بنێینە لاوە، ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا ماڵان ئایا بە چ ڕادەیەک ئەبێت ئەو پانێلگەلە لەسەر بانان دابنێن تاکوو بتوانن بە شێوەی میانگین و ناوەندی بۆ ساڵێک بە ئەندازەی کافی کارەبا بەرهەم بێنن، ئەبێت بە شەش میتر لە شەش میتر. یانێ سی و شەش میتری دووجا کە ئەبێتە چوارگۆشە، لەسەر هەر ماڵێک لە ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر دابمەزرێت، ڕەسایی ئەوە دەکات. جگە لەوەش ئێمە ناوچەی هەوەتوومان هەیە کە بۆ باسی کاروبا، پۆتانسیێلێکی گەورەی هەیە، ئێمە خەریکی ئەو پرۆژەیەین کە بتوانین پۆتانسیێلی تەواوی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت ناوچەی هەوەتوو بۆ بابەتی کاروبا، بە شێوەیەکی زانستی و دەقیق بڵاو بکەینەوە.

*کاک سەلاح پرسیار لەسەر پرسی مافی ئاژەڵی کێوییە، ئایا ئەم پرسە بەشێکە لە بابەتی ژینگە و قەیرانی ژینگە یان پرسێکی سەربەخۆی حقوقییە و ئێوە لە ئێستای کوردستاندا دۆخەکەی چۆن دەبینن؟*



حەز دەکەم ئاوا دەست پێ بکەم کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان مافی مرۆڤ و مافی ئاژەڵدا نییە. بەو واتایە کە ئێمە وەکوو مرۆڤ بەشێکی زۆر زۆر بچووکین لەو ژیانەی کە هەیە. هەموو گیاندارێک حەقی هەیە و نابێت ئێمە بەو ناوەی کە مرۆڤ سەرتر لەهەموو گیاندارێکە (ئیستلاحی ئەشرەفی مەخلوقات)، دەست بە تاڵان و لە ناو بردنی باقیی گیاندارەکان بکەین.

جا ئێستا کاتێک مافی مرۆڤ بە مافی ئاژەڵ بەراورد دەکرێت هیچ مرۆڤێک مافی ئەوەی نییە پێناسەی ماف بۆ ئاژەڵ بکات چونکە هەموو شتە زیندووەکان بە مافی پێناسەکراو لەدایک دەبن. ئەوە دەربارەی «بەخشین» نییە بەڵکو «بەخشینەوە»یە. تەنانەت ئەگەر بشمانهەوێت ناتوانین هەموو ئەو مافەی کە لە ماوەی چەند هەزار ساڵ لە ئاژەڵەکانمان وەرگرتووە، بیبەخشینەوە.

بو نموونە بەپێی ئامارێکی فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ١ ملیۆن جۆری ئاژەڵ مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە و زۆربەی زۆری ئەم کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی مرۆڤ لە سروشت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی سندوقی سروشتیی جیهان (WWF) تا ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی لە سەدا ٦٦ی ژیانی ئاژەڵی کێوی لە هەسارەکەدا نامێنێت.

بەداخەوە فراوانبوونی چالاکییە مرۆڤییەکان و زیادبوونی پێویستیی مرۆڤ بە خۆراک و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، زیانێکی زۆری بە جۆرە بایۆلۆژییەکانی جیهان گەیاندوە .

هەروەها بێ توانایی ئاژەڵان بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ جۆرە ئاژەڵەکانی تر بۆ بەدەستهێنانی خۆراک و گۆڕانی کەشوهەوا، هۆکاری دیکەن کە ژیانی ئاژەڵەکان دەخەنە مەترسییەوە.

بابەتی ئاژەڵی کێوییش هەر لەو ڕوانگەیەوە دەبێ چاوی لێ بکرێت کە باسی مافی مرۆڤ و ژینگە دەکرێت. ئێمە هەموومان لە بازنەیەکداین بە ناوی زەوی و گۆڕانکاری لە ژیانی یەک گیاندار لەم سروشتەدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی باقیی گیانداران هەیە.

ئەگەر بمانهەوێ لە شوێن ڕێگا چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیەوە بین، ئەوا دەبێت مامەڵەکردن بە ئاژەڵی کێوی بە تایبەت پێست و شاخی هێندێ ئاژەڵ کە زۆر بەربڵاوە لە ئینترنێتدا دەبێ ڕێگریی لێ بکرێت، تێپەڕاندنی یاسای زیاتر و قورستر، زیادکردنی پارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قاچاخچییەکان و بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان؛ یارمەتی دەدات تا لە ناو چوونی ئاژەڵی کێوی ڕاوەستێ یان خۆ کەمتر ببێتەوە.

لە ئێستای کوردستاندا هەرچەندە کە دەبینین ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و خەڵکی سیڤیل زۆر باش ئاگاداری دەدەن و ڕێگری لەوە دەکەن کە قاچاخچییەکانی ئاژەڵ بتوانن بە ڕاحەتی پیلانەکانیان بەرەوپێش بەرن، بەڵام بە هۆی بەربڵاویی جوغرافیایی کوردستان و نەبوونی سیستەمێکی بەڕێوەبەریی دڵسۆز و تەرخان نەکردنی پارە، ئەوا ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ترسی لەناوچوونی ئاژەڵ زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

لێرەدا بێ ئەوەی خۆم بمهەوێ ناوی شەهید شەریفی باجوەر دێتە مێشکمەوە کە گوتی: لە دایک بوو چەکی سەوزمان! ئاسوودە بخەون کەڵەکان؛ ئاسوودە بخەون مرۆڤەکان، ئیتر چەکی سەوز پاسەوانمانە.

بەڕاستی ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان بیر لە ڕێبازی شەهید شەریف و هاوڕێ هەمیشە

زیندووەکانی بکەنەوە و هەر مرۆڤێکی کورد ببێت بە پاسەوانێک بۆ سروشت و ژینگەی کوردستان ئەوا هەم مرۆڤەکان و هەم ئاژەڵەکان و تەواوی سروشت بە ئاسوودەیی دەبن.

**پێشک** *بەڕێز دوکتور سۆهرابی! بێگومان دیوتانە! ئێرانییەکان ماوەی دوو سێ ساڵە خەریکی پرۆژەیەکن، بۆخۆیان نێویان ناوە بیست چل لە زانکۆکانی ئامریکا چەند مامۆستایەکی ئێرانین دەیکەن. لە یەکێک لەو پرۆژانەدا وتارێک نووسراوە کە وتارەکە باس لەسەر ئەوە دەکات تەنیا لە چوار پارێزگا کە چوار پارێزگاکەی کوردستانن توانایی ئەوە هەیە یان سەرفەی ئەوە هەیە کە کشتوکاڵ هەبێت. ئێوە چەندە ئەو بابەتە تەئید دەکەن وەکوو توێژەرێک ئایا ئەوە وەکوو مەترسییەک لەسەر کوردستان دەبینن یان وەکوو کارتێک و وەکوو دەسەڵاتێک بۆ کوردستان دەیبینن؟*



ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت پێ فەرموو ڕاستە، لەو مەقالەیەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەو پارێزگایانە بە پێی ئەو ئایتێمانەی کە ئەوان ئەرزیابییان کردووە، وەزعیەتی ئەو چوار پارێزگایە بە نیسبەت پارێزگاکانی دیکەی ئێران باشترن. بەڵام نە بەهۆی ئەوەی کە چاکتر بەڕێوە برداوە یان مودیرییەتێکی باشتری بۆ کراوە تاکوو ئێستا! لە ئەساسدا بە دەلیلی ئەو جوغرافیا خاسەی خۆی کە هەیەتی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات باشترن، دەنا خۆتان دەزانن کە ئێران لە ڕاماڵینی خۆڵ یان فەرسایشی خۆڵ لە دنیادا پلەی یەکەمی هەیە، لە ئێرانیشدا پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات، واتە ئەو پارێزگایانەی کوردستانن پلەی یەکەمیان هەیە، یانێ دەتوانین بڵێین کە کوردستان ساڵانە بە میانگین لە دەورووبەری هەر هێکتارێک زیاتر لە بیست تۆن خۆڵی لێ ڕادەماڵدرێت کە زۆر زۆرە و کێشەی گەورەتری لێ ساز دەبێت، بەڵام وەزعییەتی زەمینەکانی کشتوکاڵی لە پارێزگاکانی دیکەی ئێراندا ئەوەندە خراپ و سەقەت بەڕێوە برداوە، ئەوەندە وەزعیەتێکی نالەباریان هەیە کە ئەو وەزعیەتەی کوردستان بە نیسبەت ئەوان باشترە، دەنا خۆی وەزعیەتەکەی کوردستان بە نسیبەت پێشتری خۆی لە پەنجا ساڵ پێشتر، چل ساڵ پێشتر، وەزعیەتی پارێزگاکانی کوردستان باشتر نەبووە و زۆر خراپتر بووە، بەڵام بە نیسبەت جێگاکانی دیکەی ئێران باشترە و دەکرێ کە پێشی قەیرانەکان بگیرێ و بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوە بچێت و تەئسیراتێکی باشتری هەبێت.

ئێستا دەبینین هەر ئەورۆ من خەبەرێکم بینی کە لە زرێوار ماسییەکی یەکجار زۆر مردوون کە دەگەڕێتەوە بۆ پەدیدەیەک کە پێی دەڵێن (Eutrophication) کە ئەوە حاڵەتێکە لە کشتوکاڵدا کە لە کوود وەکوو کودی سپی و ڕەش یان بڵێین فۆسفات و نیترۆژێن ئیستفادە دەکرێت و ئەوانە کە لەگەڵ خۆڵ دەشوردرێتەوە (جا مەبەستم ئەو مەسەلەی ڕاماڵینی خۆڵە کە لە کوردستاندا زۆرە) ئەو خۆڵە کە دەشوردرێتەوە ئەو مەوادەی لەگەڵ خۆی دەباتە نێو ئاوی دەریاچەیەک یان گۆلێکی وەکوو زرێبار، لەوێدا بە مرور خردەبێتەوە دەتوانێت ئەو ئێکۆسیستەمە تووشی گۆڕین بکات و لە نەهایەتدا دەبینین کە ئۆکسیژێنی ئەوێ کەم دەکاتەوە و قەیرانی ژینگەیی لێ ساز دەبێت و مەسائیلی دیکە ساز دەکات. یان دەبینین کە لە زۆر شوێن ئەو جێگایانەی کە نابێ بکێڵدرێ یانێ شیبیان زۆرە، زیاتر لە ١٠٪ شیبیان هەیە ئەوانە کێڵدراون. لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بەپێی ئەوە کە شوێنێکی شاخاویە دەبینین کە کێڵدراون و کێڵانەکەشیان لە جەهەتی شیبدا بووە، ئەوەیش بۆخۆی موشکلاتێکی دیکەی ساز کردووە، بەڵام لە کولییەتی خۆیدا، ڕۆژهەڵات لە باری پۆتانسییلەوە پۆتانسیێلی

ئەوەی هەیە کە بتوانێ نەتەنها خۆی لە باری کشتوکاڵییەوە بەڕێوەبەرێت، بەڵکوو لەباری کشتوکاڵییەوە دەتوانێ دەرامەدزایی یان بڵێین لە باری ئیقتسادیشەوە سەرچاوەی داهات بێت و بتوانێ شت هەناردە بکات بۆ زۆربەی وڵاتانی دونیاش. ئەو قابلییەت و پۆتانسیێلەی هەیە، بەڵام بە نیسبەت مەسئەلەکەوە ئەگەر بە دیدێکی دیکە چاوی لێ بکەین لە باری سیاسی – ئەمنییەتییەوە ئێمە دەبینین سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران زیاترن. دەبینین کە وەزعیەتی کشتوکاڵیمان باشترە لە جێگاکان و شوێنەکانی دیکەی ئێران کە خەریکە موشکلیان بۆ پێش دێت. بۆخۆیان باس لەوە دەکەن ٨٥٪ی ئەو جێگایانەی کە ئێستا موشکیلەی ئاویان هەیە کەمتر لە ٢٠ ساڵی ئایندەدا مەجبورن چۆڵ بکرێن. کەواتا خۆی ئەو پۆتانسیێلەی کوردستان دەتوانێ مەترسییش بێ لەسەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا کە وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد هەم قەیرانی مەسەلەی گۆڕینی دیمۆگرافی بێتە گۆڕێ هەم ئەوەی کە مەسئەلەی نەتەوایەتییەکەمان بەپێی ئەو پۆتانسیێلەی کە ئێمە هەمانە و بەپێی ئەو وەزعیەتە خراپەی کە لە جێگاکانی دیکە هەیە تەئسیرگوزار بێت لەسەری. بیستوومە لە هەورامان خەڵکیان زۆر هێناوە نزیک سەدها ماڵی غەیری کورد هاتوون لە جێگاکانی دیکە وردە وردە بە شێوەیەکی زۆر ئارام خەریکن کە خەڵکانی دیکە لە کوردستان نیشتەجێ دەکەن، کە ئەوە دەتوانێ مەترسی بێت، بەڵام ئەگەر کوردستان لە سیستەمێکی ئازاددا بێ، وەکوو باسی کرا کە لە حاڵەتێکی مافیادا بێتە دەرێ وەدەست مودیرییەتێکی باش بکەوێت کە بڵێین وەک کورد بەشێوەیەکی باش نە کوردێکی مافیایی، مەبەست لێرەدا با ئەوەش بڵێم مەبەستم دەوڵەتێکی خۆجێی کوردی تەنها ئەوە نییە کە هەر کورد بێ و هیچی دیکە، بەڵکوو دەبێ دەوڵەتێک بێ کە بەپێی عەقڵیەتێکی دروست وڵات بەڕێوەبەرێت.

بەپێی هەمان ئەو گەشەی بەردەوام یا پایەدارە وڵات بەڕێوەبەرێت و عەقڵیەتێک بێت کە زانستی بەسەر جوغرافیاکەدا هەبێت تەوان و قابلییەتی ئێکۆلۆژیکی مەنتەقەکە بزانێت و پلانە ئێقتسادییەکان و سیاسییەکانی کە لە مەنتەقەدا دایدەڕێژرێ، پلانێک بن هاوتەریب لەگەڵ ژینگە بن، ئەگەر ئەو حاڵەتە بێ ئەوە ئێمە پۆتانسیێلێکی زۆر زۆر باشمان هەیە دەتوانین کە لانی کەم لەباری کشتوکاڵییەوە ئێمە خەمێکی زۆرمان نەبێ کە بڵێین ئێمە ناتوانین لە باری کشتوکاڵییەوە خۆمان بەڕێوەبەرین، بەڵکوو ئێمە دەتوانین وەکوو کاک دوکتور باقریش ئیشارەی پێ کرد، لە باری کانییەوە ئەمە کانی یەکجار زۆرمان هەیە کە دەوتوانێ دەرامەدزاییمان هەبێ، قابلیەت و پۆتانسیێلی یەکجار زۆرمان هەیە، مەسەلەی ئێکۆتۆریسممان هەیە کە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەر لەو حاڵەتەی کە لە ئێستادا هەیە. ئەو پۆتانسیێلە باشە من پێی نیگەرانم بەو دەلیلەی کە ئێمە پلانی ڕزگارییەکەمان پلانێکی زۆر قەوی نییە. ئەمن لە بەرنامەیەکی دیکەشدا باسم کرد، کاتێک کە ئەتۆ دە ڕەقابەتدا هەیت، لە تەبیعەتدا ئەسڵێک هەیە ئەسڵی (Gause›s law) گەوسی پێ دەڵێن. دەڵێن دوو گوونە کاتێک کە نیچێکی (Ecoloigical niche) موشابهیان هەیە دەکەونە ڕەقابەت دەگەڵ یەکتر ئەگەر مەنبەعەکان مەحدوود بن، یانی ئەگەر ئەو سەرچاوانە کەم بن، ڕەقابەت شکڵ دەگرێت و ئەو گوونەیەی کە سفەتێکی بەرتەری هەیە قابلیەتێکی باشتری هەیە، دەتوانێ ئەوی دیکە لە ڕقابەتەکە وەردە نێ، لایبەرێ و بۆخۆی لەوێ ئەو مەنابعە بەدەست بێنێ. جا هەمان شت لەسەر کوردستانیشدا هەیە. ئێمە لە ڕقابەتدا هەین و ئەو ڕقابەتەی کە ئێمە هەمانە، بۆیە من هەست بە مەترسی دەکەم ئێمە ئەو تواناییەی کە لازم و پێویستە، نەمانتوانیوە کۆی بکەینەوە کە ببێتە سفەتێکی بەرتەر

که لەگەڵ داگیرکەرەکەمان بەکاری بێنین و بتوانین وەلای بنین یا لانیکەم ئەو مەترسییانە کەم بکەینەوە. یەکەم شت ئەوەیە کە ئێمە بۆخۆمان لە نێو خۆماندا موشکلمان هەیە. تێڕوانینەکانمان زەعیفە و بە عەقڵییەتێکی باش سەیری مەسایل ناکەین، کە بە باوەڕی من دەبێ گۆڕانکارییەکی زۆر عەمیق لە بۆچوونە سیاسییەکانماندا بکەینەوە و هەست بەو مەترسییانەش بکەین. من لێرەوە ئیشارە بەوە دەکەم کە ئەو حیزبە سیاسییە کوردییانەی کە فەعالییەت دەکەن، موبارزە دەکەن، لە نەهایەتدا دەیانهەوێ جوغرافیایەک ڕزگار بکەن و لەوێدا بە دەسەڵاتێک بگەن. ئەگەر ئەو جوغرافیایە نابوود بێ یا دێمۆگرافییەکەی عەوەز بکرێ، ئەو حیزبانە دواتر نازانم چ پلان و بەرنامەیەکیان هەیە و لە کوێ دەیانهەوێ بە دەسەڵاتداری بگەن؟

*کاک دوکتور ئاسۆ جەنابت لە فەرمایشەکانتدا چەند جار ئاماژەتان بەوە کرد کە پرسی ژینگە وەکوو پرسێکی نەتەوەیی دەبێ باسی لەسەر بکرێت و ببێتە بەشێکی گوتاری کەلانی خەباتمان. ئایا لە یاسای نێودەوڵەتیدا هیچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان مافەکانی گەلانی بێ دەوڵەت و پرسی ژینگەدا؟*



پرسی ژینگە وەک بابەتێکی جیهانگیری مرۆڤایەتی بێگومان پێوەندی و گرینگیی زۆری بۆ گەلانی بێ دەوڵەتیش هەیە. بەتایبەتی کە بەپێی هەموو داتاکان گۆڕانکارییەکانی ژینگە و کەش و هەوا و ئەو زیانانەی کە دنیای مۆدێڕن بە سروشتی دەگەیەنێ، پێش هەمووان ئەو گرووپانە دەکاتە قوربانی کە گرووپی پەراوێزخراون بەتایبەتی ئەو گەلە بێدەوڵەتانەی ناسنامە و هەرمانیان بە خاک و سروشتی خۆیان بەستراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە هێندێک چەمکی دنیای ئەمڕۆ کە بۆ پاراستنی ژینگە گرینگن، ڕاستەوخۆ بۆ پاراستنی ئەو گرووپ و گەلانەش بەسوود و پێویستن. بۆ نموونە گەشەسەندنی پایەدار بۆخۆی بەرهەمی ئەو ڕەوتە نێونەتەوەییەیە کە بە وشیاربوون لە پێویستیی پاراستنی ژینگە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەستی پێ کردووە. ئەگەر گەشەسەندنی پایەدار بە مانای پاراستنی یەکپارچەیی یەکە سروشتییەکان و پێشگیری لە لەنێوچوونیان، یەکلایەنە نەبوونی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان، دادپەروەری، گونجاندنی ئابووری لەگەڵ پێویستییەکانی گەشەسەندنی مرۆیی و پاراستنی ناسنامەکان و دەکارخستنی هەموو قابلییەتە ئینسانییەکان بێ، هەمووی ئەمانە بە قازانجی گەلانی بێ دەوڵەت و کەمایەتییەکانیش تەواو دەبێ. چونکە هیچکام لەوانە ناکرێن بەبێ ئەوەی لەو ڕکابەرییە گلۆبالەدا کە هەموو گەلان و دەوڵەتانی دنیا لەپێشیانە، چوارچێوەی بەڕێوەبەری و سەرچاوە مرۆییە لۆکالییەکان بەهێز بکرێن. کۆی ئەو بەرنامەڕێژی و لەبەرچاوگرتنەش یارمەتیمان دەکا کە هەم لە بەرانبەر دەسەڵاتە نادادپەروەر و سەرکوتکارەکاندا و هەم لە بەرانبەر غەڵتەکی بەجیهانیبووندا چاکتر بەرگە بگرین و بۆ ئایندە باشتر بەرەی خۆمان لە ئاوێ دەربێنین. لە لایەکی دیکەوە ئەو شتانە بۆ دینامیزمی نێوخۆییشمان کە ئێستا کاک مەنسوور باسی کرد بەکەڵکن، واتە بۆ دروست کردنی بنیاتەکانی کۆمەڵگایەک کە لەودا دەسەڵات و قەوارەی سیاسی و حکوومەتی ڕەنگدانەوەی ئەمانەتداریی خودی کۆمەڵگاکەی بن؛ هەر چاومان لە فورموولی سیاسی و خۆدەرخستن بەرووی دەرەوەی خۆماندا نەبێ، بەڵکوو خۆسەلماندن و پارێزگاریمان لە کوردبوون بە رووی دەرەوەدا پێش هەموو شتێک لەسەر ئاشتەوایی و دادپەروەریی نێوخۆیی و ڕەزایەت و بەختیاریی کۆمەڵگاکەمان بنیات بنێین.

ئێستا سەبارەت بە بنەما نێونەتەوەییەکانی پێوەندیی نێوان مافی گەلانی بێدەوڵەت و پرسی ژینگە کە پێویستیە بیانناسین و بەکاریان ببەین، ئەو بابەتە لە چەندین بەشی قانوونی نێودەوڵەتیدا باس دەکرێ. یەکەم، خودی قانوونی ژینگەیە. دووەم، مافی مرۆڤ و لەوێشدا مافی مرۆڤەکان بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سالم و پایەدار و پارێزراودا. سێهەم، مافی گەلان کە ئەو هەقە بە هەر گەلێکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس دەدا کە تەمرینی سەروەری لەسەر سەرچاوە سروشتییەکانی خاکی خۆی بکا (ئەو مافە نەک تەنیا بۆ گەلی خاوەن دەوڵەت، بەڵکوو بۆ پێکهاتەکانی نێو فیدراسیۆنەکانیش بە هاوبەشی بەرەسمی ناسراوە). چوارەم، قانوونی بەشەردۆستییە کە بریتیە لە مافی مرۆڤ لە کاتی شەڕدا، چ شەڕی نێوان دەوڵەتان و چ شەڕی نێوخۆیی. قانوونی بەشەردۆستییش لەسەر چوار ئەسڵ ڕاوەستاوە: پێویستیی مێتۆد و ئامرازەکانی شەڕ، نیسبییەتی ئەو مێتۆد و ئامرازانە، جیاکاری لەنێوان ئامانجە نیزامی و مەدەنییەکاندا و ئینساندۆستی. بەپێی قانوونی بەشەردۆستی لایەنەکانی شەڕ نابێ ژینگە وێران بکەن. پرۆتۆکۆلی یەکەمی کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییە نێودەوڵەتییەکان دەڵێ پێویستە مێتۆد و ئامرازەکانی شەڕ سنووردار بن و بەشێوەی ڕێژەیی کەڵکیان لێ وەربگیرێ. بەپێی هێندێک لە کۆنڤانسیۆن و پرۆتۆکۆلەکان بەتایبەتی پەیمانی «ئێنمۆد»، دەوڵەتان بۆیان نیە بەمەبەستی نیزامی ژینگە دەسکاری بکەن یان وەهای بەکار بەرن کە زیانی قەرەبوونەکراوی پێ بگا. لە پرۆتۆکۆلی دووەمی ژنێڤ سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوخۆییشدا گوتراوە کە دەوڵەتان نابێ زیان بەو سەرچاوە سروشتییانە بگەیەنن کە بۆ ژیان و بەقای خەڵک زەروورن. لەلایەکی دیکەوە، گۆڕین و تێکدانی ژینگەی گەلی قەڵاچۆکراو وەک یەکێک لە توخمەکانی پێناسەی ژینوساید سەیر دەکرێ.

پێنجەم و لە هەمووی گرینگتر بۆ پێوەندیی نێوان پرسی ژینگە و مافی گەلانی بێدەوڵەت، مافی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومییە. بەپێی هەموو ئەو پەیماننامانەی لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ئاستی ناوچەیی بەتایبەتی ئورووپادا سەبارەت بە مافی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومی پەسند کراون، پێویستە دەوڵەتان لە پرۆگرامە میللی واتە سەراسەری، و هەرێمییەکانی گەشەسەندندا، ئەو گەل و کەمایەتییانە بەشدار بکەن و ڕاوێژیان پێ بکەن هەتا بە هاوبەشی لەگەڵ وان و بەشێوەی پێشوەختە کاریگەریی ئەو پلان و پرۆژانە لەسەر ژینگە و ناسنامەی ئەوان هەڵبسەنگێندرێ و ئەولەوییەتەکانی خۆشیان لەبواری بەڕێوەبردن و سوودوەرگرتن لەو سەرچاوە سروشتییانەی لە ناوچەی ئەواندا هەڵکەوتوون، دیاری بکەن. مەسەلەیەکی دیکە کە پێم وابێ کاک سەلاحیش ئاماژەی پێ کرد شەفافیەت و مافی زانیاری لەبواری ژینگەدایە کە یەکێتیی ئورووپا زۆری کار لەسەر کردوە. کاک مەنسووریش ئیشارەی بە باش حکومڕانی کرد کە لێرەشدا زۆر دەق و سەرچاوەی حقووقی هەن کە ئەگەرچی زۆرتر لە چوارچێوەی ئورووپادا ئیعتباریان هەیە، بەڵام دەتوانن بۆ کەیسی گەلی ئێمە و بەگشتی لە ناوچەی ئێمەشدا بەسوود و ئیلهامبەخش بن.

*کاک سەلاح لە نێو قسەکانتاندا ئاماژەیەکتان بە هەمیشە زیندوو، شەهید شەریفی باجوەر کرد وێڕای ئەوەی کە پێم خۆشە بڵێم: «سەری ڕێز و نەوازش بۆ بەرێزیان و شەهیدانی ژینگە دادەنەوێنم». دۆخی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی ئێستای کوردستان چۆن دەبینن، کە ئێستا لە ژێردەسەڵاتی ڕژیمدا کار دەکەن، ئەوان لە چ دۆخێکدان و کردەوەکانیان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*



ڕێکخــراوە مەدەنییــەکان و لێرەدا ڕێکخــراوە ژینگەپارێزەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیــان لــە هاوکاریکردن و بەرزکردنەوەی هۆشــیاریی گشتی سەبارەت بە ژینگە و سروشــت هەیە. لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا، ڕێکخراوەکان لە پێش بەرپرســانی حکومییەوە جوڵاونەتەوە و بەو هۆیەوە توانیویانە کــە متمانەی گشــتی بــە دەســت بهێنین و توانیوویانە ئەنجامی باشتریشیان ببێت.

لەڕاستیدا دەبوو دەزگاکانی حکوومەت ڕۆڵی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوە ژینگەپارێزانەیان وەک هەلێکی زێرین بەکار بهێنابا بۆ جێبەجێکردنی زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵگا و ژینگە، بەڵام بە داخەوە بە پێچەوانەوە لە زۆربەی ئەو کارانەی وا ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەی خۆبەخش دەیکەن، دەســتێوەردان دەکرێت. زۆر جاریش دەبینین کە بەڕێوبەرانی ئەو ڕێکخراوانە هەڕەشەیان لێ دەکرێت یان زیندانی دەکرێن.

ئەگــەر چــاو لــە ژمــارەی ڕێکخــراوە ژینگەپارێــزەکان بۆ نموونە لە پارێزگای ســنە بکەین، ئەوا دەبینین کە لە دوای ساڵی ٨٩ دا ڕێگری لە دامەزراندنی ڕێکخراوی دیکە کراوە.

ئەمــە ئەوە دەســەلمێنێ کــە حکوومەت وەکــوو خۆی مافــی فیلترکردن و ســنووردار کردنــی ڕێکخــراوە کان بۆ خۆی بــە پارێزراو دانــاوە و بــە دوو بەری باش و یان ســەر بە ڕەوییــەی حکوومــەت و بەری خــەراپ یان ئەوانەی کە پاراســتنی ژینگە بە ئەرکی خۆیان دەزانــن تا ئەوەی کە بکەونە بازنەی هێزەکانی ناو کۆمەڵگا، دابەشیان دەکات.

حکوومەت زۆرجار لەم دەڵاقەیەوە هەوڵ بۆ لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوانە دەدات کە ئامانجیان ئاگادارکردن و ڕێکخستنی خەڵکە بۆ پارێزگاری لە سروشــت و ژینگەیەکــی جوانتر. هۆکاری ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە حکوومەت هەرجۆرە هەوڵدانێــک بۆ بەڕێکخراو کــردن و ئاگاداریی خەڵک وەکوو هەڕەشەیەک لە سەر دەسەڵاتی خۆی پێناسە دەکات.

بۆیــە هێندێ جــار خــۆی دەس دەکات بە ڕێکخســتنی هێنــدێ ڕێکخــراوە بە ناوی ڕێکخــراوەی ناحکومی و بۆ بەســتنی دەنگی کۆمەڵــگای مەدەنی و مانــوردان بەئەوەی کە ئــەوا ئیمە لە گــەڵ هەمــوو ڕێکخراوەیەکین کە بەرژەوەندییەکانی سیســتەمی دەسەڵاتدار قەبووڵ دەکات.

بۆیە ئەوە دەبینین و دەبیسین کە ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزەکان لە کوردســتان و بە تایبەت لە ســاڵانی ڕابردوودا لە ژێر فشارێکی زۆردا کار و چالاکی دەکەن. هەر ئەم فشــار و ڕێگرییەی حکوومەتە کــە دەبێتە هۆی گیان لەدەســتدانی لاوانی ئازیز و دڵسۆزی ژینگەی کوردســتان. بــەڵام بە هەموو ئەو فشــارانەی حکوومەتیشــەوە، کارێکی زۆر گەورە کراوە لە لایەن ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی کوردستانەوە و ڕێگایش درێژەی هەیە.

*پێشنگ کاک دوکتور باقر وەکوو پرسیاری ئاخــری میزگردەکەمــان، پێــم خۆشــە پرســیارێکی سیاسیتان لێ بکەم، ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام باسی لەسەر ئەوە کردووە، کە فرۆشتنی گاز و کارەبا بە وڵاتانی ئەفغانستان، عێراق و تورکەمەنستان وەک کارتێکی دیپلۆماســی بەکار دێنێ و جۆرێک باس لەسەر دیپلۆماسیی وزە دەکا، ئایا ڕێژیمی کۆماری ئیســلامی لە ئێستادا لــە ڕووی ژێرخانەوە توانایی ئەوەی هەیە کە دیپلۆماسیی وزە بەکار بێنێ و کارتێک بێت بۆی لە ناوچەکەدا؟*



هەروا کە ئاماژەم پێ کرد، ئەبێ بە نرخ و قیمەتی بەرهەمهێنانی یاکوو گۆڕانــی ئــەو وزەیە، ئێســتا کە حکوومەتــی ئێران لە گەمارۆدایــە و ناتوانێ لە بازارەکانی جیهانیــدا نەوت و گازایل و بەقەولی خۆیان موشــتەقاتەکانی بفرۆشێت، دەبینین کە ئەو بەرهەمانە دێتەوە بۆ کەرتی دروست کردنی

کارەبا کەڵکی لێ وەردەگرێت یانی بە واتایەکی تر، نرخی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێراندا زۆر زۆر لەخوارێیە، ئەمە ڕاستییەکە. خزمەتت عەرز بکەم خاڵێکی تریش ئەوەیە کە هەروا کە ئاماژەم پێ کرد لە سەدا ٩٢ی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێراندا هی وێستگەکانی هەڵمییە. هەروا کە باسم کرد نەتەنها بەرق ئەنێرێ بۆ وڵاتێکی تر، بەڵکوو هەمزەمان خەریکە ئاویشیان بۆ دەنێرێ. ئەوە شتێکە کە زانایان بە ناوی ئاوی مەجازی باسی دەکەن، ئێستە ئەم دوو مەوردە کە خزمەتتانم عەرز کرد، با سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی کە ئەو باسە، باسێکی بە بڕوای من پسپۆڕیی من نییە، بەڵام من وەکوو بۆخۆم ئێزنی ئەوەم هەیە کە بیرورای خۆمم بێ سەبارەت بەم شتە، باسێکی ژێئۆپۆلیتیکییە، ئێران نەتەنها کە کارەبا بۆ وڵاتانیتر دەنێرێ، بەڵکوو بەتایبەت لە وەرزەکانی تاوسان و زستاندا، ئەمە ئاماری ساڵی ٢٠١٨یە لە وەرزەکانی تاوسان و زستانی ساڵی ٢٠١٨دا تەنانەت خۆی پێویستی بەوە بوو کە کارەبا لە وڵاتانیترەوە بێنێ، ئەوەی کە هەر وەکوو جەنابت ئاماژەت پێ کرد لە ئازەربایجان و تورکمەنستان و ئەرمەنستانەوە کارەبا بۆ ئێران هاتووە. هەناردنی کارەبایش لە ئێرانەوە زۆرتر دەچێتە عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و ئەرمەنستان و تورکییە، کە چاو لەم وڵاتانە دەکەین، بۆ هێنانی کارەبا و هەناردنی کارەبا، وڵاتێک کە زۆر سەرنجڕاکێشە ئەویش ئەرمەنستانە. ئەرمەنستان بۆ من بە گرینگی دەزانم و ئاماژەم پێ کرد، ئێمە لە ناوچەدا شەڕی هێژموونی ئێران و عەرەبستان و تورکییەمان هەیە، لێرە ئێران بە بابەتی وزە یاکوو ئاو تێت لێرە ئەو کایەی سیاسیی خۆی دەکات، ڕەنگە بۆچوونەکەی من، بۆچوونێکی ژیرانە نەبێت، من بەداخەوە یا جێگای خۆشحاڵییە سیاسەتم نەخوێندووە، ئەوەندە سەرم لە سیاسەت دەرناچێ، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو شتانەی کە من تیژ چاوی لێ دەکەم، بیروڕای من ئەوەیە کە نەتەنها بابەتی ئەو کارەبایە بەڵکوو بابەتی ڕۆباری ئاراسیش لێرە دێتە گۆڕەوە. لەگەڵ ئەرمەنستانا ئەو نێوان خۆشییە ڕەنگە سەبارەت بەوە بێ کە ئەو هەمسەنگییە یاکوو ئەو تەرازێ کە ئێران دەیەوێ لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا دژی تورکییە ببێت یاکوو بەحسی قەرەباغ و شتی وا لەبەرچاو بگرێ. بەتایبەت ئەوەی کە لانیکەم ١٣ ساڵە کە لەسەر پیس بوونی ئاوی ئاراس لە نێوان ئێران و ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا وتوویژ بووگە و ئەمەش ڕاستییە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی پیس کردنی ڕۆباری ئاراس، وڵاتی ئەرمەنستانە، کە هەموو پاشماوە و ئەوانەی کە لە بابەتی کەرتی پیشەسازییەوە دەبێ، یەکڕاست دەیکاتە ناو ئەم ڕووبارەوە و ئێران تا ئێستا نەبووگە کە بەڕاستی دژی ئەرمەنستان هیچ سیاسەتێکی گرتبێتە بەر کە ئەم ئاوە بۆ ئەوەندە پیس دەبێ و لە ڕۆژنامەکان و چاپەمەنییەکانی ئێرانیشدا باسی ئەوە دەکرێ کە تەنانەت ئەو شوێنانە کە لە ئاوی ئاراس کەڵک وەردەگرن، نەخۆشینەهایەکی وەکوو، شێرپەنجە لەوێدا زۆر زۆرە. بابەتێکی تر هەر دووبارە بگەڕێینەوە سەر ئاو، باسێکی ئاوە و بە تیروتەسەلی لەسەری باس کرا. خزمەتتان عەرز بکەم بابەتێک کە هەیە، ئاماژەی پێ نەکرا ئەویش بابەتی نێوان ئێران و ئەفغانستانە، گێرە و کێشەی هیرمەند ئەوە ناکۆکییەکە کە هێشتا کە هێشتاس حەل نەبووگە. من لەگەڵ کاک ئاسۆم، بیروڕای جنابیان زۆر بە جێگەیە، لە وڵاتانێکدا کە مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی هەیە، ئەو موشکڵانە زۆر بە ڕاحەتی حەل دەکرێ. من بیرەوەریی خۆم ئەو سەردەمەی کە لە ئەفغانستانا بووم، ئەوە بوو کە باسی ئەوە دەکرا بەڵگەم نەبینی، بەڵام وەکوو باسی ئەوە دەکرا کە حکوومەتی ئێران چەک ئەدات بە تاڵەبان کە دژی ئەو بەنداوە تازەیەی کە خەریکن لە نزیکی مەرزی ئێرانەوە دروستی دەکەن، هەڵسوکەوتی بێت و تەنانەت ئەو کەسانەی کە لەو پرۆژەیەدا کاریان دەکرد دەیانڕفاندن و تەنانەت کارهایەکی تێرۆریستییان ئەنجام ئەدا.

”

گفتگو با

# عیسی بازیار (آوات)

“

عیسی بازیار(آوات)، به مدت ۱۳ سال در ایران در کار پاکسازی مین بوده و به دلیل مخالفت با نحوه‌ی پاکسازی واعتراض به وضعیت قربانیان مین، ابتدا ممنوع الفعالیت شده و سپس به زندان افتاده است. وی بعدا از ایران خارج شده و در حال حاضر مدت شش سال است که در زمینه خطرات مین به اطلاع رسانی و آگاه کردن شهروندان مشغول میباشد. وی همچنین چند کتاب راجع به مین و میدان‌های مین در ایران نگاشته است. نوشته بالا خلاصه‌ای از پروفایل یک متخصص پاکسازی میدان‌های مین است، فردی که دردها را از نزدیک دیده است و در واقع با مین و قربانیان مین زندگی کرده است. آقای بازیار در این شماره مجله تیشک به چند سوال ما در مورد مین پاسخ داد.

*تیشک آیا آمار دقیقی از تعداد مین‌های کاشته شده در ایران موجود است؟ اصولا در ایران پاکسازی مین انجام میشود؟*



از لحاظ تعداد آمار مینها هیچ آمار مبسوط و آماری که بتوان به آن استناد کرد وجود ندارد اما به طبق گفته‌ها و بر اساس آمارها نسبت به مساحت میتوان گفت چهار ملیون هکتار از اراضی در پنج استان ایران آلوده به مین و گلوله‌های عمل نکرده هستند که بیشترین آن یعنی یک میلیون وسیصد هزار هکتار در استان خوزستان و مابقی در استانهای «کردستانی» واقع شده‌اند. میتوان گفت استانهای آذربایجان غربی، کردستان، کرماشان و ایلام تقریبا دوهزار و هفتصد منطقه آلوده دارند که تقریبا تخمین زده میشود در حدود ۱۶ میلیون مین وجود داشته باشد.

البته پاکسازی هم انجام شده ولی پاکسازیهایی که انجام شده بر پایه‌ی استانداردهای بین المللی پاکسازی نبوده است. و همین موضوع هم متاسفانه خطر به مراتب بزرگتری ازعدم پاکسازی برای ساکنین به وجود آورده است. به عنوان مثال جایی که دولت اعلام اتمام پاکسازی کرده، جشن هم گرفته در استان کرماشان، ملت به هوای اینکه این گفته، گفته‌ی دولت است و میشود به آن اعتماد کرد، به آن مناطق رفته و روی مین میروند. یعنی کاش هیچ پاکسازی ای انجام نمیشد، علائم و تابلوهای خطر مین را جمع نمیکردند که مردم هنوز این خطر را احساس بکنند، شاید به مراتب تعداد قربانیان کمتر میشد.

میادین مین خودی به این صورت هستند. میادین مین دشمن هم مشخص هستند. یعنی ما میتوانیم بفهمیم که آرایش مینها چگونه است. میتونیم بفهمیم در هر هکتار چند عدد مین وجود دارد یعنی خیلی منظم هستند. مهندسها این مینها را کاشته‌اند. یگان مهندس متخاصم این مینها را کاشته و این نوع میدان مین بیشتر درکرماشان ایلام و خوزستان هستند. البته در استان کوردستان هم هست ولی به صورت خیلی نادر. یعنی در مناطقی که دشت و محل عبور ومرور خودرو باشند، بیشتر میادین مین توسط عراق درست شده و معروف به میادین مین بلاک شرق با آرایش بلاک شرق هستند که از لحاظ تخصصی یک آرایش مخصوص است که به صورت نواری و ردیفی وبه صورت خوشه کاشته میشود. شرح و بست این موضوع ازلحاظ تخصصی از بحث ما خارج است، ولی دراستانهای کرماشان، ایلام و خوزستان این نوع میدان مین به وفور یافت میشود؛ حتی میشود گفت هزار هکتار. هر میدان مین میشود گفت هزار هکتار است. من دیدم که مثلا در مناطق شلمچه و مناطق دورج درایلام، یا در سومار کرماشان، هزار هزار هکتار مداوم میدان مین وجود دارد. یعنی میدانی مینی هست که

هم میدانیم میدان مین است، هم اینکه علامتهای مخصوص دارد؛ آرایش مخصوص دارد و دارای یک چیدمان بسیار بسیار مهندسی شده هست که حتی پاکسازیش برای ما راحت است.

برای یک نفر پاکسازی کننده، برای یگان پاکسازی کننده، پاکسازی این نوع میادین مین بسیار راحت است. شما سرنوار را که پیدا کنید، میدان مین را که کشف کنید، یک دور در میدان مین که بزنید، مختصات میدان مین دستتان می آید و میدانید چه جوری پاکش کنید. ولی، خطر بزرگ هم برای ما به عنوان یگان پاکسازی ومردم وجود پایگاههایی است که دراستان کردستان بیشتر یافت میشود. اینها خطر به مراتب بیشتری دارند. ما آلان همانطور هم که شاهد هستیم بیشترین تجمع قربانیان مین دراستانهای کردستان و آذربایجان غربی میباشد.

*انفجار مین به یک واقعیت در زندگی روزانه مردم تبدیل شده است، شما سالها قربانیان این انفجارها را از نزدیک دیده‌اید. می‌توانید در مورد وضعیت آنها مقداری برای ما توضیح دهید؟*



کمیسیون ماده‌ی ۲ و استانداری، بعد ازجنگ مسئول رسیدگی به پرونده‌های قربانیان مین و بقایای انفجاری هستند. در دستورالعمل این کمیسیون نوشته شده که این کمیسیون مسئول رسیدگی به پرونده‌ی قربانیان مین و بقایای انفجاری است.

در ابتدا این کمیسیون ماده‌ی ۲ به دلایلی مثل سهل انگاری، خروج از مرز و ورود به منطقه‌ی ممنوعه پرونده‌ها را رد میکرد که دربهمن فکر میکنم ۷۸ مجلس ایران یک تبصره‌ای به این قانون اضافه کرد که سهل انگاری و ورود به مناطق ممنوعه را پوشش بدهد، یعنی دیگر این دلایل در پرونده ذکر نشوند. ولی ما هنوز هم میبینیم که باوجود اینکه این قانون در مجلس تصویب شده و اجرایی شده است، هنوز کمیسیون ماده‌ی ۲ بسیاری از پرونده‌های قربانیان را به خصوص در مناطق کردنشین، به دلایل واهی مثل کولبری مثل خروج از مرز و سهل انگاری مثل دست زدن به مین رد میکند. چرا؟ چون کمیسیون ماده‌ی ۲ متشکل ازافرادی است که حکومتی هستند یعنی قرار است که کمیسیون ماده‌ی ۲ به عنوان وکیل مدعی العموم از طرف قربانیان باشد اما عملا ابزار دست قدرت حاکم بوده و به نفع حکومت کار میکند و پرونده‌ها را رد میکنه که مستمری و دیه به آنها داده نشود.

برای مثال درمریوان، بانه و مخصوصا پیرانشهر و سردشت، با وجود اینکه قربانی زیاد دارند، تعداد پرونده‌هایی که به آنها رسیدگی نمیشود و توسط کمیسیون ماده‌ی ۲ استانداری در تعلیق قرار گرفته‌اند بسیار زیاد است. من حالا در ادامه کمیسیون ماده‌ی ۲ استانداری روهم توضیح میدهم که چیست.

*چرا میدانهای هزار هکتاری پاکسازی نمیشوند؟ آیا از این میدان‌ها برای تغییر دموگرافی استفاده میشود؟*



در استان خوزستان کار پاکسازی انجام میشود. از میدانهای مین برای تغییر دموگرافی استفاده نمیشود. البته تغییر دموگرافی و در بعضی نقاط انجام گرفته است. بسیج و سپاه و مجموعه‌ای مثل «جهاد نثر»، زمینهایی را که پاکسازی میکنند، برای خود برمی‌دارند و در واقع به همان بسیجیها و پاسدارها واگذار میکنند؛ این هم میتواند به نوعی تغییر دموگرافی باشد، اما در کل در خوزستان کار پاکسازی خیلی بهتر انجام میشود. چون آنجا هم نفت هست، هم کشاورزی خوبی دارد، یعنی سود دارد برای دولت پس کار پاکسازی آنجا بهتر انجام میشود.

*پیشرو: آیا میدان‌های وسیع چند صد هکتاری هم از مین پاک می‌شوند؟*



میدانها پاک میشوند، اما از اول گفتم میدانهای ۱۰۰۰هکتاری، ۱۰۰هکتاری، ۵۰۰ هکتاری یا هر میدان مین دیگری، هرچه که باشد، پاک میشود، منتها پاکسازی اصولی نمیشوند. مشکل ما با دولت بر سر این است که کاش پاکسازی نمیکرد، چون پاکسازی غیراصولی خطرش بیشتر از پاکسازی نکردن است، اگر پاکسازی نکند خوب مردم میدانند جاهایی مین هست، نمیروند آنجا. ولی وقتی پاکسازی غیر اصولی میشود، برای مردم منطقه ضرر دارد.

*پیشرو: شما مرتبا به استثنا بودن میدانهای مین کوردستان اشاره می‌کنید، این استثنا در چیست؟*



میادین مین در کردستان و استانهای کردنشین به دودسته تقسیم میشوند، یک دسته پایگاههای خودی هستند، یک دسته مینهای دشمن. پایگاههای خودی مثل پایگاههایی که درزمان جنگ برای مقابله با احزاب کردستانی درست شده‌اند.

مثلا ۴۰ کیلومتر ۵۰ کیلومتر و حتی درجاهایی مثل دیواندره، ۱۰۰ کیلومتر از مرز در داخل خاک جغرافیای ایران پایگاه هست و اطرافش را برای حفاظت فیزیکی ازپاسگاه مین کاشته‌اند.

بعد از اتمام جنگ و اتمام «مخاصمه» بین احزاب کرد و جمهوری اسلامی، به صورت رسمی پایگاهها کاربری خودشان را ازدست میدهند وجمع میشوند. اکثر پاسگاهها جمع میشوند و مینها میمانند. اما اقدام به پاکسازی مینها نمیکنند. معمولا پایگاهها هم بالای تپه‌ها بوده‌اند، یا همانجا انسانها رفته‌اند روی مین، یا اینکه مین براثر تغییرات جوی مثل باران و برف، مخصوصا با ریزش سیلابها در فصل بهار، از بالا دست به پایین دست آمده و دم در خانه‌ی مردم می آیند. یعنی عملا در کردستان، که منظور استانهای کردستان و آذربایجان غربی هم هست، مینها بارها و بارها دم در خانه‌ی مردم، در محل بازی کودکان، در محل رفت وآمد عمومی مردم، در باغهایشان، درزمینهای کشاورزیشان پیدا شده‌اند.

من یک مثال کوچک بزنم: درنشکاش مریوان، درحیاط مدرسه‌ی یک روستا مین منفجر میشود. خب این مین دیروز کاشته نشده، قطعا روزهای قبلش هم کودکان در آن محوطه بازی کرده‌اند، این مین از کجا آمده؟ بالای تپه‌ی نشکاش من خودم به صورت میدانی آنجا رفتم و دیدم بالای روستای نشکاش یک تپه بوده، آنجا یک پایگاه بوده و پایگاه سالها قبل کاربریش را ازدست داده. ولی سالهای قبل کوله‌برازآنجا عبورکرده رفته روی مین، پس مردم که دیگر خطر مین را میدانستند آن دور و بر نمیرفتند، اما مین

به‌وسیله‌ی آب باران و برف به محل بازی بچه‌ها منتقل میشود و متاسفانه ۷ کودک درسال ۹۱ درهمان روستا روی مین رفته و ناقص میشوند.

*پس مسئله رانش مین با تغییرات آب و هوایی بسیار جدی است؟*



این مسئله بسیار جدی است. حتی در بروجرد در کودکی یادم است که زاغه‌ی مهماتی بود، اطراف پادگان مهندسی بروجرد مین کاشته بودند، این مین به وسیله‌ی آب باران قل خورده بود، آمده بود تا منازل سازمانی و آنجا یک بچه رفته بود روی مین و پایش را ازدست داده بود. یا درکرخه به وسیله‌ی زه کشی یک نوع مین سبک هست، مین تی اس ۵۰ که روی آب شناور شده بود؛ آمده بود توی مزارع «نیشکرهفت تپه» و آنجا پای یک نی بر را گرفته بود. یعنی انفجار مین پای یک کارگر «نیشکرهفت تپه» را گرفت.

*میدان‌های مین چه تاثیری بر محیط زیست دارند؟*



تاثیر انفجار مین بر محیط زیست را ما بارها دیده‌ایم. در مناطق جنگلهای بلوط مریوان دوسال پیش یک منطقه‌ای آتش گرفت و مردم و نهادهای غیردولتی وNGO هایی که مردم خودشان برای حفاظت از جنگلها و محیط زیست درست کرده‌اند، رفتند آنجا و متاسفانه ۳ جوان که برای خاموش کردن آتش جنگلها رفته بودند، بر اثر انفجار مین کشته شدند. همین وقایع باعث میشود اگر جایی آتش گرفت که احتمال خطر مین هست، کسی آنجا نرفته و بگذارند آن منطقه بسوزد چون جان افراد مهمترازبحث محیط زیست است.

یعنی آن افرادی که واقعا به‌صورت داوطلبانه میروند، یا اینکه خودشان میترسند یا اینکه اجازه نمیدهند. کسی به آنها اجازه نمیدهد. یعنی مردم، همان نهادهای غیردولتی، اجازه نمیدهند به آن مناطق بروند. ما سعی کردیم برای نهادهای غیردولتی مناطقی که آلوده به مین هستند را شناسایی کنیم و به ایشان اطلاع بدهیم. این مساله که فلان جا در فلان منطقه خطر انفجار مین هست، اگر آنجا آتش گرفت یعنی همکاری بین ما و بعضی از گروههای حافظ محیط زیست درمناطق کردنشین این بوده که ما به آنها گفتیم و آنها هم طبق شواهدی که بوده، خودشان یا از قبل میدانستند یا به حرف ما اعتماد میکردند. این باعث میشود که تخریب محیط زیست، به دلیل آتش سوزیهای مکرر به شدت صورت بگیرد.

*آیا میدان‌های مین تاثیری بر اقتصاد کشاورزی و دامپروری هم گذاشته است؟*



ببینید درمناطق کردستان، مردمی که درمعرض انفجار مین هستند، چه دراستانهای ایلام و کرماشان و چه کردستان و آذربایجان غربی، بیشترین درآمد مردم این منطقه، درآمد اندکی که دارند، از طریق دامپروری و کشاورزی است.

این زیربنای بسیار بسیار ناقص امرارمعاش و زیر بنای اقتصادی درمنطقه هست، که زیربنا هم نیست، درواقع تعریفی اززیر بنا ندارد، به اجبار و به طور سنتی ازاجداد ما به مارسیده است. به دلیل وجود مینها همین کار را هم دیگر نمیشود کرد. مثلا حتی در جنوب استان ایلام، ما عشایری داریم ازعربها، عشایری داریم ازکرماشان می آیند درزمستان ، شاید به شما بگویم که طایفه‌ی

«زنگنه» یا طایفه‌ی «قیاسان» که ازهمدان می آیند، بالاترین آمار قربانیان مین را دارند. بسیاری از ایشان وقتی عزیزانشان کشته شدند، ترجیح دادند که نیایند به این سمت یا گله را بفروشند. من شاهد بودم خانواده‌ای بودند که گله را فروختند بعد از اینکه پدر خانواده رفت روی مین، برادرش رفت روی مین، برای اینکه کس دیگری قربانی نشود گله را فروخته و دیگر این کار را نکردند. یا درروستایی دراطراف مریوان، روستای «اسناوا» (در کردی «ئاسناوا» و در فارسی «اهن اباد») معدن آهن زیر روستا هست.

پاکسازی این میدان مین آنقدر بد بوده که تمامی مردم منطقه‌ی «آسناوا به اطراف مریوان کوچ کرده و درمحله‌ی «سردوشیهای» مریوان ساکن شده‌اند و کسی غیر از یک دهیار و یک مامور برق آنجا نمانده بود. سرانجام دهیارهم رفت روی مین. اقای عمر دهقانی دهیار روستا بود. ایشان هم پایشان را ازدست دادند و دیگر عملا روستای «اسناوا»، به دلیل انفجار مین تبدیل به روستای خالی از سکنه شده است. خانواده‌ای هستند که من میشناسمشان. در محله‌ی «سردوشیهای» مریوان زندگی میکنند. ۳ عضو این خانواده که از اهالی روستا بودند قربانی مین شدند، به همین دلیل ترجیح دادند به مریوان کوچ کرده و در دوروبر شهر مریوان به مشاغل کاذب بپردازند. یعنی از کار کشاورزی دست کشیده‌اند.

ازاین دست روستاهایی که به دلیل مین خالی از سکنه شده‌اند، درخوزستان هم موجود است. درشلمچه تقریبا ۲۶ روستا به دلیل وجود مین، بطور کامل تخلیه و ساکنان آنها در حاشیه‌ی شهر خرمشهر ساکن شده‌اند. و در واقع این مین باعث تخریب زیر بنای اقتصادی خانواده‌ها شده است. من خودم شاهد بودم در «برده‌رشه‌ی» مریوان، مناطق «ساوجی» درمریوان، در»ارمرده‌ی» بانه، در جنوب استان ایلام، در منطقه‌ی «دورج»، در منطقه‌ی «موسیان»، وجود خطر انفجارمین باعث شده است که عملا ازچرخه‌ی کشاورزی خارج بشوند.

من یادم است که درسال ۸۹ یک مرد روستایی با تراکتورش درمنطقه‌ی «موسیان» درحال شخم زدن با مین ضد تانک برخورد میکند و متاسفانه کشته میشود در حالی که منطقه پاک اعلام شده بود. یعنی مردم، به خاطرانفجار مین ترجیح میدهند که زمینها را از چرخه‌ی کشاورزی خارج کنند. در»مهران» هم من چنین چیزی دیدم. تفاوت ایلام، کرماشان وخوزستان با کردستان این است که اجتماعات انسانی مثل روستاها، مثل شهرها، بسیارازمیدان مین دورهستند. یعنی شما فکر کنید مثلا میادین مین «موسیان» شاید ۳۰ یا ۴۰ کیلومتر با اولین روستا فاصله داشته باشند یا درشلمچه مثلا ۵۰ کیلومتر با اولین شهر با اولین روستا فاصله داشته باشند یا در «دورچ»، ۱۰۰ کیلومتر یا

۵۰ کیلومتر، البته با روستا نه ولی با اولین شهر بزرگ که «دشت عباس» باشه ۱۰۰ یا ۱۵۰ کیلومتر فاصله دارند. ولی درکردستان عملا میادین مین درخانه‌ی مردم هستند. یعنی ما اگر از لحاظ جغرافیایی حساب کنیم از منطقه‌ی هورامان به بالا از «نوسود، نودشه» همین مناطق را هم در نظر بگیریم، عملا میادین مین درزمینهای کشاورزی مردم هستند. حتی درمحل رفت وآمدشون هستند و متاسفانه میادین مین جدیدی که کاشته میشود، این هم مزید برعلت شده و خیلی از مناطقی که دولت کنترلی بر مرزها ندارد آنجا مین میکارد وخودش هم قبول کرده که به عنوان یک سازوکار دفاعی هنوز مین را میکارد. متاسفانه بر خلاف تمام کنواسیونها ومعاهده‌های جهانی، مین میکارد، مین میسازد و مین میفروشد. بارها درافغانستان مین ایرانی پیدا شده، دریمن همینجور، درسوریه بسیار بسیارزیاد پیدا شده. یعنی هم مین میکارد، هم مین میسازد و هم مین میفروشد و بیشتر کاشتش هم در مناطق کردستان و سیستان و بلوچستان هست.

*پس در عمل میدانهای مین مسبب آن شده که بیکاری در کوردستان افزایش پیدا کند؟*



بله صد درصد!! وجود مینها بیکاری را افزایش میدهد. در کردستان کار کوله‌بری را بیشتر میکند چون اگر پاکسازی بشوند، پاکسازی اصولی بشود، مردم خیالشان راحت میشود از میدان مین و دیگر سراغ کار سختی مثل کوله‌بری نمیروند و کشاورزی میکنند که شاید سودش بیشتر از کوله بری باشد؛ یا حتی دامداری و یا کارهای زیر بنایی و اصولی نه مشاغل کاذبی مثل کوله بری.

*باتوجه به حرکت مینها در پی باران و برف آیا امکان آن هست، مینهای موجود آبهای جاری و زیر زمینی را آلوده کنند؟!*



بله!! در آلوده کردن آبهای سطحی صددرصد. بعضی از مینها هستند که روی آب می افتند و تکان میخورند، حرکت می کنند و باعث آلودگی آبها میشوند، و همچنین زمینهای بکر که آلوده به مین نیستند را نیز آلوده میکنند که این به معنی در خطر افتادن بیشتر جان مردم است.

ولی در مورد آبهای زیرزمینی، نه مین قادر نیست که اینقدر پایین برود که به یک سفره آب زیر زمینی برسد.

*رژیم در یک اعلامیه در سال ۹۲ در ایلام اعلام کرد که ۳۵۰ هزار هکتار زمین کشاورزی پاکسازی میشود؛ آیا اقدامی برای این پاکسازی انجام شده است؟!*



عملا در ایلام، کرماشان، کردستان و آذربایجان غربی کار پاکسازی خوابیده است و فقط در مناطقی که امکان استخراج نفت هست چه در کرماشان و چه در ایلام، در میدانهای نفتی کار انجام میشود. نه متاسفانه دولت تابحال در ایلام کاری انجام نداده است، مخصوصا در مناطقی که نفتی نیست هیچ کاری نشده و به دلیل کسری بودجه و مشکلات دیگر، بسیاری از تیمهای پاکسازی کارشان را تعطیل کرده‌اند و متاسفانه پاکسازی در اولویت قرار ندارد!!

*آقای بازیار از اینکه به سوالات ما پاسخ دادید بسیار سپاسگزارم.*

# ”وەرگێڕان“

# لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی لەمەڕ لێکەوتەکانی ئابووریی سەوز

ئەڵماس حشمەتی
و: ڕەشید حەیدەری

## پوختە

تێکچوونی بێوێنەی ژینگە لە ئاستی جیهاندا، پێویستیی پشتبەستوویی بە سیاسەتی ئابووریی سەوزی، وەک ئامرازێکی شوێندانەر و گرنگی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە، زیاتر کردووە. بارودۆخی هەنووکەیی، لێکۆڵینەوە، لێدوان و بێنەوبەرەی بەربڵاو و فراوانی لەنێو دەستە و تاقمە خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشە جیهانییەکاندا وروژاندووە. ئەمە بە نۆرەی خۆی بووەتە هۆی ئەوەی قەوارەیەکی روو لە هەڵکشان لە ئەدەبیات بێتە ئاراوە؛ ئەدەبیاتێک کە وێنەیەک لە کۆی هەنگاوە هەرە باشەکان دەخاتە روو کە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر بونیاتنانی ئابووریی سەوز، بە پەرەسەندن و ئەنجامەکانییەوە، هەیە. لەم وتارەدا، لێکۆڵینەوەی ئابووریی سەوز بە شێوازێک خراوەتە روو کە خوێنەری ئاسایش لێی تێبگەن. لە سەرەتادا دوا پێشکەوتنەکانی ئابووریی سەوز - لەوانە بناخە تیۆرییەکەی، پاشخانە سیاسییەکەی و ستراتیژیی پەرەسەندنەکانی بە ئاراستەی پەرەسەندنی راستەقینەی سەقامگیر و بەرگەگردا تاوتوێ دەکا. پاشان دەچێتە سەر باسی ئابووریی بازنەیی، تۆڕ، رێکخراو، سیاسەت، ژێرخان و کاریگەرییە شیاوی پێوان و چاوەڕوانکراوەکانی. لەبەر ئەوەی ئاکام و دەستکەوتە تیۆریک و ئەزموونییەکانی پەیوەندیدار بە ئابووریی سەوز و جێبەجێکردنەکەی دەبنە هۆی ژمارەیەک ئاکاموەرگرتن لەسەر پێوانەی گەشەسەندنەکان، دەرهاویشتەکان و دەستنیشان کردنی کاریگەرییە هۆییەکان، ئەمانە دەبنە باسی دواتری وتارەکە. سەرەنجام، وتارەکە کورتەگەلێک لە رێبازی گەشەسەندنی شیمانەیی سەوز لە ئێستا و داهاتوودا دەخاتە بەرچاو و لەسەر رێنیشاندان، سیاسەت، رێکخستن، لێوەشاوەیی، ناوچە و دەستێوەردانەکان ورد دەبێتەوە و پاشکۆی وا دەخاتە روو کە دەتوانن وەک رێنیشاندەری دڵخواز و هەرە باش خزمەت بە سیاسەت و لێکۆڵینەوەی پاشەڕۆژ بکەن.



## وشە کلیلییەکان

ئابووریی سەوز؛ ئابووریی سیاسیی سەوز؛ پێشکەوتنی دەوامدار و سەقامگیر؛ ستراتیژیی پێشکەوتن؛ ئابووریی بازنەیی؛ کار و پیشەی سەوز


## ژێدەر

ژێدەردانان بۆ ئەم لێکدانەوەیە بەم شێوەیە دەبێت:


Heshmati, A. (2018) ”An empirical survey of the ramifications of a green economy”, Int. J. Green Economics, Vol. 12, No. 1, pp. 53–85.



## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

ئەڵماس حشمەتی (Almas Heshmati) پرۆفیسۆری زانستی ئابووری لە زانکۆی سۆگانگە. ناوبراو خاوەنی پلەی هاوشێوە لە زانکۆی کۆریا، زانکۆی نەتەوەیی سێئول و زانکۆی کوردستان لە هەولێر بووە. ئەو لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٤دا یاریدەدەری لێکۆڵەر لە ئەنیستیتۆی جیهان بۆ لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی ئابووری بووە. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تا ساڵی ٢٠٠١ جێگری پرۆفیسۆر لە خوێندنگەی باڵای ستۆکهۆڵم بۆ زانستی ئابووری بووە. حشمەتی خاوەنی بەڵگەنامەی دوکتۆرا لە زانکۆی یۆتەبۆرییە {لە وڵاتی سوید}. لە بواری لێکۆڵینەوەدا، پتر هۆگری وردئابووریی پراکتیزەکراو(applied microeconomics)، کارایی(efficiency)، بەرهەمدەری(productivity) و هەڵدانی ئابووری(growth)یە. جگە لە زیاتر لە ١٥٠ وتاری زانستی، ناوبراو ٢٩ کتێبی لەسەر نابەرابەری، هەژاری، خۆشبژیوی، پێشکەوتن و هەڵدانی ئابووری بڵاو کردووەتەوە. ئەم

نووســراوەیە نوســخەی دەســکاریکراو و پەرەپێدراوی وتارێکە بە ناوی «لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونــی لەمــەڕ لێکەوتەکانــی ئابووریی ســەوز» کە ٣٠ ئۆکتوبری ٢٠١٥ لە ناوەندی لێکۆڵینــەوەی ئابــووری لە زوریــخ و ١١ی دیســامبری ٢٠١٤ لە ئەنیستیتۆی ئابووریی (Department of Economics) زانکــۆی ئادیس ئابابا، لە وڵاتی ئێتیۆپیا پێشکەش کرا.

## ١. سەرەتا

کاولبوونــی خێــرای ژینگــە و خراپبوونــی دۆخی کەشوهەوا، زەرووڕەتی پشتبەستن بە سیاسەتێکی نوێ و ناوازەی وەک «سیاسەتی ئابووریی سەوز»ی وەکوو ئامرازی شوێندانەری مامەڵەکــردن لەگەڵ ژینگــەدا زیاد کردووە. بارودۆخی گۆڕاو، بووە بە بزوێنەری مشــتومڕ و لێکۆڵینــەوەی باڵکێش لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە جیاجیاکانی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشــدا، لەوانــە ئابووریناســان، تەکنۆلۆژیســتان، ژینگەپارێــزان، کۆمەڵگــەی مەدەنــی، بەڕێوەبەران، یاســادانەران و بڕیاربەدەستان. بایەخ و ویســتی ڕوو لە هەڵکشان بۆ گۆڕان و تەرخانکردنی سامان و کەرەستەی ئابووری بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین لە بواری ژینگەدا بووەتە هۆکاری چوونەســەری قــەوارەی ئەدەبیات لەم بەســتێنەدا. ئەمە وێنەیەکی گشــتگیر لــە چارەســەر و نەریتە هەرە ناســراوەکان دەخاتە ڕوو کە لەســەر ئاقار، پەرەســەندن و ئەنجامەکانــی جووڵانەوەی ئابووریی ســەوز کاریگەریان دەبێت.

ســەوز، هۆشــمەند و جێگیر/بــەردەوام (Green, smart and sustainable) لــەو وشــە و پەیڤــە نوێیانەن کە لەم ســاڵانەی دوایییــدا لە پەیوەندی لەگەڵ گەشەســەندن و ژینگەدا گوێبیستیان دەبین. پێداگرییەکی زۆر لەســەر پەرەســەندنی ئابووری دەکرێت کە پەرەسەندنی گشــتیی مرۆڤ لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانیدا باشــتر دەکات. ســەرەڕای ئەوەش، دەکرێ ئابووریی ســەوز لە سۆنگەی جیاجیاوە ببینرێت، لەوانە سروشت و ئابووریی سیاســی، جێگیریــی ئابووری و ئاســایش و تیۆریی سیاسیی سەوز و سیستەم و «سامانی بۆ نۆژەنکردنەوە شیاو» و دەست پێوە گرتنیان. چەقی باســی ئەم نووسراوەیە بریتییە لە: (١) تیۆریی سیاســیی ســەوز و (٢) سیاســەتی ژینگەیی و پێوەندیدار بــە وزە. ئەمە لەگەڵ ڕەوتی ساڵانی دوایییدا دێتەوە.

بــەر لــەوەی بپەرژێینە ســەر چەمکی ئابووریی ســەوز، پێویســتە واتا و ناوەڕۆکی «ســەوز» لێرەدا ڕوون بکەینەوە. لە ڕوانگەی ســتاڤراکاکیس»ـەوە (١٩٩٧، Stavraka-kis)، «ســەوز» ئاماژە بە ئایدیا گشــتییەکانی پاراســتن و دەست پێوە گرتن ناکات. بەڵکوو بــۆ تاوتوێ کردنــی دیاردەیەکــی بەتەواوی نــوێ بەکار دەبرێت. چەمکی ســەوز بۆ ئەوە ئافرێندراوە تا ئاماژە بــە ژینگە و خراپبوونی ژینگە بــکات. ئەم چەمکــە بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی سیاسەتێکی نوێی ژینگەیی کە ڕیشــەیی و ڕادیکاڵە و پێویســتیی چوونەوە بە ڕوانگە و بۆچوونــە کۆنەکاندا دەخاتە ڕوو. ئەم چەمکە شــێوەی هەڵســوکەوتی ئێمە لە جیهانــی خۆماندا تووشــی ململانێ دەکات، (کۆنلــی و ســمیت ١٩٩٩، Connelly and Smith). هەرچەند «ســەوز» هێشتا دەکەوێتە نێــو چوارچێوەی پاراســتن و ژینگەوە، بەڵام بایەخ و واتایەکی گەورەتر لە لێکدانەوەیەکی سیاسیی هەیە، لەبەر ئەوەی پێشکەوتنەکانی بواری سیاسەتی ســەوز و ئیدیۆلۆژیی سەوز دەگرێتەوە. ئەوەی ئەم دیاردە نوێیە لە بیچم و شــێوەکانی ڕابردوو جیــا دەکاتەوە، پەیامە جیهانی و سیاســییەکانیەتی ســەبارەت بە سروشت و قەیرانە ژینگەیییەکان و پێوەندییان بە دنیای مرۆڤایەتییەوە. تیۆریزانی سیاسەتی سەوز، باری (١٩٩٩، Barry)، لە هەمبەری دوا ڕێگاچارە سەبارەت بە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت بە وریاییەوە دەجووڵێتەوە. ناوبراو،

لە دژی ڕێگاچارەی هەمیشەییی میتابۆلیزمی مرۆڤ-سروشت {میتابۆلیزم: پرۆسەی بە وزەکردنی خۆراک} و بە لایەنگری لە کۆپینگ میکانیزم {ڕێکارگەلی بەکارهاتوو لەلایەن خەڵکەوە لە کاتی تووشبوون بە دڵەڕاوکێ و تۆقاندندا. . . } بەڵگە دەهێنێتەوە.

لە سەر یەک، ژینگەخوازیی (Envi-ronmentalism) سەوز، پێداگری لەسەر ڕۆژەڤێکی نوێ دەکات کە ئامانجی «وەک خۆ لێکردنەوە»ی هاوسەنگیی لێکترازاوی نێوان مرۆڤ، سروشت و بەکار هێنانی سامان و سەرچاوە سروشتییەکان لەلایەن مرۆڤەوەیە. دەگوترێت کە ئەم نەزمە نوێیە کە لەسەر بناخەی جۆرە چەمکێکی سروشت وێنا کراوە، سەرەنجام دەگاتە دوا ڕێگاچارە سەبارەت بە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت. بە واتایەکی تر، ئامانجی ئایدیۆلۆژیی سەوز، چاکسازی و سەر لە نوێ خوڵقاندنی بنکە و دامەزراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکانە. ئەم سەر لە نوێ ئافراندنە بیچم بە پرۆژەیەکی سیاسی دەدات کە لەسەر بناخەی چەمکێکی تایبەتیی سروشت ئاوا کراوە.

ئەم نووسراوەیە، لە پلەی یەکەمدا، چاو لە دۆخی هەنووکەیی ئابووریی سەوز دەکات. وەک دەسپێک بە دوایین پەرەسەندنەکانی ئابووریی سەوزدا دەچێتەوە—لەوانە بناغە تیۆریکییەکەی، ئابووریی سیاسی و ستراتێژیگەلی پێشکەوتنخوازانە بەرەو پەرەسەندنی بەردەوام. پاشان ئابووریی بازنەیی، تۆڕ، ڕێکخراو، سیاسەت و ژێرخانی ئابووری بەر لە پشکنینی ئەنجام و دەستکەوتەکانی پێوەندیدار بە کرداری ئابووریی سەوز و پێوانەکردنی کاریگەریی ئەرێنیی ئابووریی سەوز لە سەر ژینگە، تاوتوێ دەکات. سەرەنجام، نووسراوەکە لە ڕەوتگەلی گرێدراو بە پێشکەوتنەکانی دوارۆژی ئابووریی سەوز دەکۆڵێتەوە و لەسەر ئاقار، سیاسەت، ڕێکخستن، بوار و دەستێوەردانەکان ورد دەبێتەوە. بەم شێوەیە، بە پێشکەشکردنی وێنەیەکی کامڵ و بەڕۆژکراوی پەرەسەندن و پراکتیکی ئابووریی سەوز لە دوو دەیەی ڕابردوودا، خزمەتێکی شایان بە ئەدەبیاتدەکات.

پاشماوەی ئەم وتارە بە شێوەیەی خوارەوە داڕێژراوە:

پاری ٢ وردەکاریی میتۆدی بەکارهاتوو لە لێکۆڵینەوەکەدا دەخاتە ڕوو. پاری ٣ چەمکی ئابووریی سەوز شی دەکاتەوە. پاری ٤ لەسەر بەرەوپێش چوونی ئابووریی سیاسیی سەوز و ستراتێژیی پەرەسەندنی سەوز چڕ دەبێتەوە. پاری ٥ژینگە و پەرەسەندنی سەقامگیر تاوتوێ دەکات. پاری ٦ بەرهەمی نەتەوەیی سەوز و ژمێریاریی سەوز دەخاتە بەر باس. پیادەکردنی ئابووریی سەوز لە پاری ٧دا دەخرێتە ڕوو. سیاسەتگەلی گشتیی هەڵبژێردراوی سەوز بە دەستێوەردانەکان و سیاسەتەکانی حکوومەتیشەوە لە پاری ٨دا باس کراون. لە پاری ٩دا سەبارەت بە پەرەسەندنەکان لە چالاکیگەلی سەوزدا پێداچوونەوە دەکرێت. لە پاری ١٠دا پوختەی پرۆسەگەلی پەرەسەندنی هەنووکەیی و شیمانەیی سەوز لە دوارۆژدا لێکدەدرێنەوە. جگە لەوەش، پاشکۆی ئەوتۆ دەخرێنە ڕوو کە دەتوانن وەک ڕێنیشاندەری شیمانەیی دڵخواز خزمەت بە لێکۆڵینەوە و سیاسەتی پاشڕۆژ بکەن.

## ٢. میتۆد

ئەم پێداچوونەوەیە بە شێوەیەکی تایبەتی لەو لێکۆڵینەوانەی سەر ئابووریی سەوز و پرسە تیۆریکی و میتۆدناسییەکانی پێوەندیداری ورد دەبێتەوە کە زۆربەیان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بڵاو کراونەتەوە. بۆ دیتنەوەی بابەت و وتارە گرینگەکانی پێوەندیدار بە ئابووریی سیاسیی سەوز، ژینگە، وزە و ستراتێژیی پەرەسەندنی بەردەوام و گشتگیر، لە دەسپێکدا خەزێنەی زانیارییەکانی ساینس دایرکت

(The Science Direct)، یادداشتەکانی پێژەی ئابووری (Journal of Economic Lit-erature - EconLit) و خەزێنەی یادداشت پشکێنران (Journal Storage – JSTOR). ئەم خەزێنەی زانیاریانە نزیک بە تەواوی ئیندکسی قسەهێنانەوە (نقل قول)ی زانستە ۆۆمەڵایەتییەکان (Social Sciences Cita-tion Index) و یادداشتگەلی ئابووری، وزە و ژینگەی نێو ئیندکسی قسەهێنانەوەی زانستی فراوانکراو (Science Citation Index Expanded - SCIE) و هەروەها یادداشتگەلی دیکەش کە لێرەدا ڕیزبەندی نەکراون، لە خۆ دەگرن. دوای کۆکردنەوەی لیستێکی بەرفرە، وتارەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی سەرچاوەی زیاتر کە لە خەزێنەی زانیارییە شوێندۆزیکراوەکاندا دەست نەکەوتبوون، پشکێنران. ئەم ژێدەرە نوێیانە، بە نۆرەی خۆیان، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی وتار، کتێب و ڕاپۆرتی پێوەندیدار لەسەر ئابووریی سەوز بەکار هێنران و بە لیستە بەراییەکە زیاد کران. ئەم پێڤاژۆیە ژێدەرەکانی بەرۆژ کردەوە، کە چۆنایەتییان لە ئاستی هەرە بەرزدایە.

چاوەڕێ دەکرێت کە میتۆدی بەکارهێنراو لە هەڵبژاردنی ئەدەبیاتی گونجاودا و خەسڵەتە سەرەکییەکانی، لەسەر ئەدەبیاتی فرەبەستێنیی ڕوو لە گەشە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی پێ بەستووە، بەرچاوروونی بە خوێنەر بدات. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بەوە لە بەرهەمی تر جیا دەکرێنەوە کە لێکۆڵینەوەی تیۆریک و ئەزموونی لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئابووریی سەوز، تەکنۆلۆژی و سیاسەتە گشتییەکانی لە خۆ دەگرن. ئەم لێکۆڵینەوانە ئامانجی هاوبەشیان ئەوەیە کە وێکڕا لەسەر چەمکی سەوز، ستراتیژیگەلی ئابووریی سیاسی و پەرەسەندن، گەشەی دەوامدار و ژینگەیی، بەرهەمی نەتەوەیی سەوز، بوارەکانی هەڵبژێردراوی سەوز و ئەو سیاسەتانەی کە دەبنە هۆی پێشخستنیان (یان پێشپێگرتنیان) و دوایین پەرەسەندنەکانی سەوز، ورد دەبنەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چەمکی سەوز دەست پێ دەکات کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کاولبوونی ژینگە و ناساندنی سیاسەتێکی نوێی ژینگەیی هاتووەتە ئاراوە. ئەم سیاسەتە نوێیە لەسەر «وەک خۆ لێکردنەوە»ی هاوسەنگیی لێکترازاوی نێوان مرۆڤ و سروشت پێداگری دەکات. ئەدەبیات لەسەر سیاسەتی سەوز، لە تیۆرییەکی سیاسیی سەوزەوە هەوێنی گرتووە کە کۆمەڵگەی پیشەسازی لە پێوەندی لەگەڵ نەخشاندنی شێواز و ستراتێژییەکانی پێشکەوتنی ئابووریی دەوامدار، دەباتە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنەی لێ دەگرێت.

بەردەوامی (Sustainability) لە ئابووریی سەوزدا بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی دادەنرێت. بەرهەمی نەتەوەیی سەوز، ژمێریاری و هەڵدانی بەرهەمدەریی هەستیار بە ژینگە، خەریکن پەرە بە حیسابێک بۆ نیگەرانییە ئێکۆلۆژیکییە نابازارییەکان دەدەن. بوارە هەڵبژێردراوەکانی ئابووریی سەوز، هەم سیاسەتگەلی گشتی و هەم چالاکی و خۆپێوەخەریککردنەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە لە پرۆگرامی ژینگەییدا دەگرنەوە. جگە لەوە، لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییانەی «سەوز»دا بایەخ بە میتۆدێک دەدرێت کە پشتئەستوور بە تەکنۆلۆژییە و تێکنۆئۆپتیمیستەکان لەپێناوی سەوزاندنی ئابووریدا سەرنجیان دەدرێتێ. {تێکنۆئۆپتیمیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە تەکنۆلۆژی لەپەسا لە گەشەکردندایە و لێی دێ ژیان و گوزەرانی مرۆڤ باشتر و ئاسوودەتر بکات}.

ئەو بابەت و میتۆدانەی کە پێشووتر هەڵبژێردران و شی کرانەوە، جێی بایەخی گەلێک لقی فێرکاری، گرووپی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش و کەسانی خاوەن پیشەی تایبەتین کە بە وزە و ژینگەوە سەرقاڵن. ئەو لێکۆڵینەوانەی پێداچوونەوەیان پێدا کراوە، تەوەری جیاجیای سەوز، ڕوانگە

و هەڵکەوتەگەلێک لە سەرانسەری دنیادا لە خۆ دەگرن. لەبەر سنوورداربوونی ژمارەی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان، هیچ شێوە کارێکی ئەزموونیی ستاندارد (جگە لە چەند پێوەرێکی جێبەجێکاری) نەهاتوونەتە ئاراوە. هیچ خەزێنەیەکی زانیاریی تایبەت لەسەر ئابووریی سەوز بوونی نییە. لەبەر ئەوە کە ئەدەبیاتی ئابووریی سەوز بەخێرایی و بەردەوامی لە هەڵکشاندایە و چ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیی گشتگیر لە ئارادا نییە، ئەم پێداچوونەوە بەرۆژکراوە تا ڕادەیەک گشتگیرە، دەکرێ بۆ سیاسەتدانەران، کاربەدەستان و خوێنەران بەهایەکی گەورەی هەبێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە بۆشاییی هەبوو لە ئەدەبیاتی ئابووریی سەوزدا پڕ دەکاتەوە.

### ٣. چەمکی ئابووریی سەوز

لە ڕوانگەی «ستاڤراکاکیس»ەوە (Stavrakakis ١٩٩٧)، چەمکی «سەوز» بە مەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و تێکچوونی، کە هاتنە کایەی سیاسەتێکی نوێی ژینگەیی لێ کەوتەوە، بەکار دەبرێت. ۆۆنۆڵی و سمیت (١٩٩٩، and Connolly- Smith) ئەم سیاسەتە نوێیە ژینگەییە بە پێویست دەزانن. سەرەڕای ئەوەش، ئەو سیاسەتە ڕێگاکانی شێوازی هەڵسوکەوتی ئێمە دەباتە ژێر پرسیارەوە. سیاسەتی جێی باس، بە ئامانجی «وەک خۆ لێکردنەوە»ی هاوسەنگیی تێکچووی نێوان مرۆڤ و سروشت، پێداگری لەسەر نەزم و ڕێکوپێکییەکی نوێ دەکات. ئەم بەشە (لە لێکۆڵینەوەکە) باس لە چەمکی ئابووریی سەوز و کێشە ئایدیۆلۆژیک و تیۆریکییەپێوەندیدارەکانی دەکات.

هەڵکشانی خێرای ئەدەبیات لەسەر سیاسەتەکانی سەوز یان ژینگەیی بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەبێت (باری ٢٠٠١، Bar-ry). شەپۆلی یەکەمی تیۆریی سیاسیی سەوز بەشێوەی سەرەکی بە «ئیکۆلۆجیسم»ەوە وەک ئیدیۆلۆژییەکی پەیوەندداراوە بە ڕەخنەگر لە کۆمەڵگەی پیشەسازی، کە لەویدا چەمکی سەوز بیچمی گرت، دەناسرێت. شەپۆلی دووەم و ئەوە کە چۆن گەشەی کرد، بە گۆڕان لە ڕەخنەی تەمومژاوی و ئاڵۆزەوە بۆ ڕەخنەی کۆنکرێت و لە ئەزموونیدا بینراو (لە شەپۆلەکەی دی) جیا دەکرێتەوە. ئەم شەپۆلە لەگەڵ حکوومەتەکان و قوتابخانە هاوچەرخەکانی تیۆریی سیاسی و ئابووریی سیاسیدا مل لە ملی مشتومڕ و باس دەنێت و هەر لەو باسانەدا بوو ئابووریی سەوز سەری هەڵدا کە ئێمە لێرەدا خەریکین تاوتوێی دەکەین.

هەروەها تیۆریی سیاسیی سەوز بەخێرایی گەشەی سەندووە و لە درێژەی پێوەندیی بە گفتوگۆ و باسگەلی تیۆریی سیاسیی هاوچەرخ، شیاوی و جێی متمانە بوونی خۆی وەدەست هێناوە. ئەم تیۆرییە، هەروەها یارمەتیدەری تێگەیشتنێکی داهێنەرانە لە جیهانی سیاسیی ئێستا و دوارۆژ، دادی بەشینەوەیی (dis-tributive justice)، دیمۆکراسی، پێوەندیی نێوان لیبرالیزم، سەرمایەداری و بەردەوامی، سیاسەتی فەمینیزم و ڕەگەز (gender) بووە.

لەسەر بنەمای ئەم چەمکە، ئابووریی سەوز، وەک مۆدێلێک خرایە ڕوو کە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە هەڵدانی دەوامداری ئابووری، پێویستیی بە هاوسەنگییەک لە نێوان کاریگەریی ژینگەی ئەو هەڵدانە و توانایی تاوێنەرانەی ژینگەدا هەیە. ئەمە هەروەها بە ستراتیژییەکی لەبار و گونجاو دادەنرێت کە بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگژە ئابوورییە جیهانییەکاندا، وەک بەشێک لە پلانی کەوتنەوەسەرپێی گەلاڵە کراوە. بە واتایەکی تر، ئابووریی سەوز لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئاراستەکردنی هەستانەوەی ئابووری بەرەو ڕێبازی سەوزتر، نەک هەر یارمەتی بە سەرکەوتوویی هەستانەوەکە (دەربازبوون لە قەیران) دەدات، بگرە لە گەیشتن بە ئامانجی درێژخایەن کە بریتییە

لە پێشخستنی مۆدێلێکی گەشەی ئابووریی دەوامدار، یارمەتیدەر دەبێت. بەم جۆرە، ئەمە مۆدێلێکی پێشکەوتنی ئابوورییە کە نەک هەر لەگەڵ پاراستن، بەڵکوو لەگەڵ باشکردنی چۆنایەتیی ژینگەییشدا دێتەوە (موسو ۲۰۱۰، Musu). جێی ئاماژەیە کە زۆربەی لێکدانەوە و حیساباتی ئابووریزانیی سەوز لەو خاڵەوە دەست پێ دەکەن کە سەرچاوە ئابوورییەکان بۆ پرسی هەڵدان سنووردارن.

بەمجۆرە، ئابووریی سیاسیی سەوز ئانالیزی ئاوەزمەندانە دەخاتە روو و لەهەمبەر شەپۆلی نوێی بەجیهانیبوونی ئابووریدا بەربەرەکانێ نیشان دەدات، (ساچس ۱۹۹۳، Sachs) و (پاترسۆن ۲۰۰۰، Paterson). ئەو ئابوورییە، پرسی هەرەشە لە لایەن پیشەسازیی بیوتەکنۆلۆژیی جیهانی، مۆدێلی پێشکەوتنی سەرمایەداریی زاڵ، قووڵبوونەوەی نابەرابەرییەکانی باکوور-باشوور، چربوونەوەی هەژاری و نەداری، رۆنانەوە و نوێسازیی ئێکۆلۆژیکی و کارەکتەری پسپۆریی زانستی و پێویستییەکانی تەکنۆلۆژی لە دانانی سیاسەتی گشتیدا هاوئاهەنگ دەکات. ئەوە سیاسەتی دەربڕینی راستی بۆ دەسەڵات و دانی دەنگێک بە بێدەسەڵات، بە نەسڵەکانی دوارۆژ و بە جیهانی دەرەوەی مرۆڤایەتییە.

ئابووریی سەوز، هەر وەک لەلایەن مایکرۆبیولۆژیست، لین مارگولیس «Lynn Margulis»ـەوە (Margulis and Fester, ۱۹۹۱) شی کراوەتەوە، بە شێوەیەکی بنەرەتی دەکرێ وەک زاراوەیەک لێی تێبگەین کە ئاماژە بە هەر جۆرە تیۆرییەکی زانستی ئابووری دەکات کە وەک بەشێک لە ئێکۆسیستەم، بە چالاکیی ئابووریی مرۆڤدا دەچێتەوە. بەگشتی، ئابووریی سەوز تیۆرییەکی ئابوورییە بۆ بەدواداچوونی هەڵدانی ئابووری لەسەر بنەمای هاتنەوەی لەگەڵ ژینگە، وزە، تەندروستی و خۆشبژیویی گشتی کە بە حوکومرانیی باش، یاسا و رێسا، تەکنۆلۆژی و پەروەردە بەهێز دەکرێت. چەندین ئەندێشەمەندی ئابووریی سیاسیی سەوز، وەک (Barry, ۱۹۹۹; Jackson and Victor, ۲۰۱۱; Latouche, ۲۰۰۹; Scott-Cato, ۲۰۰۹)، راشکاوانە لایەنگری لە ئابووریی سەوزێک لە جۆری «پێش گەشە و پاش گەشە» (de-growth/post-growth) وەک تەنیا میتۆدێک کە بەرگەگر و بەردەوام بێت، دەکەن.

ئایدیایەکی جێکەوتوو هەیە کە پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئوورووپایی لە رێگای مشتومڕو پێوەندییەوە لە بواری جیاجیای گشتیدا، بۆ جوولانەوەی سەوز، سیاسەتی سەوز و دیمۆکراسیی ئێکۆلۆژیک لەبارە. کومیسیۆنی ئورووپا (EU) بیری لەوە کردبووەوە کە «ئێن جی ئۆ»گەلێکی ژینگەیی پەروەردە بکات کە لەهەمبەر بەشداری پێ کردنیان لە سیاسەتداناندا، خواستەکانیان بە جۆرێک بێننە گۆرێ کە لەگەڵ رۆژەڤی سیاسیی ژینگەییی کۆمیسیۆنەکەدا بگونجێت، (ئارمسترۆنگ ۲۰۰۲، Armstrong). بە تاوتوێکردنی تیۆریی پەرەئەستێنی سیاسیی سەوز و خوێندنەوەی یەکیەتیی ئوروپا، (هونۆڵد ۲۰۰۷، Hunold) پێداگری لەسەر دۆزی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی نایەکپارچە دەکات. ناوبراو دەستنیشانی دەکات کە پێشنیارەکانی کومیسیۆن بۆ سازکردنەوەی ئەم پێوەندییانە لەگەڵ رێکخراوگەلی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەسەر هێڵی لە یەکپارچەییەکی پاسیوەوە بۆ یەکرێزییەکی چالاکی گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەچێتە پێش. ناوبراو لەسەر بنەمای مۆدێلی کارتێکەریی دوولایەنەی دەوڵەت-کۆمەڵگەی دریزەک و هاوکارانی (۲۰۰۳، Dryzek et al.)، بە بەڵگە دەیسەلمێنێ کە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئورووپایی پەرە بە دیمۆکراسیی ئێکۆلۆژیک دەدات.

باری (۲۰۰۱، Barry) لە ژێر سەردێری

داد، سروشت و ئابووریی سیاسیدا، بە چوار لێکۆڵینەوەدا دەچێتەوە: سیاسەت و ژینگە: لە تیۆرییەوە بۆ کردار لە نووسینی کۆنلی و سمیت (١٩٩٩، Connelly and Smith)، داد و دوارۆژ: کۆمەڵە وتاری زانستی لەسەر بەردەوامیی ژینگەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەلایەن دۆبسۆن (١٩٩٩، Dob-son)، دادپەروەری، سامان و ژینگە: تێڕوانینی قانوونی و کۆمەڵایەتی لەلایەن هایوارد و نەیڵ (١٩٩٧، Hayward and Neill) و تیۆریی سیاسی و بەها ئێکۆلۆژیکییەکان، لە نووسینی هایوارد (١٩٩٨، Hayward). ئەمانە تایبەتمەندییەکانی شەپۆلی یەکەمی تیۆریی سیاسیی سەوزی ئێکۆلۆژیسم شی دەکەنەوە و خوێندنەوەیەک لە کۆمەڵگەی پیشەسازیی هاوچەرخ و بیری ئێکۆلۆژیستیی شەپۆلی دووەم دەخەنە ڕوو کە لە ڕەخنەی تەمومژاوی و ئاڵۆزەوە بۆ ڕەخنەی کۆنکرێت و لە ئەزموونی بینراو دەگۆڕدرێت.

«ئابووریی سیاسی بۆ بەردەوامی» کە هەڵێنجاوی پێداچوونەوەی چوار کتێبە، لەلایەن پاترسۆن (٢٠٠٧، Paterson) ـەوەپێشکەش دەکرێت. یەکەمین وتاری زانستیی «لەسەر ڕێگای جیهانی سەوز» لەلایەن کلاپ و دۆڤەرگنەوە دانراوە (٢٠٠٥، Clapp and Dauvergne). ئەم وتارە پێداگری لەسەر ئابووریی ژینگەی جیهانی دەکات. دووهەمین وتاری زانستی سەبارەت بە«بازرگانی و ژینگە»یە کە لە لایەن کۆپلاند و تەیلۆرەوە ئامادە کراوە (٢٠٠٣، Copeland and Taylor). وتاری زانستیی ئاماژەپێکراو دەپەرژێتە سەر تیۆری و بەڵگە. وتاری زانستیی سێهەم، «قازانجە سروشتییەکانی نەتەوە»، لە نووسینی هارگرۆڤەس و سمیت (٢٠٠٥، Hargroves and Smith)، وردەکارییەکانی هەلی بازرگانی، داهێنان و فەرمانڕەوایی لە سەدەی ٢١دا شی دەکاتەوە. سەرەنجام، وتاری زانستیی چوارەم لەمەڕ «گلۆبالیزاسیۆن ژینگە» لەلایەن کووتینگەوە (٢٠٠٤، Kut-ting)نووسراوە و لەسەر سەوزاندنی ئابووریی سیاسیی جیهانی ڕادەوەستێت. هەمووی ئەمانە، سەرەڕای فرەچەشنییان، لەسەر ئەوە کۆکن کە گرتنەبەری ڕێگای بەردەوامی «sustainability»، پێویستیی بە تێگەیشتن لە بیچم و شێوازە دینامیکەکانی ئابووریی سیاسیی جیهانی هەیە.

باری (٢٠٠٧، Barry) لە وتارێکی زانستیدا بە ناوی «مۆدێلێک لە ئابووریی سیاسیی سەوز: لە نوێکردنەوەی ئێکۆلۆژیکییەوە بەرەو ئاسایشی ئابووری»، باس لەوە دەکات کە لایەنی هەرە لاوازی تێگەیشتن لە پەرەسەندنی بەردەوام، ڕەهەندی ئابووری بووە. ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە نوێکردنەوەی ئێکۆلۆژیکی (ecological modernisation)، چەمکسازیی زاڵی پەرەسەندنی بەردەوام لە بریتانیادایە. هەڵسەنگاندنی ناوبراو لەسەر بنەمای بەڵگەنامەگەلی سیاسەتی پەرەسەندنی بەردەوامی کلیدی و هۆشیاری لەمەڕ هەلە ستراتێژیکییەکانی ئاخێوی سیاسی دانراوە. ناوبراو بەتایبەتی پێشنیار دەکات کە ویژمانی پێوەندیدار بە ئاسایشی ئابووری، دەبێ لە پێشکەشکردنی ڕێگای گونجاوی سیاسی بۆ شیکردنەوەی ئابووریی سیاسیی سەوز کە پشتی پەرەسەندنی بەردەوام دەگرێت، بەکار ببرێت. باری (٢٠١٢، Barry) ئایدیا بەرۆژکراو و فراوانکراوەکانی خۆی پێشکەش دەکات و لە هەنگاوێک بانتر، پاڵپشتی لە هەڵدانی ئابووریی نەریتی بەرەو سیاسەتگەلی ناسەقامگیر و سەرووتر لە ئاسایشی ئابووریی هەبوو (موجوود)، دەکات.

سەرەنجام، پەرەسەندنی ئابووریی سەوز بەو جۆرەی کە لە ڕوانگەی تیۆریی سیستەمەوە (the system theory) لێی تێدەگەن، لەلایەن ژانگ و سو (٢٠٠٥، Zhang and Su) لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەوان سەبارەت بە مەرجە سیستەمییەکان،

تایبەتمەندییە پلەبەندییەکان (hierarchical characteristics) و پەرەسەندنی پلەبەپلەیی (gradual evolution) لە ساکارەوە بۆ ئاڵۆز لێکدانەوەی کاریگەرییەکانی رەگەز (ele-ment)، پێکهاتە و ژینگە لەسەر ئەرکی سیستەمی و پەرەسەندنی ئابووریی سەوز باس دەکەن.

## ٤. ئابووریی سیاسیی سەوز و ستراتیژیی پەرەسەندن

ئەم بەشە دەپەرژێتە سەر ئابووریی سەوز، بەتایبەتی کاتێک کە ئابووریی سەوز لەگەڵ سیاسەتدا بە یەک دەگەن. ئەمە هەروەها رێگامان پێ دەدات چاو لەوە بکەین کە چۆن چەمکی ئابووریی سەوز بەشێوەی سیاسی بەکار هێنراوە.

زانستی ئابووریی بازار، لەبەر ئەوە کە تەنیا «بەشی بۆ فرۆشتن شیاو»ی مرۆڤ و سروشت تیایدا بایەخیان هەیە و لە رەهەندە نابازارییەکانی وەک نیگەرانییە ئێکۆلۆژیکییەکان چاوپۆشی دەکات، رەخنەی لێ گیراوە. لەم دۆخەدا، بە لەبەرچاو گرتنی بەردەوامبوونی گرفتە ئابوورییەکان و شوێندانەرییان لەسەر چلۆنایەتیی ژیان، چەمکی ئابووریی سەوز لە رووی سیاسییەوە بەکار هێنراوە. ئابووریی سەوز بەرەنگاری شێوازی نرخاندنی سروشت لەلایەن کۆمەڵگەوە دەبێتەوە و داوا دەکات لەهەمبەر چەشنەکانی تردا هەستی هاوسۆزیی خۆمان (ئەو هەستەی لە کۆمەڵگەی ئەخلاقیدا هەیە) پەرە پێ بدەین، سایەر (٢٠٠٠، Sayer). لە راستیدا، موولەر و هاوکارانی (٢٠٠٧، Muuller et al ) ئەوەیان خستووەتە روو کە حیزبە سەوزەکان لە ١٩٨٠کانەوە، لە هەڵبژاردنەکانی چەندین وڵاتی ئورووپاییدا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە؛ ئەوان (نووسەرەکان) هەوڵ دەدەن هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنانە بدۆزنەوە و لەو کارەشدا سەر دەکەون. ئەوان دەستنیشانی دەکەن کە ئابووریی سەوز حاشا لە زانستی ئابووری ناکات. لە بەرانبەردا، سیستەمی هزریی زاڵ لە ئابووریی سیاسیی سەوزدا، ئابووریی بازاری لا پەسندە. هاوکات پێشنیار دەکات کە بازار دەبێ بە توێژێکی قایم لە بنکە و دامەزراوەی دیمۆکراتیک و نابازارییەوە ببەسترێتەوە تاکوو سەقامگیریی ژینگەیی دەستەبەر بکرێت، گرینوود (٢٠٠٧، Greenwood). ڤۆن وەیزساکر (Von Weizsacker ،١٩٩۴) بەڵگە بۆ مۆدێلێکی نوێی ئابووری دێنێتەوە کە بۆ ژینگە زیانی کەمترە.

لەبەر ئەوە کە ئەم مۆدێلە ئابوورییە بەشێوەی سیاسی بەکار هێنراوە، مەللۆر (Mellor ،٢٠٠۶) پاساو دێنێتەوە کە ئابووریی سیاسیی ئێکۆفێمینیست کار و ژیانی ژنان وەک جیهانێکی سروشتی دەبینێت. ئەمە دەتوانێ یارمەتییەکی مەزن بەم ئابووریی سیاسییە بدات، کە تیایدا کار و ژیانی ژینگەیی ژنان بە زەمانی دراوی (پووڵی) نانرخێندرێن. هەر چەشنە ئابوورییەکی سیاسی کە ئەم شێوازانەی کار، فۆرمە بە دراو نەکراوەکانی هێزی کار و سەرچاوە ئابوورییەکان لە خۆیدا جێ نەکاتەوە، لە باری ئێکۆلۆژیکییەوە ناسەقامگیرە و لە رووی زانستییەوە هەم نائاگایە و هەمیش چاوی بە رەگەز (gender)دا هەڵنایەت و یارمەتیدەری نایەکسانیی رەگەزی و چەوسانەوەی هێزی کاری دانپێدانەنراو و بێ بەرانبەر (بێ مووچە)ی ژنانە. بەگشتی، مەللۆر (Mellor) بەو ئاکامە دەگات کە ئابووریی نەریتیی بازار، تەنیا بەشی پێداویستییەکانی خۆی لە سروشت دەبا و تەنیا ئەو شمەک و خزمەتگوزارییانە بەرهەم دەهێنێت کە قازانج و سوودیان تێدایە و بەمجۆرە، دەبێتە هۆی زیان و زەرەر، کە لە ئابووریی سەوزدا بە باشی سەلمێنراون (Mellor ،٢٠٠۶ ). پاشان ئابووریی سەوز وەدوای وەسەر یەک خستنی گرفتە سیاسی و ئێکۆلۆژیستییەکان دەکەوێ و بە میتۆدی

زانستی ئابووری بەڵگە دەخاتە ڕوو.

دەبــێ ئەوەمــان لە بەرچــاو بێت کە لە ئابووریی سیاسیی ســەوزدا، دەکرێ لەنێوان تیۆری و کرداردا ناتەبایی و لێکخشــان بێتە ئاراوە. بەو شێوەیە، کاریگەرییە سیاسییەکان دەکرێ لە وڵاتێکەوە بــۆ وڵاتێکی تر جیاواز بێــت. دەتوانیــن نموونەیــەک لــە کتێبی مەندۆنکا و هاوکارانی (٢٠١٠، Mendonca et al. )، بە ناوی وەگەڕخســتنی ئابووریی سەوز بهێنینــەوە. فیــت (FIT) «پارەدانی وزەی نۆژەنکراو» یان «کڕینــی ئەرخایەنیی کارەبا» بە باشترین ســتراتێژی بۆ دابینکردنی وزەی ســەوز بە میکانیزمێکی هاندەرانەی دروست دادەنرێــت. حکوومەت قانــوون دادەنێ و بە پشتئەستووری بەو قانوونانە، نرخی گونجاو ئەرخەیان بــە بەرهەمهێنەرانی کارەبا دەدەن بۆ فرۆشــتنی کارەبــا بەرهەمهاتووەکانیان بە تۆڕە خۆجێییــەکان. بــەڵام کتێبەکە ئاماژە بە سیاســەتی فرەچەشن لە پێوەندی لەگەڵ ئەنجامەکان لەنێو وڵاتانــدا دەکات. هەڵبەت ئەمــە بۆ ئــەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە هەموو وڵاتان بــە دوای هەمــان ئەنجامــەوە نین، مەندۆنکا و هاوکارانی(٢٠١٠، Mendonca et al. ).

هیندێک لێکۆڵەر بەگومانن کە سیاسەتی ســەوز بتوانــێ تەنیــا پێوەندیی بــە مژارە ژینگەییەکانەوە هەبێت. سیۆسیرلان و یاندلە (٢٠٠٣، Ciocirlan and Yandle) پێداگــری دەکــەن کە مەبەســت لە داهاتەی ســەوز زیاتر بۆ بردنەســەری ســوودی داهاتانەیە تا خاوکردنــەوەی ئەو چالاکییانــەی کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە؛ ئەو نووسەرانە ئەنجامی ئەزموونیی دانــراو لەســەر وڵاتانی OECD دەخەنــە بەردەســت. هەروەها، سڤەندســن و هاوکارانــی (٢٠٠١، Svendsen et al. ) لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر داهاتەی سەر دوو ئۆکســیدی کاربۆن $CO_2$ لە وڵاتانیOECD دا ئەنجام دا کە دەریدەخات کە سیســتەمی هەنووکەییــی داهاتانــەی ســەوز، ئێجگار لە دیزاینی دڵخواز بە دووره. دانەرەکان گومانیان هەیــە کە لۆبییەکی فەرمیی پیشەســازی لە دژی داهاتانەی سەوز لە ئارادا بێت و دۆزینەوە ئەزموونییەکانیان لەســەر داهاتەی سەر دوو ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ لەنێو وڵاتانیOECD دا ئــەم پێشــبینییە تیۆرییە پشتڕاســت دەکەنــەوە. مەککولــۆچ (٢٠٠٨، McCull-och) بە تاوتوێکردنی لێکەوتەکانی نیگەرانیی ڕوو لە هەڵکشان ســەبارەت بە ژینگە لەسەر سیاســەتی بریتانیا لە بیست ساڵی ڕابردوودا، گوشــاری ســەوز شــەنوکەو دەکات. ناوبراو بەتایبەتی لەســەر سیســتەمی پیشەسازی و پەیوەندییەکانــی بە سیاســەتی ژینگەییەوە ڕاوەستە دەکات. پلانی ئابووریی سەوز لەلایەن پێرس و هاوکارانیەوە (١٩٨٩، Pearce et al) خراوەتە بەر باس. لە ڕوانگەی جەکســۆنەوە (١٩٩٠، Jackson)ئــەوەی دوایی، لە باس و مشتومڕی پێکەوەبەستنەوەی نابەدڵی زانستی ئابووری و ژینگــەدا، یارمەتییەکی ورد و بیر ورووژێنی پێ بەخشیوین.

## ٥. ژینگە و پەرەسەندنی بەردەوام

ســتراتێژیی پەرەســەندنی ئابووریی ســەوز کە لە پاری پێشــوودا شــی کرایەوە، دەکرێ وەک بەردەوامــی «sustainability»یش باس بکرێــت. ئەم بەردەوامییە یان پەرەســەندنی بەردەوامــە«sustainable development»، لە ئابووریی ســەوزدا فاکتەرێکی بناخەییە. بۆ جێبەجێکردنی، کۆمەڵێک تیۆری و سیاسەت هێنراونەتــە ئاراوە. لێکۆڵینەوەیەکی گشــتی لەســەر پەرەســەندنی بــەردەوام هەیــە کە پرسگەلی بەربڵاو تاوتوێ دەکات. ئارچیبووگی نیزکامــپ (١٩٨٩، Archibugi and Ni-jkamp) دەستنیشانی دەکەن کە پەرەسەندنی بەردەوامی ئابووری پێویستیی بە بەکارهێنانی میتــۆد و ئانالیزێکــی ئابووریی-ئیکۆلۆژیکیی یەکپارچە هەیە. تورنەر لە پێداچوونەوەیەکدا

(Turner ،١٩٩٢) ڕایدەگەیەنێت کە بۆچوون و ڕوانگە دەربڕاوەکان بۆ ئەوە دەبن نوێنەرایەتیی ئەو بیرە بکەن کە لە نیوەی ١٩٨٠کاندا زاڵ بوو. لەو ماوەیەدا، چەمکی بەردەوامیی لە هەوڵ و تەقەلادا بوو سەرنجی ئاکادیمیک و گونجاویی سیاسی وەدەست بێنێت. بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەوان پاساو دێننەوە کە ناکرێت بەردەوامیی، بە بەکارهێنانی تاکە پێوەرێک پێوانە بکرێت.

بەرهەمی جەیکوب (Jacob ،١٩٩٣) لەسەر ئابووریی ژینگەیی، بەردەوامی و لێکەوتە شیمانەییە سیاسی و دامەزراوەییەکانی لە دوارۆژدا، هێزەکانی بازاڕ تەنیا وەک هۆکاری کاولکردنی ژینگە چاو لێ ناکات، بگرە بە هێزگەلێکیان دادەنێ کە بکرێ بۆ دابینکردنی بەردەوامی بەکار بێن. بەرهەمی ئاماژەپێکراو لە گۆشەنیگایەکی ئەزموونی، ژیربێژییانە و ئەخلاقییەوە بەڵگە دەخاتە ڕوو. (هەروەها، بۆ اانیاریی زیاتر، بڕوانە ئۆپشوور، ١٩٩٥، Op-schoor). ئادەم (Adam ،٢٠٠١) ڕیشەدۆزیی بەردەوامیی دەکات و ئاماژە بە چەندین واتای جیاواز دەکات، لەوانە بەتەنگەوەبوونی ژینگەی بازاڕ و نۆژەنکردنەوەی ئیکۆلۆژیکی، کە خوازیاری چارەسەری یاسایی و تەکنیکیی کێشەکانی ژینگەیە (هەروەها سەیری کلووستەر، Klooster، بکە بۆ لێکۆڵینەوەکەی).

بە ئاماژەبەوە کە شارەکان یەکەی شوێنیی پاسیڤ و ناچالاک نین، بەڵکوو لەوانەیە لە بەرهەمهێنانی پەرەسەندنی بەردەوامدا ڕۆڵی چالاک بگێڕن، کاماگنی و هاوکارانی (١٩٩٨، Camagni et al ) چوارچێوەیەکی تایبەت بۆ ئابوورییەکی بەردەوام لە شارێکدا ئامادە دەکەن کە خاوەنی دیمەنگەلێکی نەبزووت و پڕجووڵەیە. ئەوان پێشنیار دەکەن کە بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامی ئاوەدانکردنەوەی شارێکی سەقامگیری هاوسەنگ، پەرە بە سیاسەتی دەستتێوەردەرانەی گونجاو بدرێت. ئەو پێشنیارانەی ئەوان پێشکەشی دەکەن بەردەوامیی پێوەندیدار بە شار لە ژینگە فیزیکی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بوارە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەستتێوەردان، سیاسەتی باشترکردنی بە یەکەوە بەستنەوەی ژینگەکان، پێوەرەکانی داهات و . . . لە خۆ دەگرن.

### ٦. بەرهەمی نەتەوەیی سەوز، ژمێریاری و هەڵدانی بەرهەمدەری

ئەم بەشە بۆ یەکخستن و هاوئاهەنگیی چارەسەرییە ئابوورییەکان بەمەبەستی کارکردنە سەر ژینگە، میتۆدگەلی جێگرەوە دەخاتە ڕوو.

بە دوای چەمکی بەرهەمی نەتەوەیی سەوزدا، بەرهەمی نەتەوەیی لەگەڵ نرخی زیانە ژینگەییەکاندا هاوئاهەنگ دەکرێت (ئاهایم و نیبۆری١٩٩٥، Aaheim and Nybory). ویزمان (Weizman ،١٩٧٨) بناخەیەکی تیۆریکیی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی پێشکەش دەکات. ئاهایم (١٩٩٧، Aaheim) بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی زیانی ژینگەیی لە ژمێریاریی نەتەوەییدا بۆ پێوانەکردنی بەردەوامی، پاشکۆیەک ئامادە دەکات. بۆ نموونە، ئەم پێوەرە ڕاستکراوەیە لە پێوانەکردنی ڕێژەی بەردەوامیی ئابووری لە وڵاتانی لە بواری سامانی ئابوورییەوە دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژار لەو بوارەدا، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

ئاهایم و نیبۆری (١٩٩٥، Aaheim and Nybory) ڕووناکی دەخەنە سەر هیندێک گرفت و تەنگوچەڵەمە کە پێوانەی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییان خستووەتە نێو خەرمانەی خۆیانەوە. ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە مۆدێلگەلی وایزمەنی (Weizman-based models)، گریمانە پێکناکۆکەکانی خۆیان و شێوەی نرخاندنی ژینگە، گرفتگەلی بنەڕەتیی دەخەنە ڕوو. ئەوان پێداگری دەکەن کە ئەو زانیارییانەی کە لە سەرجەمی

بەرهەمی نەتەوەیی سەوزدا هەن، لەوانەیە بەئاسانی بە هەڵە لێکبدرێنەوە و بەبێ ئەوەی پشتڕاست بکرێنەوە یان بەبێ ڕوونکردنەوەی بانگەشەکان، پێدەچێت جێی باوەڕ نەبن. کەمیی زانیاری و پێوەری گونجاو لەوانەیە سنوورداریی شیمانەیی لە زانیاریی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی سەوزدا ڕوون بکەنەوە. هێبێرلینگ و هاوکارانی (٢٠١٢، Heberling et al. ) پێوەرێکی ئابووریان بۆ سەقامگیریی ناوچەیی کە بە بەرهەمی ناوچەیی تۆڕی سەوز (GNRP) ناسراوە، ئامادە کردووە و لە San Luis Basin هەڵکەوتوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا خستوویانەتە بواری کرداری و جێبەجێکردنەوە. ئەوان بەرهەمی ناوچەییی تۆڕی سەوز، (GNRP) بە پێوەرێکی لاواز بۆ بەردەوامی دەنرخێنن و دڵەخورپە و نیگەرانییەکان لەسەر میتۆد و لێکۆڵینەوەکانیان دەخەنە بەر باس.

لە «ژمێریاریی سەوز بۆ ئابوورییەکی بەردەوام»دا بارتەلموس (١٩٩٩، Bartel-mus) بۆ هەڵسەنگاندنی بەردەوامیی هەڵدانی ئابووری، پێشنیاری بەکارهێنانی سیاسەت و ئانالیزی حیساباتی ژینگەیی دەکات. لە لێکۆڵینەوەیەکی پێوەندیدارادا، کایرنس (٢٠٠٢، Cairns) داهات و دەرکەوتی نەتەوەیی سەوز دەخاتە بەر باس. ناوبراو ئەو دووە (واتە: داهات و دەرکەوتی نەتەوەیی) لێک جیا دەکاتەوە تاکوو تیشک بخاتە سەر هیندێک کێشە لە ژمێریاریی نەتەوەییی سەوز بە قازانجی سەرمایەشەوە. هەرچەند کۆی ئەنجامەکانیان وەک یەکن، کایرنس پێشنیار دەکات کە بۆ ئانالیزی هەستیاریی ئاکام، پێویستە جۆری جیاوازی بەهاکەمکردنەکان لە حیساباتی داهات و دەرکەوتەکاندا دیاری بکرێن. بۆید (٢٠٠٧، Boyd) بە شێوەیەکی تایبەتی هەوڵی پێوانەکردنی قازانجە ژینگەییەکان لە بارودۆخێکدا دەدات کە پێوەرەکانی بازاڕ وەک جێگرەوە تێیدا بەکار نەهاتبن. نووسەر، بۆ شوێنپێی هەڵگرتنی نرخی ژینگەیی، چەمکی «خزمەتگوزارییەکانی ئێکۆسیستەم» دەخاتە بەر باس و بە چەندین مەبەست و گرفت لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم خزمەتگوزارییانەی ئێکۆسیستەم ئاماژە دەکات.

پریلس (١٩٩٠، Prieels) ڕاپۆرتێکی لەسەر بەها و ژینگە بۆ وەزارەتی ژینگەی بریتانیا ئامادە کرد. ناوبراو ئامانجی ئەوە بوو بە دۆخی تەکنیکیی بواری پەرەسەندنی بەردەوام، ژمێریاریی سەرچاوەی سروشتی و نرخاندنی پرۆژەدا بچێتەوە. پریلس ژمارەیەکی زۆر ڕێباز و شێوە کار پێشکەش دەکات. گزین (٢٠٠٦، Xin) ئایدیایەکی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی سەوز (green GDP) پێشنیار دەکات. سیستەمی بەراوەردنوێن(index) ی هەنووکەییی کۆنترۆڵکردنی ئابووریی نەتەوەیی، بە شێوەی گشتگیر لەگەڵ چەمکی پەرەسەندنی بەردەوامدا نایەتەوە. سیستەمەکە دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنیی چالاکییە ئابوورییەکان نیشان بدات، بەڵام کاریگەرییە نەرێنییەکانی چالاکییە ئابوورییەکان تیایدا ڕەنگ نادەنەوە. گزین کۆمەڵێک بیرۆکە لەسەر میتۆدی بەراوردنوێنیی نوێی پێوەری سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییی سەوز دەخاتە بەردەست.

هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی قازانج و بەرخۆریی (مەسرەف) زۆر بووەتە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان و پیسبوونی ژینگە. وانگ و هاوکارانی (٢٠١١، Wang et al. ) لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر پەرەسەندنی ئابووریی سەوز لە شاندۆن (Shan-dong)دا ئەنجام دا. ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخەن کە ئابووریی سەوز خەریکە بۆ چارەسەری ناتەباییەکانی نێوان هەڵدانی ئابووری و ژینگەی سەرچاوە ئابوورییەکان ڕێگایەک دەدۆزێتەوە. لێکۆڵینەوەکە ئەو

ڕێگایە پیشان دەدات کە بە گرتنەبەری، دەکرێ پەرەسەندنی بەردەوام وەدی بێ و هەروەها دەریدەخات کە چۆن بە دامەزراندنی ئابوورییەک کە ئاستی بەرەڵاکردنی دووئۆکسیدی کاربۆن تیایدا نزمە، ئابووریی سەوز لە شاندۆنگ بەرێوە ببرێت.

موسو (Musu ،٢٠١٠) ئەو پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە داخۆ ئابووریی سەوز چاوەڕووانییەکی مەزنە یان تراویلکەیەکی زەبەلاح و چاوەهڵخەڵەتێن. بە گوێرەی لێکدانەوەی ناوبراو، ژمێریاریی هەڵدانی ساکار دەریدەخات کە کاریگەریی نەرێنیی ڕێژەی هەڵدانی ئابووری لەسەر ژینگە دەکرێ بە «شوێندانەریی پێکهاتەیی» قەرەبوو بکرێتەوە. ئەمە بەو مانایە دێت کە کێشی ئەو بەرهەمانەی کە کەمتر ژینگە پیس دەکەن، زیاد بکرێن. پێشکەوتنی تەکنیکی کە لە قازانجی ژینگەدایە ڕێگا بۆ هەڵدانی بەردەوام خۆش دەکات.

مۆهانتی و دێشموخ (Mohanty and ،١٩٩٨ Deshmukh) لەسەر وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمدەریی سەوزدا پێداگری دەکەن. ئەوان بۆ هێنانەکایەی گۆڕان، هێندێک ڕێڕەوی ستراتیژیک دەخەنە ڕوو، لە ڕێگای پێداگری لەسەر بە بەرزترین ئاست گەیاندنی بەرهەمهێنان، (maximi-sation of outputs) کە لەگەڵ مەسرەفی بەکارهێنراوە بەرهەمدارییەکان (consump-tion of inputs) هاوڕێژەن. ئەم تێروانینە لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە خۆشبینانەیە، لە مودێلی پەرەسەندنی نابەردەوامی هەنووکەیی، لەلایەن هێندێک لە نووسەرانی ئابووریی سیاسیی سەوزەوە ڕەخنەی لێ گیراوە و بەشێوەیەکی ڕەخنەییش لەلایەن جۆن دریزەک (٢٠٠٥، John Dryzek) و ڕەخنەگرانی دیکەی نوێکردنەوەی ئیکۆلۆژیکییەوە (بۆ نموونە، باری، ١٩٩٩؛ کریستۆف، ١٩٩٦) و گریمانە بنچینەییەکەی سەبارەت بە «چەماوەی ژینگەییی کووزەنتس» (EKC) ئانالیز کراوە.

ستێرن (Stern ،٢٠١٤) نرخاندنێکی فرە نوێ و ڕەخنەگرانە لە چەماوەی ژینگەییی کووزەنتس(EKC) ئامادە دەکات.

هەڵدانی چۆنایەتی وەک لە لایەن کاپرا هێندێرسۆنەوە (٢٠٠٩، Capra and Hen-derson) پێشنیار دەکرێت، چوارچێوەیەکی تیۆریکییە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریگەلێک بۆ قەیرانە ئابوورییە جیهانییە هەنووکەییەکان، کە لە ڕووی ئابوورییەوە سالم، لە باری ئیکۆلۆژیکییەوە بەردەوام و لە بواری کۆمەڵایەتییەوە عادڵانە بن. جەکسۆن و ڤیکتۆر (٢٠١١، Jackson and Victor)، لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا، لە ڕێگای هێندێک کاردانەوەی تیۆریکی و تاقیکردنەوەی ئەزموونییەوە، بەرهەمدەری و کار لە ئابووریی سەوزدا دەنرخێنن. ناوبراوان لەسەر چەمکی بەرهەمدەری لە ئابووریی دوای هەڵدانا دەکۆڵنەوە و «داوی بەرهەمدەری» کە لە ئاکامی پەیگیریی بەرنامە بۆ داڕێژراوی بەرهەمدەریی هێزی کاردا دێتە ئاراوە، پێناسە دەکەن. جەکسۆن و ڤیکتۆر دەپرسن کە داخوا باشتربوونی بەرهەمدەریی هێزی کار، بەراستی دەبێتە هۆی گەیشتن بە ژیانێکی بەهادار و شیاو یان نا. ئەو نووسەرانە پێداگری دەکەن کە باشتربوونی بەرهەمدەریی هێزی کار، نزمبوونی ئاستی دامەزراندنی (کارپێدانی) لێ دەکەوێتەوە. بۆ دەربازبوون لەم داوی بەرهەمدەرییە، ئەوان بیر لە دابەشکردنی کار دەکەنەوە و دوو ڕێگاچارە دەخەنە ڕوو. پەرینەوە بۆ ئابووریی سەوز بە جێگۆڕکێی سەرنجەکان لە چالاکیی ئابوورییەوە بۆ کەرتی خزمەتگوزاریی سەوز، پێشنیار دەکرێت. لە پێوانەکردنی بەرهەمدەریدا، فارێ و هاوکارانی (٢٠٠١، Fare et al. ) بە ئاماژە بە کاریگەرییە دەرەکییەکانی پێوەندیدار بە بەرهەمهێنان {پیسکردنی ژینگە وەک نموونە؛ وەرگێر} لەنێوان بەرهەمهێنیی چاک و خراپدا جیاوازی دادەنێن. ئۆهـ و هشمەتی (٢٠١٠،

(Oh and Heshmati پێوەرێکی بەرهەمدەریی هەستیاریی ژینگە حسێب دەکەن کە پێوەری بەرهەمدەریی بەرەڵاکردنی پیسی (بۆ نێو ژینگە) بەرەو خوارەوە ڕێک دەکات. ئەمە هەنگاونانێکە لە هەڵدانی ئابووریی نەریتییەوە بەرەو ئابوورییەکی سەوزی بناخەدانراو لەسەر خزمەتگوزاری و باشبژیویی مرۆڤ. ئەم بابەتە شیاوی لێ قووڵبوونەوە و باسی بەرنامەبۆدارێژراوی زیاترە کە لە دەرەوەی سنووری ئەم وتارەدایە.

## ٧. بوارە هەڵبژێردراوەکانی جێبەجێکردنی سەوز

لەم بەشەدا بوارەکانی پیادەکردنی سەوز، لە نێویاندا شۆڕشی سەوز، ئابووریی بازنەیی، تۆڕە پیشەییە سەوزەکان، بەرهەمی سەوز و بەکارهێنانی بەرهەمی دەوامدار و بوارەکانی دیکەی وەک کیمیای سەوز {شێوەیەکە لە بیرکردنەوە؛ وەرگێڕ.}، شارۆمەندیی سەوز و جووڵانەوە سەوزەکان دەخرێنە ڕوو.

### ٧. ١. شۆڕشی سەوز و گۆڕان لە تەکنۆلۆژیی کشتوکاڵیدا

لەو شوێنانە کە بازار لە تەرخانکردنی سەرچاوە سنووردار و دەگمەنەکاندا بە ئاکام ناگات، پێویستە بۆ ڕاستکردنەوە(ی بارێکی وا) سیاسەت و ڕێسا هەبن. ئالمۆس (١٩٩٤، Almås) بە پێداگری لەسەر پەیوەندیی نێوان یاسا و ڕێسای دەوڵەت، ئابووریی بازاڕی لیبراڵیستی و پاڵپشتیی خۆشبژیویی جووتیاران، هەڵسووڕانی سیاسەتی کشتوکاڵی دەخاتە بەر باس. زۆربوونی حەشیمەت و بەرزبوونەوەی خواست و بەرهەمدەری، ئەو کێشە گرینگانەن کە گوشاری سەر ژینگە و سەرچاوە ئابوورییەکانن. لەبەر ئەوە، پرسی بەرهەمهێنانی خواردەمەنیی پێویست لە هەر کاتێک جیددی و هەستیارترە. هۆرلینگز و مارسدن (٢٠١١، Horlings and Marsden) ڕەهەندە واتاییەکانی مۆدێرنیزەکردنی ئێکۆلۆژیکیی کشتوکاڵ -شۆڕشی سەوز-، کە لەوانەیە بتوانێ خۆراکی جیهان دابین بکات، تاوتوێ دەکەن.

لەو ساڵانەی دواییدا بە دوای کرانەوە، ئابووریی سەوز و میتۆدی کاریگەر و بەردەوام کە لە بەکارهێنانی سەرچاوەکاندا (کەرەستەکانی ئابووریدا) کەڵکی لێوەردەگیردرێت، بە ڕێگەچارەی سەرکەوتوو بۆ باشترکردنی پەرەسەندنی ئابووری و جڵەوکردنی تێکچوونی ژینگە لە وڵاتی چیندا دیتە ئەژمار. لێکدانەوە و بۆچوون لەسەر هیندێک کێشە لە سەرچاوە ژینگەییەکانی کشتووکاڵدا لەلایەن هاونگ و هاوکارانییەوە (٢٠٠٢، Huang et al ) پێشکەش کراون. بارودۆخی ژینگەیی هاوشێوە لەوانەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکان(ی ئامریکاش)دا لە ئارادا بێت. گرنگی و بایەخی ڕێژەیی پیشەسازیی سەوز لە پیشەسازیی کشتوکاڵیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە هەڵکشاندایە. تورنەر کریسەل (١٩٩٥، Turner and Kriesel) قەبارەی ڕێژەیی پیشەسازیی سەوز و چۆنییەتیی بەستنەوەی بە پیشەسازیی پشتگیرانەوە شی دەکەنەوە.

سەبارەت بە شۆڕشی سەوز لە هیند، چاکراڤارتی (١٩٧٣، Chakravarti) باسی چۆنییەتیی خستنەڕووی تۆوی پێوەندکراو و فرەبوونی بەروبووم دەکات کە لەوانەیە یارمەتیی بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە ناوچەییەکان، بەرگەنەگریی و قاتوقڕیی دابێت. سەرەڕای ئەوەش، چ باندۆرێکی گرینگ لەم بارەیەوە لە دنیای ڕاستیدا بوونی نییە. یانگ (٢٠٠١، Yang)، وەک بیرکردنەوە لەسەر ستراتێژیی پەرەسەندنی ئابووریی سەوز، باس لەو ڕێگایانە دەکات کە ئابووریی سەوز دەبێ بیانگرێتە بەر. کێشەگەلی شۆڕشی سەوز و هەژاری، لێکدانەوەی تیۆری و ئەزموونیی پێوەندیی نێوان تەکنۆلۆژی و کۆمەڵگە و

قازانجە ئەرێنی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر هەژاران بەشێوەی ڕەخنەگرانە لەلایەن داسەوە (Das ،٢٠٠٢) شەنوکەو کراون. یاپا (Yapa ،٢٠١٠) پێداگریی لەسەر ئابووریی سیاسی-ئیکۆلۆژیکیی شۆڕشی سەوز دەکات. لێرەدا شۆڕشی سەوز زنجیرەیەک هەوڵ و تێکۆشان لە خۆ دەگرێت کە مەبەست لێیان بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆراک لە جیهانی سێهەمدایە. بردنەسەری ڕێژەی بەرهەمهێنانی خۆراک دەکرێ بە وەلانانی جۆرە سوننەتییەکانی دانەوێڵە و دانانی ئەو جۆرانەی کە ئاستی بەرهەمدەرییان بەرزە لە جێگایان و هەروەها بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیی مودێرنی کشتوکاڵی مەیسەر ببێت.

وەک لە شۆڕشی سەوزدا سەلمێنراوە، فۆستەر و ڕۆزنزوەیگ (Foster and ،١٩٩٦ Rosenzweig) لەسەر گۆڕانکاریی تەکنیکی و قازانجی سەرمایە و سەرمایەگوزاریی مرۆیی دەکۆڵنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەوان لە زانیاریی کۆڕ و «زنجیرەی کات» کەڵک وەردەگرن تاکوو ماوەی شۆڕشی سەوز لە هێندا شی بکەنەوە، بۆ ئەوەی کاریگەریی گۆڕانکارییە تەکنیکیە دەرەکییەکان لەسەر قازانجی کاریی خوێندن (the returns to schooling) بنرخێنن. وەک ئاکامی ولام وەرگرتنەوە (feedback) و کارتێکەریی دوولایەنەی هۆیی، شوێندانەریی خوێندن لەسەر سوودمەندیی گۆڕانی تەکنیکی و (هەروەها) کاریگەریی گۆڕانی تەکنیکی و دەستپێڕاگەیشتوویی خوێندنگە، لەسەر خوێندن و سەرمایەگوزاریی خێزان بە وردەکاریی زیاترەوە باس دەکرێن. لە ساڵانی دواییدا، کشتوکاڵی ئەستوونی وەک تەکنۆلۆژییەکی نوێی کشتوکاڵی شاری، بۆ دەست پێوەگرتن و پاشەکەوتی سەرچاوە دەگمەنەکانی خاک و ئاو، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی پێداویستییەکانی گواستنەوە و بۆ زیادکردنی خستنەرووی خواردەمەنی لە هەرێمە پڕحەشیمەتەکاندا هاتووەتە ئاراوە. بڕوانە دەسپۆمییەر (Despommier ،٢٠١٣).

گەڵاڵەیەک بۆ ژینگە بە ئاماژە بە مودێلێکی ئاستبەرز بۆ بەرهەمی سەوز لەلایەن چینەوە خراوەتە بەر باس (٢٠٠١، Chen). ناوبراو، لەباتیی میتۆدی نەریتیی کۆنترۆڵی کۆتاییی لوولە « The traditional end-of-pipe-control approach»، باس لە پەرەدان بە بەرهەمێکی سەوز دەکات کە لە ڕێگای گەڵاڵەدارێژی و نوێهێنانەوە پرسە ژینگەییەکان دەستنیشان دەکات. چێن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پەرەسەندنی بەرهەمی سەوز خەریکە لە لایەن بەشدارانی بازاڕی جیاجیاوە، لەوانە کڕیاران، پیشەسازییەکان و حکوومەتەکان لە سەرانسەری جیهانەوە سەرنجی دەدرێتێ. ناوبراو مودێلێکی ئاستبەرز بۆ ئانالیزکردنی پرسە سیاسی و ستراتێژیکییەکان دەخاتە ڕوو کە بۆ دروستکردنی بەرهەمگەلێک کە لەگەڵ خەسڵەتی ژینگەیی و نەریتیدا کێشەیان هەیە، پێویستە.

هێندێک بەرهەمی کشتوکاڵیی وەک برنج، لەبەر ئەوەی بە خۆراکی سەرەکی دادەنرێن و وزەی دووبارە بە شۆڕشی سەوز دەبەخشن، لە باری مێژووییەوە تاقە کاڵای هەرە گرینگی بەشێکی زۆر لە ئاسیادا بووە. ئەم گرینگییە بۆ سێ هۆی جیاواز دەگەڕێتەوە: ئەم جۆرە خواردنانە بڕێکی گەورە لە کالۆریی خۆراکی دابین دەکەن، پشکێکی فراوان لە چالاکیی ئابووریی گوندنشینان پێک دەهێنن و لەبەر ئاسایشی بەرچاوی خۆراکی و ڕۆڵی ئابووری، وەک شمەکی سیاسییان لێ هاتووە. لەبەر ئەوە، داوە (Dawe ،١٩٩٨) پێی وایە کە بە تێپەڕبوونی کات برنج لە ناوچەی ئاسیادا وەک بەروبوومی هەرە گرینگ دەمێنێتەوە.

پرسگەلی پێوەندیدار بە پەژراندنی تەکنۆلۆژی لە سیستەمە چەرەکانی شۆڕشی پاش سەوز (post-green revolution) ەەلایەن کۆلین و هاوکارانییەوە (٢٠٠٥، -Col

lin et al. ) باس دەکرێن. نووسەران لەسەر ڕەوتی پەسندکردنی تەکنۆلۆژی دەکۆڵنەوە و باس لەوە دەکەن کە گۆڕانی تەکنیکی چۆن بەردەوام دەبێت لە گێڕانی ڕۆڵی گرینگ لە هەڵدانی بەرهەمدەریی بەردەوامدا. ڕەوتی پەژراندنی تەکنۆلۆژی، لە ژێر کاریگەریی چەند فاکتەرێکی وەک سەرمایەگوزاریی ڕوو لە هەڵکشان لە بواری پەروەردە و بارهێنان، ژێرخانی ئابووری، سەرمایەگوزاریی گشتی و تایبەتی و باشبوونی لێهاتوویی تەکنۆلۆژیکیدا بووە. سەرنج زیاتر لەسەر سیستەمەکانی ئاودێریی دەغڵودان (دانەوێڵە) لە ئاسیادا چڕ بووەتەوە کە لەوێدا شۆڕشی سەوز پێشکەوتووتر بووە. نووسەران پێداگری دەکەن کە گۆڕانی سەرەکی لە ژێر کاریگەریی بەرچاوی پەسندکردنی تەکنۆلۆژی و هەڵدانی بەرهەمدەری لێرە هاتووەتە ئاراوە.

هاوکات ڕەخنەشیان لە شۆڕشی سەوز هەیە. ئەوان بەردەوامیی ئیکۆلۆژیکی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەن کە بەرهەمی تەکنۆلۆژین و گۆڕانی کشتوکاڵی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا کە تێیدا سەرنج لەسەر بەرهەمدەری چڕ بووەتەوە، دەبەنە ژێر پرسیار. بەشێوەی بەرچاو، لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسی-ئیکۆلۆژییەوە شیڤا (١٩٩٢، Shiva) شۆڕشی سەوز لە هیندوستان بە گۆڕینی سیستەمی خۆراکیی وڵات بۆ مۆدێلێکی ناسەقامگیر لێک دەداتەوە کە لەسەر بنەمای کۆمپانیا زەبەلاحەکان دامەزراوە کە خستنەڕووی خواردەمەنییان لە ژێر دەستدایە و لە بەرژەوەندیی جووتیارە مەزنەکاندا دەجووڵێنەوە و بەسراوەیی بە فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کە پشتبەستوو بە بەکارهێنانی نەوتن، زیاد دەکەن. ئەم کارە سیستەمێکی کشتوکاڵی دەخولقێنێت کە لە نێو ئابووریی جیهانیدا بەند دەبێت و میتۆدی نەریتی، بەردەوام و ئۆرگانیک بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک و هەروەها سەروەری و ئاسایشی خۆراک لاواز دەکات.

## ٧. ٢. ئابووریی بازنەیی (Circular economy)

کۆمەڵێک ئەدەبیات سەریان هەڵداوە کە هەرکامیان هەڵگری بژارەیەک لە ئابووریی سەوزن. هێندێک فۆرمی تایبەتیی ئابووریی سەوز بریتین لە ئابووریی بازنەیی، ئابووریی هیدرۆژێن و ئابووریی کەم کاربۆن. ئەم بەشە باسی ئابووریی بازنەیی دەکات.

ئابووریی بازنەیی ستراتێژییەکی پەرەسەندنی جێگرەوەی تا ڕادەیەک نوێیە کە تیایدا سەرنج بە تەواوی لەسەر بەکارهێنانی کەرەستە (material) و وزە (energy) چڕ دەبێتەوە. یوان و هاوکارانی (٢٠٠٢، Yuan et al. ) چەمکی ئابووریی بازنەیی و پاشخان و ڕەچەڵەکەکەی بەکورتی دەخەنە ڕوو. بە بۆچوونی ئەوان، چەمکی ئابووریی سەوز یەکەمجار لەلایەن زاناکانی چینەوە ناسێنرا (هەروەها بڕوانە ژوو، Zhu ،١٩٩٨). لە دواساڵەکانی ١٩٧٠کان بەملاوە، چین هەڵدانی ئابووریی خێرای ئەزموون کردووە، کە زۆربوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە دەگمەنیی (سنووردارییی) سەرچاوە ئابوورییە خۆزاییەکان، هەڵلووشین و بەتاڵکردن، پیسبوونی ژینگە و کاولکاریی پێوەندیدار بە پەرەسەندنی خێرای لێ کەوتووەتەوە. لەم بوارەدا، ئابووریی بازنەیی پلانی بۆ دارێژرا و لە ساڵی ٢٠٠٢دا لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک ستراتێژیی پەرەسەندنی نوێ بە ئامانجی کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەڵدانی ئابووریی خێرا و کەمیی کەرەستەی خاو و وزە، بەفەرمی پەسند کرا (سو و ژوو، Su and Zhou ،٢٠٠٥). ئابووریی بازنەیی، گەڕی کەرەستە و بەکارهێنانی کەرەستەی خاو لەسەر بنەمای کەمکردنەوە، بەکارهێنانەوە و سوود لێ وەرگرتنەوەی کەرەستە نیشان دەدات.

چالاکییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا نیشانی دەدەن کە ئابووریی بازنەیی وەک ستراتێژیی ئابووری دەرکەوتووە تا ئەوەی ستراتێژییەکی ژینگەییی پەتی بێت. هەرچەند پارێزگاری لە ژینگەی سەقامگیر کاری بۆ دەکرێت، بەڵام ئامانجی سەرەکیی حکوومەتی چین، برەودان بە پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتییە. هەوڵی جیددیی کردەیی دراون و لە ڕێگای لێکۆڵینەوەوە، کە لە ساڵانی دواییدا بڵاو کراوەتەوە، ئانالیز کراون. (گەنگ و هاوکارانی ٢٠٠٩، Geng et al ) و گەنگ و دۆبەرستەین (٢٠٠٨، Geng and Doberstein) سەبارەت بە دالیان (Dalian)، کە شارێکە لە چین و ئابووریی بازنەیی تێدا بەکار هێنراوە، لێکۆڵینەوەیان کردووە. ئەوان زنجیرەیەک کۆسپ، ململانێ و هەلی گرێدراو بە جێبەجێکردنی پەرەسەندنی قەڵەمبازی و دەرئەنجامەکانی بۆ بە سەرکەوتووانە بەجێگەیاندنی ئابووریی بازنەیی دەناسێنن. ئابووریی بازنەیی وەک ڕێگاچارەیەکی تایبەتی پێناسە کراوە کە ئەو تواناییە بە وڵاتەکە دەدات کە لە کاولکردنی ژینگەوە بۆ سەر ڕێگای سەقامگیری باز بدات.

بەپێی لی و هاوکارانی (٢٠١٠، Li et al )، وەک هەنگاوی چارەسەریی گرفتەکانی پاراستن و پاشەکەوتکردنی وزە، سیاسەت و بەرنامەکانی حکوومەتی چین بۆ پاشەکەوتکردنی وزە لەگەڵ ساختاری ئابووریی بازنەیی وڵاتەکەدا ڕاگەیەندران. ئەوان لێکۆڵینەوەی دۆخی تایبەتیی ڕاپەڕاندن و بە کرداری کردنی ئابووریی بازنەیی و پاشەکەوتکردنی وزە لە پیشەسازییە پرۆسەییەکانی چین پێشکەش دەکەن. ئامانجی ئەوان ئانالیزی لەمپەرە سەرەکییە تەکنیکییەکان و گرفتەکانی کەرەستەی ئابووری و ژینگەیە، بە پێداگرییەکی تایبەتی لەسەر کەڵکوەرگرتنی کاراتر لە وزە، شێوازی مەسرەفی وزە و بەرەڵاکردنی گەناڵ (زبڵ) بۆ ناو ژینگە. وانگ و لیو (٢٠٠٧، Wang and Liu) ئابووریی بازنەیی بە ئامرازێکی کارا و شوێندانەر دەناسێنن کە لە ڕێگایەوە بازرگانیی جیهانی و ئابووری، پتر بە لای «ڕێبازی سەوز»دا دەشکێتەوە تاکوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بەها و پێوەرە ڕوو لە هەڵکشانەکانی ژینگە و لەمپەرەکانی سەوزدا یارمەتیدەر بن و بەمجۆرە بە دوای قازانجی بەراوردکارانەی ڕاستەقینەوەن.

دانپیانانێکی باوە کە پەرجۆی (موعجیزە) ئابووریی چین بە بەها و تێچووی ژینگە و سامانی خۆزایی (سروشتی)ی ئەو وڵاتە وەدی هاتووە. گەنگ و هاوکارانی (٢٠١٢، Geng et al ) سیستەمێکی پێوەری ناوازەی ئابووریی بازنەیی نەتەوەیی لە چیندا دەخەنە ڕوو کە لەسەر پێگە و دۆخی وەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانج و ئاکامەکانی ئابووریی بازنەیی زانیاری دەدات. جگە لەوە، ناوبراوان ئانالیزێکی ڕەخنەگرانە لەمەڕ ئەو سیستەمە پێوەرییە دەخەنە ڕوو. سوو و هاوکارانی (٢٠١٣، Su et al ) پێداگری دەکەن کە ستراتێژیی ئابووریی بازنەیی لە ژمارەیەک ناوچەی تاقیکاری لە چیندا جێگیر کراوە و پەرەی پێ دراوە.

ناوبراوان باس لەوە دەکەن کە لێکۆڵەران بەرهەمی دەوڵەمەندیان سەبارەت بە ئابووریی بازنەیی، هەر لە چەمکە بناخەییەکەیەوە بگرە تا دەگاتە جێبەجێکردنی بەکردەوەی، بەرهەم هێناوە. جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئابووریی بازنەیی بۆ چین وەک ڕێگایەک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پرسگرە بەپەلەکانی کاولکاریی ژینگە و دەگمەنیی (کەمیی) سەرچاوە ئابوورییەکان دەبینرێت. نووسەرە ئاماژەپێکراوەکان هەروەها پێداچوونەوەیەکی نووسراو ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی دیمەنێکی فراوان لەمەڕ چۆنییەتیی دارشتن و جێبەجێکردنی ئەم ستراتێژییە دەستنیشان بکەن. پێداچوونەوەکە چەمکەکە، کردەوە هەنوکەییەکان و نرخاندنی نوێکراوەی

ئابووریی بازنەیی لە خۆ دەگرێت. بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ژمارەییبیان لەمەڕ چۆنییەتیی پەرەسەندنی ئابووریی بازنەیی هەبێت، ئەوان سەیری ئەنجامی دالیان (Dalian) دەکەن و لەگەڵ سێ شاری تاقیکاریدا –بەیژینگ، شانگهای و تیانجین – بەراوردی دەکەن و پەنجە لەسەر گرفت و کۆسپەکان دادەنێن. سەرەنجام، ئاکامگیری و پێشنیارگەلێک بۆ پێشکەوتنەکانی دوارۆژ پێشکەش دەکەن.

بەگشتی، نەبوونی هێزێکی پاڵنەر بۆ پەرەدان بە ئابووریی بازنەیی لە ئارادایە. بۆ ئەوەی یارمەتی بە پەرەسەندنی بەردەوامی ئابووری بدرێت، پێویستە هەڵسوکەوتی حکوومەتەکان لە پەرەدان بە ئابووریی بازنەییدا گۆڕانی بەسەردا بێت. وەک لە پەرەسەندن و جێبەجێکردنی ئابووریی بازنەییدا بینراوە، ڕۆڵی حکوومەت کلیدییە؛ ئەم بابەتە لە لی و لی (٢٠١١، Li and Li)دا وردەکارییەکانی خراونەتە ڕوو. ئاستەنگەکانی سەوز، جۆرێک لە ئاستەنگە ناتاریفەییەکانن کە لە تیۆریی پەرەسەندنی دەوامدار و پاراستنی ژینگەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام لەگەڵ قازانجی بەراوردکاریی ڕاستەقینەدا دێنەوە {تاریفە: باجی سەر کاڵای هاوردە، وەرگێڕ}. وانگ و لیو (٢٠٠٧، Wang and Liu) پێیان وایە کە باشترین ڕێگا بۆ زاڵبوون بەسەر لەمپەرەکانی سەوزدا بریتیە لە جێبەجێکردنی پرۆسەگەلی بەرهەمهێنانی بازنەیی و تەکنیکی بەرهەمهێنانی خاوێن.

لە بەراوردێکدا لەنێوان تیۆرییەکانی ئابووریی بازنەیی و ئابووریی نەریتیدا، ژانگ و چێن (٢٠٠۴، Zhang and Chen) نیشانەگەلێک دەدۆزنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو تیۆرییە لە پاڵی یەکدا دەژین و پێکەوە ڕۆڵ دەگێڕن. سوو و هاوکارانی (٢٠١٣، Su et al ) پێشنیار دەکەن کە حکوومەتی چین دەبێ لە ڕێگای سیاسەتەوە هاندەری ئابووری پەرە پێ بدا بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی کۆمپانیا و دانیشتوان وەگەڕ بخەن. حکوومەت پێویستە درێژە بە پشتیوانیی تەکنۆلۆژییە بنەڕەتییەکان بدات کە بۆ وەدیهێنانی ئابووریی بازنەیی لە چیندا پێویستن، لەوانە بنەماکانی کەمکردنەوە، بەکارهێنانەوە و سوود لێ وەرگرتنەوەی کەرەستە (ئابوورییەکان). بۆ بردنەسەری هۆشیاریی گشتی و بەشداریکردن، دەبێ هەر ماوەیەک جارێک چالاکیگەلی زانیاریدەری پێوەندیدار بە ئابووریی بازنەیی وەڕێ بخرێن. باشترکردنی جێبەجێکاریی یاسا، هەروەها سیستەمی بەڕێوەبردن لەنێو حکوومەتدا، جێبەجێکردنی ئابووریی بازنەیی بەهێز و دەوڵەمەند دەکات.

گرفتی سەرەکیی ئابووریی بازنەیی لە گۆشەنیگای ئابووریی سیاسیی سەوزەوە ئەوەیە کە ستراتیژییەکی ئابوورییە، تا ئەوەی ستراتیژییەکی ژینگەیی بێت. دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێت کە داخوا ئابووریی بازنەیی جۆرێکی تری نوێکردنەوەی ئیکۆلۆژیکی و «چەماوەی ژینگەیی کووزنتس»ـە، واتە ستراتیژیگەلی تێکنۆئۆپتیمیست (techno-optimist) بۆ بە کەسک بوون و درێژەدان بە چالاکییەکان بەشێوەی ئاسایی، یان گواستنەوەیە لە ئابووریی پێگەدانراو لەسەر هەڵدانی ئابووریی هێڵی بۆ شتێکی جیاواز؟ ئەدەبیاتی لەئارادابوو لەسەر ئابووریی بازنەیی سەبارەت بە چین سنووردارن. چەمکی ئابووریی بازنەیی بۆ سیاسەتی فەرمیی ناسراوی شارستانییەتی ئێکۆلۆژیکیی چین دەگەڕێتەوە کە لەویدا ئابووریی بازنەیی وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی شارستانییەتی ئێکۆلۆژیکیی «ئابووریی کاربۆن کەم» لە چیندا بەکار دێت (وەی و هاوکارانی، ٢٠١١، Wei et al ).

## ٧. ٣. پیشەی سەوز و تۆڕەکان

جۆنسۆن (١٩٩٨، Johnson) سێ ڕوانگەی سەرەکی لەسەر دیاردەی سەوز لە پیشەدا

ڕیزبەنــدی دەکات. یەکەمیان، هــەرە باو و ئاســاییەکەیان، ئەوەیە کە پیشەگەلی سەوز ڕەنگدانــەوەی مەســرەفگەرایی (هۆگری بۆ بەکاربردنــی کەلوپەلی ئابووریی) ســەوزن. دووهەمیــان ئەوەیە کە پیشــە ســەوزەکان بەرهەمی یاســا و سیاســەتگەلێکی گشتین کــە کۆمپانیا و بەکاربەر ناچار بە چوونە ناوی فەزای سەوز دەکەن. ئەم بۆچوونانە بە باشی لە ڕوارتی (Roarty ،١٩٩٧)دا ڕەنگیان داوەتەوە کە نیشــانی دەدا کە لە ژێر ڕەوەندی ڕوو لە گەشەدا، مەسرەفگەرایی سەوز ڕەنگدانەوەی چوونســەری ژمارەی بەکاربەرانە کە پێیان باشترە ئەو بەرهەمانە بکڕن کە پێوەری بەرزی ژینگەپارێزییان تێدا ڕەچاو کراوە. کۆمپانیاکان دەکەونە ژێــر کاریگەریی ئــەم ڕەوەندانەی بازاڕ و لە ژێر پاڵەپەســتۆی یاساکانی ژینگە و خواســتی بەکاربــەران جــێ دەگــرن کە پێوەرگەلی بەرزی چۆنایەتیی ژینگە دادەنێن. بەمجــۆرە، لە مامەڵەکردنیــان لەگەڵ گرفتە ژینگەییەکاندا بەکــردەوە چالاکیان دەکات. سەرەڕای ئەوەش، جۆنسۆن (Johnson) پێی وایە کە پێڕەوی کردن لە ڕوانگەی ســێهەمی پیشەگەلی ســەوز، ڕەنگدانەوەی سیستەمی بیری ئیکۆلۆژیکیی نوێیە.

زیاتــر لەوە، زۆلنــای (Zsolnai ،٢٠٠٢) لەســەر دوو ڕێباز ئانالیز دەکات و دەیانخاتە ڕوو کە ئامانجیان سەقامگیریی ئیکۆلۆژیکییە، کە لەویدا سەقامگیریی ئیکۆلۆژیکی ئاماژە بە ئەو ڕاســتییە دەکات کە بەهای ئیکۆلۆژیکیی ئیکۆسیســتەمە خۆزاییــەکان نابێــت بــە تێپەڕبوونی کات دابەزێن. یەکێک لەو ڕێبازانە لە لایەن جووڵانەوەی پیشــەییی ســەوزەوە نوێنەرایەتــی دەکــرێ و ئــەوی دیکەیــان مۆدێلێکی جیاوازی ئابووریی کۆمەڵییە، وەک کشــتوکاڵی لەلایەن کۆمەڵەوە پشتیوانیکراو. ئەنجامی تیۆریکی و ئەزموونی دەریدەخەن کە بیرۆکەی پیشەسازیی ســەوز بۆ چەسپاندنی بەردەوامیــی ئیکۆلۆژیکی بــەس نییە؛ بەڵام ئابووریی کۆمەڵ ڕەنگــە بتوانێت وەڵامدەری مەرج و پێگــە ســەرەکییەکانی بەردەوامیی ئیکۆلۆژیکی بێت.

لــە پشــکنین و شــوێندۆزیکردنی ژینگەپارێــزی لە ســەردەمی کاردابینکەریدا (entrepreneurial age) جامیســۆن (٢٠٠١، (Jamison لەســەر ژینگەپارێزکردنــی تــۆڕی پیشەســازی هەڵوێســتە دەکات. ژینگەپارێزکردنــی تۆڕی پیشەســازی وەک نموونەی ڕێکخراوێکــی ژینگەییی هاوچەرخ، باســی لێوە دەکرێت. ناوبراو دەپرسێت: «ئایا دەکرێ ژینگەپارێزکردنی تۆڕی پیشەســازی، وەک جــۆرە ڕێکخراوێکــی جووڵانــەوەی کۆمەڵایەتیی هاوشێوەی ١٩٩٠ـەکان سەیر بکرێــت؟» جامیســۆن بــەو ئاکامــە دەگات کــە ژینگەپارێزکردنــی تۆڕی پیشەســازی پەنجەرەیەک بە ڕووی دنیای لە گۆڕاندابووی نوێکردنەوەی ئیکۆلۆژیکیــدا دەکاتەوە. ئەمە وەک یەکێک لە دوکتورینە باڵادەســتەکانی سیاســەتی ژینگەیی، لە کۆتاییی نەوەدەکاندا پــەرەی ئەســتاند، بەڵام لە درێــژەی ڕێگادا بەشێک لە خەون و خولیا سەرەتاییەکانی لە دەست دا.

شــایانی وەبیرهێنانەوەیە کــە ئەدەبیاتی باسکراو لێرەدا پێناسەیەکی ڕوون لە ئابووریی بازنەیی ناخاتــە ڕوو. هەروەها ڕوون نییە کە بزوێنــەرە ئابوورییەکانی بناخەداناراو لەســەر بەرهەمهێنان و بەکارهێنان بە چ شــێوەیەک پێوەندییــان بــە ژینگەپارێزکردنی پیشــە و بازرگانییەوە هەیە. جگە لەوە، لەسەر ڕەگەزە نائیکۆلۆژیکییەکانــی پەرەســەندنی بەردەوام کەمتر بــاس دەکرێــت، لەوانە یەکســانیی کۆمەڵایەتــی و ئابــووری، دیمۆکراســیی بەرفراوانتــر و بەشــداریی هاووڵاتییــان لە ئافراندنــی کۆمەڵگەیەکــی ســەقامگیر و دەوامداردا. بەڵگەیەکی بەهێزو قایم لە دەستدا نییــە کە بیســەلمێنێ کە بە چ شــێوەیەک ژینگەپارێزکردنی پیشــە و بازرگانی، ئامانجە

کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پەرەسەندنی بەردەوام وەدی دێنێت.

### ٧. ۴. بەرهەمی سەوز و بەکارهێنانی بەرهەمی بەردەوام

لە پێوەندی لەگەڵ ئوستوورە و راستییەکانی ئابووریی سەوزی نوێ، هارتمان (Hartman ،١٩٩۶) وردەکارییەکانی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئامادە دەکات کە پشت بە لێکۆڵینەوەگەلێک دەبەستێت کە نیشاندەری ئەوەن کە زۆرینەی بەکاربەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان مەیل و ویستێکی بەهێز بۆ کڕینی بەرهەمە خۆراکییە دەوامدارە لە خاک بەرهەمهاتووەکانیان تێدایە. ئەم ویست و مەیلە هەڵکشاوە بۆ کڕینی بەرهەمی خۆراکیی لەو جۆرە، کاری کردووەتە سەر پیشەسازیی بژێوییەکانی ژیان. ئەگەر بێتو سەرنجمان لە خستنەڕووی بەرهەمی نوێوە بگوازینەوە بۆ خواست یان نیازەکانی بەکاربەر، ئەوا دەکرێ درز و کەلەبەری نێوان خواستی شیمانەیی و فرۆشرانی راستەقینەی خۆراک هەڵبگیردرێت (بسڕدرێتەوە). سەرەرای ئەوەش، جێبەجێکردنی کارێکی وەها پێویستیی بە تێگەیشتنێکی ڕوون لە بازاڕ هەیە. وەک نموونەیەک، ناوبراو لەسەر پاشەکەوتی وزە و ئابووریی بازنەیی لە پیشەسازیی پرۆسەی چیندا پشکنین دەکات. لەمپەرە تەکنیکییە سەرەکییەکان و گرفتەکانی ژینگەی سەرچاوە ئابوورییەکان، لەلایەن لی و هاوکارانییەوە (Li et al ،٢٠١٠ ) ئاناڵیز کراون. ئەم ئاناڵیزە لەسەر بنەمای ناساندنی چەمکی ئاستی بەکارهێنانی وزە لە پیشەسازییەکانی پرۆسەی سەرەکیی بەکارهێنانی وزە لە چیندا، ئەنجام دراوە. قورساییی باسەکەی ئەوان بەتایبەتی لەسەر کارامەیی لە بەکارهێنانی وزە، دۆخی بەکارهێنانی وزە و بەرەڵاکردنی گەناڵ و پۆخڵییە.

ویستی بەکاربەران بۆ دانی پارەی تێچووی دەستپێشخەریگەلی سەوز، خۆراکی سەوز (بۆ ژینگە گونجاو)یشی لەگەڵ بێت، بوارگەلێکی دیکەی وەک بازاڕی سەوز (بۆ ژینگە لەبار)، ئامادەکردنی شمەکی گشتی و پیشەسازیی هوتێلدارییش لە خۆ دەگرێت. کۆچەن (Kotchen ،٢٠٠٣) مۆدێلێکی گشتیی دابینکردنی شمەکە گشتییەکان لە لایەن کەرتی تایبەتییەوە پەرە پێ دەدات. مۆدێلەکە بۆ پشکنینی لێکەوتە ئەرێنی و پێوەرییەکانی بازاڕگەلی سەوز بەکار دەبرێت. کانگ و هاوکارانی (Kang et al ،٢٠١١) لەوە دەکۆڵنەوە کە ئایا میوانانی هوتێل مەیلیان هەیە لەبەر ژینگەپارێزی و کردەوە و میتۆدی بەردەوامی لە پیشەسازیی هوتێل لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەستخۆشانە بدەن یان نا. بە شێوەیەکی تایبەتی، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لە پێوەندیی نێوان ئاستی گرینگیدانی میوانانی هوتێل بە ژینگە و مەیل هەبوونیان بە دانی دەستخۆشانە لەبەر دەستپێشخەری و چالاکیی سەوز (ژینگەپارێزانە)ی هوتێلێک بکۆڵنەوە. ئەوان بەو ئەنجامە دەگەن کە ئەو میوانانەی هوتێل کە ئاستی نیگەرانییەکانیان لەمەڕ ژینگە بەرزترە، مەیلێکی زیاتریان هەیە دەستخۆشانە بەو هوتێلانە بدەن کە پڕۆژە و پلانی ژینگەپارێزییان هەیە.

یەکێکی تر لە لایەنە تەواوکەرییەکانی ئابووریی سەوز دیزاینی ژینگەیە. چێن (٢٠٠١، Chen) مۆدێلێکی دامەزراو لەسەر چۆنایەتی بۆ پەرەدان بە بەرهەمی سەوز پێشکەش دەکات کە لە ڕێگای دیزاین و نوێگەریی بەرهەمەوە دەپەرژێتە سەر پرسەکانی ژینگە. مۆدێلەکە سەرنجی بەرچاوی کڕیاران، پیشەسازییەکان و حکوومەتەکانی لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. چێن مۆدێلێکی بۆ ئاناڵیزکردنی پرسە سیاسی و ستراتیژییەکانی پێوەندیدار بە پەرەدان بە بەرهەمگەلێک بە تایبەتمەندیگەلی دژ بە یەکی نەریتی و

ژینگەییەوە ئامادە کردووە. دوو لە دۆزینەوە سەرەکییەکانی ناوبراو نیشانی دەدەن کە پەرەسەندنی بەرهەمی سەوز و پێوەرە سەختگیرانە ژینگەییەکان لەوانەیە وەک پێویست قازانج بە ژینگە نەگەیەنن. پارەدانی سەوز (ژینگەیی) بۆ کۆنترۆڵکردنی «پیسیی بێ خاڵ non-point pollution»ی پێوەندیدار بە پلانی ئاکسیۆنی ئاوی خاوێن، ڕووبەرێکی سەوزی دیکەی شمەکی گشتین کە لەلایەن جەیمز و گابلەرەوە (١٩٩٧، James and Gabler) باس دەکرێن. {پیسیی بێ خاڵ پیسبوونێکە کە بەهۆی زیاتر لە سەرچاوەیەکی پیسکردنەوە بێت، وەرگێر}. پلانی ئاکسیۆنەکە پێشنیار دەکات کە بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی فرەچاوگی کشتوکاڵی، هاندەری ئابووریی زیاتر بەکار بێت.

## ٧. ٥. ڕووبەری دیکەی بەکارهێنانی سەوز

چەمکی سەوز فرەڕەهەندی و هەمەجۆرە. ئەم بەشە، جگە لە ئەوەی پێشووتر باس کرا، چەند ڕووبەرێکی نوێ تاوتوێ دەکات.

وودهاوز و برەیمان (٢٠٠٥، Woodhouse and Breyman) باس لە کیمیای سەوز دەکەن. ئەوان کیمیای سەوز وەک هەوڵێک بۆ دارشتنەوەی بەرهەمە کیمیاییەکان و پێکهاتەکانیان، بە جۆرێک کە کارتێکەرییە نەرێنییەکانی سەر تەندروستی و زیانە ژینگەییەکانیان بە شێوەی بەرچاو کەم دەکاتەوە، دەناسێنن. ناوبراوان پێداگری دەکەن کە کیمیای سەوز، لە پێناسە بەربڵاوەکەیدا، دەکرێ وەک جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی چاوی لێ بکرێ. جووڵانەوەی جێی باس، هی سەرتەڵەکانی (نوخبەکانی) کۆمەڵگەیە، نەک بزاوتێکی جەماوەری. نووسەران تیشک دەخەنە سەر هیندێک گیروگرفت و دژواری کە پێشکەوتنخوازانی سیاسی لە هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ کیمیاگەرانی سەوزدا لە درێژەی ئەم ڕەوتی پەرەسەندنەدا ئەزموونیان کردووە. ئەو ڕەخنانەی پێشتر باسیان لێوە کرا، دەکرێ سەبارەت بە کیمیای سەوزیش بەجێ بن، لەبەر ئەوە کیمیای سەوز دەکرێ بۆ وەدیهێنانی ڕوانگەی گەشبینیی تێکنۆلۆژیک لەسەر پەرەسەندن، وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر بێت.

ئابووریی سەوز لە شارۆمەندان دەخوازێ لە هەمبەر چەمکێکی مەزنتری ئابووریی کە زیانەکانی ژینگەش ڕەچاو دەکات، زیاتر بەرپرسیار بن. ئەم چەمکی شارۆمەندیی سەوزە لەم دروشمەدا پوخت کراوەتەوە: «گەردوونی بیر بکەوە، خۆجێیی بیرەکەت بکە بە کردار!». بەپێی بۆچوونی سمیت (٢٠٠٥، Smith)، شارۆمەندیی بەدەگمەن، تەوەری سەرنجی گەلاڵە بۆ دارێژراو و ڕێکوپێک، لە نێو تیۆریی سیاسیی سەوزدا بووە. ئەم کارە، بە لەبەرچاوگرتنی بایەخێک کە بە مژاری وەک بەرپرسیارێتیی کەسینە، هێزدەری، بەشداریکردن و سیاسەتی گشتی لە نێو ئەدەبیاتی ئاکادمیک و چالاکانەدا دەدرێت، جێی سەرسووڕمانە. لە پێوەندی لەگەڵ شارۆمەندیی سەوز و ئابووریی کۆمەڵایەتیدا، سمیت بەڵگە دێنێتەوە کە لە نێو ئابووریی کۆمەڵایەتیدا ڕەوشت و پێکهاتەی ڕێکخراوەگەلی وەک کۆمپانیا هەرەوەزییەکان، ئەنجومەن و دامەزراوە هاوبەش و خێرخوازییەکان، لەگەڵ پەرەسەندنی هەلومەرج، لێوەشاوەیی و تواناییەکاندا دێنەوە. بەرهەمی دیکە کە لەسەر شارۆمەندیی سەوز لەلایەن تیۆریزانانی سیاسیی سەوزەوە نووسراون، ئەمانەش لە خۆ دەگرن: بەڵ (٢٠٠٥، Bell)، باری (٢٠٠٦ب، Barry)، دۆبسۆن (٢٠٠٦، Dobson)، ماکگریگۆر (٢٠٠٦، Macgregor)، هایوارد (٢٠٠٧، Hayward)، گابریەلسۆن (٢٠٠٨، Gabrielson) و سەری (٢٠١٣، Scerri).

شیار (٢٠١٠، Shear) دەپرسێت کە داخوا ئابووریی سەوز بەستێنێکە بۆ شۆڕشێکی وێنایی

یان نا. نووسەر لەسەر پێکهاتە، پراکتیک و ئامانجەکانی هیندێک ئەکتەری کۆمەڵایەتی لە جووڵانەوەی ئابووریی سەوز لە ماساشووسەت (Massachusetts)دا زانیاری دەدا و هەڵیاندەسەنگێنێ. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا، لەهتینەن (Lehtinen ،۲۰۰۷) بە تێروانینێکی باکووریانەوە دادمەندیی ژینگەیی، شەپۆلەکانی سەوز و بەجیهانیبوون تاوتوێ دەکات. لەهتینەن بەڵگە دەهێنێتەوە کە شرۆڤەی سەردەست(زاڵ) ی ژینگەپارێزیی ڕۆژاوا، گەیشتووەتە بیچمێکی بەرفراوانی هاوتەشە (هاوروخسار). لە لایەکی دیکەوە، ئەم هاوڕوخسارییە تەنیا لەم دواییانەدا لەگەڵ ڕەخنەی چروپڕدا بەرەوروو بووەتەوە.

لی و هاوکارانی (Li et al ،۲۰۰۹.) تێگەیشتن و مەبەست و ڕەفتارییەکانی جووڵانەوەی سەوزیان تاوتوێ کرد و لەو نێوەدا پێشخستنی کەرەستەیەکیان بۆ تاقیکردنەوەی ئاگایی و ئامانجی تاقیکراوان سەبارەت بە هەڵسوکەوتکردنیان بەگوێرەی ئەوەی کە بە «جووڵانەوەی سەوز» ناسراوە، هێنایە بەر باس. لە لێکۆڵینەوەیەکی پەیوەندیداردا، واڵ (۲۰۰۱، Wall) لەسەر سەوزی دژە کاپیتالیزم، دیاریکردنی شوێنی مانیفستێکی گەردوونی، بەجیهانیبوون، ململانێکانی نیولیبرالی، دژکردەوە ڕادیکاڵییەکان، قەرز و ئیمپراتۆریی دۆلار باس دەکات.

## ٨. سیاسەتی گشتیی سەوزی هەڵبژێردراو

ئەم بەشە هەڵبژاردەیەک لە سیاسەتی گشتیی سەوزی باو لە خۆ دەگرێت. لە نێویاندا سیاسەت و دەستپێوەردانەکانی حکوومەت، ئابووریی هیدرۆژێنی سەوز، وزەی سەوز، باجی سەوز و ئابووریی کەم کاربۆن جێی ئاماژە پێکردنن.

### ١.٨. سیاسەت و دەستپێوەردانە گشتییەکانی حکوومەت

چێن (Chen ،۲۰۰۸) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مۆدێلی دڵخوازی سیاسەتی حکوومەت بۆ پێشخستنی ئابووریی سەوز، نیازی بە سیاسەتێکی تێکەڵاو و ستراتێژیی هاندەرانەی ئابوورییە. ئیلاندر (Elander ،۲۰۰۷) لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئابووریی باشبژێویی سەوز لێکۆڵینەوە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، ناوبراو هەڵسوکەوتی حیزبی سەوزی سویدیی لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانیی ساڵی ١٩٩٨ەوە خستە ژێر چاودێرییەوە. دوابەدوای هەڵبژاردنەکان، حیزبی سەوز پشتگیریی لە حکوومەتێکی فرەلایەن کرد بەو مەرجەی بتوانێ کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەت لە بواری ژینگەدا هەبێت. تیککەڵ (Tickell ،۲۰۰۷) لە پەیوەندیی نێوان سەوزایەتی و حکوومەت ورد دەبێتەوە. لە لێکۆڵینەوەکەیدا، تێکچوونی ژینگە تاوی سەندووە (دەوری هەڵگرتووە) و پێنج فاکتەری سەرەکی لە پشتی ئەم خێراییە یان دەورهەڵگرتنەوە دەبینێت: هەڵدانی حەشیمەت، خراپبوونی چۆنایەتیی خاک، پیسبوونی ئاو، گۆران لە کیمیای کەشوهەوا و دابەزینی فرەجۆریی زیندەوەران. تیککەڵ دەبێژێ هاوتەریب لەگەڵ ئەم ڕەوتانە زانیاری و هۆشیاریی گشتی لەسەر پرسەکانی ژینگە لە هەڵکشان و زیادبووندان.

یونان و هاوکارانی (Yunan et al ،۲۰۰۶ ) ئابووریی بازنەیی وەک ستراتێژییەکی نوێی پەرەسەندن لە چین، کە لەسەر ڕێگای پیشەسازی دەچێتە پێش، لێک دەدەنەوە. ئەوان تێبینی دەکەن کە چالاکییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریانخستووە کە ئابووریی بازنەیی خەریکە وەک ستراتێژییەکی ئابووری سەرهەڵدەدات تا ستراتێژییەکی ڕووتی ژینگەیی کە لە سەرەتاوە پێی دەناسرا. حکوومەت، هاوکات کە هەوڵی دەستەبەرکردنی پاراستنی دەوامداری ژینگە دەدات، وەک ئامانجی سەرەکی تێدەکۆشێ یارمەتی بە پەرەسەندنی بەردەوامی ئابووری

بــدات. لــە لێکۆڵینەوەیەکــی پێوەندیداری دیکــەدا، لــی و لــی (٢٠١١، Li and Li) لە گۆشــەنیگای حکوومەتەوە، لەســەر هێزە پاڵنــەرەکان لــە ئابووری بازنەییــی چیندا مشتومڕ دەکەن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، نەبوونی هێــزی پاڵنەر بۆ پەرەدان بە ئابووری بازنەیی لە ئارادایە. نووسەران لەسەر هاوئاهەنگ کردنی شــێوازی ڕەفتاری حکوومەت لە پەرەدان بە ئابووری بازنەییدا، بە جۆرێک کە یارمەتی بە پێشخستنی سەقامگیر و دەوامداری ئابووری چین بدات، پێداگری دەکەن.

### ٨. ٢. ئابووریــی هیدرۆژێنی ســەوز، وزە و باجی وزە

کلارک و ڕیفکیــن (٢٠٠٦، Clark and Rifkin) پێیــان وایــە زۆر زوویــە لەگــەڵ ئابووری هیدرۆژێنــدا بەرەوڕوو بیت و لەمەڕ دەســپێکەکەیدا باس لــە هێندێک نیگەرانی بکەیت. زۆر بوونی ئۆتومبێلی گواســتنەوەی فرەئــاردوو {بەنزیــن، دیزل، باتــری، . . . } وەک ڕێــگای گەیشــتن بە ســەربەخۆیی وزە و پەیجۆریــی دوارۆژێکی نە فرە دووری هیدرۆژێنی شــیاوی نۆژەنکردنەوە چاوی لێ دەکرێت. پێشنیارەکانی ئەوان هەوڵی گشتی بــۆ ناســاندنی بازاڕدۆزیی بەربــڵاو، ژێرخان و تێچووکێشــانی بووژاندنــەوەی داهێنانــی تەکنۆلۆژی لە خۆ دەگرێ. جگە لەوە، پێداگری دەکەن کە گازی سروشتیی تراو (Liquefied natural gas) بەشــێک دەبێت لە (قۆناخی) گواســتنەوە، بــەڵام لەبــەر تایبەتمەندیــی ناسەقامگیربوونی وەک سەرچاوەی سەرەکیی وزە، پێویستە ئەولەویەتی زیاتر بە سەرچاوە بۆ نۆژەنکردنەوە شیاوەکانی وزە بدرێت. بەکورتی، بۆ وەدیهێنانی هەڵدانی سەقامگیر و بەرگەگر، بەرهەمــی وزەی بــۆ نۆژەنکردنــەوە شــیاو پرسێکی کلیلییە و باشکردنی کارامەییی وزە، تەنیا ستراتێژییەکە لە پرۆسەی گواستنەوەدا. لە لێکۆڵینەوەی نوێتردا، دۆو (٢٠١١، Dow سەبارەت بە خانەکانی ئاوردوو (سووتەمەنی) و «LED – دیــۆدی تیشــکهاوێژ»ی لێکدراو بۆ ئابووریی ســەوز ڕوونکردنەوە دەدات. دۆو پێداگری دەکات کــە زەروورییە خاوێنکەر و سیســتەمی گوێزەرەوەی بەهێزتری وزە کە ئەمســەر خانەگەلی ئاوردووی هیدرۆژێن (-hy drogen fuel cells) دامەزراون، پەرەیان پێ بدرێت.

سووتەمەنیی فوسیلیی باو، کە سەرچاوەی بەرایــی وزەن، دەگمەن و نابەســکردوون و بەرەو کەمبوونەوەش دەچن. باکســی و گرین (٢٠٠٧، Baksi and Green) لــەو باوەڕەدان کــە دابەزینی چریــی وزە لــە ئابووریدا بۆ فاکتەرە شــوێندانەرەکانی وەک باشترکردنی کاراییــی وزەی تەکنیکــی لــە ئابووریدا و هەروەها جێگۆرکێــی چالاکیە ئابوورییەکان لەنێــوان کەرتە وزەخۆرەکانــدا دەگەڕێتەوە. لــە هەڵســەنگاندنی ســتراتێژیگەلی وزەی سەوز بۆ پەرەســەندنی بەردەوامدا، میدیلّی و هاوکارانی (٢٠٠٦، Midilli et al ) کۆمەڵێک ســتراتێژیی وزەی ســەوز بۆ پەرەســەندنی بەردەوام پێشنیار دەکەن. لەم پێوەندییەدا، بۆ یاریکردنی ڕێژەی کاریگەریی کەرتی (-sec toral)، تەکنۆلۆژیکــی و بەکارهێنان، حەوت ســتراتێژیی وزەی ســەوز بەوردی ســەرنج و بایەخیــان دەدرێتێ. لەســەر بنەمای ئەم ڕێژانە، نووسەران پەی بە پارامێترێکی گشتی و نــوێ دەبەن کە ناوی ڕێــژەی کاریگەریی وزەی سەوزی لەسەر دادەنێن. ستراتێژیگەلی بەردەوامی وزەی ســەوز دەتوانن لە ئابووریی ئەو وڵاتانەدا کە تێیاندا وزەی سەوز بە فراوانی بەرهــەم دێت، یارمەتیدەرێکــی گرینگ بن. لەلایەن حکوومەتەکانــەوە، بۆ جێگرتنەوەی ســووتەمەنیی فوسیلی، ســەرمایەگوزاری لە خستنەڕووی (عرضە) وزە پێشنیار دەکرێن و پێداگریان لەسەر دەکرێت.

جگە لە هێنانە ئارای داهاتی گشتی، باجی وزە لە دەســپێکدا بۆ کۆنترۆڵی بەکارهێنانی

وزە دارێـــژراوە. ئامانج لە دابەزاندنی ئاســـتی بەکارهێنانی وزە ئەوەیە کە یارمەتیی گەیشتن بـــە ئامانجەکانی ئاماژەپێکـــراو لە پرۆتۆکۆڵی کیۆتـــۆ (Kyoto Protocol) بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕانی کەشـــوهەوا بدات. ئابووریی سیاسیی باجی وزە لـــە وڵاتانی یەکیەتیـــی ئورووپادا تـــا ڕادەیەک باوە. پیـــرس (Pearce ،٢٠٠٦) بـــەو هۆکارانەدا دەچێتەوە کە لە دارشـــتنی سیاسەتدا شوێندانەرن و ڕێنوێنیگەلێک لەسەر چۆنیەتیـــی یارمەتیگەیاندنی ئەم سیاســـەتە دارێژراوانە بە ئابووریزانانی سیاســـەت-تەوەر لـــە هەڵێنانەوەی هەنگاوگەلێک کە شانســـی زۆرتـــری پەژراندنیـــان هەیـــە، دەخاتە ڕوو. پاشـــەکەوتی وزە و ئابووریـــی بازنەیـــی لـــە چیندا لەســـەر پیشەســـازییە پرۆسەییەکان چەق دەبەســـتێت. لەســـەر بنەمای ناساندنی چەمکـــی ئاســـتی بەکارهێنانـــی وزە لـــە پیشەسازییە پرۆسەییە وزەخۆرە کلیلییەکاندا، لەمپەرە ســـەرەکییە تەکنیکییەکان و گرفتە ژینگەییەکانـــی ســـەرچاوەکان لەلایەن لی و هاوکارانییـــەوە (Li et al ،٢٠١٠) ئاتالیـــز دەکرێـــن. لـــە لێکۆڵینەوەکەیانـــدا، ناوبراوان بەشێوەی ســـەرەکی لەسەر چەند هۆکارێکی کلیلی، لەوانـــە کەڵکوەرگرتنی کاراتر لە وزە، شـــێوازی بەکارهێنانـــی وزە و بەرەڵاکردنی گەناڵ (زبڵ) بۆ ناو ژینگە پێداگری دەکەن.

وزەی ســـەوز بـــە واتـــای «وزەی بـــۆ نۆژەنکردنـــەوە شـــیاو»ـە. وزەی ناوکـــی بژارەیەکـــی (جێگرەوەیەکی) ســـەوزە، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ گازە گوڵخانەییەکان بەرهەم ناهێنێت بەڵام پرسی ئاسایش و بەرهەمهێنانی گەناڵ و پاشماوەی ناوکی، چاوگی پەرۆشی و نیگەرانین (بڕوانـــە گرۆڤەر ،٢٠١٣ Grover). ئامانج لە پێشخســـتنی بازاڕی وزەی ســـەوز لە ئاڵماندا ئەوەیە کە سیاســـەتێکی گشتیی شـــوێندانەر و ســـەرهەڵدانی خێرای خواست بـــۆ «وزەی بـــۆ نۆژەنکردنـــەوە شـــیاو» لەنێو بەکارهێنەراندا وەدی بێت. ووســـتەنهاگەن و بیلهارز (Wustenhagen and Bilharz ،٢٠٠٦) لەسەر پەرەســـەندنی وزەی بۆ نۆژەنکردنەوە شـــیاو لەنێوان ســـاڵەکانی ١٩٧٣ بۆ ٢٠٠٣ توێژینەوەیـــان کردووە. ئەوان ســـەبارەت بە بایەخی ڕێژەیی سیاسەتی وزە و بازاڕدۆزیی وزەی ســـەوز لە بیچمگرتنی بـــازاڕی «وزەی بۆ نۆژەنکردنەوە شـــیاو» لە وڵاتدا دەکۆڵنەوە. ئابووریی سیاســـیی وزەی سەوز، هەر وەکوو دۆزی وزەی بۆ نۆژەنکردنەوە نەشـــیاو، ڕۆڵی سیاســـەت لـــە دانانی سیاســـەتی ژینگەییدا تاوتوێ دەکات. سیوسیرلان و یاندلە (٢٠٠٣، Ciocirlan and Yandle) تیۆریی بەرژەوەندیی گشـــتی و تیۆریگەلی جێگرەوەی یاسامەندی دەهێننـــە بەر باس. ئـــەوان هەروەها نەبوونی ئاراســـتەی ژینگەییی باجی سەوز لە وڵاتانی ئەندام لـــە ڕێکخراوی هاوکاریـــی ئابووری و پەرەســـەندن (OECD)دا شـــی دەکەنـــەوە. شـــەمەتی و هاوکارانـــی (٢٠١٥، -Hesh mati et al ) لێکۆڵینەوەیەکـــی بەربڵاویـــان لەمەڕ بازاڕی «وزەی بۆ نۆژەنکردنەوە شـــیاو» ئامادە کرد و خەســـڵەتەکانی بازاڕێکی خاوەن باشترین دۆخی گونجاویان ڕوون کردووە کە تیایدا لەسەر تەکنۆلۆژی، دارایی و یاسامەندی پێداگری دەکەن.

کارایـــی و پاشـــەکەوتی وزە بە هۆکاری ســـەرەکیی کەمکردنـــەوەی شـــوێندانەریی کەرتی وزە لەسەر ژینگە دادەنرێن. لینارەس لاباندیرا (٢٠١٠، -Linares and Labandei ra) باس لەو هۆکارانە دەکەن کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی وزە لە بڕیاری پێوەندیدار بە کەمکردنەوەدا دەبێت و سیاســـەتگەلێکی لەبار بۆ پێشخستنیان پێشنیار دەکەن. بەپێی بۆچوونی ئەوان، دەکرێ کارگێڕیی خواســـتی وزە (DSM) بـــۆ بەهێزکردنـــی بەردەوامـــی لـــە بەکارهێناندا بەکار بێـــت. وۆرتینگتۆن و هۆفمـــان (٢٠٠٨، -Worthington and Hoff man) لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی بۆ دارشتنی مودێلی خواستی ئاوی شوێنی نیشتەجێبوون

ئامادە دەکەن. کەڵکوەرگرتنی ڕوو لە زیادبوون لە کارگێڕیی خواستی وزە (DSM) وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی بێ ئەملاولای خواستی کارەبا (بەرق)، لەو کاتانەی کە ژمارەی بەکاربەران لە لووتکەدایە، هۆگریی خاوەن پشکانی لە بازاڕی وزەدا هورووژاندووە. حشمەتی (Heshmati ،٢٠١٤) بە ئەدەبیات و مۆدێلەکانی خواست، هێڵی بنەڕەتیی کریار و وڵامدانەوە بە خواست لە بازاڕی کارەبای کۆریادا دەچێتەوە. ناوبراو هەر نموونەیەک بە مۆدێلێکی گونجاوەوە گرێ دەدا و کاریگەریی ئەنجامەکان تاوتوێ دەکات.

ڤڤەندسەن و هاوکارانی (Sv- ،٢٠٠١ endsen et al. ) لەسەر کریاران، پیشەوەران و ئابووریی سیاسیی پەیوەندیدار بە باجی دووهەم ئۆکسیدی کاربۆن لە وڵاتانی سەر بە ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پەرەسەندن (OECD)دا لێکۆڵینەوەیان کردووە. ئابووریزانان بە شێوەی نەریتی پێداگرییان کردووە کە سیاسەتوانان دەبێ باجی لێکچوو لەسەر پۆخڵی ڕشتن (پیسکردنی ژینگە) بسەپێن. ئەم سیاسەتە وەک ڕێگاچارەی هەرە باش بەرنووس دەکرێت. سەلمێنراوە ئەزموونییە هەنووکەییەکان لەسەر باجی سەر دووهەم ئۆکسیدی کاربۆن لە وڵاتانی سەر بە ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پەرەسەندن (OECD)دا ئەم پێشبینییە تیۆرییەکە پشتڕاست دەکەن. باجی سەوز لە ئابووریی ڕوو لە گەشەدا بڕیارە وەک قازانجی دووقاتی پشک هەڵبسەنگێندرێت. گلۆم و هاوکارانی (٢٠٠٨، Glomm et al ) چاکسازی لە باجی سەوز بەبێ لەبەرچاو گرتنی قازانج، هاوهێڵ لەگەڵ گریمانەی «قازانجی دووقاتی پشک»دا شەنوکەو دەکەن. نووسەرەکان، بە کەڵکوەرگرتن لە مۆدێلێکی هاوسەنگی گشتیی ڕوو لە گەشە، بۆیان دەردەکەوێت کە بردنەسەری باجی بەنزین و بەکارهێنانی داهاتەکە بۆ کەمکردنەوەی باجی سەر داهاتی سەرمایە، هەردووک جۆر سوودی باشبژێوی دەخاتە بەر دەست: قازانجی پشکی کارایی و اازانجی پشکی سەوز. ئۆتەس (١٩٩٥، Oat- es) ئەو پرسیارە گەڵاڵە دەکات کە داخوا ئێمە دەتوانین ژینگە بپارێزین و هەر لەو کاتەدا سیستەمی باج پێش بخەین. ئامانجی ناوبراو هەروەها تاوتوێکردنی هێندێک بابەت لە ئابووریی سیاسیی باجی سەوز لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوەیە. نەلسۆن و ڕۆبەرتسۆن (٢٠٠٨، Nelson and Robertson) لە باسی لێکەوتەکانی ژینگەیی سووتەمەنیی زیندەیی (biofuels) لە جیهانی پێشکەوتوودا، بە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا لەسەر بابەتەکە چوونەتەوە. ئەوان ئاوڕ لە لێکەوتەکانی بازاڕ و ئاسایشی خواردەمەنی لە هەڵکشانی خێرای هەنووکەییی خواست بۆ سووتەمەنیی زیندەیی ڕاو لە پێوەندی لەگەڵ ژینگە لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا دەدەنەوە.

## ٨. ٣. ئابووریی کەم کاربۆن (Low carbon economy)

{کاربۆن یەکێک لە پێکهاتە گرینگەکانی نەوت و خەڵوز پێک دێنێ و بە وتەی زانایان، سووتاندنی دەبێتە هۆی پیسبوون و ژەهراویکردنی ژینگە – وەرگێڕ}

ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ئێکۆلۆژیکیەوە سەیر بکرێت، ئابووریی کەم کاربۆن نموونەیەکی بنەڕەتیی پەرەسەندنی ئابوورییە. یاساکانی پەرەسەندن و هەلومەرجی پراکتیکیی «ئابووریی کەم کاربۆن» لەلایەن چوانژینگ و یا (٢٠١١، Chuanjiang and Ya)وە تاوتوێ کراون. ئەوان لە خەسڵەت و لایەنە جیاوازەکانی ئامانجی پەرەسەندن، ڕێگا، میتۆد و داهێنانە دامەزراوەیی و تەکنیکییەکان دەکۆڵنەوە. فۆکسۆن (٢٠١١، Foxon) باس لە چوارچێوەیەکی هاوتەکامولییانە (co- evolutionary) بۆ ئانالیزکردنی پەرینەوە بۆ ئابوورییەکی کەم کاربۆنی سەقامگیر

دەکات. ئەم پەرینەوەیە دەبێ لەسەر بنەمای هاوتەکامولی ئیکۆسیستەمەکان، تەکنۆلۆژییەکان، بنکە و دامەزراوەکان، ستراتیژیی پیشە و بازرگانییەکان و کردەوەکانی بەکارهێنەر لە دیدێکی فرەئاستی (ئابووریی) بچووک-گەورەداجێبەجێ ببێت. بۆ دەمێکی دووروودرێژ کالیفۆرنیا لەنێو دڵی پیشەسازیی «وزەی بۆ نوێکردنەوە شیاودا» بووە. گرین (Green ،۲۰۰۹) پرسیار دەکات کە بۆ پێکهێنانی ئابووریی سەوز و وەدیهێنانی ئامانجی سەرۆک ئۆباما کە بریتییە لە دابەزاندنی بڵاوبوونەوەی کاربۆن بۆ ۸۰٪ لە ژێر ئاستی دیاریکراوی ۲۰۰۵ تا نیوەی ئەم سەدەیە، چ پێویستە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئامانجی ئۆباما سەردەگرێت، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی ئێمە لە سێ دەیە شکست دەرسمان وەرگرتبێت.

زانایانی کەشوهەوا، لەمەڕ بڵاوبوونەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازە گوڵخانەییەکانی دیکە، هەڵهێنانی هەنگاوی بەپەلە بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی سەوز بە پێویست دەزانن. بازرگانی، بەزۆری ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە ئاستی جیهاندا دەستەویەخەین. بۆ خۆ لادان لە کارەسات، دەبێ لە بەکارهێنانی سووتەمەنیی فوسیلی ـ بەتایبەتی خەڵووز وەک سەرچاوەی سەرەکیی وزە ـ لە ئابووریدا خۆ بەدوور بگرین. لەم بارەیەوە، وەی و هاوکارانی (Wei et ،۲۰۱۱ al. ) بنیاتنانی شارستانیەتی ئیکۆلۆژیکی، وەک شارێی پەرەدان بە ئابووریی کەم کاربۆن دێننە بەر باس. ناوبراوان ڕاپۆرتێکی کورت لەسەر ڕەچەڵەک و تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتی ئیکۆلۆژیکی دەخەنە ڕوو و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لەسەر ئابووریی کەم کاربۆن ئانالیز دەکەن. سەرەنجام، نووسەرەکان ڕاسپاردەگەلی تایبەتی بۆ بنیاتنانی شارستانیەتی ئیکۆلۆژیکی بەمەبەستی پەرەدان بە ئابووریی کەم کاربۆن کە ئابووریی ژینگەپیسکەری چین پێویستیی پێیەتی، دەخەنە ڕوو.

لەمپەر و ستراتیژیگەلی ئابووریی سیاسی بۆ پەرەدان بە ئابووریی کەم کاربۆن، لەلایەن زینگ و هاوکارانییەوە (Xing ،۲۰۱۱ et al. ) تاوتوێ دەکرێن. ئابووریی کەم کاربۆن وەک بژارەیەکی خۆ لێ لانەدەر بۆ چارەسەرکردنی گەرم داهاتنی گەردوونی و پەرەسەندنی بەردەوام دەبینرێت. نووسەرەکان بۆ ڕاپەراندنی پەرەسەندنی ئابووریی کەم کاربۆن لە چیندا ڕێگاگەلێک پێشنیار دەکەن. وەی و زینگ (Wei and Xing ) و هاوکارانیان ئاماژەی پێ دەکەن کە ئابووریی کەم کاربۆن بۆ دابەزاندنی خەستی و چڕبوونەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە هۆکاری گەرم داهاتنی گەردوونییە، بێ ئەملاولا و خۆ لێ لانەدەرانەیە. ناوبراوان ئاماژەی پێ دەکەن کە ئابووریی کەم کاربۆن مۆدێلێکی هەڵدانی ئابووری لە ژێر ڕێنوێنیی پەرەسەندنی بەردەوامدایە. زینگ و هاوکارانی (Xing et al ،۲۰۱۱ ) ئابووریی کەم کاربۆن وەک لێکەوتەیەک مۆرکدار دەکەن کە ئابووری بەرهەمی دەهێنێت و پێداگری دەکەن کە جێی بایەخ و سەرنجی جیهانییانە و هەر بۆیە دەبێ لەگەڵ ئابووریی بازاڕدا بگونجێندرێت. پەرەسەندنی ئابووریی کەم کاربۆن وەک ڕەنگدانەوەی زنجیرەیەک داهێنان دەبینرێت کە دەبێ جێبەجێ بکرێت.

لێکۆڵینەوەگەلی دیکەی پەیوەندیدار بە ئابووریی کەم کاربۆن بریتین لە کەین (Kane ،۲۰۱۰) و ستانفۆرد (Stan- ،۲۰۱۱ ford) کە لە ڕەهێنییەکانی بازرگانیی سەوز و هەڵگرتنی کڵۆمی سەر دەروازەی ڕێگای ململانێیەکی بەسوود لە ئابووریی کەم کاربۆندا دەدوێن، کە گرتنەبەری بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە بیانهەوێ بەرەو سەوزبوون هەنگاو بنێن، ئاسان و گونجاوە. کروگمان (Krug- ،۲۰۱۰ man) دەپرسێ کە داخوا دابەزاندنی جێدیاری

ئاستی گازە گوڵخانەییەکان، بەبێ زیان گەیاندن بە ئابووری وەدی دێت؟ ئەو پێی وایە کە بالادەستیی دیموکراتیک لە سیاسەتدا، بە (دەربڕینی) پاڵپشتیی سیاسیی خۆی لەو هەنگاوانەی لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا دەنرێن، شانسێکی ڕاستەقینەی هەیە. لەهەلومەرجێکی لەو جۆرەدا و بە هەبوونی زانست لەمەڕ چۆنیەتیی بەرتەسک کردنەوەی بڵاوبوونەوەی گازە گوڵخانەییەکان و هەروەها خەمڵاندنی ڕادەی تێچووەکان، کەمکردنەوەی ئەو گازانە دەست دەدات. ئەوەی ئێستا پێویستیمان پێیەتی ئیرادە و ویستی سیاسییە بۆ گەیشتن بە ئابوورییەکی کەم کاربۆن.

## ٩. پەرەسەندنەکانی ئەم دواییانەی سەوز

پەرەسەندنەکانی ئەم دواییانەی سەوز، پەرەسەندنی پەیوەندیدار بە داهێنانی کۆمەڵایەتی، تەکنۆلۆژیی زانیاری، پەیوەندی و زانست و هەروەها دارایی و سەرمایەگوزاریی سەوز، گواستنەوە و بازرگانیی سەوز، قەیرانی ئابووری، پیشەی سەوز و باشبژێوی لە خۆ دەگرن. ئێستا هەر کام لەمانە باس دەکرێن. بەڵام، لەبەر کەمیی جێگا، داهێنانی ئابووری وەلا دەنرێت و بەشێوەی سەرەکی لە سەوزاندنی ئابووریدا، سەرنج دەدرێتە میتۆدگەلێک کە لەسەر تەکنۆلۆژی چڕ دەبنەوە و پێی گەشبێنن.

### ٩. ١. داهێنانی سەوز و پشتبەستوو بە زانست و تەکنۆلۆژیی زانیاری و پەیوەندی

ئابووریی سەوز و بەرفراوانکردنی تەنیا بە داهێنان و تەکنۆلۆژیی نوێی یارمەتیدەر بە پەرەسەندنی بەردەوام وەدی دێت. فیلیمۆر (٢٠٠١، Phillimore) بەرهەمی «شومپیتر، شووماخر و سەوزکردنی پەیوەندیی تەکنۆلۆژی» ئانالیز دەکات. ناوبراو لەوە ورد دەبێتەوە کە ئایدیاکانی نیئۆشومپیترییەکان و شووماخر (neo-Schumpeterians and Schumacher) لە هەڵسەنگاندنی داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان و پەرەسەندنە بەردەوامەکاندا چەندە یەکانگیرن. ئەنجامەکانی دەریدەخەن کە لە ئاستێکدا وا دەردەکەوێ پەیوەندییەکی دوولایەنەی بەهێزکەر و ئەرێنی هەبێت لەنێوان بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیی نوێ، داهێنان و کارایی بەهێزکراوی ژینگە. داهێنان لە ئابووریی سەوزدا، لە شکڵی تێکەڵەیەک لە داهێنانی سەوز، پەرەدان بە پیشەسازیی سەوز و تەرخانکردنی سەرچاوەی ناوچەی سەوز لە پیشەسازییەکی سەوزی سەرهەڵداودایە. ئەمانە لەلایەن چاپڵ و هاوکارانییەوە (٢٠١٠، Chapple et al. ) لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. ئەوان بەو ئەنجامە دەگەن کە مەرج نییە داهێنان، هەڵدانی ئابووریی لێ بکەوێتەوە. داهێنان کۆمپانیا سوننەتییەکان بەهێز دەکات، بەڵام ئەو کۆمپانیا سەوزانەی کە لە حاڵی دەرکەوتندان، بۆ گواستنەوەی بەرهەم و ئایدیای نوێ بۆ بازاڕی نوێ، پێویستییان بە یارمەتی و پشتیوانیی زیاتر هەیە.

بەستێنی تەکنۆلۆژیی زانیاری و پەیوەندی (ICT) بۆ یارمەتیدان بە جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئابووریی سەوز، تەکنۆلۆژی و دەرفەتی نوێ پێشکەش دەکات. جۆنستۆن (٢٠٠٩، Johnston) پێی وایە هاتنەوەسەرخۆی ئابووری لە ڕێگای وەگەڕخستنی داهێنانی بناخەدانراو لەسەر تەکنۆلۆژیی زانیاری و پەیوەندییەوە مسۆگەر دەبێت. ناوبراو تێگەیشتنی ئورووپا لە پۆتانسیال و توانایی داهێنانی بناخەدانراو لەسەر تەکنۆلۆژیی زانیاری و پەیوەندی، بۆ ئابوورییەکی سەوزتر تاوتوێ دەکات. ئورووپا، وەک بەشێک لە ستراتیژیی پەرەسەندنی خۆی لە لیزبۆن (Lisbon) و خستەگەڕی سەرمایە (لەوانە) لە تەکنۆلۆژیی سەوزدا، یارمەتیی بەم پەرەسەندنە کردووە. لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەوەیە: تەکنۆلۆژیی

زانیاری (IT) بۆ ئەوەی سەوز بێت، دەبێ چ بکات؟ هۆ و مەتکالفە (٢٠٠٩، Ho and Metcalfe) چەمکی سەرەکیی بەردەوامی (sustainability)، وەک لێرامانی سووڕی ژیان، دەخەنە ڕوو. سێ ئاستەنگی سەرەکی کە ئەوان پەنجەیان لەسەر دادەنێن بریتین لە: بایەخ و هۆشیاری لەمەڕ بەکارهێنانی وزە، ژینگەپارێزی و پۆتانسیالی گۆڕینی کەشوهەوا. دانەرەکان لە ڕۆڵی تەکنۆلۆژیی زانیاری لە یارمەتیدان بە چالاکییە بەردەوامەکان دەکۆڵنەوە و لەسەر گرینگیی چالاکیی سەوز و توێژینەوە لە هەلەکانی بەردەوامی، پێداگری دەکەن. ئینگلبریشت (٢٠٠٩، Engelbricht) لەسەر هەوڵەکانی گەیشتن بە تێڕوانینێکی ئابووریی بناخەدانراو لەسەر زانست لە قەیرانی هەنووکەییدا، بە چەشنێک کە گەوهەری مرۆڤ بە هێند وەربگرێت، پێداگری دەکا. ئەو تێڕوانینە، بەتایبەتی دەبێ فاکتەرە دەروونزانییەکان، وەک «ڕۆحی ئاژەڵ»ی کەینز (Keynes' animal spirits) لە خۆ بگرێت.

تەوژمی سەرچاوەگرتوو لە گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە زەرووڕەت و پێویستیی گەشەی ئابووریی سەوز لە ئاستی جیهاندا دەگەیەنێ. هەندەرسۆن (٢٠٠٧، Henderson) لە ستراتێژیگەلی بەردەوامیی گەردوونی و گەشەی ئابووریی سەوز دەکۆڵێتەوە کە دەبێ ئاوڕ لەو مۆدێلە ئابوورییانەی کە پاڵنەری بە جیهانیبوونی ئەمڕۆکەن، بدەنەوە. بەپێی بۆچوونی ناوبراو، پێویستە داهێنانگەلی تەکنۆلۆژیکی لە نموونەی سووتەمەنیی فوسیلییەوە بۆ «وزەی بۆ نۆژەنکردن شیاو»، بەکارهێنانەوە و دارشتنەوەی پرۆسە پیشەسازییەکان بگۆڕدرێن. چوا و ئۆه (٢٠١١، Chua and Oh) بە وردبوونەوە لە سیاسەتی تەکنۆلۆژیی سەوزی نەتەوەیی و کاریگەرییەکانی لەسەر پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و ئابوورییەکان، دەستپێشخەرییەکانی پەرەسەندنی سەوز دەخەنە بەر باس.

هەروەها سیاسەتی شارێکی سەقامگیر لە یەن کاماگنی و هاوکارانییەوە (١٩٩٨، Camagni et al.)، وەک ئاڵقەی پێوەندیی نێوان ئابووری-ژینگە-تەکنۆلۆژی دەبینرێت. ئەوان تیشک دەخەنە سەر پەرەسەندنی سیاسەتگەلی دەستێوەردەرانە بۆ گەیشتن بە «پێشکەوتنی شاری سەقامگیر»ی هاوسەنگ. کاناڵێکی دیکەی خەڵکپەسندکردنی هەڵسوکەوتی ژینگەپارێزانەی کۆمەڵانی خەڵک، پەروەردە و بارهێنانە. وەک نموونەیەک، های (٢٠٠٥، Haigh) بۆ وەرێخستنی جووڵانەوەیەکی جیهانی، پێشنیاری سەوزکردنی (ژینگەپارێزکردنی) پلانی خوێندنی زانکۆکان دەکات. های ئاستەنگەکانی ڕاگەیاندنی پرۆگرامی «دەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و بارهێنان لەپێناوی پەرەسەندنی بەردەوامدا» دێنێتە بەر باس، کە بۆ دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا لە سەرانسەری جیهان هەلی سەوزکردنی (ژینگەپارێزکردنی) پلانی خوێندن دەڕەخسێنن.

## ٩. ٢. دارایی سەوز و وەگەڕخستنی سەرمایە، بازرگانی، گواستنەوە و ژێرخان

سەوزکردنی ئابووری پێویستیی بە وەگەڕخستنی سەرمایە لە وزەی نوێ و تەکنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا هەیە. هی و هاوکارانی (٢٠٠٣، He et al ) داراییی سەوز و پەرەسەندنی سەقامگیریی ئابووری تاوتوێ دەکەن. داراییی سەوز بە ڕەوتێکی گرینگی دامەزراوە داراییە مودێرنەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دێتە ئەژمار. پەرەسەندنی نوێ بۆ ئێکۆ-ژینگە، پێشکەوتنی ئابووری و دامەزراوە داراییەکان واتایەکی گرینگی هەیە. هاینکەل و هاوکارانی (٢٠٠١، Heinkel et al ) کاریگەرییەکانی وەگەڕخستنی سەرمایەی سەوز لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمپانیاکان دەهێننە بەر باس. ئەوان لە کاریگەرییەکانی

سەرمایەگوزاریی لە ڕەوشت داماڵراو لە ڕەفتاری کۆمپانیاکان، دەکۆڵنەوە. دراوی خۆجێیی/دراوی تەواوکەر(Community currencies)یش وەک گۆڕانێکی بچووک بۆ ئابووریی سەوز چاوی لێ دەکرێت. سەیفانگ (Seyfang ،٢٠٠١) باندۆر و پوتانسیالی دراوی تەواوکەر بۆ سیستەمێکی دراویی خۆجێیی ناسراو بە «گەڵاڵەی بازرگانیی ئاڵوێری خۆجێیی دراو» هەڵدەسەنگێنێت تاکوو یارمەتی بە پەرەسەندنی بەردەوامی سەوزی خۆجێیی بدات. دۆزراوەکانی بوارپشکنییەک لە بریتانیادا ئاماژە بەوە دەکەن کە دراوی تەواوکەر لە سەرکەوتنی بەشداران لە وەدیهێنانی هیندێک گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان، بەرخۆری (مەسرەف) و نموونەگەلی دامەزراندن (کارپێدان) بەرەو پەرەسەندنی بەردەوامی خۆجێیی سەرکەوتوو بووە. سەرەڕای ئەوەش، بەرتەسکیگەلێک لە قەوارە، مەودای خۆهەڵسووڕان، بوودجە و بەڕێوەبەرایەتیدا هەن کە بەرلەوەی ئامانجەکە بە شێوەی کاریگەر بپێکرێ، دەبێ هەڵبگیردرێن.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریکدا، کۆنکۆنی (Conconi ،٢٠٠٣) بە مەبەستی تاقیکردنەوەی چۆنیەتیی شوێندانەریی لۆبیی سەوز لەسەر دیاریکردنی سیاسەتی ژینگەیی و بازرگانی لە دوو وڵاتی گەورەدا کە لە ڕێگای ڕەوتی بازرگانی و پیسیی سنووربەزێنی هەواوە پێکەوە بەستراونەتەوە، مۆدێلێک لە دەزگای سیاسەتدانان پێشکەش دەکات. ناوبراو، لەژێر گریمانەگەلی جێگرەوە سەبارەت بە ڕێکەوتنی بازرگانی و پرۆسەی سیاسەتدانان و هەنگاوونانی حکوومەتەکان، کارتێکەریی لۆبیکردنی سەوز لەسەر ئەنجامەکانی سیاسەتی ژینگەیی تاوتوێ دەکات. سەرنج لە دەسپێکدا دەخرێتە سەر سیاسەتگەلی وەبەرگیراو لەلایەن دوو وڵاتی هاووێنە (وێکچوو) کە لەژێر کاریگەریی لۆبیی سەوزی نەتەوەییدان. ئانالیز دواتر پەرەی پێ دەدرێ و حکوومەتگەلێک دەگرێتەوە کە لەژێر کارتێکەریی لۆبیی سەوزی نێونەتەوەییدان. نووسەر هەروەها لە لێکەوتەکانی ناهاوتاییەکانی (لێکنەچوویەکانی) وڵات دەکۆڵێتەوە و دەریدەخات کە شوێندانەریی لۆبیی سەوز لەسەر ئەنجامەکانی سیاسەتی ژینگەیی، بە هاوکاریی سیستەمە بازرگانییەکان، هاوئاهەنگیی نێوان ئاژانسە ژینگەییەکان و لەسەر قەوارەی دەلاندن، سەرریژکردنی سنووربەزێن و بەرەڵاکردنی گەناڵ (زبڵ) بۆ ناو ژینگە بەستراوەتەوە.

هەروەها، مایستاد (Maestad ،١٩٩٨) لە کارایی سیاسەتی بازرگانیی سەوز دەکۆڵێتەوە و مەرجگەلێک بۆ سیاسەتی ژینگەیی دادەڕێژێت، کاتێک کە وڵاتی هاوبەشی بازرگانیی دەرەکی هەبن کە نەتوانن یاسا و ڕێسای ژینگەییی لەبار جێبەجێ بکەن.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا، کۆنکۆنی (٢٠٠٣، Conconi) وەبیر دێنێتەوە کە ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، توانایی دەوڵەتەکان لە بەکارهێنانی لەمپەرگەلی بازرگانیدا سنووردار دەکەن. ئەمە بە مانای پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوی ژینگەییی جیهانی دێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی بەستەرەوە (زۆرەملی) نەبن، دانانی یەکلایەنەی سیاسەت دەتوانێ ئەنجامی کارا و بەبڕشتی لێ بکەوێتەوە. لە ئاستی هەرێمیدا، ئەندامانی ڕێککەوتننامە بازرگانییە تایبەتییەکانی وەک یەکیەتیی ئورووپا، ڕێککەوتننامەی بازرگانیی ئازادی ئامریکای باکوور (NAFTA) و ڕێکخراوی نەتەوەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا دەتوانن هاوکاریی ژینگەیی دابمەزرێنن. سویدرهۆڵم (Söderholm ،٢٠٠٨) ئابووریی سیاسیی پێوەندیدار بە دامەزراندنی بازرگانیی هاوبەش لەنێوان هاوبەشەکانی بازاڕەکانی خاوەن پێناسەی سەوز ئانالیز دەکات. ناوبراو هیندێک لە پرنسیپە ئابوورییەکانی بازاڕێکی

خاوەن هێلاننامەی سەوزی دوولایەنەی لێکهەڵپێکراو دەخاتە روو و ژمارەیەک تەوەر و کێشەی گرینگ بۆ کارایی، سەقامگیری و رەواییبیان دێنێتە بەر باس.

سەوزاندن (یان بۆ ژینگە گونجاو کردنی) ی گواستنەوە، بوارێکی گرینگە کە پێویستیی بە رووکردنەوە لەسەر گۆڕان لە سیاسەتی گواستنەوەی شاردا هەیە. سەرەڕای هۆشیاری و شارەزاییی کامڵ سەبارەت بە کێشە روو لە هەڵکشانە ژینگەییەکانی گرێدراو بە گواستنەوە، بەگشتی سیاسەتی گواستنەوە لەهەمبەر گۆڕانکارییە پێویستەکاندا خۆی گرتووە و قایم ڕاوەستاوە. هایسینگ (٢٠٠٩، Hysing) لەمەڕ ئەوەی کە ئەم بۆ ژینگە گونجاو کردنە چۆن بووە بە دەرەتانێک، ڕوونکردنەوە دەدات. وەک نموونەیەک، سێ گۆڕەکی (var-iable) گۆڕان لە دۆزی «ئۆرەسووند» لە وڵاتی سوید، بایەخی تێگەیشتن لە خسڵەتی گۆڕانی سیاسەت دەسەلمێنێ. ئەم سێ گۆڕەکە لە ئایدیاگەلی سیاسەتی نوێی گواستنەوەی جێگیر، ڕێکخستنەوەی بەڕێوەبەریی خۆجێیی و گوشاری کاردابینکەرانی سیاسەتی سەوز پێک هاتووە. خاڵی هاوبەشی پشتی ئەم هەموو ئاڵوگۆڕە، ڕێکخستنەوەی گواستنەوەی شاریی وەک پرسێکی سیاسی بوو. گرینگیی بەردەوامی سیاسەت لەم پرسەدا وانەیەکی بەنرخە.

لە زۆر وڵاتدا، لە ئەنجامی شارنشینی و ئاقارەکانیدا، ڕادەی بەرهەمهێنان و چڕیی حەشیمەت خەریکە دەگۆڕدرێن. وەک هەنگاوانێک بەرەو سەوزاندنی پشتوێنی ژەنگ لێدراو، شیلینگ و لۆگان (٢٠٠٨، Schilling and Logan) مۆدێلێکی ژێرخانی سەوز بۆ ئەندازەگونجاویی شارە بچووکەوەبووەکانی ئامریکا پەرە پێ دەدەن. {پشتوێنی ژەنگ لێدراو ئاماژە بە هەرێمێکی جوغرافیایی ئامریکا دەکات کە سەردەمێک خاوەنی پێگەیەکی ئابووریی بەهێز بوو، بەڵام دواتر ئەو پێگەیەی لە دەست دا، وەرگێر}. ئەوان کۆمەڵێک ستراتیژی پێناسە دەکەن کە شارە بچووکەوە (بەرتەسکەوە) بووەکان دەتوانن بە کاریان بێنن بۆ ئەوەی ژینگەی شار بژێننەوە، دانیشتووانی کۆمەڵگە بەهێز بکەن و بازاڕە بەکەڵکنەهاتووەکانی خانووبەرە سەقامگیر بکەن. ناوبراوان بە چەند تێبینی کردنێک لەمەڕ چاکسازیی شیمانەیی سیاسەت و بیرۆکەی پشکنین، لێکۆڵینەوەکەیان تەواو دەکەن. ئەندازەگونجاویی (شار) حەوجەی بە ڕێگای نوێ بۆ پلاندانان، دیزاین و بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەکان هەیە. سیاسەتدانەران پێویستییان بە چاکسازیی پێوەندیدار بە یاسادانەری، زانیاریی باشتر و لێکۆڵینەوەی بەهێز و قایم هەیە تا ئەم چاکسازییانە لە سیاسەتدا ببەنە پێش؛ ئەوان هەروەها بۆ باشترکردنی پەرەدان بەم نوێگەرییانە لە سیاسەتدا، پێویستیان بە تەرخان کردنی هەوڵ و چالاکییە.

### ٩. ٣. ئابووریی سەوز، قەیرانی ئابووری، کار و باشبژیوی

وەک بەشێک لە هەوڵەکان لەپێناوی ئابوورییەکی خۆشبژیویی سەوزدا، لە هەڵبژاردنی پارلەمانیی ساڵی ١٩٩٨ـەوە حیزبی سەوز لە سوید، بەو مەرجە کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەتدا هەبێت، پشتیوانیی لە حکوومەتێکی فرەلایەن کردووە (ئێلاندر ٢٠٠٧، Elander). ئەم سیاسەتەی حیزبی سەوز سەوزاندنی (بۆ ژینگەگونجاویی) ئابووریی لێ کەوتووەتەوە. وەک پێوەرێکی دیکەی بەشداریکردن لە سیاسەتداناندا، ئالموس (١٩٩٤، Almås) لە سووری سیاسەتی کشتوکاڵ دەکۆڵێتەوە و پێوەندیی نێوان یاسادانانی دەوڵەت، ئابووریی بازاڕی لیبراڵی و پشتگیریی باشبژیویی جووتیارانی نۆروێژ هەڵدەسەنگێنێ. گۆڕان لە سووری سیاسەتی کشتوکاڵدا، گۆڕانی ستراتیژیی مانەوەی

جووتیارانی لێ دەکەوێتـــەوە. دۆزینەوەکانی ناوبراو دەریدەخـــەن کە خۆگریی زیاتر هەیە تا گۆڕان و، جووتیاران خۆیان لەگەڵ گۆڕانی سیاسەتگەلی پێشبینیکراودا دەگۆڕێنن. وەک دەرهاویشـــتە و ئاکامێک، جووتیاران تەنانەت بەر لەوەی سیاســـەتی «لیبرالیزمی ســـەوز» جێبەجێ بکرێت، پەین و ژاری دژە مەلوموری کەمتریان بەکار هێنا.

باجی ســـەوز و قازانجی دووقاتی پشـــک لە ئابووریی ڕوو لە گەشـــەدا، لەلایەن گلۆم و هاوکارانییەوە (۲۰۰۸، Glomm et al ) تاوتوێ دەکرێن. ئەوان لە چاکســـازیی باجی سەوزی بێلایـــەن بە داهـــات لە درێـــژەی هێڵەکانی گریمانەی قازانجی دووقاتی پشک دەکۆڵنەوە {بێلایەن بە داهات بەو واتایەیە کە کەم و زۆر کردنی باج کار ناکاتە ســـەر داهاتی دەوڵەت. ئەگەر باج لەســـەر خەڵک کەم بکرێتەوە، ئەوا بە هەمـــان ئەندازە باج لەســـەر کۆمپانیاکان زیـــاد دەکرێـــت. وەرگێڕ}. لەســـەر بنەمای مۆدێلێکی دینامیکی گشـــتیی هاوســـەنگ، ئـــەوان بۆیان دەردەکەوێت کە بردنەســـەری باجی بەنزیـــن و بەکارهێنانی داهاتەکەی بۆ کەمکردنەوەی باجی سەر داهاتی سەرمایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا، بەدڵنیاییەوە هەردووک جۆر سوودی باشـــبژیوی دەخاتە بەر دەست: قازانجی پشکی کارایی و قازانجی پشکی ســـەوز. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان بۆیان دەردەکـــەوێ کە بـــە لەبەرچاوگرتنی مەیلی پارەدان لای خێزان بۆ باشترکردنی چۆنایەتیی هەوا، قەوارەی قازانجی پشـــکی سەوز، زۆر لە قازانجی پشکی کاراییی کەمترە.

بـــە دوای قەیرانـــی ئابووریـــی جیهانی، بە مەبەســـتی ئافراندنی هەلـــی کار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و ئورووپادا، سامانێکی ئێجـــگار زۆر لـــە ئابووریـــی ســـەوزدا وەگەڕ خـــراوە. بـــەڵام بەڵگە لەســـەر ڕەخســـاندنی ڕاستەوخۆی هەلی کار لە ئاکامی ئەو سەرمایە وەگەڕخســـتنانەدا دەگمەنە (کەمە). هەروەها دوودڵییەک هەیە کە ئەگەر کاریش خوڵقابێ، ئـــەوا لـــە بوارگەلێکدان کە شـــارەزاییان لە ئاســـتێکی بڵنددا پێویســـت نییـــە و کاتین. ئەمانە بۆ هەڵدانی ئابووری بایەخی کەمتریان هەیە. لە توێژینەوەیەکدا کە لە ڕەخســـاندنی هەلی کار و ســـتراتێژیی پەرەدانی ســـەوز لە ئیندۆنیزی دەکۆڵێتـــەوە، مەهمەت (۱۹۹۵، Mehmet) ســـەبارەت بـــە پێوەندیـــی نزیک لەنێوان پەرەسەندنی بەردەوام و پەرەسەندنی ڕەخساندنی هەلی کاردا بەڵگە دەهێنێتەوە.

گای و هاوکارانـــی (۲۰۱۱، Gai et al.) لـــەوە دەکۆڵنەوە کە ئایـــا پێوەندیی نێوان ئابووریی ســـەوز و کاری ســـەوز ئوستوورەیە یان ڕاســـتی. وتاری ناوبراوان دەپەرژێتە سەر کاریگەرییە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەکانی دامەزراندن لە ئاکامی دوو سیاسەتی سەرەکیی کەمکردنـــەوەی گازە گوڵخانەییـــەکان لـــە کەرتـــی بەرهەمهێنانـــی کارەبا لـــە چیندا. وتارەکە دەیســـەلمێنێ کە ئاســـان نییە بڕیار بدەیت کە ئایا ئەو سیاسەتانە، کاری زۆرتریان لێ دەکەوێتەوە یان نا. ئەوان پێداگری دەکەن کە بۆ دڵنیایی لە پێکەوە هەڵکردنی ئابووریی سەوز و کاری ســـەوز، سیاسەتدانەران دەبێ زیاتـــر پەرە بـــە «تەکنۆلۆژیی بـــۆ نوێبوونەوە شـــیاو» بـــدەن. جگە لـــەوە، لەگـــەڵ یەک جۆربوونی سیســـتەمی فێرکاری و پێکهاتەی دامەزراوان (کارمەندان)یش پێویستە. هەروەها بردنەســـەری بەرپرســـیارێتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان بۆ ئابوورییەکی سەوز و بۆ کاری داهێنەرانـــە بوارگەلێکی جێی ســـەرنجن کە خاوەنی ئەگەر و توانایی پەرەسەندنن.

پـــاپ و هاوکارانـــی (۲۰۱۱، Pop et al.) بەمەبەســـتی دڵنیابوون لە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیـــی کۆمپانیا لە ئاســـتی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، ڕۆڵی ســـامانی کۆمەڵایەتی و بـــرەوی پیریـــی چـــالاک ئانالیـــز دەکەن. {پیریـــی چالاک چەمکێکە کـــە ئامانج لێی، بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی و لە ئەنجامدا

درێژکردنەوەی چالاکیی بەرهەمدەریی مرۆڤە، وەرگێــر}. ئەوە بە ئامرازێکی بەبرشــت بۆ بە گژا چوونەوەی دۆخی ڕاســتەقینەی ئابووری لە یەکیەتیــی ئورووپــا و گوزەرکردن بەرەو ئابووریی نوێ دێتــە ئەژمار. وەک ئەنجامێک چــاوەڕوان دەکرێت کــە ئەم هەنــگاوە، لە زانســت، لێهاتوویــی و توانایــی بە ســاڵدا چووان بە شــێوەیەکی هاوبــەش و یەکانگیر کەڵــک وەربگرێت. هەروەهــا دەتوانێ کاری داهێنەرانــەی نــوێ بخولقێنــێ و هاوکاری لەپێناوی بڕەودان بە ئابووریی ســەوزدا بەهێز بکات.

ئەو گومــان و دوودڵییە لــە ئارادایە کە کۆمەڵگەی جیهانی لە (ئەنجامی) هەوڵەکانی بۆ خۆ قوتار کردن لە قەیرانی دارایی، لەوانەیە کارەســاتە ژینگەییــەکان خراپتــر بکات. شێوەکارە نوێیەکانی ئابووریی سەوز لە چیندا لەسەر فرەقەیرانی ڕاوەستە دەکات. چین، لە دەیەکانی دواییی پەرەسەندنی خێرای ئابووریدا، لەنێــو قەیرانگەلێکی وەک قەیرانی ژینگەیی، قەیرانی دراوی، قەیرانی خواردەمەنی، قەیرانی ســەرچاوەکانی ئــاو و قەیرانی سیســتەمی پارێزگاری لە ژینگــەی ئێکۆلۆژیکیدا گیری خواردووە. سەختیی کێشەگەلی پەرەسەندن و ژینگــە لە ئاســتی جیهانــدا وای کردووە کە ئابووریی ســەوز ســەرنجی زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشــێت. ڕێگاچارەکان لە دارشتنی سیاسەت و سیســتەمگەلێک بۆ پاشەکەوتی وزە، کەمکردنــەوەی بەرەڵاکردنــی گەنــاڵ (زبڵ) بۆ ناو ژینگە و پەرەدان بە ســەرچاوەی نوێی وزەدا خۆ دەبیننــەوە. ئەمە لە درێژەی ڕێگای ئابوورییەکی ســەوزدا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکــی ئێکۆلۆژیکی، ڕۆڵی چاوســاخ دەگێڕێت. بــاری Barry)٢٠٠٦ئا، ٢٠٠٦ب، ٢٠٠٩، ٢٠١٢) هــەوڵ دەدات ئاساییشــی ئابووری لە جێی هەڵدانــی ئابووری دابنێت، کەچی ژیــا و هاوکارانی (٢٠١١، Jia et al ) لەسەر پێویســتیی دارشتنی ستراتیژییەک و

پاڵنانی چین بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئێکۆلۆژیکی بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانــە فرەڕەهەندییەکان پێداگــری دەکــەن. یانگ و چێــن (٢٠٠٩، Yang and Chen) ســەوزاندنی ئابــووری بە ڕێگاچــارەی ســەرەکیی قەیرانــی ئابووریی جیهانــی دادەنێــن. ناوبــراوان ڕایدەگەیەنن کــە هەرچەند نەتەوە یەکگرتــووەکان، وەک وڵامێک بە قەیرانــی هەنووکەییی ئابووری و دارایی و هاندەری وەگەڕخەری سەوز، داوای ڕێککەوتنێکی نوێی ســەوزی جیهانیی کرد، بەڵام لەسەر ئەوە کە داخوا ئەو جۆرە هاندەرە سەوزانە، چارەســەرێک بۆ قەیرانەکە دەخەنە ڕوو یان نا، چ کۆدەنگییەک لە ئارادا نییە.

فرەڕەهەندیــی قەیرانەکــە لەلایــەن "ئالتواتر"ــەوە (٢٠٠٩، Altwater) بە ســێ تەنگژە (trilemma) ناودێر دەکرێ و ئاماژەیە بە ســێ تەوەری ئابووریی جیهــان، قەیرانی دارایــی و ســەقامگیریی ئێکۆلۆژیکی. کاپرا هێندێرســۆن (٢٠٠٩، Capra and Henderson) میتۆدێکــی هەڵدانــی چۆنایەتــی پێشــنیار دەکەن کە چوارچێوەیەکی واتاییە بۆ دۆزینەوەی چارەســەریگەلێک بۆ قەیرانە هەنووکەییــەکان. میتــۆدی پێشــنیارکراو دەبێ لــە ڕووی ئابوورییەوە ســالم، لە باری ئێکۆلۆژیکییــەوە ســەقامگیر و لــە بــواری کۆمەڵایەتییەوە عادڵانە بێــت. ئەم پەڕینەوە جیهانییــە لە خاپوورکاریــی ژینگەییەوە بۆ سەقامگیری و جێگیری، چی دیکە نە واتاییە و نە گرفتێکی تەکنیکیشــە، بەڵکوو کێشەی بەهــا (نرخ بــۆ دانان) و ویســت و ئیرادەی سیاسییە.

ئینگلبریشــت (٢٠٠٩، Engelbricht) کاتێک لە قەیرانــی هەنووکەیی دەکۆڵێتەوە، لەســەر تیۆرانینێکــی ئابووریــی بناخەدانراو لەســەر زانســت فۆکــووس دەکات. ئــەم تیۆرانینــە چاوەڕوانیی ئــەوەی لێ دەکرێت کــە گەوهەری مــرۆڤ بە هێنــد وەربگرێت. تیۆرانینەکە فاکتــەرە دەروونزانییەکان، وەک

«ڕۆحی ئاژەڵ»ی کەینز لە خۆ دەگرێت. پەرەسەندنی سیستەمی پۆلێنکاری کە دان بە فرەلایەنیی وەها ئابوورییەکدا دەنێت، دەبێ نرخاندنی دووبارەی ئابووریی باشبژێویی باو و پەرەسەندنی سیستەمێکی نوێی لەتەکدا بێت کە تێگەیشتنگەلی هەوێنگرتوو لە لێکۆڵینەوە لەسەر خۆشگوزەرانی و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە بەرچاو بگرێت. کاتێک داس (Das ،٢٠٠٢) لە پەیوەندیی نێوان شۆڕشی سەوز و کەمکردنەوەی هەژاری دەکۆڵێتەوە، گرێدراویی نێوان تەکنۆلۆژی و کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێنێ و بەشێوەی ڕەخنەگرانە قازانجە ئەرێنی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئابووریی سەوز لەسەر هەژارانی وڵاتی هیند شەنوکەو دەکا. ناوبراو پێشنیار دەکات کە پەیوەندیی نێوان ئاستی هەژاری و شۆڕشی سەوز دەبێ بە وریاییەوە پەسند بکرێت.

## ١٠. کورتەی ڕێبازەکانی پەرەسەندنی سەوز

ئابووریی بازاڕ، بەشێوەیەکی ورد و مووئەنگێویانە، لەو تەکنۆلۆژییانەی کە «شمەکی بۆ بازاڕ شیاو» بەرهەم دەهێنن و بەرهەمدەری و قازانج بەهێز دەکەن، ورد دەبێتەوە. ئەم داوی (تەڵەی) بەرهەمدەری و قازانجە بۆ ژینگە و بەردەوامی (سەقامگیری) بەکەڵک نییە. ئایدیۆلۆژیی سەوز بریتییە لە ئاڵقەی پەیوەندیی نێوان داد، سروشت و ئابووریی سیاسی. ئەم بابەتە هێشتا بە باشی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، چونکە هەڵسەنگاندن و تەتەڵەی کۆمەڵگەی پیشەسازیی هاوچەرخ دیاردەیەکی تا ڕادەیەک نوێیە. تیۆرییە ئێکۆلۆژیکی و ئابوورییەکان کە هێشتا لە پەرەسەندندان، ئەوە دەخەنە ڕوو کە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی سەوز دەبێ حیسابی چی بکات بۆ ئەوەی قازانجە نابازارییەکانی سروشتی لە بیر بێت. هەوڵەکانی کۆمیسیۆنی ئورووپا لەپێناوی دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئاسانکاری بەمەبەستی بەشداریکردنی چالاکانەیان لە بڕیاردانی سەوزدا کە بۆ نوێکردنەوەی ئێکۆلۆژیکی و ئاسایشی ئابووری ئاسانکاری دەکەن، وا دێتە بەرچاو کە هەنگاوێکی لە ئاراستەی دروستدا بێت.

گوشارگەلی سەوز دەربڕ و نیشاندەری نیگەرانیی ڕوو لە هەڵکشان لەسەر ژینگەن. وزە و تینیان وەبەر هەوڵەکانی ئابووریی سەوزدا کردووە کە لە ئانالیزێکی هەڵبژاردنی سەرکەوتووانەی چەندین پارتی سەوز لە ئورووپادا دەردەکەوێت. ستراتێژیی پەرەسەندنی ئابووریی سەوز خەریکە بیچم بەو ئاراستەیە دەدات کە ئابووریی سەوز بە شێوەی هەرەباش و دڵخواز دەبێ وەدوای بکەوێ. ستراتێژیی جێی باس بەتایبەتی لەسەر سیستەمی پیشەسازی و پەیوەندیی ئەو سیستەمە لەگەڵ سیاسەتی ژینگەیی چەق دەبەستێت. ئاوات و مەیلی تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان ئابووری و ئیکۆلۆژی بەرەو پەرەسەندنی سەقامگیر و بەکارهێنانی میتۆدێکی یەکانگیری ئابووری-ئێکۆلۆژیکی و ئانالیزکردنی، حەز و ئاواتێکی ڕوو لە هەڵکشان بووە. سەرهەڵدانی سیاسەتی شاری سەقامگیر پێوەرێکە کە لەسەر دەستتێوەردان و سیاسەتی یەکپارچە بە مەبەستی گەیشتن بە پەرەسەندنی شاری هاوسەنگ و سەقامگیر، پێداگری دەکات. ئەمە وردە وردە سەر دەکێشێتە لای ئابوورییەکی سەقامگیر کە هەم زیانی بۆ ژینگە کەمترە و هەمیش بەکارهێنانی ئاسانترە.

کێشەگەلی سەرچاوە-ژینگە لە پیشەسازییە پرۆسەییەکاندا، قورساییەکی تایبەتی دەخەنە سەر دابینکردنی وزەی بنەڕەتی، کارایی بەکارهێنانی وزە، دۆخی کەڵکوەرگرتن لە وزە، بەکاربردنی کەرەستە و بەرەلاکردنی پۆخڵی. هەروەها بۆ بنبڕکردنی

لەمپەرەکانی سەوز لە جێبەجێکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بازنەیی و تەکنیکگەلی بەرهەمهێنانی خاوێندا، هەوڵگەلێک وەگەڕ خراون. ئابووریی بازنەیی وەک سیاسەتێکی نەتەوەیی بۆ پێشکەوتنی سەقامگیر پەرەی سەندووە کە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی کارتێکەرییە ژینگەییەکانی موعجیزەی ئابووریی وڵاتی چینە. ئەمە لەباتی ستراتیژییەکی پەتیی ژینگەیی، خەریکە زیاتر وەک ستراتیژییەکی ئابووری سەر هەڵدەدات. سەرەڕای هۆگریی زۆر پێی و باڵادەستییەکەی، ئابووریی بازنەیی و ئابووریی نەریتی پێکەوە دەیانکرێ و لە پەنای یەکدا دەژین. بەراورد و ئانالیزی ئەو دوو سیستەمە لە نرخاندنی سروشتی پێکەوەژیانیان و خێرایی جێگۆڕکێیاندا یارمەتیدەر دەبێت. جێبەجێکردنی هاوتەریبیی ئابووریی بازنەیی لە ئاستی کۆمپانیا، پیشەسازی و نەتەوەییدا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کاولکاریی ژینگە و کەمیی سەرچاوە ئابوورییەکان، وەک هەنگاوێکی هیوابەخش سەیر دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەنگاوی جیاواز بۆ پێشخستنی ئابووریی بازنەیی و پەرەدان و بەهێزکردنی هێزە پاڵنەرەکانی، بۆ گەیشتن بە ڕێڕەوی پەرەسەندنێکی سەقامگیر پێویستن.

سووری سیاسەتی کشتوکاڵ پێوەندیی نێوان یاسا و ڕێسا، ئابووریی بازاڕ و یارمەتیدانی جووتیاران بۆ پاراستنی ژینگە دەکاتە ئامانج. ململانێی سەرەکی لێرەدا بریتی دەبێت لە بەرهەمهێنانی خۆراکی پێویست بۆ تێرکردنی حەشیمەتی ڕوو لە هەڵکشانی جیهان. ئابووریی سەوز، وەک میتۆدێکی کارا و بەردەوام، لە باشترکردنی پەرەسەندنی ئابووری، ڕێکیفکردنی کاولکاریی ژینگە و بردنەسەری دەسکەوت بەبێ خراپترکردنی نابەرابەریی ناوچەیی، زیانهەڵگری و هەلومەرجی قاتوقریدا یارمەتیدەر دەبێت. مودێلێکی دانراو لەسەر چۆنایەتی بۆ پەرەدان بە بەرهەمی سەوز کە لە ڕێگای دارشتنی بەرهەم و داهێنانەوە دەپەرژێتە سەر پرسە ژینگەییەکان، خەریکە سەرنجی کڕیاران، پیشەسازییەکان و دەوڵەتەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ڕەوتی پەژراندنی تەکنۆلۆژیی سەوز دەبێ لە هەڵدانی بەرهەمدەریی جێگیردا ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێت. بازرگانیی سەوز ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ بەڕێوەبەری و ئاکار و ڕەوشتی و بازرگانی. سەوزاندنی ڕوو لە گەشەی تۆڕە پیشەسازییەکان، نموونەیەکی دیکەی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتیی ژینگەیی هاوچەرخە. ئابووریی سیاسیی بازاڕێکی نێونەتەوەیی خاوەن هێڵاننامەی سەوزیش، هەنگاوێکی گرینگ بەرەو ئابووریی ئیکۆ-سیاسی لە ئابووریی سەوزدایە.

تێکچوونی دەورهەڵگرتووی ژینگەیی بووەتە هۆی چوونەسەری ئاستی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان و وەک هێزێکی پاڵنەر بۆ پەرەدان بە ڕێگاگەلێک لە چەشنی ئابووریی بازنەیی ڕۆڵ دەگێڕێت. پێکهاتە، ئامانج و کردەوەکانی هیندێک ئەکتەری کۆمەڵایەتی و شارۆمەندیی سەوز لە جووڵانەوەی ئابووریی سەوزدا بۆ پەرەدان بە قەوارە و تواناییەکانی سەوز و جێبەجێکردنیان بایەخدارن. شەپۆلگەلی سەوز و بەجیهانیبوون بەرەو یەکسانی و دادی ژینگەیی بەڕێوەن. خوێندنەوەی تێگەیشتنەکانی جووڵانەوەی سەوز و مەبەستە ڕەفتارییەکانی ئەو جووڵانەوەیە گرینگن. کیمیای سەوز وەک جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی، هەلومەرجێک پێک دەهێنێت کە لە سێبەریدا بەشەکانی کۆمەڵگە دەرفەتیان دەبێت لە جووڵانەوەگەلی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن. جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان بە پێدرانی نفووز و دەسەڵات بەسەر سیاسەتەکانی حکوومەتدا، دەتوانن لەسەر مۆدێلی سیاسەتی هەرە دڵخواز بۆ پێشخستنی ئابووریی سەوز پەرە بستێنن. بە لەبەرچاو گرتنی پرسی یەکسانی،

لێکۆڵینەوە لە پێوەندیی نێوان تەکنۆلۆژی و کۆمەڵگە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر قازانجە ئەرێنی و (زیانە) نەرێنییەکانی ئابووریی سەوز لەسەر هەژاران و پەراوێزخراوان.

ئابووریی سەوزی هیدرۆژێن وەک ڕێگایەک بۆ وڵاتان کە لە وزەدا سەربەخۆ بن و بە دوای داهاتوویەکی «بۆ نوێبوونەوەشیاو»دا دەگەڕێن، تا دێ پێداگریی لەسەر دەکرێت. سیستەمەکانی «وزەی بۆ گواستنەوە شیاو»ی کاراتر، لە نێو ئەو چارەسەر و هەنگاوانەدان کە پێشنیار دەکرێن. هەروەها دابەزینی بەرچاوی چڕیی وزە، باشترکردنی کارایی تەکنیکی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە چالاکیی ئابووری لەنێوان کەرتەکانی ئابووریدا وەدەست هاتووە. پاشەکەوتی وزە لە پیشەسازییە پرۆسەییەکانی چیندا و پەرەسەندنی بازاڕی وزەی سەوز یان بۆ نوێبوونەوە شیاو لە ئاڵماندا جەخت لەسەر سیاسەتی گشتیی کارا و سەرهەڵدانی خواستی کڕیارانی سەوز دەکەن. ئابووریی سیاسیی سیستەمی باجوەرگرتنی سەوز ڕۆڵی سیاسەت لە دانانی سیاسەتی ژینگەییدا دەستنیشان دەکات. سەرەڕای ئەوەش، تیۆرییەکانی یاسابەندی هێشتا هێندە بەگوێرەی پێویست پەرەیان نەسەندووە کە ئاراستەدۆزییەکی ژینگەییی بەهێزیان هەبێت. باج خستنەسەر وزە بۆ ئەوەیە کە بەکارهێنانی وزە کۆنترۆڵ بکا و لە وەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆنترۆڵکردنی گۆڕان لە کەشوهەوادا یارمەتیدەر بێت. چاوەڕوان دەکرێت باجی سەوز «قازانجی دووقاتی پشک» لە بیچمی کارایی و «قازانجی پشکی سەوز»دا دەستەبەر بکەن.

ئابووریی کەم کاربۆن وەک نموونەیەکی بنەڕەتیی پەرەسەندنی ئابووری، بژارەیەکی «خۆ لێ لانەدەر» بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گەرمداهاتنی گەردوونی و وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەرەسەندنی سەقامگیر، سەرهەڵدەدات. پەڕینەوەیەکی هاوتەکاموڵیانە co-evolutionary (شوێن لەسەر یەک دانەرانە) بۆ ئابوورییەکی کەم کاربۆنی سەقامگیر لەنێو دووڕەدیمەنی فرەئاستی (ئابووریی) بچووک-گەورەدا خوازراو و پێویستە. لە بونیاتنانی ئابوورییەکی سەوزدا، زانایانی بواری کەشوهەوا پێشنیار دەکەن کە دەبێ لەهەمبەر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و دانەدەرەوەی گازە گوڵخانەییەکانی دیکەدا کارێک بکرێت و ئەو کارەش ئەوەیە کە بەکارهێنانی سووتەمەنیی فوسیلی لە ئابووریدا ڕابگیردرێت. بەڵام سەرەڕای قازانجەکانی هەنگاوی لەو چەشنە، ئەو ترسە لە ئارادایە کە دابەزاندنی خێرا و توندی ڕادەی دانەدەرەوەی گازە گوڵخانەییەکان زیان بە ئابووری بگەیەنێت. لێکەوتەکانی ئاسایشی خواردەمەنی و بازاڕ بەهۆی پەرەگرتنی خێرای خواست بۆ سووتەمەنیی زیندەیی ڕاو {سووتەمەنیی نافوسیلیی وەک بایۆدیزل، ئێتانۆڵ، . . . وەرگێڕ} چاوگی نیگەرانیی دیکەن.

داهێنانەکان لە ئابووریی سەوزدا لە فۆرمی تێکەڵاوییەک لە داهێنانی سەوز، پیشەسازی و ناوچەیە. ئارەزووی هێنانەدیی پۆتانسیالی داهێنانی بناخەدارانراو لەسەر تەکنۆلۆژی، زانیاری و پێوەندی، نەک هەر وەک هەنگاوێک بۆ هاتنەوەسەرخۆی ئابووری، بەڵکوو بۆ ئابووریی سەوزیش لە ئارادایە. ئەوە گرینگە کە بەهێزترکردنێکی دوولایەنە و پێوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیی نوێ، داهێنان و کارایی باشتربووی ژینگەییدا هەیە. گەشەی ئابووریی سەوز لە ئاستی جیهاندا پێویستی بە تەکنۆلۆژیی داهێنان و ستراتیژی بۆ سەقامگیریی جیهانی هەیە. گونجاو لەگەڵ ستراتیژیگەلی سەقامگیریی جیهانی، سیاسەتی تەکنۆلۆژیی سەوزی نەتەوەیی و کاریگەریی لەسەر پەرەسەندنە ئابووری، ژینگە و کۆمەڵایەتییەکانی پێویستیان بە ئاوڵێدانەوە هەیە. سیاسەتی شاری سەقامگیر و

سەوزاندنی بەرنامەکانی خوێندنی زانکۆ لەنێو ئەو هەنگاوانەدان کە لەگەڵ هاوپێوەندیی ئابووری-ژینگە-تەکنۆلۆژی-فێرکاریدا بۆ چەسپاندنی پەرەسەندنی سەقامگیریی هاوسەنگدا هاوتەریبن.

دارایی سەوز ڕەوتێکی گرینگی دامەزراوە داراییە مۆدێرنەکانە کە لێکەوتەگەلێکی بەرچاوی لە پەرەسەندنی بەردەوامی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمپانیاکان و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا هەیە. لەم پێوەندییەدا، دراوە ناوچەییەکان، ئەگەر باش بەکار بهێنرێن، دەتوانن یارمەتی بە پەرەسەندنی خۆجێیی سەقامگیر بدەن. دارایی سەوز هەروەها بە بازرگانیی سەوز، گواستنەوە و ژێرخانی ئابوورییەوە گرێ دراوە و لە ڕێگای جووڵانەوەی سەوز، لۆبی و سیاسەتەوە، شوێنی لەسەر دادەنرێت. سیاسەتی بازرگانیی سەوز هەروەها ئەو وڵاتانەی دەرەوە کە لە جێبەجێکردنی یاسای لەباری ژینگەییدا سەرکەوتوو نابن، هان دەدا تا لە چوارچێوەی (سیاسەتی) سەوزدا بجووڵێنەوە. بەهۆی هەڵکشانی کێشە و نیگەرانییەکان لەمەڕ ژینگە، سەوزاندنی گواستنەوە، بەتایبەت سیاسەتی گواستنەوەی شاری و گۆڕانکارییەکانی خەریکن بێنە دی. ئەم بابەتە تەنانەت شوێنی لەسەر پرسی شارگەلی خاوەن قەوارەگونجاو و دۆزینەوەی ژێرخانی ئابووریی سەوز بۆ پەرەسەندنی بەردەوام داناوە.

لێکۆڵینەوەی نوێ دەریدەخات کە بەشێکی زۆر لە بەکاربەران، حەزێکی بەهێزیان بۆ کڕینی بەروبوومی خواردەمەنیی سروشتیی «بەرهەمهاتوو لە زەوی» هەیە. بەکاربەران هەروەها ویست و مەیلێکی فرەیان بۆ دانی دراوی زیاتر بە بەروبوومی سەوز، دەستپێشخەری و هەنگاوگەلی خزمەتگوزاریی وەک پیشەسازیی هوتێل نیشان داوە. پەرەدان بە مۆدێلگەلی لەسەر چۆنایەتی بناخەدانراو، بۆ بەروبوومی سەوز و بازار، لەوانەیە سەرکەوتوو بێت. ئەم مۆدێلانە، لەباتی میتۆدی نەریتیی»کۆنترۆڵی کۆتاییی لووله»، پرسە ژینگەییەکان لە ڕێگای دیزاین و داهێنانی بەرهەمەوە دەستنیشان دەکەن. لەنێو هەنگاوەکانی تردا، پارەدانی سەوز بۆ ۆونترۆڵکردنی پیسیی بێ خاڵ «non-point-source pollution»{پیسبوونێک بەهۆی زیاتر لە سەرچاوەیەکی پیسکردنەوە بێت، وەرگێڕ}، بەمەبەستی کەمکردنەوەی پیسبوونی فرەچاوگی کشتوکاڵی هەن.

بەرهەمی نەتەوەیی سەوز، بە واتای یەکخستنی بەرهەمی نەتەوەیی لەگەڵ بەهای زیانە ژینگەییەکان دێت. ژمێریاریی سەوز دەکرێ بۆ نرخاندنی سەقامگیری و بەردەوامیی چالاکی و هەڵدانی ئابووری بەکار بهێنرێت. ئەمە دەریدەخات کە بە بردنەسەری کێشی بەروبوومی کەمتر ژینگەپیسکەر و بە تەکنیکیی بۆ ژینگە بەسوود، دەکرێ کاریگەریی نەرێنیی بڕی هەڵدانی ئابووری لەسەر ژینگە قەرەبوو بکرێتەوە. ئەمە لەگەڵ چەمکی هەڵدانی چۆنایەتی دێتەوە کە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەریگەلێکە بۆ قەیرانە هەنووکەییەکان، کە لە ڕووی ئابوورییەوە سالم، لە باری ئێکۆلۆژیکییەوە سەقامگیر و لە بواری کۆمەڵایەتییەوە عادڵانە بن. مرۆڤ دەبێ لە داوی بەرهەمدەری کە لە ئاکامی پەیگیریی بەرنامە بۆ داڕێژراوی بەرهەمدەریی باڵاتری هێزی کاردا دێتە ئاراوە، خۆ ببوێرێت. بۆ چاودێریکردنی ئاڵوگۆڕ بە ئاقاری بەرهەمدەریی سەوز و پێوانەکردنی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی سەوزی ئابوورییە نەتەوەییەکان، پەرەدان بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئابووریی سەوز پێویستە ئەنجام بدرێت.

ژمارەیەکی ڕوو لە زیاد بووی حیزبە سەوزەکان، دەسەڵات و نفووزیان بەسەر سیاسەتە حکوومەتی و باشبژیوییەکاندا

پێدراوە. ئەدەبیات لەسەر شۆڕشی سەوز و هەژاری بەڵگە لەمەڕ پەیوەندیی نێوان تەکنۆلۆژی و کۆمەڵگە و قازانجەکانی بۆ هەژاران نیشان دەدات. لە ساڵانی دواییدا، بەرپرسیاریتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان بۆ ئابوورییەکی سەوز و بۆ پیشەی داهێنەرانە بەرز بووەتەوە. ئەمە وەک ئامرازێکی کارا لە بەگژاچوونەوەی دارمانی ئابووری (re-cession) و لە پەرینەوە بۆ ئابووریی نوێ بەهۆی بەشە (پێکهاتە) بەهێزەکانی سەوزەوە دەژمێردرێت. ستراتێژیی ڕەخساندنی هەلی کار و پەرەسەندنی سەوز، پەیوەندیی نزیک لەنێوان پەرەسەندنی بەردەوام لە ئاستگەلی جیاوازی کەڵەکەبووندا پیشان دەدات.

سەرەڕای ئەوەش، هەوڵەکانی کەمکردنەوەی کاریگەریی قەیرانی ئابووری لەوانەیە (دۆخی) ژینگە خراپتر بکات. چ کۆدەنگییەک لە ئارادا نییە کە ئابووریی سەوز وەک چارەسەرێک بۆ قەیرانەکە کار بکات، بەڵام بێگومان لەسەر ژینگە و سەقامگیری شوێن دادەنێت. ئامانجی دوایی دەبێ دۆزینەوەی ڕێگاچارەگەلێک بۆ قەیرانی ئابووریی جیهان و سەقامگیریی ئێکۆلۆژیکی بێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە سالم، لە باری ئێکۆلۆژیکییەوە سەقامگیر و لە بواری کۆمەڵایەتییەوە عادڵانە بن، هەم لە نێوخۆی هەر هەرێم و وڵاتێک و هەمیش لەنێو ئەو وڵات و هەرێمانەدا. بەشداریی چالاکانەی خاوەن پشکە جیاجیاکان لە بڕیاردان و هەروەها ڕێکخراوگەلی چاودێریی بەهێز و کارای نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، چۆنایەتیی ئەم ئەنجامە گرینگ و ژیانگۆڕە دیاری دەکەن.

## ژێدەرەکان


Aaheim, A. and Nybory, K. (1995) ‘On the interpretation and applicability of a “Green National Product”’, Review of Income and Wealth, Vol. 41, No. 1, pp. 57–71.

Adams, W. M. (2001) Green Development: Environment and Sustainability in the Third World, Routledge, New York.

Almås, R. (1994) ‘The rise and fall of agricultural policy cycles: from planned economy to green liberalism’, Journal of Rural Studies, Vol. 10, No. 1, pp. 15–25.

Altvater, E. (2009) ‘World economy, the financial crisis, and ecological sustainability – a trilemma’, Capitalism Nature Socialism, Vol. 10, No. 4, pp. 37–68.

Archibugi, F. and Nijkamp, P. (Eds) (1989) Economy and Ecology: Towards Sustainable Development, Kluwer, Dordrecht.

Asheim, G. B. (1997) ‘Adjusting green NNP to measure sustainability’, Scandinavian Journal of Economics, Vol. 99, No. 3, pp. 355–370.

Baksi, S. and Green, C. (2007) ‘Calculating economy-wide energy intensity decline rate: the role of sectoral output and energy shares’, Energy Policy, Vol. 35, pp. 6457–6466.

Barry, J. (1999) Rethinking Green Politics: Nature, Virtue and Progress, SAGE Publications Ltd. , London.

Barry, J. (2001) ‘Justice, nature and political economy’, Economy and Society, Vol. 30, No. 3, pp. 381–394.

Barry, J. (2006a) ‘Towards a concrete Utopian model of green political economy’, Post-Autistic Economics Review, Vol. 36, pp. 5–25.

Barry, J. (2006b) ‘Resistance is fertile: from environmental to sustainability citizenship’, in Dobson, A. and Bell, D. (Eds): Environmental Citizenship, The MIT Press, Cambridge, MA, pp. 21–48.

Barry, J. (2007) ‘A model of green political economy: from ecological modernisation to economic security’, International Journal of Green Economics, Vol. 1, Nos. 3/4, pp. 446–464.

Barry, J. (2009) ‘“Choose Life” not economic growth: critical social theory for people, planet and flourishing in a “Age of Nature”’, Current Perspectives in Social Theory, Vol. 26, pp. 93–113.

Barry, J. (2012) The Politics of Actually Existing Unsustainability: Human Flourishing in a Climate-Changed, Carbon Constrained World, Oxford University Press, Oxford.

Bartelmus, P. (2013) ‘The future we want: green growth or sustainable development?’ Environmental Development, Vol. 7, pp. 165–170.

Bartelmus, P. (1999) ‘Green accounting for a sustainable economy: policy use and analysis of environmental accounts in the Philippines’, Ecological Economics, Vol. 29, pp. 155–170.

Bell, D. (2005) ‘Liberal environmental citizenship’, Environmental Politics, Vol. 14, No. 2, pp. 179–194.

ary pollution in large open economies', Journal of International Economics, Vol. 59, pp. 399–422.
Das, R. J. (2002) 'The green revolution and poverty – theoretical and empirical examinations of relation between technology and society', Geoforum, Vol. 33, pp. 55–72.
Dawe, D. (1998) 'Reenergizing the green revolution in rice', American Journal of Agricultural Economics, Vol. 80, No. 5, pp. 948–953.
Despommier, D. (2013) 'Farming up the city: the rise of urban vertical farms', Trends in Biotechnology, Vol. 31, No. 7, pp. 388–389.
Dobson, A. (2006) 'Ecological citizenship: a defence', Environmental Politics, Vol. 15, No. 3, pp. 447–451.
Dow, S. (2011) 'Fuel cells and LEDs combine to light the way towards the green economy', Fuel Cell Bulletin, August, pp. 12–14.
Dryzek, J. S. (2005) The Politics of the Earth: Environmental Discourses, 2nd ed. , Oxford University Press, London.
Edwards, P. E. T. , Sutton-Grier, A. E. and Coyle, G. E. (2013) 'Investing in nature: restoring coastal habitat blue infrastructure and green job creation', Marine Policy, Vol. 38, pp. 65–71.
Elander, I. (2007) 'Towards a green welfare economy – the green party in Sweden since the 1998 parliamentary election', Environmental Politics, Vol. 9, No. 3, pp. 137–144.
Engelbricht, H. J. (2009) 'Pathological knowledge-based economies: towards a knowledge-based economy perspective on the current crisis', Prometheus, Vol. 27, No. 4, pp. 403–414.
Eyraud, L. , Clements, B. and Wane, A. (2013) 'Green investment: trends and determinants', Energy Policy, Vol. 60, pp. 852–865.
Färe, R. , Grosskopf, S. and Pasurka, C. A. (2001) 'Accounting for air pollution emissions in measures of state manufacturing productivity growth', Journal of Regional Science, Vol. 41, No. 3, pp. 381–409.
Faxla-Raymond, N. , Svendsen, E. and Campbell, L. K. (2013) 'From job training to green jobs: a case study of a young adult employment program centered on environmental restoration in New York City, USA', Urban Forestry and Urban Greening, Vol. 12, No. 3, pp. 287–295.
Fonseca, S. A. and Jabbour, C. J. C. (2012) 'Assessment of business incubator' green performance: a framework and its application to Brazilian cases', Technovation, Vol. 32, pp. 122–132.
Foster, A. D. and Rosenzweig, M. R. (1996) 'Technical change and human capital returns and investments: evidence from the green revolution', American Economic Review, Vol. 86, No. 4, pp.
Boyd, J. (2007) 'Nonmarket benefits of nature: what should be counted in green GDP?' Ecological Economics, Vol. 61, pp. 716–723.
Cai, W. , Wang, C. , Chen, J. and Wang, S. (2011) 'Green economy and green jobs: myth or reality? The case of China's power generation sector', Energy, Vol. 36, pp. 5994–6003.
Cairns, R. D. (2002) 'Green national income and expenditure', The Canadian Journal of Economics, Vol. 35, No. 1, pp. 1–15.
Camagni, R. , Capello, R. and Nijkamp, P. (1998) 'Towards sustainable city policy: an economyenvironment technology nexus', Ecological Economics, Vol. 24, pp. 103–118.
Capra, F. and Henderson, H. (2009) Qualitative Growth, The Institute of Chartered Accountants in England and Wales.
Carfi, D. and Schiliro, D. (2012) 'A cooperative model for the green economy', Economic Modelling, Vol. 29, pp. 1215–1219.
Carraro, C. , Favero, A. and Massetti, E. (2012) 'Investments and public finance in a green, low carbon, economy', Energy Economics, Vol. 34, pp. 515–528.
Chakravarti, A. K. (1973) 'Green revolution in India', Annals of the Association of American Geographers, Vol. 63, No. 3, pp. 319–330.
Chapple, K. , Kroll, C. , Lester, T. W. and Montero, S. (2010) Innovation in the Green Economy, Industry Study Association.
Chen, C. (2001) 'Design for the environment: a quality-based model for green product development', Management Science, Vol. 47, No. 2, pp. 250–263.
Chen, H. (2008) 'On the optimal policy model of promoting green economy', Economic Geography, Vol. 28, No. 4, pp. 598–602.
Christoff, P. (1996) 'Ecological modernisation, ecological modernities', Environmental Politics, Vol. 5, No. 3, pp. 476–500.
Chua, S. C. and Oh, T. H. (2011) 'Green progress and prospect in Malaysia', Renewable and Sustainable Energy Reviews, Vol. 15, pp. 2850–2861.
Chuanjiang, L. and Ya, F. (2011) 'Low-carbon economy: theoretical study and development path choice in China', Energy Procedia, Vol. 5, pp. 487–493.
Ciocirlan, C. E. and Yandle, B. (2003) 'The political economy of green taxation in the OECD countries', European Journal of Law and Economics, Vol. 15, pp. 203–218.
Clark, W. C. and Rifkin, J. (2006) 'A green hydrogen economy', Energy Policy, Vol. 34, pp. 2630–639.
Conconi, P. (2003) 'Green lobbies and transbound-

vironmental Politics, Vol. 15, No. 3, pp. 435–446.
He, J. K. , Jiang, T. and Wang, W. (2003) '"Green finance" and the sustainable development of economy', Green Economy, pp. 78–81.
Heberling, M. T. , Templeton, J. J. and Wu, S. (2012) 'Green net regional product for the San Luis Basin, Colorado: an economic measure of regional sustainability', Journal of Environmental Management, Vol. 111, pp. 287–297.
Heinkel, R. , Kraus, A. and Zechner, J. (2001) 'The effect of green investment on corporate finance', Journal of Financial and Quantitative Analysis, Vol. 36, pp. 431–449.
Henderson, H. (2007) 'Growing the green economy globally', International Journal of Green Economics, Vol. 1, Nos. 3/4, pp. 276–298.
Heshmati, A. (2014) 'Demand, customer base-line and demand response in the electricity market: a survey', Journal of Economic Surveys, Vol. 28, No. 5, pp. 862–888.
Heshmati, A. , Abolhosseini, S. and Altmann, J. (2015) The Development of Renewable Energy Sources and its Significance for the Environment, Springer.
Ho, S. M. and Metsalfe, C. F. (2009) 'Life-cycle thinking: What can IT do to be green?' iConference'09, 8–11 February, Chapel Hill, NC, USA.
Horan, T. D. , Shortle, J. S. and Abler, D. G. (1999) 'Green payments for nonpoint pollution control', American Journal of Agricultural Economics, Vol. 81, No. 5, pp. 1210–1215.
Horlings, L. J. and Marsden, T. K. (2011) 'Towards the real green revolution? Exploring the conceptual dimensions of a new ecological modernisation of agriculture that could "feed the world"', Global Environmental Change, Vol. 21, pp. 441–452.
Huang, L. H. , Lin, W. X. , Guo, Y. C. and Chen, F. Y. (2002) 'Green economy and sustainable development', Chinese Journal of Eco-Agriculture, Vol. 10, No. 2, pp. 139–140.
Hunold, C. (2007) 'Green political theory and the European Union: the case for a non-integrated civil society', Environmental Politics, Vol. 14, No. 3, pp. 324–343.
Hysing, E. (2009) 'Greening transport – explaining urban transport policy change', Journal of Environmental Policy and Planning, Vol. 11, No. 3, pp. 243–261.
Jackson, T. and Victor, P. (2011) 'Productivity and work in the 'green economy' – some theoretical reflections and empirical tests', Environmental Innovation and Societal Transitions, Vol. 1, No. 1, pp. 101–108.
Jacobs, M. (1991) The green economy: environment, sustainable development and the politics of 931–953.
Foxon, T. J. (2011) 'A coevolutionary framework for analyzing a transition to a sustainable low carbon economy', Ecological Economics, Vol. 70, No. 12, pp. 2258–2267.
Gabrielson, T. (2008) 'Green citizenship: a review and critique', Citizenship Studies, Vol. 12, No. 4, pp. 429–446.
Gai, C. , Wang, C. , Chen, J. and Wang, S. (2011) 'The relationship between green economy and green jobs: myth or reality? The case of China's power generation sector', Energy, Vol. 36, No. 10, pp. 5994–6003.
Geng, Y. , Fu, J. , Sarkis, J. and Xue, B. (2012) 'Towards a national circular economy indicator system in China: an evaluation and critical analysis', Journal of Cleaner Production, Vol. 23, No. 1, pp. 216–224.
Geng, Y. , Zhu, Q. , Doberstein, B. and Fujita, T. (2009) 'Implementing China's circular economy concept at the regional level: a review of progress in Dalian, China', Water Management, Vol. 29, pp. 996–1002.
Geng, Y. and Doberstein, B. (2008) 'Developing the circular economy in China: challenges and opportunities for achieving "leapfrog development"', International Journal of Sustainable Development & World Ecology, Vol. 15, pp. 231–239.
Glomm, G. , Kawaguchi, D. and Sepulveda, F. (2008) 'Green taxes and double dividends in a dynamic economy', Journal of Policy Modeling, Vol. 30, pp. 19–32.
Gollin, D. , Morris, M. and Byerlee, D. (2005) 'Technology adoption in intensive post-green revolution systems', American Journal of Agricultural Economics, Vol. 87, No. 5, pp. 1310–1316.
Green, J. (2009) 'The elusive green economy', Ideas: Energy & Environment, July/August, Atlantic.
Greenwood, D. (2007) 'The halfway house: democracy, complexity, and the limits to markets in green political economy', Environmental Politics, Vol. 16, No. 1, pp. 73–91.
Grover, R. B. (2013) 'Green growth and role of nuclear power: a perspective from India', Energy Strategy Reviews, Vol. 1, pp. 255–260.
Haigh, M. (2005) 'Greening the university curriculum: appraising an international movement', Journal of Geography in Higher Education, Vol. 29, No. 1, pp. 31–48.
Hartman, H. (1996) 'Myths and realities of the "new" green economy', Environmental Quality Management, Vol. 6, No. 2, pp. 47–55.
Hayward, T. (2007) 'Ecological citizenship: justice, rights and the virtue of resourcefulness', En-

تقسیم کردیم و همان روش خوشه‌بندی را برای هر دو زیرنمونه به کار گرفتیم. علاوه بر این، ما مقادیر درجه توافق کاپا در عضویت خوشه را با مقایسه عضویت هر دو زیرنمونه به طور جداگانه با نمونه کل محاسبه کردیم (کوهن، ۱۹۸۸ ؛ کرامر، ۱۹۸۲). مقادیر انطباق کاپا بدست آمد: k =۰,۸۲ (P <.۰۰۱) برای زیرنمونه اول، و k = ۰,۷۷ (P <.۰۰۱) برای زیرنمونه دوم. به پیروی از طبقه بندی پیشنهادی لندیس و کوچ (۱۹۷۷)، این مقادیر کاپا را می‌توان تقریباً کامل و اساسی تفسیر کرد. به عبارت دیگر، ثابت شد گروه‌بندی اصلی ما استوار و توانمند بوده است.

### آیا بین گروههای جوانان در ارتباط با مشارکت مدنی تفاوتهایی وجود دارد؟

برای تعیین اینکه آیا بین گروههای شناسایی شده تفاوت وجود دارد، ما یک تحلیل واریانس چند متغیر یک طرفه بین گروه(MANOVA) انجام دادیم. هر پنج شاخص مشارکت مدنی، همانطور که در بخش تئوری بالا توضیح داده شد، به عنوان متغیرهای وابسته مورد استفاده قرار گرفتند. متغیر مستقل، عضویت در گروه بود. آزمونهای چند متغیری معنی‌دار بودن نشان داد که اختلاف کلی گروه در پنج شاخص مشارکت مدنی وجود دارد، F (۲۰, ۵۴۳۶) = ۱۱,۴۵, p<.۰۰۱, η۲=.۰۴ . وقتی




**شکل ۳: الگوی خوشه‌ای:**
**نمره‌های زد در چهار بعد سوگیریهای سیاسی منفی**[۴]

نتایج متغیرهای وابسته به طور جداگانه در نظر گرفته شد، آزمونهای تک متغیره برای هر متغیر وابسته نشان داد که کلیه متغیرها در گروهها تفاوت معنی داری دارند (جدول ۱ را ببینید).

به منظور شناسایی مکانهای وجود تفاوتهای معنی دار، تحلیلهای پیگیری انجام شد. مقایسه‌های چندگانه با استفاده از آزمون معناداری حقیقی تفاوت بین میانگینها (HSD) توکی انجام شد. مقایسه‌های چندگانه نشان داد که «دموکراتهای راضی» به طور چشمگیری با چهار گروه دیگر تقریباً در همه متغییرهای مشارکت مدنی اختلاف معنی داری داشتند. بررسی میانگین حاشیه‌ای تخمینی برای بقیه متغیرها نشان داد که دموکراتهای راضی به طور معنی‌داری میانگین نمرات بالاتری داشتند. این نشان می‌دهد که آنها بیشتر از سایر جوانان در مورد سیاست و مسائل زیست محیطی و غیره با والدین خود مباحثه کرده‌اند. آنها همچنین به سیاست علاقه بیشتری نشان دادند و بیشتر احتمال دارد به یک حزب سیاسی بپیوندند و در یک سازمان فعالیت کنند.

ما همچنین بین چهار گروه دیگر اختلاف معنی داری یافتیم. بررسی میانگین نمرات برای علاقه سیاسی در جدول ۱ نشان می‌دهد که جوانانی که در گروه «عدم اعتماد به نفس» بودند، به طور قابل توجهی کمتر به سیاست علاقه داشتند و کمتر از گروه‌های «دارای نگرش خصمانه»، «بیگانه» و «انتقادی» به مشارکت مدنی آنلاین اشتغال داشتند. همچنین آنها کمتر از جوانان گروههای دارای نگرش خصمانه و بیگانه با والدین خود گفتگوهای سیاسی داشته‌اند. علاوه بر این، جوانان بیگانه به طور

| | | Hostile Citizens | Outsider Citizens | Critical Citizens | Self-doubting Citizens | Satisfied Democrats | F(5, 1359) | $\eta^2$ | Observed power |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Political interest | | 2.34[a] | 2.68[b] | 2.25[a] | 1.86[c] | 2.93[d] | 47.88*** | .12 | 1.00 |
| Political discussion with parents | | 2.26[ab] | 2.31[b] | 2.10[ac] | 2.01[c] | 2.50[d] | 28.91*** | .08 | 1.00 |
| Perception of future civic engagement | Join a political party | 1.88[ab] | 1.88[bc] | 1.65[ad] | 1.51[d] | 2.01[c] | 23.02*** | .06 | 1.00 |
| | Become active in organizations | 2.15[ab] | 2.15[bc] | 1.95[ad] | 1.85[d] | 2.27[c] | 17.06*** | .05 | 1.00 |
| Online civic engagement | | .73[a] | .82[b] | .71[a] | .62[c] | .83[b] | 22.86*** | .06 | 1.00 |

**جدول ۱: تفاوتهای مشارکت مدنی بین گروههای جوانان**

نکته: p < ۰.۰۰۱. a, b, c, d بالانویسها بیانگر تفاوتهای میانگین معنی‌دار بین گروههای آزمون تعقیبی توکی HSD هستند.

همه متغییرها کدگذاری مجدد شدند به نحوی که میانگین بالاتر نشانگر اندازه‌گیری بالاتر متغییر است. η۲ مربع اتای جزئی

آزمون اف چند متغییره F(۲۰, ۵۴۳۶) = ۱۱,۴۵, p < ۰.۰۰۱, η۲ = ۰.۰۴.

قابل توجهی بیشتر درگیر فعالیتهای مدنی آنلاین بودند و بیشتر از جوانان دارای نگرش خصمانه و انتقادی به سیاست علاقه‌مند بودند. به طور کلی، گروههایی از جوانان که الگوهای مختلف سوگیریهای سیاسی منفی داشته‌اند، الگوهای یکه‌ای از تفاوت در مشارکت مدنی خود نیز داشته‌اند.

## بحث

هدف اصلی این تحقیق ایجاد چهارچوبی برای تحلیل انواع سوگیریهای سیاسی منفی بود. در اینجا، ما استدلال کرده‌ایم که سوگیریهای سیاسی منفی شهروندان نمی‌توانند به راحتی تحت عنوان «پشتیبانی سیاسی» یا فقدان آن طبقه‌بندی شوند. در عوض، ما استدلال کرده ایم که چنین سوگیریهای سیاسی منفی، ممکن است مانند مفهوم پشتیبانی سیاسی، به طرق مختلف بیان شود. به طور خاص، ما ادعا کرده‌ایم که سوگیریهای سیاسی منفی یک پدیده چند بعدی است و شامل چندین نوع نگرش متفاوت نسبت به سیستم سیاسی است. علاوه بر این، ما استدلال کرده ایم که درک عمیق‌تر از این پدیده چند بعدی نیاز به یک چهارچوب تحلیلی پیچیده دارد. این مقاله با استفاده از چهارچوبهای قبلی، یک چهارچوب نظری جایگزین برای تجزیه و تحلیل اشکال مختلف سوگیریهای سیاسی منفی ارائه می‌دهد. چهارچوب نظری ما از طریق تجربی با استفاده از تحلیل عاملی تأییدی (CFA)، تجزیه و تحلیل خوشه‌ای و MANOVA مورد بررسی قرار گرفت.

تحلیلها سه یافته مهم را به دست داد. اول، مدل CFA فرضی از چهار بعد مجزا به سوگیریهای سیاسی منفی، همانطور که در شکل ۱ نشان داده شده است، نشانگر تطابق خوبی با داده‌های مشاهده شده است. دوم، منطقی است که نه تنها در مورد اشکال مختلف سوگیریهای منفی بلکه در مورد گروههایی از شهروندان جوان با الگوهای مختلف سوگیریهای منفی هم صحبت شود. سوم، نه تنها بین گروه راضی و گروههای ناراضی بلکه بین گروههای افرادی که دارای سوگیری منفی هستند، اختلافاتی وجود دارد. از این یافته‌ها دو نتیجه گیری مهم می‌توان انجام داد. اول، به نظر می‌رسد هم از نظر تجربی و هم از نظر تئوری ضروری است یک چهارچوب مفهومی جداگانه برای تحلیل سوگیریهای سیاسی منفی ساخته شود، چهارچوبی متمایز از آنچه که برای مطالعه سوگیریهای سیاسی کلی، یعنی پشتیبانی سیاسی، استفاده می‌شود. دوم، پرداختن به سوگیریهای منفی سیاسی به عنوان یک مفهوم چند بعدی، شامل انواع نگرشها، مهم و معنی دار است.

در انجام این مطالعه برخی محدودیتها و نقاط قوت وجود داشته است که باید به آنها توجه شود. یک محدودیت بالقوه مربوط به توزیع سنی نمونه ما است. در مطالعه حاضر، ما عمدتاً به گرایشهای سیاسی جوانان علاقه‌مند بودیم، که می‌تواند به عنوان محدودیتی در نظر گرفته شود که این یافته‌ها ممکن است برای جمعیت بزرگسال اعمال نشود. با این حال، همانطور که در مقدمه توضیح داده شد، جوانان از نظر اجتماعی و سیاسی در یک مرحله منحصر به فرد در زندگی خود قرار دارند و این گروه سنی برای مطالعه جالب توجه است. با این وجود، نیاز به مطالعاتی داریم که بتوانیم یافته‌های خود را با استفاده از طیف وسیعی از گروههای سنی تکرار کنیم. از آنجا که این مطالعه بخشی از یک پروژه بزرگ و مداوم است که مربوط به جامعه‌پذیری سیاسی است، که باعث ایجاد یک پیکره هفت ساله از داده‌های طولی می‌شود، ما در موقعیت مناسبی هستیم تا تغییرات در گذشت زمان

را تحلیــل کنیــم، هنگامی کــه نوجوانان به جوانانی بزرگسال تبدیل می‌شوند. همچنین، ایجاد مقایسه‌ها بین ملیتهای مختلف ممکن اســت یک مکمل مهم برای به دست آوردن اطلاعات بیشتر در مورد اثرات محیط باشد.

در عین حال، این مطالعه دارای چندین نقطه قوت اســت. یکــی از نقــاط قوت این اســت که ایــن مطالعه به مفهــوم نارضایتی عمومی بطور گســترده‌ای نزدیک می‌شــود. چهارچــوب تحلیلی‌ای کــه در اینجا مطرح شده اســت، برخلاف چهارچوبهای قبلی در این زمینه، طیف گســترده‌ای از شــهروندان سیاســی ناراضی و منتقد را بررسی می‌کند. مــا با اســتفاده از انواع شــاخصهای تجربی، توانســته‌ایم بین انواع مختلف ســوگیریهای منفی سیاســی تفاوت قائل شــویم. اگر همه آنها بررســی نشــده باشــند حداقل مناسب تریــن ابعاد ایــن پدیده سیاســی موضوعی مورد مطالعه قرار گرفته اســت. دومین نقطه قوت این اســت که چهارچوب پیشنهادی ما نه تنها برای تجزیه و تحلیل اشــکال مختلف ســوگیریهای منفی سیاســی به خودی خود مفید است، بلکه برای بررسی سایر پدیده‌های سیاسی معتبر مانند مشارکت مدنی و اشکال مختلف مشارکت سیاسی نیز سودمند است. بنابراین، ایــن مطالعه با وجود محدودیتهای خاص خود، با ارائه یک نوع شناسی جایگزین از ســوگیریهای سیاسی منفی و همچنین با برجســته کردن اهمیت تمایز بیــن آنها، بر دانش فعلی می‌افزاید. نارضایتی سیاسی تنها و به همین سادگی متضاد پشتیبانی سیاسی نیســت؛ بلکه انواع مختلفی به خود می‌گیرد که عواقب رفتاری متفاوتی دارند.

## تقدیر و تشکر

ایــن مطالعه به لطف دسترســی به داده‌های برنامه اجتماعی‌شدن سیاسی که یک برنامه تحقیقاتی طولــی در بخش YeS (جوانان و جامعه) در دانشــگاه اوربرو سوئد امکان پذیر شد. مسئول برنامه ریزی، اجرا و تأمین منابع مالی جمع آوری داده‌ها در این پروژه اساتید اریک آمنو، ماتس اکســتروم، مارگارت کر و هوکان استاتین بودند. جمع آوری داده‌ها به پشتیبانی مالی بانک بنیاد سیصد ساله سوئد انجام شد.

## پانوشت

1. Ali Abdelzadeh (corresponding author), School of Humanities, Education and Social Sciences, Youth & Society (YeS), Örebro University SE – 701 82 Örebro, Sweden. Phone: +46 19 30 36 90. Email: ali.abdelzadeh@oru.se.

2. Professor of Political Science, Centre for Baltic and East European Studies (CBEES), Södertörn University SE – 141 89 Huddinge, Sweden. Phone: +46 8 608 44 97. E-mail: joakim.ekman@sh.se.

3. POLITICAL SPHERE سپهر سیاسی
PRINCIPLE-DRIVEN مبتنی بر اصول
PERFORMANCE-DRIVEN مبتنی بر عملکرد
UNIVERSAL عام و فراگیر
SPECIFIC خاص
POLITICAL ESTRANGEMENT بیگانگی سیاسی
POLITICAL POWERLESSNESS عجزسیاسی
PERSONAL SPHERE سپهر شخصی

4. Z-score نمره زد
Hostile دارای نگرش خصمانه
Outsider بیگانه
Critical انتقادی
Self-doubting عدم اعتماد به نفس
Satisfied Democrats دموکراتهای راضی
Principal-driven dissatisfaction نارضایتی ناشی از اصول
Political estrangement بیگانگی سیاسی
Performance-driven dissatisfaction نارضایتی ناشی از عملکرد
Political powerlessness عجز سیاسی

## منابع


Almond, G.A. and Verba, S. (1963). The civic culture : political attitudes and democracy in five nations. Princeton: Princeton University Press.

Almond, G.A. and Verba, S. (Eds.). (1980). The civic culture revisited: An analytical study. Boston, MA/Toronto: Little, Brown and Company.

Arnett, J.J. (1999). Adolescent storm and stress, reconsidered. In American Psychologist, 54 (5), p. 317.

Berger, B. (2009). Political Theory, Political Science and the End of Civic Engagement. In Perspectives on Politics, 7 (2), pp. 335-350.

Brown, T.A. (2006). Confirmatory factor analysis for applied research: The Guilford Press.

Cohen, J. (1988). Statistical power analysis for the behavioral sciences: Lawrence Erlbaum.

Dalton, R.J. (2002). Citizen politics: public opinion and political parties in advanced industrial democracies. New York: Chatham House Publishers/ Seven Bridges Press.

Dalton, R.J. (2004). Democratic challenges, democratic choices: The erosion of political support in advanced industrial democracies. Oxford Oxford University Press.

Di Palma, G. (1970). Apathy and participation: mass politics in Western societies. New York.

Easton, D. (1965). A framework for political analysis. Englewood Cliffs, N.J.: Prentice-Hall.

Easton, D. (1967). A Systems Analysis of Political Life. New York: John Wiley & Sons.

Easton, D. (1975). A re-assessment of the concept of political support. In British Journal of Political Science, 5 (4), pp. 435-457.

Fuchs, D. (1999). The Democratic Culture of Unified Germany. In P. Norris (Ed.), Critical Citizens: Globale Support for Democratic Government (pp. 123-145). Oxford: Oxford University Press.

Geissel, B. (2008). Reflections and findings on the critical citizen: Civic education–What for? In European Journal of Political Research, 47 (1), pp. 34-63.

Gunther, R. and Montero, J. (2006). The Multidimensionality of Political Support for New Democracies: Conceptual Redefinition and Empirical Refinement. In R. Gunther and J. Montero (Eds.), Political Disaffection in Contemporary Democracies: Social Capital, Institutions and Policies (pp. 46–78). London: Routledge.

Gunther, R., Montero, J. and Torcal, M. (2007). Democracy and intermediation: Some attitudinal and behavioral dimensions. In R. Gunther, H.-J. Puhle and J.R. Montero (Eds.), Democracy, Intermediation and Voting on Four Continents (pp. 29–76). Oxford Oxford University Press

Hu, L. and Bentler, P.M. (1999). Cutoff criteria for fit indexes in covariance structure analysis: Conventional criteria versus new alternatives. In Structural Equation Modeling: A Multidisciplinary Journal, 6 (1), pp. 1-55.

Kavanagh, D. (1997). Crisis of confidence: The case of Britain. In Studies in Comparative International Development (SCID), 32 (3), pp. 30-41. doi: 10.1007/bf02687329

Kline, R.B. (2010). Principles and practice of structural equation modeling: The Guilford Press.

Klingemann, H.D. (1999). Mapping political support in the 1990s: A global analysis. In P. Norris (Ed.), Critical citizens: global support for democratic government (pp. 151-189). Oxford: Oxford University Press.

Kraemer, H. (1982). Kappa coefficient. In Encyclopedia of statistical sciences, 4, pp. 352-354.

Landis, J.R. and Koch, G.G. (1977). The measurement of observer agreement for categorical data. In

Pallant, J. (2010). SPSS survival manual. Maidenhead: McGraw-Hill International (UK) Ltd.
Pharr, S.J. and Putnam, R.D. (2000). Disaffected democracies: what›s troubling the trilateral countries? Princeton, NJ: Princeton University Press.
Putnam, R.D. (1995). Bowling Alone: America's Declining Social Capital. In Journal of Democracy (6), pp. 65-78.
Putnam, R.D. (2000). Bowling alone: the collapse and revival of American community. New York: Simon & Schuster.
Qi, L. and Shin, D.C. (2011). How mass political attitudes affect democratization: Exploring the facilitating role critical democrats play in the process. In International Political Science Review, 32 (3), p. 245.
Schwartz, D.C. (1973). Political alienation and political behavior. Chicago: Aldine.
Tabachnick, B.G. and Fidell, L.S. (2006). Using multivariate statistics. Boston, MA: Allyn and Bacon.
Torcal, M. and Brusattin, L. (2007). Institutional Trust in New European Democracies: A Separate Dimension of Political Support? [Paper presented at the Center for Brazilian Studies of Oxford University].
Torcal, M., and Magalhães, P. (2009). Political Culture in Southern Europe: Searching for Exceptionalism. Retrieved from http://pmdccm.googlepages.com.
Torcal, M. and Montero, J.R. (Eds.) (2006). Political disaffection in contemporary democracies: social capital, institutions, and politics. London: Routledge.
Verba, S., Schlozman, K.L. and Brady, H.E. (1995). Voice and equality: Civic voluntarism in American politics: Harvard Univ Pr.
Biometrics, pp. 159-174.
Linde, J. and Ekman, J. (2003). Satisfaction with democracy: A note on a frequently used indicator in comparative politics. In European Journal of Political Research, 42 (3), pp. 391-408.
Magalhães, P.C. (2005). Disaffected democrats: Political attitudes and political action in Portugal. In West European Politics, 28 (5), pp. 973-991.
Montero, J.R., Gunther, R. and Torcal, M. (1997). Democracy in Spain: legitimacy, discontent, and disaffection. In Studies in Comparative International Development (SCID), 32 (3), pp. 124-160.
Muthén, L.K., and Muthén, B.O. (1998-2010). Mplus User's Guide (Sixth Edition. ed.). Los Angeles, CA: Muthén & Muthén.
Neller, K. (2006). DDR-Nostalgie: Dimensionen der Orientierungen der Ostdeutschen gegenüber der ehemaligen DDR, ihre Ursachen und politischen Konnotationen: Springer.
Niemi, R., Craig, S. and Mattei, F. (1991). Measuring internal political efficacy in the 1988 National Election Study. In The American Political Science Review, 85 (4), pp. 1407-1413.
Norris, P. (2000). The impact of television on civic malaise. In S. Pharr and R.D. Putnam (Eds.), Disaffected Democracies Whats Troubling the Trilateral Countries. rinceton, NJ: Princeton University Press.
Norris, P. (2002). Democratic phoenix: Reinventing political activism. Cambridge Cambridge University Press.
Norris, P. (2011). Democratic Deficit: Critical Citizens Revisited: Cambridge University Press.
Norris, P. (Ed.) (1999). Critical citizens: Global support for democratic government: Oxford University Press, USA.
Nye, J.S., Zelikow, P., and King, D.C. (1997). Why people don›t trust government: Harvard Univ Pr.

# ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هۆکار و هەلومەرجەکانی بەتەناهیبوونی

ئالان حەسەنیان

و: ساماڵ ئیلامی

## وشە کلیلییەکان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ چالاکیی ژینگەیی؛ بەتەناهیکردن؛ سڕینەوەی دارستان؛ چیا؛ مەریوان؛ زرێبار

## کورتە

لە کۆتاییی ١٩٩٠کانەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە لانکەی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان (NGO)، کە گرێدراوی چالاکییە جۆراوجۆرە فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتییەکانن. لەناو ئەم پەرەسەندنەدا، دامەزراندنی ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان ڕەوتێکی بەرچاو بووە، بەرادەیەک کە زۆربەی نزیک بەهەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگای ژینگەپارێزیی خۆیانیان هەیە. ئەگەرچی کۆمەڵگا ژینگەپارێزییە کوردییەکان بەپێی قانوون و ڕێوشوێنەکانی ئێران دامەزراون، دەرکەوتووە کە بەڕێوەبردنی چالاکییە ژینگەپارێزییەکان کارێکی مەترسیدارە، کە ئاکامی دەبێت بە بەندکردن، تیرۆر و پاشهاتە پێشبینی نەکراوەکانی تر بۆ چالاکان. ئەم نووسراوەیە باس لەسەر ئەوە دەکات کە حکوومەتی ئێران ڕێبازێکی تەناهییانە بۆ ژینگەپارێزی لە هەرێمی کوردستان لە ناو وڵاتەکەدا جێبەجێ دەکات. ئەم خوێندنەوەیە، لەو هۆکارگەلە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بە هۆی بەتەناهیبوونی ژینگەپارێزیی کوردی.

## پێشەکی :چالاکیی ژینگەیی و بەتەناهیبوونەکەی

سەرەرای ژینگەپارێزیی «شارستانیانەی» ڕوولەگەشە، پێداچوونەوە بە ویژەی ئەم بوارەدا دەریدەخات کە ئەم بوارگە(area) بە بەربڵاوی پشتگوێ خراوە. بۆ وێنە دۆنۆ و ئال پێیان وایەکە، توێژینەوە لە چالاکیی ژینگەپارێزی هێشتا زۆر چڕ نەبووەتەوە و بە باشی پێناسە نەکراوە و تا ئێستا، زۆر بە کەمی پەیوەندیی نێوان چالاکیی ژینگەیی، ئاکاری ژینگەخوازانە (pro-environmental behaviour) و شوناسی کۆمەڵایەتی تاقی کراوەتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ویژەی هەنووکەییی ئەم بوارە دەریدەخات کە ژینگەپارێزی، بەتایبەتی لە وڵاتە کەمتر دیموکراتەکاندا، بە هۆی بەتەناهیکردنی قورسی دەوڵەتەوە تووشی ئاریشە دەبێت. ڕێکخراوی ناحکوومیی نێودەوڵەتیی چاودێری جیهانی(global witness)، بەتەنیا لە ٢٠١٦دا کوشتنی ٢٠٠ چالاکی ژینگەییی تۆمار کردووە، کە برازیل، کۆلۆمبیا و فیلیپین لەناویاندا زۆرترین ژمارەی کوژراویان هەیە. هێشتا لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە کوژراوەکان ڕاپۆرت نەکراون و تەنانەت کەمتر لێیان کۆڵراوەتەوە، وا دەردەکەوێت کە ژمارەی ڕاستیی کوژراوەکان زۆر بەرزتر بێت.

دوو تاقمی سەرەکی، چالاکانی زەوی و ژینگە لە لایەک و تاقمە (گانگە) تاوانبار و بازرگانەکان، ڕاوچییەکان و بەشە نیزامییەکان لەلایەکی ترەوە، لەکۆتاییدا بابەت و بکەرەکانی پرسی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی نوێنەرایەتی دەکەن. بە هۆی پەیوەندییە ناهاوچەشنەکانی (asymmetrical) دەسەڵاتەوە، تاقمی یەکەم زۆربەی کات دەبێت بە قوربانیی توندوتیژیی تاقمی دووهەم، بەتایبەتی لەو بابەتگەلەدا کە تێیاندا کردەوەی پاراستنی ژینگە، تۆمەتی دژی پەرەسەندنی لێ دەدرێت. بەڵگە ئاشکرای دەکات کە پلەی بەرزیی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی، بە واتای ئەوەیە کە ئەوانەی بوێریی ئەوەیان هەیە کە دەنگ هەڵبڕن و بەرگری لە بانگەشەکانیان بکەن، دەکرێت بەشێوەیەکی هۆڤانە بێدەنگ بکرێن. لەکۆتاییدا هەر چالاکانێ کە بەتاوانبار دەناسرێن، بەرەورووی تۆمەتی ناڕەوای تاوانبارانە و بابەتە مەدەنییە قورسەکان دەبنەوە، کە

له لایەن ئەو حکوومەت و کۆمپانیاگەلەوە بانگەشە دەکرێت، کە دەیانەوێت بیدەنگیان بکەن. ئەم بەتاوانبارکردنە بۆ ترساندنی بەرگریکاران، خەوشدارکردنی ناوبانگیان و تێوەگلاندنیان لە شەڕە قانوونییە قورسەکان بەکار دەبرێن.

لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا، کە زۆرێک لە لایەنەکانی ژیان تێیدا بەتەناهی کراوە، ژینگەپارێزی یەک لەوبوارگەگەلەیە کە حکوومەت لە نزیکەوە چاوی لەسەریەتی. ئێران لە ڕیزی بیست وڵاتی یەکەمی بکوژی ژینگەپارێزەکاندایە. سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ناحکوومییە ژینگەییەکان لە ئێراندا بەرهەمی دوو پەرەسەندنی سەرەکییە: یەکەم، خەسار و قەیرانێکی ڕوون کە لە ژینگەی سروشتیی ئێراندا دەستنیشان کراوە و دووهەم، هەڵکەوتنی دەرفەتێکی سیاسی لە ٩٠ەکاندا کە ڕێگای دا بە کۆمەڵگای مەدەنی بۆئەوەی ژمارەیەکی بەربڵاوی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دابمەزرێنێت. لەئاکامدا، بە درێژەی دوو دەیەی پێشوو، زۆرێک لە تاقم و ڕێکخراوە ژینگەییەکان وەک بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنیی تازەدەرکەوتووی ئێران سەریان هەڵدا. ئەم سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکۆماریی موحەممەدی خاتەمی (١٩٩٧-٢٠٠٥)، کە باسی لە گرینگیی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی چالاک دەکرد و ئەو باسەی هێنایە ناو سیاسەتی ئێرانەوە. لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی پاراستنی ژینگە و لەسەر هێڵی ڕێنوێنییە کۆژینگەییەکانی(ecological) قانوونی بنگەهیی ئێران، [وەک] مادەی ٥٠ کە پاراستنی ژینگەی سروشتی، وەک ئەرکێکی گشتی دەبینێت و هەموو چالاکییەک قەدەغە دەکات کە دەبێت بە هۆی خەساری ژینگەیی، ڕێکخراوە ناحکوومیە ژینگەییەکان سەریان هەڵدا. ئەم ڕەوتگەلە هەروەها بواری ڕەخساند بۆ سەرهەڵدان و برەوپێدانی ژینگەپارێزی لە خوارەوە.

خوێندنەوەکانی سێیەمین فەدایی بۆ پرسی ئاڵوگۆڕی(evolution) بزووتنەوەی ژینگەیی لە ئێران پێی وایە کە سەرەڕای ئەو دوو هۆکارەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، هەوڵە ئاشکراکانی حکوومەتی ئێران لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمیدا-کە لە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی بەشی ژینگە لە ساڵی ١٩٩٧دا، دامەزراندنی هەیئەتێکی حکوومیی سەربەخۆ کە بەدیاریکراوی سەرنجی دەخستە سەر پرسە ژینگەییەکان (نەخشەڕێگای نەتەوەیی بۆ پاراستنی ژینگە) و ڕەخساندنی بوار بۆ هاوکاریی نێوان ڕێکخراوە ڕەسمییەکان و کۆمەڵگای مەدەنیدا ڕەنگی دایەوە – گرینگ بوو بۆ هاندانی سەرهەڵدانی زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکوومییە ژینگەییەکان لە ئێراندا. فەدایی، بە سەرنجدان بەو هەلومەرجەی کە ڕێکخراوە ناحکوومیە ژینگەییەکان لە سەردەمی ناسراو بە چاکسازیی موحەممەدی خاتەمیدا تێیدا چالاکییان دەکرد، باس لەوە دەکات کە ئەو بەستێنە نیوەسەرەڕۆیانەیەی کە بزووتنەوەکە تێیدا پەرەی سەند، لە یەک کاتدا ڕێگای بە چالاکیی گرووپە ژینگەییەکان دەدا و ڕێگریشی لێ دەکردن. ژینگەپارێزەکان پێودانگ(norm) و پێکهاتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەوان گۆڕینی شێوازی ژیانی خەڵک و سیاسەتەکانی حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ژینگەییەکاندایە. لەگەڵ ئەمەیشدا، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ژینگەپارێزی لە ئێران و هەروەها لەناو هەرێمی کوردیدا «وەک بزووتنەوەیەک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی» و بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکەیی (تەواو بەتەناهیبوو) بۆ ژینگەپارێزی، ڕوونە کە ئەم جۆرە لە چالاکیی مەدەنی بووە بە بوارێک کە بە

پەیوەندیی ئالۆزی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتدا دەناسرێتەوە.

ژینگەپارێزی، لە خوارەوە ونهێزی (potential)ی پەلهاویشتن بۆ ئەوپەڕی ئەو سنوورانەی کە خاتەمی دیبوونیەوەی لە خۆی پیشان دا و کەوابوو ئالوگۆڕی «ژینگەپارێزیی سیاسی» لە لایەن هێندێک لە بەرپرسانی حکوومەتەوە کە وەک رووکەشێک بۆ ناسیۆنالیزمی سیاسی و سێکۆلار دەبینن، بە پارێزەوە چاوەدێری دەکرێت. پێوانێکی(survey) ژینگەپارێزی لە ئێران ئاشکرای دەکات کە ئەم بوارگەیە کەمتر خوێندراوەتەوە، زانیاریی هەنووکەییی لاوازە و سەرنجی توێژینەوەی هەنووکەیی لەسەر هەرێمە ناوەندییەکانی ئێرانە، لە کاتێکدا هەرێمە پەراوێزەکانی وڵات کەمتر خوێندراوەتەوە یان بەگشتی نەخوێندراونەتەوە. [ئەگەرچی] ژینگەپارێزی لە ئێران لە پرسی جۆراوجۆر خەساری بەردەکەوێت، هێشتایش بەتەناهیبوونەکەی سەرەکیترین ئاریشەیەتی و کەوابوو سەرەکیترین خاڵی سەرنجی ئەم خوێندنەوەیە دەبێت.

لەچاوی بژاردەکانی رێژیمی ئیسلامیدا، چالاکیی ژینگەیی ئۆتۆریتەی رێژیم ناهێڵێت و کەوابوو وەک «هەڕەشەیەکی ناوخۆیی» یان «هەڕەشەیەک لە خوارەوە» مامەڵەی لەگەڵ کراوە. رێبازی تەناهییانەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ پرسی ژینگەپارێزی بووەبەهۆی سنووردارکردنی بەربڵاوی چالاکیی تاقمە ژینگەییەکان و بەزاندنی مافە مرۆییەکانیان. ژمارەی زۆری تیرۆری گوماناویی ژینگەپارێزەکان پیشانی دەدات کە ئەوان لە ئێراندا لە دۆخێکی ئاستەمی بەتەناهیبوودا هەڵدەسوورێن. مەرگی گوماناویی پرۆفسۆر کاوس سەید ئیمامی (هاودامەزرێنەری رێکخراوی ناحکوومیی ژینگەپارێزی، ناوەندی میراتی ژیانی وەحشی(wildlife)پارسی) لە بەندیخانەی ئێڤینـدا و کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە و کوژرانی ١٦ ژینگەپارێز لە فێورییەی ٢٠١٧ دا کە لە تارانەوە بۆ یاسووج (ناوەندی پارێزگای کوهکیلوویە و بوویرئەحمەد) دەڕۆیشت و لە هەردوو بابەتەکەدا بەرپرسانی ئێرانی بە دەست تێدابوون تاوانبار کراون، وێنەی ئەو چارەنووسەیە کە ژینگەپارێزە ئێرانییەکان ڕەنگە بەرەورووی ببنەوە.

بەرپرسانی ئێرانی و دامەزراوە دادوەری و تەناهییەکان، بڕیاری قورسی بەندکردن و تەنانەت لەناوبردنی (execution) ژینگەپارێزەکان، بەوە پاساو دەدەن کە سزای سیخوڕی و چالاکیی دژی ڕێژیمیان وەرگرتووە. بۆ وێنە، وەک لە لایەن جەعفەریی دەوڵەتئابادی سکاڵاکاری گشتیی تارانەوە ڕاگەیەندراوە «هێندێک ژینگەپارێز زانیارییان لەسەر بوارگە ستراتێژیکەکانی وڵات لەژێر دەمامکی بەڕێوەبردنی پرۆژەی زانستی و ژینگەپارێزیدا کۆکردووەتەوە». لە بابەتی سەیدئیمامیدا، هەواڵدەریی تەسنیم نیووز، کە سیاسەتەکانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ڕادەگەیەنێت، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئیمامی بە بیانووی «چاوەدێریی پەرەسەندنی ژینگەیی» کامێرای دامەزراندووە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر پرۆژەی مووشەکیی سپای پاسداران و چالاکییە ناوکییەکانی ئێرانی گەیاندووە بە سێرڤیسە هەواڵگرییەکانی بێگانەکان. تەسنیم نیووز بانگەشەی ئەوەی کرد کە چالاکە ژینگەییەکان بە کەڵکوەرگرتن لەبیری شوێندۆز (geospatial intelligence) توانیویانە وێنە (sample) لە خوڵ هەڵبگرنەوە و ئەو زانیاریگەلە کۆ بکەنەوە کە تێکنۆلۆژییە چاوەدێرییەکانی بێگانە نەیانتوانیوە کۆی بکەنەوە.

ئەگەرچی لە ئێران بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی پرسێکی هەموو وڵاتە، بەو هۆیەوە کە ڕوانینی ڕێژیم بۆ کۆمەڵە جیاوازەکان لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر

دەگۆڕدرێت، ڕادەی ئـەم بەتەناهیکردنەیش بەسـتراوەتەوە بـە جێـگای(location) جیۆگرافیـی ئـەم چالاکیگەلـەوە. لـەو بوارگەگەلـەی کـە ئاکنجییانـی سـەر بە کۆمەڵگاکانی نەتـەوەی فارس یان ئایینزای شـیعە نین، وەک کوردسـتان، سیسـتان و بەلووچسـتان و خووزسـتان کـە ڕێژیم لـە پێشـترەوە مامەڵەیەکـی تەناهییانەی هەبـووە لەگەڵیان، ئەزمـوون و ئاکامەکانی بەتەناهیکردنـی ژینگەپارێـزی بە تەواوەتی جیـاوازن و ژمارەی ژینگەپارێـزە بەندکراو، لەناوبراو و تیرۆرکراوەکان زۆر زۆرترن لەوەی بـۆ وێنە لە تاران یان ئیسـفەهاندا هەیە. بە قسەی عەزەم بەهرامی، چالاکێکی ژینگەیی، ئەگەرچـی پارێزگاکانی وەک کوردسـتان، ئازەربایجـان، سیسـتان و بەلووچسـتان و خووزستان بە زۆری لە پرسە ژینگەییەکان خەسـار دەبینن، ڕێبازی تەناهییانەی ڕێژیم بـۆ چالاکیـی تاقمـە ژینگەپارێزییـەکان لەم پارێزگاگەلـەدا بەمانای ئـازاری زۆری ژینگەپارێزەکان بووە. دوایین تۆمارکردنەکان ئاشـکرای دەکەن کـە حکوومەتـی ئێران لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێز لە خووزستان و کوردستاندا وەک تاوانبارێک مامەڵەی کردووە کە چالاکییەکانیان هەڕەشـەیە بۆ تەناهیی دەوڵـەت و لە ئاکامدا ڕێوشـوێنە توندوتۆڵە تەناهییـەکان پەرەیان پـێ دراوە. ئاماژەی ئـەم بەتەناهیکردنە لە ڕێگـەی جیاوازەوە نێردراوە بۆ تاقمە مەبەسـتەکان. سـەرەڕای دامەزراوە تەناهـی و دادوەرییەکان، وێنەی بەناو «تاقمە نەناسـراوەکانیش»، هەیەکە لە دەربڕینی تەناهییانەی هاوشێوەی حکوومەت کەڵکیـان وەرگرتـووە، [و] ڕێگرییـان لـە چالاکانی ژینگەیی هەرێمە بەتەناهیبووەکان کردووە. بۆ وێنە، نامەیەکی ئاوەڵا لەژێر ناوی «کۆمەڵێک لە چالاکانی بواری ئاوەدانکردنەوە» (جمعـی از فعـالان عرصە سـازندگی) کە ئەنجومەنێکـی چالاکی لایەنگری ڕێژیمە لە بواری پەرەسـەندندا، دەسەڵاتدارانی ئێرانیی لە بەرنامەی شاردراوەی تاقمە ژینگەییەکان ئاگادار کـردەوە و بەتایبەتـی ئاماژەی کرد بـە چالاکانـی ژینگەیـی لە خووزسـتان، پارێزگایەکی عەرەب لە باشـووری ئێراندا و دژایەتییەکانیان لەگەڵ گواسـتنەوەی ئاوی ڕووباری کاروون بۆ ناوەندی ئێران. ئەم تاقمە کە خۆی بە لایەنگری پەرەسەندن ناساندووە، چالاکانـی ژینگەیی بەوە تاوانبـار کرد کە گەمەیەکی مەترسـیدار دەکەن، بانگەشەی ئـەوەی دەکرد کـە تاقمـە ژینگەییەکان لەژێـر ناوی پرسـی وەک «ئـاو»دا تێکەڵی دابەشـکاریی ئێتنیکی دەبن. ئـەم ڕووداوە ڕێبازی تەناهییانەی لەبەرگیراو و بەکردەیی بژاردەکانـی ڕێژیم لە پێوەنـدی لەگەڵ ئەو نارازیبوونە ژینگەییگەلەدا دەردەخات کە لە هەرێمگەلی وەک کوردسـتان و خووزستاندا ڕوو دەدەن.

سـپای پاسـدارانی شۆڕشـی ئیسلامی بە هـۆی تێکەڵەیەک لە هـۆکاری ئابووری و تەناهی، زۆرتر لە هەمـوو دامەزراوەیەکی تر، لە پشـتی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە ناوچـە پارێزراوەکان لە ئێرانـدا بووە. بۆ چەنـد دەیـە، ژێر-دامەزراوەکانـی (-sub institutions) سپای پاسداران وەک پێگەکانی ئاوەدانکردنەوە/پەرەسەندنی خاتەمولئەنبیا و حەمزەی سەیدولشوهەدا، ڕۆڵێکی دێوودرنج ئاسا و جێگای ڕەخنەیان لە ئابووریی ئێراندا نواندووە، کە بووە بە هۆی گەندەڵیی بەربڵاو و پرۆژەگەلی ئاوەدانکردنەوەی پێوەرخوار( -low standard ) و تێپەڕ، هەروەها بەتەناهیکردنی قووڵی هەمووجـۆرە چالاکییەکی ژینگەیی. ئیتلاعاتی سـوپا وەک سێرڤیسی سیخوریی سپای پاسداران لە پشتی دەستبەسەرکردن و بەندکردنی بەلێشاوی چالاکانی ژینگەییەوە بووە. لەم دواییانەدا، بەرنامەی مووشـەکیی سپای پاسـداران، هەڵکەوتوو لە بوارگەکانی بەناو پارێزراوی سروشتی ( nature reserves)

بووە بە هۆی نارازیبوونی چالاکانی ژینگەیی. سپای پاسداران بە دەستبەسەرکردنی ژینگەپارێزەکان و تۆمەتبارکردنیان بە سیخوری بۆ ئامریکا، ئیسراییل و عەرەبستانی سعوودی، کاردانەوەی نیشان دا. ڕەخنەگرتن لە بەرنامەی مووشەکیی سپای پاسداران لە سەرەکیترین هۆکارەکانی تاوانبارکردنی ژینگەپارێزەکانە بە سیخوری کردن. هەواڵدەرییی کەلیمە کە سەر بە چاکسازیخوازەکانە، بانگەشەی ئەوەی کرد کە چالاکە ژینگەییەکانی دژبەری دامەزراندنی بنکە مووشەکییەکانی سپای پاسداران لە عەردە پارێزراوەکاندا، هۆکاری سەرەکیی لەپشتی ئەم بانگەشەوەیە. سپای پاسداران و دامەزراوە تەناهییەکانی تری ڕێژیم بەکردەوە بەرپرسی هەموو ئەو بابەتگەلەن کە وادەزانرێت پەیوەندیدارن بە تەناهیی نەتەوەییەوە. بەگوێرەی وتەکانی چوودنۆفسکی(chudnovesky) لە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٧ دا بەشی ژینگە ڕاسپێردرابوو هەوڵەکانی ڕابگرێت کە دەیویست بیسەلمێنێت کە ژینگەپارێزەکان هیچ کارێکی هەڵەیان نەکردووە. ئاگادارکردنەوە لە دژی دەستتێوەردان لە بابەتە دادوەرییەکاندا بۆ عیسا کەلانتەری، سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە، نێردراوە.

## چوارچێوەی تیۆری

لەباری تیۆرییەوە، ئەم خوێندنەوەیە بە تێگەیشتنی(conceptuaisation) قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ چەمکی تەناهی کار دەکات، چوارچێوەیەک کە هەردوو بابەتی تەناهیی دەوڵەتی و پرسەکانی تەناهیی نانەریتی بەسەر یەکەوەلەبەرچاو دەگرێت. لێکۆڵەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، سەرەرای دانپێدانان بە بەربڵاوبوونی چەمکی تەناهی، ئەم چەمکە وەک «پاشماوەی هەرەشە هەبووەکان» دەستنیشان دەکەن و تێبینییەکانی

قوتابخانەکە وەک جووڵەیەک دەبینن کە سیاسەت دەبات بۆ ئەولاتر لە قانوونە دانراوەکانی گەمەکەوە و وەک جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت، یان وەک دیاردەیەک کە دەکەوێتە سەرتر لە سیاسەتەوە، بیچم بە بابەتەکە دەدات. وایڤێردەڵێت کە تەناهی ئاماژە بە بوونی دۆخێک دەدات کە بە بوونی پرسێکی تەناهییانە و لەلایەکی تریشەوە هێندێک ڕێوشوێنی لەپێشگیراو لە وڵامی ئەو پرسەدا دیاری دەکرێت. بەپێی نەریت، لەگەڵ داواکاریی تەناهیدا، نوێنەرێکی دەوڵەتی، ڕەوشی بەپەلە ڕادەگەیەنێت، بەم شێوەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مافی هەیە هەرجۆرە شتێک پێویست بێت بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنێکی مەترسیدار بەکار بهێنێت. بوونی وەها تێگەیشتنێک (perception) (هەبوونی هەرەشە)، دەبێت بە هۆی «بەتەناهیکردنی» بابەتێک، کە جۆرێکی توندوتیژترە لە بەسیاسیکردنی ئەو بابەتە. بە وتەیەکی تر، «بەتەناهیکردن» ڕوانگەی توندوتۆڵی حکوومەتەکان و دامەزراوە تەناهییەکانیانە لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتێکدا کە وەک هەرەشەی تەناهییانە ناسێندراوە.

قوتابخانەی کۆپنهاگن ڕێبازێکی فرەبەشی بۆ [بابەتی] تەناهی گرتووەتە بەر، پێنج دەستەی گشتیی تەناهی جیا دەکاتەوە کە بریتین لە نیزامی، ژینگەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی. جووڵەی(dynamics) هەریەک لەم دەستەگەلە بە بکەرە تەناهییەکان (securitizing actors) و بابەتگەلی سەرچاوەدا (reference objects) دیاری دەکرێت. لەباری تیۆرییەوە، هەموو بابەتێکی گشتی دەکرێت لە ڕیزێکدا لە بەسیاسینەبووەوە تا بەسیاسیبوو و بەتەناهیبوو پلەبەندی بکرێت. بۆ وێنە، لە دەوڵەتگەلی وەک بوورما، عەرەبستانی سعوودی و یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا، فەرهەنگ یان دین (یان هەردووی ئەوانە)

بەتەناهی بووە، لەکاتێکدا، لە کۆمەڵگا لیبراڵ دیموکراتەکان وەک بریتانیا و هۆڵەنددا هیچکام لەمانە بەتەناهی نەبوون. ئێران لەناو ئەو وڵاتانەدایە کە دین و فەرهەنگ تێیدا بەتەناهی کراوە.

قوتابخانەی کۆپنهاگن کە لەنێوان دەستەگەلی خوێندنەوەکانی تەناهیدا دەناسرێتەوە، بەشێک لە سەرنجی دەخاتە سەر ژینگەپارێزی و ئەو هۆکارگەلە سەرەکییانەی کە ڕەنگە ببن بە هۆی بەتەناهیکردنی ئەم بوارگەیە. قوتابخانەی کۆپنهاگن[پرسی] تەناهی بەگوێرەی دوانەیەک لە تەناهیی دەوڵەتی و تەناهیی کۆمەڵایەتی بەچەمک دەکات (دادەڕێژێت)؛ لەکاتێکدا تەناهیی دەوڵەتی، حاکمییەت وەک پێوەری کۆتایی دەبینێت، بۆ تەناهیی کۆمەڵایەتی، شوناسبایەخی ناوەندی(سەرەکی) ئەژمار دەکرێت، ئەگەرچی بۆ هەردویان «مانەوە» (survival) ناوکی پێوەندییەکەیانە لەگەڵ پرسی تەناهی(security) و بەتەناهیکردنی(securitization) بابەتەکاندا. بەگوێرەی بانگەشەی وایڤەر، دەوڵەتێک کە حاکمییەتی ون دەبێت، ئیتر وەک دەوڵەتێک نامێنێتەوە و کۆمەڵگایەکیش کە شوناسی ون دەکات، ترسی ئەوەی هەیە کە ئیتر ناتوانێت وەک خۆی درێژە بە ژیانی بدات. سۆرووس (soroos) لەبەستێنی «ژینگەپارێزی» و «تەناهیی ژینگەیی»دا، باس لەوە دەکات کە ژینگەپارێزەکان تەناهیی ژینگەییان بۆ بەتەناهیکردنی پرسە ژینگەییەکان، بۆ کردنیان بە بابەتی سیاسەتی سەروو کە وڵامی نائاسایی لە حکوومەتەوە بە قەوارە و خێرایی یەکسان بە هەڕەشە تەناهییە باوترەکان بدرێتەوە، بەکار بردووە. ژینگەپارێزەکان وەک ئاوەزی سیاسی و بابەتی تەناهیی ژینگەیی، هەڵگەڕاونەتەوە بۆ لایەنە تەناهییەکانی ژینگە، بۆ ڕوونکردنەوەی تێچووەکانی دەرفەتی خەرجییەکانی بەرگریکردن و کاریگەرییە ژینگەییەکانی چالاکییە نیزامییەکان.

جێبەجێکردنی پرۆژەگەلی پەرەسەندن لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە کە گرانییەکەی دەکەوێتە سەر ژینگەی کوردستان، بابەتی ڕەخنەی ژینگەپارێزانی کورد بووە. ژینگەپارێزە کوردەکان بە ئاماژەکردن بە هێندێک چالاکیی تایبەتی دەوڵەت (وەک دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو)، باس لەوە دەکەن کە لە لایەکەوە ئەم چالاکیگەلە ئاسەواری کاولکارانە لەسەر کۆژینگە (ecosystem) و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بەجێدەهێڵن و لە لایەکی ترەوە دەرهاویشتنی بە بێ ڕێوشوێن و قەرەبوونەکراوەی ئەم سەرچاوەگەلە، دەبێت بە هۆی پەرەسەندنێکی تێپەڕ (unsustainable development) و درێژەکێشانی [دۆخی] نەبوونی تەناهیی ئابووری لە هەرێمێکدا کە لە پێشترەوە بە هۆی پەرەسەندنەوە خەساری بەرکەوتووە. باسوخواسی ئەوتۆ ڕێبازگەلی دژ بە یەکی پەرەسەندن و تەناهی زەق دەکاتەوە.

خوێندنەوەی ژینگەپارێزیی کوردی دوو وێژمانی کێبڕکێکارانە بۆ [پرسی] پەرەسەندن و تەناهی دەردەخات: ڕێبازی دەوڵەت- تەوەر(state-centric) لەبەرانبەر ڕێبازگەلە کۆمەڵایەتییەکاندا. ڕێبازی یەکەم و زاڵ، لە لایەن حکوومەتەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و ڕێبازی دووهەم، کە بە قورسیش پەراوێز خراوە و بەتەناهی کراوە، لە لایەن ئەنجومەنە ژینگەییە کوردییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. بوونی ڕێبازگەلی کێبڕکێکارانەی ئەوتۆ بووە بە هۆی خولقاندنی بوار بۆ بەریەککەوتن. لە ڕێبازی دەوڵەت-تەوەردا، تەناهیی دەوڵەت و یەکپارچەییی عەرد (territorial integrity) جێی سەرنجی سەرەکییە. لە ڕوانینی حکوومەتی ئێرانەوە، چالاکیی ژینگەپارێزە کوردەکان وەک لایەنی

نانیزامیی [پرسی] تەناهی دەبیندرێت، کە هێشتا ونهێزی ئەوەی هەیە کە خەسار لە ئۆتۆریتەی ڕێژیم یان حاکمییەتی دەوڵەت بدات. لەڕێبازی کۆمەڵایەتیدا، تەناهیی کۆمەڵایەتی بایەخی ناوەندییە و کاریگەرە لەسەر چالاکییەکان. ژینگەپارێزە کوردەکان هان دەدات کە لە تێکۆشانیاندا سروشتی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی گرینگی ژیان و بیچمێکی پڕبایەخی شوناسی کوردی بپارێزن. لەسەر بنەما تیۆرییەکانی وایڤێر دەکرێت وەها تێبگەین کە ڕێکخراوە ناحکوومییە ژینگەییە کوردییەکان، وەک دەنگی کۆمەڵایەتی، خۆیان وەک بەرگریکارانی شوناسخوازیی ڕاگەیێندراوی (proclaimed identity) تایبەت دادەمەزرێنن، لە کاتێکدا دەوڵەت ئەجێندای جیاوازی بەرگریکردن لە حاکمییەتەکەی دەگرێتە بەر. لەکاتێکدا کە ژینگەپارێزە کوردەکان لە ڕێگای چالاکییە ئاشتیخوازانەکانەوە ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ڕێبازی دەوڵەت- تەوەردا ڕادەگەیەنن، دەوڵەت وەک سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئابووری، ئۆتۆریتە و حاکمییەتەکەی، مامەڵەی لەگەڵ ئەم چالاکیگەلەدا کردووە.

ژینگەپارێزە کوردەکان، پێوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی نێوان هەرێمە فارس و نافارسەکانی ئێران وەک پێوەندیی ناوەند-پەراوێز دەبینن؛ چالاکییە سەرەکییە بەرهەمهێنەرانە، ئابووری و پیشەسازییەکانی ئێران لە شارگەلی وەک تاران، ئیسفەهان و شیرازدا هەڵکەوتوون و هەرێمگەلی وەک کوردستان، خووزستان و سیستان و بەلووچستان، بە هۆی پەرەنەسەندوویی بەربڵاو و بێبەشکران لە پێڤاژۆی دروستکردنی بڕیار، خەساریان بەردەکەوێت. ئارام فەتحی لە وتارێکدا بەناوی «تاران، تاران»، ئاماژە بە بەناوەندیکردنی بەربڵاوی دەسەڵات لە ئێران دەکات، کە پێگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە ناوەنددا هەڵکەوتوون، [و] لە لایەن تاکە فارس و شیعەکانەوە پڕ کراونەتەوە، لەکاتێکدا ئەوانی تر (کۆمەڵە پەراوێزە نافارس و ناشیعەکان) لە دەستڕاگەیشتن بە مافی وەک یەکی شارۆمەندی و دەرکردنی بڕیار بێبەش کراون.

لەکاتێکدا بۆ حکوومەت پەرەسەندنە بەردەوامە خۆبانگەشەبۆکردووەکەی (self-asserted) هاوتایە لەگەڵ توانای ئەودا بۆ دابینکردنی چالاکییە پیشەسازییەکان لە ناوەنددا لەڕێگای سەرچاوەکانەوە (ئاو، نەوت، دار و. . هتد)، بۆ ژینگەپارێزە کوردەکان و کۆمەڵگاکەیان، بەردەوامبوون[ی پەرەسەندن] بە مانای بەشێکی وەک یەکە لە دەسەڵات و ساماندا. ڕێبازی دەوڵەت تەوەر بۆ [پرسی] پەرەسەندن لە ئێراندا بە پرۆژەگەلی وەک پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی سەرتاسەریی ئێرانداڕوون دەبێتەوە. بەو هۆیەوە کە بەشە ناوەندییەکانی ئێران (کە هەروەها لە باری ئابوورییەوە لە پێشکەوتووترین هەرێمەکانی وڵاتن) تووشی گرفتی وشکەساڵی و کەمئاوین، حکوومەت کە خەمی مانەوەی چالاکییەکان لە ناوەنددای هەیە، خەریکی گواستنەوەی ئاو، بەزۆری لە سەرچاوەکانی ئاوی کوردستانەوەیە بۆ ئەم هەرێمگەلە. بە هەرجۆرێک بێت، هەروەکوو ژینگەپارێزە کوردەکان ئاماژەیان پێ کرد، ڕێبازێکی ئەوتۆی پەرەسەندن تێپەڕە و دەبێت بە هۆی دابەشکردنەوەی ناهاوچەشنی سامان و سەرکەوتن و درێژەکێشانی پەرەنەسەندوویی بە ڕادەی پێویست و تێکدانی ژینگە لە کوردستان. چونکە ئەم گواستنەوەیە بۆ ساڵانێک درێژەی بووە، جیا لە هەڵێنجانی قەرەبوونەکراوەی سەرچاوە ئاوییەکان، هەروەها بووە بە هۆی کاولکاریی ژینگەیی لە هەرێمە پەراوێزەکاندا.

## تایبەتمەندی و سەرچاوەکانی داتا

لە هەمووی ئەم نووسراوەیەدا، چەمکگەلی

وەک کوردســـتان و ژینگەپارێزە کوردەکان، بە دیاریکراوی هەڵدەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەک بەشەکانی تری کوردستانی گــەورە لــە تورکیــە، عێــراق و ســووریە. بەگشــتی، ســەرچاوە ئانلاینــەکان (وەک مانگنامــەی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگیی چیا) سەرچاوەی داتای سەرەتاییی بەکارهاتوو لە ئــەم خوێندنەوەیەدایە. ئەم ســەرچاوەگەلە، زانیــاری لەســەر ئاڵوگــۆڕی ژینگەپارێزیی کــوردی، ویژمانــی ژینگەیــی و چالاکیی چالاکانــی ژینگەیی لەخــۆ دەگرێت. لە ئەم خوێندنەوەیــەدا، ڕوون کراوەتەوە کە هەموو شــارێکی کوردســتان کۆمەڵگای ژینگەییی خۆی هەیــە و نرخێــک کــە ژینگەپارێزە کــوردەکان وەک ئاکامــی بەتەناهیبوونــی چالاکییەکانیان داویانە، لە هەموو کوردستان تاقی کراوەتەوە. لەم وتــارەدا، ژینگەپارێزی لە شــاری کوردیی مەریوان زەق کراوەتەوە. ئەم هەڵبژاردنە بەم هۆیەوە بووە کە، یەکەم، بابەتە بڵاوکراوەکانی مانگنامەی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگیــی چیا کە ســەر بــە ڕێکخراوی ناحکوومیــی ئەنجومەنــی ســەوزی چیا لە شاری مەریوانە بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئانلاین لەبەردەست بووە؛ دووهەم، سەرەڕای بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردســتان، چیا لە مەریواندا ســەرنجێکی سەرتاسەریی ڕاکێشــاوە بۆلای خــۆی؛ ســێیهەم، لەگەڵ هەڵبژاردنی چیای مەریوان بەو دوو هۆیە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، سنووورداربوونی بــواری ئــەم خوێندەوەیەیــش پێویســتی بــە هێندێــک ســەرنج هەبــووە. هەروەها ئەوە لــە ژمارەیەک لێدوانــی جۆراوجۆری بەرپرســە دەوڵەتییەکاندا لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕەنگــی داوەتەوە، کــە ئامانجیان ئەوەیە کە ڕێبازی تەناهییانــەی حکوومەت لە ڕێگای لێدوانەکانیانــەوە بناســێنن. لــە خــوارەوە ڕووناکی دەخرێتە سەر ویژمانی ژینگەپارێزی و ئاریشەکانی، و هۆکارەکانی بەتەناهیبوونی لە کوردستان.

## ویژمانی چیا

وشــەی کوردیی چیــا، نــاوی ئەنجومەنی ژینگەییی کوردی، ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان و بڵاڤۆکی مانگانەی ئەم ئەنجومەنەیە. ڕێکخراو ناحکوومیی چیا لە هاوینی ١٩٩٩، بەدوای ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوەکان لە نزیکیی نێ و چەمکەرە(دوو گوندی مەریوان و سنە) دا، دامــەزرا. بەبۆچوونی عیرفان حســەینی، ســەرۆکی بەرێوەبەری چیا؛ خۆشەویستی بۆ خاکی نیشتمان سەرەکیترین پاڵنەر بووە بۆ دامەزراندنی چیا.

زۆربــەی ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵــگای مەدەنــی و ڕێکخــراوە ناحکوومییــەکان، لەناویانــدا ڕێکخراوە ناحکوومی و ئەنجومەنە ژینگەییــەکان لــە کوردســتان، ڕێبازێکی ســێکۆلار بۆ کۆمەڵــگا دەگرنەبەر. چالاکیی ئــەوان بریتی بووە لە ڕووناکی خستنەســەر توندوتیژیی ناوخۆیی و توندوتیژیی گشــتی بەدژی ژنان، ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی دەوڵەت بــۆ [پرســی] هاوســەرگیریی منــداڵان و بەشوودانی کچان منداڵ، دەستنیشانکردنی هەلومەرجــی لاوازی خوێندنگا و دامەزراوە پەروەردەییــەکان لــە کوردســتان و ڕێکخســتنی هەرەوەز (کەمپەین) بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی دایــک لە خوێندنگاکانی ئێراندا هەبێت، و بەتەنیا هەر زمانی فارســی نەبێت. ئەوان هەروەها فێرکاریی خۆرســکی کۆمەڵــگا (community-based teaching) بۆ زمانی کوردییان پێشنیار کردووە. جیا لە دەستنیشانکردن و مەحکوومکردنی سیاسەتە ژینگەییە کاولکارانەکانی ڕێژیم، بێبەشکردنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش لە کوردستاندا لە ڕێــگای ئازاری کۆڵبەرەکان و کوشــتنی بەســەدانی ئەوان لــە هەموو ســاڵێکدا لە لایەن هێــزە تەناهییەکانی ڕێژیمەوە، ڕەنگی داوەتەوە. لە هــەر ژمارەیەکی [مانگنامەی

چیـــادا، لەژێرنـــاوی کۆڵبەرنامە، بەشـــێکی بڵاڤۆکەکە تەرخان کراوە بۆ نووســـین لەسەر هۆکارەکانی تاوانبارکردن، ئازاردان و کوشتنی کۆڵبەر. چیا بەو ئاکامە دەگات کە کۆڵبەری و ئاکامە پێوەندیدارەکانی، بەرهەمی واقیعی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کوردستان و هەروەها بەنیزامیکردنی (میلیتاریزەکردن) هەرێمەکە و حاشـــاکردنی بەئەنقەســـت لە مافەکانـــی کـــوردە. جیاوازبوونی شوناســـی نەتەوەیـــی، فەرهەنـــگ، سروشـــت و زمانی کوردی، ئەو بابەتگەلەی ترن کە بە بەردەوامی لـــە چیادا ڕەنگ دەدەنـــەوە. بۆ وێنە، حامید کۆنەپۆشی بە ڕوونی لەسەر ئەوە دەنووسێت کە چـــۆن دەکرێت پێڤاژۆی نەتەوەســـازیی کـــوردی بەهێـــز و خێـــرا بکرێـــت. چیا لە نووسراوەی جۆراوجۆر لەســـەر «پەروەردەی چەندزمانـــە، زمانی دایک و گرینگییەکەی»، بە تیشـــک خستنەسەر ســـەرکەوتووبوونی جێبەجێکردنـــی پـــەروەردەی چەندزمانە لە وڵاتە جۆراوجۆرە فرەئێتنیکەکاندا، حکوومەت هان دەدات کە پەروەردەیەکی چەندزمانە لە ئێراندا جێبەجێ بکات. ڕەخنەی وێژمانی چیا لە سیاســـەتە کۆمەڵایەتـــی و ئابوورییەکانی دەوڵەت و ڕۆڵی دەوڵەت لە تێکدانی ژینگەدا لـــەوە تێدەپەڕێـــت کە ڕەنگە کەســـێک لە ڕێکخراوەیەکـــی ناحکوومی لە کۆمەڵگایەکی بەتەناهیبووی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا چاوەڕوان بکات. بۆ وێنە، چیا تیشک دەخاتە ســـەر گرێدراویی (link) نێوان بانگەشـــەی کەمینەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە مافی وەک یەکی شارۆمەندی و بەتەناهیکردنی عەرد لە لایەن حکوومەتەوە؛ ئاستەنگ دەخاتە بەردەم تێگەیشـــتنی دەوڵەت لە «تەناهی» و باس لە پێویستیی دووبارە بیرکردنەوە لە ڕێبازەکەی دەکات، ڕەخنـــە لـــە ناســـیۆنالیزمی ئێرانی دەگرێت؛ و تیشـــک دەخاتە سەر پێوەندیی نایەکســـانی ناوەند-پەراوێـــز و سیاســـەتی بژاردەخوازانەی دەوڵەت ســـەرکۆنە دەکات.

ئەمانە ئەو سەردێڕگەلەن کە زۆرجار لە چیادا ڕەنگ دەدەنەوە.

## ژینگەپارێزی لە کوردستان

زەوی (terrain) و دارســـتانی کوردســـتان لـــە ئێـــران، تورکیـــە، عێراق و ســـووریەدا، سەرەکیترین قوربانییەکانی چالاکییە نیزامی و ئابوورییەکانـــی ئـــەم دەوڵەتگەلە بووگن. ئاگرکەوتنـــەوە، بڕینـــەوەی دار، ڕاهێنانـــە نیزامییەکان، شـــەڕی مەدەنی، بەکارهێنانی چەکی بیۆلۆژیـــک، کاولکردنی گوندەکان و کشتوکاڵ و دروســـتکردنی بەبێ ڕێوشوێنی بەنـــداوەکان و گواســـتنەوەی دەوڵەتیـــی ئـــاو، وێنەی ئەو چالاکیگەلـــەن کە بوون بە هـــۆی تێکدانـــی بەربڵاوی ژینگە لە بەشـــە جیاکانی کوردســـتاندا. ســـەرەڕای تێکدانی بەربڵاوی ژینگـــە لە کوردســـتان، هەروەها ژینگـــە و ژینگەپارێـــزی لە کوردســـتان بە هۆی پشـــتگوێ خســـتنەوە تووشی خەسار بووە و نەخوێندراوەتـــەوە. لەنێوان لێکۆڵەرە دەگمەنەکانی ئەم بوارگەیەدا، دەکرێت ئاماژە بکرێت بە مەحمەت گوورسەس و وتارەکەی «پاشـــهاتە ژینگەییەکانی شەڕی مەدەنی لە تورکیە»، کە تیشـــک دەخاتە سەر تێکدانی بەربڵاوی ژینگە لە کوردستان. بەوجۆرەی کە لە خوێندنەوەکانی گورسەسدا دیاری کراوە، کاولکاریی گشـــتگیری ژینگەی کوردستان بەم هۆیەوە ڕوو دەدا کە هێزە دەوڵەتییەکان، وەک بەشـــێک لـــە ڕێوشـــوێنەکانی دژەســـەرهەڵدان (counterinsurgency)، بە ئەنقەســـت ئـــەو ژینگەیە دەگـــۆڕن کە شۆڕشگێڕەکان تێیدا هەڵدەسووڕێن، بۆئەوەی توانای شـــەڕ کردنیان نەهێڵن. ڕێوشـــوێنە دژەســـەرهەڵدانەکانی دەوڵەت بـــۆ گۆڕینی ژینگە بۆ نەهێشتنی توانای ڕێکخستنی شەڕ لە لایەن شۆڕشـــگێڕەکانەوە، ژینگە لەڕێگای مێکانیزمە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆکانەوە کاول دەکات.

بەهــۆی بزووتنەوەی کوردی لە بەشــە جیاکانی کوردستاندا، بەدرێژەی سەدەیەک و دژکردەوە توندوتیژەکانی دەوڵەت نەتەووە، ســڕینەوەی دارســتان و تێکدانــی ژینگە لــە کوردســتاندا دەکرێــت وەک بەرهەمی بەرنامــەی پەرەســەندنی ئابووریی دەوڵەت بــاس بکرێت، نە وەک ئاکامــی دەوڵەتێکی لاواز کــە نەیتوانیبێــت ئۆتۆریتەی خۆی لە بەشە دوورەکانی وڵاتدا بســەپێنێت. بەلام، لەجیاتی ئەوە، گورســەس باس لەوە دەکات کە «ئەمە ئاکامی ڕاســتەوخۆی سیاســەتە بەئەنقەســتەکانی دەوڵەتــە بــۆ لاوازکردنی توانــای کردەوەی بەرهەڵســتکاران. لە وەها ڕوانینێکدا، ســڕینەوەی دارســتان دەکرێت وەک بەشێک لە تاکتیکە بەسەریەکەوەکانی دژەبەرهەڵستکاری لەبەرچاو بگیرێت، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە لایەن دەوڵەتەوە و بەئامانجــی لاوازکردنــی توانای کردەوەی بەرهەڵســتکارەکان جێبەجــێ دەکرێت. بۆ وێنە، لە بابەتی بزووتنەوەی کورد لە تورکیەدا، وەک بەشێک لە هەرەوەزی بەسەریەکەوەی دژەبەرهەڵستکاری لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk)، هێزە نیزامییەکانی تورکیە هەوڵێکی سیســتماتیکیان دا بۆ سووتاندنی دارســتان و کاولکردنــی بیچمەکانــی تری ژیان لە هەرێمەکەدا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ســەرەڕای بزووتنەوەی کــوردی بەدرێژەی ســەدەیەک لە ئەم بەشەدا، تا ئێستا بەزۆری نەخوێندراوەتــەوە و ژینگەپارێزییەکــەی، سەرەڕای چەندین دەیە شەڕی ژینگەپارێزانە بۆ پاراســتنی ژینگەی سروشتیی کوردستان و نرخێکــی زۆر کــە لە پێناویــدا داویەتی، بەتەواوەتی بوارێکی نەخوێندراوەیە. بە هۆی چالاکیی مرۆڤییەوە، چەندوچۆنی نشینگەی (habitat) سروشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لــە مــاوەی دەیەکانــی دواییدا بــە زۆری تێکدراوە.

دەبێت دان بــەوەدا بنرێت کە تێکدانی ژینگە، بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا، بووە بە پرســێکی جیهانی و خەسارەکانی شەڕ یان ناکۆکیی ناوخۆیی لەسەر ژینگەی سروشتی ســنووردار نییە بــە بابەتی کوردســتانەوە. ڕۆڤێنــی و ئال و هێندریکس و گلاســێر لە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە لەســەر گرێدراویی نێــوان ناکۆکــی (واتا شــەڕی مەدەنی یان شەڕی نێوان دەوڵەتەکان) و تێکدانی ژینگە خوێندەوەگەلێکیان کردووە. هێشتا لە کاتێکدا لە هەموو جیهان و بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵگا لیبراڵ دێموکراتەکاندا، «ناســاندنی تێکدانی ژینگە وەک پرســێکی تەناهی بەشێوەیەکی ڕوولەگەشــە بــووە بــە بــاو [پرســێک بۆ حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان]»، لە بابەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مامەڵەکردن لەگــەڵ بابەتــە ژینگەییەکانــدا بــووە بە ئەرکێکــی براوە بۆ ژینگەپارێــزە کوردەکان. ئــەوان لە لایــەک ئاریشــە ژینگەییەکان و هــۆکارە ڕیشــەییەکانی ئەویــان دیاری کــردووە و لەلایەکی تــرەوە هەوڵیان داوە چارەســەرە بەردەوامەکان بخەنە بەردەست. جیا لە تێکدانی ژینگە لە کوردستان، بیچمی ســەرەکیی ئەم پەرەســەندنە نوێیە ئەوەیە کە ســەرەڕای بەڵێندەربوونــی ژینگەپارێزە کــوردەکان لەپێوەندی لەگەڵ چارەســەری ئەم بابەتگەلەدا، چالاکییەکانیان ڕووبەڕووی ڕێوشــوێنە تەناهییەکانی حکوومەتی ئێران بووەتەوە.

بەهەڵســەنگاندن لەگــەڵ هەرێمەکانی تــر لە ئێران، کوردســتان ژمارەیەکی زۆری بەندکران، تیرۆر و لەناوبردنی ژینگەپارێزانی هەیــە. ئەمەدەرخــەری هەلومەرجێکــی بەتەناهیبــووە کــە ژینگەپارێــزەکان تێیدا هەڵدەســوورێن. بەو هۆیــەوە کە کۆمەڵێک هۆکاری بەربڵاو بــۆ بەتەناهیکردنێکی ئەوتۆ هەیە، باوتریــن تاوانێک کە ژینگەپارێزەکان بــەرەورووی دەبنــەوە «هەوڵــدان بە دژی تەناهیــی نەتەوەیی»یــە. بۆ تێگەیشــتن لە

بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان، دەبێت پێوەندیی لەمێژینەی بەنیزامیکراوی کورد-حکوومەت لە ئێران لەبەرچاو بگیردرێت، کە بەدرێژەی چەندین دەیە لە کاتی دامەزرانی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی مۆدێرن لەساڵی ١٩٢٥ وە بیچمی گرتووە. لەچاوی حکوومەتەوە، چالاکیی ژینگەیی لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هان دەدرێت، بۆیە هەڕەشە لە تەناهیی ڕێژیمی ئیسلامی دەکات؛ لە ئاکامدا، حکوومەت پێی وایە کە «وەها هەڕەشەیەک دەبێت ڕووبەڕووی وڵامی توند ببێتەوە.»

## هۆکارەکان بۆ ڕادەی بەتەناهیکردن

ناکۆکیی هەنووکەیی نێوان کورد و دەوڵەتی ئێرانی، دەکرێت هەڵبگێڕێتەوە بۆ حەوتووە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران، کاتێک پێوەندییەکانی کورد-دەوڵەت بە دوای لابردنی دەسەڵاتی پەهلەوی (١٩٧٩-١٩٢٥) و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیدا دەڕۆیشتە ئاستێکی ترەوە. داخوازیی خودموختاری، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی حقووقی سیاسیی ئێرانێکی دێموکراتیکدا، بابەتی سەرەکیی ناکۆکیی کورد لە ساڵی ١٩٧٩وەیە. ئەمە بەتەواوەتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕەتکراوەتەوە و چونکە هەموو جۆرە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆسەر تەناهیی نەتەوەیی ئێران چاوی لێ کراوە، لە مامەڵە لەگەڵ بەناو «هەڕەشەی کورد» دا، ڕێوشوێنی توندوتیژ گیراوەتە بەر. خوێندنەوەی ئەم دواییانەی کەمال سلێمانی و ئەحمەدموحەممەدپوور بۆ بەتەناهیکردنی بەربڵاوی هەرێمە کوردییەکان بە ڕوانینی قووڵەوە پەڕژاوەتە سەر ئەم پرسە. سلێمانی و ئەحمەدپوور، ڕێبازی تەواو تەناهییانەی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەڵی کوردەوارییان وەک بەتەناهیکردنی گشتیی ژیانی کورد لە ڕۆژهەڵات پێناسە کردووە، (contextualised) کە سنووردار نییە بە یەک یان دوو بەشی کۆمەڵگای کورد یان چالاکیی سیاسییەوە، بەڵکوو سیاسەتێکی گشتگیرە کە، بۆ وێنە، پەروەردە و بەشە فەرهەنگییەکان، شوێنە گشتییەکان، چالاکیی ئابووری و شتی زۆرتر لەخۆ دەگرێت. بەتەناهیکردنی چالاکیی ژینگەییی کوردی دەبێت لە بەستێنی ئاڵۆزییە لەمێژینەکانی نێوان کورد و دەوڵەت لە ئێراندا چاوی لێ بکرێت. بڕاردەکانی دەوڵەت، بەتێڕوانین لە چالاکیی ژینگەیی وەک «هەڕەشەیەک لەخوارەوە»، هەڵگەڕاونەتەوە بۆ ڕێوشوێنە نائاساییەکان بۆ سنووردارکردنی چالاکیی تاقمە ژینگەییەکان و وەک هەڕەشەیەکی دەرنەکەوتوو(potential) مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

قەوارەی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزیی کوردی مەترسیدارە. کوردستان وەک بەتەناهیکراوترین هەرێمی وڵات، ژمارەیەکی زۆری بەندکران و لەناوبردنی چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی هەیە. «هەوڵدان بە دژی ڕێژیم»، «نەیاربوون لەگەڵ خودا» و «ئەندامەتی لە حیزبە دژبەرە سیاسییەکاندا»، تاوانە باوەکانن کە ژینگەڤانە کوردەکان ڕەنگە بەرەوڕوویان ببنەوە. بەبێ گرینگیدان بەو بوارگەگەلەی دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕێوشوێنی بەتەناهیکردنی ئەوتۆ، ئەم بانگەشەگەلە پاساون بۆ داپڵۆسینی ژینگەپارێزە کوردەکان و تەنانەت بەتەناهیکردنی کوردستانیش. بەرپرسە ئێرانییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژینگەپارێزەکان، لەژێر ناوی پرۆژەگەلی زانستی و ژینگەییدا، زانیاریی هەستیار لەسەر هەرێمە ستراتێژیکەکانی وڵات کۆدەکەنەوە. بۆ وێنە، حسەین خۆشئێقباڵ، جێگری پارێزگاری پارێزگای کوردستان، وتوویەتی کە ئەوان[ژینگەپارێزەکان]

ئەندامی تاقمە دژبەرەکانی حکوومەتن کە بە بیانووی ڕێکخراوی ژینگەیی بوون، چالاکیی خراپەکارانە دەکەن. ئاگری ئیسماعیلنژاد، ڕۆژنامەوان و شرۆڤەکار، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە هۆی ناوەڕۆکی چالاکی و نرخێک کە ژینگەپارێزیی کوردی دەبێت لە ئێراندا بیدات، چالاکییەکانیان زۆرتر وەک «بەرخۆدانی مەدەنی بیچمی گرتووە، زیاتر لەوەی کردەوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکییە پێوەندیدارەکانی چەمکگەلێکی(concept) ڕۆژئاوایین، کە لە لایەن دەوڵەتگەلی ئەم کۆمەڵگایانەوە بڕەویان پێ دەدرێت و دەپارێزرێن. بۆ وێنە، ئەگەر کەس و تاقمەکان کە بیچم بە بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی دەدەن، لە هەر قانوونێک لابدەن، کردەوەکانیان دەکرێت لە دادگایەکی مەدەنیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەجیاتی ئەوەی وەک بابەتێکی تەناهی ببیندرێت کە پێویستیی بە ڕێوشوێنی نائاسایی هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجێک کە ژینگەپارێزە کوردەکان تێیدا هەڵدەسووڕێن و ژمارەی زۆری بەندکراوان و مردنی چالاکان، دەردەکەوێت کە ئەوان نەتەنیا لە لایەن حکوومەتەوە ناپارێزرێن، بەڵکوو چالاکییەکانیشیان بەتەناهی کراوە و وەک بابەتی هەڕەشە لەسەر بوونی ڕێژیم و یەکپارچەییی عەردی دەوڵەت، چاوی لێ کراوە. بەم هۆیەوە من ئەم چالاکیگەلە بە بەرخۆدانی مەدەنی ناودێر دەکەم زیاتر لەوەی چالاکیی کۆمەڵگای مەدەنی بێت.

له وڵامی تاوانبارکردنەکانی دەوڵەتدا کە ژینگەپارێزیی کوردی بە هاوتای دژایەتی لەگەڵ خودا دەزانرێت، ئیسماعیلنژاد باس لەوە دەکات کە، «حکوومەتی ئێران هەموو چالاکییەکانی بەدەر لە جیهانبینییەکەی خۆی، بە چاویلکەی تەناهییەوە دەبینێت. چونکە ئامانجی ژینگەپارێزی لە کوردستان، پاراستنی سروشتی کوردستانە لە کاولکاری، ئەو ڕێگایەی ژینگەپارێزە کوردەکان گرتوویانەتە بەر، بووە بە ئاریشەیەک بۆ ڕێبازی خوداناسانەی(theological) ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژینگەدا. ئیسماعیلنژاد باس لەوە دەکات کە لە ڕاڤەی ڕێژیمی ئێران بۆ ئیسلامدا، بوونەوەرە مرۆییەکان سەرووتر لە بوونەوەرەکانی تر دەبیندرێن و بۆیە ڕێگای پێدراوە هەموو شتێک بەقازانجی خۆیان بەکار بهێنن. بەهەرجۆرێک بێت، ژینگەپارێزە کوردەکان بڕەو بە ڕێبازێکی سێکۆلار و پێویستیی پێکەوەژیانی مرۆڤ و سروشت دەدەن. هەرەوەزەکان کە هانی ڕاوچییان دەدەن بۆئەوەی دەست ڕاگرن لە کوشتنی ئاژەڵە وەحشییەکان، جێگای سەرنجی سەرەکیی ژینگەپارێزە کوردەکان بووە. وێنەیەکی جێگای سەرنج لەم پێوەندییەدا کردەوەی هێماییی ئەحمەدعەزیزی، ڕاوچییەکی نیشتەجێی دەرەکێیە، کە گوندێکە لە شاری مەریوان. عەزیزی دوای چەندین دەیە ڕاوکردن، لەبەرچاوی خەڵک تفەنگ و قەفەسەکانی شکاند و کەوەکانی بەرەڵا کرد. وێنەکانی کارەکەی عەزیزی لە ڕاگەیاندنە کوردی و ناکوردییە جیاجیاکاندا بڵاو بووەوە. ئەو لە لایەن ئەنجومەنە ژینگەییە جیاکانەوە، (لەناویاندا ئەنجومەنی چیا) بە هۆی بڕیارە بوێرانەکەی و هاندانی ڕاوچییەکانی تر بۆ وەستاندنی کاولکاری لە ژینگەی گیانلەبەرە وەحشییەکانی کوردستاندا، ڕێزی لێ گیراوە.

ڕێژیمی ئیسلامی بەتەناهیکردنی هەموو لایەنێکی ژیان و کۆمەڵگای لە کوردستاندا برەوپێداوە و بەدامەزراوەی کردووە. ئەم ڕەوتە سنووردار نییە بە دامەزراوە دادوەرییەکان و هێزە تەناهییەکانەوە، بەڵکوو ڕیشەی قووڵی هەیە. بۆ وێنە، کەسانی وەک سادق زیباکەلام، وانەبێژێکی زانستگای تاران و جەلال جەلالیزادە، ئەندام پارلەمانێکی

کوردی توندئاژۆی لایەنگری ڕژێم، باسیان لە ڕێگایەک کردووە کە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی، لەناویاندا ژینگەپارێزەکان، یارمەتییان بۆ خەڵکی سەرپێڵ زەهاو و سەلاسی باوەجانی لە پارێزگای کرماشانی کوردستاندا کۆکردووەتەوە، کە عەردهەژێنێک لە دیسامبری ٢٠١٧ دا تێیدا ڕووی دابوو. ئەوان ئاگاداریان دابوو بە حکوومەت کە ئەم « کردەوەیە» هەڕەشەیەکی بەرەورووی دەوڵەت کردووەتەوە. بە ڕای ئەم کەسانە، کردەوەی هاوشێوەی ئەمە دەبێت بە هۆی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەییی کوردی. هەستیاریی بژاردەکانی ڕژێم ئەو کاتە ڕوون بووەوە کە پارێزگارەکانی کرماشان و کوردستان، ژینگەپارێزەکانیان ئاگادار کردەوە کە بەشداریی کۆکردنەوەی یارمەتی نەکەن، چونکە بواری ئەوان نییە. بە ڕوونی، خەڵکی بوونی ژینگەپارێزەکان و توانایان لە هاندانی کۆمەڵگای کوردیدا لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکاندا، بووە بە بابەتی گرینگیدان بۆ هێزە تەناهییەکانی ڕژێم و بابەتێک کە یارمەتی دەدات بە بەتەناهیکردنی ئەم بوارگەیە.

لەماوەی ساڵەکانی ٢٠١٩-٢٠١٧ دا، سەدان کەس لە ژینگەپارێزە کوردەکان لە لایەن ئیتلاعات، دەزگای هەواڵگریی ئێرانەوە دەستبەسەر کران. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە هەرێمەکانی تریش لە ئێران دەستبەسەرکرانی ژینگەپارێزەکانیان ئەزموون کردووە، قەوارەی بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان جێگای دڵگرانییە. عەمارگوڵی، ڕۆژنامەڤان، بەتەناهیکردنی بەربڵاوی ژینگەپارێزی لە کوردستان گرێدەداتەوە بە ئەو مەحکوومکردنە گشتییانە کە لە شارە جیاوازەکانی کوردستاندا (وەک بانە و مەریوان ) لەساڵی ٢٠١٨ دا ڕوویان داوە. بەگوێرەی [وتەکانی] گوڵی، هەرێمی کوردستان، بە هۆکارگەلی وەک ونهێزی زۆر بۆ هاندان بۆ مەحکوومکردنی بەکۆمەڵ و بوونی هێزە نیزامییە بەرهەڵستکارەکانی وەک هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبە دژبەرەکان (وەک کۆمەڵە و حدکا و پژاک)، ئاستی ئاگاداریی لەنێوان بەرپرسانی ئێرانیدا بردووەتە سەر. ئاڵوگۆڕی ونهێزێکی ئەوتۆ لەنێوان کوردەکاندا، سەرەڕای بەنیزامیکردنی توندی کوردستان، بەرهەمی کۆمەڵێک هۆکارە. بە ڕای ئیسماعیلنژاد، یەکەم، ئەم ڕەوتە بەرهەمی ئاڵوگۆڕی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزووتنەوەی نەتەوەیی بەڕێگایەکی بەقووڵی بەسیاسیبووودایە، کە حەوت دەیە پێش دەستی پێ کرد. دووهەم، ئەم پەرەسەندنە قەرزداری تەشەنەی بەردەوامی پەروەردە لەنێوان کوردەکاندایە، پێڤاژۆیەک، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ١٩٨٠کانەوە دەستی پێ کرد. سێهەم، دەستڕاگەیشتنی کوردەکان بە ئینتەرنێت (وەک نەتەوەیەکی پەراوێزخراو (marginalised) و تەریککەوتوو (isolated) لە ئێراندا) بووە بە ئامرازێکی بنەمایی بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بە نرخێکی کەم و خێراییەکی زۆر.

## نشینگەی سروشتیی لەمەترسیکەوتووی کوردستان

تێکەڵەیەک لە بابەتە سروشتی و دەستکردەکانی مرۆڤ بووە بە هۆی تێکدانی نشینگەی سروشتیی کوردستان. بابەتگەل و چالاکیگەلی وەک سڕینەوەی دارستان بە هۆی ئاگرکەوتنەوە و بڕینەوەی ڕاگیرنەکراوی دار، دروستکردنی بەبێ ڕێوشوێنی بەنداو، گواستنەوەی نارێژەییی(disproportionate) سەرتاسەریی ئاو لە ئێران، وێنەی ئەو چالاکییە مرۆڤییانەن کە ژینگەی سروشتیی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، ئەمە لەسەردەمێکدایە کە تێیدا گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا وەک پرسێکی جددی دەستنیشان کراوە کە بۆ تەناهیی کۆمەڵگای جیهانی و

کۆژینگەکەی ئاریشەیە. بۆ وێنە، لەدەیەکانی دواییدا، برینەوەی بەتەواوەتیی و کشتوکاڵی بێ ڕێوشوێن، چەندی و چۆنیی دارستانەکانی زاگرۆسی داشکاندووە و لە ماوەیەکی نزیک بە سێ دەیەدا (١٩٨٧-٢٠١٥)ڕێژەیەکی زۆر لە دارستانە سروشتی و چڕەکانی هەرێمی کوردستان بەرەورووی تێکدانی لەڕادەبەدەر بووەتەوە.

بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستان بەشێکی دەبەستریتەوە بە باسکردنی پرسە ژینگەییەکانەوە. وەک ئەوەی پاشتریش ئاماژەی پێ دەکرێت، ژینگەپارێزی بریتی بووە لە ڕادەیەکی زۆری چالاکی و هەرەوەز، کە بۆ وێنە بووە بە هۆی ڕەخنەگرتن لە بەڕێوەبەریی لاوازی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە قەیرانە ژینگەییەکاندا و سیاسەتە تێپەڕەکانی حکوومەت لەم بوارگەیەدا. هەروەها، بەتەناهیکردنی ژینگەپارێزی لە کوردستاندا ڕیشەی لە تێگەیشتنی دەوڵەت لە «تەناهی و هەڕەشە «دا هەیە و سنووردار نییە بە چالاکیی تاقمە ژینگەییەکانەوە، بەڵکوو بابەتێکی ئاڵۆزترە کە ڕیشەی لە بزووتنەوەی پێشڤەڕۆی نەتەوەییی کورددا هەیە.

ئەم شرۆڤەیە ڕوونی دەکاتەوە کە چەمکی «تەناهی»، تێگەیشتنێکی فرەبڵەگەیە، کە دەتوانێت پێوەندیی ناکۆکی نێوان حکوومەت و ژینگەپارێزە کوردەکان ڕوون بکاتەوە. دەکرێت هێندێک لایەنی تەناهی بە بەربڵاوکردنی چەمکگەلی وەک «هەڕەشە و خەسارهەڵگری (vulnerability)» باسیان لێ بکرێت، کە لە خوێندنەوەکانی تەناهیی ژینگەیی و ئەو ئاریشەگەلەدا کە دەوڵەت — نەتەوەکان و ژینگەپارێزەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ بابەتەکان لەم بوارەدا بەرەورووی دەبنەوە بەربڵاو دەبێتەوە. لەگەڵ ئەمەدا، چونکە حکوومەتی ئێران بە بیانووی هەڕەشە لەسەر تەناهیی دەوڵەت و یەکپارچەیی، پاساو بۆ ئازاردانی ژینگەپارێزەکان دەهێنێتەوە، ژینگەپارێزە کوردەکان کاولکارییە بەردەوامەکانی ژینگەی کوردستان وەک بابەتێک دەستنیشان دەکەن کە داهاتووی ژیان لە ئەم هەرێمەدا دەخاتە مەترسییەوە. گرێدراوی ئەم پرسە، ژینگەپارێزەکان هەڵدەگەڕێنەوە بۆ چەمکگەلی وەک «تەناهیی کۆمەڵایەتی « و « یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری»).

ویژمانی ژینگەپارێزە کوردەکان، کە دژ بە ویژمانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ بەردەوام بوون و گەشەسەندندایە و جۆراوجۆریی چالاکییەکانیان، لەو بابەتگەلەن کە هەستی نەبوونی تەناهی لەلای حکوومەتی ئێران هەڵدەخرێنن (provoke). بەهەرجۆرێک بێت، وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەم بەتەناهیکردنە ڕەنگە ڕیشەی لە پێوەندییە ناکۆکەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بزووتنەوە و کۆمەڵگای کوردیدا ببێت. ڕێژیمی ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە بەردەوامی ڕێبازێکی تەناهییانەی بەرەوکۆمەڵگای کوردستان بروویێداوە. بەرایەباس وەلی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناوچەیەکی تەناهی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەمە بەزۆری لە کاتی شەڕی نێوان ئێران وعێراقدا ڕوون بوو، کاتێک کە کوردەکان لە نێوان هێرشەکانی چەکی کیمیاییی سەدام و دژەهێرشەکانی ئێراندا لە ژێر گوشاردا بوون. مەنتقی قانوونی نیزامی هیچکات ون نەبووە. ئەوە شتێکی چەسپاوە لە بیری بەرپرسەکانی حکوومەتدا: کاتێک بۆنی کێشە و گرفت دەکەن، لەسەرەتادا ڕوو دەکەنە کورد. ئەمە بە تەواوەتی لە خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی سەوز لە ٢٠٠٩دا دەرکەوت. ئەگەرچی کوردستان لە هیچ شوێنێکدا وەک هەرێمەکانی تر بەشداریی خۆپیشاندانەکانی نەکرد، بەڵام زۆرترین ژمارەی کوشتنی بەخۆیەوە دیت.

ئەگەرچی مەرج نییە ژینگەپارێزی لە کوردستان هەڕەشە بێت لەسەر تەناهیی نەتەوەیی ئێران، [بەلام] بژاردەکانی ڕێژیم لە کاردانەوە بەرانبەر بە دەنگە ڕەخنەگرەکان، بە بەردەوامی بەرژەوەندییەکانیان لە بەرگی تەناهیی نەتەوەییدا دەناسێنن. بەرای وایڤەر، بەکارهێنانی لکێنەی تەناهی بە ئاسانی دەری ناخات کە پرسێک تەناهییە یان نە. بە هەرجۆرێک بێت، ئەوە هەروەها هەڵبژاردنێکی سیاسییە، کە بڕیارێکە بۆ تێگەیاندن (بەچەمککردن) لە ڕێگایەکی تایبەتەوە. ئەم هەڵبژاردنە بەواتای ئەوەیە کە، کاتێک کە پرسێک بەتەناهی دەکرێت، کردەوەی بەرەوڵای ئەوە دەڕوات کە بە ڕێگاگەلی تایبەت ئەو پرسە بناسرێت، بۆ وێنە، وەک «هەڕەشە، بەرگریکردن و بەزۆری چارەسەرە دەوڵەتییەکانی». لە بابەتی بەتەناهیکردن لە ناو چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، بابەتە سەرچاوەکان بریتین لە مانەوەی ڕێژیم، حاکمییەتی دەوڵەت و یەکپارچەییی عەردی ئێران. لەسەر بنەمای ئەم باسگەلە، بکەرەکانی بەتەناهیکردنی ڕێژیم، (وەک سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراوە دادوەرییەکان) کۆمەڵێک ڕێوشوێنی توندوتیژ دەگرنەبەر بۆ ئەوەی دەنگ و چالاکییە ڕەخنەگرانەکان داپڵۆسێنن. لەم دواییانەدا، حکوومەت خەریکە بەرەورووی زۆرێک ئاریشەی نێونەتەوەیی، هەرێمی و ناوخۆیی دەبێتەوە؛ بەم هۆیەوە، بژاردەکانی ڕێژیم هەموو کردەوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی وەک ئاریشەیەک بۆ بوونی ڕێژیم دەبینن. ڕێژیمی ئیسلامی وەها دەنوێنێت کە چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، بەتایبەتی لە هەرێمە تەناهییەکاندا، هەڕەشەی جددین لەسەر مانەوەی ئەو و پێویستە بە دژەڕێوشوێنی نائاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. کەوابوو دەکرێت خوێندنەوەی ژینگەپارێزیی کورد و هۆکارەکانی بەتەناهیکردنەکەی، لەناو ئەم بەستێنەدا لێی بڕوانرێت.

## سێ بوارگەی جێگای مشتومڕ
## سڕینەوەی دارستان

سڕینەوەی دارستان بە هۆی ئاگرکەوتنەوەوە، بابەتێکی گرینگی ژینگەییە لە کوردستاندا. لە بەشی مەریوانی دارستانی زاگرۆسدا، لە ساڵی ۲۰۰۹ تا ۲۰۱۵، چیا زۆرتر لە ۲۱۰۰ ئاگرکەوتنەوەی تۆمار کردووە. وێنەیەکی ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوەکان « هاوینی ڕەشی ۲۰۱۰» واتا کاتێک بوو کە زیاتر لە ۹۰۰ ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوادا تۆمار کران. دیاریکردنی هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوانە و هەوڵدان بۆ پاراستنی دارستانەکان لە ئەوان، جێگای سەرنجی سەرەکیی ژینگەپارێزە کوردەکان بووە. بەو هۆیەوە کە پلەی زۆری گەرما تەنیا هۆکاری بەشێکی بچووکی کەوتنەوەی ئاگرەکانە، ئاگرخستنەوە دەستکرد و بەئەنقەستەکان هۆکاری سەرەکیی سڕینەوەی دارستان لە کوردستاندان. ئومێد ڕەشیدی ژینگەپارێزی کورد، لە وتارێکدا بەناوی «زاگرۆس لە جەهەنەمدا» ئاگاداری دەدات کە ئاگرکەوتنەوەکانی زاگرۆس بە هۆی چالاکیی مرۆڤییەوە ڕوو دەدەن و زۆرێک لەوانە بەئەنقەست دروست دەکرێن، بۆیە ئاگرتێبەردان وشەیەکی باشترە بۆ ناودێرکردنی ئەم دیاردەیە. چالاکییە مرۆڤییەکان وەک چالاکییە نیزامییەکان، وەک ڕاهێنانە نیزامییەکان و تۆپبارانی دارستانەکان، هۆکارە ڕیشەییەکانی تری ئاگرکەوتنەوە گەورەکانن، کە دارستانەکانی زاگرۆس کاول دەکەن.

چۆنیەتیی ڕاگەیاندنی هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان بۆ خەڵک بابەتێکی جێی مشتومڕە لە پێوەندیی نێوان ژینگەپارێزان و بەرپرسانی دەوڵەتدا. بۆ وێنە، لە کاتێکدا کە

بەرپرسەکان ئەم ئاگرکەوتنەوەگەلە بەئاکامی گەرمای هاوین و پلەی زۆری گەرمی، وشکەساڵی و نەبوونی ئاگاییی گشتی دەزانن، تاقمە ژینگەییەکان تاوانبار دەکەن کە ژمارە، ڕادە و هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان زۆر گەورە دەکەنەوە؛ لە لایەکی ترەوە، تاقمە ژینگەییەکان بەرپرسەکانی دەوڵەت سەرکۆنە دەکەن بۆئەوەی کە کاولکاریی مەترسیداری دارستانەکانی کوردستان لەبەرچاو ناگرن. لە وتارگەلی لەژێر سەردێڕی وەک «ئاگرە گوماناوییەکانی دارستانەکانی زاگرۆس» دا چالاکان ئەم ئاگرکەوتنەوانە بە «ناسروشتی، دەستکردی مرۆڤ و بەئەنقەست «دەزانن. بەجۆرێک کە عیرفان حسەینی پێی وایە «وادیارە نامەردەکان و کاولکارەکانی ئەم خاکە [کوردستان] زۆر سوورن لەسەر کاولکردنی».

هەروەها، ژینگەپارێزەکان بەرپرسەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکان تاوانبار دەکەن کە لە پشتی سڕینەوەی بەلێشاوی دارستانەکانی زاگرۆسەوەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن، لە کاتێکدا دارستانەکان سووتێندراون و گۆردراون بۆ زەویی کشتوکاڵی، کە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئەم بوارگەیە، ئەم پرسەیان پشتگوێ خستووە. چیا توانیویەتی هێندێک بەشی کۆمەڵگای خۆجێیی هان بدات بۆ کوژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوەکان. بەجۆرێک کە لە ٢٠١٦ دا ڕاپۆرت کراوە، لە بەشێک لە ئاگرکەوتنەوەکاندا، ژینگەپارێز و خۆبەخشەکان دوای ٣٥ کاتژمێر شەڕکردن لەگەڵ ئاگردا لە کۆسالان (هەرێمێکی کوێستانیی ئاستەم لەنێوان سنە و مەریواندا) توانییان بوارگەیەکی ٣٥/٠٠٠ هێکتاری لە بەتەواوی کاولبوون ڕزگار بکەن.

ئاگرکەوتنەوەکان و سڕینەوەی دارستان، جیا لە داشکاندنی چەندیی دارستانەکانی زاگرۆس، کاریگەرییەکی نەرێنیشیان لەسەر فرەژینی (biodiversity) لە ژینگەی کوردستاندا هەیە، هەروەها بووە بە هۆی خێرابوون و لەناکاوبوونی خەسارە ژینگەییەکان وەک خۆڵپرتووکان (erosion)، لافاو، وشکەساڵی و هەڵستانی تەپوتۆز. بڕینەوەی پیشەسازییانە و ڕانەگیراوی دار و ڕاهێنانە نیزامییە جۆراوجۆرەکان، لەو هۆکارگەلەن کە دەبن بە هۆی ئاگرکەوتنەوە، سڕینەوەی دارستان و تێکدانی ژینگە لە کوردستان. ئەمە بووە بە هۆی ئەوە کە ژینگەپارێزەکان پرسیار بکەن کە « دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە کوێن لە کاتێکدا کە ئاگرکەوتنەوەکان دارستانەکانی زاگرۆس کاول دەکەن». زۆرینەی ئاگرکەوتنەوەکان لە ماوەیەکدا ڕوویان داوە کە پلەی گەرما لە ژێرەوەی سەهۆڵبەندانەوە بووە. لە وتارێکدا لەژێر ناوی «ئاگر لە سەرماوەزدا» (آذر در آذر)، چیا بەهەڵگەڕانەوە بۆ وێنە جیاوازەکانی ئاگرکەوتنەوە، باس لە دەستکردبوونی ئەم ئاگرکەوتنەوەگەلە دەکات. دوایین ئاگرکەوتنەوەکان لە قەراخی گوندی پێلە و سەڵەسی لە نزیک مەریواندا، لەکۆتاییی خەرمانانی ٢٠١٨ دا، جیا لەوەی بوو بە هۆکاری کاولکاریی بەربڵاوی ژینگەیی، گیانی چوار کەسیشی گرت، دوو ژینگەپارێزی بەناوبانگی ئەندامی چیا، شەریف باجوەر و ئومێد حەسەنزادە (کۆنەپۆشی) و دوو دارستانەوان ڕەحمەت حەکیمی نیا و موحەممەد پەژووهی، کە لەکاتێکدا مردن کە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکەیان دەدا. ئەم ژینگەپارێز و دارستانەوانانە، بە گوێرەی وتەی بەرپرسێکی ژینگەیی، بە هۆی سووتان بە ئاگرەوە مردن؛ ئەگەرچی کەسە خۆجێییەکان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هاویشتنی گوللەتۆپ لە لایەن هێزە تەناهییەکانەوە بوو بە هۆی مردنیان. سەرچاوە نەناسراوەکان ئاماژە بە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دەکەن وەک

تاوانباری سووتاندنی دارستانەکان و تیرۆری ژینگەپارێزەکان لە مەریوان. بۆ وێنە، ئەوانەی ڕووداوەکەیان دیوە ڕوونی دەکەنەوە کە باجەوڕ بە هۆی تەقەکردنەوە کوژرا نەک سووتان لە ئاگردا. مردنی باجەوڕ و هاوکارەکانی، بوو بە هۆی مەحکوومکردنی گەورە لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنە جەماوەرییەکەیدا لە مەریوان.

کەسێکی ئاگادار ئاماژە بەوە دەکات کە سپای پاسداران پشکێکی زۆری هەیە لە تێکدانی ژینگەدا. ڕاهێنانە نیزامییەکان، تۆپبارانی ملهورانەی دارستانەکان و دروستکردنی پێگە نیزامییەکان لە شوێنە پارێزراوە سروشتییەکاندا، وێنەی ئەو چالاکییە نیزامییانەن کە دەبن بە هۆی تێکدانی ژینگە. کۆژینگەی کوڵەژان، بوارگەیەکی گوندی لە قەراخ دەریاچەی زرێبار، کە بووە بە مەنزڵگەی جۆرەکانی ئاژەڵە وەحشییەکان، لە ئاگرکەوتنەوەکانی ڕاهێنانە نیزامییەکاندا بەزۆری خەساری بەرکەوتووە؛ دارستانەکانی ئەم هەرێمە بۆ چەند حەوتوو سووتان بەبێ ئەوەی دەوڵەت هیچ هەوڵێک بدات بۆ ڕاگرتنی. داگیرکردنی زەویی قەراخی زرێبار لە لایەن سپای پاسدارانەوە و دروستکردنی باڵخانە نیزامییەکان، بووە بە بابەتی گلەیی و مەحکوومکردنی ژینگەپارێزەکان و لە زۆرێک لە ژمارەکانی چیادا ڕەنگی داوەتەوە. فەرزاد فیرووزی مەندۆمی، لێکۆڵەری مافی مرۆڤ لەگەڵ زانستگای هامبوورگ، ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سپای پاسداران و دامەزراوەگەلی تری دەوڵەتی لە کاولکردنی ژینگەی کوردستان وەک تیرۆریزمی ژینگەیی(ecoterrorism)باس دەکات. وەک مەحکوومکردنی بەنیزامیکردنی زرێبار، ڕێکخراوێکی ناحکوومیی مەریوان لە نامەیەکدا بۆ سەرترین بەرپرسی دەوڵەت لە شارەکەدا دەستنیشانی دەکات کە زرێبار گەوهەری بەشی ڕۆژئاوای وڵات و سەرچاوەیەکی بەنرخی سروشتی کوردستان کە لە ١٩٩٩ لە وە، وەک ماڵی ئاژەڵە وەحشییەکان ناسراوە و لە لایەن قانوونە ژینگەیییەکانەوە پارێزراوە، گۆڕدراوە بۆ پێگەیەکی نیزامی. سەرەڕای دیاریکردنی زرێبار وەک شوێنێکی پارێزراوی سروشتی، هێزەکانی سنوور لە مەریوان، بە دروستکردنی پێگەکان لە ئەم بوارگەیەدا، ئەم قانوونگەلی پاراستنەیان پشتگوێ خستووە.

جیا لە لادانی ڕوونی دامەزراوە نیزامییەکان لە قانوونەکانی پاراستنی سروشت، بەڵگە لەبەردەستدا هەیە کە پیشان دەدات کە، بەرپرسە دەوڵەتییەکان، لە چالاکییە ئابوورییە ناقانوونییەکاندا تێکەڵ بوون، کە بەهەرامی بە ئێکۆمافیای بژاردەکان (the elites ecomafia) ناودێری دەکات. گرێدراو بە گەندەڵیی بەربڵاو وەک لایەنێکی تەواوی پرۆژەگەلی پەرەسەندن لە ئێراندا، وەلی داداشی سیاسەتڤانی دیار، دان بەوەدا دەنێت کە لە هێندێک لە بابەتەکاندا بەڵێندەرەکان، بە مەبەستی کپکردنی دەنگە ڕەخنەگرەکان، بەرتیل دەدەن بە ئەندامانی پارلەمان لە ئەم بوارگەلەدا. لە هەروەزە ژینگەییە گەورەکانی وەک «زاگرۆسی دلۆڤان»، «دەنگی پێی ئاو» و «هاواری کاروون»دا، بەڕێوەبەریی خراپ و پرۆژەگەلی پەرەسەندنی تێپەڕ وەک هۆکاری سەرەکی بۆ تێکدانی ژینگە لە کوردستان و خووزستاندا دەستنیشان دەکرێن. بۆ وێنە، پارێزگای کوردستان و تیمە ژینگەیییەکەی، بە هۆی پشتگوێ خستنی ژینگەوە، بە «کۆمیتەی ناشتنی زرێبار» ناسراون. بە گوێرەی (وتەی) ژینگەپارێزەکان، ئاجێندای پەرەسەندنی بەرپرسەکانی دەوڵەت دەبێت بە هۆی کاولکاریی بەتەواوەتیی دەریاچەی زرێبار و ژیانی ئاژەڵانی قەراخەکەی. هەروەها، نوێنەرانی کوردی پارلەمان ڕەخنەیان لێ دەگیردرێت کە تێهەڵناچن و بوێریی ئەوەیان نییە کە بابەتە ئابووری و ژینگەیییەکانی کوردستان لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەکاندا

باس بکەن.

## گواستنەوەی نەوت و پاڵاوگە

ڕەخنەگرتن لە چالاکییە نەوتییەکانی دەوڵەت لە کوردستاندا بیچمێکی تری ژینگەپارێزییە لە کوردستاندا. گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ پاڵاوگەکان لە باشووری ئێران و دروستکردنی پاڵاوگە لە نزیک شوێنە پارێزراوە سروشتییەکاندا، لەو بابەتگەلەن کە دەبن بە هۆکاری مەحکوومکردنە ژینگەییەکان. دارا قەسیمی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی «دروستکردنی پاڵاوگە لە نزیک زرێباردا؟ کارەساتێکی گەورە بەڕێوەیە!»، بابەتی ژینگەپارێزەکان لە پێوەندی لەگەڵ پاڵاوگە لە مەریواندا دەخاتە بەرباس و ئەوە وەک خەساردان لە زرێبار و کۆژینگەی بوارگەی دەوروبەری دەبینێت. قەسیمی، بیری بەرپرسەکان دەخاتەوە کە بەپێی قانوونی بنگەهیی ئێران برگەی ٥٠، هەرجۆرە چالاکییەک کە ژینگە بخاتە مەترسییەوە ناقانوونییە. ژینگەپارێزەکان باس لەوە دەکەن کە دروستکردنی پاڵاوگەیەک لە نزیک زرێبار، دەتوانێت چەندین ئاسەواری ژینگەیی ببێت، وەک کاولکردنی کۆژینگە، بەرهەمهێنانی پیسیی زۆری ئاو و هەوا و خەساردان لە بەپیتترین زەوییەکانی ئەم هەرێمە، هەروەها کاولکردنی پیشەسازیی بچووک بەڵام هێشتا گرینگی گەشتوگوزار (توورِیزم) لەم هەرێمەدا. ڕێکخراوی چیا دژایەتیی خۆی لەگەڵ دروستکردنی پاڵاوگە لەنزیک زرێبار بەم جۆرە ڕاگەیاند: «ئێمە لە چیا ڕێگا نادەین ئەم پرۆژە کاولکارانەیە جێبەجێ بکرێت. ئێمە تماشا ناکەین تا زرێبار کاول ببێت.» وەک چۆن بەردەوام چیا وتوویەتی، «زرێبار هێڵی سوورە» و ژینگەپارێزەکان لەشەڕ لەپێناو هەرێمەکەدا ناکشێنەوە.

گواستنەوەی نەوتی خاو، قیری تراو (liquid bitumen) لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و لەڕێگای تۆڕی گواستنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوەند و باشووری ئێران، لەماوەی ساڵانی دواییدا، ئەگەرچی زۆر چڕ بووەتەوە، بەڵام بەبێ مشتومڕیش نەبووە. لەکاتێکدا گواستنەوەی نەوتی هەرێمی باشووری کوردستان بۆ ئێران بازرگانییەکی پڕخێر بووە بۆ بژاردەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و سپای پاسدارانی ئیسلامی، ئەم پیشەیە بووە بە هۆی ڕادەیەکی زۆر لە کارەساتی ژینگەیی و ڕووداوی هاتوچۆ، پیسکردنی هەرێمی کوردستان [لە ئێران] و سەندنی گیانی زۆرێک لە کورد. بە هۆی ژمارەی زۆری کوژران و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە گواستنەوەی نەوتەوە، ژینگەپارێزەکان ناوی «بارهەڵگرەکانی مەرگ»یان لەسەر ئەو تانکیرگەلە داناوە کە ئەم نەوتە هەڵدەگرن. چالاکان لە ڕاگەیێندراوێکدا کە وترابوو ڕێگاوبانە کوێستانی و ئاستەمەکانی کوردستان، کە تەنانەت بۆ هاتوچۆی ئاساییش بەکەڵک نایەن، بوون بە ڕێگای ترانزیتی تانکێرەکان، داوایان لە بەرپرسەکان کرد کە بەر بە بارهەڵگرەکانی مەرگ کە ئاماژەیان پێ کرابوو، بگرن. ئەمە هیچ شتێکی بۆ خەڵک تێدا نییە جیا لە کاولکاری، مردن، خوێن و پیسبوون. دیمەنی جوانی کوردستان، بە هۆی ئەم بارهەڵگرانەی مەرگەوە، بۆنی خوێن دەدەن و هەر ساتێک ترسی ئەوە هەیە کە ئەم ڕێگاوبانانە گیانی شارۆمەندێک بگرن.

ژمارەی زۆری تانکێرە هەڵگەڕاوەکان و بەرکەوتنیان لەگەڵ ماشێن و ئۆتووبووسەکانی تر، گیانی کەسانی زۆری لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا گرتووە. لەناو وێنە زۆرەکاندا، یەکێکیان بەرکەوتنی تانکێرێک بوو لەگەڵ ئۆتووبووسێک لە شاری سنە لە پووشپەڕی ٢٠١٨ دا، کە بوو بە هۆی بریندار‌بوونی زۆر کەس و کوژرانی ١٣ کەسی مەدەنی. ڕزگار

بەهاری، ڕۆژنامەڤانی کورد ئەم ڕووداوەی وەک «سووتانی کورد لەناو گڕدا» باس کرد و ئەم تانکێری نەوتانە بە «بۆمبی گەڕۆک لەسەر ڕێگاوبانەکانی کوردستان» ناودێر دەکرێن. هەر لەم پێوەندییەدا، لە ژانڤییەی ٢٠١٦ دا نەوتی دوو تانکێری هەڵگەڕاوە ڕژایە ناو ڕووبار و سەرچاوە ئاوییە نزیکەکان و پیسی کردن. وەک ئەوەی چیا دەستنیشانی کرد، بە تەواوەتی دیار نییە کێ بەرپرسی ئەم هەلومەرجە پڕئازارەیە. لە کاتێکدا کە ئەم تانکێرانە بە ملیارد تمەن [پووڵی ئێران] بۆ هێندێک دامەزراوە و کەسی چاوچنۆک کۆدەکەنەوە، خەڵکی ئەم هەرێمە تێچووی کاولکاری دەدەن. هەموو ڕۆژێک ٣٠٠-٢٠٠ تانکێر بەسەر ئەم ڕێگاوبانانەدا دەڕۆن و لەماوەی نیوەی یەکەمی ٢٠١٩ دا، لە لایەن بەرپرسانی هاتوچۆوە ١٩ بابەتی بەرکەوتنی تانکێر یان هەڵگەڕانەوەیان تۆمار کراوە. ڕەخنەیەکی تری ژینگەپارێزەکان لە بەرپرسان ئەوەیە کە ڕێگاوبانەکانی کوردستان جێگای ئەم ڕادەیە لە هاتوچۆ نییە؛ بەهەرجۆرێک بێت، ئاغایان (ئاماژە بە بڕیاردەکانی دەوڵەت) ئەم ڕاستییە بە جددی وەرناگرن. ژێرخانی پەرەنەسەندووی کوردستان و ژمارەی زۆری کوژراوەکان لەسەر ئەم ڕێگاوبانانەدا، وەک ئاماژەیەک بۆ پشتگوێخستنی پەرەنەسەندوویی لە کوردستان لە لایەن حکوومەتەوە دەبیندرێت.

موزەفەر وەیسی، لە وتارێکدا لەژێر ناوی «بەرپرسی دەوڵەت لە کوردستان و پالاوگەی نەوت لە مەریوان»، باس لە دوو ڕێبازی جیاواز (کورد لەبەرانبەر دەوڵەتدا) لەپێوەندی لەگەڵ پالاوگەی نەوتدا، بە چاویلکەی پێوەندییەکانی ناوەند – پەراوێزەوە دەکات و درێژە دەدات کە: لەکاتێکدا ئەوانەی ناوەند لە خەمی ئەوەدان کە گواستنەوەی نەوتی هەرێمی باشووری کوردستان بۆ پالاوگەکان لە بەشەکانی تری ئێران تێچووی زۆرە، خەڵکی مەریوان خەمی ئەوەیان هەیە، کە بە هۆی تانکێرەکانی گواستنەوەی نەم نەوتەوە پیسی دروست بووە و تەناهیی هاتوچۆ نەماوە. حکوومەت مەحکوومکردنە خۆجێییەکان بە دژی کاولکردنی زریبار و کۆژینگەکەی بەتەناهی کردووە و پاساو بۆ دروستکردنی پالاوگەی بەرنامەبۆداڕێژراو لە نزیک زریباردا دەهێنێتەوە. ئەم دۆخە پیشان دەدات کە بۆ ئەوانەی لە ناوەندن، پرسە ژینگەییەکان کە بەرەوڕووی زریبار دەبنەوە، هێندەی زیاترکردنی خێری نەوتی هەرێمی باشووری کوردستان گرینگ نین. وەیسی باس لە ئەوە دەکات کە «لە ئێران، ڕوانینی ناوەند بۆ هەرێمە پەراوێزەکان نەک هەر ئاستەنگ بووە لەسەر ڕێگای بەشداریکردنی گشتی لە دروستکردنی بڕیار، بەڵکوو هەروەها ئاسەواری نەرێنیی لەسەر داهێنانی ستراتێژییە بەردەوامەکان بۆ پشتیوانی لەم کۆمەڵگاگەلە و کۆژینەکانیان بەجێ هێشتووە.

## گۆڕانی ڕێڕەوی ئاو و دروستکردنی بەنداو

ڕێبازی دژایەتیکارانە بۆ پرسی بەرژەوەندی و تەناهی کە لە پێوەندییەکانی ژینگەپارێزەکان و حکوومەتدا ڕەنگی داوەتەوە، لە بابەتی بەکاربردن و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. گواستنەوەی ئاو لە کوردستان و خووزستانەوە ستراتێژییەک بووە کە حکوومەت لە کەمبوونی ئاو و وشکەساڵییە زاڵبووەکان بەسەر هەرێمە ناوەندییەکانی ئێراندا، پەرەی پێ داوە. دروستکردنی بەنداو و توونێل، گۆڕینی ڕێڕەوە سروشتییەکانی ئاو، ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەگەلە بوون. هێشتا ئەم ستراتێژییە جێگای مشتومڕە و بە هۆی پاشهاتە ژینگەیی و ئابوورییەکانیەوە بۆ هەرێمە دابینکەرەکان

(سەرچاوەکان) ڕەخنەی لێ گیراوە. ژینگەپارێزە کوردەکان لەگەڵ ئەوەی ئەمە بە مەترسییەکی گەورە دەزانن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دروستکردنی زۆری بەنداو لە کوردستاندا مەترسییەکی بەرچاو بۆ ئاکنجییان و ژینگەی ئەم هەرێمە دروست دەکات. ئاماژە دەکەن بە ژمارەی زۆری بەنداوەکان و دروستکردنیان لە شارستانێکی بچووکی وەک پیرانشار، لە سنووری باشووری کوردستاندا، کە پێشتر پێنج بەنداوی تێدا دروست کراوە و بەنداوێکی تریش خەریکە دروست دەکرێت. بەڕایەحمزە بۆرەکە، شارۆمەندێکی پیرانشار، خەڵک و ژینگەپارێزەکان دڵگرانی و نارازیبوونی خۆیان بەڕوونی بە سیاسەتقانان گەیاندووە، بەڵام بەرپرسەکان گوێبیست نین.

لەکاتێکدا گواستنەوەی ئاو لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر لە لایەن حکوومەتەوە وەک بابەتی پەرەسەندنی بەردەوام پاساو دراوەتەوە، لەڕوانگەی ژینگەپارێزە کوردەکانەوە، ئەم ستراتیژییە تێپەڕە و هەڕەشە لە تەناهیی کۆمەڵایەتی - ئابووریی کۆمەڵگای دابینکار (supplier) دەکات. بۆ وێنە، پرۆژەگەلی گواستنەوەی ئاو کە لەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕووباری کاروون لەڕێگای توونێلی گوڵاب و هەرسێ کووهڕەنگی ۱، ۲، ۳ وە دامەزراون، بوون بە هۆی وشکەساڵی و کاولکردنی زەوییە کشتوکاڵەکانی دەوروبەری ئەم ڕووبارە و جێگۆڕکێی بەربڵاوی خەڵکی هەرێمەکانی لوڕستان، بەختیاری و خووزستان. لە بابەتی کورددا، هەڵکەندنی توونێل، لێدانی ڕێڕەو(canal) و دروستکردنی بەبێ ڕێوشوێنی بەنداو، وێنەی ئەو چالاکییانەی دروستکردنن کە بوون بە هۆی خەساری ژینگەیی و ئابووری لە ئەم هەرێمەدا. ژینگەپارێزە کوردەکان، وەک بەرهەڵستیکردنی ئەم چالاکیگەلە هەرەوەزی ئاگادارکردنەوە و مەحکوومکردنی وەک هەرەوەزی» ئاسەوارە کاولکارانەکانی پیشەسازیی بەنداو لەسەر سروشت»، یان «بەنداوەکان، خەساری ژینگەیی»یان ڕێکخستووە و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ دروستکردنی بەنداو لە کوردستانیان دەربڕیوە. ئەوان باس لەوە دەکەن کە ئەم بەنداوگەلە، سەرەڕای ئاسەوارە ژینگەییەکان، دەبن بە هۆی کاولکردنی فەرهەنگی کەونار، کەسایەتی و شوناسی هەرێمی کوردستان [لە ئێران].

لە پێشترەوە، ۵۴ بەنداو لە کوردستاندا هەیە، هێندێکیان بە تەواوەتی کار دەکەن و ئەوانی تر خەریکن دروست دەکرێن. هەر پرۆژەیەکی دروستکردنی بەنداو لەم دواییانەدا، وەک بەنداوەکانی کانی بڵ، گاران و داریان، بەرەورووی مەحکوومکردنی کۆمەڵگای کوردی و ژینگەپارێزە کوردەکان بووەتەوە و لە هەموو بابەتێکدا، بەرپرسان بە هۆی بەڕێوەبەریی خراپ و دەستتێوەردان لە شوێنە گشتییەکان سەرکۆنە کراون. بەتایبەتی بەنداوی داریان لەسەر ڕووباری سیروان لە کرماشاندا، بە هۆی گواستنەوەی زۆرەملێی خەڵکی خۆجێیی و ئەو ئاسەوارو کۆژینگەیی و فەرهەنگییانەی کە هەماراوەکەی (ڕاگرتنی ئاوەکەی) لەسەر بوارگەی دەوروبەر دەیبێت، یەکێک لە جێگای مشتومڕترین پرۆژەکان بووە و بەرەورووی نارازیبوونی زۆر بووەتەوە. هەروەها دروستکردنی بەنداو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاسەوار لەسەر بەردەوامیی ژینگەیی و ئابووریی هەرێمی باشووری کوردستان جێدەهێڵێت. بۆ وێنە بوارگە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی باشووری کوردستان کاول دەکرێن و کەم بوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، تەناهیی خواردن دەخاتە مەترسییەوە؛ هەروەها، دەبێت قەیرانی ئاو لەم بوارگەگەلەدا ڕووبدات، ئەوسا خەڵک ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ ئاوی ژێرعەرز، کە بۆ خواردنەوە بەکەڵک نایەت،

ئەوەیـــش دەتوانێت ببێت بــە هۆی گرفتی تەندروستی و زۆربوونی نەخۆشین. لایەنێکی تری بەرهەڵســـتکاریکردنی گواستنەوەی ئاو ئەوەیە کە ئەو ئاوەی کە گواســـتراوەتەوە زۆر زۆرتر لەو رادەیە بووە کە لەسەری رێککەوتن کــراوە و تەنانەت ئەوەی مشـــتومڕی زۆرتر دروســت دەکات، ئەوەیە کــە بەرێوەبەریی ئەم بەنداوگەلــە لە بەرپرســەکانی پارێزگا کوردییــەکان وەرگیردراوەتــەوە و دراوە بە بەرپرسانی پارێزگا دراوسێکانیان.

## لەکۆتاییدا

چوارچێــوەی شــرۆڤەکارانەی قوتابخانەی کۆپنهاگــن، بە هۆی ڕەخنــەی قوتابخانەی کۆپنهاگــن لە ڕێبازی نەریتیــی دەوڵەت–تەوەر بۆ پرســی تەناهــی، پێوەندیی هەیە بــە بەتەناهیکردنی چالاکیــی ژینگەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەن دەوڵەتەوە. لەکاتێکــدا ڕێبازی دەوڵەت تەوەر ســەرنج دەخاتە ســەر دەوڵــەت وەک تاکە بکەری تەناهیی پێوەندیدار، تیۆریسیەنەکانی سەربە قوتابخانەی کۆپنهاگن، ســەرنجیان پەرە پێ دەدەن بۆ ئــەوەی بکــەرە نادەوڵەتییەکان، ڕێکخــراەکان و ڕێکخــراوە ناحکوومییەکان لە ناو چوارچێوەی شــرۆڤەی تەناهیدا لەخۆ بگرێت؛ ئەمە لــە ڕۆڵی بەربەرە گرینگتربوو و بەخشراو بە ڕێکخراو و چالاکانی ژینگەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندا و لە بەســتێنی ناکۆکییەکان لە هەرێمەکەدا، دەردەکەوێت. لەگــەڵ تەناهیــی ژینگەییــدا کــە وەک هۆکارێک لەنــاو چوارچێــوەی قوتابخانەی کۆپنهاگنــدا ناســراوەتەوە، جیاکردنــەوەی قوتابخانــەی کۆپنهاگن بــۆ بابەتە تەناهییە جیاوازەکانیش لە بــواری تەناهیی دەوڵەتی و تەناهیی کۆمەڵایەتیــدا، بایەخی تایبەتی خــۆی هەیە. هەروەهــا، تێڕوانینی تیۆریکی قوتابخانــەی کۆپنهاگن ڕێگای بە ڕاڤەکردن و بەکاربردنی چەمکگەلی وەک «هەڕەشە» و «خەسارهەڵگری» لە ڕوانینی جیاوازەوە داوە. بە شـێوەیەک کە ئەم تیۆریسییەنگەلە باس دەکەن، تەناهــی چەمکێکی فرەبەڵگەیە، کە دیاردەگەلی وەک ناکۆکیی نێوان حکوومەتی ئێران و ژینگەپارێزە کوردەکان لەخۆدەگرێت.

ژینگەپارێــزی لــە کوردســتان فرەچەشــنییەکی فرەبەڵگەیە لــە چالاکی، کە ئامانج و چالاکییەکانی تەنیا ســنووردار نییە بە شەڕ لەپێناو ژینگەدا. بە هەرجۆرێک بێــت، ژینگەپارێزیــی کــوردی لــە ژێــر کاریگەریــی ژینگەپارێزیــی جیهانیدایــە و خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەودا هەیە، کە تێیدا ئامانجی دیاریکردنی بابەتە ژینگەییەکان و تێهەڵچوونە بۆ پاراستنی ژینگەی سروشتیی کوردســتان وەک ئەرکــی ســەرەکی. ئەم خوێندنەوەیە، پیشانی داوە کە ژینگەپارێزیی کــوردی لە هەرێمێکدا ســەری هەڵداوە کە دەوڵەت ڕێبازێکی تەناهییانەی لەبەرانبەردیدا هەیە. ئەمــە بەو مانایە بووە کــە دامەزراوە تەناهی و دادوەرییەکانی ڕژێم ڕادەیەکی زۆر لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کوردستانیان بەتەناهی کردووە. بەم پێیە، دەبێت سەرەکیترین هۆکار بۆ بەتەناهیکردنی ژینگەپارێــزی لــە ڕێــگای تێگەیشــتن لە بزووتنــەوەی نەتەوەیی کــورد و ناکۆکییە چارەســەرنەکراوەکەی لەگــەڵ کۆمــاری ئیسلامیدا بیری لێ بکرێتەوە. خوێندنەوەی چالاکییــەکان و بابەتــە بڵاوکراوەکانــی ژینگەپارێزە کوردەکان ئاشــکرای دەکات کە ژینگەپارێزی، هاوکات لەگەڵ شەڕ بۆ ژینگەی کوردستان، مێکانیزمێکی بەرخۆدانیش بووە بەدژی سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ڕژێم لــە کوردســتاندا. ژینگەپارێزی وەک بیروباوەڕێک بۆ دەربڕینی خۆشەویســتی بۆ نیشــتمانی کورد، فەرهەنگ و شوناسەکەی، هاندانی چالاکییە کۆمەڵایەتی- فەرهەنگییە جیاجیاکان، برەودان بە چەشنێکی سێکۆلار لە ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناسی کوردی،

کاری کـــردووە. ڕێکخـــراوە ناحکوومییـــە ژینگەییـــەکان لـــە نەبوونـــی یەکیەتییـــە ســـەربەخۆکاندا، بەشـــێوەیەکی کاریگەر لە هاندانـــی بەشـــە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و یەکخســـتنی دەنگە ڕەخنەگرە جیاوازەکاندا، جووڵاونەتـــەوە. هەروەهـــا، ژینگەپارێـــزە کـــوردەکان بە ڕوونی وێژمانی تێگەیشـــتنی ڕێژیـــم بۆ پرســـی»تەناهی» لە کوردســـتان دەخەنە ژێر پرسیار و هانی دەدەن کە پێیدا بچێتەوە.

تەناهیـــی ژینگەیـــی و کۆژینگەیـــی لە کوردســـتان، کە بە کۆمەڵگەرایی ژینگەیی ناســـراوە، (environmental collectivism) بووە بە ئامـــرازی هاندانی کۆمەڵگای کوردی و بابەتی پاراســـتنی شوناســـی کوردی لەناو ڕژێمێکی سیاســـیدا کە تێیدا دامەزراندنی حیزبی سیاســـی قەدەغەیە. لە کاتێکدا یەک دەیە پێش ئێستا، ڕژێم بە هۆی هەلومەرجی بەنیزامیکـــراوی کوردســـتان، دەیتوانـــی ســـەرچاوە سروشـــتییەکانی کوردســـتان بەبـــێ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵســـتییەک/ مەحکوومکردنێکی جـــددی و هاندراو بەکار بهێنێـــت، ئەمڕۆکە ڕێکخـــراوە ناحکوومییە ژینگەییـــەکان، پێوەندییەکانی ڕێژیم-کورد بە ڕێکخســـتنی هەرەوەز و نووســـین لەسەر ژینگە، دەخەنە ژێر پرســـیار. ئێستا بەڕوونی باس لە ئەوە دەکەن کە مامەڵەی حکوومەت لەگـــەڵ کـــورد نایەکســـان و پێوەندییەکی ناوەند— پەراوێزە، بۆیە خوازیاری گۆڕینین. بە لەبەرچاوگرتنـــی چالاکی، وتاردان و وێژمان، پلەی خەڵکیبوونیـــان لە کۆمەڵگای کوردیدا و توانایان بـــۆ هاندانی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک، بەتەناهیکردنی چالاکیی ژینگەپارێزە کـــوردەکان وەک بەرهەمـــی تێگەیشـــتنی تەناهییانەی ڕژێمی ئێران بۆ ئەم چالاکییانە وەک کاری هەڵخڕێنەرانـــە (provocative) دەردەکەوێـــت، کـــە ونهێزی ئـــەوەی هەیە کـــە بەرژەوەندیی ڕێژیـــم و ئۆتۆریتەی ئەو لە کوردســـتاندا تێک بڕووخێنێت. لەســـەر بنەمای ئەم تێگەیشـــتنە، ڕێژیم و دامەزراوە تەناهییەکانـــی ئەو، کۆمەڵێک ڕێوشـــوێنی تەناهییانەی جۆراوجۆر بەکار دەبەن بۆ مامەڵە لەگەڵ «هەڕەشە»یەک کە ژینگەپارێزەکان لە کوردستاندا دروستیان کردووە.

## سەرچاوەکان

Afrasiabi, K. L. , 2003. ‘The Environmental Movement in Iran: Perspectives from below and Above’. Middle East Journal 57(3), 432–448.

Alavi,S. ,2019. ‘Bazdasht-efa’alan-emohitzistiy-eKordestan[ArrestofKurdistan’sEnvironmental Activists]’. Iran Wire, 13 January. Available at: https://iranwire. com/fa/features/29301[Accessed 10 March2019].

Bahari,R. ,2018. ‘Bombhaymoteharekdarjadehay Kordestan[TravelingBombsontheRoadsof Kurdistan]’. Chakar Sociopolitical Weekly 1(5),1–8.

Bahrami, A. , 2018a. ‘Dalil-e feshar-e amniyeti bar fa’alan-e mohit zisti chist? [Why are Environmental Activists under Pressure]’. Radiozamaneh, 1 March. Available at: https://www. radiozamaneh. com/384089 [Accessed 10 January 2019].

Bahrami, A. , 2018b. ‘Eqlim-e amniyetiy-e Jomhouri-e Eslami [Securitised Regions of the Islamic Republic]’. Radiozamaneh, 6 November. Available at: https://www. radiozamaneh. com/418767[Accessed 20 February 2019].

Beşikçi, I. , 2004. International Colony Kurdistan. Taderon Press, London.

Buzan, B. , O. Wæver and J. de Wilde, 1998. Security, A New Framework for Analysis. Lynne Rienner Publishers, Colorado.

Chomani, K. and T. Bijnens, 2016. ‘The Impact of Daryan Dam on the Kurdistan Region of Iraq’. Save the Tigris and Iraqi Marshes Campaign.

Chudnovesky, E. , 2018. ‘Iran Is Jailing Environmentalists’. Washington Examiner, 16 October.

DW, 2019. 'Barkhord-e khashen-e mamoran hengam-e bazdasht-e fa'alan-e mohit-e zist-e Kordestan [Security Forces' Harsh Treatment of Environmental Activists in Kurdistan]'. 7 January. Available at: https://www. dw. com/fa-ir/iran/a-46985342[Accessed 25 March 2019].

Eghtesad News, 2018. 'Dastgiriy-e barkhi fa'alan-e mohit-e zist [Arrest of Some Environmental Activist]'. 12 February. Available at: https://bit. ly/2DermNl [Accessed 15 February 2019].

EKurd,2018. 'AtLeast13KilledafterOilTankerCollideswithaBusinIranianKurdistan'. 11July. Available at: https://ekurd. net/tanker-collides-iranian-kurdistan-2018-07-11[Accessed 1 January2019].

Erdbrink, T. , 2018. 'He Fought for Iran's Environment and Was Arrested. Now, He's Dead'. The New York Times, 10 February. Available at: https://www. nytimes. com/2018/02/10/world/middleeast/iran-environmentalist-dead-prison. html [Accessed 5 February 2019].

Esmailnazhad, A. , 2017. 'Yek name-y sergoshad-e be Sadegh Zibakalam [An Open Letter to Sadegh Zibakalam]'. Facebook, 4 January. Available at: https://bit. ly/2ZPDsq3[Accessed 10 April 2019].

Facebook. 2017. 'Kampin-ehemayetazcheshmay-eBel[KaniBelCampaign]'. Availableat:https://www. facebook. com/kanibil92 [Accessed 20 March2019].

Fadaee, S. , 2011. 'Environmental Movements in Iran: Application of the New Social Movement Theory in the Non- European Context'. Social Change 41(1), 79–96.

Fatahi, A. , 2017. 'Taran, Taran [Tehran, Tehran]'. Chya Sociocultural Monthly 2(18), 1–8.

Fielding, S. K. , R. McDonald and R. W. Louis. , 2008. 'Theory of Planned Behaviour, Identity and

Intentions to Engage in Environmental Activism'. Journal of Environmental Psychology 28(4), 318–326.

Financial Tribune. 2019. 'Iran's Inter-Basin Wa- Available at: https://www. washingtonexaminer. com/opinion/op-eds/iran-is-jailing-environmentalists-fearful-that-theyve-found-pollution-from-possible-nuclear-and-missile-sites[Accessed 10 March 2019].

Chya, 2016a. 'Azar dar Azar [Wildfires in November/December]'. Chya Sociocultural Monthly 1 (14), 1–8.

Chya,2016b. 'Bayany-eresmiy-eAnjoman-eSabz-eChyadarmored-eehdas-epalayeshgah-enaft dar Mariwan [O□cial Statement of Chya Green Organization regarding the Construction of an Oil-Refinery in Mariwan]'. Chya Sociocultural Monthly 1(13),1–8.

Chya, 2016c. 'Kampini Hawari Kani Bel (Feryad-e Kani Bel) [The Outcry of the Kani Bel Campaign]'. Chya Sociocultural Monthly 1(3), 1–8.

Chya,2017a. 'Zrebarkhat-eqermezast[ZrebarIsRedline]'. ChyaSocioculturalMonthly2(24),1–8. Chya, 2017b. 'Talab-e zrebar, jolangah-e organha-y nezami[Lake of Zrebar, Base of Military

Organisations]'. Chya Sociocultural Monthly 2(21), 1–8.

Chya,2018a. 'Teredod-earabehay-emargramoteve qefkonid[StoptheChariotsofDeath]'. Chya Sociocultural Monthly 3(27),1–8.

Chya,2018b. 'Wored-earabehay-emargberodkha nehayKordestan[OverturnoftheChariotsof Death in the Rivers of Kurdistan]'. Chya Sociocultural Monthly 3(27),1–8.

Collins, A. , 2010. Contemporary Security Studies. Oxford University Press, Oxford.

Dono, J. , J. Webb and B. Richardson, 2010. 'The Relationship between Environmental Activism, Pro-environmentalBehaviourandSocialIdentity'. JournalofEnvironmentalPsychology30(2), 178–186

DW,2018. 'Moshkelefa'alanizistibadastandazhaysepahast[Environmentalist'sTensionwith IRGC]'. 14 April. Available at: https://bit. ly/2GaWpud [Accessed 20 February2019].

cessed 20 September 2019].

Kaleme, 2014. 'Tofangesh ra zemin begozash ve beshkest [He Put down and Broke the Gun]'. 16 February. Available at: https://www. kaleme. com/1392/11/27/klm-174539/?theme=fast[Accessed 25 March2019].

Kaleme,2018. 'Moshkel-efa'alan-emohit-ezistjasosinebood,dastderaziy-esepahbema-nateq-e hefazetshoday-emohit-ezistbood[TheProblemoftheEnvironmentalistsWasNotEspionage, IRGC's Violation of Preserved Areas Was the Problem]'. 16 April. Available at: https://www. kaleme. com/1397/01/27/klm-266178/ [Accessed 1 February2019].

Kempton, W. and D. C. Holland, 2003. 'Identity and Sustained Environmental Practice'. In Identity and the Natural Environment, eds. S. Clayton and S. Opotow. MIT Press, Cambridge,317–342.

Koneposhi, H. , 2016. 'Qane' ve andishey-e mihani [Qhane' and the Patriotic Thought]'. Chya Sociocultural Monthly 1(9), 1–8.

Koneposhi, K. , 2015. 'Bazsazi-e mafhom-e amniyet [Re-constructing/Rethinking the Concept of Security]'. Chya Socio-cultural Monthly 1(1), 1–8.

Kurdpa,2019. 'Sepah-epasdaranveterrorism-emohitzisti[IRGCandEnvironmentalTerrorism]'. 25 April. Available at: http://www. kurdpa. net/farsi/idame/76815 [Accessed 26 April 2019].

Olli, E. , G. Grendstad and D. Wollebaek, 2001. 'Correlates of Environmental Behaviors: Bringing Back Social Context'. Environment and Behavior 33, 181–208.

Paehlke, C. R. , 2015. 'Environmentalism and the Future of Progressive Politics'. In Thinking about the Environment: Readings on Politics, Property and the Physical World, eds. M. A. Cahn and R. O'Brie. Routledge, London, 256–260.

Qaderi,I. ,2015. 'Atesh-eJangelhayZagro-szirkhakester-eso'alat[TheQuestionableWildfireinthe Forests of Zagros]'. Chya Sociocultural Monthly 1(1),1–8.

ter Transfer Schemes Challenged'. 14 September. Available at: https://financialtribune. com/articles/energy/99845/irans-inter-basin-water-transfer-schemes-challenged [Accessed 20 September 2019].

GlobalWitness,2017. DefendersoftheEarth,GlobalKillingsofLandandEnvironmentalDefenders in 2016. Global witness,London.

Gohari, A. , S. Eslamian, A. Mirchi, J. Abedi-Koupaei, M. Bavani and K. Madani, 2013. 'Water Transfer as A Solution to Water Shortage: A Fix that Can Backfire'. Journal of Hydrology 491, 23–39.

Gurses,M. ,2012. 'EnvironmentalConsequencesofCivilWar:EvidencefromtheKurdishConflict in Turkey'. Civil Wars 14(2),254–271.

Haqmorad, M. , 2018. 'Maqola-e mohit-e zist marbot be ekhlaq-e 'amali ve siyaset ast [The Environmental Debate Has Roots in Ethics and Politics]'. Chakar Sociopolitical Weekly 1(3), 1–12.

Hendrix, S. C. and M. S. Glaser, 2011. 'Civil Conflict and World Fisheries, 1952–2004'. Journal of Peace Research 48(4), 481–495.

Hosseini,E. ,2016. 'HivdehSaltelash-ekhestegina-pezirdarrah-ehefazetazmohit-ezist[Seventeen Years'HardE□ortforProtectingtheNaturalEnvironment]'. ChyaSocioculturalMonthly1(10), 1–8.

Hosseini, E. , 2017. 'Name-e Chya be Rais Jomhur ve riyasete sazman-e mohit-e zist-e keshwer [Chya's Letter to the Iranian President and Environmental Authorities]'. Chya Sociocultural Monthly 2(24), 1–8.

Iran-e Farda, 2018. 'Der atesh sokhten-e fa'alan-e mohit-e zist dar Mariwan [Burning of Environmental Activist of Mariwan]'. 25 September. Available at: http://iranefardalive. com/Archive/42069 [Accessed 15 March 2019].

Iran-hrm. 2019. 'Iranians Join Major Protest against Water Shortages in South'. 12 September. Available at: https://iran-hrm. com/index.php/2019/09/12/iran-sentences-86-people-to-lashes-for-protesting-water-transfer-project/ [Ac-

Rule of a Perso-Shi'i State'. Third World Quarterly 1,1–20.
Soleimani, K. and A. Mohammadpour, 2020. 'Life and Labor on the Internal Colonial Edge: Political Economy of Kolberi in Rojhelat'. BJS 71(2), 1–20.
Soroos,S. M. ,1994. 'GlobalChange,EnvironmentalSecurity,andthePrisoner'sDilemma'. Journal of Peace Research 31(3),317–332.
Stern,C. P. ,2000. 'TowardaCoherentTheoryofEnvironmentallySignificantBehavior'. Journalof Social Issues 56(3),407–424.
Tasnimnews,2018. 'Fa'alanmazlom-emohit-ez-istyamojriyan-eprozhey-emarmozeGEOINTdar Iran [Innocent Environmental Activists or Mysterious Entrants]'. 15 February. Available at: https://bit. ly/2UhkioG [Accessed 1 January2019].
The Guardian, 2016. 'Poetry and Silence: Iran's Kurds Tread the Line between Art andActivism'. 26 February. Available at: https://www. theguardian. com/world/2016/feb/26/iran-kurdistan-rouhani-tehranbureau [Accessed 10 February2019].
Ulmanu, M. , A. Evans and G. Brown, 2018. 'The Defenders, 83 Environmental Defenders Have Been Killed so Far in 2008. The Guardian, 15 November. Available at: https://www. theguardian. com/environment/ng-interactive/2018/feb/27/the-defenders-recording-the-deaths-of-environmental-defenders-around-the-world [Accessed 1 February 2019].
UNPO, 2018. 'Iran: Environmental Activist Commits Suicide while in Tehran Prison'. 12 February. Available at: https://unpo. org/article/20620?id=20620 [Accessed 14 February 2019].
Wæver,O. ,1995. 'SecuritizationandDesecuritization'. InOnSecurity,ed. D. L. Ronnie. Columbia University Press, New York,49–80.
Waysi, H. , 2016. 'Zendegi-e ma medyon-e kohhast [We Owe Our Life to the Mountains]'. Chya Sociocultural Monthly 1(7), 1–8.
Qesimi, D. , 2016. 'Ihdas-e palayeshgah dar knar-e zrebar?! fajeayi bozorg dar rahast[Building Refinery Nnxt to Zrebar?! A Massive Catastrophe Is Waiting!]'. Chya Sociocultural Monthly 1 (10),1–8.
Qorbani, H. , 2017. 'Tazyanehay atesh ber jesm ve roh-e Kosalan [The Whips of Fire on the Body and Soul of Kosalan]'. Chya, Sociocultural Monthly 2(22), 1–8.
Radiozamaneh, 2018. Azay-e 'omomi dar Mariwan [Public Mourning in Mariwan]. August 26. Available at: https://www. radiozamaneh. com/409407 [Accessed 15 January 2019].
Reshidi, O. , 2017. 'Zagros dar jehenem [Zagros in the Hell]'. Chya Sociocultural Monthly 2(22), 1–8.
Reuveny, R. , S. A. Mihalache-O'Keef and Q. Li, 2010. 'The Eect of Warfare on the Environment'.
Journal of Peace Research 47(6), 749–761.
Rohi, H. , 2015. 'Aserat-e zist mohitiy-e sedha [Dams Destructive Impact on the Environment]'. Chya Sociocultural Monthly 1(2), 1–8.
Rudaw,2019. 'JingeparezeraniKordestandawadekendrostkerdenibendawrabegiret[Kurdish Environmentalists Ask for Stop of Dam Construction]'. 23 April. Available at: http://www. rudaw. net/sorani/middleeast/iran/220420191 [Accessed 24 April2019].
Sadeghi, M. , M. Malekian and L. Khodakarami, 2017. 'Forest Losses and Gains in Kurdistan Province, Western Iran: Where Do We Stand?'. The Egyptian Journal of Remote Sensing and Space Sciences 20(1), 51–59.
Sayfikaran, F. , 2019. 'Aghaz-e bazdasht-e fa'alan-e mohit-e zist dar Kordestan [Increasing Detention of Environmental Activists in Kurdistan]'. Tribunezamaneh, February. Available at: https://www. tribunezamaneh. com/archives/186392 [Accessed 20 March2019].
Soleimani,K. andA. Mohammadpour,2019b. 'Th eSecuritisationofLife:EasternKurdistanunder the

# شوناسی نەتەوەیی،
# خۆوێناکردن و وێناکردنی ئەوانیتر لە پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

د. شێرکۆ کرمانج

و: ژینۆ ڕۆژبەیان

ئەو پەرتووکانەی لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق بەکار دێن، هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەکرێت بە یەکەم شیکارییەک لەم بوارەدا دابنرێت کە تێگەیشتنێک لەسەر پەرتووکەکانی مێژوو و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، وەک دروستکەری شوناسی نەتەوەی کورد (یان کوردستانی)، هەروەها وێنای ئەویتر و ئەویتربوون لە نێو پەرتووکەکان بخاتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیەگوتارەکان، پۆلینە جیاوازەکان، گومان و ڕای پەیوەست بەم چەمکانە دەردەخات و هەوڵی پەرتووکەکان بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە کورد یان کوردستانی بوون چۆن خراوەتەڕوو دەداتەوە. هەروەها ستراتیژیی بەرپرسەکان بۆ دروستکردنی کۆتێگەیشتن بۆ کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێنێت و باس لەوە دەکات کە ئامانجی پەرتووکەکان بەهێزکردنی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیە کە «کوردستان»ـە لەناو دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیکە کە «عێراق»ـە. بەو ئاکامەش دەگات کە لە سەرەتا گرووپە سامییەکان و مێزۆپۆتامیاییەکان و دواتر عەرەبە موسوڵمانەکان، عوسمانییەکان، سەفەوییەکان و لە کۆتاییدا عەرەبە عێراقییەکان، فارسەکان و تورکەکان کراون بە ئەوانیتر(the Others) بەڵام هیچیەکێکیان بەر توانج نەکەوتون و ناو و ناتۆرەیان بەسەردا نەبراوە، بێبەها یان ڕسوانەکراون. ئەوە بەباشی سەلمێندراوە کە سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەی سەردەمیانە، لە گرینگترین هۆکارەکانی دروستبوونی نەتەوەن (ئەپڵ ١٩٩١، کرافۆرد ٢٠٠٣). کاتێک کە حکوومەت فەرمانی نوسینی پەرتووکی قوتابخانەکان دەدەن، لە زۆرینەی وڵاتە عەرەبەکان و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش، ئەوە حکوومەتەکانن کە ڕێگەکانی دروستکردنی یادەوەریی بەکۆمەڵ و شوناسی نەتەوەیی قوتابییەکان کۆنترۆڵ دەکەن (ناسر، ٢٠٠٤:٢٢١). لە ڕاستیدا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لە گەشەپێدانی سیاسەتەکانی پەروەردە بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندنی قوتابخانە و ئامادەکردنی پلانی فێرکردن، دانانی پرۆگرامی پەروەردە و چاپکردنی پەرتووکەکانی قوتابخانە و پێداویستییە یاریدەدەرەکان (حکوومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩:٩). لەو ڕوانگەیەوە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پەرتووکەکانی قوتابخانە گرینگن، چونکە لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندنی مێژووی نەتەوەکانەوە دەتوانن چیرۆکی نەتەوەیی و نەتەوەبوونی خۆیان کۆبکەنەوە، بگوازنەوە یان بڵاوبکەنەوە(کرافۆرد ٢٠٠٣:٦). هەروەها پەرتووکی خوێندن زۆرجار وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی لە خزمەت چین و توێژ یان گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا بەکاردێن. (ئەپڵ ١٩٩١:١٠).

دوای دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ح.ە.ک) لە ١٩٩١ و بەتایبەت دوای ٢٠٠٥ هەوڵ دراوە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان وەک دروستکەری گوتار، ئایدیۆلۆژی، سیاسەت و شارستانییەت بەکار بهێنێت. وەک حەسەنپوور (٢٠١٢) ئاماژەی پێ دەکات، لەو سیستەمە پەروەردانەی کە لەسەر بنەمای لەبەرکردن و هۆنینەوەی ڕاستییەکان دامەزراون، وەک سیستەمی پەروەردەی کوردستان، پەرتووک ئامرازێکی گرینگە. لەکاتێکدا کە قوتابییەکان تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لەژێر کاریگەریی پەیام و بەهاکانی پەرتووکی خوێندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون (لە ٢٠٠٥ تاکو ئێستا)سەرەڕای ئەمە ئەم کاریگەرییە دەتوانێت بەرچاو و گرینگ بێت. بە گشتی ئاسان نییە ڕۆڵی دەقیقی ئەم پەرتووکانە لە سەرچاوە زانیارییەکانی دیکە وەک

تۆڕە دیجیتاڵـــی و کۆمەڵایەتییـــەکان جودا بکرێتەوە. لە کوردســـتان وەک شـــوێنەکانی دیکـــە نەوەی نـــوێ ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ زیاتر لە ژێر کاریگەریی میدیـــا دیجیتاڵییەکاندان و ئەمە بێگومان کاریگەرییشـــی لەسەرڕۆڵی پەڕتووک، وەک ئامرازی فێرکردن وەپەروەردە و وەک تاکـــە ســـەرچاوەی زانیـــاری، داناوە. ســـەرەڕای ئـــەوە زۆرینـــەی ئەکادیمییەکان هاوڕان لەســـەر ئـــەوەی کـــە پەڕتووکەکان هێشـــتا ســـەرچاوەیەکی گرینگـــن (پـــۆدێ ۶۶:۲۰۰۰-۶۷). لە سیســـتەمێکی پەروەردە وەک ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە گواســـتنەوەی زانیاری، لەســـەر بنەمای فێرکـــردن وەک دەرخوارددان، تاکڕەوییانەیە، پەڕتووک ڕەنگـــە کاریگەریی زیاتری هەبێت چونکە ئەو شێوازانە مامۆستا-ناوەند(teacher-centric) دەکات و گرینگـــی بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نادات، لـــە کۆمەڵگە نەریتییەکان وەک کوردســـتان مامۆســـتا وەک دایبابـــان پێگـــەی بەهێزیـــان هەیە و ئـــەو پەیامانەی پەڕتووکـــەکان کـــە لـــە لایەن مامۆســـتاوە دەگوازرێنـــەوە وەک فەرمانێک دەگەیەنرێنە قوتابییـــان. بـــەم هۆکارانـــەی بـــاس کران، پەڕتووک لە دروستکردنی شوناسی نەتەوە و شوناســـی ئەوانیتردا زۆر گرینگە، توێژینەوەی قووڵی پێویستە کە تا ئێستا پشتگوێ خراوە، ئەم هەوڵە دەچێتە ئەو خانەیەوە.

ئـــەم توێژینەوەیە لەســـەر پەڕتووکەکانی مێـــژووە کـــە لـــە وەزارەتـــی پـــەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان داڕێژراون و بڵاوکراونەتەوە. لە هەرێمی کوردستان، وانەی مێژوو لە دوو قۆناغدا دەگوترێتەوە؛ لە قۆناغی یەکەمدا مێژوو، جوگرافیا و شارستانییەت بە ناوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی چوار تا پۆلی نۆ لە قوتابخانە دەگوترێتەوە. لە قۆناغی دووەم لـــە پۆلـــی ۱۰، ۱۱ و ۱۲ مێژوو وەک وانەیەکی جودا دەگوترێتەوە. ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر هەشت پەڕتووک دەکات، کە پێنج لەوانە لە ئاستی ســـەرەتایی (لە پۆلی چوارتا پۆلی نۆ) و ســـێی دیکە لە ئامادەیی (پۆلی ۱۰ تا ۱۲) دەگوترێنەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لـــە هەرێمی کوردســـتان، شـــێوازی چەندێتی و چۆنێتی بەکارهێنراوە. شـــێوازی چەندێتـــی بـــۆ پێوانەکردنـــی پەڕتووکەکان لەڕووی دووبارەبوونەوەی وشەکان، چەمکەکان یان شوێنەکان بەکار دێت. ئەمە ڕەنگە بچێتە فۆرمـــی چەندێتی کردنی ئـــەوەی پەیامێک، بەهایەک، ناوێک، شـــوێنێک یان ڕێکەوتێک لـــە پەڕتووکەکان چەندبـــارە دەبێتەوە. چوار شێوازیش لەشێوازی چۆنێتیدا بەکاردێت کە یەکەمیان شـــیکاریی وێنەکردنی-مێژوویییە (historiographical analysis) بـــۆ زانینـــی ئـــەوەی کە ئەم بابەتە چەنـــد دەگوازرێتەوە، دووەمیـــان شـــیکاریی بینایییـــە (visual analysis) بـــۆ هەڵســـەنگاندن و بەکاربردنی وێنە و نەخشە و هێڵکارییە، سێیەمی شیکاری بونیادییە(structural analysis) بۆ لێپرســـین لەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و پرۆســـەکان چـــۆن لە ناو پەڕتووکەکاندا هاتوون، واتە چی گوتراوە و چی نەگوتراوە. چوارەم، شـــیکاریی گوتـــارەکان (discourse analyses) دەکرێت بۆ تێگەیشـــتن لە ناوەڕۆکی پەڕتووکەکان کە نووســـەرەکان بەها و گرنگی بە چ زانیاری و گرووپ و ڕووداوێک دەدەن، کامیان بێ بەها و کامیان ئاسایی وەردەگرن. شیکاریی گوتار بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینەکان، ڕوونکردنەوەکان، وێنەکان و نەخشـــەکانیش بەکار دێن تاکوو مانای ڕاســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆی گوتارەکان دەرکەون، هاندەری شاراوەی ناو نووسراوەکان، مانـــای نووســـراوەکان و تەفسیرەکەیان دەردەخات (بڕوانە نیکۆلز ۲۰۰۳:۱۴).

ئەم توێژینەوەیە پۆلینبەندییەکەی بار-تال و هەمەک (۲۰۱۲:۳۰) وەک ستراتیژییەک و چوارچێوەیەکی تیوری بۆ دەستنیشـــانکردنی ناەشـــەروعکردن (delegitimization)

ی ئەوانیتر بەکاردێنێت. بار-تال و هەمەک نامەشرووعکردن بە پێنج دەستە پۆلینبەندی دەکەن: یەکەم، بەنامرۆییکردن (dehumanization): ئەمە بەنامرۆڤکردنی گرووپەکانی دیکەیە و ناونانیانە وەک ئاژەڵ (وەک، دڕندەی ناشارستانی، جورج، سیسرکە)؛ دووەم، وەدەرنراو (outcasting) کە بریتین لەو کەس و گرووپانەی کە بنەماکانی کۆمەڵگە پێشێل دەکەن (وەک، موخەریب، بکوژ، تیرۆریست، جودایخواز)؛ سێیەم، وەسفی کەسایەتی (trait characterization) کە بریتیە لە لکاندنی ئەو ڕەوشتانەی کە زۆر نەرێنی و قەبوولنەکراون لە کۆمەڵگەدا (وەک، هێرشکەر، غازی، شەرانگێز)؛ چوارەم، ناو و ناتۆرەی سیاسی (political labels) کە دەخرێنە سەر ئەو لایەنە سیاسییانەی کە لەبەر باوەڕیان لەلایەن گرووپەکانی دیکەوە ڕەت کراونەتەوە(وەک، فاشیستەکان،داگیرکەران)؛ پێنجەم، بەراوردکردنی گرووپەکان (group comparison) کاتێک گرووپێک ناوێکی زۆر نەرێنی و تەقلیدیی لێدەنرێت (وەک، خوێنرێژ یان مەغۆل). ئەم پۆلێنبەندیی نامەشرووعکردنە، بۆ شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بەکار هاتووە.

یەکەمین قوتابخانەی سەردەمیانە لە کوردستان لە ساڵی ١٨٧٠ لە سەردەمی عوسمانییەکان کرایەوە. پێش ئەوە حوجرە/ مەدرەسە هەبوو کە قوتابی فێری وانە ئاینییەکان دەکرا و دەبوو بە مەلا (مامۆستای ئایینی). زمانی سەرەکیی فێرکردن لە حوجرەکان عەرەبی، فارسی و تورکی بوو و کوردییش بەکار دەهات (کاکەسوور ٢٠٠٤:١٠-١٢).لە سەرەتای دەیەی ١٩١٠ ەوە، کوردەکان بۆ یەکەم جار جەختیان لە حکوومەتە لۆکاڵییەکان و عوسمانییەکان لە ئیستانبوڵ کرد بۆ ئەوەی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان، جێی زمانی کوردی بکەنەوە و بەکاری بێنن. سەرەڕای ئەوە یەکەم قوتابخانە کە فێرکردن تێیدا بە زمانی کوردی بوو، لە دوای ئەوەی بەریتانیا باشووری کوردستانی لە ١٩١٨ داگیر کرد، کرایەوە. دوو لە مامۆستاکان، بە ناوی محەمەد ئەمین زەکی و میرزا محەمەد، بە یارمەتیی دوو ئەفسەری بەریتانی، ڕائید ئی.بی سۆین و نەقیب و. ج. فریل، لە دابینکردنی سەرچاوەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە (کاکەسوور ٢٠٠٤: ٢٦-٢٧، ٣١؛ ئێدمۆندز ٢٠١٢). نزیکەی دە ساڵ قوتابخانەکانی کوردستان پەرتووکی کوردییان نەبوو و دوای ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەمین جار پەرتووکەکان لە عەرەبییەوە وەرگێڕدران بۆ کوردی و چاپ کران. تا ئەو کاتە پەرتووکەکان بە زمانی عەرەبی بوون و زمانی کوردی تەنیا بۆ وانە گوتنەوە و ڕوونکردنەوە بەکار دەهات. لە دوا ساڵەکانی سەردەمی پاشایەتی (١٩٥٧-١٩٥٨)، بیست و هەشت پەرتووکی کوردی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەکار دەهاتن کە زۆرینەیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردرابوون. کۆتایی هاتنی پاشایەتی، بوو بە کارئاسانی بۆ هەندێک گۆڕانکاریی بچووک لە پەرتووکەکان و پرۆگرامی خوێندن. دوای گۆڕانەکانی ساڵی ١٩٥٨ تاکو دەیەی ١٩٧٠، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ڕێگربوون لەوەی خوێندنو پەروەردە بە زمانی کوردی بن. لە دەیەی ١٩٧٠ ڕێکەوتنێک لە نێوان بەرپرسانی عێراقی و سەرکردایەتیی کورد مۆرکرا (کە بە بەیانی ١١ ئادار ناسراوە)، لە ئاکامدا زمانی کوردی لەو ناوچانەی عێراق کە زۆرینەیان کوردن لە پاڵ زمانی عەرەبی کرا بە زمانی فەرمی(بێنجیۆ ٢٠١٢:٤٧-٤٨). پاش ئەوە، ژمارەیەکی بەرچاو پەرتووک چاپ کران، هاوکات هۆنراوە و نووسینی ڕەسەنی کوردی هاتنە ناو پەرتووکە لە عەرەبی وەرگێڕدراوەکان، کە تا ساڵی ١٩٨٥، پەرتووکی هەموو وانەکان لە پۆلی یەکەمی

سەرەتایی تاکو دوا پۆلی ئامادەیی بە زمانی کوردی بەردەست بوون، ژمارەیان تا ساڵی ١٩٨٤ دەگەیشت بە ٢٢٥ پەڕتووک، کە لەمانە پازدەیان لە دەیەی ١٩٢٠ بڵاو ببوونەوە، چواردەیان لە ساڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٥٠، بیست و سێیان لە دەیەی ١٩٥٠، و بیستیان لە دەیەی ١٩٦٠ کە هەمووی دەگەیشتە حەفتا و دوو دانە. لە دوای ١٩٧٠، زیاتر لە ١٥٠ پەڕتوکی دیکە چاپ و بڵاوکرابوونەوە و لە قوتابخانەکان بەکاردەهاتن (کاکەسوور ٢٠٠٤؛ حەسەنپوور ٢٠١٢).

سەرەڕای ئەو ژمارە بەرچاوە لە پەڕتووک بە زمانی کوردی، ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی عێراق بە ئاشکرا پشتگوێخستنی مێژوو و فەرهەنگی گرووپە نەتەوەییەکانی ناو کۆمەڵگەکانی عێراق، کە غەیرەعەرەبەکان بوون دەبینرا (کرمانج ٢٠١٣: ١٤١-١٤٢، ٢٣٣-٢٤٣؛ الربیعی ١٩٧٢: ١٨٢). ئەو پەڕتووکە مێژووییانەی عێراق کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢١ تا ٢٠١١ بڵاوبوونەتەوە، بە تێڕوانینی عەرەبە سونییەکان یان عەرەبە شیعەکان نووسراون و بە تەواوی دیدی کورد جێگەی نەکراوە. لە ڕاستیدا لە پەڕتووکە مێژووییەکانی عێراقی لە ساڵەکانی ١٩٧٦ تا ٢٠١٠وشەی «کورد»، «تورکمان» و «کەلد و ئاشوری»، لە هیچ شوێنێکیدا نەهاتووە.١ لە تەواوی پەڕتووکەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانی عێراق (٢٠٠٣-٢٠١٢) تەنیا لە دوو دێر دا ئەویش بە هەڵە باس لە کورد کراوە.٢ ئەو دوو دێرە دەڵێت لە بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق هەزاران عێراقی بوونە قوربانی (مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەب، پۆلی سێیەمی ناوەندی ٢٠١١ب:٩٢). ئەم دوو دێرە بە هەڵە لەنێو برگەیەک دانراوە بە ناوی «سەرهەڵدانی ١٩٥٦ و شۆڕشی ١٩٥٨» کە باس لەم دوو ڕووداوە و هەروەها پێشکەوتنە سیاسییەکانی میسر دەکات. لەوبرگەیەدا لە ناکاو پچڕانێک دەبینرێت و ئەو دوو دێرەی تێ ئاخنراوە کە باس لە هەڵەبجە دەکات و زۆر بێبایەخانە یەکسەر دوای ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر باسی»سەرهەڵدانی ١٩٥٦ و شۆڕشی ١٩٥٨».

لە ساڵی ١٩٩١ و لە ئاکامی شەڕی یەکەمی کەنداو و ڕاپەڕینی کوردەکان، دەستنیشانکردنی ناوچەی دژەفڕین لە بەشێکی گەورە لە هەرێمی کوردستان، کشانەوەی حکوومەت و دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی عێراقی لێ کەوتەوە، کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی «ح.ە.ک»ی بەدوای خۆیدا هێنا. لە مانگی تەمووزی ١٩٩٢ سەردەمێکی نوێ بۆ کوردەکان لە عێراق دەستی پێ کرد کە سەربەخۆ و لەژێر بەرپرسیاریەتیی خۆیان دەست بکەن بە دانان و بەرەوپێش بردنی پەڕتووکەکانی قوتابخانە و پرۆگرامی خوێندن و سەرچاوەکانی فێرکاری. هەرچەندە لەبەر کەمیی سەرچاوە داراییەکان و ناکۆکی و ململانێکانی نێوان یەکێتیی و پارتی لە دەیەی ١٩٩٠ و ئابڵۆقەی ئابوری لەلایەن حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر کوردستان، کوردەکان نەیانتوانی پەڕتووکەکانی سەردەمی ڕژیمی بەعس بگۆڕن یان باشتری بکەن. نزیکەی ١٤ ساڵ (١٩٩١-٢٠٠٥) و سەرەڕای سەربەخۆییەکی ڕێژەیی، کوردەکان هەر ئەو پەڕتووکانەیان بەکار دەهێنا کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بەکار دەهاتن بەڵام پەڕتووکەکان لەو بابەتانەی کە لە دیدی بەعسەوە نوسرابوون و لایەنگری عەرەبەکان بوو یان مانا و تێگەیشتنی شۆڤێنیستییانەیان لەخۆ گرتبوو «پاک و خاوێن» کرانەوە. بە قسەی کوردەکان (سادق عوسمان و عومەر شەریف ٢٠١١: پەیوەندی ڕاستەوخۆ ٦ نیسان) بە مەبەستی زیاتر پاکنوسکردن و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بابەتانەی لە پەڕتووکە عێراقییەکان سڕابوونەوە، مامۆستا

کوردەکان چەند نامیلکەیەکیان وەک پاشکۆ بۆ پەرتووکەکان دروست کردبوو.

دوای ساڵی ٢٠٠٥ و لە ئاکامی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی عێراق و زۆر بوونی داهاتی ح.ه.ک، وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ژمارەیەکی بەرچاو پەرتووکی چاپ کرد کە لە لایەن مامۆستایانی کوردەوە نووسرابوون، لەنێویاندا پەرتووکەکانی مێژوو بۆ قوتابخانەکان کە بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکار هاتوون. ئەوانەی لێرە تاوتوێ کراون چاپی دووەمی ئەو پەرتوکانەن کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠١١ داڕێژراون و لە قوتابخانە حکومییەکانی هەرێم بەکار دێن. یەکەم چاپی ئەو پەرتووکانە لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ بووە. هاوکات، چەندین قوتابخانەی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە کە هەندێکیان پەرتووکەکانی مێژوویان جیاواز لەوانەی قوتابخانە حکومییەکان بەکاردێنن. نزیکەی ملیۆنێک و پێنج سەد و دوو هەزار قوتابی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان دەخوێنن کە بیست هەزار لەوانە بۆ قوتابخانە ئەهلییەکان دەچن (کەوکەس عەزیز ٢٠١٢: پەیوەندی ڕاستەوخۆ ١٥ حوزەیران). واتە تەنیا ١.٣٪ قوتابییەکانی کوردستان لە قوتابخانە ئەهلییەکان دەخوێنن، بۆیە پەرتووکی ئەو قوتابخانانە لەم توێژینەوەیەدا شرۆڤەنەکراون.

## شوناسی کوردی/کوردستانی لە پەرتووکەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی ح.ه.ک

دروستکردن و زیندوو ڕاگرتنی کۆیادی هەر نەتەوەیەک، بەشێکی دانەبڕاوە لە دروستبوون و گەشەکردنی نەتەوەکە. بۆ ئەم مەبەستە نووسەرەکانی پەرتووکەکانی خوێندن لە ح.ه.ک هەوڵ دەدەن کۆیادێک، ڕاستی یان خەیاڵی، بۆ کوردان/کوردستانیان دروست بکەن کە ئێستا بە ڕابردوو پەیوەست بکات و نەوەی نوێش بەمە هان بدەن. بۆ ئایدیۆلۆگەکان و بنیاتنەرانی نەتەوە زۆر گرینگە زانیارییە دیاریکراو و تایبەتەکان (وەک کۆیاد) بە سەرکەوتوویی بخزێنرێنە مێشکی گەنجان تاوەکو ببن بە ئەندامێکی پابەندو کارای کۆمەڵگە، هاوکات شوناسێکی بەکۆمەڵبۆیان دروست ببێت (پۆدێ ٦٥:٢٠٠٠).

شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگەی چیرۆکە مێژووییەکان، خۆوێناکردن، جیاکردنەوە و ناساندنی سنوورە جوگرافیاییەکان، ڕەچەڵەکییەکان و سیاسییەکانی نێوان کوردان/کوردستانیان و ئەوانیتر دروست دەبن و دروست دەکرێن، جا چ پەیوەست بن بە ئێتن، نەتەوە یان جوگرافیا. لە ڕاستیدا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مێژووی کوردی/کوردستانی مێژوویەکی دوور و درێژە، پەرتووکەکانی خوێندن هەموو باس و خواستێکیان (ڕاستیی یان ئەفسانەیی) بەکار هێناوە. کوردستان وەک وڵاتێک و نەتەوەیەکی کۆن وێنە کراوە. بەپێی پەرتووکەکان کۆمەڵە گرووپێک لەوانە سۆمەرییەکان، لولوبییەکان، گووتییەکان، کیرتوییەکان، کاردۆخییەکان و مادەکان لە «کوردستانی کۆن» دەژیان کە بەپێی پەرتووکەکان شوێنێک بووە کە «کیوەکانی زاگرۆس و ڕۆژهەڵات و باکووری مێزۆپۆتامیای لە خۆ گرتبوو» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکانپۆلی ٧ ، ٢٠١٠ : ١٢٤-١٣٢ پۆلی ٥ ، ٢٠١٠ : ٥٣-٥٥).

دەگوترێت کە لولوبییەکان و گووتییەکان، «کۆمەڵێک گرووپی کوردی کۆن» بوون کە یەکەم دەوڵەتی کوردییان زیاتر لە چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەکە بنیات نا، کە مەبەستی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوکی ئێستا (مێژووی شارستانییەکان، پۆلی ١٠، ٢٠١١ : ١٠-٢٢). بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی گەلی کورد، هاوکات، بەستنەوەی ئەو مێژووە بە کوردەکانی ئێستا،

نوسەرانی پەرتوکەکان رۆژژمێریکی کوردییان داهێناوە. رۆژژمێرەکە لە داگیرکردنی نەینەوا بە دەست مادە کوردەکانەوە دەست پێ دەکات کە دەکاتە ٦١٢ پێش زایینی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٤ ، ٢٠١١ : ٤٧-٥٣)، مەبەست لەمە دەرخستنی ئەوەیە کە رۆژژمێری کوردی شەش سەدە لە رۆژژمێری گریگۆری کۆنترە. ئەم رۆژژمێرە کوردییە بە فەرمی لەگەڵ رۆژژمێری گریگۆری و ئیسلامی لە هەرێم بەکار دێت. پەرتووکەکان زیاترین گرینگییان بە پەیوەندیی کوردی ئێستا و مادەکان داوە تاوەکوو گرووپە کوردە کۆنەکانی دیکە. بەپێی پەرتووکەکان، مادەکان باوباپیری نەتەوەی کورد بوون کە لە کوردستان ژیاون و فەرهەنگ و شارستانییەت و دەوڵەتی خۆیان بنیات ناوە. ئەوەی کە مێژووی کورد بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، وەک پەرتووکەکان پێداگریی لەسەر دەکەن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم مێژوویەکی هاوبەش و هەم رەچەڵەکێکی هاوبەش دروست بکرێت بۆ کورد، کە خۆی لە شکڵ گرتن و دروستبوونی هەر نەتەوەیەک زۆر گرنگە.

وشەی کوردستان بە مانای «نیشتمانی کوردەکان» دێت، کە لە راستیدا و بەپێی پەرتووکەکانی خوێندن «لانکەی شارستانییەتە». پەرتووکەکان بە تایبەت تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە کشتوکاڵ یەکەم جار لە گوندێک بە ناوی»چەرمۆ» لە نزیک کەرکوک داهێنراوە کە لە ئاکامی لە کۆنەوە نیشتەجێبوونی مرۆڤ بووە لەو شوێنە. جگە لە گرینگیی مێژوویی چەرمۆ، شوێنەکەشی کە نزیک کەرکووکە لە پەرتووکەکاندا زۆر باس کراوە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٧ ، ٢٠١٠: ١٣٥-١٣٧؛ پۆلی ٥، ٢٠١٠: ٤٨-٤٩). زۆر باس کردنی کەرکووک لە مێژووی کۆنی کوردستاندا ئامانجێکی دیکەی هەیە. لە مێژووی نوێی کوردستان کەرکوک هەمیشە جێگەی سەرنج و ململانێ بووە لە پەیوەند بە ناوچە جێ ناکۆکییەکان (رەعفەت ٢٠٠٨؛ نایتس و عەلی ٢٠١٠). نووسەرەکانی ئەو پەرتووکانە، ئامانجیان لە زۆر باسکردنی کەرکوک وەک شارێکی کوردستانی ئەوەیە زیاتر پێداگری لە هێنانەوەی ئەم ناوچەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەن. هاوکات، کوردستان وەک «یەکەم نیشتمانی نەوەی دووەمی مرۆڤ» باس کراوە، چونکە ئاسەواری نیاندێرتاڵەکان لە ئەشکەوتی شانەدەر لە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە. شوێنەواری کۆنی دیکەیش وەک ئەشکەوتی هەزارمێرد، ئەشکەوتی زارزی، گوندی چەرمۆ و پەیکەری حاکمی ئاکادیان نارامسین، کە لە کوردستان دۆزراوەتەوە، بەردەوام لە ناو پەرتووکەکاندا باسکراون (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٧ ، ٢٠١٠ : ١٣٦-١٣٧ ؛ پۆلی ٥ ، ٢٠١٠ : ٥١-٥٢).

پەرتووکەکانی وانەی مێژوو هەوڵ ئەدەن بێهاوتابوون و تەباییەک لە رێگەی زیندوو کردنەوەی ئەم بیرەوەرییە هاوبەشانەی ئەم دواییانە دروست بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک لەم پەرتووکانە وێنەی بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هەروەها کۆڕەوی کوردەکان کە لە ناو کوردان بە کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ ناسراوە، لەسەر بەرگی پەرتووکەکان و لە ناویاندا دەر بخەن (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ١٢ ، ٢٠١١ : ٢١١ ؛ پۆلی ٤ ، ٢٠١١ : ٦١ و بەرگەکەی). بۆ سەرنجی زیاتر لەسەر ئەم بابەتانە داو لە قوتابییەکان کراوە چەندین رێکەوتی رووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان لە عێراقدا بناسێنن، لەمانە، ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ (راپەڕینی بەر دەرکی سەرا لە سلێمانی لە دژی رژێمی پاشایەتی)، ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ (دەستپێکی شۆڕشی کورد لە دژی عەبدولکەریم قاسم) و ١٦ ی ئاداری ١٩٨٨ (بۆردوومانی کیمیایی هەڵەبجە بەدەست رژێمی سەدام حوسەین)، تەنیا

چەند نموونەیەکن (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٦ ، ٢٠١١ : ١١١).

دانانی وێنەی شوێنەوارە کۆنەکان لەسەر بەرگی پەرتووکەکان بۆ ئەو مەبەستەیە کە قوڵاییی مێژووی شارستانییەتی کوردستان نیشان بدات و هەستی شانازیکردن و هەبوونی پێگەیەکی شایستە بە مێژووی کورد و کوردستانییان ببەخشێت.ئەم ستراتیژییە هاوکات یادەوەرییە تاڵەکان زیندوو رادەگرێت، بەمەش، واتە بە دروستکردنی بیرەوەریی هاوبەش، پەیوەندیی نێوان نەوەی کۆن و نوێ پتەوتر دەکات و رادەگرێت. وێنە و ناوەرۆکی پەرتووکەکانی خوێندن بەردەوام هەڵسوکەوتە نەشیاوەکانی بێگانەکان بەرانبەر کوردەکان نیشان دەدەن، ئەمەش هەستێکی هاوبەشی بە قوربانی بوونی کوردان لە لایەن ئەوانیترەوە نیشان دەدات. لەم چوارچێوانەدا ئەوە رژێمی عێراقییە نەک عەرەبی عێراقی کە وەک چاوچنۆک و کۆلۆنیالیست نیشان دراوە، وەک ئەوەی کە بار-تاڵ و هەمەک (٢٠١٢ : ٣٤، ٣٦-٣٧)لە پەیوەندی لەگەڵ بەنامەشرووع کردنی ئەوانیتر دەستنیشانیان کردوە. بابەتی خۆ بەقوربانی زانینی دەستەجەمعیی کوردان لە ناوەرۆکی پەرتووکەکان دێتە دەرەوە و کورد وەک قوربانیی رژێمە ناحەزەکانی عێراق دەردەخات.

لە کاتێکدا کە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو بەکار دێن بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بگەیینرێت کە کورد کێیە و لە کوێوە هاتووە، پەرتووکی جوگرافیا وەک ئامرازێک بەکار دێت تا شوێنی ژیانی کوردان و سنوورەکانی نیشتمانەکەیان لە رێگەی نەخشەزانییەوە دەستنیشان بکات و نیشان بدات. بە سنوورکێشان بۆ کوردستان لە نێو وڵاتانی دراوسێ بەرجەستەبوونی نیشتمان دروست دەکرێت. لە پەرەی یەکەمی یەکێک لەو پەرتووکانە، داوا لە قوتابییان کراوە کە وڵاتی خۆیان لەسەر نەخشە دیاری بکەن. جێی سەرنجە کە بۆ ئەوەی قوتابییان کوردستان بە هەڵە بە عێراق تێنەگەن لە بەشێکدا لە ژێر پرسیارەکە پەرتووکەکە وەبیر قوتابییان دێنێتەوە کە «هەرێمی کوردستان وڵاتی ئێمەیە کە لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی عێراقدایە» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٤ ، ٢٠١١: ٦).

لە باسی تۆپۆگرافیای کوردستان هەموو هەوڵێک بەکار هاتووە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکرێت کە حەمرین «سنووری باشووری کوردستانە وە کوردستان لە ناوەراست و باشووری عێراق جیا دەکاتەوە» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٤٩ ؛ پۆلی ٥ ، ٢٠١١: ٨ ؛ پۆلی ٤، ٢٠١١ : ٤، ٨). ئەوەندە بە زۆری باسکردن لە سنوورەکانی کوردستان، ستراتیژییەکە بۆ تیشک خستنە سەر شوناسی خاکی/نیشتیمانیی کوردستان کە بەشێکی دانەبراو بووە لە پرسی کورد لە عێراق (کرمانج ٢٠١٣: ٨٠، ١٠٣، ١١٣-١١٦، ٢١٤). لە راستیدا زۆربەی ئەو ناکۆکییانەی کە چەند دەیەیەک درێژەیان کێشاوە لە ناوەرۆکدا لەسەر خاک، چارەی خۆ نووسین، سەربەخۆیی، دەوڵەتبوون، سەرچاوەکان و شوناس بوون (بار-تاڵ و هەمەک ٢٠١٢ : ٣٤).

وشەی عێراق وەک شوێنێکی جوگرافیایی، حکوومەتێک، وڵاتێک یان نیشتمانێک، زۆر کەمتر ئاماژەی پێ کراوە لە بەرانبەر وشەی کوردستان بۆ ئەم چەمکانە. لە کاتێکدا بەشی جوگرافیای پۆلی ٦ تەرخان کراوە بۆ جوگرافیای عێراق، ناوەرۆکەکەی زیاتر لەسەر هەرێمی کوردستانە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٦ ، ٢٠١١ : ٣-٦٦). بە گشتی وشەی عێراق بە مانایەکی نەرێنی بەکار هاتووە وەک ئەوانەی کە بار-تاڵ و هەمەک، وەک چەمک و کارەکتەر لەمەڕ نامەشرووع کردنی ئەوانیتر دەستنیشانیان کردون. بە گشتی عێراق زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتە توندوتیژەکانی

ڕێژیمەکانــی عێراقدا ئاماژەی پــێ کراوە و، باس کــراوە کە بوون بە هــۆی لەناو بردنی دارســتانەکان لە هەرێمی کوردستان یان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی کە گوایە حکوومەتی عێراقی بەردەوام بەڵێنی بە کوردەکان داوە … بەڵام قەت بەڵێنەکانی بەجێ نەهێناوە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلــی ٦، ٢٠١١ : ١١٨ ؛ پۆلی ٥، ٢٠١٠ : ٢١). ئەم ڕستە و بیرۆکەیە کراوە بە مەشــقێک بۆ قوتابییان تاکو کاری لەسەر بکەن. وشەی عێراق تەنیا لە پەیوەندیی ئێســتادا، ٢٠٠٣ تاکو ئێستا کە سیستەمێکی سیاسیی فیدراڵە بە ئەرێنی باس کراوە. سەیر ئەوەیــە کە عێراق بــە دوو هەرێمی فیدراڵ پۆلینبەنــدی کراوە، هەرێمی کوردســتان و هەرێمی عێــراق (بابەتــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلــی٩، ٢٠١١ : ٤٧ ؛ پۆلی ٦، ٢٠١١ : ٤). ئەمە ئەوە نیشــان دەدات کە پەرتووکەکانی خوێندن لە قوتابخانــەکان نەتەنیا بیرۆکەی ناسیونالیزمی کوردییان تێدایە بەڵکو خەون و خولیای ڕێکخستنی عێراقیێکیش لەخۆدەگرن بە بنەما لەسەر دوو هەرێمی فیدراڵی.

پەرتووکەکانــی خوێندن لــە هەرێم زۆر بە کەمی وێنەی شــارەکانی عێراقیان تێدایە، زۆربەی وێنــەکان هی شــارە کوردییەکانن. گرینگتر لەوەش ناوەڕۆکی وێنەکان پرســی نەتەوە و خاک و شوناســی کورد دەردەخەن. وێنەی کەرکوک ئێجگار زۆر لە پەرتووکەکاندا دەردەکەوێت کە ئاماژەیەکی بەردەوامە بەوەی کە «شــارێکی کوردی/کوردســتانیی کۆنە» و جەخت لەســەر ئەوە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دانیشــتوانی ئەم شــارە کوردن و ئەوەی کە ئەم شــارەی کردۆتــە ئامانجــی «کەمپەینە توندوتیژەکان وەک کەمپەینی بەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژی لە لایەن ڕێژیمەکانی پێشووتری عیراقەوە» شوناسی کوردیی شارەکەیە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٩٠، ١١٢ ، ٢٢٢ ؛ پۆلــی ٥، ٢٠١٠: ٢٧ ؛ پۆلــی ٤ ، ٢٠١١: ٥٧). وشــەی عێراق هیچکات لەسەر ئەو ناوچانە دەرناکەوێت کە وەک کوردستان ناسراون، بەڵکو لەژێر سنوورەکانی کوردستان دەردەکەوێــت، وەک بڵێی عێــراق وڵاتێکی دیکەیــە (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٤ ، ٤٧؛ پۆلی ٦، ٢٠١١: ٤؛ پۆلی ٥ ، ٢٠١٠ :١٢؛ پۆلی ٤ ، ٢٠١١: ٣٨).

تێگەیشــتنی پەرتووکەکانــی ح.ە.ک بە نیســبەت چەمکی شوناســی نەتەوەییی کوردی و کوردســتانی، سەرلێشێواوییەکی تا ڕادەیەک سەیروسەمەرەی پێوە دیارە.هەرێمی کوردستان شوێنی ڕەچەڵەک و ئایین و کلتورە جیاوازەکانــە و لە زۆرێک لــە پەرتووکەکان هانــی ڕۆحــی تەبایــی و هاوئاهەنگی دراوە و ئامــاژە بــە جەژنــی گرووپــە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان کراوە، هاوکات هەرێمی کوردســتان وەک کۆمەڵگەیەکی فرە-ئایین و فرە-نەتەوە و فرە-کلتور بــاس کراوە (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٩ ، ٢٠١١: ٩٠؛ پۆلــی ٥ ، ٢٠١٠:١٠). هەرچەنــدە لەگــەڵ ئەوەی باســی فرەیی کراوە، بەڵام کوردبوون وەک چەقی پێناســەی شوناسی نەتەوەییی کوردســتانی بینــراوە. پەرتووکــەکان لــەم ڕەوتەدا چەمکــە گرینگەکانی وەک نەتەوە و هاووڵاتیبوون تێکەڵ دەکەن و شێوێنراون.

بۆ نموونە، لە مەشقێکدا کە بۆ قوتابیە ١٠ ساڵانەکانە، باسی «کۆڕەوە گەورەکەی کورد» دەکات دەڵێــت: «دانیشــتووانی کوردســتان بەرەو چارەنووســێکی نادیار شــوێنی ژیانی خۆیان بەجێهێشــت و چۆکیان بۆ حکوومەتە ستەمکارەکە دانەدا» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٤، ٢٠١١:٥١). هەرچەندە کۆڕەوەکە بە ڕاشــکاوی وەک کۆڕەوی کوردەکان پێناسە کراوە، بەڵام پەرتووکەکە باس لەوە دەکات کە «دانیشتووانی کوردســتان» زەرەرمەندی ئەم پرسە بوون. دیارە نووسەرەکان لەم نموونەیەدا وشــەی کورد و کوردستانیان تێکەڵ کردووە چونکە دانیشــتووانی کوردستان بەس کورد نین بەڵکو تورکمەن، کەلد و ئاشوورییەکان و

هی دیکەشن و لە هەندێک شوێن، بە هەڵە ئەم زاراوە و چەمکانە بەکارهاتون. بە هەمان شێوە، دەستەواژەی»نەتەوەی کوردستانی« و «خەڵکی کوردستان» وەک هاوماناا بۆ «نەتەوەی کوردی» و «خەڵکی کورد» بەکار هاتوون. لە کاتێکدا کە دیار نییە سەبەبی ئەم بە هەڵە بەکارهێنان و تێکەڵ کردنە چیە، دەکرێت پەیوەندیی بەوەوە بێت کە لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا، دەستەواژەی»نەتەوەی کورد« بۆ نیشاندانی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کوردی بە کار هاتووە، ئەمە لەوکاتەدا بووە کە کوردەکان حوکمڕانییەکی خۆماڵیان نەبووە. بەڵام لە دوای دامەزراندنی ح.ە.ک لە ١٩٩٢ دەستەواژەی «نەتەوە یان گەلی کوردستان» وەک جێگرەوەیەک بۆ «نەتەوەی کورد» سەری هەڵداوە و تا ڕادەیەک هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گوشاری چینی ڕۆشنبیر و ناسیۆنالیستە مەدەنییەکان کە لە کێشەئامێزیی ماناکانی دەستەواژەی «نەتەوەی کورد» باشتر تێگەیشتوون. هەرچەندە هێشتا لە هەندێک بازنەی سیاسی، ئەم جێگرەوەییە ڕووی نەداوە و پێویستە ڕووبدات بەڵام ئەزمون و ئەدەبیاتی هەرێمی کوردستان دەریدەخەن کە ژمارەی ئەوانەی لە نەوەی نوێ جیاوازیی ئەم دەستەواژانە دەکەن ڕوو لە هەڵکشان (عەزیز ٢٠١١).

هەرچەندە کە پەرتووکەکان زۆر بەنابەدڵی و کرچوکاڵی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق و کوردەکان وەک هاووڵاتیی عێراقی دەناسێنن، بەڵام بە کەمی برەو بە بیرۆکەکانی پانکوردی دەدەن. دەرخستنی کوردستان چ لەنێونەخشەی سیاسیی عێراق یان وەک بەشێک لە کوردستانی گەورە، کێشەیەکی بەردەوامی بۆ ناسیۆنالیستە کوردەکان، لە پەیوەندی بە کاریگەرییان لەسەر نوسین و گەشەپێدانی پەرتووکەکانی خوێندن لە ح.ە.ک داناوە. بە پێی پەرتووکەکان، کوردستان لە ١٩٢٣ چوار پارچەکرا و بەشی ڕۆژهەڵاتی لە ژێر کۆنترۆڵی ئێران وەک خۆی ماوە، بەشی باکووری کەوتە ژێردەستی تورکیا و باشووری لکێنرا بە عێراق. بەشێکی بچووکیش لە کوردستان خرایە سەر سوریا (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢٤٣؛ پۆلی ٥، ٢٠١٠: ٧).لەپاڵ بەکارهێنانی دەستەواژەگەلی وەک باکوور، باشوور یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دەستەواژەگەلێکن ماناکانی پانکوردیزم لەخۆ دەگرن، پانکوردیزم لەناو پەرتووکەکانی ح.ە.کبە دەربڕینی دیکە و نوێ جێگەی بۆ خۆی کردۆتەوە. پەیوەندی دروستکردن لەنێوان ئەو بۆنە و ڕووداوە مێژووییانەی لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدەنو ئەوانەی لە پارچەکانی دیکە ڕوودەدەن وەک نموونە لەمەڕ ئەم پرسە دەکرێت بەکاربێن. ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە کوردستانی گەورە ڕوودەدەن، لە پارچەکانی دیکەش یاددەکرێنەوە و ئاهەنگیان پێ دەگێڕن. لێرەدا جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)، باکووری کوردستان(کوردستانی تورکیا) یان باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) (چاو بکەن لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ١٣٠-١٧٦؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٦، ٢٠١١: ١٠٣-١٢٩). سەرەڕای ئەمە، لە پەرتووکەکاندا، پرس و کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە عێراق، زۆرترین سەرنج وەهەڵوەستەیان لەسەر کراوە.

## وێناکردنی ئەویتر: دروست کردنی شوناس لە ڕێگەی جیاوازی دانان و وەدەرنان

شوناسی نەتەوەیی، وەک تریاندافیلیدو (١٩٩٨ : ٥٩٣) پێناسەی کردووە، جیاوازی دانانە لەگەڵ نە تەنیا ئەو گرووپە ئیتنی و نەتەوەییانەی لە ناوەون، بەڵکو ئەوانەیش کە لە دەرەوەن. لە ڕاستیدا وەک ئەو دەڵێت،

شوناسی نەتەوەیی، زیاتر بە خۆجیاکردنەوە لە ئەوانیتر واتای دەبێت و دەردەکەوێت. ئەمە ڕەوتێکە کە بە زۆری لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک بەکار هاتووە. لەو مێژووەی کە پەڕتووکەکان ڕووماڵیان کردوە، ئەوەی کە ئەوانیتر پێکدێنن، بە پێی گۆڕانی زەمان و کات دەگۆڕێن. بۆ نموونە، شارستانییەتە کۆنەکانی ناوچەکە کراونەتە دوو بەش، «شارستانییەتی کوردستانی» و باقی شارستانییەتەکان (وەک عێراقی، میسری، هیندی، یۆنانی و ڕۆمی). بەشی جیاواز تەرخان کراوە بۆ «مێژووی کۆنی کوردستان» و «عێراق لە سەردەمە کۆنەکان». گرووپە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانیش وەک «گرووپە نەتەوەییە کۆنەکانی کوردستان» و «گرووپە نەتەوەییە کۆنەکانی عێراق»، پۆلینبەندی کراون. بەو پێیە گرووپەکانی مێزۆپۆتامیا وەک ئاکادییەکان، بابلییەکان و ئاشوورییەکان، کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردووە وەک ئەوانیتر ناسێنراون. (مێژووی شارستانییەکان، پۆلی ١٠، ٢٠١١: ١٠-٢٢، ٢٧-٧٦؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٧ ، ٢٠١٠: ١١٠-١٢١، ١٢٤-١٣٢). واتە شارستانییەتی عێراق و گرووپە سامییەکان وەک ئەوانیتر دەبینرێن. بە وێناکردنی شارستانییەتی سوبەرییەکان، لولوبییەکان، گوتەکان، کیرتوییەکان، میتانییەکان، کاردۆخییەکان و مادەکان وەک کوردستانی و سومەری، ئاکادی، ئاشووری و بابلییەکان وەک شارستانییەتی عێراقی، مێژووی جیاواز بۆ کوردەکان بنیات نراوە. لە ڕووی جوگرافیاوە ئەو گرووپانەی کە لە باشووری عێراق نیشتەجێ بوون (بە سومەرییەکانیشەوە بە سامی هەژمار ناکرێن) وەک ئەوانیتر تەماشاکراون. بە هەمان شێوە، ئاشوورییەکانیش لەگەڵ ئەوەی بە پێی پەڕتووکەکان لە کوردستان نیشتەجێ بوون، بەڵام هەر بە ئەوانیتر هەژمار کراون. چاوپۆشی کردن لە فاکتەرە جوگرافیاییەکان لەجیاکردنەوەی شارستانیەتی کوردستانی و شارستانیەتی عێراقی، بەو مانایەیە کە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک ڕەچەڵەک و باوباپیرانی هاوبەش لە پێناسەکردنی ئەوانیتر ڕەچاو دەکەن.

بە پێی پەڕتووکەکانی ح.ە.ک وشەی کوردستان لە دوو بەش پێک دێت: «کورد» کە ناوی نەتەوەی کوردە کە لە ڕەچەڵەکی ئارییین و دووەم بەش، پاشگری «ستان» کەبە مانای نیشتمان دێت، واتا نیشتمانی کوردەکان. گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ ئارییەکان بۆ ئەو مەبەستەیە کە کوردەکان لە عەرەبەکان کە بە سامی هەژمار دەکرێن جیابکاتەوە. ئەو شارستانییەتانەی کە وەک هیندوئەورووپی هەژمار کراون، وەک میتانییەکان و مادەکان، وەک بەشێک لە شارستانییەتەکانی کوردان تەماشا دەکرێن کە کوردەکان خۆیان دایانمەزراندوون. پەڕتووکەکان، ئیمپراتۆریەتی مادەکان بە یەکەمین ئیمپراتۆریەتی کورد لە مێژوودا دادەنێن. بە پێی ئەم دنیابینییە، نیشتمانی کورد ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە خەڵکانی بە ڕەچەڵەک هیندوئەوروپی لێی نیشتەجێ بوون. لە کاتێکدا پەڕتووکەکان ئیمپراتۆریی مادەکان بە یەکەم ئیمپراتوریی کوردی دادەنین بەڵام تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە لە ژێر حوکمڕانیی مادەکان بوون بە نیشتمانی کوردان دانانێت (بۆ نموونە ئەو ناوچانەی کە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی سامی بوون و دواتر خراونەتە ژێر ڕکێفی مادەکان). لە ڕووی جوگرافییەوە، پەڕتووکەکان ناوچەکانی باشووری حەمرین وەک خاکی ئەوانیتر دادەنێن. ئەم پەڕتووکانە بوونی گرووپە سامییەکان لەسەروی چیاکانی حەمرین، بە هێز و بوونێکی دەرەکی ناودەبەن.

دوای سەر هەڵدانی ئیسلام، عەرەب (وەک گرووپێک) نەوەک ئیسلام (وەک ئایینێک) لە پەڕتووکەکان بە ئەوانیتر وێنادەکرێت. جێی سەرنجە کە نووسەرەکانی پەڕتووکە

مێژووییەکانی ح.ە.ک وشەی»عەرەب» لە سەردێڕی مێژووی عەرەبی ئیسلامی و شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی دەسڕنەوە. لە ناوچەکانی دیکەی عێراق ئەم وشەیە کە لەلایەن ڕێژیمی پێشووش بەکار هاتبوو وەک خۆی ماوەتەوە (بڕوانە: مێژووی عەرەبی ئیسلامی، پۆلی٢ناوەندی، ٢٠٠٣؛ مێژووی عەرەبی ئیسلامی، پۆلی ٢ ناوەندی، ٢٠٠٩). پەرتووکەکانی ح.ە.ک هاتنی ئیسلام بۆ هەرێمی کوردستان وەک «فراوانخواز»ی وەسف دەکات چونکە عەرەبی هاوردەی ئەو ناوچانە کرد کە دواتر و ئێستاش بە کوردستان ناویان دەبات (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٨، ٢٠١١:١٢٢، ١٢٧).هاتنی عەرەبەکان هاوکات لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئیسلام لە ناوچەکە، لە دیدی پەرتووکەکانەوە وەک یەکەم هەڵمەتی بەعەرەبکردنی کوردستان دەبینرێت. هەرچەندە حاکمانی ئیسلامی لە ئومەوییەکان و عەباسییەکان وەک «نادادپەروەر» لە قەڵەم دراون (بڕوانە: بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩ ، ٢٠١١:١٣٣-١٣٤)، بە هەمان شێوە دەسەڵاتدارە عوسمانییەکان و سەفەوییەکانیش وەک «داگیرکەر»ناسێنراون کەچی پەرتووکەکانی ح.ە.ک پرنسیپ و باوەڕەکانی ئیسلام ناخەنە ژێر پرسیار و پێگەی ئایین لێژ ناکەن (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی٩، ٢٠١١ : ١٢٩-١٤٨). شۆڕش و ڕاسانەکانی کوردان لە دژی ئومەوییەکان، عەباسییەکان، عوسمانییەکان و سەفەوییەکان وەک بزوتنەوەیەک لە بەرانبەر زوڵم و زۆرداریی حاکمەکان نیشان دراون نەوەک دژ بە ئیسلام. پەرتووکەکان پەیامەکانی ئیسلام بە جیهانی دەزانن نەوەک تەنیا پەیوەست بێ بە عەرەبەکانەوە. پەرتووکەکان جەخت لەوە دەکەن کە قەبوڵکردنی ئایینە نوێیەکە لەلایەن کوردەکانەوە، تەنیا لەبەر ڕێباز و پەیامەکانی بووە (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١ : ١٢٩-١٤٨؛ پۆلی ٨، ٢٠١١: ١٣٣-١٣٤).عوسمانییەکان و سەفەوییەکان، لە بەرابەر دابەشکردنی کورد و کوردستان لە ١٥١٤ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، وەک هۆکاری سەرەکی سەرکۆنە دەکرێن. لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، دەسەڵاتدارانی عەرەب، تورک و فارس، جێی گرووپە سامییەکانیان وەک ئەوانیتر لە پەرتوکەکاندا گرتۆتەوە.

ئەو گرووپانەی کە بە ڕەچەڵەک سامین، کە باب و باپیرانی جوولەکەکانی ئەمڕۆن، وەک گرووپی نەتەوەیی و ئیتنی، یان ئیسرائیل وەک وڵات زۆر کەم لە چوارچێوەی مێژووی کۆن یان هاوچەرخ لە پەرتووکەکانی ح.ە.ک باس کراون. یەکەم باسکردن لە جوولەکەکان لە پەرتووکەکانی ح.ە.ک لە چوارچێوەی ڕاپەڕینی جووەکانە لە دژی بابلییەکان کە «لە ئاکامیدا چل هەزار جوو لە لایەن بابلییەکانەوە دەستبەسەر دەکرێن» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی٧، ٢٠١٠: ١٢٠). لە وەسفی ئەم ڕووداوانەدا جووەکان وەک قوربانیی ستەمکاری نیشان دراون. لە سەردەمی ئیسلام تێڕوانینی پەرتووکەکان لە بەرانبەر جووەکان دەگۆڕێت، جووەکان دەبنە «فێڵباز لە دژی پێغەمبەر محەمەد» (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٨، ٢٠١١:٩٥). لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلام ئیدی جووەکان وەک ئەوانیتر دەبینرێن. لە پەیوەند لەگەڵ مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا، سەهیۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی داگیرکاری و فراوانخوازیی سیاسی و ئایینی وەسف کراوە کە ئامانجی سەرەکیی هێنانی جووەکانی دنیایە بۆ فەلەستین تا دەوڵەتێک لە خزمەت ئیمپریالیزم لە ناوچەکە دروست بکات (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٢٣٩). هەرچەندە دەبینرێت کە ناکۆکیی فەلەستین/عەرەب-ئیسرائیل لە پەرتووکەکانی خوێندن لە ح.ە.ک بە بەراورد بە پەرتووکەکانی خوێندن لە وڵاتانی عەرەب و ناوچەکە

کێشەیەکی لاوەکییە. تەنیا هەشت  لاپەڕە لە پەڕتووکی پۆلی هەشت بۆ فەلەستین تەرخان کراوە. پەڕتووکەکە قسەوباس لە مێژووی فەلەستین تا ساڵی ١٩٣٦ دەکات بەڵام بە تایبەت باس لە ناکۆکییەکانی عەرەب-ئیسرائیل ناکات.

لە پەڕتووکەکاندا، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم و هاتنی هێزی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی عێراق و باشووری کوردستان، ئیدی بەریتانییەکان وەک ئەوانیتر وێناکراون. لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقیش لە ١٩٢١ ئەوانیتر لە پەڕتووکەکاندا گۆڕانێکی دیکەی بەسەردا دێت، ئیدی هەم بەریتانییەکان هەم عەرەبە عێراقییەکان (بە تایبەت دوای هاوکاریکردنی هێزە عێراقییەکان لەگەڵ بەریتانییەکان لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی کورد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا) وەک ئەوانیتر دەبینران. لەوانەش گرنگتر، لە هیچکوێ لە ناو پەڕتووکەکاندا عێراق وەک نیشتمانی کوردەکان وێنا نەکراوە بەڵکو زیاتر وەک «حکوومەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراقی» ناسێنراوە چونکە، وەک پەڕتووکەکان پێداگریی لەسەر دەکەن، لە پرۆسەی دروستبوونی عێراق لە ١٩٢١ و لە لکاندنی ویلایەتی کوردنشینی موسڵی عوسمانی ، بە عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ خواستی خەڵکی کورد بە هیچ جۆرێک ڕەچاو نەکراوە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٣٣، ٣٥، ١١٩-١٢٠).

ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە ١٩٢١ تا ٢٠٠٣ لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک بەگشتی وەک زۆردار، فێڵباز، سەرکوتکەر و فاشیست نیشاندراون کە بەپێی پۆلینەکانی بار-تال و هەمەک لەمەڕ نامەشرووع کردنی ئەوانیتر دەچێتە خانەی لکاندنی ئەو ڕەوشتانەی کە لە کۆمەڵگەدا زۆر نەرێنی و قبوڵنەکراون (وەک هێرشکەر) هەروەها ناو و ناتۆرەی سیاسی کە دەخرێنە سەر ئەو لایەنە سیاسییانەی کە لەبەر باوەڕیان یان هەڵسوکەوتیان ڕەت دەکرێنەوە. خۆپیشاندان و نارەزایەتی و بزووتنەوە کوردییەکان، چ چەکداری بن و چ سیڤیل، لە سەردەمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) و لە سەردەمی کۆماری (١٩٥٨-٢٠٠٣) بە ڕوون و ئاشکرا وەک خەباتی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆییخوازیی گەلی کوردستان ناوزەدکراون (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ١٩٢). لە یەکێک لە دەقەکانی پەڕتووکەکانی مێژوو، کۆی ئەم تێگەیشتنانە دەخاتەڕوو: نەتەوەی کورد لە لایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە وەک بەربەستێک بۆ یەکێتیی نەتەوەی عەرەب بینراوە. لە تێڕوانینی سەرکردە عەرەبە سیاسی و سەربازییەکاندا، کوردەکانی عێراق هەڕەشەن بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی گەلی عێراق. بۆیە بە تەواوی توانایانەوەهەوڵی لەناو بردن و بە کۆیلە کردنی کوردەکانیان داوە، جا بە هەر ڕێگایەک بۆیان کرابێت. (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ١٩٩).

لێرەدا واتای دادپەروەری وەک ئامانجێکی خۆیی (کوردی) دەبینرێت، وەک ئەوەی بار-تال و هەمەک ئاماژەیان پێ کردوە (٢٠١٢: ٣٦-٣٧)، کە جەوهەری ململانێ سەرەکییەکانی نێوان کوردەکان لەگەڵ عێراقییەکان دەردەخات. عەبدولکەریم قاسم تاکە سەرۆککۆماری عیراقە کە بە زۆردار و دیکتاتۆر نەناسێنراوە. بەپێی پەڕتووکەکان هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو یەکەم سەرکردەی عێراقی بوو کە دانی بە شەراکەتی عەرەب و کورد لە عێراقدا ناوە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢ ، ٢٠١١: ١٨٤؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢١٢).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێبینی و سەرنجانەی لێرەدا گفتوگۆکران، هەروەها چەندین پەیام و بیرۆکەی دیکە کە لە پەڕتووکەکانی ح.ە.ک

دا هاتــوون، وا دەردەکەوێــت کــە عەرەبە عێراقییــەکان لــە ١٩٢٦ وەک ئەوانیتــر لە پەڕتووکەکاندا وێناکراون و تا ئێســتاش هەر وا ماونەتــەوە. جێی ســەرنجە کە هەرچەندە ڕژێمەکانــی عێراق بــە نەرێنی وێنە کراون، بــەڵام عەرەبی عێراقی هیچــکات و لە هیچ شــوێنێک، وەک هیچ یەک لــە پۆلینەکانی بار-تال و هەمەک (٢٠١٢)، نەناســێنراون. لە هیچ شــوێنێک لە ناو پەڕتووکەکاندا عەرەب وەک گرووپێکــی نەتەوەیی/ئیتنی ناشــیرین نەکــراون، بێبەهــا نەکــراون، وەدەرنەنراون و ناو و ناتۆرەی سیاســییان لــێ نەنراوە یان بــە خراپی و نەرێنی وەســف نەکــراون. لە هەمــان کاتدا پەڕتووکــەکان هێزە چەکدارە کوردییەکان وەک پارێزەری خاک و خەڵکی کورد دەناســێنن، هەروەهــا قوتابییان هان دەدەن بــۆ بەدەســتهێنانی مافەکانــی کورد بــەڵام لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیپلۆماســییەوە. شــێوە خەباتــی مەدەنــی و ســەردەمییانە پێشــنیار کراون بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکان و ســەرکۆنەی بەکارهێنانی توندوتیژی کراوە بــۆ یەکلاکردنــەوەی ناکۆکییــەکان (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٩، ٢٠١١: ١٩٨، ٢١٨). بەمەش پەڕتووکەکانی ح.ه.ک خۆی لە هەر چەشنە زیان گەیاندنێک بە ئەوانیتر، واتە گرووپە دەرەکییەکان، دووردەگرێت، ئەویش بە ڕەتکردنەوەی بەشداربوون لە هەر کارێکی توندوتیژی.

## دروســتکردنی دەوڵەت-نەتــەوە لە ناو دەوڵەت-نەتەوە

لە سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢، پەڕتووکەکانی خوێندن، هەرێمــی کوردســتانیان وەک قەوارەیەکی جیۆپۆلیتیک و هاوتا و یەکسانیش بە دەوڵەت-نەتەوەکانی دراوسێی ناساندووە. لە مەشقێکدا داوا لــە قوتابییان کراوە ســنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دیار بکەن، واتە هەرێمی کوردســتان دەهێندرێتە ئاست و پێگەی دەوڵەتانی دراوســێ، عێراق، سوریا، ئێران و تورکیا (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٥، ٢٠١٠: ٨، ١١).

پەڕتووکــەکان نیشــتمان وەک جوگرافیایەکی ســنووردار پێناســە دەکەن کە ناوکــەی بەناوی نەتەوەیــەک لکێنراوە، وەک کوردســتان. دواتر دەڵێن نیشــتمان شــوێنێکە کە تێیدا لەدایــک بووین، دەژین و پەروەردە دەکرێین، پێداگری لەســەر ئەوە دەکەن کە نەتــەوەی کورد وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان، نیشتمان/وڵاتی خۆیان هەیە (بابەتــە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلی ٥، ٢٠١٠: ٧٨). لــە پەڕتووکەکاندا نەتەوە وەک کۆمەڵە خەڵکێک پێناســەکراوە کە لە نیشتیمانێکدا نیشــتەجێن و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و پەیوەندییەکانی نێوانیان و هاوچارەنووســی یەکیــان دەخات (بابەتــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢٣٨؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلــی ٦ ، ٢٠١١: ١٥٤-١٥٥). پەڕتووکەکان بنەماکانــی نەتەوە دیاری دەکەن وەک بوونی کۆمەڵــە خەڵکانێک، نیشــتمانێکی هاوبەش، زمانی هاوبــەش، مێــژووی هاوبەش لەگەڵ بەرژەوەندیــی هاوبــەش. گرینگیــی دیاری کردنی ئەم بنەمایانە لەوەدایە کە لە مەشق و ڕاهێنانێک قوتابییان هاندراون کە ڕێزیان لێ بگرن. ئەم جەختکردنەوانە ڕوونی دەکاتەوە کە نووســەرەکانی پەڕتووکەکانی ح.ه.ک چەمکی نەتەوە لە دیدی تیۆریی نەتەوە-هێماگەراییەوە (ethnosymbolism) دەبینــن، مەبەســتمان تێگەیشــتنەکانی ئەنتۆنی د. سمیس و جۆن هاچینســن (بڕوانە سمیت ٢٠٠٩؛ هاچینسن ٢٠٠٠). هەندێک جار ڕەچەڵەکی هاوبەشیش وەک بنەمای دروستبوونی نەتەوە بینراوە کە پێدەچێت ئەمە تێگەیشــتنێکی ســەرەکیی پەڕتووکەکان، بۆ پرســی نەتــەوەی کورد و شوناسی نەتەوەیی کورد، بێت (بڕوانە گیرتز ١٩٩٤). بەپێی تێگەیشــتنەکانی ئەم ڕەوتە،

هــەر تاکێک باوباپیرانــی غەیرە کورد بێت و لە کوردســتان بژی یان ئەوانــەی کۆچیان کردووە بۆ کوردســتان، بە ئەندامی نەتەوەی کوردستان دانانرێن. هاوکات، ئەندامبوون لە نەتەوە بە بنەما لەسەر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتــەوە کە بنەمای لەســەر ئەرک و بەرپرسیارێتی دانابێت؛ بەڵکو ئەندامێتی تەنیا بەوانە ڕەوا دەبینێت کە نەوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکــراون، بۆنمونــە مندالانــی خێزانێکی کوردی. ئەم تێگەیشــتنە زۆر کورتی هێناوە ئەگــەر بە چاویکلــەی مۆدێرنــەکان، وەک ئێرنست گێلنەر، لە نەتەوە و شوناس بڕوانین کــە ئەندامبوون لە نەتەوە بــە کۆنتراکتێکی سیاســی دەبەســتنەوە کــە هاوڵاتیبــوون بنەماکەیەتی.

پەڕتووکەکان، دەوڵەت وەک قەوارەیەکی سیاســی کە دانەری یاسا و جێبەجێکاریەتی و پەیوەندیی پێکهاتە «نەتەوەییە»کان لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ڕێک دەخات، پێناسە دەکەن. ئەم پێناســەیە تا ڕادەیەکی زۆر لەگــەڵ ئــەو تێگەیشــتنە وەدەرنەرەی ســەرەوە ناکۆکە، ئەمە لەخۆگــر و مۆدێرن، ئــەوەی ســەرەوە وەدەرنــەر و پریمۆردیال. پەیوەنــد بــە عێــراق، پەڕتووکــەکان تەنیا کاتێک دەوڵەت وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دەبینــن کە تــەواوی پێکهاتــەکان (کورد و عەرەب) پابەندی مەرجەکانی پەیمانەکە بن. پێدەچێت ئەمە ڕاســتەوخۆ ئاماژەیەک بێت بە پێشەکیی دەســتووری عیراق، کە دەڵێت پابەندبوون بەم دەستوورە، یەکپارچەیی گەل و خاکەکەی و ســەروەریی عێراق دەپارێزێت و ڕادەگرێت (دەســتووری کۆمــاری عێراق، ٢٠١٢، پێشەکی). بە گشــتی، لە تێڕوانینی کوردەکانەوە ئەم ڕســتەیە بــە جۆرێک مافە سیاسییەکانیان دەچەسپێنێت و دەپارێزێت و زەمانەتی سیستەمێکی فیدراڵی بکات لەگەڵ مافــی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە بــە زۆرەملــێ لێیانــەوە ڕاگوێزرابوون و لەلایەن ڕژێمی پێشوترەوە، عەرەب هێنرابوون بۆ شوێنەکانیان.

بــۆ دووپاتکردنەوەی مافــی چارەی خۆ نووســین و مافــی دەوڵەتبوون بــۆ کوردان، پەڕتووکەکانــی ح.ە.ک زیاتر قســە لەســەر چەمکی ناســیۆنالیزم دەکەن، ناســیۆنالیزم وەک پابەندییەکــی بەســۆزی مرۆڤەکان بۆ نەتەوەکەیــان و پەیوەندییــەک کــە وەفای تاکــەکان بــە نەتەوەکەیان دیــاری دەکات دەناســێنێت. ئامانجی ناســیۆنالیزم، بە پێی دەقەکان، ڕزگاریی نەتەوەیی و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسییە کە تەواوی خەڵکەکانی ئەو نەتەوەیە تێیدا ئازاد و بەشــدار بن (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٩، ٢٠١١: ٢٤١-٢٤٢). بە مەبەســتی زیاتــر ڕوونکردنەوەی بیرۆکە و مافی بەدەوڵەتبوون، نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی هیندو-ئەورووپی ناوزەدکراوە کە سەدان ســاڵە لەســەر خاکەکەیان (واتە کوردستان) دەژین. هەر بە پێی پەڕتووکەکان، کوردەکان مێژوویەکــی هاوبەش، کلتورێکی هاوبــەش، شارســتانییەتێکی هاوبــەش و ئەدەبیاتێکــی هاوبەشــیان هەیــە. هاوکات، پەڕتووکەکان پێداگری لەســەر ئەوە دەکەن کە گەرچــی زمانی کوردی لەبــەر فاکتەرە جوگرافیایی، سیاسی و ئابوورییەکان، دیالێک و زاراوەی جیاوازی هەیە، بەڵام کوردی یەک زمانە، ئەمەش گرینگــی و بایەخی ماددی و مەعنەویی خۆی هەیە و فاکتەرێکی یەکخەری گەلی کوردە. لە درێژەی ئەم باسەدا، یەکێک لە پەڕتووکەکان پێشنیارێک دەکات کە وەک (زانیارییەکــی گرینگ) خــستوویەتە ڕوو و دەیەوێت بیرۆکەی بە دەوڵەتبوون لە مێشکی قوتابییانــی کورددا چەکەرە پێ بکات، لەوێدا دەڵێت: قوتابییانی بەڕێز، بە دەوڵەتبوون مافی هــەر نەتەوەیەکە تاوەکو خــۆی حوکمڕانیی خۆی بکات، وەک عەرەبــەکان، تورکەکان و فارســەکان کە هەموویان قەوارەی سیاسیی خۆیان هەیە. ئەوەش دەردەخا کە کوردەکان

گەورەترین گرووپی نەتەوەیی ئەم سەردەمەن کە هێشــتا حوکمڕانی خۆیان نین و دەوڵەتی خۆیان نییە (بابەتــە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ٢٤٢-٢٤٣).

بــۆ جەخت کــردن لەســەر بێوێنەیی کلتوری کوردی و بۆ دروســتکردنی شانازی و بیرەوەریــی هاوبــەش، پەڕتووکــەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانیان بۆ بۆنە نیشــتمانی و نەتەوەییە کوردی وکوردستانییەکان تەرخان کردووە کــە لە هەرێمی کوردســتان کراون بە پشووی گشــتی. زۆرینەی پشووەکانی نێو ڕۆژژمێری ئێســتای هەرێمی کوردســتان لە دوای دامەزراندنی ح.ە.ک دا دەستنیشــان و دانپێدانراون. جگە لە ١٤ ی تەمووز، کە یادی شۆڕشی ١٩٥٨ ـە، کە حکوومەتی پاشایەتی بەدەست هێزە سەربازییەکانی عێراقی ڕووخا، لەگەڵ جەژنە ئایینییە ئیسلامییەکان، هەرێم هیچ پشوویەکی هاوبەشــی دیکەیان لەگەڵ باقــی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا نییە (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٦، ٢٠١١: ١٤٧-١٥٣).لە پەڕتووکەکانــدا هۆکاری دانانی ١٤ ی تەمووز وەک پشــوو لە ڕۆژژمێری کوردیدا هەڵوەستەی لەسەر کراوە. ئەو ڕۆژە وەک یادی شۆڕشێک ناسێنراوە کە لە ئاکامیدا کوردەکان و عەرەبــەکان بۆ یەکەمجــار لە عێراق وەک هاوبەش لە دەســتوری عێراقدا پێناسەکراون. ئاهەنگ و بۆنەکانــی کەمینە ئایینییەکان لە ڕۆژژمێــری ح.ە.ک و پەڕتووکەکانــدا دانیان پێدانراوە بەڵام وەک (مالیزیا) وەک ڕۆژگەلی نەتەوەیــی یان نیشــتمانیی سەرتاســەری، نەکراون بە پشووی گشتیی.

باســی ڕۆژ و بۆنــە نەتەوەییەکان وەک دەرفەتێک بــەکار هاتووە بۆ دووپاتکردنەوەی مافــی چارەنووس بۆ کــوردەکان. یەکێک لە پەڕتووکەکان باســی هۆکاری بەپشووکردنی ڕۆژی٤ ی تشــرینی یەکــەم ١٩٩٢ دەکات، ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی کوردســتان، هەرێمی کوردســتانی وەک هەرێمێکــی فیدراڵی لە عێراق ڕاگەیانــد. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کــە کوردیــش وەک هەمــوو نەتەوەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دەبێــت بــە مافی چارەنــووس بگــەن وەک تــورک، عەرەب و فارس (بابەتــە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلی ٦، ٢٠١١: ١٥١). ئــەم پرســە زیاتــر دەچێتە چوارچێوەی مەشرووع کردن نەک نامەشرووع کردن، بەپێی ئەو پۆلین و وەسفانەی کە بار-تاڵ و هوموک (٢٠١٢: ٤٢) خستویانەتە ڕوو، ئەمەش بە یەکسانکردنی گرووپە ڕکابەرەکان (عەرەب، تــورک و فارس) بە کورد کە وەک یەک شایەنی هەڵســوکەوت وپێگەی هاوتا و هاوســەنگن. لەم چوارچێوەدا پەڕتووکەکانی ح.ە.ک هەر چەشنە باڵادەستی/سەردەستیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتــی ڕەت دەکەنەوە بە مەبەستی گەیشــتن بە یەکسانی و هاوتایی. هەروەهــا، پەڕتووکەکان جەخــت دەکەنەوە لەســەر ئەوەی کە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، دەبێ لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوسەنگانەی دوو لایەنانە و لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزوومەندانە بێت. لەژێرتیشکی ئەم توێژینەوەیەدا، دەکرێت بڵێین کە پەیامی ســەرەکیی پەڕتووکەکانی ح.ە.ک ئەوەیە کە هەموو نەتەوەکان مافی چارە نــووس و بەدەوڵەتبوونیان هەیە. بە مانایەکی دیکە، پەیامی ســەرەکیی ئەم پەڕتووکانە کە نوێنەرایەتیی ئامانجەکانیشی دەکات: بنیاتنانی نەتەوە-دەوڵەت-نەتەوەیەکە(کوردســتان) لە ناو دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیکە (عێراق)

## خۆوێناکردن و دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی

هەندێــک توێژەر و ئەکادیمــی وای دەبینن کــە دەرکەوتنی شــوناس بە زەقی لەســەر بەراوردکردنی کۆمەڵایەتییانەی شوناســەکە بە شوناســێکی دیکــە لــە چوارچێوەیەکی دیاریکــراودا وەســتاوە. لــە پەیوەنــدی بە شوناســی نەتەوەیی/نیشــتیمانیی، هەندێک

دەڵێن کاتێک کە چوارچێوە بەراوردکارییەکە گرووپێکی نەتەوەیی دەرەکیی تێدایە، ئەوە شوناسی گرووپە ناوخۆییەکە زەقتر دەردەکەوێت (ئۆکس و ئەوانی دیکە ١٩٩٤). بێجگە لە بە زەق دەرکەوتنی شوناس لە کەش و فەزای گرووپی دەرەکی و گرووپی ناوخۆیی بەراوردکارییدا، ، شوناسی هاوبەشی گرووپەکان پەیوەندیی بە شانازی و ڕێز لە خۆ گرتنەوە هەیە (سپینەر-هالێڤ و تایس-مۆرس ٢٠٠٣ : ٥١٥؛ شافی و ئەوانی دیکە ٢٠١٠). بەپێی ئەم تێگەیشتنانە، دروستکردن و بەهێزکردنی وێنەیەکی پڕبەها و دیار بۆ هەر گرووپێکی نەتەوەیی، لە لای تاکەکان یان بە کۆمەڵ، پارمەتیی بنیاتنانی شوناسێکی بەهێزی نەتەوەیی دەدات. بۆ ناسیۆنالیستەکان و بنیاتنەرانی نەتەوە، پرۆگرامەکانی قوتابخانە، ئامرازێکی کاریگەرن لە دروستکردنی شوناسی دەستەجەمعی. لە پەرتووکەکانی قوتابخانەکانی ح.ە.ک وادەردەکەوێت کە ئەمە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەدەکاران و مامۆستایانی هەرێم بێت، ئەویش لە ڕێگەی دەق و ڕاهێنانەکان لە پەرتووکەکانی مێژوو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی.

پەرتووکەکان ستراتێژییەکی هەمەلایەن بەکار دێنن تاکو ڕێزگرتن و شانازی بەخۆ کردن لەلای تاک و کۆمەڵ دروست و بەهێز بکەن. لە لایەکەوە، کوردەکان وەک نەتەوەیەکی کۆن و دڵسۆز لە پەرتووکەکاندا وێنا کراون کە لە دێر زەمانەوە نیشتەجێی زێدی خۆیانن. بەپێی پەرتووکەکان کوردەکان یەکێک لە گەورە-نەتەوەکانی ناوچەکەن کە هەزاران ساڵە لە هەواری خۆیان ژیاون(مێژووی شارستانییەکان، پۆلی ١٠ ، ٢٠١١: ٢٢-٢٤). ئامانجی ئەم حکایەتە مێژووییانە دروستکردنی خۆویناکردنێکی ئەرێنی و هەست دروستکردن بە شانازی لە لایەن قوتابییان. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، پەرتووکەکان دەڵێن کە کوردەکان بە درێژاییی مێژوویان ڕووبەڕووی مەترسی و توندوتیژی و هێرشی دەرەکی بوونەتەوە کەچی بەسەریاندا زاڵ بوون. پەرتووکەکان بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە هەرچەندە کوردەکان چەوسێندراونەتەوە بەڵام لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسییەکان سەرکەوتوو بوون (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٤٢؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩، ٢٠١١: ١٣١-١٣٣، ١٤٤-١٤٥). ڕێبەرە کوردە موسڵمانەکانی، وەک سەلاحەددین ئەیوبی، بە بەراورد بە ڕێبەرە غەیرە کوردەکان گرینگیی زیاتریان پێ دراوە. بەشێکی زۆر لە پەرتووکەکانی مێژوو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕۆڵ و سەربردەی ڕابەرە کوردە موسڵمانەکان لەسەردەمی حوکمڕانیی ئومەوییەکان و عەباسییەکان تەرخانکراوە (مێژووی شارستانییەکان، پۆلی ١٠، ٢٠١١: ١٧٨-١٨٨، پۆلی ٨ ، ٢٠١١: ١٣٦-١٤٦).

پەیوەند بەوەی هەڵسوکەوتیان بەرانبەر ئەوانیتر چۆن بووە و چۆن مامەڵەی کەسانی بەرانبەریان کردووە، پەرتووکەکان شێوازی مامەڵەکردنی کوردەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ ئەفسانەسازی و ڕۆمانتیزە دەکەن. بەپێی پەرتووکەکان، کوردستان وەک وڵاتێک سەرکردەکانی، ئیمپراتۆرەکان و میرەکانی هەمیشە ئاشتیخواز، دادپەروەر، مرۆڤدۆست و بەڕێز و بەئیمان بوون. پەرتووکەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە کوردەکان لە بنیاتنانی شارستانییەتی مرۆیی ڕۆڵی گەورەیان هەبووە (مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پۆلی ١٢، ٢٠١١: ٥٦، ٦١-٦٢؛ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی ٩ ٢٠١١ : ١٦٤؛ پۆلی ٨، ٢٠١١: ١٣٦-١٤٦؛ پۆلی ٦، ٢٠١١: ٧٨-٨٤). بارودۆخی میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی شازدە و حەڤدە و هەژدە لە پەرتووکەکاندا ئاوا وەسف کراوە:

سەرەڕای هەموو خراپکارییەکانی ئێرانییەکان و عوسمانییەکان، ناوچە

کوردســتانییەکانی ژێــر دەســەڵاتی میرنشــینە(کوردە)کان توانییــان جــێ پێی نەتــەوەی خۆیان ڕاگرن. هەروەهــا توانییان بە پێی توانای خۆیــان ژیانی کورد پەرە پێ بــدەن. بە بەراورد لەگــەڵ ناوچەکانی دیکە، ناوچــە کوردییــەکان بەرەو پێشــچوونێکی زیاتریان بە خۆوە دیبوو. زۆرێ لەو کەسانەی بە ســەردان هاتبوون بۆ کوردســتان پێیان ســەیر بوو کە ئەم پێشــکەوتنەیان بە چاوی خۆیــان دیبــوو و لە دەق و نوســینەکانیاندا بەسەرســورمانەوە باســیان کردبــوو (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی٩ ، ٢٠١١: ١٥٠). هەر بــە پێی پەڕتووکەکان، نەتەوەکانی دیکە و وڵاتانی دراوســێ، پێچەوانــەی کوردان، بە خراپی هەڵســوکەوتیان لەگــەڵ کوردەکان کــردووە و بــەردەوام فێــڵ و خیانەتیان لێ کردوون. ســەرەڕای ئەمــەش، ئەوانی دیکە بەردەوام پێویستییان بە کورد بووە و بەڵێنیان داوە قەرەبووی یارمەتییەکانیان بکەنەوە بەڵام ئەو بەڵێنانــە قەت نەهاتوونــەدی (مێژووی نــوێ و هاوچــەرخ، پۆلــی ١٢، ٢٠١١: ١٢، ٥٣). جێی ســەرنج و سەرسوڕمانە، بەپێی پەڕتووکــەکان، کــورد هیچــکات تووشــی کێشــەی ناوخۆ نەبۆتەوە،ئــەوەی هەبووبێت بــە هانــدان و دەســتێوەردانی ئەوانیترەوە بــووە. کورد قەت ناوچــەی ئەوانیتری داگیر نەکردووە، بە پێچەوانــەوە ئەوانیتر بەردەوام هەوڵی داگیرکردنی کوردستانیان داوە (بابەتە کۆمەڵایەتییــەکان، پۆلــی ٩، ٢٠١١: ١٢٠ ، ١٣٢، ١٤٣-١٤٤).

بێگومــان، وەک گریفێــن و مارســیانۆ (١٩٧٩: ٣٥) ڕوونــی دەکەنــەوە، ســڕینەوە یان شــاردنەوەی ڕاســتییەکان هەم گرینگە هەم ترســناک، کاریگەرییشی دەبێت لەسەر تێگەیشتن و تێڕوانینی قوتابیان بۆ پێشهات و ڕووداوە مێژووییەکان (گریفێن و مارسیانۆ ١٩٧٩: ٣٥). بەدەگمــەن هەڵدەکەوێــت کــە ناسیۆنالیســتەکان، بــۆ دەرنەکەوتنــی کەموکورییەکانیــان، نادادپەروەرییەکانیــان و ســتەمکارییەکانیان، بــێ لایەنانە ڕخنە لە مێژووی خۆیان بگرن. بەمەبەستی خۆدزینەوە لە باســکردنی لاپەڕە ڕەشــەکانی مێژوویان، زۆر بــە خشــکەیی دیمــەن و ڕۆژە ناحەز و ناشــیرینەکانی مێژوویان پشــتگوێ دەخەن و قوتابییان لــە تاریکیدا دەهێڵنەوە. بۆنموونە، پەڕتووکەکانــی ح.ە.ک تەواوی باس و بابەتە پەیوەندیــدارەکان بــە شــەڕە ناوخۆییەکانی نێــوان گرووپە سیاســییە کــوردەکان وەلا دەنێن، ئەو شــەڕانەی کە لە سەرەتای ١٩٦٦ تا ئێستا بە گەرمی یان بە ساردی بەردەوامە و بەشــێکی بەرچاوی مێــژووی هاوچەرخی کوردەکان پێکدێنن. لادانی باســی گرژی و پێکدادانــە ناوخۆییەکان، ڕەنگــە لەبەر ئەوە بێت کە ناسیۆنالیستە کوردەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئامادەکردنی پەڕتووکەکان هەبووبێت، ئــەوان نەیانویســتووە وێنایەکی نەرێنی لە خۆیان و ڕۆڵگێڕانیان لەو گرژییانە دەربخەن کە بوونەتە هۆی لەدەستدانی گیانی هەزاران کەس و ڕێگەشــیان بۆ دەیان تاوانی قێزەون لە دژی یەکدی خۆش کرد.

## ئەنجام

بە ئیزافەی ئــەو ئەنجــام و ئارگیومێنتانەی تــا ئێســتا لــەم توێژینەوەیــە خرانــەڕوو، ڕەنگــە بگەینە ئەم ئاکامەیــش کە لە ڕووی مێژووییــەوە گرووپــە ســامییەکان وەک ئەکەدییەکان، بابلییەکان و ئاشــورییەکان و دواتر عەرەبەکان، عوسمانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاســت و ســەفەوییەکان و عەرەبــە-عێراقییــەکان، فارســەکان و تورکەکانی ئەم ســەردەمان، لە ناو پەڕتووکەکانی ح.ە.ک بە ئەوانیتر کراون. لە کاتێــکدا کە ڕێژێمەکانی ئــەم وڵاتانە هەندێک جار خەســڵەتی خراپ یان ناو و ناتۆرەی سیاسییان پێوە لکێنراوە ( وەک شەڕانگێز، فاشیست یان کۆلۆنیالیست) بەڵام هیــچ کاتێک تورکــەکان، عەرەبەکان

و فارسەکان، وەکوو گرووپی ئیتنی و نەتەوەیی، وەک ناحەز، نامرۆڤ، وەدەرنراو یان ناشیرین لە پەرتووکەکاندا نەناسێنراون. واتە هیچ نیشانەیەکی ڕەگەزپەرستی لە دژی ئەم گرووپە نەتەوەیی و ئتنییانە لە ناو پەرتووکەکاندا دەرناکەویت. لە پەرتووکەکاندا ڕۆڵی ئەو گرووپە کۆنانەی کە بە ئەوانیتر کراون لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا ناسێنراوە و بەرز نرخێنراوە. بەڵام پەیوەند بە سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی هاوچەرخ و نوێ بەدەگمەن ڕۆڵی ئەو گرووپە نەتەوەییانەی بەئەوانیترکراون، لەگەڵ دەوڵەتەکانیان، بە تایبەتی دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق و تورکیا، لە شارستانییەتی ناوچەکەدا ئاماژەی پێ کراوە. لەوەش زیاتر، ڕۆڵی ڕابەر و میرە کوردەکان نەک هەر دانی پیانراوە بەڵکوو بەگشتی ڕۆمانتیزە کراوە. فاکتەرێک کە ڕەنگە بە تەواوی نادیار بێت لەم پەرتووکانەدا پرسی شوناسی مەزهەبییە لە عێراقدا، کە هۆکارەکەی دیار نیە.

وەک هەڵسەنگاندنێکی گشتی، دەکرێت بڵێین کە ئەو خۆ-وێناکردنە بەکۆمەڵانەی لەناو پەرتووکەکاندا بۆ کورد کراون، لە باشترین حاڵەتدا ناتەواون و هەندێکجاریش قەبە کراون یان بە هەڵەدابەرن. سەرەڕای ئەوەی کە تەرکیز کردنە سەر سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی کورد، ئەڵبەت ڕۆمانتیزەکراو و نۆستالجیائامێز، دەکرێت بەوە پاساو بکرێت کە پەرتووکەکان دەیانەوێت وێنایەکی ئەرێنی بۆ کورد لە خەیاڵی منداڵان و قوتابییاندا دروست بکەن، بەڵام سڕینەوە و باس نەکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم دواییانەی کورد (وەک شەڕی ناوخۆی کورد لە ١٩٦٦ تا ١٩٩٨) دەتوانێت وێنەیەکی هەڵە و ناتەواو، تا ڕادەیەکیش ئاڵۆز و شێواو لە مێشکی قوتابییاندا دروست بکات. باس نەکردنی شەڕی ناوخۆ ئەو برینەی لە هەست و نەست و یادەوەریی کوردەکاندا دروست کردوە لانابات. چاکتربوو باسی هەم گرژییەکان هەم ململانێ و پێکدادانەکانی کردبا و ڕەهەند و دەرئەنجامەکانی خستبایە ڕوو تاوەکو تێڕوانینێکی بێلایەنانە لە لای قوابیان دروست بووایە و ببووایە بە وانەیەکی مێژوویی بۆ قوتابییان.

پەیوەند بە پرسی ئیسرائیل-فەلەستین، ئەدوان و بار-ئۆن (٢٠٠٤) پەرتووکێکیان بۆ قوتابخانەکان لەسەر مێژووی گرژی و پێکدادانەکان ئامادەکرد کە لە زمانی هەر دوو لاوە پرسەکە دەگێڕێتەوە. بۆ ئەم کارە دوو ستراتیژییان بەکارهێناوە کە بار-تال و هەمەک (٢٠١٢:٤٤) ئاماژەیان پێ کردوە کە بەنادامەزراوەکردن (deinstitutionalization) و دووبارە نوسینەوە و دەرهێنانی مێژووە لەژێر سێبەری حکایەتە گەورە و هەژمونگەرەکان. لە غیابی ئەم دوو ستراتێژە، قوتابییان زانیاری لەسەر ململانێ و پێکدادانەکان لە سەرچاوە سیاسی و دامەزراوەکانیان وەردەگرن کە خۆیان لایەن بوون لە شەڕەکاندا، ئەوکاتیش گێڕانەوەکان بێلایەنانە نابن. بە هەمان شێوە، نیشان نەدانی تاوانەکان کورد دەکرێت ڕێگر بێت لەوەی کە قوتابییانی کورد هاوسۆزی بۆ کەمینەکان، وەک کەلد و ئاشوورییە کریستیانەکان یان ئێزیدییەکان نیشان بدەن، ئەمە هێندەی دیکە لەو سەروبەندەدا ڕاستە کە دەبینین ئەم گرووپانە هەندێک جار بیرەوەریی مێژووییان، نوێ یان کۆن، بەرانبەر بە کوردەکان پڕئازارە. بار-تاڵ و هەمەک (٢٠١٢: ٤٤) ڕاست دەکەن کاتێک دەڵێن کە گرووپەکان دەبێت ئەوکارانەی خۆیان بخەنە ڕوو و بناسێنن کە بوونەتە هۆکاری پێشێلکردنی مافی گرووپەکانی دەرەوەی خۆیان. سەرەڕای ئەمە، فرەیی کۆمەڵگەی کوردستانی، بە ڕوونی دانی پێدانراوە، بەڵام وەک پێویست شی نەکراوەتەوە.

ئامانجی سەرەکیی پەرتووکەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانی کوردستان دەرخستنی ئەو

فۆرم و ڕووەی شوناسی نەتەوەییە کە زادەی تێڕوانینەکانی ناسیۆنالیسمی کوردییە کە نزیکە لە تێگەیشتنەکانی سمیس و ناسراوە بە نەتەوە-هێماگەرایی. هەندێک جاریش نزیکن لە تێگەیشتنی پریمۆردیالەکان بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم. ئەو پەیام و میتۆدانەی پەڕتووکەکان بەکاریان بردووە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان بە قوتابییان، زیاتر لەوەی تێگەیشتنێکی ئەکادیمیانە بن، لە ڕەوت و تێگەیشتنی ناسیۆنالیستانە سەرچاوەیان گرتووە. یەکێک لە دەرکەوتەکانی بەکارهێنانی تێگەیشتنە ناسیۆنالیستییەکان، کە هەندێکجار خۆی لە بەرزکردنەوەی چاوەڕوانییەکاندا دەبینێتەوە، ئەوەیە کە پەڕتووکەکانی مێژوو بۆ قوتابییان لە هەرێمی کوردستان، زۆر تیشک دەخاتە سەر کەرکوک و وەک شارێکی کورد/کوردستانی دەیناسێنێت، بە هەمان شێوە سنوری هەرێمی کوردستان. ئەم تەرکیزە زۆرە لەسەر کەرکوک لەوانەیە ببێتە بەربەستێک بۆ کورد و سەرکردەکانی کوردستان کە بتوانن دانوسان لەسەر پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان بکەن، بە تایبەت ناوچەگەلی وەک حەویجە، تەلعەفەر، مەندەلی و حەمدانیە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی تەعریبدا، ئەو ناوچانە هیچ ماکێکی کوردیان پێوە نەماوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەرەکانی پێچەوانەکردنەوەی تەعریب لەم ناوچانە لە مەحاڵ نزیکە.

لە کۆتاییدا، پەڕتووکەکانی ح.ە.ک پەیامێکی سەرەکیی سیاسی دەگەیێنن کە کوردەکان وەک گرووپێکی نەتەوەیی لە دنیایەک کە لەسەر بنەمای دەوڵەت-نەتەوەدا ڕێکخراوە، وەک ئەوانی دیکە مافی چارەنووس و بەدەوڵەتبوونیان هەیە. لە ڕاستیدا، دەکرێت بڵێین کە گوتاری سەرەکیی پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لەهەرێمی کوردستان، خواستی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەیەکە، جا چ لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەی عێراق بێت یان لە دەرەوەی. تا چ ڕادەیەک پەیامەکانی پەڕتووکەکان تەواوکەر یان دژن لەگەڵ سیاسەتەکانی دەستەبژێری سیاسیی کوردی، هاوکات تا چ ڕادەیەک هەوڵەکانی دروستکردنی شوناس و جوگرافیا وەک ئەوەی لە پەڕتووکەکاندا هاتووە، کاریگەریی لەسەر منداڵان و قوتابییان داناوە، دەکرێت بکرێن بە پرسیاری توێژینەوەی دیکە لەم پەیوەندییەدا.

## تێبینی

• بڕوانە مێژووی عەرەب و ئیسلام، پۆلی ٢ی ناوەندی، ٢٠٠٣؛ مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتیمانی عەرەب، پۆلی ٦ی ئامادەیی، ٢٠٠١؛ مێژووی کۆنی نیشتمانی عەرەب، پۆلی ١ی ناوەندی، ٢٠٠٠.

• بڕوانەمێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەب، پۆلی ٦ی ئامادەیی، ٢٠١١؛ مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەب، پۆلی ٣ی ناوەندی، ٢٠١١؛ مێژووی عەرەب و ئیسلام، پۆلی ٢ی ناوەندی، ٢٠٠٩.

• لە سەرەتای ١٩٢٣، کۆمەڵەی گەلان لێژنەیەکی دەستنیشان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکانی بەریتانییەکان و تورکەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتی عوسمانیی موسڵ. لە تەمووزی ١٩٢٦، کۆمەڵەی گەلان پشتیوانیی لە لکاندنی ویلایەتەکە بە دەوڵەتی نوێی عێراق کرد. کوردەکان ئەم ئەنجامەیان وەک خیانەتێکی زلهێزەکان دانا چونکە لە پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠ دا بەڵێنی سەربەخۆیی بە کوردەکان درابوو.

• لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا و لە شەڕی یەکەمی جیهانی، سوپای عوسمانی لەگەڵ چەکدارە خێڵەکییە کوردەکان هەزاران خەڵکی سیڤیلی کەلدی و ئاشوورییان لە ناوچە کوردییەکان کوشت، بڕوانە تراڤیس (٢٠١٠: ٢٣٧-٢٧٧، ٢٩٣-٢٩٤).

# ڕەخنە، جیاوازیی بیروڕا، بواری خوێندن*

جوودیت باتلێر

و: پشتیوان هەوشاری

ئازادیی ئاکادمیک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بووەتە دیاردەیەکی جێگای مشتومڕ. لە لایەکەوە لێکۆڵەر و بیرمەندانی کۆنزێرڤاتیڤ ئەو دەستەواژەیە لە کاتێکدا بە کار دێنن کە بیانهەوێ ڕەخنە لە دروستیی سیاسی لە زنکۆدا بگرن، لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەرانی پێشکەوتنخواز دەیانهەوێ ئازادیی ئاکادمیک وەکوو بنەمایەک بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆیی ئاکادمیک لەبەرانبەر دەستێوەردانی دەوڵەت و کۆمپانییەکاندا بەهێز بکەن. ماوەیەک لەمەو پێش وتووێژێکم لەگەڵ ڕۆبێرت پۆست سەبارەت بە ئازادیی ئاکادمیک پاش ١١ی سێپتامبر بڵاو کردەوە. ئەوە یەکەمین هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی لە چەمکی ئازادیی ئاکادمیک تێبگەین و سنووری ئەو چەمکە بناسین.

پۆست لە بەشی خۆیدا دەڵێ ڕێگایەک کە پارێزەری خۆبەڕێوەبەریی ئاکادمیکە ئەوەیە کە ئیزن بە کۆلێژەکان (مامۆستاکان) بدرێت تاکوو سەبارەت بە بەرنامە فێرکارییەکانیان و دامەزراندنەکان بڕیار بدەن و هەڵیسەنگێنن، چونکە ئەوان بەشێوازێکی پرۆفیشنال لە لقێکی تایبەتدا پەروەردە بوون و ئامادەی وەها هەڵسەنگاندنێکن. پارێزگاری لە ئازادیی ئاکادمیک لەوبوارەدا پەیوەندیی بە توانایی ئێمە بۆ پاراستنی کەسە لێهاتووەکانەوە هەیە کە لەلایەن کۆلێژکان و لە ڕێگەی پەروەردەی پرۆفیشنال و بە هەڵسەنگاندنی هاوتا هەڵسەنگاندراون.

لە ڕوانگەی پۆستەوە، ژیانی دامەزراوەی ئازادیی ئاکادمیک لەسەر نۆرمگەلێک بەندە کە هەمووان لەسەری کۆکن و لە لایەن چینێک لە مامۆستایانەوە کە لقە زانستییەکان دەناسن دادەنرێن و بەهێز دەکرێن. هەروەها ئەو نۆرمانە ئێمە بۆ ئەنجامدانی هەرچەشنە لێکۆڵینەوەیەک و فێرکارییەک توانا و لێهاتوو دەکات. لەڕاستیدا ئەو نۆرمانە مەرجی ڕەواییبەخشین بەئازادیی ئاکادمیکمانن.

من لەگەڵ پۆست هاورام کە خۆبەڕێوەبەریی ئاکادمیک زۆر گرینگە و دەبێ بنەمای ڕەوای خۆی بدۆزێتەوە تاکوو دژ بە دەستێوەردانی ناڕەوای سیاسی و بەڕێوەبەرانە سەبارەت بە بەرنامەی پەروەردە و دامەزراندنی (مامۆستا یان بەگشتی ئەندامانی کۆلێژەکان) بوەستێتەوە و بۆچوونی دژ بەوانی هەبێ. بەڵام من لێرەدا باس لە نیگەرانییەک دەکەم و ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە نۆرمی ئاکادمیک وەکوو نۆرمی پیشە و نۆرمی بوارەکانی خوێندن تێبگەین و ئەم نۆرمانە بنە مەرجی ڕەواییی ئازادیی ئاکادمیک، ئیتر ناتوانین لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەمان لەسەر ڕەواییی ئەو نۆرمانە هەبێ؛ ئەمەیش نەک هەر ئازادیی ئاکادمیک دەخاتە مەترسییەوە بەڵکوو ئەو پارێزگارییەی بە ڕاشکاوی باسی لێوە کرابوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها لەوانەیە داهێنان لە بواری لقەکان و نێوان-لقی زانستدا سنووری لقەکان بشێوێنێت. نۆرمگەلی پرۆفیشنال کە وەکوو نۆرمگەلی بوارەکانی خوێندن لێکدەدرێنەوە ڕەوایی بە ئازادیی ئاکادمیک دەبەخشن؛ بەڵام چ شتێک ڕەوایی بەو خودی ئەو نۆرمانە دەدات؟ ئەگەر ئێمە نەمانتوانی وڵامێکی باش بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوە ڕەنگە ئێمە لەگەڵ ئەم پرسە ڕووبەڕوو بینەوە: ئێمە دەبێ نۆرمگەلێک قبووڵ بکەین کە ناتوانین ڕەواییان پێبدەین (یا ئێمە ناتوانین پرسیار لە ڕەوایی بکەین) تاکوو ڕەوایی بە ئازادیی ئاکادمیکی ئێمە بدەن.

لە ڕاستیدا حەزی ئێمە بۆ سازکردنی ئازادیی ئاکادمیک لە چوارچێوەی نۆرمگەلی تەنزیمی و پرۆفیشنال کە تەنیا ئەندامانی کۆلێژەکان دەزانن چییە و چۆن بەکار دەهێنرێ، دەبێتە هۆی ساز کردنی پرسێکی دیکە بۆ ئازادیی ئاکادمیک. ئەگەر داهێنانی پەروەردەیی ئەو نرخ و تێچووە بێت کە ئێمە بۆ ڕەوایی دان بە بۆچوونی دژ بە دەستێوەردانە

نەخوازراوە سیاسییەکان دەیدەین، ئەوە ئێمە کەلتوورێکی ئاکادمیکی کۆنزێرڤاتیڤ دادەمەزرێنین و تەنانەت داهێنانی پەروەردەیی و ئیشە نێوان-لقییەکانیش سەرکوت دەکەین تاکوو پارێزگاری لە ئازادیی ئاکادمیک بکەین. ئێمە دەبێ بپرسین کە ئازادیی ئاکادمیک بۆ چ کەسێک دەپارێزرێ؟ و بۆ چ کەسێک لەناو دەچێ؟ و ئێمە بە چ مانایەک ئاکادمیک دەمێنینەوە؟ دەتوانین جیاوازییەکی جیددی لە بیروڕادا ببینین: نۆرمگەلی پرۆفیشناڵ سنوورگەلێکی پێویستن کە ئێمە نابێ لێیان دردۆنگ بین ئەگەر ئێمە بخوازین لە ئازادیی ئاکادمیکیا، پارێزگاری لە نۆرمگەلی پرۆفیشناڵ بکەین، دەبێ وردبینی لەنێو خۆماندا قەبووڵ بکەین.

ئەم پرسە پرپێچ و پەنایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە من دوو پرسیاری جیاواز بکەم. یەکەم ئەوەیە کە ڕەخنە لە ئیشی ئاکادمیکدا چییە و چ پەیوەندییەکی بە کێشەی بوارەکانی خوێندنەوە هەیە. ئەگەر پشتیوانی لە شێوەیەکی تایبەت لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بکرێ، ئێمە چۆن دەتوانین بزانین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی چییە؟ پرسیاری دووهەم ئەوەیە کە ئایا ئەو شتەی کە پێی دەڵێین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، دەتوانێ لەلایەن لقێکی تایبەتەوە دیاری بکرێ، ئایا ئەوە لەخۆیدا کردارێکی نێو ئەو ئەو بوارە زانستییەیە یان لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی دەتوانێ لەسەر تێگەیشتن لە چەمکی ڕەخنە دابنرێت؟

ئەگەرچی ئاشکرایە کە ڕەخنە بێچمە مودێرنەکەی لە فەلسەفەوە وەرگرتووە، هەندێک دەڵێن کە تەنانەت لە چوارچێوەی تایبەتی لقی فەلسەفەدا ناگونجێت. بۆ وێنە لە فەلسەفەی کانتدا، کرداری ڕەخنە نەک لە دەرەوەی بازنەی فەلسەفە و بەگشتی زانکۆدا کەڵکی لێ وەردەگیررێت بەڵکوو ڕێگایەکە تاکوو ڕەوایی بنەڕەتیی بەڕێوەبەرایەتییە گشتی و حکوومەتییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەو ڕووەوە من هیوادارم بتوانم ئەوە نیشان بدەم کە ڕەخنە لە کاری ئاکادمیکدا، بەشێوەیەکی بەربڵاوتر پەیوەندیی بە پرسی جیاوازیی بیروڕای سیاسییەوە هەیە کە تێیدا جیاوازیی بیروڕای سیاسی، وەکوو ناڕەزایەتی لە خواستە ناڕەواکانی دەسەڵاتی گشتی و حکوومەتی فام بکرێ. من لە پێشدا دەبێ ئەوە بڵێم کە پێموا نییە کردەوەی ڕەخنە بتوانێ بۆ تەواوی ئەو نۆرمانەی کە ئێمە بۆ سازکردنی ئیددیعایەکی بەهێز سەبارەت بە ڕەوایی و ناڕەواییی دەسەڵات بەکاربهێنرێ، بەڵام من وای بۆ دەچم بەکارهێنانی ڕەخنە بۆ هەموو ئەو ئیددیعایانەی کە ئێمە لە ئاکامدا دەمانهەوێ سازی کەین شتێکی پێویستە.

گرینگە کە ئاماژە بەو بەستێنە سیاسییە بکەین کە تێیدا وەها پرسیارگەلێک دێنە ئاراوە- یان هەر نایەنە ئاراوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەستەواژەی ئازادیی ئاکادمیک، وەکوو مافی کۆلێژەکان دەبینرێ تاکوو لە دەستتێوەردانی هێزی کۆمپانیی و بەرپرسانی حکوومەتی لە بابەتی سازکردنی بەرنامە فێرکارییەکان، هەڵسانگاندنی هاوتا و لێکۆڵینەوەکاندا، ڕزگار بن. لەلایەکی دیکەوە، ئازادیی ئاکادمیک بۆ بەشێک لە لێکۆڵەرەکان وەکوو مافێک دەبینرێ کە پشتی پێ دەبەستن تاکوو بچنە نێو گرێبەستەوە لەگەڵ ئەو سەرچاوە داراییانەی کە پێیان وایە شایستە و گونجاوە و هاوکات مەرجگەلی داسەپاو لەلایەن ئەو سەرچاوە دەرەکییانەوە قبووڵ دەکەن کە زۆربەی جار کاریگەریی لەسەر دامەزراندنی کەسەکان، بەرنامەی فێرکاری و لێکۆڵینەوەکانیان هەیە. گرینگە کە ئێمە سەرنج بە هێرش بۆ سەر ئازادیی ئاکادمیک بدەین. [1] یەکێک لە مەبەستەکانی گەڵاڵەی مافە ئاکادمیکەکان ئەوەیە هاوسەنگیی

ڕوانگەکان لە ژووری وانەکوتنەوەکاندا سازبکات[١]. **٢** شێوازی نوێی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ڕێگای کارکردنی هاوبەشی یاسای نیشتمانی، پێکهێنانی دەستەیەک لە ڕاوێژکاران بۆ چاوەدێریی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-لێکۆڵەران چ دەکەن و بە چ لایەنگرییەکەوە- و ڕێکخراوە نوێیەکان دەیانهەوێ فێر کردن و وانە کوتنەوەی ئایین و زانست بخەنە چوارچێوەی یاساوە **٣** زێدە پشتبەستن بە یارمەتییە دەرکییەکان و ئەنجومەنی دەرچووان بۆ پارستن و ڕاگرتنی خوێندنی باڵا دەتوانێ ببێتە هۆی سنووردارێتی لە دابین کردنی مووچە کە ئەوەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گوشار لەسەر بڕیارگەلی ئاکادمیک لەمەڕ دامەزرانەکان دادەنێت، هەروەها دەبێتە هۆی گەشەسەندن و گۆڕینی بەرنامە فێرکارییەکان و بایەخ دان بە فۆڕمێک لە زانست کە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندی و قازانج بەرهەم دەهێنێ.

بۆ پشتیوانییەکی بەهێز لە ئازادیی ئاکادمیک، دەبێ ئێمە لەو جۆرە ئازادییەی کە پشتیوانیی لێ دەکەین تێبگەین و بتوانین شێوازەکانی گۆڕانی باس بکەین. ئەگەر بەکارهێنانی ڕەخنەییی هزر، بەشێک لە ئەزموونی ئەم ئازادییە بێت؛ ئێمە دەبێ ئەو مانایەی«ڕەخنەیی»، کە شیاوی داکۆکی کردنە، دیاری بکەین. ڕەخنە ناتوانێ بەستێنێک بۆ بڕیاردان لەسەر هەر چەشنە ئازادییەکی ئاکادمیکی تایبەت ساز بکات، بەڵکوو بە بێ ڕەخنە ناتوانین باسێکی بەهێز لەسەر ئەو بابەتانە بکەین کە لە ئازادیی ئاکادمیکەوە هەڵقوڵاون. بەکارهێنانی ڕەخنە لە شێوەی کانتدا لەگەڵ پرسیاری دەستێوەردانی ڕەوا و ناڕەوای دەوڵەت لە ژیانی ئاکادمیکداگرێ دراوە. ئەگەرچی هۆکارگەلێکی زۆر هەیە کە بۆ وەرگرتنی هەندێک مانای ڕەخنە نابێت بە کانتەوە بوەستین بەڵام لە ڕوانگەی منەوە خوێندنەوەی کانت و ئاوڕدانەوە لێی گرینگە.

لە هەنگاوی یەکەمدا، پێکدادانی کۆڵێژەکان ڕێک لێکدانەوەیەکی وا دێنێتەوە پێشەوە؛ لێکدانەوەیەک کە دەیەوێت جیاوازیی شێوازێک لە بیرکردنەوە کە دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ بکرێت و شێوازێک لە بیرکردنەوە کە دەبێت لە دەستێوەردانی دەوڵەت بەدوور بێ، ڕوون بکاتەوە. لە دۆخی نالەباری سەردەمی ئێمەدا تەنیا دەوڵەت نییە کە گوشار دەخاتە سەر ڕەوتی ئاکادمیک و ژیانی فیکری (لۆبییە سیاسییەکان، کۆمەڵەکانی دەرچووانی زانکۆ، میدیا و ناوەندەکانی دیکەی دابینکەری پارە و مووچە-ش وەها کارێک دەکەن)، هەربۆیە هەڵسەنگاندنی دەقی کانت و دۆخی ئێمە دەتوانێ لەوەپێش سنووردار بووبێت. بۆ پرسیارلە واتاکانی دەقی کانت بۆ ڕۆژگاری ئێمە، من پرسیاری ئەوە ناکەم گەلۆ دەکرێ ئێمە کانت بۆ پرسی ئازادیی ئاکادمیک بەکار بهێنین بەڵکوو ئەوە دەپرسم چۆن دەکرێت ئەو ئیدیۆمە کانتییە بۆ سەردەمی خۆمان وەربگێڕین کە بەسوود بێت. ئەمە دەتوانێت پرۆژەیەکی ئاڵۆز بێت، چون کانت چەند جۆری جیاوازی ڕەخنەی هەیە و دەبێ فام بکرێ کە کام تێگەیشتن لە ڕەخنە پەیوەندی بە باسی بواری پەروەردەوە هەیە. گەڕان لە نێو کانتدا بە مانای پشتڕاست کردنەوەی فەلسەفەی ئێستعلایی نییە بەڵکوو بۆ ئەم پرسیارە باشە کە گەلۆ تێپەڕین بە ڕێگەی فۆڕمی ئێستعلایی بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەدا ئاکامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ دەبێتەوە. ئێمە داوا لە دامەزراوەگەلی مێژوویی وەکوو زانکۆ دەکەین کە پشتیوانی لە ڕەخنە بکەن، بەڵام ئێمە بۆ داوەری و هەڵسەنگاندن هەندێک تێگەیشتنمان لە ڕەخنە هەیە کە برێک لە زانکۆکان پشتیوانی لە پێگە و بەکارهێنانی ئەو شێوە ڕەخنەیە ناکەن. ئێمە لەسەر چ بنەمایەک وەها

دادوەری و هەڵسەنگاندنێک دەکەین؟
تێگەیشتن لە ڕەخنە لەگەڵ ئەو شتەی ئێمە پێی دەڵێین لێکۆڵینەوەی کراوە پەیوەندی هەیە، ئێمە وا تێدەگەین کە ئەو شتەی لێکۆڵینەوەی کراوە ساز دەکات، شتێکە کە لێکۆڵینەوە سنووردار دەکات و سنووری کردەوەکانیشی دیاری دەکات. هەموو فۆرمەکانی لێکۆڵینەوە، کراوە و ڕەخنەگرانە نین و ئەو هێلانەی ئێمە لە دەوریان دەکێشین سنوور بەرهەم ناهێن، ئەگەرنا سنوورە کە کردەوەی لێکۆڵینەوەیەک مومکین دەکات. بەکاربردنی ڕەخنە کاتێک ڕوودەدات کە کۆمەڵێک لە پرسیارەکان فۆرمووڵە بکرێن. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە ڕواڵەتی ڕەخنەیی تایبەتمەندیی فۆرماڵی پرسیارەکان بناسین و پاشان پۆلێنبەندییەک بکەین کە بەپێی ئەو پرسیارانە بێت کە ئێمە پێمان وایە ڕەخنەگرانەن و ئەوانی دیکە ئاوا نین؛ بەڵکوو ئەم کارە پتر گرێدراوی باری مێژوویییە: ئێمە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن، لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، جۆری دیاریکراوی پرسیار ناتوانن بکرێن، یا تەنیا لەڕێگەی شکاندنی قەدەغەیەکی دیاریکراوەوە دەکرێن کە ئەو قەدەغەیە کارکردی دیاری کردنی هەلومەرج و سنووردار کردنەوەی پرسیارکەری هەیە؟ ئەم بۆچوونە ڕوانینی ڕەخنەگرانە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە جۆربەجۆرە مێژووییانە کە چوارچێوەی لە بیرکردنەوەهاتوو و شیاوی‌گوتن دیاری دەکەن، پێناسە دەکات. بە باوەڕی من بەشێک لە چوارچێوەی شیاوی‌گوتن لە ڕێگەی بەسەرکێش ناساندنی هەندێک ڕوانگەی دیاریکراوی فیکرییەوە، دادەمەزرێ. زۆر بەئاسانی دەتوانین بڵێین ڕوانگە سەرکێشەکان ئەوانەن بە گشتی و بە ئاشکرایی بە نارەوا دادەنرێن و لەو ڕوانگانە کە بە ئاشکرا بە ڕەوا دەزانرێن جیا دەکرێنەوە. بەڵام وەها چوارچێوەیەک لەمەڕ ئەو شتانەی کە ناتوانرێ بە ڕوونی باسیان لێ بکرێ و بۆ ئەو کردەوانەی کە وەکوو سنوورێک بۆ شتانی شیاوی کوتن پێناسە دەکرێن تووشی شکست دێت. بە واتایەکی دیکە، ڕوانگەی سەرکێش ئەوە نییە کە بەبێ زیان گەیاندن بەو ئایدیایەی کە شیاوی‌گوتنە بکرێت بگوترێت. ڕوانگە سەرکێشەکان وەکوو شتێک بۆ بنکۆڵ کردنی ئایدیای ڕوانگە دەبینرێن. لێرەدا من کەمتر باسی ئەو ڕوانگانە دەکەم کە فۆرمی ڕاگەیاندنیان[٢] هەیە، چون من تێدەگەم کە ئەوانە سەرکێشانە دادەڕێژرێن، بەڵام پتر مەبەستم ئەو ڕوانگانەیە کە تازەن، یان وەک پرسیارگەلێکن لە چوارچێوەیەک کە پرسیارەکانی تێدا دەکرێن.

ئەڵبەت کانت بەجۆرێک لەسەر پێچەوانەی ئەم بابەتە پێداگریی دەکرد. پرسیاری کانت ئەوە بوو کە چۆن ئێمە دەتوانین لێکۆڵینەوە لە زانینی خۆمان سنووردار بکەینەوە هەمیشەبە ئەنجامی دوگم یان گوماناوی نەگەین.[٣] لەسەر چ بنەمایەکی ڕەوا ئێمە دەتوانین بناسین؟ کانت لە ڕێگەی ئەو پرسیارەوە دەیویست جۆری بنەماگەلی کە ڕەواییی دەسەلمێنن پۆلێنبەندی بکات. واتە ئەوانە بەپێی عەقڵ دەسەلمێن و ئەوانەی ناسەلمێن. کانت لە ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا پشتی بە چەندین مانا و کارکردی ڕەخنە بەستووە، وەکوو: لابردنی مێتافیزیک، سەرکەوتن بەسەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێ دەسەڵاتی یەکلاییدیتن (مشتومڕی هەمیشەیی نێوان دوگماتیزم و شک و گومان-گەرایی)، حەول بۆ دروست کردنی بنەمایەکی کارامە بۆ زانست، حەول بۆ دامەزراندنی دادگایەک کە تەواوی ئیددیعاکانی زانین بەوێدا تێپەڕێ، ڕێگایەک بۆ ئاشتیی مەدەنی، تاکە ئامرازێک بۆ دادوەریی کردنی ئیددیعاکانی زانین، ڕێگایەک بۆ هەڵێنجانی ئیددیعاکانی زانین بەپێی بنەما لەپێشووەکان، ڕێگایەک بۆ

جیاکردنەوەی وەها ئێدیدیعاگەلێک لە ئیدیعا ئەزموونکراو و هزرییەکان. رەخنە وەکوو شۆڕشێک وەسف کراوە، شتێک کە کانت وەکوو شۆڕشێک لە ئاستی رەوت و شێوازدا ناوی لێ دەبا، ڕێگایەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ زانست، ڕێگایەک بۆ بەهێز کردنی ئیدیعا رەواکان، ڕێگایەک بۆ ئاگاداری لە هەمووان لەبەرانبەر ڕێبازە زیانبارەکان (بەتایبەتی ئەوانەی لێکدژی، بەلاڕێدا بردن و زێدەڕۆیی کردن لەخۆ دەگرن)، و ڕێگایەک بۆ وەستان لەبەرانبەر بیری خەڵکدا و لە هەمان کاتدا لە خزمەتی خەڵکدا بوون. بەڵام کانت لە جێگایەک لەم لیستەدا فۆرمێکی تایبەت لە پرسیار پێشنیار دەکات کە بەشێک لە ڕەخنەیە و بە دوو شێوە دارێژراوە. کاتێک کەسێک ڕەخنە دەگرێت، ئەو کەسە بە سانایی بەستێنێکی ڕەوایی بەخش بۆ هەرچەشنە پرۆژەیەکی زانست دابین ناکات، بەلکووکەسێکە کە کۆمەڵێک پرسیار دەکات کە چۆن حاڵەتی خۆ-ڕەوابەخشی ڕوو دەدات.[۴] ئەو پرسیارانە ئەمانەن: لە چ ڕێگەیەکەوە؟ بە چ مافێک؟[۵]

با ئەم پرسیارانە لە مێشکدا ڕابگرین لە چ ڕێگەیەکەوە؟ و بە چ مافێک؟ ئێمە ڕوانگەی ڕەخنەیی بۆ پرسیارگەلی پەیوەندیدار لەگەڵ بواری خوێندن و ئازادیی ئاکادمیک بەکاردەهێنین. کانت نووسراوەیەکی کورت بەڵام سەرنجڕاکێشی لەژێر ناوی «ڕووناکبینی چییە؟» نووسیوە و فۆکۆش خوێندنەوەیەکی لەسەر ئەو بابەتە هەر بەهەمان شێواز لە ژێر ناوی ڕووناکبینی چییە؟ نووسیوە[۶]. لەوێدا کانت باسی دەکات کە مەبەستی لە ڕەخنە چییە، بەڵام ئەو ئیدیعاکانی خۆی لە ڕێگەی هێنانە ئارای پرسیارگەلێک سەبارەت بە ئازادی و بەکارهێنانی عەقڵ کە دەبێ لە بەکاربردنی گشتییەکەیدا ئازاد بێ و لە بەکاربردنی تایبەتدا دەبێ پێمل و گوێ لە مست بمێنێتەوە، سنووردار کردووەتەوە[۷].

هەندێک کار هەیە کە لە بیاڤی تایبەتدا دەکرێ، بۆ وێنە وەکوو لە بیاڤی بنەماڵە، کلیسا و ماڵیات. ئێمە تایبەتمەندیی دەسەڵاتی ئەو نۆرمانە ناخەینە ژێر پرسیارەوە بەڵام تەنیا بۆ ئەوانەی کە تایبەت بە چەمکی سنووردار کراوی گشتین دەچنە ژێر پرسیارەوە. کانت نەک هەر ئیدیعای خۆی سنووردار کردووەتەوە بەڵکوو نیشانی داوە کە بەکارهێنانی ئازادانە و گشتیی عەقڵ، پەیوەندی بە بیاڤی تایبەت و سنووردارەوە هەیە، و دڵی ڕەخنەگریی گشتی مەرجێکی ئازادییە و یەکێک لەو مەرجانەیە کە بیاڤی چاوەدێریی دەوڵەت تێیدا ڕوو دەدات و لە دەستێوەردانی ڕەخنەگرانە بەدوورە. ئێمە چۆن دەتوانین لە بیاڤی بەکار هێنانی ئازادانە و گشتیی عەقڵ لە سەر بنەمایەکی تاکەکەسی (تایبەت) و سنووردار، تێبگەین؟ ئەو هێڵە چۆن دەکێشرێتەوە؟ بە چ ئامرازێک؟ بە کام ماف؟

کانت بۆچوونێکی دیکەی سەبارەت بە مشتومڕی نێوان کۆلێژەکان خستووەتە ئاراوە، ئەو پشتیوانیی لەوە دەکرد کۆلێژەکانی یاسا، پزیشکی و حکوومەت، دەبێ لە ژێر چاوەدێریی تەناهی و دەسەڵاتی حکوومەتدا بن و دەبێ فەرمانەکانی دەوڵەت بە شێوازێکی دروست جێبەجێ بکەن و وەکوو یاسا پەسەندی بکەن، هەروەها بواری خوێندنی فەلسەفە دەبێ بەدوور لە هەر جۆرە دەستێوەردانێک بێت. لە ڕاستیدا فەلسەفە تەنیا لە کاتێکدا دەتوانێ ئازادانە عەقڵ بەکار بهێنێ کە لە بەربەستەکانی پێداویستییە سیاسییەکان بە دوور بێ. دۆخەکانی بەرهەم هێنانی دەق ئاڵۆزە؛ ئەوە لە ساڵی ۱۷۹۴ لە بەرانبەر بە کردەوە پێشگیرانەکانی فرێدریک ویلیامی دووهەم نووسراون، لەو کاتەدا کانت داخوازێکی فەرمیی لە دەوڵەتی ئەو کات وەرگرت کە چیدی سەبارەت بە ئایین نەنووسێ. بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەی کانت

ئاڵــۆز و بەگرێوگۆڵە، ئــەو ناوەندە فێرکارییە باڵاکان وەکوو تیئۆلۆژی، یاسا و پزیشکی -کە ڕاستەوخۆ لە بواری خێرۆمەندی گشتیدان- لەگەڵ کۆلێژە خوارووەکان وەکوو فەلسەفە و مێژوو «کە لە فەرمانی ژوور دەستەکان بۆ فێر کردن خۆدەبوێرن»، جیــا دەکاتەوە. ئەرکی فەلســەفە ئەوەیە کە خۆی لەگەڵ «ڕاستیی فێرکاری کە بواری گشتیدا وەدەردەکەوێ»، «داوەریی ئازاد» نیشــان بدات و پێویستە بە شــێوازێکی سەربەخۆ دادوەری بکات و تەنیا لە ڕێگای یاســاکانی عەقڵ نەک یاســاکانی دەوڵەتەوە، ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات[٨].

وا پێدەچێ بۆچوونی کانت ســەبارەت بە بــواری ڕەخنە پەیوەندیی بــە جیاوازییەکی ڕوونی بواری خوێندنەوەوە هەیە؛ سیاسەت - وەکوو دەستەبەری جێبەجێ بوونی دەوڵەت فام دەکرێ- بەشێوەیەکی ڕەوا بەسەر هەندێک بــواری خوێندنی ئاشــکرادا زاڵــە و ئەرکی ئەوەیە وەکوو بەســتێنێک بــۆ خێرۆمەندیی گشــتی بمێنێتەوە و ببینرێ و بەشێوەیەکی ناڕەوا بەسەر هەندێک بواری خوێندنی دیکە کە ئەرکیان کارکردێکی ڕەخنەگرانەیە، تاکوو ڕوانینی گشتی تێســت بکەن و داخوێانەی دژ بە یاســاکانی عەقڵن هەڵبسەنگێنێ و لە پەیوەنــدی لەگەڵ هەموو جــۆرە ڕێنوێنییە گشتییەکان ســەربەخۆ بمێنێتەوە. فەلسەفە بەشــێوەیەکی ئازاد و بەدوور لە هەر چەشنە سەپاندنێک پێناسە کراوە و ئەمەش لە ڕێگای ئەری ڕەخنەگرانەکەیەتی، بەڵام ئەم نەبوونی سنوور و سەپاندنە پەیوەندی بە سنووردارێتی و سەپاندنانەیە کە بە سەر بوارەکانیی دیکەی خوێنــدن و کۆلێژەکانی دیکەدا ســەپاوە. لە ڕاســتیدا ئەرکی ئەوەی کــە بڕیار بدرێ لە کوێ و لە چ کاتێکدا ئەم داســەپاندنکارییانە فۆرمێکــی ڕەوان، کاری فەلســەفەیە. لــەو ڕووەوە، ئازادیــی لێکۆڵینــەوە بۆ فەلســەفە پەیوەندی بە نەبوونی ئازادیی زۆری بوارەکانی دیکە خوێندنەوە هەیە. ئازادی فەلســەفە لە داســەپاندنکاریی دەوڵەت، پێناســە کردنی ئەرکی بواری خۆێندنیی فەلسەفەوە هاتووە، واتە ئازادیی فەلســەفە وەکوو پێشمەرجێکی چێکەری ئیدیعای فەلسەفە بۆ لێکۆڵینەوەی ئازاد و کراوەیە، دۆخێک کە لە نێو بوارەکانی دیکەی خوێندنــدا نابینرێ. هەربۆیە پێگەی بواری خوێندنی فەلسەفە ئاکامی دەرکەوتنی دەســتێوەردانی دەوڵەتە. لە ڕاستیدا کاتێک کانت وەها ئیدیعایەک دەکات کە فەلسەفە دەبێ دوور بێ لە ســنووردارێتی و بوارەکانی دیکــەی خوێندن دەبێ ســنووردار بن، ئەم پرسیارە ساز دەبێ کە گەلۆ کانت بەناو بواری فەلسەفەدا قسە دەکات یان وەکوو داوەرێکی ســەروو-بواریی بوارەکانیی خوێندن قســە دەکات. من پێموایە سەلماندنی هەردووکیان ڕاستە.

ڕەنگــە کاتێــک کانت دەڵێ فەلســەفە دەبــێ لە چاوەدێری و زاڵێتیی دەوڵەت ئازاد بێ، ئێمە دەبێ لەســەر ڕوانینێکی پێچەوانە بدوێیــن و قبووڵی بکەیــن. دەوڵەت دەبێ لە فەلســەفە ئەوە فێر بــێ کە هێزی خۆی ســنووردار بکاتــەوە ڕێگە بــە کاری ئازاد و گشــتیی فەلســەفە بدات. گەرچی فەلسەفە خۆی لە دەســتێوەردانەکانی دەوڵەت بەدوور دەبینــێ و خۆی لەچــاو بوارەکانی دیکەی خوێندن کە دەوڵەت دەســتێواردانیان تێدا دەکات جیاواز دەبینێ، بەڵام بەو حاڵەشــەوە خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت پێناســە دەکات و لەڕاســتیدا بــۆ پێناســە کردنــی فەلســەفی لە خۆی، گرێدراوی دەوڵەتە. لە ڕوانگەی کانتەوە کە دەڵێ فەلســەفە دەبێ لە سیاســەت بەدوور بێ؛ ئــەوەی بەئەژمار نەهێناوە کە چۆن هەر ئەو ئازادییە گرێدراوی پێشــمەرجی ئاشــکرا و ڕوونی سیاســی بۆ فەلســەفەیە، ئەو شــتەی کە لە تان و پۆی زانکۆدا چنراوە، وەک دریدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کــردووە و، چۆن گرێــدراوی حوکمی گشتییە. ئێمە هۆکاری زۆرمان بۆ سەرسامی

هەیە کە گەلۆ ئەم جوولەیە دەتوانێ فەلسەفە لە سیاسەت بسڕێتەوە یان بە شێوازێکی زۆر سنووردارتری دەوڵەت، ئەمە لە کاتێدایە یەکەم، هێزی دەوڵەت پشتیوانی لە فەلسەفە دەکات و لە ڕێگەی ئەم پشتیوانییەوە دەست لە چاوەدێری بەسەر ئەو ڕێگایانەی فەلسەفە پێیاندا دەڕوا هەڵدەگرێ و دووهەم، جیاوازی لە نێوان بوارەکانی خوێندن (ناوەندە فێرکارییە باڵاکان یان کۆلێژە باڵاکان) کە دەبێ پاساو بۆ شێوازەکانی لێکۆڵینەوە و ئیددیعاکانیان سەبارەت بە زانست بهێنەوە لە چوارچێوەی خێرۆمەندییەکی گشتی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە، بە تەواوی دیاردەیەکی نافەلسەفییە، لەم ڕووەوە فەلسەفە لە ڕووی ئەو شتەی کە نییە پێناسە دەکرێ و ئەم پێناسە کردنەش دەستێوەردانی دەوڵەت لە پێکهێنانی زانستی بوارەکانی خوێندن سنووردار دەکاتەوە. شوێنێک کە دەتوانین کاریگەریی فەلسەفە نیشان بدەین ئەوەیە کە سنووردار کردنەوەی چاوەدێریی دەوڵەت شتێکی ڕەوایە و ئەوە بەم مانایەیە ئەرکی گرینگ و ڕەخنەیی فەلسەفە ئەوەیە کە ڕەوایی بداتە هێزیی ناڕەوای دەوڵەت. فەلسەفە نێوی ناوە چرکەساتێک کە دەوڵەت پاشەکشە دەکات یان - دەبێ پاشەکشە لە فەرمانەکای بکات یان ئەوەیکە دەوڵەت فەرمانەکانی لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەیەک (ئیستدلالێک) ئارستە بکات کە خۆی سازی نەکردووە؛ بەپێچەوانەوە، فەلسەفە چرکەساتێک نێو دەنێ کە لەوێدا بەڵگەهێنانەوە وەکوو هێزێک بۆ دەوری سەربەخۆیانە پێناسە دەکات و ئیمکانێک بۆ جیاوازیی بیروڕای سیاسی دادەمەزرێنێ؛ ئەوەش لە پێناو قبوول نەکردنی فەرمان و زاڵێتیی دەوڵەت وەکوو دیاردەیەکی ڕەوایە.

ئەگەر فەلسەفە ئەم ئەرکە سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی دەوڵەت لە کاروباری زانکۆدا ئەنجام بدات، ئەوە فەلسەفە ئەرکی ڕەخنەگرانەی خۆی ئەنجام داوە و خۆی لە سەروو یان دەرەوەی هێزی دەوڵەت داناوە و ئەرکی گشتیتری ئەوەیە کە سەبارەت بە فەرمانەکان و سیاسەتەکانی حکوومەت کە ڕەواییەکەیان بەشێوەیەکی گشتگیر و بەربڵاو تا ئێستا دانەمەزراوە لێکۆڵینەوە بکات؟

ئێستا هۆکارگەلێکی زۆر هەن سەبارەت بە پرسیار لە پێگەی کانت و بگوترێ ئایا ئێمە دەتوانین بۆچوونی کانت بۆ ئێستا بەکار بێنین یان ئەوەیکە؛ ئەو بۆچوونە بۆچی بۆ ڕوانینی ئێمە لەمەڕ ئازادیی ئاکادمیک و ئەرکی ڕەخنەیی ژیانیی زانکۆییمان بەسوودە. بەڵام لێرەدا دوو خاڵ هەیە کە بۆ ئامانجی باسەکەی ئێمە پڕبایەخن. یەکەم، کرداری ڕەخنە کە لە نێو بواری خوێندنی فەلسەفەدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەمە لە هەموو جێگایەک ڕوو دەدا و هەموو جێگایەکیش دەبێتە هۆی پرسیارگەلێکی جیاواز، هەرلەو ڕووەوە ڕەخنە تەنیا بەشی بواری خوێندنی فەلسەفە نییە بەڵکوو هەر بەو جۆرەی دریدا پێداگری دەکات، ڕەخنە لە تەواوی زانکۆدا (واتە تەواوی بوارەکانی خوێندندا) بوونی هەیە. دووهەم: کرداری ڕەخنە تەنیا لە بوارە ناسراوەکانی فەلسەفە و نێو دیوارەکانی زانکۆدا ڕوو نادات، بەڵکوو لە هەموو کاتێکدا پرسیاری ئەوەی کە چ شتێک ڕەوایی فەرمانی حکوومەت و سیاسەت پێکدەهێنێت دەکرێ. هەر بۆیە ڕەخنە پێملی هیچکام لەو ئیددیعایانە نابێ کە دەیانگوت سنووردارێتی، باشترینی هۆکاری کرداری ڕەخنەیە و سنووردار ناکرێتەوە. ئەوە بەم مانایەیە؛ ئەم تێگەیشتنە لە ڕەخنە کە بەدەستی کانت سازکراوە، لە فۆرموولی کانت تێدەپەڕێ و ساز کردنی مەوادیەکی لە دەقە کانتییەکانیشی لێ دەبێتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کانت کە لەلایەن دریداوە لە چەندین نووسراوەیدا لە ژێر ناوی چاوەکانی زانکۆدا چاپ بووە، باس

لەسەر ئەوەیە، چلۆن بوارێکیی خوێندن لە بوارێکی دیکە جیا دەبێتەوە. دریدا بانگهێشت بۆ ناخاوێنییەک کە لە نێوان بوارەکانی خوێندندا هەیە دەکات، بەڵام ئەو بەتەواوی بەتایبەت لە وتووێژێکدا هەر بەهەمان نیو، ستایشی فەلسەفە دەکات، هەروەها پرسیارێکی دیکەش دێنێتە ئاراوە؛ گەلۆ ئێمە دەتوانین پشت بە عەقڵ بۆ کردەوەی ڕەخنەگرانە ببەستین و ئایا ڕەخنە بۆخۆی نە لەبەر ئیدیعاکانی عەقڵ بەڵکوو لەبەر جیاوازیی بێ دەردیسەریی نێوان بوارەکانی خوێندن جێگای بڕوا بێ. ئەگەر من وەکوو دریدا ڕەخنە لە کانت بگرم دەبێ خەریکی خوێندنەوەی وتاری تۆماس شێلینگ لە ساڵی ١٨٠٣ سەبارەت بە میتودی خوێندنی زانکۆکان بم. لەوێدا شێلینگ باسێک سەبارەت بە کرداری زانست دەکات کە دەبێ پێش لە سنووردار کردنەوەی بوارەکانی خوێندن بن. پاشان دریدا دەپرسێ گەلۆ هزر لە بەرەوەیە و ناتوانێ جیاوازییەکی پتەو لە نێوان بوارەکانی خوێندندا ساز بکات و ئەم دەستەواژەیەی لە ڕەخنە پێ باشترە کە لە ڕوانگەی ئەو جیاوازیی نێوان بوارەکانی خوێندن پەسند کراوە. پرسیاری دریدا لە ژێر کاریگەریی شێلینگ ئەوەیە چ شتێک پێش گریمانە کراوە لەلایەن سنوورداریتیی ڕەخنەییەوە؟ دریدا هزر بۆ پەیوەندییەکی لەوەپێش ڕادەگرێ، پێش لە سنووردار کردنەوە، وەکوو دیاردەیەک بۆ تێگەیشتن لە فەزایەکی نائاسیی و دەستەمۆنەکراو، یان بەلانی کەمەوە بۆ ئەو فەزایەی کە پێشمەرجەکانی فۆرمە جێگیرکراوەکانی زانست ناتوانێ بە سانایی قبووڵ بکرێ. دریدا بە دروستی ئەم پرسیارە دەکات کە چۆن پەیوەندیی نێوان بوارەکانی خوێندن ساز دەکرێ لە کاتێکدا ئێمە ناتوانین ئەگەری جێگۆڕکێ لە نێوان بوارەکانی خوێندندا فەرز بکەین، جێگۆڕکەیەک کە لە زۆربەی کاتەکاندا سنووری نێوان بوارەکانی خوێندن وەکوو پێکهاتەیەکی لەرزۆک نیشان دەدات و خودی بوارەکانی خوێندنیش لەبەر پەتی و خاوێن نەبوونەکان وەزاڵە هاتوون کە ناتوانن لەنێو بچن یان بەڕێوەبەری بکرێن. ئەم کێشەیە لە نێو شیکردنەوەی کانتدا سەبارەت بە ڕەخنە لەمەڕ بواری خوێندندا سەرهەڵدەدا، ئەم باسە دێنێتە ئاراوە کە ڕەخنە لە هەر کات و شوێنکدا کە کرداری ئازادی عەقڵ ڕوو دەدات سەرهەڵدێنێت. بەم ئاقارەدا ئێمە دەتوانین کرداری سەروو-بواری خوێندنی ڕەخنە بدۆزینەوە کە بنەمایەکیشی لەنێو کانتدا هەبوو، ئەگەرچی کانت نەیتوانی و نەشیکرد وەها ئاکامگەلێک بەدەست بهێنێ.

هەمووی ئەم پرسیارانە گرینگن، بەڵام من دەمهەوێ بڵێم ئێمە پێویست ناکات ڕەخنە لە بەشە جیاوازە پرۆبلماتیکەکان کە کانت پشتی پێ بەستووە بگرین. من پێموایە کانت ئەو شتانەی وا دەبێ لە ئەودیووی ڕەخنەدا بن دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ڕەخنە لە ڕەخنە، لەنێوبردن یان پووچ کردنەوەی ڕەخنە نییە. نەرێ-یەکی دوو هێندەیە کە ڕەخنە بە ئەوپەڕی بەرزی دەگەیەنێ، هەروەها ئەوە لە فۆرمەکانیدا شتێکی ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنایە کە لەوە پێش نەناسراوە و ڕێدراویش نەبووە و پێش مەرجە نارەخنەییەکان و مانا ناڕاستەوخۆیەکانی کرداری خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ وێنە جیاوازی لە نێوان بواری گشتی و تایبەت لە کانتدا سەبارەت بە ڕەخنە و مشتومڕی نێوان ناوەندە خوێندنەکان (کۆلێژەکان) ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە. هەر بەو جۆرەی لە سەرەوە باس کرا فەلسەفە بێ سێ و دوو و بەتەواوی گشتییە و کرداری ڕەخنەییەکەشی جێگایەکی لە بواری تایبەتدا نییە. ئەم جیاوازییەی فەلسەفە لەگەڵ بوارەکانی دیکەی خوێندن لە ڕەهەندی بواری تایبەتدا زۆر نییە، یەکێک

لەو خاڵە جیاوازییانە هێزە کە ســەرنجی پێ دراوە تاکوو بە شــێوازێکی باش و ڕێکوپێک لەســەروو گەیشــتن بە ڕەخنەوە بێ. لێرەدا دەتوانین ببینین کە چلۆن بەکارهێنانی ئازاد و کراوەی ڕەخنە و ئەو جۆرەی من سەبارەت ئێدیدیعاکانی لە مەڕ حاڵەتی موتەعالییەکەی، دەتوانــێ لەبــەر کاریگەرییەکانی لەســەر سیاســەت، قەیران ســاز بکات. ئایا مەرجی فەلســەفە بۆ جیــاوازی لەگــەڵ بوارەکانی دیکــەی خوێندندا بەســتێنێکی موتەعالییە یــان بــە ئاشــکرایی ڕێگایەک کــە هێڵی سنووردارکردنەوە دەکێشــێ کە باندۆرێکی موتەعالی لەســەر ئەوەی کــە پەیوەندیی بە کام خۆپێناســەکردنی[۹] فەلسەفەوە، وەکوو بواری خوێندن هەیە، بەرهەم دەهێنێ؟ ئەو سیاســەتەی کە ئێمە ئامــاژەی پێ دەکەین سیاســەتی دەوڵەت یان سیاسەتی بیاڤێکی گشتی نییە؛ بەڵکوو سیاسەتی تایبەتی هێزی ســنووردار کردنەوەیــە کە بــە بەردەوامی نێوان دوو بەستێنی پڕ لە کێشەی گشتی و تایبەت لێک جیا دەکاتەوە. ئەگەر ڕێگایەک بــۆ جیاکردنەوەی بواری گشــتی و تایبەت نەبێ؛ ئەوە کاری ڕەخنە تەنیا بە شــێوازێکی ناڕەوا بۆ بواری گشتی ســنووردار دەبێتەوە. بــواری تایبەت ئەم شــتانە لەخــۆ دەگرێ: هەندێک ڕێوشوێنی پەیوەندیدار بە بنەماڵەوە و ناوەندە ئایینییەکان، پرسگەلێک سەبارەت بــە ســڵامەتی و دیســان بەرهەمهێنانەوە، جیاوازیی ڕەگەزی کار، یاساگەلی پەیوەندیدار بە سێکسواڵیتە و ڕەگەزی (نێرینە و مێینە)، پرســیار لە دۆخ و ئامرازەکانی بێچم گرتنی بابەتــەکان وەکوو پــەروەردە و فێر کردن و دەست پێراگەیشتن بە ناوەندەکانی پەروەردە لە ڕووی چینایەتــی و ڕەگەزی(نژادی)یەوە؛ لــەم ڕووەوە ئــەوە ناڕەخنەگرانەیە بگوترێ کــە نابێ ڕەخنەیان لێ بگیــرێ یان ئەوەی کە پەیوەندییە پلە نزمەکان وەکوو بەشــێکی سیاسیی ســازکراوی ژیانی کۆمەڵایەتییە و تەنانەت بەشیک لە ڕامانی فەلسەفییە. ئەگەر بە پێی ڕوانینی کانت بڕوێنە پێشێ؛ فەلسەفە لە فەرمان و سیاسەتی دەوڵەتەکان بەدوورە، پاشان فەلســەفە دەبێتە ئامرازێک بۆ ئەوەی پانتاییی ڕەخنە ســنووردار بکرێتەوە. ئەگەر پرسگەلی بیاڤی تایبەت بێتە ئاراوە؛ بەشێکی فرە لە بیاڤی گشتی و تایبەتدا دەتوانرێ وەکوو دیاردەیەکی ڕەخنەیی بیــری لێ بکرێتەوە، پاشــان فەلســەفەش دەبێ پێگەی خۆی لە نێوان بوارەکانی دیکــەی خوێندندا لەقیس بدات و بچێتە بوارێکی کۆمەڵایەتییەوە کە نە گشتییە و نە تایبەتە و پرسیارگەلێک بخاتە ڕوو کە ئەرک و کردارەکەی پێناسە بکات.

ســەبارەت بەم شــێوەڕوانینە پێویستە تێگەیشتنمان لە ڕەخنە بگۆڕین بۆ ئاقارێکی کۆمەڵایەتی-سیاســی و پرســیار بکرێ کە ئایا ئەو ڕێگایانەی بواری گشــتی و تایبەت دەکێشــنەوە؛ خۆیــان ڕەوان. ئەگەر ڕەخنە وەکوو شــتێکی ســنووردارکراو بە ساحەی کراوەی گشــتی فــام بکرێ، دەبــێ ئێمە پرســیار بکەین کە ئەم سنووردار کردنەوەیە چــۆن ڕوویداوە. ئــەوە لە ڕێگــەی ئامرازە سیاســییەکانەوە ڕوودەدا کە خۆی لە ناو ئەو ســاحەتە نیشــان نادات تاکوو بە شێوازێکی ڕوون و دەقیــق هێز لە ڕێگەی ئەو بوارانەی کە دامەزراون و ســەقامگیر بوون سنووردار نەکرێتــەوە. هەر بۆیە ئێمە پێویســتمان بە شتێکی وەکوو ڕەخنەی ڕەخنە هەیە تاکوو لە جیاوازیدانانی کاریگەرییەکانی هێز تێبگەین و کاریگەرییەکانیشــی پووچــەڵ بکەینەوە. ئێزن بدەن با بۆ چرکەساتێک وەبیر بێنینەوە کە پرسیارە کردارییەکانی ڕەخنە چی لەخۆ دەگــرێ و واتــە چــۆن ڕوو دەدات؟ و لــە ڕێگەی چ ئامرازگەلێکەوە؟ ئەوە بەو مانایەیە کردەوەی ڕەخنە بە ڕاشــکاوی لە پەیوەندی لەگەڵ ئیدیعاکانی هێزی دەوڵەت لەســەر لێکۆڵینــەوەی ئاکادمیک دەتوانێ ڕوو بدات. ئەگەری ئەوەی هەیە کە هەمیســان پێگەی

کانتی لە ڕێگەیەکــی جیاوازەوە بگوترێتەوە. بەگشــتی؛ کــردەوەی عەقــڵ کــە کاری فەلســەفیی کانت جیا دەکاتەوە، لە ڕاستیدا ئەوە شتێکی ڕەخنەگرانەیە، کەواتە لۆژیکییە بگوترێ ئەو شــتەی کە دەبێ وەکوو بابەخی زانکــۆ ڕابگیــرێ ڕێک کــردەوەی ڕەخنەیە کە دەپرســێ بە چ مافێــک و لە ڕێگەی چ کەرەســتەگەلێک، دۆکســایە[١٠]کی دیاری کــراو وەکوو زەروورەتێــک قبووڵ دەکرێ و و بــە چ مافێــک و بە پێــی چ مافێک و لە ڕێگەی چ کەرەستەگەلێکی دیاریکراو، بڕیار و دەستوورەکانی حکوومەت و سیاسەتەکان وەکوو دۆکســایەکی پێش-ڕەخنەیی زانکۆ قبووڵ دەکرێ.

دەبێ و دەتوانین کانت دژ بە کانت (واتە خۆی) بەکار بهێنین تاکوو ئەو پرسیارە بێتە ئــاراوە؛ کە بە چ ئامرازگەلێک و بە چ مافێک کانت پانتاییی عەقڵی گشــتیی پێکهێناوە؟ و بە پێی چ مافێک و کەرەســتەیەک کانت هاتووە پانتاییی گشــتی و تایبەتی لێک جیا کردووەتەوە؟ پرســیارەکەی دەبێ و دەکرێ دووپــات بێتەوە و ئــەو بەســتێنەی تێیدا پێکهاتووە تێکشــکێ و ئەو بەستێنانەی کەوا زۆربەی جومگەبەندییەکانی تێیدا پێکهاتووە دەبــێ و دەکــرێ بخرێتە ژێر پرســیارەوە. دەتوانیــن بڵێین کەســێک کــە چی دیکە کانتی نییە، ئەگەر کەســێک ســەبارەت بە کانت پرسیار لە کانتییەک بکات کە ئەوەش بە دڵنیاییەوە دەبێ قبــووڵ بکرێ، تەنانەت لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە پێویســتە، لەبەر ئــەوەی لە کۆتاییــدا ئەو پرســیارانەی کە هاتووەتە ئاراوە چی دیکە پەیوەندییان بەووە نییە و بەووە نەبەستراونەتەوە، ئەو پرسیارانە لەلایەن خوێنەرگەلێکەوە هاتوونەتە ئاراوە کە دەیانهەوێ بزانن لە نێوان دەقەکەیدا و کێشە هەنووکەیییەکانی ســەردەمی ئێمە،دەتوانێ چ وەرگێڕانێــک (واتــە چ تێگەیشــتنێک) لــە کانت بکــرێ. ڕەخنەی ڕەخنــە دەبێتە دووپات کردنــەوەی ڕەخنە و بابەتی ڕەخنە بۆ وەرگێڕانی دەقگەلێکە کە لە سەردەمێکی لێک بڵاو و پەرتەوازەی سیاســیدا خوڵقاوە. ئــەم کــردەوە دووقاتییە لــە هەندێک جار گرینگتریــن هەوڵێکە بۆ ســازکردنی مانا لە کانت بۆ سەردەمی ئەرۆمان.

ئێمــە مانا بــە چ شــتێک دەدەین، بۆ وێنە کاتێک فۆکۆ کانــت دووپات دەکاتەوە «ڕۆشــنگەری چییە؟»؛ ئەوە سەردێڕی کانتە کە فۆکۆ لە دەقەکەی خۆیدا بەکاری دێنێ و ناسینێکی ناخۆش لەنێوان خۆی و کانتدا ساز دەکات. لە پێشدا شتێک بە پێی ئەو لە پەنا یەکتر دانانەی ئــەو دوو وتارەدا دەردەکەوێ ئەوەیە سەردێڕەکەی پرســیارە، پرسیارێکی هاوبەشە و ئەوە سەردێڕێکە دووجار ڕوودەدا؛ ڕوودانێک کە لە ڕێگەی پرسیارەوە ڕوویداوە و جیاوازە و دووپات بووەتەوە. ئەو شتە چییە؟ فۆکۆ بە ئێمە دەڵێ؛ بەلانی کەمەوە بۆ کانت لەو وتارەیدا ڕۆشنگەری نابێ وەکوو شتێکی سنووردار بە کات و شوێن فام بکرێ بەڵکوو لەهەموو کاتێکدا دووپات دەبێتەوە و جۆرێکی دیاری پرســیار دەکرێ لــە چ دۆخگەلێکدا کام دۆکســا حکوومەت دەکات. پرسینی ئەو پرسیارە کە ڕۆشنگەری چییە؟ بەشێوەیەکی کاریگەر ئێزن دەدات دیســان ڕۆشــنگەری ڕووبداتەوە و نیشــانی دەدات کە ڕۆشنگەری شــتێکە دەتوانێ ڕووبدات لــە کاتێکدا وەها پرســیارگەلێک بێتە ئــاراوە. هــەر بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو شتەی لە خوێندنەوەی دەسبەجێی شێوازی فۆکۆ دێتە ئاراوە ئەوەیە کــە ڕۆشــنگەری بەشــێوەیەکی ڕادیــکاڵ غەیرە-مێژوویــی دەبێتەوە و لــە ڕەهەندی میتودۆلۆژییەوە ڕۆشنگەری دابڕانێکی دیاری مێژوویــی پێکدەهێنێت. فۆکۆ دەڵێت ئەگەر ڕۆشنگەری دروشــمێکی هەبێ خۆی لەوەدا نیشان دەدات «غیرەتی(جورئەتی) زانین»[١١]. لە هەنگاوی دووهەمدا ئەو شــتەی دەبینرێ ئەوەیە کە بۆ فۆکۆ، ڕەخنە شتێکە پەیوەندیی

لەگەڵ حاڵەتی سووژەوە هەیە یان ئەوەی کە ریسکێکی دیارە کە هەرەشە لە سووژە دەکات لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتە زاڵانەی کە لەبەرانبەر رەخنەدا پارێزراون. پێدەچێ ئەو شتەی سەبارەت بە رەخنەوە دەیڵێ لە «رەخنە چییە؟»[١٢] غیرەتی «فەزیلەت» بێت و لە دواهەمین رەنگدانەوەکانی لە لێدوانە نەترسانەکەیدا لە ژێر هەمان نێو دەبینرێ[١٣].

کاتێک فۆکۆ کانت دەخوێنێتەوە؛ رەنگە بە شێوەیەکی زانستی خۆی لەگەڵ رەوتی هزریی کانتدا رێک بخات و تەباییەک ساز بکات، ئەو بەشێوازێکی هەڵبژاردە کانت دەخوێنێتەوە و ئەو بەشانە لە ئیستدلالی (بەڵگاندنی) کانت کە لەگەڵ جێگۆرکێ و تەفسیرەکانی یەک ناخوێنێتەوە لادەبا و لەقەڵەمی دەخات. فۆکۆ پەرە بە ئایدیایەکی تایبەت سەبارەت بە رۆشنگەری دەدات و بە ئەنجامی ئەو کارە هۆکارێکی پێویست بۆ دابڕان لە کانت دەدۆزێتەوە، تەنانەت بە ئێمەی نیشان دەدات کە دابڕان لە کانت شتێکی تەواو کانتییە. کانت تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە رەخنە بە ئێمە دەدات کە لەوێدا دابڕان لە کانت شتێکی پێویستە. فۆکۆ باس لەو سەرچاوانە لە دەقەکەیدا دەکات کە کاروباری خۆی پێ بباتە پێشێ و ئێمە دەبێ لەبەر ئەو کارەبە خەتابارێ بزانین. بەڵام فۆکۆ ئەو کارە بە رووحییەتێکی رەخنەییەوە دەکات؛ ئەو دادوەری دەکات تاکوو بڕیار بدا کانت چ شتێکی بۆ ئەورۆ پێیە. هەر بۆیە فۆکۆ تێگەیشتنێکی کانتی لە رەخنە پەرە پێدەدات بەڵام ئەو کارە بە شێوازێک دەکات کە بەشگەڵێکی زۆر گرینگ و مسۆگەری نارەخنەیی لە باسەکەی کانتدا پشتی پێ بەستووە لاواز دەکات.

چەند ساڵ لەوە پێش برووس رۆبینز[١۴] کوتی کانت و فۆکۆ دوو قەوارە و رواڵەتی دژ بە یەکن؛ بەتایبەت کاتێک باس لە بیرکردنەوە سەبارەت بە بوارەکانی خوێندن دەکرێ. رابینز دەنووسێ مشتوومڕی کۆلێژەکان، سیاسەت و گرینگییەکانی لەبەرچاو ناگرێ هەربۆیە فەلسەفە دەتوانێ ئیددیعای مافێکی تایبەت بە خۆی بۆ سەربەخۆیی بکات: هیچ دەستوور و فەرمانێک نییە، هەر بۆیەش فەلسەفە ئازادە تاکوو هەموو شتێک هەڵبسەنگێنێ. رۆبینز وای بیر دەکردەوە کە وەها چاوپۆشییەک لە سیاسەت، بەلای کەمەوە نە بۆ ئێمە و نە لە ئێستادا ناتوانێ و نابێ رووبدات. لەراستیدا رۆبینز پێی وایە کانت هەڵە دەکات سیاسەت و زانست[١۶] لێک جیا دەکاتەوە، و فۆکۆ کەسێکە بە ئەو(کانت)ی نیشان دەدات وەها ئیددیعایەک مومکین نییە و زانست و هێز بەشێوازێکی نەگۆڕ و بەردەوام لەگەڵ یەکتری لە پەیوەندیدان. ئەو شتەی من دەمهەوێ بیڵێم ئەوەیە کە رۆبینز، یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان کانت و فۆکۆ ون دەکات، بە راشکاوی رێک ئەو شتەی رەوایی بە بەرەوپێش بردنی هەر جۆرە پرۆژەیەکی زانستی دەدات. گوتنی ئەوەی کە هێز و زانست پەیوەندییەکی نەپچڕاویان لەگەڵ یەکتری هەیە، ئەگەر زەقی نەکەینەوە، پشکی فۆکۆیە لە هزری هاوچەرخی ئێمەدا. لە روانگەی رۆبینزەوە ئەوە کێشەی هێزە کە نێوان-بوارەکانی خوێندنی ناچار کردووە، چونکە ئەوە هێزی (کۆمپانیا، سازییەکان و دەوڵەتە) بوارەکانی خوێندن بەرهەم دێنێت و لێیان تێدەپەڕێ و ئامانجێکی هاوبەشیان لەمەڕ دڵڕاوکێکانیان پێ دەدات.

رۆبینز دژ بە تێگەیشتنی وەها مشتومڕی نێوان کۆلێژەکان هۆشداری دەداتە ئێمە و دڵێ یەکگرتوویی نێوان بوارەکانی خوێندن دەبێ بەپێی پەرچەکردارێکی بەهێز و گشتی بۆ دیاردە گشتییە جۆراوجۆرەکان بێ. من پێم وایە ئەوە ئایدیایەکی باشە و رەنگە دەیقید هۆرۆڤیز[١٧] و یاسای پەروەردەی باڵا و یاسای نیشتمان پەرەستی، درێژە بە بەرهەم هێنانی

هەموو چەشنە یەکگرتووییەک لە نێو ئێمە بدەن. ڕۆبینز بە ڕوونی پێی وایە بوارەکانی خوێندن دەبێ دژ بە بەتایبەتی کردن، ڕوو لە زۆر بوون و لەناو بردنی دەوڵەتە خۆشبژێوەکان یەکگرنەوە. ئەگەرچی من ئەو ڕوانینە پەسند دەکەم، بەڵام دەمهەوێ برێکیشم دردۆنگی هەبێ چونکە پرسیارگەلێکی وەکوو ئەوەی چلۆن سیاسەت لەوەها بەستێنێکدا فام دەکرێ و هەروەها ئێمە چلۆن دەتوانین لە ئازادی تێبگەین؛ دەمێنێتەوە. ئەگەر ئێمە سیاسەت لەجیاتی هێز دانێین دەبێ لەنێوان ئەو تێگەیشتنە لە سیاسەت کە مەبەستی ئێمەیە جیاوازی دابنێین. لێرەدا شتێک زۆر گرینگە، دیارە ئەویش ئەوەیە ئێمە لە نێوان ئەو ڕوانگانەی کە دەڵێن تەواوی پرۆژە زانستییەکانی ئێمە سیاسین، جیاوازی دانێین، کاتێک ئێمە لەسەر بابەتە زانستییەکان هاوڕا نین، لە ڕاستیدا ئێمە دەچینە نێو پێگەی سیاسیی خۆمان و هەوڵ دەدەین براوە بین و ڕوانگەیەک کە بەشێوازێکی ڕەخنەگرانە دەپرسێ، چلۆن زانست بەشێوەیەکی هاوکات لەگەڵ هاوئاهەنگییەکی تایبەت و ڕوونی هێزێکی دامەزراوەیی پێکدێت؟

بە تێگەیشتنی من ئەم چەشنە پرسیارە ڕەخنەگرانەیە بەدڵنیاییەوە سیاسییە بەڵام بە واتایەکی ورد: بناغەی ئەوەی کە کام جۆری ئیدیعاکان بۆ ڕەوایی ماونەتەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، و پێداگری لەسەر کات و شوێن، تەنانەت کات و شوێنێکی ڕەوا بۆ خستنە ژێر پرسیاری ژیانی ئاکادمیک دەکات. بوونی کات و شوێن بۆ وەها لێپرسینەوەیەک کەمایەسیی پێگەی کانت نیشان دەدات یان ئەوەی کە نیشان دەدات ئەو شتەی زۆرجار وەکوو لێکۆڵینەوەی ئیستعلایی ناوی لێ دەبردرێ لەمەڕ کۆمەڵێک لە سازییەکان ـ وکوو ئاکام و کاریگەریی کۆمەڵێک لە سنوورەکانی پێشوو لە نێوان بوارەکانی خوێندندا- و بەبێ چەشنێک لە پشتیوانیی سازییەیی، پەیجۆری ناکرێ. من لێرەدا شتێکی زۆرتر زیاد دەکەم کە جۆرێک لە ژێر پرسیار خستنە کە بە پێویستی و مەجبووری لەنێو گرێبەستە هەنووکەییەکان و نۆرمە دامەزراوەکاندا نییە بەڵکوو گرێبەست و نۆرمە هەنووکەیییەکان وەکوو ئامانجی خۆی هەڵدەبژێرێ، و پەیوەندیی بە جیاوازیی بیروڕای سیاسییەوە هەیە. جیاوازیی بیروڕای سیاسی، کردەوەیەکە لە هەندێک کاتدا لەلایەن زۆربەی دەوڵەتەکانەوە کە دەبنە ئامانجی ڕەخنە پشتیوانیی لێ دەکرێ. هەروەها ئەوە کاتێک بە ڕوونی دەردەکەوێ کە هیچ پشتیوانییەک نەبێ و وەکوو ئاکامی ڕاستەوخۆ —وەکوو ولامێک ـ وەها پشتیوانییەک بوونی نییە. لەو ڕووەوە ئەوە ئیدیعایەک نییە لەوەپێش ساز بووبێ. من دەمهەوێ بڵێم ئەو شتەی من لەم بەستێنەدا وەکوو ڕەخنە ئیدیعای دەکەم، لێکۆڵینەوەیەکی بێ نەما (بێ بەستێن) لەسەر ڕەواییی بەستێنەکانی ئێستایە، شتێک کە لە دەستەواژەی کانتیدا وەکوو بەکارهێنانی ئازاد و گشتیی عەقڵ، فام دەکرێ بەڵام ئەوە لە دەرەوەی پانتاییی گشتیدا بۆ بوارێکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی پەرەدەستێنێ کە ئەوەش زۆر بەرینتر و ئاڵۆزترە لە جیاوازیی گشتی/تایبەتە و دەتوانێ سەرنجی پێ بدرێت. کرداری ڕەخنە هەر ئەو جۆرەی من بە سانایی کوتم، لەرێگەی زانست یا نۆرمە دامەزراوەکان کە دەتوانێ پێشبینی کرێن فۆرم ناگرن؛ هەروەها ئەوەش نییە بڵێین دەتوانێ ڕوودبدات یان لە داهاتوودا ڕوودەدا جگە لەوەی کە شوێنگەلێکی سازییەیی بۆ ڕوودانی ببێ یان نا. خواستێک بۆ بەرهەم هێنانی جۆرێکی تایبەت لە دیپارتمانەکان و ناوەندەکان دەتوانێ لە وەها ئیدیعایەکی ڕەخنەییدا بەدی بێ بەو تێگەیشتنە کە وەها لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، ناتوانێ بەبێ پشتیوانی سازییەیی درێژەی بێ.

کرداری ڕەخنە و تەنانەت خواستەکانی، دەتوانێ لە کەلێنەکانی ژیانی سازییەییدا دەرکەوێ (شتێک نییە لە بوارێکی ئیستعلاییدا وەدیبێ)؛ یان ئەوەی کە بەڕوونی لە شوێنگەلێکی نێوان-تۆریدا کە سنوورەکانی بواری خوێندن تێیدا بە حەتمی و قایمی نەماوەتەوە ساز دەبێ. شێوەکانی سنووردار کردنەوە، پەیوەندییان بەمەرج و پێشەوەچوونی وەرسووڕانی ئیستعلاییەوە هەیە؛ لەبەر ئەوەی کردەوەی ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئێستای بوارەکانی خوێندن یان ئایدیا هەنووکەییەکانی پانتاییی گشتی جیایە چونکە ئەو ئایدیایانە بەناچاری پەیوەندییان بەو سنووردار کردنەوانەوە هەیە کە لە ڕێگەی کردەوەدا دەچنە ژێر پرسیارەوە.

ڕەخنە لەگەڵ ئەوەیکە تێگەیشنە دامەزراوەکانی بوارەکانی خوێندن دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ عەقڵیش دەکاتە ئامانج بەڵام نە بەو ئامانجەی شتی ناعەقڵانی بەرز بکاتەوە. فۆکۆ لە «ڕۆشنگەری چییە»دا دەڵێ ڕۆشنگەری ڕەخنەیە، و ئێمە ڕێگایەکی دیکەمان بۆ تێگەیشتنی نییە و ڕەخنە لەهەموو کاتێکدا کە مرۆڤایەتی عەقڵی خۆی بەکار دەهێنێ ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی کە خۆی ببێتە سووژەی هەر چەشنە دەسەڵاتێک (W,p. 38). ئەو جەخەت کردنەوەیە لەسەر عەقڵ ڕێک ئەوەی فۆکۆ نییە، بەڵام ئەو لەنێو زەمانی کانتدا کاری کردووە تاکوو بزانێ چ شتێک دەتوانێ لەگەڵی بکات. یەکێک لە ئاکامە گرینگەکانی فۆکۆ ئەوە بوو کە ڕەخنە تەنیا جۆرێک لە نا-کوتن نییە بەڵکوو هەوڵێکە بۆ مەودا گرتن و لەنێو بردنی پێکهاتە هەنووکەییەکان. ڕەخنە کردەوەیەکە بۆ ئەوەی لە دۆخە سنووردارەکانی بنەمای بەکارهێنانی ڕەوای عەقڵ بۆ ئەوەی بزانین چ شتێک دەبێ بزانین، چ شتێک دەبێ بکرێ و بە چ شتێک دەبێ هیوادار بین (سێ ئامانج کە کانت فۆڕموولەی کردبوو) تێبگەین. تا ئەو ئاستەی کە ئێستا ئێمە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ڕۆشنگەری چییە؟ ئێمە درێژە بە پرسیار دەدەین و تاکوو نیشانی دەین ڕووداوی ڕەخنە ڕانەوەستاوە و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕووداوی ڕۆشنگەرییش بە هەمان شێواز ڕانەوەستاوە. ئەوە پرۆسەیەکی پەیوەندیدار بە وەرگێران و گواستنەوەیەکی مێژووییە، تاکوو لێپرسینەوەیەکی دووبارە لەو سنوورانە بکەن کە بەسەر ئەو شتانەی جێگەی پرسیارن داسەپاون.

فۆکۆ باس لەسەر بنەما پێشووەکان ناکا و لە کۆتاییدا لە بیرۆکەی کانتدا سەبارەت بە عەقڵ قەتیس نامێنێتەوە. ئەو شتەی فۆکۆ پێشنیاری دەکات، ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە، شێوازێک کە ئەو وەکوو نەریتێکی گشتی پێناسەی دەکرد، شێوازێک لە کردەوە و ئاکار کە تایبەت بە کەلتوور یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە، کە نیشانەی چەشنێک لە دڵ پێوە بوون یان هۆگرییە و هەرەها ئەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە کە خۆی وەکوو پێویستییەک و ئەرکێک پێناسە دەکات. لەم بەستێنەدا ئەو ئاماژە بە مودێرنیتە دەکات و دەڵێ کێشەی مودێرنیتە پرسی قبووڵ کردنی لەناوچوونی کەسێک نییە بەڵکوو «کەسێک ناعیلاج دەکات ببێتە ئۆبژەی وردەکارییەکی سەخت وئاڵۆز. مودێرنیتە. . . [مرۆڤ] ناعیلاج دەکات لەگەڵ ئەرکی خۆی کە بەرهەم هێنەریی خۆیەتی ڕووبەڕوو بێتەوە. (W,p. 42). بۆچی فۆکۆ لە ناکاودا بەرهەمهێنانی کەسێک (خود) لەو بەستێنەدا دێنێتە ئاراوە؟

چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم داهێنانە، وردەکاری و ئاڵۆزییانە، یان بەرهەمهێنانی خود و پرسی ڕەخنە کە فۆکۆ لەوە پێش باسی کرد هەیە؟ ئەو دەڵێ نەریتە فەلسەفییەکانی مودێرنیتە ڕەخنەیەکی بەردەوام لە سەردەمی مێژوویی ئێمە لەخۆدەگرێ (دەستەواژەیەک کە جێگۆڕکێی دروشمی

شۆڕشی بەردەوامی مائۆئیستی لەخۆدەگرێ).
ڕەخنــە بەکاربردنی عەقڵی ئازاد و گشــتی لەخۆدەگــرێ و پێدەچــێ جووڵەیــەک لە پێگەی منداڵییەوە بۆ گەورەساڵی بێت، ئەوە بەمانای قبووڵ کردنــی فۆرمە جیاوازەکانی بایەخەکانی دەســەڵات و فەرمانەکانی نییە. لەڕاستیدا واپێدەچێ، بەکارهێنانی سەرپێچی و نافەرمانــی بۆ داهێنانــی وردەکارییەکانی (بەرهەمهێنانی) خود شتێکی پێویستە. ئێستا لێرەدا دوو ڕەهەند ســەبارەت بە تێگەیشتنی ئەو لەمەڕ ڕەخنە بوونی هەیە و پەیوەندییان لەگــەڵ یەکتری هەیە: لەلایەکەوە ڕێگایەکە بــۆ قبووڵ نەکردنی گوێرایەڵیی دەســەڵاتی دامــەزراو (زاڵ)؛ و لەلایەکــی دیکەوە ئەوە پێویستییەکە بۆ بەرهەمهێنانی خود.

کردەوەی یەکەم نەرێنییە، سەرکێشــی و نافەرمانی؛ کــردەوەی دووهەم داهێنانە و پێدەچێ نافەرمانــی، دەرگایەک بۆ داهێنان دەکاتەوە یان ئــەوەی هەندێک نافەرمانی و مل بــادان، پەیوەندیان بە داهێنانی خودەوە هەیــە. بۆ فۆکۆ؛ ئــەو پەیوەندییــەی نێوان ڕەخنە و بەرهەمهێنانی خۆمان کردەوەیەکە (ڕاهێنانێکــە) بــۆ ئــەوەی جیاوازییەکــی ســەربەخۆیی لــە بەرانبەر بــە جۆرەکانی هیومانیــزم (مرۆڤگەرایــی) ســاز بکەیــن. ئاشــکرایە ئەو شــتەی فۆکۆ ســەبارەت بە ســاز کردنی خــود دەیڵێ لــە کانتدا ڕەنگ نەداتــەوە؛ بەڵام جێگــەی تێرامانە کە چلۆن کانت لــە مشــتومڕی نێــوان کۆلێژەکاندا لەڕێگــەی کۆمەڵێــک لــە وردەکارییەکانی ڕامانــی خۆی (بیری خــۆی) و فەرمانەکانی (قەواعیــد) ئــاگاداری لە خود بــە ئاکامی باســەکەی دەگات. کانت لە بەشی کۆتاییدا ئەرکی کۆلێژی پزیشــکی بــەوە دەزانێ کە خوێندکارەکان فێری سلامەت و خۆشبژیوی بن. کانت ڕوونــی دەکاتەوە بناغەکانی ژیانی کردەیی ئەخلاقی لەســەر ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەبێ پرســەکانی ســلامەت فێر بین؛ کانــت پێشنیارگەلێکیشــی هەیە بۆ وێنە بۆ بڕوای بەوە نییە کە دەست و قاچ دەبێ گەرم ڕاگیرێــن، بۆ بێخــەوی ڕوودەدا، ئێمە چۆن دەتوانین لە ڕێگەی عەقڵەوە بەســەر هەستە نەخۆشانەکانماندا زاڵ بین، و بۆچی سەرئێشە زۆر خراپە. ئەوە بەشــێوەیەکی سەیروسەمەر ئاکامێکی نووراســتێنێک (لاوازی عەسەبی) لە گوتاری عەقڵی گشــتییە و دەڵێ جەستە و خواستە ئاســاییەکانی ڕۆژانەی، جۆرێک لــە تەواوکــەری پێویســتن و ڕەخنەیەکی ناڕاســتەوخۆ ســەبارەت بە حەیوانی مرۆیی کە نیشــتەجێی تەنیایی مەڵبەندی عەقڵی گشــتییە؛ دەهێنێتە ئاراوە. جەستە شوێنی نا-عەقڵییەکــی (نەبوونــی عەقڵانییــەت) تاکەکەسییە، و دەتوانین ئێستاش نیشانەکانی بخوێنینەوە و بیر لە ئاگاداری لێی بکەینەوە. چۆن ئەو ڕەنگدانەوەی جەستە بەو چەشنەی کانت بە واتای عەقڵ بە ئاشکریی پشتیوانیی لــێ دەکات و باســی دەکا؛ شــێوازێک یان ڕەهەندێک لە بیرکردنەوە ساز دەکات؟

زایەڵەکانــی فۆکۆی دواییــن بە ڕوونی دەبینــرێ، کاتێک فۆکــۆ پەیوەندیی نێوان ڕەخنــە و بەرهەمهێنانی خود ســاز دەکات و لــە دوا بەرگی مێــژووی سێکســوالیتە، خــود فۆرمێکــی نــوێ بەخــۆ دەگــرێ و بەرهەمهێنانی خود بــەرەوە ئاگاداری کردن لە خــود دەگــۆڕدرێ. لێرەدا بەســتێنێک بــۆ ســەرنجدان بە زایەڵەی نێــوان کانت و فۆکۆ ســەبارەت ڕێســای ئاگاداری لە خود ســازدەبێ. هەرچەندی عادەت و نەریتەکان لەگەڵ ڕەخنە تێکەڵ بن، دەرگای خواست و ڕاســتییەکی مێژوویی دەکرێتەوە. ئەوە نە لە توانایی عەقــڵ و نە لە ڕەهەندە زاتییەکانی مرۆڤایەتی پێڕەوی دەکات. ئەوە لە کۆمەڵێک ڕووداوی وەســەریەک کەوتــووی مێژوویی و پێکهاتنــی گرێبەســتگەلێک کە ســووژە ســاز دەکات پەیڕەوی دەکات؛ لەبەرانبەردا دەرگایــەک لە کۆمەڵێک لەو شــتانەی کە

له ئاسـؤیەکی مێژووییدا هەن دەکاتەوە. ئەو نۆرمانـەی کە ڕەهەندگەلێک بۆ فام کردن و ناسینەوەی سووژەیەک دادەمەزرێ، خۆشیان دەچنە ژێر پرسـیارەوە و زۆربەی ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەی بۆ تێگەیشـتن لە سـووژە هەن دەکەونە مەترسـییەوە کاتێک دەچنە ژێر پرسـیارەوە و ئەوەش لە چرکەساتێکدا کە نۆرمە مێژووییەکان لێپرسـینەوەیان لێ دەکرێ. خاڵـی گرینگ ئـەوە نییە لەگەڵ ئەو ڕیسـکە (ئـەوە نۆرمانەی کـە دەکەونە مەترسـییەوە) بمێنییەوە یان ئەوەی وەکوو شـێوازێکی ژیان پێشـوازییان لـێ بکرێ؛ بەڵام دەبێ ئیمکانی ڕەخنـە لە بەرانبەر بە دەسـتێوەردانەکان و ئـەو خواسـتانەی کە لەلایەن دەسـەڵاتی ناڕەواوەوە یان لە ڕێگەی ناڕەواوە دێنە ئاراوە زیندوو بمێنێتەوە.

